**حامید گەوهەری**

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا

# 1978 - 1988

بەرگی یەکەم

هەولێر 2011

ناوی کتێب : ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا 1978- 1988
نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ: ناسر ئیبراهیمی
هەڵەگر: نەوزاد وەلی و کەمال گەروێسی
مۆنتاژ : هەژار گەوهەری
بەرگ : کۆمپیوتەر هیوا - هەولێر
لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کوردستان سەدەی 21 زنجیرەی 2- هەولێر- کوردستان
چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات
تیراژ : 1000 دانە
ژمارەی سپاردن : (2635) ساڵی 2011

# چەند وتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە

ساڵی 2002 بڕیارمدا وەک بەشێک لەو نوسەر و سیاسیانەی کە بە نوسینەوەی بیرەوەرییەکانیان هەوڵدەدەن نەوەکانی دوای خۆیان لە بەسەرهاتی ژیان و ئەزمونەکانیان ئاگادار بکەن، منیش ئەزمونی ژیان و بەسەرهاتەکانم لە کتێبێکدا تۆمار بکەم. بۆ ئەو مەبەستە، پەنام برد بۆ یادداشت و بەڵگەنامەکانم و ڕۆژانە هاوکات لەگەڵ نوسینەکانی ترمدا، چەند کاتژمێرێکیشم بۆ نوسینەوەی بیرەوەرییەکانم تەرخانکرد.

دوای ماوەیەک بینیم بیرەوەرییەکانم ئاوێتەی زۆر ڕووداوی دڵتەزێن و کارەسات بوونەتەوە کە هیچ پەیوەندییان بە ژیان و بەسەرهاتی منەوە نیە. سەرەتا ویستم خۆم لە نوسینەوەی ئەو بابەتانە بپارێزم، بەڵام گرنگیی ڕووداوەکان ناچاریان کردم کە بەگوێرەی مێژوو، تۆماریان بکەم و دواتر بڕیاریان لەسەر بدەم. لە ڕەوتی نوسینەکانمدا ئەرشیڤێکی پوخت و بەنرخم لە ڕووداوەکانی دە ساڵی ئێران و کوردستان بەگشتیی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتیی، بەدەستخست کە بۆ ئەزمون وەرگرتن و پەیداکردنی زانیاریی لەسەر ڕابردوو، لێکۆڵێنەوە لەسەر ئێران و کوردستان، زۆر بەنرخن. لەو ڕوانگەیەوە کە ئێمەی کورد لە ئەرشیڤکردنی ڕووداوەکاندا لاوازین و بەشی زۆری مێژووی ئێمە لە لایەن نوسەرانی بێگانەوە نوسراونەتەوە، حەزمکرد کۆکراوەکانم لە کتێبێکی جیاواز لە بیرەوەرییەکانم، لە شێوازی ڕۆژنامەنوسییدا پێشکەش بە کتێبخانەی کوردیی بکەم، تا ئەگەر نوسەران، لێکۆڵەران و خوێندکارانی زانکۆکانی کورد پێویستیان بە زانیاریی پەیداکردن لەسەر ڕابردوو، تاوانی داگیرکەران و هەڵەکانی بزوتنەوەی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، ئەرشیڤێکیان لەبەر دەستدا هەبێت.

بۆ بەدەستخستنی بەڵگەنامەکان، دەستم بۆ هەموو لایەک درێژ کرد. لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکانەوە، تا دەگاتە بەیاننامەی ڕێکخراوە سیاسی و شارستانییەکان و ئۆرگانە جیاوازەکانی حکومەتی داگیرکەری ئێران و عێراق و شاهیدانی زیندوو کە خۆیان بەشێک بوون لە پێکهێنەرانی ئەو ڕووداوانە و بۆ هەر ڕووداوێک وتە و نوسراوی دوو لایەن، یان زیادترم

کۆکردەوە و وەرمگێڕانەوە سەر زمانی کوردیی، تا خوێنەر دڵنیا بێت لە ڕاستیی ڕووداو، کێشە و کارەساتەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا لە تۆمارکردنی ڕووداو و کارەساتەکاندا، هەوڵمداوە بێلایەنیی خۆم بپارێزم و هیوادارم خوێنەرانیش لە خوێندنەوەی ڕووداوەکاندا بێلایەن بن.

ئەوەی جێی دڵخۆشییە، ئەوەیە کە زیادتر لە 80% ی بەشداران و پێکهێنەرانی ئەو ڕووداوانە، لە ژیاندان. ژمارەیەکیان لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ئەم کتێبەدا یارمەتیمیان دا، دەمەوێت لێرەوە پڕ بە دڵ سوپاسیان بکەم. هەروەها داوا لە بەشدارانی تریش دەکەم کە ئەگەر هەڵەیەکیان بەر چاو کەوت، ئاگادارم بکەنەوە، تا لە چاپی دووەمی کتێبەکەدا، بە سوپاسەوە ڕەچاویان بکەم.

بەڕێزان نەوزاد وەلی و کەمال گەرویسی وەک هەمیشە، کاتێکی زۆریان بۆ پیاداچوونەوە بەسەر نوسینەکانمدا تەرخانکرد و هەڵەکانیان بۆم بژارکرد کە جێی سوپاس و پێزانینە. هەروەها سوپاسی بەڕێزان ئیبراهیم ڕۆستەم نژاد و سەلاح ئەحمەدپوور دەکەم کە لە دۆزینەوەی ناوی ژمارەیەک شەهیددا یارمەتیان کردووم.

لە کۆتایی نوسینەکەمدا، کاتێک کە بەسەر نوسراوەکانمدا دەچوومەوە و خەریکی مۆنتاژکردنیان بووم، لەگەڵ کتێبێکی 1100 لاپەڕەیی ڕووبەڕوو بوومەوە کە بە پێشنیازی کاک نەوزاد ناوی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا"م بۆ دانا و بڕیارمدا "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا" بە پێشەکییەکی کاک نەوزاد لە دوو بەرگدا بڵاوبکەمەوە و بیخەمە بەر دیدی خوێنەران.

بەم جۆرە هەردوو بەرگی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا" دەخەمە بەردیدی خوێنەرانی ئازیز، بەو هیوایە کەلێنێک لە مێژووی نەنوسراوی ئەو قۆناغە پڕبکاتەوە و مایەی سودبەخشین بێت بە داهاتووی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلەکەمان.

حامید گەوهەری

2010

# پێشەكیی

دە ساڵ .. لە زۆر ڕوانگەوە ماوەیەكی كورتە ، بەڵام بۆ كورد ، ئەو ڕووداو و كارەساتانەی كە لە دە ساڵدا لە بەشێكی كوردستاندا ڕووئەدەن، وەك ئەوە وایە كە لە دەیان ساڵدا لە لای گەلێكی تر ڕوویاندابێت.

دە ساڵی نێوان 1978 و 1988 ، چڕترین و پڕ كارەساتترین ماوەیە لە مێژووی گەلەكەمان لە ڕۆژهەلاتی ولاتدا. زۆرترین گۆڕانكاریی سیاسی ، ڕووداو ، كارەسات ، كۆمەڵكوژیی ،ماڵوێرانیی و دووبەرەكیی تیایدا ڕوویانداوە.

چەوسانەوەی نەتەوەیی و داگیركراویی خاكی نیشتمان و كردەوە فاشیستییەكانی داگیركەران و كۆمەڵكوژییەكانیان ، ئەوەندەی تر ئەو قۆناغەی مێژوومانی سەرنجڕاكێشتر كردووە. براكوژیی كە لە ڕاستییدا هەر "كوردكوژیی" بووە ، لە سەرجەمی بزوتنەوە و شۆڕشەكانماندا ، كەم یان زۆر ، میوانی هەمیشەیی بووە!

پەیڕەوكردنی كوێرانەی ئایدیۆلۆجیاكان ، لە ڕاستییدا تێگەیشتنی ئەو ئایدیۆلۆجیایانە بە ئاوەژوویی و پیادەكردنیان بە شێوازی منالانە و دەمارگیریی و بە زۆر سەپاندنیان بەسەر كۆمەلانی خەڵكدا و بێ ڕەچاوكردنی زەمینەی لەبار و شیاو و كەلتور و پێویستییە مێژووییەكان بۆ ئەو بیروباوەڕانە، ئەویش كەم یان زۆر ، میوانێكی ناكاتی بزوتنەوەكانمان بووە و زۆر جاریش مایەی پێكدادان و ماڵوێرانییەكانمان بووە!

لە ڕەوتی باسەكانی ئەم دە ساڵەدا كە (زیادتر مێژوویی و سیاسین) ، سەتان كارەسات و ڕووداو ، كۆمەڵكوژیی لە لایەن ڕژێمەكانی فاشیستەكانی ئیسلامیی ئێران و عێراقەوە ، قارەمانیی پێشمەرگەی كوردستان و داكۆكییكردنیان لە خاك و خەڵكی كوردستان و قوربانییدان و خۆڕاگریی خەڵكەكە ، ئەبینرێن.

ڕژێمێكی ئیسلامیی فاشیست ، لە یەكەم ڕۆژی هاتنیەوە و تا ئەم چركەیەش ، درێغیی نەكردووە لە ڕشتنی خوێنی ڕۆڵەكانی كوردستاندا و تا ژێر كونەلوتەكانی ، سەر خوێنی كورد كەوتووە.

لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم کتێبەدا ، زانیاریی هێجگار نوێیان تیادایە و لەوانەیە بۆ زۆر کەس ، یەکەم جار بێت ببیسترێن ، هەرچەندە زۆربەی ئەو زانیارییانە ، وەک ئاماژە بۆ سەرچاوەکانیان کراوە ، لە کاتی خۆیاندا بڵاوکراونەتەوە ، بەڵام چونکە ئەو سەردەمانە ، زۆربەی سیاسییەکان دەروێشانە سیاسەت و حیزبایەتی و پێشمەرگایەتییان ئەکرد ، هەر بەو چاوەشەوە ئەیانڕوانیە کێشە و باسەکان، بۆیە ئەو سەردەمانە ، زۆر کەس هەستیان بە سەختیی و گرنگیی بارودۆخ و ڕووداوەکان نەئەکرد.

پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەگشتیی و گەیشتنە ئەوروپای دەیان هەزار هاونیشتمانیی کوردستان، لە هەموو پارچەکانیەوە ، تێڕوانینی زۆر کەسی دەربارەی قۆناغ و مێژووە جیاوازەکانی گەلەکەمان گۆڕی.

پێش 30 ساڵ کە شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتماندا سەریهەڵدایەوە، گوژمێکی توندی بە بزوتنەوەی کوردایەتی دا ، بزوتنەوەیەک کە لە دوای شکستی کۆمارەوە ، تەواو لاواز بووبوو. هەرچەندە چەند جارێک خۆڕێکخستنەوە و خەباتی چەکداریی وەک ئەوەی ساڵی 1968 ، ورەی جەماوەرەکەی ڕائەگرت، بەڵام زوڵم و زۆرداریی بێپایانی ڕژێمی پەهلەویی ، ئەو بوارەی نەئەدا کە گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات ، وەک لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوییدا ڕوویدا ، خۆی ڕێکبخاتەوە و بزوتنەوەیەکی سەرتاسەریی دەستپێبکاتەوە.

کورد گەلێکی ئازا و قوربانییدەرە ، هەر ئەوەشە کە سەتان ساڵە بەرگەی ئەو هەموو کوشتوبڕ و جینۆسایدەی گرتووە و وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام ئەگەر سەیرێکی مێژووی ڕابردووی نزیکمان بکەین ، لە هەر پارچەیەکی داگیرکراوی کوردستاندا ، هەزاران کەموکوڕیی و ناتەواوییمان هەبووە و هەیە ، زۆر جاریش کارەساتی گەورە و ڕشتنی خوێنی یەکتر و ماڵوێرانیی، بەرۆکمانی گرتووە.

کێشەی خەڵکی ئێمە لە نەبوونی ئازایەتی و کەمیی قوربانییداندا نەبووە و نیە ، بەڵکوو لە نەبوونی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیرییدایە. داگیرکەرانی کوردستان ، هەرگیز ئەو بوارەیان نەداوە کە خەڵکی کوردستان دەستی بگات بە کەمترین هۆ و ئامرازەکانی هۆشیاریی و

ڕۆشنبیریی جەماوەریی ، ئەوەش کە هەبووە ، تەنیا لەپێناوی بەرژەوەندەکانی خۆیاندا ڕەخساندوویانە.

لە بزوتنەوە و شۆڕشەکانیشماندا کەسانی ڕۆشنبیر هەبوون ، بەڵام وەک مێژوو سەلماندی ، ڕۆشنبیرییەکانیان بەگشتیی لەپێناوی چەسپاندنی دەسەڵات و تاکڕەویی و بەرژەوەندی خۆیاندا بووە ، نەک لەپێناوی هۆشیارکردنەوەی جەماوەرەکەدا.

بە چاوخشاندێکی خێرا بە ڕەوتی ڕووداو و کارەساتە مرۆڤایەتییە مەزنەکانی ناو ئەم کتێبەدا کە بەسەر گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتماندا هاتووە ، ڕاستییەکی تاڵ دەرئەکەوێت کە بە هەموو کەسێک قوتنادرێت، ئەویش ئەوەیە کە خۆمان، بەڵێ .. خۆمان (کورد)، کەم و زۆر، بەشێکی گەورە و گرنگ بووین لە لاسەنگکردنی هاوکێشە سیاسییەکان و شەڕەکان لەگەڵ داگیرکەراندا!

کەم نین ئەو کەسانەی کە تا ئێستاش هۆی هەموو نەهامەتییەکانی گەلەکەمان ئەگەڕێننەوە بۆ (تەنیا!) زۆرداریی و خوێنڕێژیی دوژمنان و داگیرکەران! بەڵام ژمارەیەکی کەم لە هاونیشتمانییان ، ئەوسا و ئێستاش، ئەو بوێرییەیان هەبووە و هەیە کە بڵێن:

ڕاستە دوژمنەکانمان زۆردارن و هیچ خەسڵەتێکی مرۆڤایەتییان تیادا نیە، کاتێک کە بەرەنگاری خەڵکی کوردستان ئەبنەوە ، بەڵام کەموکوڕیی لە خۆشماندا هەبووە و هەیە ، خۆمان بەرپرسین لە ڕوودانی زۆر کارەسات و سەرنەکەوتنمان لە زۆر پرۆسەدا. پەندێکی کوردییش ئەڵێت: ماڵی خۆت قایم بگرە و کەس مەکە بە دز! ئەوەی کە مایەی نیگەرانییە ، تا ئێستاش لە هیچ پارچەیەکی داگیرکراوی کوردستاندا ، ماڵی خۆمان یەکنەخستووە و توند نەگرتووە.

لە کاتێکدا کە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلەکەمان لە باشوری وڵات ، دەیان ساڵ توشی براکوژیی بووبوو ، بەو هۆیەشەوە قۆناغێکی زۆر بزوتنەوەکە دواکەوت و ئەنجامی ئەو سیاسەتانەش هەر پەشیمانیی و ماڵوێرانیی بوو ، لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی سەرهەڵدانی بزوتنەوە جەماوەریی و چەکدارییەکەی ڕۆژهەڵات لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پەهلەویی ، نەک هەر هیچ وانەیەک لە شکستەکانی باشورەوە فێرنەبوون!

تەنانــەت بــە شـێوازێکی نـوێ و "دڕندانــەتر" لایەنــەکانی بزوتنــەوەی ڕزگـارییخوازیی گەلەکـەمان کەوتنـە گیـانی یـەکتر و سـەتان ڕۆڵـەی ئـەم گەلە و کەسانی بەتوانا و خەباتکەریان لە یەکتر شەهید کرد!

پـــەیڕەوکردنی منالانـــە و ســاویلکانەی ئایــدیۆلۆجیا هەمـــەجۆرەکان و هـــەڵگرتنی دروشــمێک کـــە نـــەگونجێت لەگـــەڵ ســـەردەم ، زەمینـــە و کۆمەڵگاکــەدا ، دیاردەیــەکی زەقــە کــە سیاسـییەکانی کـورد لــە مێـژووە جیاوازەکاندا پەیڕەویانکردووە ، ئەوەش لە زنجیرەی بەسەرهاتەکانی ئـەم کتێبەدا بە ڕونیی دەرئەکەوێت.

تێکــەڵکردنی ســتراتیج و تاکتیــک ، جێگــۆڕکێکردن پێیــان و نــەزانینی سیاسـەتی وتـووێژ لەگـەڵ دۆست و دوژمنـدا و بڕیـاری تـاکڕەویی لـە هـەموو بوارەکاندا ، بوو بە هۆی ئـەوەی کـە دەیـان قارەمـانی بزوتنـەوەکـەمان وەک دۆکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملووی سـەرۆکی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێران و دۆکتۆر سادق شەرەفکەندیی سکرتێری حیـزب و خـەباتکـەرانی تـر ، بکەونە داوی دوژمنانەوە و شەهیدکران.

ئەبووایە سیاسییەکانمان وانـەیەک لە مێژووەوە فێرببوونایە ، سودیان لـە پەندە کوردییەکە وەربگرتایە کە ئـەڵێت: مـرۆڤ دوو جـار لـە هـەمان کـون ، ناگەسترێت!

بە خوێندنـەوەی ڕووداو و کارەسـاتەکانی ڕۆژهـەڵات لـەم کتێبـە مێژووییـە سیاسییەدا ، ئـەو ڕاستییە تاڵـەمان بۆ دەرئـەکـەوێت کـە چـەند پێشـمەرگە شەڕی دژی ئیسلامییە فاشیستە داگیرکەرەکان کـردووە ، بـە هـەمان ڕادەش شەڕیان لە ناو خۆیاندا کردووە و خوێنی یەکتریان ڕشتووە!

حیزبایــەتی و کــاری ڕێکخراوەیــی، نــەک هــەر لــە ڕۆژهــەڵاتی وڵاتــدا ، تـەنانـەت لـە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی وڵاتدا ، ئـەو سـەردەمانـە کە لـەم کتێبەدا باسکراون و تا ئێستاش ، هەر گیرۆدەی دیکتـاتۆریی و تـاکڕەویین و کەسپەرستیی دەردی کوشندەی گەلی ئێمەیە.

کاتێـک کـە مرۆڤـی سیاسی ڕووداوەکـانی کۆنگرەکـانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران ئـەخوێنێتــەوە ، حیزبـایــەتی و سیاسـەتیشــی لـەبــەرچاو ئەکەوێت!

لــە ســەرەتای هەشـتاكانی سـەتەی ڕابـردوودا، مـاڵم لــە گونـدی دولكـانـی ئالانـی سەردەشت بـوو ، شـەهید دۆكتـۆر ئـەوڕەحمانـی قاسـملووش ماوەیـەک لــەوێ بــوو ، دراوسـێی بــووم. هەمیشــە وەک كەسـێكی زیـرەک ، بــەتوانا ، هۆشیار و كەسایەتییەكی سیاسـی بـەرزی "نێودەوڵـەتیی" ئـەمبینی ، بـەڵام بە داخەوە ، كاتێک كە ڕووداوەكانی كۆنگرەی چوار و ئەوانی دواترم بیست و لـەم كتێبـەشدا خوێندمنـەوە ، ئـەو ڕاستییانـە تـەواو لـە لام بـەرجەستـە بوون كە لـە نـاو گـەلانـی ڕۆژهـەڵاتییدا ، ئـەو كەسـەی بـوو بـە سـەرۆكی حیزبێک، خۆی لـێ ئـەبێت بـە "خوا" و مردن نـەبێت، كەس ناتوانێت لایببات.

ســتالینیزم .. ئـــەو دەردە كوشـــندەیەی كـــە توشـــی زۆربـــەی حیزبـــە كۆمونیستـەكان بووبـوو ، لــە هــەمان كاتیشـدا توشـی هــەموو حیزبــەكانی كوردستانیش بووبوو ، بە داخـەوە تا ئێستاش هـەر مـاوە و بـە نـاو و شێوازی جۆراوجۆرەوە پەیڕەوئـەكرێت.

ئـەو دیاردە سـەیرەی كـە لـە كۆنگرەیـەكی حیزبـی دیموكراتـدا ڕوویـداوە و بـەردەوام لـە حیزبـەكانی كوردستانیشدا ڕووئـەدات ، ئـەوەیـە كـە شـەهید دۆكتۆر ئەوڕەحمانـی قاسملوو لـە گەرمـەی كۆنگرەدا ، كاتێـک كـە نوێنـەران لـەگــەڵ بۆچوونـەكانیــدا نــابن! "ئـــەتۆرێت" و ئـەڕواتـــە دەرەوەی كـــۆنگرە! كۆنگرەش ماوەیـەک ئـەوەستێت و دواتـر ئـەڕۆن بـە دوایدا و ئـەیهێننـەوە بـۆ نـــاو كـــۆنگرە و دووبـــارە دەنگـــدان لـەســـەر پێشـــنیارەكانی ئـەدرێتـــەوە و پێشـنیارەكانی "سـەرئـەكەون"! ئیتـر جێپێـی خـۆی تونـدتر ئـەكات و دوای كـــۆنگرەش ، یـەكـــە یـەكـــە ئـــەو هاوڕێیانـــەی خـــۆی كـــە لـــە كـــۆنگرەدا دژی بۆچوونـەكانی بـوون ، لــە كـارە سیاسـی و پێشـمـەرگایـەتییەكانیان دوریـان ئـەخاتـەوە و داوای نوسینی "پەیمان"ی شەرەفیان لێئـەكات، ئـەو كەسـەی كـە نـەشـیكرد ، چارەنوسـی دەركـردن بــووە ، جگــە لـــە خسـتنە پـاڵـی دەیـان ناوونـاتۆرە!

لـە كـۆنگرەی دووەمـی یەكیـەتی نیشـتمانیی كوردستانیشدا ، هـەمان ئـەو سیناریۆیە لـەلایـەن جەلال تاڵـەبانییەوە دووبارە بووەوە! لـە كۆنفرانسـەكەی ئـەو دواییەشیاندا، لـەبەر دەرگای هۆڵـەكەدا ئـەو "پەیمانی شـەرەفـەیان" بـە نوێنـەرانی كۆنفرانسـەكە پڕكردەوە!

لــە کــۆنگرەی دووەمــی حیزبــی شــیوعی کوردستانییشــدا ، ســەرۆک و دوو ئەنــدامی مەکتــەبی سیاســی ، بــە هــەمان ســیناریۆ ، لــە کۆنگرەکــە چوونــە دەرەوە و پاش سێ کـاژێر بـە ئاشـتکراوەیی هێنایاننـەوە بـۆ نـاو کـۆنگرە و خواست و ئاواتەکانیشیان هەروەک ئەوەی شەهید دۆکتۆر قاسملوو و جـەلال تاڵەبانیی ، بە (چەپڵەلێدان) هاتنەدی!

ســەرچاوەی ئــەو "تــۆران" و هەڕەشــەکردنە لــە بەجێهێشــتنی کــۆنگرە ، لاساییکردنەوەی جۆزێف ستالینە کە لە دوای مردنی لێنین لـە سـاڵی 1924 دا ، هەڕەشەی چوونـەدەرەوەی لـە کۆنگرەکـە کـرد ، بـەڵام لەبەرئـەوەی کـە "وەسێت"ی لێنین بوو کە ئەو ببێت بە جێگرەوەی! بۆیـە زۆربـەی نوێنـەرانی کۆنگرەی حیزبی شیوعی سۆڤیەت، "کڕنوش"یان بۆ برد کە ئـەوکارە نـەکات، دوای ئــەوەش مێــژوو شـاهیدە کـە چـۆن تـەواوی نـەیاران و ڕەخنـەگرانی لـە ناوەوە و دەرەوەی سۆڤیەتیش لەناوبرد و زیادتر لە بیست ملیـۆن ئەنـدامی حیزبەکەی و هاونیشتمانییانی ، لە ماوەی فەرمانڕەواییەکەیدا ، کوشت.

بە داخەوە .. ئەوە حیزبایەتییەکەیە لە کۆمـەڵگای کوردسـتاندا و ئـەوەش ڕۆشـنبیرانن کـە "پـەیمان"ی گوێڕایـەڵیی و ملکـەچیی پڕئەکەنـەوە کـە لـە ڕاستییشـدا ئـەوە جۆرێکـە لـە کۆیلـەیـەتی ، کۆیلـەیـەتی "سـەردەمی نـوێ" ، کۆیلـەیـەتی هـەزارەی سێیـەمی مێژووی مرۆڤایـەتی!

دوای خوێندنــەوەی ئــەو هــەموو کارەســات و ڕووداوە خوێناوییانــەی ئــەو ســەردەمە جیاوازانــەی گەلــەکــەمان لــە ڕۆژهــەڵات ، پرســیارێکی گرنـگ کـە ســاڵانێکە هەیــە و هــەر وەک خــۆی ئەمێنێتــەوە ، ئەوەیــە کــە ئایــا لایــەن و ڕێکخـراوە هەمـەجۆرەکان ، بەتایبـەتیی لایەنـە نوێیـەکان ، سیاسییەکان و ڕۆشنبیران ، وانـەیەک لەو مێژووە تاڵانـەوە فێرئـەبن؟

کاتێک کە مرۆڤ گەشتێک بەو قۆناغـە خوێناوییـەی مێـژووی گەلـەکەمانـدا ئەکات و ئەو هەموو نەهامەتییە ئـەبینێت و سـەیرێکی بـارودۆخی ئێسـتای ئێران و پەرتـەوازەیی لایەنـەکانی ڕۆژهـەڵات ئـەکات، لـە نیگـەرانیی زیـادتر، هـیچ لـە ئاسـۆدا نابینێت! ئـەوەش مـەترسییەکی مـەزنی ئـەم قۆناغـەمانـە. نەوەی ئـەم سـەردەمـەمان ، پێویسـتی بـە ئاوڕدانـەوەیـە لـە مێژووی نزیکـی ڕابـردووی گەلـەکـەمان و فێربـوونی وانـەیـەک لێیــەوە و خوێندنـەوەی باسـە

مێژووییەکان ، وەک پەندێکی سویدیی ئەڵێت: بە دڵێکی گەرم و سەرێکی ساردەوە.

ئەم کتێبەش بەشێکی هێجگار هەستیاری ئەو مێژووە پێشانئەدات ، بۆیە خوێندنەوەی بە گیانێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی و هەست بە لێپرسینەوە و زانستییانەوە ، پێویستە.

دواجار دەستخۆشیی لە کاک حامید ئەکەم ، بە ڕاستیی خۆی ماندوو کردووە لە نوسینەوەی ئەو قۆناغە گرنگەی مێژووی گەلەکەماندا ، بەتایبەتیی لە پەیداکردنی ئەو هەموو بەڵگە زیندووە مێژووییانە و چەندان پەیوەندییکردن بەو کەسانەوە کە لە زۆربەی ڕووداوەکاندا لەم کتێبەدا ناویان هاتووە و زۆر جاریش بە سەردانکردنیان لە شوێنی دورەوە، ئەو زانیارییانەی پەیداکردووە ، ئەوەش نیشانەی گرنگییدانی نوسەرە بە مێژووی گەلەکەمان.

نەوزاد وەلی

10- 05- 2010

# پڕیشکێک کە دەسەڵاتدارییەتی 2500 ساڵەی پاشایەتی سوتاند

ئەو پاپۆڕە مەزنەی کە دەگوترێت شەپۆلە یەک بە دوای یەکەکانی دەریا دەبڕێت و گەشتیارانی بە شارستانییەتی گەورە دەگەیەنێت، خەریکە دەوەستێنرێت و گەشتیارانی پشووی پاپۆڕەوانەکە دەبڕن و کۆتایی بە ژیانی دەهێنن! ئەو ڕووداوە چۆن و لە کوێوە دەستی پێکرد و چۆن ئەو پڕیشکە کۆتایی بە ژیانی ئەو پاپۆڕەوانە دەهێنێت کە شانازیی دەکرد بە دەسەڵاتدارییەتی 2500 ساڵەی پاشایەتی لە ئێراندا، جێگەی باس و پێداچوونەوەیە.

سەرکەوتنی محەمەد ڕەزا پەهلەوی لە کودیتای 28 ی گەلاویژی ساڵی 1332(1953/9/16) دا کە بە سەرۆکایەتی سەرلەشکر "زاهدی" و یارمەتیی ئەمریکا و ئینگلیز بەڕێوەچوو، ئەو توانایەی بە شا بەخشی کە کۆتایی بە حکومەت و دەسەڵاتی دوکتۆر محەمەد موسەدیق بهێنێت و جەبهەی میللی، حیزبی تودە، حیزبی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان و... تد، لە گۆڕەپانی خەباتی ئاشکرای سیاسی و کۆمەڵایەتی دوربخاتەوە. کودیتا کە گەڕانەوەی محەمەد ڕەزای لە ئیتالیاوە بە دواوە بوو، هەلی بۆ بنەماڵەی پەهلەوی ڕەخساند کە هەزاران ئازادیخواز بگرن و لە زیندانەکاندا کۆیان بکەنەوە و دەیان کەسیان لێ گوللەباران بکەن و هەزارانیش ناچار بکەن بۆ پاراستنی گیانیان ئێران بەجێبهێڵن.

دوای سەرکەوتنی کودیتا، ئایزنهاوێری سەرۆککۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا لە نامەیەکدا کە بەشێکی لە ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی 1332/7/1 (1953/10/17) دا بڵاوکرایەوە، بە زاهدی ڕایگەیاند: **(هەرچەندە ئەو مەترسییانە کەمتر بوونەتەوە کە هەڕەشەیان لە ئێران دەکرد، بەڵام هەورەکان بە تەواوی نەڕەویونەتەوە.).**

دوای کودیتا، کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی ئەمریکایی، ئینگلیزیی، فەرەنسەیی، ئیتالیایی و ژاپۆنیی خۆیان خزاندە ناو بەشە جیاوازەکانی ئابووریی، پیشەسازیی و کانزا بەپیتەکانی ئێرانەوە و کردیان بە پێگە و بازاڕی فرۆشتنی کاڵاکانیان. جگە لەوە شا بۆ ئەوەی کە مەترسی لەسەر خۆی لاببات و دەسەڵاتی حکومەتەکەی دابین بکات، سوپا و دەزگای

هەواڵگریی "ساواک" و دەزگاکانی لەسەر شێوازی ڕێکخستنی ئەمریکا ڕێکخستەوە. نۆژەنکردنەوەی ئەو دەزگایانە پێویستی بە بودجەیەکی زۆر و دەیان هەزار پسپۆڕ هەبوو. لەبەر ئەوە شا بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەکانی، هەزاران ڕاوێژکار و پسپۆڕی ئەمریکایی هێنایە ئێران و بەشێکی بەرچاو لە داهاتی نەتەوەیی گەلانی ئێرانی بۆ تەرخانکردن، ئەوەش بە شێوەی ئاسایی چینێکی نوێ و تایبەتی لە کاربەدەستانی سوپا و حکومەت و بەشی پاراستن لە ئێراندا دروستکرد.

سیاسەتی نادروستی شا و لاساییکردنەوەکانی، جیاوازییەکی زۆریان لە ئێراندا دروستکرد و ئێرانیان خستە تەنگژەیەکی قوڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەوە. زۆربەی گوندەکانی کوردستان، ئازەربایجان، سیستان و بلوچستان جادەیان نەبوو، کارەبا و خوێندنگە و دوکتۆر و بنکەی تەندروستیی و تەنانەت ئاوی خاوێنی خواردنەوەشیان نەبوو، هەزاران کەس لە تارانی پایتەختدا شەوانە لە شەقامەکان و باخچە و پارکەکاندا، لەناو کارتۆندا دەنووستن و هەزاران بنەماڵە لە خانووی لە تەنەکە دروستکراودا منالّیان پەروەردە دەکرد کە بە "حەڵەبی ئاباد" ناوبانگی دەرکردبوو. جگە لەوە بێکاریی و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک لەشفرۆشیی و گیرۆدە بوون بە مادە بێهۆشکەرەکان، دزیی و بەرتیل وەرگرتن هەڕەشەیەک بوون بۆ سەر ژیانی زۆربەی خەڵک. لەو هەلومەرجەدا ژمارەیەکی زۆر لە منالّی کاربەدەستانی حکومەت، کۆشکنشینانی دەربار، ساواکییەکان و فەرماندەکانی باڵای سوپا، بە پارەی حکومەت لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکادا پەروەردە دەکران. دەسەڵاتی بێسنوری بنەماڵەی پەهلەوی و لەژێر پێنانی یاسا و بڕیارە پەسەندکراوەکانی پەرلەمان و حکومەت و بەربەستکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان و هەروەها جیاوازییدانان لەنێوان گەلانی نیشتەجێی ئێراندا، بەتایبەتیی گەلی کورد، بلوچ، ئازەریی، عەرەب و تورکمان و سەپاندنی دیکتاتۆرییەتی دەزگای هەواڵگریی ساواک و دەزگا ئەمنییەکانی تری ئێران بەسەر خەڵکدا، چەند نمونەیەکن لە حوکمڕانیی بنەماڵەی پەهلەوی لە ئێراندا.

ئـەو جیاوازییانـە کـە لـە پرۆسـەی کێشـەیەکی بیسـت و پێـنج سـاڵییدا لـە ساڵی 1953 وە سەریان هەڵدابوو، لەپڕ بە وتـارێکی ڕۆژنامـەی ئیتلاعـاتی ڕۆژی 1356/10/16(1978/1/6) لەژێر ناوی "ئێران و کۆڵۆنیالیستی سور و ڕەش" تەقییەوە. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە وتارەکەیدا هێرشی کردبووە سەر بزوتنەوەی چەپ و نەتەوەیی گەلانی ئێران کە دەیان ساڵ بوو بۆ ئـازادیی و چارەسـەرکردنی بـاری ئـابووری، کۆمەڵایـەتی، فەرهـەنگیی و سیاسـی ئێران هەوڵیانـدەدا. هـەروەها ڕۆژنامـەی ئیتلاعـات ئایـەتوڵا خومـەینی ڕێبـەری شیعەکانی ئێرانـی کـە سـاڵی 1963 بـە فـەرمانی شـا لـە ئێـران دەرکرابوو و لە شاری "نەجەف" لە عێراق دەژیا، بە نۆکـەری بێگانـە نـاو برد. بەو بۆنەیەوە وتاری ئیتلاعات ڕق و کینـەی شـیعەکانی بـەرزکردەوە و ژمارەیـەک مـەلای شیعەی هانـدا کـە دژی ڕۆژنامـەی ئیتلاعـات کۆبنـەوە و خۆپێشاندانێکی گەورە لە شاری "قوم" ڕێکبخـەن. قوم شارێکی مێژوویـی و گرنگی شیعەیە و مەزارگـەی حـەزەرتی مەعسومە و ئیمـامزادە ئیبـراهیم و ئیمـامزادە محەمـەد واتـە کوڕەکـانی ئیمـام موسا کـوڕی جەعفـەری لێیـە. خوێندنگەیەکی شیعەکان بە ناوی "مەدرەسەی فەیزییە" لەوێ دانـراوە کـە شـوێنی پـەروەردەکردنی مـەلای شـیعەیە و خومـەینی لـەو مەدرەسـەیەدا وانەی گوتووتەوە و دەیان فەقێی پێگەیاندووە.

شـــیعەکانی ئێـــران بـــە فـــەرمانی ڕێبـــەرانیان ڕۆژی 1356/10/18 (1978/1/8) بە کۆمەڵ خۆیان گەیاندە قوم. کاتێک کاربەدەستانی ساواک بەوەیان زانی، ژمارەیەکی زۆر چەکداریان لە قوم کۆکردەوە بۆ ئـەوەی کـە کۆبوونەوەکـە کـۆنترۆڵ بکـەن. شـیعەکان بـەیانیی ڕۆژی 1356/10/19 (1978/1/9) کۆبوونەوەیـەکی گـەورەیان کـرد. ئایەتوڵایـەک بـە نـاوی موجتەهیدی کرمانی چووە سەر مینبەر و داخوازیینامـەی کۆبوونـەوەکـەی خوێندەوە کـە لـە سێزدە خـاڵ پێکهـاتبوو. لـە خـاڵی یەکەمدا گوترابـوو، دەبێـت ئایـەتوڵا خومـەینی بـە پەلـە بگەڕێننـەوە بـۆ ئێـران و لـە خاڵـەکانی‌تردا داوای ئـازادیی ئایـەتوڵا تاڵـەقانی ، ئایـەتوڵا مونتـەزری و زیندانییە سیاسییەکانی‌تریان کردبوو. لـە خـاڵی دوازدەیەمدا ویستبوویان ئێـران پەیوەنـدیی سیاسـیی، ئـابووریی و سـەربازییەکانی خـۆی لەگـەڵ ئیسرائیل بپچڕێنێت.



خۆپێشاندانی ڕۆژی 1356/10/17 قوم، لە گوگل وەرگیراوە

دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەیەکی گەورەتر لە مزگەوتی" ئەعزەم"ی قوم کرا کە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک بەشدارییان تێداکرد. پۆلیس و ساواکی شا گەلێکیان هەوڵدا بڵاوە بە خەڵکەکە بکەن، بەڵام بەشدارانی بەجۆشهاتوو بە وتەی مەلا شیعەکان، هەڕەشەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس و ساواکیان نەبیست و لە بەرامبەریاندا بە بەرزکردنەوەی دروشمی "مرگ بر شا" واتە بمرێت شا، شاری قومیان لەرزاندەوە. شەپۆلی خەڵک لە مزگەوتی ئەعزەمەوە بەرەو شەقامەکانی شار کەوتەڕێ و بۆ تۆڵەسەندنەوە لە نوسەرانی وتاری "ئێران و کۆڵۆنیالیستی سور و ڕەش" و هەڵوێستەکانی ساواک، هێرشیان کردە سەر دەزگا حکومییەکان، بانکەکان و بەتایبەتیی شوشەی بانکی سادرات و لقەکانی ئەو بانکەیان شکاند و وێنەی شایان لەسەر دیوارەکان داگرت و خستیانە ژێر پێیانەوە.

شەپۆلی بەرزبووەوەی خەڵک نیشتنەوەی نەبوو، تا گەیشتە بەر بنکەی پۆلیس، لەوێ ساواک و پۆلیس ماوەیان بە خۆپێشاندەران نەدا و زۆر بێبەزەییانە دەستڕێژیان لێکردن و بەشێکیان وەک گەڵای دار هەڵوەراند. ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی ئەو ڕۆژە بۆ خەڵک ڕون نەبوو، لایەنگرانی خومەینی دەیانگوت 200 کەس کوژراوە و حکومەتیش دەیگوت پێنج کەس کوژراوە! و تەرمی هەر یەکەیان بە 1500 تمەن دایەوە بە کەسوکاریان.

پزیشکی ڕاپەرینی قوم زۆر بە پەلە شارە گەورەکانی تاران، مەشهەد و شیرازی گرتەوە. ڕۆژی 20 و 1356/10/21 (11 و 1978/1/12) خەڵکی ئەهواز، ئابادان، دزفول و شیراز ڕژانە ناو شەقامەکان و دژی کارەساتی قوم خۆپێشاندانی هێمنانەیان کرد.

ڕۆژی 1356/11/25(1978/2/14) ئایەتوڵا شەریعەتمەداری لە بەیاننامەیەکدا بە یادی شەهیدانی قوم و دژی خوڵقێنەرانی کارەساتەکە، بانگەوازێکی مانگرتنی گشتیی لە ڕۆژی چلەی شەهیدانی قومدا، لە تەورێز ڕاگەیاند و داوای لە خەڵکی تەورێز کرد کە لەو ڕۆژەدا کار نەکەن و لە مزگەوتەکاندا کۆببنەوە.

خەڵکی تەورێز بەپێی پرۆگرامی گەڵاڵەکراو لە لایەن مەلاکانەوە، بەیانیی ڕۆژی 1356/11/29 (1978/2/18) لە مزگەوتەکانی تەورێز کۆبوونەوە. ئەفسەرێکی پۆلیس بە ناوی "حەقشناس" کە ئەرکی بڵاوەپێکردنی خەڵکی پێسپێررابوو لە مزگەوتی "سەید هەمزە" کە مەزاری شێخ محەمەدی خیابانی خەباتگێڕی ناوداری ئازەربایجانی لێیە و لە شەقامی "سەقەتولئیسلام" هەڵکەوتووە، لەگەڵ چەند پاسەوانێکدا هێرشیان کردە سەر خەڵکەکە. خەڵکەکە ڕژانە ناو شەقامی سەقەتولئیسلام و لە ئاکامدا خەڵکی کۆبووەوە لە مزگەوتەکانیتریش ڕاپەرین. بە نوسینی ڕۆژنامەکان خەڵک بە زمانی ئازەربایجانیی دروشمی بمرێت شا، بژی یەکیەتی کرێکاران و جوتیاران، بمرێت ئەمریکا و یان مەرگ یان ئازادییان بەرزکردەوە. ڕۆژنامەکان نوسییان هەرچەندە خۆپێشاندەران لە شەقامی کورش چەند موتۆرسایکلێکی پۆلیسان سوتاند، بەڵام پۆلیسەکان خۆیان دور ڕاگرت و ئامادە نەبوون دەست لە خەڵکەکە بوەشێنن، تەنانەت خۆپێشاندەران ئەفسەرێکی پۆلیسان بە ناوی "سەروان دهقانی" بریندار کرد.

لە گۆڕەپانی "دانیشسەرا" کرێکارێک بە ناوی "قوربانعەلی" دەچێت پەیکەری شا دابگرێت، ساواکییەکان تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن. بە کوژرانی قوربانعەلی خەڵک دەستەویەخەی پۆلیس دەبن و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو لا بریندار دەبن. دواتر خەڵکەکە هێرش دەکەنە سەر کەلانتەریی سێی تەورێز و داگیری دەکەن. خەڵکی تەورێز

بارەگای حیزبی ڕەستاخیز و بارەگای ڕۆژنامەی ئەو حیزبە و کۆشکی لاوان، هۆتێلی دوازدە قاتی شا ئیسماعیل سەفەوی، نزیکەی 92 بانک، لەوانەش بانکی سادرات و لقەکانی، بانکی فەرهەنگییان، بانکی بازرگانی، بانکی تاران، بانکی میللی و لقەکانی، بانکی سپە، بانکی ئیعتبارات، بانکی ئێرانشار، بانکی شهریار و سینەماکانی تەورێز و بینای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و پەروەردەی گشتیی ئازەربایجان، کۆشکی هونەر، ئیدارەی ئەوقاف، ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێران و ئەمریکا و دەیان ئوتۆمبێلی حکومەتیی دەسوتێنن. تەورێز بۆ ماوەیەک دەکەوێتە دەست خۆپێشاندەران. حکومەت لە "مەراغە و عەجەبشێر"ەوە سەرباز بۆ سەرکوتکردنی خۆپێشاندەران دەهێنێت و بە تانک و چەکی سووک و قورس هێرش دەکەنە سەر خۆپێشاندەران.

خەڵکی شارەکانی دەوروبەری تەورێز ڕۆژی دوایی دێنە تەورێز و لەگەڵ خەڵکی ئەو شارە بەشداریی دووەم ڕۆژی خۆپێشاندان دەکەن. هیچ ڕۆژنامەیەک نەیتوانی ژمارەی تەواوی کوژراوەکانی ئەو دوو ڕۆژە ڕابگەیەنێت، ژمارەی کوژراوەکانیان لەنێوان 100 تا 1000 کەس مەزەندە کرد. هەروەها ڕایانگەیاند کە ساواک و پۆلیس دوای خۆپێشاندانەکە نزیکەی چوار هەزار کەسیان دەستگیر کردووە و 70 پۆلیسیشیان بە تاوانی هاوکاریی کردن لەگەڵ خۆپێشاندەران گوللەباران کردووە. ساواک بە 1500 تمەن تەرمی کوژراوەکانی ئەو دوو ڕۆژەی خۆپێشاندانەکەی دایەوە بە بنەماڵەکانیان.



خۆپێشاندانی ڕۆژی 1356/11/29ی تەورێز، لە گوگل وەرگیراوە

بە دوای ڕووداوی تەورێزدا کە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی و تێکەڵاو لە بیروبۆچوونی جیاواز بوو، هەموو چین و توێژەکانی گەلانی ئێران بە موسوڵمان و ناموسوڵمانەوە بە یەکدەنگ دژی بنەماڵەی پەهلەوی خرۆشان. لە هیچ جێیەک ئارم و هێمای ڕێکخراوەیی نەدەبینرا و دروشمی سەرەکیی ڕاپەرین **(ئازادیی و نەمانی دەوڵەتی دیکتاتۆریی پاشایەتی، ئازادیی زیندانییە سیاسیەکان و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئەمریکا بوو لە ئێراندا.)** حکومەت بۆ هێورکردنەوەی مەلا شیعەکان، ئایەتوڵا مونتەزری لە زیندان ئازادکرد و خەریکبوو هەندێک ڕیفۆرم بکات. لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژ نەبوو لەنێوان پەرلەمانتاراندا لەسەر گۆڕینی دەستوری هەمیشەیی ئێران دەمەقاڵە پەیدا نەبێت، بەڵام ئێران شڵەژا بوو، خەڵک بە ڕیفۆرم ئارام نەدەبووەوە. جگە لەوە ساواک بەبێ سڵەمینەوە درێژەی بە توندڕەوییەکانی خۆی دەدا و بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نوێ، ژمارەیەک مەلای شیعەی لە تاران و شارە گەورە شیعەنشینەکانەوە گواستەوە بۆ کوردستان کە هەرێمێکی سوننەنشینە. لەوانە ئایەتوڵا شێخ

سالّح نەجەف ئابادی، ئایەتولّا مکارم شیرازی و ئایەتولّلا تاهری ناردە مهاباد، ئایەتولّا مونتەزری ناردە سەقز، ئایەتولّا مهدوی کەنی ناردە بۆکان و حوجەتولئسلام خەلخالی ناردە بانە. ئەو هەنگاوەی ساواک وەک هەموو کارەکانی‌تری زیانی زۆریان بە دەزگای لەرزۆکی شا گەیاند. تا ئەوکاتە کوردستان ئارام بوو، بەلاّم بەهاتنی مەلا شیعەکان بۆ کوردستان، مزگەوتەکانی مهاباد و شارەکانی‌تری کوردستان ڕۆلّی بنکەی سیاسی و شوێنی بلاّوکردنەوەی کاسێتی هاندەرانەی خومەینی و ڕێبەرانی‌تری شیعەیان پەیداکرد.

لە مهاباد و شارەکانی‌تری کوردستان و ئازەربایجان جگە لە تەورێز، خەلّک بەشداریی خۆپێشاندانیان نەدەکرد و بەگشتیی ڕێکخراوێک نەبوو کە ئەو خەلّکە خەباتگێڕانە ڕێکبخات. لە مهاباد کەسایەتییە دیموکراتخوازەکان و لاوەکان بە بۆچوونی خۆیان لە گروپی بچوکدا دژی ڕژێم بەیاننامەیان دەنوسی و شەوانە بلاّویان دەکردەوە. هەرچەندە پیاوانی ساواک و ئیتلاعاتی شارەبانی و زیدیئتلاعات وەک دالّ لەناو خەلّک و ئەندامانی سوپادا بلاّوببوونەوە، بەلاّم بەهۆی هاوکاریی نەکردنی خەلّک لەگەلّیان، کەمتر دەیانتوانی زیان بە خەباتکەران بگەیەنن. پێش ئەوەی کە ئالّۆزییەکان لە ئێراندا بەو ڕادەیە بگەن، هەرلە کۆتایی سالّی 1977دا سەرکردایەتی سوپا سەرتیپ کەمانگەری کە کورد و خەلّکی سنە بوو لە مهاباد گواستەوە و سەرتیپ ئیحسانولاّ پزشکپووری لە جیاتی ئەو کردە فەرماندەی تیپی سێی مهاباد. هۆی گواستنەوەی سەرتیپ کەمانگەر لە مهاباد دەگەڕایەوە بۆ مێژوو و بەسەرهاتی خەلّکی ئەو شارە و سەرنجی بەردەوامی کاربەدەستانی حکومەتی پەهلەوی لە کۆنترۆلّ کردنیدا.

# یەکەم ڕاپەڕینی خەڵکی مهاباد و تەشەنە کردنی بۆ شارەکانی تر

پێش ئەوەی کە زنجیرەی خۆپێشاندانەکان تەنگ بە ڕژێمی پەهلەوی هەڵبچنن و شا ناچار بکەن پەنا بۆ پێکهێنانی حکومەتی سەربازیی ببات، هەندێک گۆڕانکاریی لە سوپا و دەزگا حکومییەکاندا کرد. موچە و دەرماڵەی کادێر، سەرباز، کارمەند و کارگەرانی سوپای زیادکرد. ڕێی بۆ ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ "ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانیی" کردەوە کە نوێنەریان سەردانی زیندانەکانی ئێران بکات و لە نزیکەوە ئاگایان لە بارودۆخی زیندانییە سیاسییەکان ببێت. شا تا ئەوکاتە لە وتوویێژە ڕۆژنامەوانییەکانیدا دانی بە بوونی زیندانی سیاسی لە ئێراندا نەدەنا. هەروەها حیزبی ڕەستاخیز کە حیزبێکی دەوڵەتی و سەربە شا و بنەماڵەکەی بوو و بە فەرمانی شا دەبووایە هەموو کەس بە زۆرەملێ ببێت بە ئەندام تیایدا و کەسانی سەربە ساواک سەرۆکایەتییان دەکرد، بە کردەوە دەسەڵاتی کەمکرایەوە و لە سوپادا گوشاریان نەدەخستە سەر سەرباز و تازە وەرگیراوەکان کە خۆیان لە حیزبی ڕەستاخیزدا ناونووس بکەن.

لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەدا، کاک عەزیزی یوسفی لەسەر داوای ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ و بە هۆی نەخۆشییەوە لە پاییزی ساڵی1356 (1977) لە زیندان ئازادکرا و گەڕایەوە مهاباد. گەڕانەوەی کاک عەزیز بۆ مهاباد کە سەرجەم 25 ساڵی ژیانی لە زیندانەکانی شادا تێپەڕاندبوو، لە کاتێکی هێمندا ئەنجامی گرت. بەو واتایە کە تا ئەوکاتە هێشتا خۆپێشاندانەکان کوردستانی نەگرتبووەوە. یوسفی دوای ئازاد بوونی نەوەستا و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەوڵی بزوتنەوەیەکی ئارام و هێمنی لاوانیدا لە کوردستاندا. کەچی ناوبراو ڕۆژی 1357/3/15 (1978/6/5) بە نەخۆشیی دڵ لە تاران کۆچی دوایی کرد.


عەزیز یوسفی بە دوای ئازادبوونیدا لە زیندان

ڕۆژی 1978/6/6 کۆمەڵێک دۆست و هاوڕێ و نوسەر و خەباتگێڕی کورد و ئێرانیی، تەرمی عەزیز یوسفییان لە تارانەوە گەڕاندەوە مهاباد و ڕۆژی 1978/6/7 لە گۆڕستانی مهاباد لە "گومبەزان" بە خاکیان سپارد. بەخاک سپاردنی تەرمی عەزیز یوسفی بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مهاباد و بەشداریی ئایەتوڵا مکارم شیرازی کە لەو سەردەمەدا حکومەت دوریخستبووەوە بۆ مهاباد، بە شێوەیەکی ئارام بەڕێوەچوو. مەلا شێخ عیزەدینی حوسێنی تەلقینی دادا و پۆلیس و ساواک ڕێگر نەبوون لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکەدا. بەو بۆنەیەوە لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنگرانی حیزبی تودە بڕیاریاندا کە ڕۆژی سێیەم بە توانایەکی زیادترەوە بچنە سەر گڵکۆی عەزیز یوسفی.

جێگەی بەبیرهێنانەوەیە کە عەزیز یوسفی لە لای حەسەن ماوەرانی لە بنکەی ڕۆژ "روز" لە تاران توشی ژانی دڵ دەبێت و لەگەڵ حەسەن دەچێتە ماڵی جەلیل گادانی و لەوێوە دەیبەن بۆ نەخۆشخانەی "میمنت" و لەو نەخۆشخانەیە کۆچی دوایی کرد. ئەوانەی ئەرکی سەرەکییان گێڕا لە هێنانەوە و بەخاکسپاردنی تەرمی عەزیز یوسفی بریتی بوون لە: جەلیل گادانی، حەسەن ماوەرانی، دوکتۆر سادق شەرەفکندی، دوکتۆر موتەلب خەسرەوی، عەزیز مامڵێ "خانە"، قاسم چیرە، حوسێن ماوەرانی،

حەمەدەمین چیرە، حوسێن بەخشی، حەوسەت دەباغی، ڕەزا سیراجی، قاسم ڕەیانی، مەرزیە جەوانمەرد، موحسین کەریمی، عومەر قازی، حەسەن بلوریان، ڕەحیم پاکسرشت، محەمەد گادانی، خەلیل گادانی، سلێمان تیکانتەپە، مەلا غەفور دەباغی، پۆلا نانەوازادە، هوشیار ئیمامی، عەزیز شاروخ، محەمەد ماملێ، سەید محەمەد نیزامی و ... چەندان کەسی تر کە لایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی تودە و لاوانی دڵسۆزی شاری مهاباد بوون.

دوای سێ ڕۆژ ماتەمینیی لە خانەقای "سەید نیزام" کە لە حەوشەی مزگەوتی هەباس ئاغای بوو، ڕۆژی 1357/3/20 (1978/6/10) خەڵک بە خۆپێشاندانێکی ئارام بە چەند تاجە گوڵ و وێنەی عەزیز بە شەقامی شاپووردا چوونە گومبەزان. لە دەوری گڵکۆی عەزیز یوسفی کۆ بوونەوە. جەلیل گادانی وتارێکی لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی یوسفی خوێندەوە. هێشتا وتارەکەی کۆتایی نەهاتبوو کە خەڵکەکە پێیانزانی کە ئوستوار دووەم "ئەسغەر متەوەلی" کارمەندی زیدئیتلاعاتی تیپی سێی مهاباد خەریکە بە ڕیکۆردەرێکی بچکۆلە دەنگی جەلیل گادانی تۆماردەکات. ڕیکۆردەرەکەیان لێ ستاند و شکاندیان و بە شەق و مستەکۆڵە دوریان خستەوە، ئەویش لەترسی گیانی خۆی ڕایکرد.

دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە داوایان کرد بچینە سەر گڵکۆی شەهید سلێمان موعینی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دوەم و ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. بەشێکمان گەیشتبووینە سەر مەزاری کاک سلێمان و بەشێکیتر لە ڕێگەدا بوون کە خوالێخۆشبوو سەید محەمەد نیزامی گوتی: **(ئەوە گۆڕی شەهید سلێمانە)**. دەیویست لەسەر ژیان و بەسەرهاتی شەهید سلێمان قسە بکات کە عومەری قازی دەنگی بەرزکردەوە و گوتی: **(ئاوڕێکیش لەو گۆڕە بدەنەوە کە مەلا مەحمود زەنگەنەی تیادا نوستووە!)** خەڵکەکە ڕویان لە دەمی عومەر قازی کرد و بەرەو مەزاری مەلا مەحمود سوڕانەوە، عومەری قازی گوتی: **(مەلا مەحمود بە دەستی ژاندارمە چەپەڵەکانی شا شەهید کراوە.)**.

بەو گوتنەی عومەر قازی، دروشمی "مەرگ بەر شا" لەناو خەڵکەکەدا بەرزبووەوە و خەڵکەکە بە دروشمی "بژی کورد- بژی کوردستان" و "یان کوردستان یان کورد نەمان" بەرەو شار گەڕانەوە. لەگەڵ ژمارەیەک لە لایەنگرانی حیزبی دیموکرات زۆرمان هەوڵدا کە خەڵکەکە ئارام بکەینەوە. لەوە دەترساین کە چەکدارانی حکومەت بگەنە شوێنەکە و تەقەمان لێبکەن، بەڵام هیچ کەس گوێی لێ نەگرتین. خەڵکەکە بە دروشمدان بەرەو شار گەڕانەوە و لە چوارڕێی مەولەوی کەوتنەبەر پەلاماری پۆلیس و ژاندارم و ساواک و لە ئەنجامدا هەر کەسە بە کۆلانێکدا ڕایکرد. ژمارەیەک خۆیان گەیاندە کۆڵانەکانی "چرا بەرق" و شەقامی شاپوور و توانییان تا گەڕەکی ئەرمەنییان و بەردەرگای ماڵی ئیسماعیل ڕەحیمی "سمایلی پاسەبان" و ساڵحیە و حەسەنی سەلامی بچنە پێشەوە، بەڵام لەوە زیاتر نەیانتوانی و بە کوچەی هەباسی کەبابچی و گەڕەکی ئەرمەنییاندا ڕایانکرد.

جەلیل گادانی و حەسەن ماوەرانی لە تارانەوە لەگەڵ تەرمی عەزیز یوسفی گەڕابوونەوە مهاباد. بۆ ئەوەی کە توشی گرفت نەبن، پێش ئەوەی کە زیان بە خەڵکەکە بگات، لە یەکەم تەقەکردنی پۆلیسدا من و حەسەن بلوریان، جەلیل و حەسەنمان سواری ئوتۆمبێل کرد و گەیاندمانە بلواری مهاباد و لەوێوە بە سواری ئوتۆبووس ڕەوانەی مەراغەمان کردن کە بگەڕێنەوە تاران.

دوای کۆتاییهاتنی ئەو خۆپێشاندانە پۆلیس و ساواک بەربوونە ماڵی خەڵک و (46) کەسیان دەستگیرکرد. جەلیل گادانیی و کاک حەسەن ماوەرانییش لە تاران دەستگیرکران و گەڕاندیاننەوە مهاباد. ساواک بەرەبەرە ژمارەیەک لە گیراوەکانی ئازادکرد و تا ڕۆژی 1357/5/3 (197/8/26) تەنیا ئەو (16) کەسەی خوارەوەی هێشتەوە کە لە زیندانی دەریای ورمێ بەندکرابوون. منیش یەکێک بووم لە گیراوەکانی زیدئیتلاعاتی مهاباد و بە هەوڵی تیمسار پزشکپوور دوای دوو ڕۆژ ئازاد کرام:

سەید محەمەد نیزامی، حوسێن بەخشی، خەسرەو خەسرەوی، قاسم چیرە، تاهیر فەرزاد، جەلیل گادانی، خەلیل گادانی، قادر ماوەرانی،

عومەر قازی، حەسەن ماوەرانی، قاسم ڕیانی، سەید خدر محەمەدی"هەژیر موکری"، ئەحەد ئەنجیری، پۆلا نانەوەزادە و هۆشیار ئیمامی. لەو وێنەیەی خوارەوەدا پانزدە لەو شانزدە کەسە دەبیندرێت و کەسی دوایی محەمەد ئەمین چیرەیە کە وێنەکەی گرتووە.



ڕیزی یەکەم دانیشتو: سەید محەمەد نیزامی، حوسێن بەخشی، خەسرەو خەسرەوی و قاسم چیرە.
ڕیزی دووەم: تاهیر فەرزاد، جەلیل گادانی، خەلیل گادانی و قادر ماوەرانی.
ڕیزی سێیەم: عومەر قازی، حەسەن ماوەرانی، قاسم ڕیانی، سەید خدر محەمەدی"هەژیر موکری"، ئەحەد ئەنجیری ، پۆلا نانەوەزادە و هۆشیار ئیمامی. وێنەگر: پولا نانەوازادە

ئەو کۆمەڵە خەڵکە ڕۆژی 1357/6/30(1978/9/22) کە دوا هەینی کۆتایی مانگی شەشەمی هەتاویی بوو، لە زیندان ئازادکران. لە ڕۆژی ئازادبوونیاندا ژمارەیەک بۆ پێشوازیی و هێنانەوەیان بۆ مهاباد، بە ئۆتۆمبێل چووینە بەردەرگای زیندانی دەریا. لە گەڕانەوەدا من لەگەڵ ڕەحیم پاکسرشت، عەزیز ماوەرانی، حەسەن بلوریان و قادری ماوەرانی لە ئۆتۆمبێلێکدا بووین. بە ناوەندی شاری ورمێدا تێپەڕین و لە دەرەوەی شار چاوەڕوانی جەلیل گادانی، سەید محەمەد سەید نیزامی، عومەر قازی، محەمەد ئەمین چیرە و حەسەن ماوەرانی بووین کە لە زیندانەوە بردبوویانن بۆ ساواک بەڵێنیان لێ بستێنن کە ئیتر بەشداریی

خۆپیێشاندان نەکەن. دوای هاتنەوەی ئەو پێنج کەسە، محەمەد ئەمین چیرە و حوسێن بەخشی بەرێکرانەوە مهاباد تا بە خەلکی مهاباد رابگەیەنن کە هەموو زیندانییەکان ئازاد کراون و ئێمە بە کاروانێک ئوتۆمبێلەوە بەرەو مهاباد کەوتینەرێ، سەرەتا سەردانی گۆرستانی مهاباد و مەزاری عەزیز یوسفیمان کرد و دواتر گەراینەوە بۆ ماڵەکانمان.

ئەوە یەکەم خۆپیێشاندان بوو لەو کۆمەڵە خۆپیێشاندانانە کە خەڵکی مهاباد بەشدارییان تێدا کرد و دواتر شاری ورمێ و سنە و شارەکانیتری کوردستان و ئازەربایجانی گرتەوە. رۆژانی هەینی ژمارەیەک تورکی ئازەربایجانیی بەناوی یەکیەتی کورد و تورکانەوە لە شارەکانی ورمێ، میاندواو و نەغەدەوە دەهاتنە مهاباد و دوای تەواوبوونی نوێژی هەینی، بەشداریی خۆپیێشاندانەکانی خەڵکی مهابادیان دەکرد و بەمجۆرە مهاباد بوو بە ناوەندیی خۆپیێشاندانەکانی دژی بنەماڵەی پەهلەوی.

## مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی تێکەڵاوی خۆپێشاندانەکان دەبێت




مامۆستا شێخ عیزەدەین و مامۆستا کەریم شاریکەندیی لە خۆپێشاندانی مهاباددا

دوای خۆپێشـــاندانی ڕۆژی 1357/3/20 (1978/6/10) لـــە مهابـــاد، بـــۆ ماوەیەک مهاباد بێدەنگ بوو، تا سەرئەنجام بە دوای یارییەکی فوتبۆڵدا کـە لـەنێوان تیپی هـەڵبژاردەی مهابـاد و نەغـەدە لـە یاریگـەی مهابـاد بەڕێوەچوو، خۆپێشاندانێکی بچووکی بێ بەرنامە لە دەرەوەی یاریگـەکـەدا کـرا. دوای ئـەو خۆپێشـاندانە، زۆربـەی ئێـواران لاوان کۆمـەڵ کۆمـەڵ لـە دەوروبەری مزگەوتی هەباس ئاغا کۆدەبوونەوە و تـوڕەیی خۆیـان لـە ڕژێم دەردەبڕی.

ئێـوارەی ڕۆژی 1357/4/17 (1978/7/8) کۆمـەڵێک بـە دروشـمدان لەبـەر دەرگـای مزگـەوتی هـەباس ئاغـا کۆببوونـەوە و بـەرە بـەرە کـە ژمارەیـان گەیشـتە نزیکـەی 200 کـەس، بـەرەو چـوارچرا کەوتنـەڕێ. لـە ڕێگـەدا خۆپێشاندانەکە بە زیادبوونی خـەڵک بەرفرەوان بووەوە. لە زارکـی کۆڵانـی شـاتری لـەنێوان دوکـانی شـیرینیی فرۆشـیی عـەلی خومـایزی و دوکـانی خـەلیل گـادانی، خۆپێشـاندەران توشـی مامۆسـتا شـێخ عیـزەدین بـوون کـە لەگەڵ مەلا مەحمودی سالک لـە نوێژی عیشا لـە مزگـەوتی "حـاجی سـەید بـایز" دەگـەڕانەوە و بـەرەو مـاڵی شـێخ عیـزەدین دەچوون کـە ماڵـەکـەی لـە پشت مزگەوتی هەباس ئاغا بوو. مامۆستا شێخ عیزەدین و مەلا مەحمود بە

بینینــی خۆپێشــاندەران لــە زارکــی کۆڵانەکــە ڕاوەســتان. ژمارەیــەک لــە خۆپێشاندەران کە بەگشتیی لاو و کەمتەمەن بوون، ڕایانکردە لای مامۆستا و باســک و شــاقەلی عەباکــەیان گــرت و هێنایانــە ڕیــزی یەکــەمی خۆپێشاندانەکە و مـەلا مـەحمودیش بـە دوایانـدا هـات. خۆپێشـاندانەکە تـا زارکـی چـوارچرا درێـژەی کێشـا و لـەوێ مامۆسـتا شـێخ عیـزەدین داوای لـە خـەڵکەکە کرد کە دانیشن، خـەڵکەکـە دانیشـتن و مامۆسـتا گـوتـی: **(تـا ئێـرە بـەبێ زیان هاتووین و داواتـان لێدەکـەم بـۆ ئـەوەی کـە زیـان بـە کەسێک نـەگات و هەموو بە سلامەت بچینـەوە ماڵـەوە، ئیتر بەسە و بڵاوەی بکـەن).**

پێشـنیازی مامۆسـتا لـەجێی خۆیـدابوو، بەشـێک لـە خۆپێشـاندەران بـە قسـەیان کـرد، بـەڵام بەشێکیتر مامۆستایان تـا مەیـدانی مـەلاجامی بـرد. هەرچەنـدە خۆپێشـاندەران بـە بـەر شـارەبانی مهابـاددا ڕۆیشـتن، بـەڵام پۆلیس بێـدەنگ بـوو. دوای ئـەو خۆپێشـاندانە سروشـتی بـوو کـە سـاواک بـۆ هێمن ڕاگرتنی خۆپێشاندانەکان لە مامۆستا شێخ عیزەدین کەڵکوەربگرێت. هەروەک مامۆستا مەلا شێخ جەلالی حوسێنی برای مامۆستا شێخ عیـزەدین لـە وتووێژێکیـدا لەگـەڵ خالیـد محەمـەدزادە کـە سـایتی "دیمانـە" ڕۆژی 2007/2/2 بڵاویکردەوە، ڕادەگەیەنێت: **(کاتێک بۆ یەکـەمجار بەشداریی خۆپێشاندانم کرد، ساواك منیان بانگ کرد و گوتیان دەبێت ئـەو خەڵکـە ئارام بکـەیتەوە).** بۆ وەگرتنی ئەو وەڵامە و هەندێک وەڵامیتر لە مامۆستا شێخ عیزەدین، ڕۆژی 2007/3/6 لەگەڵ سەرهەنگ ئیرەج قادری لە ئوپسالا بە خزمەت مەلا شێخ عیزەدین گەیشتم، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتی:

**- (ســاواک پەیوەنــدی بــە منــەوە نــەکرد، بــەڵام مــن و پزشــکپوور پـەیوەنـدییمان پێکـەوە هـەبوو. ئـەو دەهاتـە مـاڵی ئێمـە و هـەردووکمان لەسەر ئەوە هاودەنگ بووین کە خۆپێشاندانەکان بە ئارامی بکرێن و زیان بە خـەڵک نـەگات. جارێک پزشکپوور گوتی: وەزعـەکـەت پێ چۆنـە؟ گوتم شا دەروخێت. گوتی: خومـەینی دێت؟ خومـەینیت پێ چۆنـە؟ گـوتم خومـەینی خواسـتی خـەڵک بـەجێناهێنێت).** هـەروەها مـەلا شێخ عێـزەدین گـوتی: **(سەیادیان سەرۆکی ساواکی ورمێ زۆر لـە من تورە بوو، بەڵام بەڵگەیەکی نـەبوو کە منی پێ بگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کەسی وا هەبوو لـە مهابـاد و تاران یارمەتییان دەدام. بەڵام دوای کۆچی دوایی عەزیز یوسفی "نسرەت**

**زادە" بەڕێوەبەری ئیدارەی ئەوقاف و مەلا "ئەبوبەکر" کە فەقێی خۆم بوو، پێیانڕاگەیاندم کە بەهۆی چوونم بۆسەر گۆڕی عەزیز یوسفی، ساواک زۆر لە من تورەیە. گوتم ئەوە ڕێورەسمێکی ئاییینییە و ئەرکی منە کە تەلْقینی مردوو بدەم. هەروەها جارێکیش حاجی "سالْحی** شاتری" **پێیگوتم کە زۆر لێم تورەن. لە وەلامدا گوتم من ئیمام جومعەم و پۆستەکەمیان دەدەمەوە. مەئموری ساواک هاتەلام و لێی پرسیم بۆچی بەشدارییم لە ناشتنی عەزیز یوسفیدا کردووە، گوتم من مەلام و یەکێک لە ئەرکەکانم تەلْقیندادانی مردووە.).**



وێنە: پۆلا نانەوازاد

لە یەکێک لەو خۆپێشاندانانەدا کە ڕۆژی 1356/10/28(1979/1/18) کرا، لە مەیدانی مەلاجامی لەنێوان ژمارەیەک لاوی ئیسلامیی و چەپدا کێشە ڕوویدا. ئیسلامییەکان هەرچەندە ژمارەیان کەمتر بوو، بەلام دژی بەرزکردنەوەی ئالای سوری چەپەکان وەستان و چەپەکانیش کە زۆربەیان سەربە ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەلْکی ئێران بوون، وەلامی ئیسلامییەکانیان نەدایەوە. خەریکبوو لەنێوان ئەو دوو گروپەدا کە هەردووکیان کورد و مهابادیی بوون شەڕ هەلْبگیرسێت. مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ ڕێگرتن لەو شەڕە، ئالا سورەکەی کە چەکوش و داسی لەسەر بوو، بەرزکردەوە و لەسەر سەری خۆی دانا و ماچی کرد و بەو جۆرە پێشی

بە هەرچەشنە مەترسییەکی نەخوازراو گرت. کردەوەی مەلا شێخ عێزەدین بە توندیی تیمسار پزشکپووری ئازاردا. ڕۆژێک دوای ئەو خۆپێشاندانە من لای پزشکپوور بووم. خەریکی ئیمزاکردنی نامەکانی ڕوکنی یەکەم بوو، تەلەفۆن زەنگی لێدا، مەلا شێخ عیزەدین بوو. پزیشکپوور لە شێخ عیزەدین توڕە بوو، لێی پرسی بۆچی ئالای سورت ماچکردووە؟ مامۆستا لە وەڵامدا گوتی:

**- (من مەلایەکی ئازادیخوازم و نامەوێت خەڵک لەسەر مەسەلەیەکی وا بچووک زیان ببینێت. بۆ ئەوەش ئاڵا سورەکەم خستە سەر سەرم کە پێش بە شەڕ و ئاژاوە بگرم.).**

بێگومان مامۆستا بەو کارەی توانی پێش بە ئاژاوەیەکی توندڕەوانە بگرێت، بەڵام پزشکپوور لێی قبوڵ نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا شێخ عیزەدین لەگەڵ خەڵکی مهاباد بەشداریی خۆپێشاندانەکانی کرد و تا ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە خەڵکی مهاباد جیانەبووەوە، هەرچەندە ڕێکخراوە چەپە ماوییەکان بە قازانجی خۆیان کەڵیکان لە خەبات و هەڵسوڕانی مامۆستا وەردەگرت. شایانی باسە کە من خۆم بەشدار بووم لەو ڕووداوانەی سەرەوودا.

## سوتانی سینەما ڕێکسی ئابادان

ئالۆزییەکان سەرجەم شارەکانی ئێرانی گرتەوە و بە پەلە پەرەیان سەند. کردەوەکان هەندێک جار حاڵەتی حەیوانییان بەخۆیانەوە دەگرت و بەها مرۆڤایەتییەکانیان دەخستە ژێرپێ. لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژی 1357/5/28 (1978/8/19) دەستێکی ناپاک سینەما ڕێکسی شاری ئابادانی سوتاند. سوتانی سینەما ڕێکس لە کاتێکدابوو کە ئەو سینەمایە فیلمی ئاسکەکان "گوزنها"ی هونەرمەندان "بەهروز وسوقی و پەرویز فەننی زادە"ی نمایش دەکرد و سەدان کەس خەریکی بینینی بوون. بە نوسینی ڕۆژنامەکان 377 کەس لەو کارەساتەدا سوتان، بەڵام دواتر ئەو ژمارەیە گەیشتە 430 کەس و تەنانەت باس لە سوتانی 600 کەس کرا. پۆلیس و ژاندارمەریی ئابادان بە هاوکاریی خەڵک سوتاوەکانیان گواستەوە و پتر لە 300 کەسیان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا ناشت. سەرتیپ ڕەزمی سەرۆکی شارەبانیی ئابادان هاتە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن و ڕایگەیاند: **(گومان ناکرێت کە سینەما ڕێکس بەهۆی دەستی ناپاک و تێکدەرانەوە سوتاوە).** ڕۆژنامەی لۆمۆند لە ژمارەی ڕۆژی 1987/8/22 (1357/5/31) دا بڵاویکردەوە: **(کاربەدەستانی حکومەتی ئێران بەرپرسایەتی سوتانی سینەما ڕێکس دەخەنە سەر کەسانی تێکدەر و دەڵێن تێکدەران بۆ ئالۆزکردنی پتری ئێران سینەما ڕێکسیان سوتاندوە).** لە بەرامبەردا مەلا شیعەکان و لایەنگرانیان، سوتانی سینەما ڕێکسیان خستە ئەستۆی ساواک و دەزگا ئەمنییەکانی شا.

سوتاندنی سینەما ڕێکس لە سوتاندنی سینەمای شاری "ئامود"ی ڕۆژئاوای کوردستان دەچوو کە ڕژێمی کۆنەپەرستی سوریا لە ساڵی 1960 دا سوتاندی و 283 مناڵی کوردی تیادا کرد بە خەڵوز. پێش ئەوەی کە سینەما ڕێکس بسوتێنرێت، شا "ئەمیر عەباسی هویدا" سەرۆکوەزیرانی کرد بە وەزیری دەربار و لەجێی ئەو جەمشید ئاموزگاریی کرد بە سەرۆک وەزیرانی ئێران، کەچی ئاموزگار لە دوای سوتانی سینەما ڕێکس دەستی لەکار کێشایەوە و ڕۆژی 1357/6/4 (1978/8/26) شا "جەعفەر شەریف ئیمامی" کرد بە سەرۆکوەزیران.

دوکتۆر "محەمەدڕەزا عاملیی تهرانی" وەزیری ڕاگەیاندن و گەشتوگوزار لە کابینەی شەریف ئیمامیدا بەرپرسایەتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دۆسیەی سینەما ڕێکسی پێسپێردرا. ناوبراو بە پشتبەستن بە ژمارەیەک بەڵگە کە دەستی کەوتبوو، لە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمییدا لایەنگرانی خومەینی بە سوتاندنی سینەما ڕێکس تاوانبار کرد و گوتی: **(کەسێک بە ناوی "عاشور" دەستی هەبووە لە سوتاندنی سینەما ڕێکسدا و لە کاتی پەڕینەوە لە سنوری عێراق لە لایەن عێراقییەکانەوە گیراوە).**

شایانی باسە، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران دوکتۆر تهرانی بە فەرمانی "سادق خەلخالی" قازی شەرعی دیارییکراوی خومەینی گوللەباران کرا.



سینەما ڕێکس بەرلە سوتان و دوای سوتان بە کۆمەڵێک قوربانییەوە، لە گوگل وەرگیراوە

تەلەڤزیۆنی فەرەنسە ڕۆژی 1357/6/23 (1987/9/14) وتوێژێکی لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی کرد. لەم بارەویەوە "شەیدا نەبەوی" لە گۆڤاری دیمەنی ئێران "چشم انداز ایران"، ژمارە 20 بەهاری 1378دا، پەنجەی بۆ ئەو وتووێژە ڕاکێشاوە کە لە لاپەڕەکانی 17 و 18، ساڵی 1362، پێشڕەوی شۆڕشی ئیسلامی "**طلیعەء انقلاب اسلامی**"، نوسینگەی شۆڕشی فەرهەنگیی ناوەندی بڵاوکراوەی زانکۆکان ئێران لە نەجەف، پاریس، قوم و تاران بڵاویکردوەتەوە. ناوبراو نوسیوێتی وتووێژکەری تەلەڤزیۆنی

فەرەنسـە ئامـاژەی بـۆ دواکـەوتوویی ئـاینی شـیعە و ڕاوەسـتانی لـە بەرامبـەر گەشـەکردنی جیهانـدا کـردووە و سـەبارەت بـە پێگـەی ژن و چارشێو و سەرئەنجام سوتاندنی سینەما و بانکەکانی ئێران پرسیاری لـە خومەینی کردووە. ئایەتوڵا خومەینی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

**- (شا ئازادیی بۆ میللـەت نەهێشتووە و پشوی لـە خـەڵک بڕیوە. ئـەوە شایە کە بۆ گەندەڵ کردنی لاوانی ئێمە سینەماکانی پڕ کردەوە لە فیلمی بێئابرو و کچان و کوڕانی ئێمە بێئابرو دەکات و خـەم و پـەژارەی بەسـەر وڵاتدا باراندوە. سینەمای شا ناوەندی لەشفرۆشییە و هەوڵـدەدات خـەڵک لەسەر بارودۆخی وڵات بێئاگا بهێڵێتەوە. میللـەت ئـەو ناوەندانـە بـەدژی بەرژەوەندەکانی وڵات دەزانن و بەبێ ئەوەی کـە لەلایـەن ڕوحانییەتـەوە پێیان بگوترێت خراپیان دەکەن. دیارە ڕووداوی سینەما ڕێکسی ئابادان بەدەست پیاوانی شاوە بەڕێوەچوو و بۆ ئەوەی کە ترس و دڵەڕاوکێی مەزن لـە دڵـی خەڵکدا بچێـنن، 400 مرۆڤـی بێتـاوانی کـردە خـەڵوز. دۆخـی بانکەکان لە سینەماکانیش خراپترە، بانکەکان دەستی باڵایان هەیە لە نـابود کردنـی خـەڵک و دواخسـتنی وڵاتـدا و بەڵانسـی ئـابووریی وڵات تێکدەدەن و بۆ سوتان دەبن.).**

دوای سەرکەوتنی شۆڕش و پێکهاتنی کۆماری ئیسلامیی، حکومـەت گـوێی خۆی لە بەرامبەر لێپرسینەوەی تاوانبارانی سوتاندنی سینەما ڕێکسدا کپ کرد. ئـەم هەڵسوکەوتەی کۆماری ئیسلامی کۆمـەڵێک دەنگـۆی لێکەوتـەوە. بەتایبـەتی بنەماڵـەی شـەهیدەکان و ڕێکخـراوە سیاسـییەکان ڕوی تاوانەکـەیان لـە مـەلاکان کـرد و ڕایانگەیاند: **(سوتاندنی سینەما ڕێکس لەلایەن لایەنگرانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە بەڕێوەچووە.).**

ڕۆژی **1259/5/12 (1980/8/3)** بەشێک لە بنەماڵەی قوربانییانی سینەما ڕێکس و کۆمەڵێکی زۆر خەڵکی ئابادان چوونە سەر مەزاری سوتاوەکانیان و وتاریان خوێندەوە.

ڕۆژی **1359/5/27** چەند ڕێکخراوی چـەپی ئێـران بـە بۆنـەوی سـاڵڕۆژی دووەم سـاڵی کارەسـاتی سـینەما ڕێکـس، کۆبوونەوەیـەکی مـەزنیان لـە یاریگـەی "تـەختی" لـە ئابـادان پێکهێنـا و ڕەخنـەیان لـە شـێوەی دادگـاییکردنی تاوانبـارانی سوتاندنی سینەما ڕێکس گـرت و دادگاکـەیان

بەدادگای کارتۆنیی ناساند. ڕۆژی 1359/5/28 سوپای پاسداران پەلاماری بارەگـای ڕێکخـراوی موجاهیـدینی خـەڵکی ئێـران، ڕێکخـراوی پـەیکار، ڕێکخراوی ڕەزمەنـدەگان و ڕێکخـراوە چەپـەکانی تریدا و چالاکیی ئـەوانی یاساخ کرد.

بەگشتی لەگـەڵ لێپرسینـەوەی دادگا و تێپـەڕبوونی پتر لـە پازدە مانگ بەسـەر کارەساتی سینـەما ڕێکسدا و چەنـدان جـار مـانگرتنی بنەماڵـەی قوربانییەکاندا، سەرئـەنجام کۆمـاری ئیسلامیی دوای چـواردە کۆبوونـەوەی دادگـا، لـــە دادگـــایی کردنێکـــی دەرگـــا بەســـتراودا کـــە تـــەنیا لەلایـــەن حوجەتولئیسـلام "موسـەوی تـەبریزی" و کەسێکی تـرەوە بـەڕێوچوو، ڕۆژی 1359/6/15 (1980/9/6) شـەش کەسیی بـە ئیعـدام و ژمـارەیەکیشـی بـە زیندان مەحکوم کرد. ئیعدام کراوەکان بریتی بوون لە:

1- حوسـێن ئـەکبـەر عــەلیزادە، گوایــە بۆخـۆی گوتویــەتی ســینەماکەی سوتاندوە.

2- ستوان مـەنوچێر بەهمـەنی، نـاوبراو ڕۆژی سوتانی سینـەما ڕێکس لـە پشـودان گەڕاوەتـەوە و لـە کوژاندنـەوەی سینـەماکەدا هاوکـاریی پۆلیس و تیمی ئاگر کوژێنـەوەی کردوە.

3- عـەلی نـادری خـاوەنی سینـەما ڕێکس، تەمـەن 60 سـاڵە و لـە تـاران ژیاوە و تاوانی ئەو سەرنج نەدان بە بەکارنـەهێنانی کەرەستەی ئـەمنیی بووە لە سینـەماکەدا.

4- ئـەسفەندیار ڕەمـەزانی بەڕێوەبـەری سینـەما، بـە تـاوانی لاوازیـی لـە ئـەرکی بەڕێوەبەرایەتیدا.

5- ســەرهەنگ ســیاوەش ئـــەمین علـــی ئاغـــایی ســـەرۆکی ئیتلاعـــاتی شـارەبانی و پسپۆڕیی دژە تێکدەرانـە. نـاوبراو چووەتـە نـاو سینـەماکە و لێپرسینـەوەی لـە شـاهیدەکان کـردوە و چەنـد "بـوتری" دۆزیوەتـەوە و لـە ڕاپۆرتێکدا کە پێشکەشی کردەوە، نوسیویەتی سینـەما بە پلان سوتێنراوە

6- فەرەجولا موجتهدی کارمەندی ساواک.

## هەڵوەشاندنەوەی مێژووی شاهەنشاهی و کوشتاری بە کۆمەڵ لە مەیدانی ژاڵەی تاران

هەروەک گوتم، لە دوای سوتانی سینەما ڕێکسی ئابادان جەمشید ئاموزگار سەرۆک وەزیرانی ئێران دەستی لەکار کێشایەوە و شا ڕۆژی 1357/6/4 (1978/8/26) "جەعفەر شەریف ئیمامی" کرد بە سەرۆکوەزیران. لەگەڵ دەستبەکاربوونی جەعفەری شەریف ئیمامی، خەڵک لە شارەکانی تاران، کرماشان، ڕەشت، قەسری شیرین و چەند شاری تر، دژی مێژووی شاهەنشاهی ڕژانە سەر شەقامەکان و چەند کەسێکیان بە تەقەی چەکداران شەهید بوون.

ڕۆژی 1357/6/5 (1978/8/27) شا ناچار بوو مێژووی 2500 ساڵەی شاهەنشاهی بگۆڕێت و وەک جاران مێژووی کۆچی هەتاویی لە جێی مێژووی شاهەنشاهی دابنێت. پرۆژەی دانانی مێژووی شاهەنشاهی لەجیاتی مێژووی کۆچی هەتاویی ڕۆژی 1354/12/25 (1976/3/16) بە فەرمانی شا لە پەرلەمانی ئێران و ئەنجومەنی سەنای ئێراندا پەسەند کرابوو. ئەو مێژوویە ئاماژەیەک بوو بە دەسەڵاتدارییەتی 2500 ساڵەی پاشاکانی ئێران و سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی 550 ی پێش زایین و دەستپێکردنی دەوڵەتی کورشی هەخامەنشی و سەرکەوتنی پارسییەکان بە سەر "ئاستیاکس" دوا پاشای مادەکان. مەبەستی شا لە دانانی مێژووی شاهەنشاهی بۆ ئەو بیرە دەگەڕایەوە کە ناوبراو خۆی بە واریسی هەموو پادشاکانی ئێران دەزانی.

دوای پوچەڵکردنەوی مێژووی شاهەنشاهی و گەڕاندنەوەی مێژووی کۆچی هەتاوی بۆ ئێران، بەبێ ئەوەی کە شەریف ئیمامی حکومەت سەربازیی ڕابگەیەنێت، ڕۆژی هەینیی 1357/6/17 (1978/9/8) چەکدارانی حکومەت لە شارەکانی تاران، کەرەج، قەزوێن، ئەهواز، ئابادان، کازرون، ئیسفەهان، مەشهەد، تەورێز و قوم ڕژانە ناو شەقامەکان و تەقەیان لە خۆپێشاندانی خەڵک کرد و بە سەدان کەسیان بەتایبەتیی لە مەیدانی "ژاڵە"ی تاران کوشت. لە تاران جەماوەر لەناو شەقامەکاندا کەوتنەبەر گوللەی چەکدارانی گاردی شاهەنشاهی کە هێزی پارێزەری شا بوو. ئەو

کردەوەیە بە ڕادەیەک بێڕەحمانە و پڕ لە زیان بوو کە لە ئێراندا بە هەینی ڕەش ناوبانگی دەرکرد.




1357/6/17 (1978/9/8) چەکدارانی حکومەت لە مەیدانی ژاڵەی تاران
لە گوگل وەرگیراوە

## خوێنی ڕۆڵەکانی مهاباد شەقامەکانی شاریان سور کرد

لە پرۆسەی خۆپێشاندانەکاندا، بە فەرمانی شا، سوپای ئێران دەستی لە خەڵک دەوەشاند و خەڵکیش بۆ تۆڵەی خوێنی شەهیدانیان بەبێ سڵەمینەوە دەڕژانە ناو شەقامەکان و دروشمی بمرێ شایان بەرزدەکردەوە.

ڕۆژی دووشەممە 1357/7/3 (1978/9/25) لە مهاباد خەڵک بۆ مەحکوم کردنی کوشتاری خەڵکی تاران لە هەینی ڕەشدا، ڕژانە ناو شەقامەکانی شارەوە. پۆلیس و ساواک و ژاندارمەریی لەگەڵ گوردانی 167ی پیادەی تیپی سێی مهاباد کە سەرهەنگ "عەباسعلی سەدری" فەرماندەی بوو، هێرشیان کردە سەر خۆپێشاندەران و چوار کەسیان بریندار کرد. "جەمال فەقێ یاقوبی" یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە شەقامی شاپوور لە زارکی مەیدانی ئاسنگەران بریندار‌بوو. من و چەند کەسێکی‌تر لە خۆپێشاندەران جەمالمان گەیاندە نەخۆشخانەی شێروخورشید، کەچی بەهۆی قوڵیی برینەکەی، دوکتۆرەکان نەیانتوانی تیماری بکەن و شەهید بوو. جەمال یەکەم شەهیدی خۆپێشاندانەکانی مهاباد بوو. سێ کەسەکەی تر کە یەکێک لەوان عەتا سەیدیی ناو بوو، بۆ تیمارکردنی برینەکانیان ڕەوانەی تاران کران.

ڕۆژی سێ شەممە 1357/7/4 (1978/9/26) خەڵکی مهاباد بۆ تۆڵەی خوێنی جەمالی فەقێ یاقوبی ڕژانە ناو شەقامەکانەوە و بە دروشمی بمرێ شا، بژی ئازادیی و بژی کوردستان، شوشە و پەنجەرەی بانکی میللی و ساختمان و دەزگا حکومییەکانیان شکاند. پۆلیس و ساواک بە هاوکاریی هەنگی ژاندارمەریی و تیپی سێی مهاباد بەربوونە گیانی خەڵکەکە. لەو ڕۆژەدا گوللەیەکی وێڵ خۆی گەیاندە ماڵی "مەحمود خەلیلی" لە شەقامی وەرەهرامی ڕۆژهەڵات و هاوسەری ناوبراوی بە ناوی "ئامین لەجێ" ناسراو بە ئامین چاوجوان لە خوێندا گەوزاند. ئامین چاوجوان دووەم شەهیدی خۆپێشاندانەکانی مهاباد بوو. دەنگۆ داکەوت کە گوایە لە کاتی نوێژکردندا گوللەی وێڵ پێکاویەتی.

ڕۆژی 1357/8/11 (1978/11/1ز) لەسەر پێشنیازی سەرتیپ پزشکپوور فەرماندەی تیپی سێی مهاباد و سەرگورد پەرنیانفەر سەرۆکی ساواک و داوای فەرمانداری مهاباد و بەشدارانی کۆبوونەوەی ئەمنیەتی شاری مهاباد کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم، حکومەتی ئێران سێناتۆر کەریم وەرەهرام "سپەهبودی خانەنشین"ی نارده مهاباد کە داوا لە خەڵکی مهاباد بکات هێمنیی بپارێزن و خۆیان تێکەڵاوی شەڕ و ئاژاوە نەکەن.


یەکێک لە خۆپێشاندانەکانی مهاباد 1979 ، وێنە پۆلا نانەوەزادە

وەرەهرام لە ساڵانی 1958(1962) دا فەرماندەی سوپای سێ و قەرارگای ڕەدە مقەدەمی ئەرتەشی یەکەم بوو لە مهاباد. لە ساڵانی خزمەتیدا لە مهاباد ماستەرپلانی شاری مهابادی گۆڕی و چەند شەقامی نوێی وەک: جامی جەم، وەرەهرامی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەشت مەتریی، فەرەح و حافزی لە مهاباد دروستکرد و مەیدانی مەلاجامی نوێژەن کردەوە و بەو کارانەی خزمەتێکی زۆری شاری مهابادی کرد. وەرەهرام جارێک لە ساڵی 1972دا، لە ورمێوە بە سەفەر گەڕایەوە مهاباد، حاجی عەزیز قوڵی

باخەوان و نەقڵبێژی مهاباد لەگەڵ ژمارەیەکیتر، وەرەهرامیان لە بلواری مهابادەوە خستە سەر شانیان و هێنایانە ناو شار.

وەرەهرام لە بەردەرگای فەرمانداریی کە لە چوارچرای مهاباد هەڵکەوتووە، خەریکی قسەکردن بوو. ژمارەیەک لاوی مهاباد بە مەبەستی سوکایەتی پێکردنی، تابلۆیەک کە لێی نوسرابوو "وەرەهرام بەخێر بێیت بۆ مهاباد" لە ملی گوێدرێژێک کردبوو، هێنابوویانە شوێنی کۆبوونەوەکە و بەو جۆرە کۆبوونەوەکە شێوا.

لەوکاتەدا دەنگۆداکەوت کە سەید عومەر عنایەتی لە پشت بانکی سپەی مهاباد بە دەمانچە تەقەی لە پۆلیسێک بەناوی "وەزمانی" کردووە و پۆلیسەکەی کوشتووە. بەم بۆنەیەوە چەند پۆلیس دوای کەوتن و لە تێکهەڵچوونێکی چەکدارانەدا کە لە نزیک مزگەوتی مەحمودکانی لە بلواری مهاباد بۆ ورمێ ڕویدا، سەید عومەر بە گوللەی دوو پۆلیسی کورد بە ناوەکانی "خالیدی زارعی و تەها پەریدار" شەهید بوو. سەید عومەر چووە ڕیزی سێیەمین شەهیدی خۆپێشاندانەکانی مهابادەوە. ناوبراو ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتییەکی ئازا و چاونەترسی شاری مهاباد بوو. پێش ئەو ڕووداوە چەندان جار لە لایەن پۆلیس و ساواکەوە گیرا و زیندانیی و ئازار درابوو.

## بزوتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان سەرهەڵدەداتەوە

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و پێکهاتنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1923 دا، بە گوێرەی پەیمانی لۆزان، بەشێک لە خاک و دانیشتوانی کوردستانی ژێردەستی تورکیا خرایە سەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق و بەشێکیشی درا بە سوریا. بەرلەو دابەشکردنە کە دووەم دابەشکردنی کوردستان بوو بە دوای شەڕی چاڵدیران لە 1514دا، کوردستان و بەتایبەتی باشوری کوردستان بە بەردەوامی لە شەڕ و پێکدادانـدا بـوو. دانیشتوانی شێلگیرانە هەوڵیاندەدا لە ژێردەستیی ڕزگاریان بێت و وەک هەموو نەتەوە ڕزگاربووەکانی جیهان، حاکم بن بەسەر چارەنوسی خۆیاندا. بەم مەبەستە چەندان شۆڕشی گرنگیان لە سەدەی بیستەمدا ڕێبەرایەتی کرد و چەندان جار شکان و هەستانەوە. شۆڕشی (1905- 1915) بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شۆڕشی (1919- 1932) بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی، شۆڕشی (1919-1932) بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود حەفید، شۆڕشی بارزان (1943- 1945) و شۆڕشی ئەیلول (1963- 1975) بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، شۆڕشە گرنگەکانی باشوری کوردستانن.

لە ڕەوتی شۆڕشی ئەیلولدا، پەیماننامەیەک بۆ دانی ئوتۆنۆمی بە گەلی کورد لە باشوری کوردستان، لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرکۆماری عێراق مۆرکرا کە بە ڕێککەوتنی 11 ی ئاداری 1970 دەناسرێت. دانی ئوتۆنۆمی بە کوردی ژێردەستی عێراق، ڕژێمە کۆنەپەرستە داگیرکەرەکانی کوردستانی سەرسام کرد. هەرسێ ڕژێمی داگیرکەری ئێران، تورکیا و سوریا دژی بەڕەسمیی ناسینی مافی ئوتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا ڕاوەستان و ئەویان بە شکستێکی مەزنی سیاسی خۆیان لە بەرامبەر گەلی کورددا زانی. لەبەر ئەوە هەر سێ دەوڵەت بە نهێنی هەوڵی پوچەڵکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنەیان دا.

ڕژێمی عێراق ماوەی چوار ساڵی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی 11ی ئادار دانابوو. ئەو ماوەیە هەلی بۆ ڕەخساند کە ستراتیژی و تاکتیکی خۆی

بگۆڕێت و لـە بـەڵێنـەکانی پاشگەز بێتـەوە و پەیمانـەکـە هەڵبوەشێنێتـەوە.
لەو چوارچێوەیەدا ڕژێمی عێراق ڕۆژی 1971/9/29 "ئیبـراهیم گابـاری" کـە کوردێکی ڕۆژئاوای کوردستان "سوریا" بوو، بە هەگبەیـەکی پڕ لـە ماددەی تەقینـەوە بـە نـاوی ڕۆژنامـەنوس لەگـەڵ نۆ مـەلا کـە ئـەوانیش پشـتێنی دینامیتیان لێ بەسترابوو، بـە دوو ئوتۆمبێل ڕەوانـەی "نـاوپردان" کرد کـە چاویـــان بـــە بـــارزانیی بکـــەوێت و شـــۆفیری ئوتۆمبێلـــەکان لـــە دورەوە دینامیتـەکان بتەقێننـەوە و کۆتـایی بـە ژیـانی سـەرۆک مستەفا بـارزانی بهێـنن. لـە ئـەنجامی ئـەو کردەوەیـەدا هـەموو مـەلاکان کـوژران، بـەڵام بارزانیی بە سەلامەتیی ڕزگاری بوو.
ئـەمریکا لـە سـەرەتادا سیاسـەتی بێلایـەنیی لـە شـەڕی عێـراق و کـورددا گرتبووەبەر، بەڵام بۆ ئەوەی کە عێراق بە شەڕی ناوخۆوە خـەریک بکـات و گوشاری وڵاتانی عەرەبیی لەسەر ئیسرائیل کەم بکاتـەوە، سیاسـەتی خـۆی گـــۆڕی. گۆڤـــاری "الاتجـــاه‌الاخر" لـــە لاپـــەڕەی 24ی ژمـــارەی 93ی ڕۆژی 2002/11/30دا لـــە وتـــاری "کوردەکـــان و ســـەدام حوســـێن"دا دەنوســـێت: وەزارەتـی دەرەوەی ئـەمریکا لـە وەڵامـی نامـەیـەکی سـەرۆک بارزانیدا بـە مێژووی 1972/3/29 نوسیویەتی:
**- (وەزارەتـــی دەرەوەی ئـــەمریکا دژی ئـــەوە نیـــە کـــە بـــاڵیۆزی دەرەوەی ئەمریکا "بـوش" چـاوی بـە بـارزانی بکـەوێت. بـە شێوەی ناڕەسمیی و بۆ گـوێگرتن ئامـــادەین بەشـــداریی ئـــەو کۆبوونـەوەیـــە بکـــەین و گـــوێ لـــە قسەکانتان بگرین.).**
پـێش ئـەوەی کـە ئـەمریکا وەڵامـی نامـەی بـارزانی بداتـەوە، هـەر وەک حەمید گـەردیی لـە لاپـەڕەی 65 ی کتێبـی پوختـەی مێـژوودا ئامـاژەی بـۆ دەکـات، ڕۆژی 1972/2/8 شـای ئێـران داوای دیـدارێکی تایبـەتیی لەگـەڵ سـەرۆکی نـەمر مسـتەفا بـارزانی کـرد و دوای چەنـد ڕۆژێـک لـە تـاران دیدارەکـە کـرا. لـە ڕاستییدا وەڵامـی ئـەمریکا بـۆ بـارزانیی بـەو دیدارەوە پەیوەست بوو کە شا لەگەڵ بارزانی کردبووی.
لەگـەڵ هـاتنی ئێـران و ئـەمریکا بـۆ گۆڕەپانـەکـە، یەکیـەتی سـۆڤیـەتیش دەستی خۆی گەیاندێ و بۆ ئـەوەی کـە دەسـەڵاتی عێـراق بەسـەر کەنداوی فارسـدا بسـەپێنێت و سود لـە نـەوتی عێـراق وەربگرێت، ڕۆژی 1972/4/8

پەیمانێکی هاوکاریی لەگەڵ عێراق بەست، ئەوە مەترسییەکی گەورەبوو بۆ ئێران و ئەمریکا و داگیرکەرانی کوردستان لە ناوچەکەدا.

گۆڤاری الاتجاه الاخر لە ژمارەی 96 ی ڕۆژی 1972/3/29یدا لە وتاری "کوردەکان و سەدام حوسێن" دا لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕوسەکان سەرەتا بە هۆی "پریماکۆڤ"ەوە هەوڵیاندا عێراق کێشەی کورد چارەسەر بکات و پێیڕاگەیاندن: **(ئەگەر عێراق کێشەی کورد چارەسەر بکات دەتوانێت ڕیزەکانی خۆی دژی ئیسرائیل ڕابگرێت)**، بەڵام لە هەوڵەکانیدا سەرنەکەوت.

گرژیی و ئاڵۆزیی کاتێک دەستی پێکرد کە پێی ئەو زلهێزانە کەوتە ناوچەکەوە و ڕژێمی عێراق بەو یارمەتییانەی زانی کە لە ڕێگای ئێرانەوە بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەن. هەر وەک کریس کۆچێرا لە کتێبی مێژووی "کورد لە سەدەی 19 و 20"دا ئاماژەی بۆ دەکات، ڕۆژنامەی "ئەلسەورە" بە بەردەوامیی هێرشی دەکردە سەر بارزانی و شۆڕشی کوردستانی بە دەستکردی بێگانە ناودەبرد و دەینوسی بارزانی بە چەک و تەقەمەنی ئێران دژی عێراق شەڕ دەکات. تەنانەت ئەلسەورە نوسی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران دژی بەعس وەستاوە. لە بەرامبەردا پارتی دیموکراتی کوردستان لە یادداشتێکی 11 خاڵییدا بە حکومەتی عێراقی ڕاگەیاند کە وەزیری ناوخۆ و دەزگای ئاسایش لە پشت پلانی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانییدا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانیی و سەرکردایەتی پارتی بە هەموو هێزەوە هەوڵیاندەدا کە ڕژێمی عێراق پابەندی ڕێککەوتنی 11 ی ئادار ببێت و کەرکوک بە بەشێکی دانەبڕاو لە هەرێمی کوردستان دابنرێت، بەڵام هەستی شۆڤێنیستیی و هەوڵی داگیرکەرانی کوردستان ڕێی لەو هەوڵە گرت. ڕژێمی عێراق نەک هەر ئامادە نەبوو کەرکوک بگەڕێنەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکوو ئامادە نەبوو خاڵەکانی ڕێککەوتنامەی ئاداری 1970 ش جێبەجێ بکات و بەڵێنەکەی بەرێتەسەر، بارزانییش بە دابەشکردنی کەرکوک لەنێوان حوکمی زاتی و حکومەتی ناوەندییدا ڕازیی نەبوو. لە ڕاستییدا بارزانی لە ناوەڕاستی مانگی یونیساڵی 1973 دا بە تەواویی بۆی دەرکەوت کە ڕژێمی عێراق نایەوێت خاڵەکانی ڕێککەوتنامەی ئاداری

1970 جێبەجێ بکات، بۆیە داوای لە ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" کرد کە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکات و لەو ڕێگەیەوە داوا لە ئەمریکا بکات کە لە بواری سیاسی، سەربازیی و مرۆڤایەتییەوە پشتی گەلی کورد بگرێت.
پێش ئەوەی کە شەڕ هەڵبگیرسێتەوە، پارتی دیموکرات لە مانگی یانواریدا شاندێکی نارده بەغدا و جارێکیتریش لە 1974/3/8 دا ئیدریس بارزانی لەگەڵ شاندێکی پارتی سەردانی بەغدای کرد و نزیکەی دوو کاتژمێر لەگەڵ سەدام حوسێن کۆبووەوە، بەڵام سودی لە وتووێژەکە وەرنەگرت و نەیتوانی ڕێگایەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد بدۆزێتەوە و بە ناچاریی ڕۆژی 1974/3/9 گەڕایەوە کوردستان.
دوابەدوای گەڕانەوەی ئیدریس بارزانی بۆ کوردستان لە ڕۆژی 1974/3/11 (1353/12/13) دا سەدام حوسێن یاسای ئوتۆنۆمییە کارتۆنییەکەی ڕاگەیاند. بەو ڕاگەیاندنە ئالۆزییەکان پەرەیان سەند و شەپۆلی ڕاکردنی کورد لە هەموو شار و گوندەکان و تەنانەت لە بەغداشەوە دەستی پێکرد. ژمارەیەکی زۆر پاڵیان بە شۆڕشەوەدا و نزیکەی 250 هەزار کەسیش کە زۆربەیان ئافرەت و مناڵ بوون، لەترسی بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان، خزانە ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر ئێران لە چەند ئۆردووگایەکی ئامادەکراوی نزیک سنوری دەستکرددا نیشتەجێیکردن. یەکێک لەو ئۆردووگایانە لە خوار شاری سەردەشت لە ڕۆخی ڕوباری کەڵوێ دروستکرابوو.
بە سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوانە، شا فەرمانی بە هێزەکانی زەمینیی و ئاسمانیی و دەریایی ئێران دا کە لە دۆخی ئامادەییدابن. بەشێکی ئەو هێزانە لە کەنداوی فارسەوە تا ماکۆ لە سنورەکانی ئاویی و زەمینییدا جێگیرکران. تیپی سێی مهاباد و بەشێک لە هێزەکانی تانک، تۆپخانە، پیادە و مۆتۆریی و...تد، ناوچەی سەردەشتیان پێسپێررا و تیپی پیرانشار و یەکەکانی لەشکری چواری ورمێ لە ناوچەی پیرانشار و شنۆ جێگیرکران. ناوچەکانی بانە، مەریوان، هەورامان، پاتاق، قەسری شیرین، خەسرەوی و نەوتی شا بە لەشکری 28 ی سنە و لەشکری 81 زرەیی و یەکەکانی ئەرتەشی یەکەم سپێررا. کۆکردنەوەی ئەو هێزانە لە سنورەکانی کوردستان بە ڕواڵەت لە چوارچێوەی ئەو بەڵێنەدا بوو کە شا بە سەرۆک

بارزانی دابوو، بەڵام هەروەک ئاماژەم بۆ کرد، لە ڕاستییدا ئەو هێزانە بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی ئەیلول و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمی بەعس ڕەوانە کرابوون. ئەو هێزانە لە دوامانگی بەهاری ساڵی 1974 لە شوێنە دیارییکراوەکاندا جێگیرکران و سێ ئەرکی سەرەکییان هەبوو، وەک: بەرگرییکردن لە هێرشی چاوەڕواننەکراوی عێراق بۆ سەر ئێران و پارێزگارییکردن لە سنوری دەستکرد، گوشارخستنە سەر هێزەکانی سوپای عێراق و لاواز کردنیان لە ناوچە سنورییەکاندا و هەروەها بەستنەوەی هەرچی زیاتری هێزەکانی پێشمەرگە بە سوپا و دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ئێرانەوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆی هەستپێنەکراو.

یەکەکانی تیپی سێی مهاباد بە سەرۆکایەتی سەرتیپ محەمەدی یەزدانستا مەئمورییەتی ناوچەی سەردەشتیان پێسپێررا و لە ئاپریلی ساڵی 1974 دا مهابادیان بەجێهێشت و بەرەو سەردەشت کەوتنە ڕێ. بەشێکیان بۆ پشتیوانیی لە یەکەی تۆپخانەی سەحرایی مەراغە لە "دەشتی کێلێ" جێیان گرت و بەشی سەرکردایەتی تیپ و ژوری عەمەلیات بە بەشداریی سەرتیپ یەزدانستا، سەرهەنگ ئەحمەد مهام، سەرۆکی ڕوکنی دووەم و سێیەمی تیپ و ئەفسەرێک کە لە ئیدارەی دووەمی تارانەوە هاتبوو، لە "دەشتی کەپران" و لە دارستانە هەرمێلانەکەی ژێر گوندی میرشێخ حەیدەر جێیگرت. هەندێک جار فەرماندەکانی گوردان و دوو فەرماندەی پارتی دیموکراتیش بەشداریی کۆبوونەوەکانی ژوری عەمەلیاتیان دەکرد.

ئەوکاتە من پلەی ئوستوار دووەمم هەبوو، بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییم بە ژوری عەمەلیاتەوە نەبوو، بەڵام لە ڕوکنی یەکەمدا کاری خزمەتگوزاریی گشتیی ژوری عەمەلیاتم بەڕێوە دەبرد کە ئەویش یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی پشت بەرەی شەڕ، بۆ ڕاگرتن و بەرزکردنەوەی ورەی بەشداران لە عەمەلیاتدا.

پێش ئەوەی یەکەکانی تیپی سێی مهاباد لە دەشتی کەپران و بەردەپان جێگیر بکرێین، سوپای عێراق هەڕەشەی بۆمبارانی شار و گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی دەکرد و ژمارەیەکی زۆر سەرباز و جاشی لە

کوردستاندا کۆکردبووەوە، ڕادیۆی شۆڕش کە ناوی "ئیزگەی دەنگی کوردستان" بوو، هەواڵی جموجوڵ و شەڕەکانی بڵاودەکردەوە.
ڕۆژی 1974/4/14 (1353/1/24) هێزێکی گەورەی عێراق کە لە هێزی زەمینیی و تانک و تۆپخانە و زرێپۆش پێکهاتبوو، لە سەربازگەی "سپیلک"ەوە بەرەو سەربازگەی خەلیفان دەچوو، لە ڕێگادا کەوتە بۆسەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دوای زیانێکی زۆر هێزەکە ناچارکرا بەرەو سپیلک بگەڕێتەوە. هەروەها پێشمەرگەکان ڕۆژی 1974/4/15 دەستیان بەسەر پێگەیەکی مەزن لە ناوچەی زاخۆدا گرت و بەشێکی زۆری دەشتەکانی باکوری موسڵیان خستە ژێردەستی خۆیانەوە.
شاری سلێمانی لە دەست دوژمندا بوو، بەرپرسانی ڕژێم زانکۆی سلێمانییان داخست و ڕێگای خوێندنیان لە خوێندکاران گرت. لەبەر ئەوە سەرکردایەتی شۆڕش زانکۆی سلێمانی بۆ قەڵادزێ گواستەوە، فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق ڕۆژی 1974/4/24 لەگەڵ بۆمببارانکردنی شاری قەڵادزێ دا، زانکۆکەشیان بۆمباران کرد. لەو بۆمببارانەدا بەشێکی زۆری شار خاپورکرا و سەدان خوێندکار و خەڵکی ئاسایی کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ بوون، شەهید کران. دوای دوو ڕۆژ بەسەر بۆمببارانی قەڵادزێدا، فڕۆکەکانی ڕژێم خۆیان گەیاندە شارۆچکەی هەڵەبجە و ئەویشیان بۆمبباران کرد. هەروەها ڕۆژی 1974/4/29 فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی دوژمن گەڵاڵە و پردی گەڵاڵەیان بۆمبباران کرد و پتر لە بیست کەسیان شەهید کرد. شەڕ وەک مۆتە خۆی بەسەر سنگی نەتەوەکەماندا کێشابوو. لە هەموو لایەکەوە گەرم بوو و شارەکان یەک لەدوای یەک دەگیرانەوە، بەڵام بەشێکی زۆری دەشت و دۆڵ و چیاکانی کوردستان بە دەست پێشمەرگەوە بوون.
یەکەکانی تۆپخانەی 175 میلیمەتریی مەراغە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ ئەحمەدی مهام "سەید ئەحمەدی پیرخدری کوڕی سەید هیدایەتی پیرخدریی خەڵکی مهاباد"، لە دەشتی کێلێ جێگیر کرابوون و ئەرکی پشتیوانیی هێزی پێشمەرگەیان لە ئەستۆ بوو. ستوان "ئیقبال کەریم نژاد" کە دوای شۆڕشی ساڵی 1979 و ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی، هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە و

دواتر لە ناوچەی سنە شەهید کرا، لەگەڵ دوو ئەفسەری وەزیفە لە یەکەی تۆپخانەی 203 میلیمەتریی مهاباد بە بەرگی کوردیەوە، لە "کانی بۆق" ئەرکی دیدەوانیی تۆپخانەیان لە ئەستۆ بوو، چەند پێشمەرگەیەکیش پارێزەریان بوون.

سەرتیپ یەزدانستا کە پێشتر سەرۆکی زانکۆی ئەفسەریی تاران بوو، ساڵی 1972 کرابوو بە فەرماندەی تیپی سێی مهاباد، بەشداریی یەکەم عەمەلیاتی پشتیوانیی تۆپخانەی کرد کە لە کاتژمێر نۆی بەیانیی ڕۆژی 1974/6/4 دا کرا. لەو هێرشەدا تۆپە 175 میلیمەترییەکان بە قوڵایی 42 کیلۆمەتر ناوچەی قەڵادزێیان دەکوتا و ڕێگەیان بۆ پێشڕەویی پێشمەرگەکانی شۆڕش خۆشدەکرد. یەزدانستا کە تا ئەوکاتە تەنیا بە تیۆریی ڕووبەڕووی شەڕ ببووەوە، کاتێک بینینی یەکەکانی لەژێر جغزی تۆپخانەی دوژمندایە، دەستبەجێ گەڕایەوە دەشتی کەپران و ڕایگەیاند کە ئێمە لەژێر ئاگری تۆپخانەی دوژمنداین و دەبێ شوێنی سەرکردایەتی تیپ بگۆڕین.

گوتم نزیکەی 250 هەزار کورد گوند و شارەکانیان بەجێهێشتبوو. بەشێکیان لەپشت بەرەی شەڕ دەژیان. سەرکردایەتی شۆڕش بازاڕێکی لە بەردەپان بۆ کردبوونەوە و پێش ئەوەی کە یەزدانستا ئێمە بگوازێتەوە، دەچووین سەردانی ئەو بازاڕەمان دەکرد و چا، سیغار، سابون و شتیترمان لەوێ دەکڕی کە بە نرخێکی زۆر هەرزانیان دەفرۆشت و دەیانگوت کەلوپەلەکانیان لە وڵاتی کوێتەوە بۆ دێت.

بەهەر حاڵ جگە لە زۆری عەمەلیات، یەکەکانی پیادە، تۆپخانە، تەندروستیی و ئەندازیاریی و...تد، لەوێ مانەوە و ئێمەیان لەگەڵ یەکەی قەرارگای تیپ کە سەروان عەزیز بابان فەرماندەی بوو، بۆ ناوچەی "ڕەبەت"، نزیک گوندی "لیلانە"، "نیسێی مەلاعەلی" گواستەوە و لەوێ خێوەتمان هەڵدا. سەروان بابان خەڵکی بۆکان بوو، لە یەکەکانی تریشدا ژمارەیەک کورد هەبوون، وەک سەروان حەبیبوڵا عەباسی، سەروان ئیرەج قادری، ئوستوار ڕەحیم پاکسرشت و گروبان کەریم پورقوباد، هەر چواریان دوای شۆڕشی ساڵی 1979 هاتنە ڕیزی حیزبی دیموکراتەوە و سەروان

عەباسی کە دواتر بوو بە سەرگورد لە لایەن تیرۆریستێکی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە مهاباد تیرۆرکرا، لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

سەرکردایەتی تیپی سێ لە نیسێی مەلاعەلی کارێکی تایبەتیی نەبوو. ئێواران لە خێوەتەکاندا کۆدەبووینەوە و خەریکی یاریی و خواردنەوە دەبووین و مانگانەش پارەیەکی زۆرمان بە ناوی بەشدارییکردن لە مەئمورییەتی جەنگدا وەردەگرت! پێش ئەوەی کە سەرما ناوچەکە بگرێتەوە کە ناوچەیەکی کوێستانیی بوو، لە مانگی ئاگۆستدا ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ مهاباد. دوای گەڕانەوەم بۆ مهاباد و دیدارم لەگەڵ نزیکانمدا، بۆم دەرکەوت کە ژمارەیەک کوردی باشوور لە مهاباد خانوویان گرتووە و خەڵک زۆر بە گەرمییەوە پێشوازییان کردوون. خەڵکی مهاباد هەواڵەکانی شەڕیان لە ئێزگەی دەنگی کوردستانەوە دەبیست و بە گەرمیی بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس باوەڕی بە شا نەدەکرد و کاتێک باسی یارمەتی ڕژێمی ئێران بۆ کوردی باشور دەکرا، بارودۆخی خۆیان بە زمان دەهێنا و بە ڕاشکاویی دەیانگوت پێویست ناکات شا بۆ کوردی عێراق باوکایەتی بکات، ئەگەر ڕاستدەکات با مافی ئێمە بدات و کوڕەکانمان لە زیندانەکاندا ئازاد بکات! بە هەر حاڵ قسە زۆر بوون و چارەنوسی کورد نادیار و هەڵسوکەوتی دوارۆژی حەمە ڕەزاشا و ئەمریکا و سۆڤیەت جێگەی گومان و مەترسی بوون.

ڕۆژەکان بە پەلە تێدەپەڕین، سۆڤیەت بۆ بەرژەوەندی خۆی پشتی گەلی کوردی بەردا و تەنانەت لە شەڕەکانیشدا هاوکاریی ڕژێمی عێراقی کرد. هەر وەک مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی 341 ی کتێبی البارزانی ساڵی 2002 دا ئاماژەی بۆ دەکات، کاتێک ڕژێمی عێراق لە 1974/8/20دا هێرشی کردە سەر "کوڕەک و حەوزی ڕەواندز"، خەبیری ڕوسی "عەقید ئەلکساندر ڤاسیلیڤ" بەشداریی تێداکرد. هەروەها بۆ سەرخستنی ڕژێم لە شەڕەکاندا پتر لە هەزار ڕاوێژکار و پسپۆڕی سەربازیی و فڕۆکەوانی ڕوسیی بە فڕۆکەی سوخۆی و تۆپۆلیۆڤی 20 و22 هاوکاریی عێراقیان کرد، بەداخەوە حیزبی شیوعی عێراقیش لەو سەردەمەدا لەگەڵ حیزبی بەعسدا لەبەرەیەکدا بوو دژی گەلی کورد.

بەگشتیی شەڕ یازدە مانگی خایاند و لەدواییدا بە دەستێوەردانی زلهێزەکان و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، لە ڕیزی یەکەمدا شای ئێران کە ڕۆڵی سەرەکیی تیادا گێڕا، بە ڕێککەوتنی لەگەڵ سەدام حوسێن لە ئەلجەزایر شۆڕش شکستیهێنا. دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی جەزایر، دەرکەوت کە ماوەیەکی زۆر بوو حەمە ڕەزاشا پلانی بۆ کورد هەبوو، تەنانەت وەک کریس کۆچێرا لە لاپەڕەی 317 ی کتێبی مێژووی "کورد لە سەدەی 19 و 20 "دا ئاماژەی بۆ دەکات، شا لە گەشتێکدا بۆ فەرەنسە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنوسیدا بە ڕۆژنامەنوسێکی گوت: **(بڕوانە، ئەگەر ئاوی بەلوعە "شێرە" بگرمەوە، هەموو شتێک کۆتایی دێت.).**



سەدام حوسێن، هەواری بۆمەدێن و محەمەد ڕەزاشا، وێنە لە گوگل

ئەمریکاش شانبەشانی ئێران پلانی بۆ عێراق و کورد هەبووە. ئەگەر لە کتێبی البارزانی مەسعود بارزانییدا نامەکانی کسینجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی 1975دا بخوێنینەوە، بە تەوایی مەبەستی ئەمریکامان بۆ دەردەکەوێت کە دژی مافی ئوتۆنۆمی بووە بۆ کورد.

بەهەر حاڵ لەوکاتەدا کە شەڕ بە توندیی لەنێوان سوپای عێراق و گەلی کورددا بەردەوام بوو، لەسەر داوای ئەمریکا و بۆ کۆتاییهێنان بە نفوزی سۆڤیەت لە عێراقدا، بە ناوبژیکەریی جەزایر، میسر، ئوردن و تورکیا، ڕژێمەکانی ئێران و عێراق لە یەکتر نزیکبوونەوە. شا ڕۆژی 1975/2/6

سەردانی ئوردن و قاهیرەی کرد و ڕۆژی 1975/3/4 گەیشتە جەزایر و بە ناوبژیکەریی "هەواری بۆمەدێن" سەرۆکی جەزایر لەگەڵ سەدام حوسێن ڕێککەوت. شا ڕۆژی 1975/3/6 (1353/12/15) گەڕایەوە ئێران و بە گەیشتنەوی بۆ ئێران، ڕێککەوتنەکەیان بڵاوکردەوە و بەو جۆرە شا لە پشتەوە خەنجەری لە پشتی کورد دا و ئەمریکاش پشتی کردە کورد. خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنە نهێنییە بە نوسینی کریس کۆچێرا لە کتێبی مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا بریتی بوون لە:

**1- ڕژێمی بەعسی عێراق دان بنێت بە سنوری ڕەسمیی ساڵی 1913 و 1914 دا.**

**2- ڕژێمی عێراق دان بنێت بە کەنداوی فارس و هێڵی تالوک کە هێڵی ناوەڕاست و سەرەکیی کەنداوە.**

**3- بنکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە عێراق و بنکەی شۆڕشگێڕەکانی زەفار لە عێراق دابخات.** (شایانی باسە کە سوپای ئێران لە ساڵی 1973وە بۆ تێکشکاندنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانی زەفار بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشدار بوو لە شەڕەکانی وڵاتی عوماندا. لە جێی خۆیدا باسی دەکەم- نوسەر).

**4- بە هاوبەشیی هەردوو وڵات، هەموو چەشنە جوڵانەوەیەکی چەکدارانە سەرکوت بکەن کە بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە و تێکدان پێکهاتبن!**

**5- داخستنی سنور و چاودێرییکردنی.**

دوای بڵاوبوونەوەی ڕێککەوتنی شا و سەدام، شا داوای بینینی بارزانی کرد لە ڕۆژی 1975/3/11دا. بارزانیی لەگەڵ شاندێک گەیشتە تاران و چاوی بە شا کەوت. "ئەسەدوڵا عەلەم" سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی ئێران لە یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەو دیدارەی شا لەگەڵ بارزانیی دەکات و دەنوسێت:

**- (ئەو چاوپێککەوتنە لەو ڕۆژەدا دیارییکرا کە شا تۆڵەی خۆی بەرامبەر ڕێککەوتنی 1970/3/11ی نێوان بارزانی و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرۆککۆماری عێراق بکاتەوە).**

بارزانی داوای لە شا کرد کە چارەیەک بۆ ئەو بارودۆخەی کوردستان بدۆزێتەوە، شا هیچی بۆ نەکرد و بارزانیی ڕۆژی 1975/3/13 گەڕایەوە

کوردستان و لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ دەستەیەک لە ڕۆشنبیران داوای لێکردن کە بێ هیوایی ڕویان تێنەکات، بە بیری خستنەوە کە شۆڕشی کوردستان بە حەوت کەس دەستی پێکردووە و گوتی هەرگیز دەست لە خزمەتی کورد هەڵناگرێت، بەڵام پیریی، شەکەتیی و نەخۆشیی هەراسانیان کردووە. ئەمە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر بوو بۆ سەرکردەیەکی 72 ساڵە کە ماوەیەک بوو بە نهێنی لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە لە زۆرانبازییدا بوو.

هەروەها پێش ئەوەی کە بارزانیی بچێتە ئێران و چاوی بە شا بکەوێت، بە نوسینی مەسعود بارزانیی لە لاپەڕەی 347 ی کتێبی البارزانی دا، چەندان نامە و بروسکەی بۆ کسینجەر و نامەیەکیشی بۆ سەرۆککۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر نارد، بەڵام هیچیان وەڵامیان نەدایەوە. لە ئەنجامدا بارزانیی بە سەرکردایەتی پارتی ڕاگەیاند: **(بەردەوامیی شەڕ لە بەرژەوەندی ئێمەدا نیە، ئەگەر بۆ ماوەیەک چالاکییەکانمان ڕابگرین، هەلێکیتر بۆ گەلی کورد لە خەباتدا دەڕەخسێت، هەر کەسێک ئامادەبێت سەرکردایەتی شەڕی پارتیزانیی بکات، من ئامادەم هەموو یارمەتییەکی بدەم.)**.

هەرچەندە بارزانی باری قورسی بەرپرسایەتی وەستانی کاتیی شۆڕشی خستە سەر ئەستۆی خۆی، بەڵام لە ڕاستییدا پێشگیریی کرد لەو مەترسییە کە دوژمن بۆ قەلاچۆکردنی کورد دایڕشتبوو کە گەلی کوردستان نەتوانێت بۆ چەندان ساڵ سەر بەرزبکاتەوە! بەڵام پلانەکەیان وەک بڵقی سەر ئاوی لێهات و ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕی کە کورد لەمانگی گوڵاندا سەریهەڵدایەوە و لەژێر ناوی شۆڕشی گوڵان هاتەوە گۆڕەپانی خەباتەوە.

شا بەگوێرەی ڕێککەوتنی لەگەڵ سەدام حوسێن، بەپێی پروتوکۆڵی ساڵی 1913 ی "قوستەنتەنییە" لە نێوان ئێران و عوسمانیی، سنوری ئێرانی لە ئابادان گەڕاندەوە بۆ ناوەندی کەنداوی فارس و ڕێککەوتننامەی ساڵی 1937 ی ئینگلیزی هەڵوەشاندەوە و سوپای هەرسێ دەوڵەتی ئێران، عێراق و جەزایر لە دیوی ئێرانەوە ڕێوڕەسمی داخستنی سنوریان بەڕێوەبرد.

پێشمەرگە سێ ڕێگای لەپێش بوو، ڕێگەی یەکەمیان: خۆیان بدەنەوە دەست ڕژێمی عێراق، ڕێگەی دووەم: چەکەکانیان بدەنە دەست ئێران و وەک پەنابەر بچنە ئێران و ڕێگەی سێیەم: لەنێوان ئەو بازنەیەدا کە ئێران و عێراق و تورکیا پاوانیان کردبوو، درێژە بە خەباتی چەکدارانە بدەن. لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەدا، بەشێک گەڕانەوە عێراق و خۆیان دایەوە دەست ڕژێم و بەشی زیادتریان هاتنە ئێران و ژمارەیەکی کەمیشیان تا پێکهاتنی سەرکردایەتی کاتی "قیادەی موەقەت" و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی 1976 دا لە چیاکانی سێ گۆشەی سنوری ئێران، تورکیا و عێراقدا مانەوە و خۆیان ڕاگرت. ئەوانەی هاتنە ئێران بەرەبەرە لە شارەکانی ئێران و کوردستان بڵاوکرانەوە. لەو بڵاوکردنەوەیەدا بەشێکیان بە بارهەڵگری سەربازیی بە مهاباددا هێنا و لەوێوە بۆ شارەکانیتر بەڕێکران. ئێوارەیەک کاتژمێری 20:00 تەلەفزیۆنی مهاباد ڕاگەیاندنێکی ساواکی مهابادی بڵاوکردەوە و گوتی:

**- (خاچی سوری مهاباد ژمارەیەک پەنابەری عێراقی بە ئافرەت و منداڵەوە هێناوەتە مهاباد، چونکە ژمارەیان زۆرە و بەرپرسانی خاچی سور دەرەتانی دروستکردنی خواردنی بەو ڕادە زۆرە نیە، داوا لە خەڵکی مهاباد دەکەین کە خواردنیان بۆ ببەن. ئەوانە لە مزگەوتەکانی شار کۆکراونەتەوە).**

خەڵکی مهاباد کە بەگوێرەی کلتوری کوردەوارییی بە بەردەوامیی گوێ لە هەواڵی ڕادیۆکان دەگرن، بە بیستنی ئەو هەواڵە ڕژانە ناو شەقامەکانی شار. من بە چاوی خۆم بینیم کە خەڵک بەپێی توانا لە مەنجەڵە پڵاو و گۆشتەوە بگرە تا دەگاتە نانی وشک، کوپە پەنیر، قاپی پڕلە ماست، مێوژ، خورما، کەتری پڕ لە چا بە مزگەوتەکاندا دەگەڕان و منداڵەکانی ئەو خوشک و برایانەیان بە سنگی خۆیانەوە دەگرت و وەک منداڵی خۆیان دەیانلاواندنەوە و فرمێسکیان بۆ هەڵدەڕشتن. بۆ یەک ساتیش فرمێسک لە چاوی ئەو خەڵکە نەدەوەستا و زۆربەیان بە گەروی نوساوەوە دەمیان دەکردەوە و تف و لەعنەتیان لە شا و بنەماڵەی پەهلەوی دەکرد. ئافرەتان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەدان مەنجەڵ

چێشتیان لێنا و لاوانی مهاباد بە شەقام و مزگەوتەکاندا دەگەڕان و یارمەتییەکانیان دەگەیاندە خوشک و براکانیان.

شەقامەکان، بەتایبەتیی شەقامی پەهلەوی بەرەو نەخۆشخانەی شێروخورشید و مزگەوتەکانی شادەرویش، سور، حاجی ئەحمەد، قوبڵە، هەباس ئاغا و قازی، دەیان هەزار کەسیان تێدا کۆببووەوە. سەید عەبدوڵای کولیجی بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی شێروخورشیدی مهاباد "خاچی سور" ئەرکی وەرگرتن و گواستنەوەی ئەو خەڵکەی لە مهاباد لە ئەستۆ بوو. یەکێک لە بارهەڵگرە سەربازییەکان لە ڕێگادا لە جادە وەرگەڕابوو، منداڵێکی کوشتبوو، چەند کەسێکیش بریندار ببوون.

پێشوازیی خەڵکی مهاباد لەو خوشک و برایانە و سۆز و خۆشەویستییان دیمەنێکی هەرگیز لەبیرنەکراوی لە مێشکی ئەو پەنابەرانەدا بەجێهێشت. لەوە دەچوو کە ئەو خەڵکە بە ژن و منداڵەوە ساڵەهای ساڵە لە ناو یەک بنەماڵەدا پێکەوە گەورە بووبن. ئەم پێشوازییە گەرمەی خەڵکی مهاباد پەیامێکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ شا و کاربەدەستانی ساواک و دەزگا ئەمنییەکانی کە کورد یەک نەتەوەیە و چاوپۆشیی لە مافی خۆی ناکات و دروشمی "کوردستان یان نەمان" بە جۆرێک لە مێشکیاندا چەسپاوە کە بە خیانەتی شا و وەستانی کاتیی شۆڕش، دەرناچێت.

بەو جۆرە شۆڕشی ئەیلول بە خیانەتی شا و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و دەستێوەردانی دەوڵەتە زلهێزەکان شکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین دەستکەوتی یاسایی و مێژوویی بۆ نەتەوەکەمان مسۆگەر کرد، ئەویش ئوتۆنۆمییەکی یاسایی بوو لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا.

دوای گواستنەوەی پێشمەرگەکان و ئەو کەسانەی کە پاڵیان بە شۆڕشەوە دابوو، چەند یەکەیەکی سوپای عێراق بە سنوری دەستکردی "خەسرەوی" دا هێنرانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەمبەرەی سنور جێگیر کران و لە باشوری کوردستانیشەوە سوپای عێراق بە هاوکاریی جاشە خۆماڵییەکان لە سنور نزیکبوونەوە.

سەرکردایەتی هێزەکانی زەمینیی سوپای ئێران بە فەرمانی شا، سەرتیپ محەمەدی یەزدانستای لە مهابادەوە گەڕاندەوە بۆ تاران و

سەرتیپ "ئەسەدولای کەمانگەر"ی لەجێی دانا کە کورد و خەڵکی سنە بوو. ناوبراو هیچ دڵسۆزییەکی بۆ کورد پێشاننەدەدا، تەنانەت لە ترسی زیدیئیتلاعات لەگەڵ ئەفسەر و پلەدارە کوردەکانیش بە زمانی کوردیی نەدەدوا، بەڵام من کە ڕۆژانە بە بەردەوامیی لە ڕوکنی یەکەم پەیوەندیم لەگەڵی هەبوو، دوای ماوەیەک کە بە تەنیا دەبووین، بە زمانی کوردیی قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد.

ڕژێمی ئێران پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلولی بە خێزانەکانیانەوە بە شارەکانی ئێراندا بڵاوکردەوە، بەڵام ژمارەیەکیان کە پێشتر لە مهاباد نیشتەجێ ببوون و ئەوانەش کە بەدوای ڕێککەوتنی شا و سەدام حوسین دا، خزم و کەسیان لە مهاباد هەبوو، گەڕانەوە ئەو شارە و لەژێر چاودێریی ساواکدا بوون، بەڵام پەیوەندیی ڕێکخراوەییان بە بەرپرسەکانیانەوە هەبوو و بێ پەروا لەگەڵ خەڵکی مهاباد لە مافەکانی کورد و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەدوان.

گوتم هێشتا ساڵێک بەسەر وەستانی شۆڕشی ئەیلولدا تێنەپەڕی بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی ڕێکخستەوە و بە دیاریکردنی سەرکردایەتییەکی کاتیی (قیادەی موەقەت) لە 26ی گوڵانی 1976دا شۆڕشی گوڵانی ڕاگەیاند. هەروەها جەلال تاڵەبانی، دوکتۆر فوئاد مەعسوم، دوکتۆر کەمال فوئاد و عەبدولڕەزاق میرزا "فەیلی" و چەند کەسێکیتر لە وڵاتی سوریا دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیان ڕاگەیاند.

ڕاپەرینی گەلانی ئێران بە دژی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا لە سەرەتای ساڵی 1978دا زەمینەی بۆ خەباتکارانی باشوری کوردستان خۆشکرد کە شێلگێرانەتر هەوڵی دامەزراوەکانیان بدەن و بە گەشەسەندنی بزوتنەوە لە ئێران، بزوتنەوەی کوردیش لە باشوری کوردستان سەریهەڵدایەوە. هەروەها جموجوڵێکی شۆڕشگێڕانەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە بەرچاو. لاوان لە مهاباد بەرگی جوانی کوردییان بە شێوازی بەرگی پێشمەرگایەتی دەپۆشی و کڵاو و ئاغابانوو و شەدەیان لەسەر دەکرد و لاسکی شەدە و ئاغابانووەکانیان بە باڵی چەپ و سەر سنگیاندا شۆڕ دەکردەوە و بەو جۆرە هەستی کوردایەتی و شۆڕشگێڕییان دەخستە دڵی

خەڵکەوە، بەڵام هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی و مەدەنی نەبوو کە جڵەوی ئەو بزوتنەوەیە بگرێتە دەست.

بەشێک لە خەڵکی مهاباد و بەتایبەتیی لاوان، بۆ ئەوەی کە لە دەست ساواک پارێزراو بن، لە گروپی بچوکی سێ چوار کەسییدا شاریان بەجێدەهێشت و دەچوونە چیاکانی دەوری مهاباد و سەردەشت و چۆلگە و سەر ئاوەکان و لەوێ بە کامی دڵیان سرود و گۆرانیی شۆڕشگێڕییان دەگوت و شیعرەکانی مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمنیان دەخوێندەوە. کتێبی شیعری بەرەو موکریانی مامۆستا هەژار و تاریک و ڕونی مامۆستا هێمن، دەستبەدەست لەناو لاواندا دەگەڕان و کەس نەبوو بچێتە سەر گڕاوانی شاری مهاباد و ئەم پارچە شیعرەی مامۆستا هەژار نەخوێنێت:

دەڵێن سوێرە گڕاو جێی نزمە
بۆرە خزمێکی دووچاوی کزمە
بەرد لەخۆی کۆوە دەکات پێموایە
شۆڕشی گەرمی لەبن سەردایە.

## ئازادیی زیندانییە سیاسییەکان

گوشاری زۆر و تاقەتبڕی خەڵک و دەزگا مەدەنییەکانی جیهان بۆسەر ڕژێمی پەهلەوی، شا و ساواکی ناچار کرد کە ڕۆژی 1357/7/5 (1978/9/27) دەرگای بەشێک لە زیندانە سیاسییەکان بکەنەوە و ژمارەیەک زیندانیی سیاسی ئازاد بکەن کە بە تاوانی داواکردنی ئازادیی و مافی مەدەنیی نزیکەی 20 - 25 ساڵ لە زینداندا ئەشکەنجە درابوون. لەناو زیندانییە سیاسییەکاندا جگە لە غەنی بلوریان کە کەسایەتییەکی ناسراو و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، عەلی عەموویی و ڕەزا شەڵتوکی دوو کەسایەتی کوردی کرماشانیی و ئیسماعیل زولقدر، ئەبوتوراب باقرزادە، عەباس حەجەری، تەقی کەیمەنیش، مەجید موئەید ئەندامانی ڕێکخراوی سەربازیی حیزبی تودەی ئێران و سەفەر قارەمانی ئەندامی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و سەدان کەسیتر کە ساڵانێکی زۆربوو لە ئەشکەنجەگاکانی شادا بە شێوەی دڕندانە ئازار درابوون، لە زیندان ئازاد کران. سەفەرخان قارەمانیی، قارەمانی زیندانەکانی شا، بۆ ماوەی (29) ساڵ لە زینداندا ڕاگیرابوو. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1357/8/10 (1978/11/1) دا ئاماژەی بۆ ئازاد کردنی بلوریان لە زیندانی شا کرد و نوسی:

**- (غەنی بلوریان دوای 27 مانەوە لە زینداندا بەتاوانی سیاسیی، لەگەڵ گروپێکیتر لە زیندان ئازادکرا. غەنی بلوریانیش وەک "سەفەر قارەمانی" بۆ زیندانییە سیاسییەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە لەو ساڵانەی دواییدا کاری سیاسییان کردەوە، کەسایەتییەکی ناسراوە. دوێنی سەدان کەس بە چەپکە گوڵەوە لە وێستگەی قەتاری تاران کۆببوونەوە کە بلوریان ڕەوانەی مەراغە بکەن. بلوریان لە تەمەنی 34 ساڵیدا بە تاوانی سیاسیی زیندانی کرا. ناوبراو دەڵێ: لە 20 ساڵی ڕابردوودا چەندجار گیراوم. 24 ساڵم بوو کە بە تاوانی هاوکاریی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوتمە ژێر چاودێریی، بەڵام بێتاوان ناسرام. ساڵی 1329 (1950) بۆ ماوەی 6 مانگ زیندانی کرام، دوای ئازادبوونم لە زیندان لەگەڵ کچێکی دڵخوازم پەیمانی هاوسەرییم بەست، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکانی 28 ی**

گەلاوێژی ساڵی 1332 (1953) زەماوەندەکەمان سەری نەگرت و قاچاخ بووم، ساڵی 1334 لە سنە دەستگیریان کردم و تا مانگی ڕەزبەری ساڵی 1337 زیندانیی بووم و دوایی گەڕامەوە و زەماوەندم کرد. دوای هەشت مانگ سەرلەنوێ گرتیانمەوە و سەرئەنجام دوای 19 ساڵ بە یارمەتی خەڵکی فیداکار و گیانبەختکەر لە زیندان ڕزگارم بوو. لە ماوەی زیندانیی بوونمدا بەتایبەتی ئەو کاتەی کە لە زیندانی تەورێز بەند کرابووم، زۆر بە توندی لە لایەن مەئمورەکانی زیندان و ساواکەوە شکەنجە کراوم. ساواک بۆ ترساندنی ئەوانیتر لەشی منیان کون کون دەکرد و جەستەی ڕوت و خوێناوی منیان پێشانی زیندانییەکانیتر دەدا. چەندان جاریش بە خەرەزەن شکەنجەیان کردووم و نەیانهێشتووە بنووم و بەبێ خەویی ڕاگریانگرتووم. بۆ ئەوەی کە بەڵگەیان بدەمێ، زۆر بەتوندی شکەنجەیان دەکردم، بەڵام من خۆم بەدەستەوە نەداوە. دەیانگوت ئیعدامت دەکەین و دادگایەکی ڕەواڵەتیان بۆ پێکهێنام، بەڵام هەرگیز ڕێگەیان نەدا کە لەگەڵ پارێزەرێک بدوێم و لە کۆتاییدا لاپەڕەیەکی سپێیان دامێ کە وەک دوا بەرگریی پێنج دێڕ بنوسم و سەرئەنجام بە ئیعدام مەحکومیان کردم. پێنج ڕۆژ بەرلە بەڕێوەچوونی حوکمەکە، پێیانڕاگەیاندم کە پەشیماننامەیەک بنوسم کە وەڵامم نەدانەوە. لەو کاتەدا لەگەڵ کاک "عەزیز یوسفی" هاوبەند بووین و هەردوومان دەمانزانی کە بە زوویی لە سێدارەمان دەدەن، بەڵام بەهۆی گوشاری ناوخۆیی و دەرەکی، دوای هەشت مانگ حوکمە ئیعدامەکەیان کرد بە زیندانیی هەمیشەیی و ڕەوانەی زیندانی "بەرازجان"یان کردم. پێنج ساڵ لەوێ ڕایانگرتم و ساڵی 1336 گواستیانمەوە تاران و ساڵی 1352 (1973) ڕەوانەی زیندانی "شیراز"یان کردم.).

هەروەها غەنی بلوریان لە کتێبی ئاڵەکۆکدا ئاماژەی بۆ ئازارەکانی ناو زیندان کردوە و پەنجەی بۆ پێشوازییکردنی خەڵک لە کاتی ئازادبوونیدا لە زیندانی عادل ئابادی شیراز ڕاکێشاوە. بلوریان دوای ئازادبوونی لە زیندان لەگەڵ یونسی برای و عەلی برازای بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە تاران میوانی جەلیل گادانی بووە و بە هاندانی جەلیل گادانیی و ژمارەیەک خەباتگێڕی کورد و مهابادیی، گەڕاوەتەوە بۆ مهاباد. خەڵکی مهاباد تا

میاندواو و مەراغە بە پێشوازیی مامە غەنییەوە چوون و لە کاتێکدا نزیکەی 100 هەزار کەس لە مهاباد و شارەکانیتری کوردستان و ئێران و تەنانەت کوردی بەشەکانیتری کوردستان لە دەرەوەی مهاباد و شەقامەکانی شاردا، بۆ پێشوازییکردنی وەستابوون، بە دروشمی "مامە غەنی هاتەوە یاخوا بەخێر بێتەوە" نازناوی مامەیان پێبەخشی. ساواک و پۆلیس خۆیان لە ڕێورەسمەکە دور ڕاگرت و خەڵکەکەش بە کاروانێکی ئارام، مامە غەنییان گەیاندەوە ناو ماڵ و مناڵەکەی.



**غەنی بلوریان لە زانکۆی سەربازیی ئازەربایجانی سۆڤیەت**

کاتێک مامە غەنی بۆ دواجار لە ساڵی 1338(1959) لە لایەن ڕژێمی شاوە دەستگیر و زیندانیی کرا، مەرزیە خانمی خێزانی دووگیان بوو، دوای ماوەیەک دوو کچی بە سکێک بوو. مامە غەنی کچەکانی خۆی بە منداڵیی نەبینی، بەڵام دوای ئازادبوونی لە زیندان، هێرۆ خانی کچی کە شووی کردبوو بە ئامۆزاکەی خۆی، واتە حەسەن بلوریان، کچێکی هەبوو بە ناوی گلارا. گلارا بۆ مامە غەنی بۆنی مناڵیی هێرۆی خۆی لێدەهات. هەروەها کچەکەیتری مامە کە نەشمیلی ناوە، دوای ئازادبوونی باوکی لە زیندان شووی کرد و زۆر لە لای باوکی نەمایەوە.

## دەرکردنی خومەینی لە عێراق  و چوونی بۆ فەرەنسە

دوای ئەوەی کە بە فەرمانی شا ژمارەیەکی زۆر زیندانی سیاسی سەربە ڕێکخراوە سیاسییەکانی چەپ و مارکسیی لە زیندان ئازاد کران، خەڵک لە خۆپێشاندانەکاندا داوایان کرد کە هەموو زیندانییە سیاسییەکان ئازاد بکرێن. تا ئەو کاتە مەلا شیعەکانیان ئازاد نەکردبوو. داواکاری سەرەکیی بۆ ئازادکردنی مەلا شیعەکان ئایەتوڵا خومەینی ڕێبەری ئایینیی شیعەکان بوو کە ساڵی 1342(1953) دوای خۆپێشاندانەکانی شاری قوم، خومەینی و لایەنگرانی دژی "شۆڕشی سپی" و ئازادیی ژنان هەڵوێستیان وەرگرتبوو، بە فەرمانی شا لە ئێران دەرکرابوو. ئایەتوڵا خومەینی لە شاری نەجەف لە عێراق دەژیا و شا بۆ ئەوەی کە کۆتایی بەو خۆپێشاندانانە بهێنێت، داوای لە سەدام حوسێن کرد کە ناوبراو بداتەوە بە ئێران. سەدام حوسێن ئامادە نەبوو خومەینی بنێرێتەوە ئێران، بەڵام بۆ ئەوەی کە هاوپەیمانییەتی خۆی لەگەڵ شا ڕابگرێت، ڕۆژی 1357/7/15 (1978/10/7) خومەینی لە عێراق دەرکرد. خومەینی چووە فەرەنسە و سەرەتا لە پاریس و دواتر لە شارۆچکەی "نوفێل لۆ شاتو" نیشتەجێ بوو. چوونی خومەینی بۆ ئەورووپا، دەستی پتر واڵا کرد کە ڕێنوێنییەکانی بە گوێی خەڵک بگەیەنێت و ڕێگەشی بۆ لایەنگرانی کردەوە کە بەبێ ترس بچنە لای و لە دەوری کۆببنەوە.

خومەینی دوای ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان، ئازادییە دیموکراتییەکان، کار و دابینکردنی بژێوی خەڵکی دەکرد و تاوانەکانی شای زەق دەکردەوە. ئەوانە بەگشتیی دروشمی گرنگ و جێی پەسەندی خەڵک بوون و لە سەرەتای خۆپێشاندانەکانەوە لە لایەن خەڵکەوە بەرز دەکرانەوە. لە لایەکیترەوە خومەینی ڕایدەگەیاند کە مەلاکان جێگەیان مزگەوتە و ئەگەر ئێمە سەرکەوین دەگەڕێینەوە گۆشەی مزگەوتەکان و حکومەت بە خەڵک دەسپێرین! تەنانەت ڕایدەگەیاند ڕۆژانە 70 تمەن پارەی فرۆشتنی نەوت بۆ هەر تاکێک دێتەبەر دەرگای ماڵەکەی و پێش بەو دزیی و گەندەڵییانە دەگرین کە بنەماڵەی پەهلەوی لە فرۆشتنی نەوت بەدەستی دەهێنن و لە بانکەکانی جیهاندا کۆیدەکەنەوە.


خومەینی لە فەرەنسە

دروشمی " زیندانییە سیاسییەکان دەبێ ئازاد بکرێن" سەرئەنجام شا و ساواکی ناچارکرد کە ڕۆژی 1357/8/4 (1978/10/26) ئایەتوڵا تاڵەقانی کەسایەتی ناسراوی شیعە و ژمارەیەکی زۆر مەلای شیعە و ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک کە خاوەن ئایدیۆلۆژیی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامن و نزیکەی 1000 کەس زیندانیی سیاسیتر ئازاد بکەن. ڕۆژی 1357/8/14 (1978/11/5) دوای تێپەڕینی دە ڕۆژ بەسەر ئازادبوونی ئەو کۆمەڵە زیندانییە سیاسییەدا، شەریف ئیمامی دەستی لە حکومەت کێشایەوە و شا بە ئەرتەشبود غوڵامڕەزا ئەزهاری سپارد کە کابینەی خۆی پێکبهێنێت. لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی ئەزهاری ئێران چوارچێوەیەکی تەواو سەربازیی بە خۆیەوە گرت.

بە هەرحاڵ خومەینی لە سەر پێشنیازی "مورتەزا موتەهەری" کە ڕۆحانییەکی زانا بوو، ڕۆژی 1357/10/23 (1979/1/13) پرۆژەی "شورای شۆڕش"ی پەسەندکرد کە سەرپەرەشتیی ئەرک و پێداویستییەکان ڕاپەرین و شۆڕشی ئێران لە ئەستۆ بگرێت. ئەندامانی ئەو شورایە بریتی بوون لە: ئایەتوڵا مەحمود تاڵەقانی، ئایەتوڵا سەید محەمەد بەهەشتی، ئایەتوڵا مورتەزا موتەهەری، ئایەتوڵا سەید عەبدولکەریم موسا ئەردەبیلی، ئایەتوڵا محەمەد ڕەزا مەهدەوی کەنی، حوجەتولئیسلام سەید عەلی خامنەیی، حوجەتولئیسلام ئەکبەر ڕەفسنجانی، یەدوڵا سەحابی، مەهدی بازرگان و عەباس شەیبانی و.... تد.

## تیپی سێی مهاباد دەگەڕێتەوە سەر سنوری دەستکرد

دوای بەدەستەوەگرتنی حکومەت لە لایەن ئەرتەشبود غولامڕەزا ئەزهاریەوە لە 1978/11/5دا، لەشکری چواری ورمێ بەشێک لە هێزەکانی خۆی ڕەوانەی سنورە دەستکردەکانی ئێران لەگەڵ عێراق کرد. جێگیرکردنی ئەو هێزانە لە سنوری دەستکرد، دەگەڕایەوە بۆ بوژانەوە شۆڕش لە باشوری کوردستان و هاوئاهەنگیی کردن لەگەڵ دەرکردنی خومەینی لە عێراق.

پێش ئەوەی کە یەکەکانی تیپی سێی مهاباد ڕەوانەی ناوچەی سەردەشت بکرێن، یەکەیەکی تانک بە هەژدە تانکەوە لە گوردانی تانکی تیپی شاپور هێنرایە مهاباد و لە تیپی سێی مهاباد جێگیرکرا. دوابەدوای جێگیربوونی ئەو 18 تانکە لە سەربازگەی مهاباد، گوردانی 115ی پیادە بە فەرماندەیی سەرهەنگ دووەم ئیرەج قادری و یەکانێک لە گوردانی 167ی پیادە بە فەرماندەیی ستوان یەکەم مستەفا ئەحمەدی و ستوان دووەم شەهبازی بەرەو سەردەشت بەڕێکران. سەرهەنگ سەررشتە سەرۆکی ئەرکانی تیپی سێی مهاباد سەرۆکایەتی ئەو هێزانەی لە ئەستۆ بوو.

یەکانی دووەمی گوردانی 167 بە فەرماندەیی ستوان یەکەم ئەحمەدی کە کوردی ناوچەی مهاباد و لە عەشیرەتی مەنگوڕ بوو، لە "بنوخەڵەف" جێی گرت و یەکەکانی گوردانی 115 لە "میرشێخ حەیدەر و بەردەپان" و سەرکردایەتی هێزەکانیش لە "دەشتی کەپران" سەرپەرشتی هێزەکانی دەکرد. هەروەک گوتم بەڕێکردنی ئەو هێزانە بۆ ناوچەی سەردەشت بە هۆی سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوەی کورد بوو لە باشوری کوردستان کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد و هەروەها تێکهەڵچوونی پێشمەرگەکانی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان "قیادەی موەقەت" و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەی بادینان. لەو شەڕانەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لەوانە: دوکتۆر خالید، عەلی عەسکەری و... سەدانی‌تر شەهید بوون.

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975 و زیندووکردنەوەی شۆڕشی گولان لە ساڵی 1976 و دامەزرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی لە مانگی شەشەمی ئەو ساڵەدا ڕژێمی بەعسی عێراق بە قولایی بیست کیلۆمەتر گوندەکانی نزیک سنوری دەستکردی لەگەڵ ئێران، چۆلکرد و خەڵکەکەی بە زۆرەملێ لە چەند کۆمەڵگەیەکدا کۆکردەوە. بەگوێرەی یاسایەک کە ڕژێمی عێراق داینابوو، ناوچە چۆلکراوەکان بە ناوچەی قەدەغەکراو دەژمێردران. ژمارەیەکی زۆر پێگەی سەربازیی پێکهاتوو لە جاش و سەرباز چاودێرییان بەسەر ناوچە قەدەغەکراوەکاندا دەکرد و لەکاتی پێویستیشدا فڕۆکە و هێلیکۆپتەر دەهاتنە سەر ناوچەکان و هەرکەسێکیان لەو ناوچانە بەرچاو دەکەوت، دەیانگرت یان تەقەیان لێدەکرد و دەیانکوشت.

مەئموریيەتی هێزەکانی تیپی سێی مهاباد لە ناوچەی سەردەشت بریتی بوو لە ڕێگەگرتن لە کوردی باشور و بەتایبەتیی پێشمەرگە و کەسانی چەکدار کە بۆ حەسانەوە و کۆکردنەوەی خواردەمەنی لە گوندەکانی سەر سنوری دەستکرددا ڕو نەکەنە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەو هێزانە سپێردرابوو، ئەگەر کەسێک هاتە ئەم دیوی سنوری دەستکردەوە، چەکیان بکەن و ڕەوانەی ساواکی سەردەشتیان بکەن، ئەگەرنا ئیزنیان پێنەدەن کە بێنە ناو خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە.

جگە لە ژمارەیەک پێشمەرگەی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە سێ سوچی سنوری عێراق، ئێران و تورکیا لە جەولە و گەڕانی سیاسی و چەکدارانەدا بوون و پێویستییەکانی ڕۆژانەی خۆیان لە گوندەکانی باکوری کوردستان دابیندەکرد. پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر سنوری باشور و ڕۆژهەلاتی کوردستان، ناچاربوون بەشێک لە پێویستییەکانیان لە گوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و دەوروبەری چیای قەندیل دابینبکەن، ئەوەش کارێکی زۆر دژوار بوو بۆ ئەو پێشمەرگانە. دەتوانم بە ڕاشکاویی بڵێم بەبوونی شا و ڕژێمەکەی دەرەتانی مانەوەی پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا دژوار بوو کە بە خۆشییەوە ڕوخانی ڕژێمی شا یارمەتی پێشمەرگەی باشوریدا کە چالاکانە

بگەڕێنــەوە گۆڕەپــانی خــەباتی کوردایــەتی و ســەرئەنجام ســەدام و ڕژێمەکەی بەچۆکدا بێنن.

بەهــەر حــاڵ پێش ئــەوەی کــە شۆڕش لــە ئێـران سـەربکەوێت، خــەڵکی گونــدەکانی بنوخەڵــەف و کــانی زەرد و دەوروبــەری لــە کۆتــایی مــانگی پــاییزدا کــە بــەفر چیاکــانی داپۆشــیبوو، یەکــەی دووەمــی پیادەیــان لــە بنوخەڵــەف چــەککرد، تەنانــەت لــە ئاڵۆزییــەکانی ناوچــەی سەردەشــتدا سـەربازێکیان لـە بێوران کوشت و گـوردانی 115ش بـە ناچاریی ناوچـەی بــەردەپان و دەشــتی کــەپران و میرشێخ حەیـدەری بەجێهێشت و گەڕایـەوە مهاباد.

## یەکە سیاسییەکان خۆیان ڕێکدەخەنەوە

دوای چوونی خومەینی بۆ فەرەنسە، ڕۆژنامەکان بێوچان چاوپێکەوتنیان لەگــەڵ دەکــرد و ڕادیۆکــان وتــار و ڕێنوێنییــەکانیان بڵاودەکــردەوە. هەرچەندە وتەکانی خومەینی ناوەڕۆکێکی دیموکراتی و مەدەنییان نەبوو، بــەڵام کــەم کــەس هــەبوو کــە پێشــوازییان لێنــەکات. لــە ڕاســتییدا بــۆ ئــەوە پێشــوازییان لــە وتــەکانی خومــەینی دەکــرد کــە نــاوبراو ئامــادە نــەبوو لــە بەرامبەر شا و بنەماڵەکەیدا سازیش بکات، ئەوەش گرنگترین هەڵوێست بوو کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی پەهلەویدا بەرچاو دەکەوت.

مەلاکان جگـە لـە ڕۆژنامـە و ڕادیۆکـان، کـەناڵێکی زۆر باشیان هـەبوو بـۆ پڕوپاگەندەی خۆیـان کـە ئـەویش مزگـەوت و حوسێنییەکان بـوون. جگـە لـە ئیســلامییەکان، ڕێکخــراوی چریکــی فیــدایی خــەڵکیش لــەنێو لاوەکانــدا کــەناڵێکی باشــی هــەبوو. ڕێکخراوێکــی لاوانــی دامەزرانــدبوو بــە نــاوی "پیشــگام" و بــەهۆی لاوانــەوە پڕۆگــرام و پــەیڕەو و بەیاننامــەکانی خــۆی بڵاودەکــردەوە. ڕۆژێــک مــن پڕۆگرامــی چریکــەکانم دەســتکەوت و دوای خوێندنــەوەی دام بــە ستوان یەکــەم دوکتــۆر یــەحیایی، کــەچی دوای چەنــد ڕۆژێک سەربازێکی هاوکارم لە ڕوکنی یەکـەم پێیڕاگەیانـدم بەرنامەیـەکی سیاسی دەستکەوتووە و گوتی ئەگەر پێتخۆشە بۆتی بهێنم، کاتێک هێنـای، بینیم هەمان پڕۆگرامە کە من دابووم بە دوکتۆر یەحیایی.

جگە لە خومەینی و ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک، موجاهیدینی خەڵک و حیزبی تودەش ڕێکخراوێکی بەهێزیان لەناو لاوەکاندا هەبوو. دکتۆر عەلی گەلاوێژ لە مهاباد سەرۆکایەتی ڕێکخراوی حیزبی تودەی دەکرد. گەلاوێژ دواتر لە لایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە گیرا و لە زینداندا شەهید کرا.

لە کوردستانیش تا ئەوکاتە تەنیا ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) هەبوو کە سەرکردایەتییەکەی لە ساڵی 1959وە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دور کەوتبووەوە و ئەندامانی لە باشوری کوردستان و بەغدا و ئەوروپادا بڵاوببوونەوە و خەریکی کار و کاسپی بوون و ژمارەیەکیش ئەندام و لایەنگری لە مهاباد و ناوچەی موکریان هەبوو کە دوو دوو و سێ سێ پێکەوە باسی سیاسییان دەکرد و سەرکردەیان نەبوو. پێشتر لە سەردەمی سەرۆکایەتی شەهید عەبدوڵای ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"دا، حیزبی دیموکرات ناو و دەنگێکی زۆری هەبوو، بەڵام دوای شکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، ئیتر دەنگی نەما. دوای ئازادبوونی کاک عەزیز یوسفی کە داخەکەم زۆر زوو کۆچی دواییکرد و بەتایبەتیی ئازادبوونی غەنی بلوریان حیزبی دیموکرات هەندێک بوژایەوە.

بەدوای چەککردنی یەکەی دووەمی گوردانی 167ی پیادەی تیپی سێی مهاباد لە کۆتایی مانگی پاییزدا لە بنوخەڵەف، هەشت ئەندامی حیزبی دیموکرات گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرەبەرە کۆمیتەکانی حیزبیان لە شارەکاندا دامەزراندەوە. حەوت ئەندام لەو هەشت ئەندامە بریتی بوون لە: دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو، مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە "حەیاکی"، مەلا حەسەنی شێوەسەڵی، سەید ڕەسوڵی دەهقان "بابی گەورە"، ئەمیری قازی، هاشم کەریمی، محەمەد ئەمین سیراجی لە کۆمیتەیەکدا ڕێکخرابوون کە ناوی "کۆمیتەی زاگرۆس" بوو. کەسی هەشتەمی ئەو گروپە، سەلیم بابانزادە بوو کە لە وڵاتی سویدەوە گەڕابووەوە، بەڵام ئەندامی کۆمیتەی زاگرۆس نەبوو. دوای گەڕانەوەی کۆمیتە زاگروس بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بەشێوەی خوارەوە دابەشبوون:

- دوکتـۆر عەبـدولرەحمانی قاسـملوو: بەرپرســی تــاران. ئــەمیری قــازی: بەرپرســی کرماشــان. محەمــەد ئــەمین ســیراجی: بەرپرســی ســەقز. هاشـم کـەریمی: بەرپرسی سنـە. مـەلا عەبـدوڵای حەسـەنزادە: بەرپرسی مهابـاد. مــەلا حەســەنی شێوەســەڵی: بەرپرســی ورمــی. ســەید ڕەسـوڵی دەهقــان: بەرپرسی ناوچەی پیرانشار و شنۆ. سەلیم بابازادە: بەرپرسی بۆکان.

ئەندامانی کۆمیتەی زاگروس دەیـانگوت بـەنهێنی و بـەبێ ئیزنـی ڕژێمـی بــەعس گەڕاونەتــەوە، بــەڵام حەمــەدەمینی سیراجی کـە خـۆی بەرپرســی پەیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ ڕژێمی بەعس و یـەکێک لـە ئەندامانی ئـەو کۆمیتەیـە بـوو، ڕۆژی 2007/5/21 پێیڕاگەیانـدم کـە بەرلـە گەڕانـەوەمان دوکتۆر قاسملوو لەگـەڵ "سـەعدون شـاکر" مـودیری موخابـەرات کۆبـووەوە و کۆمیتـە بە ئیزنـی سـەدام و حکومـەتی بـەعس گەڕایـەوە، تەنانـەت دوکتـۆر قاسملوو بە ئوتۆمبێلی بەعس تا سنوری دەستکرد هێنرا.

بە هــەرحاڵ هــەروەکو ئامـاژەم بـۆ کـرد ئەنـدامانی کۆمیتـەی زاگـرۆس بـە نهێنــی بەســەر تــاران و چەنــد شــاری کوردســتاندا بڵاوبوونــەوە. مــەلا عەبدوڵای حەسەنزادە کە لـە مهابـاد بـوو، کۆمیتـەیـەکی حیزبیـی پێکهێنـا و بەرەبــەرە ئێمــە ئەنــدامانی کــۆن و ژمارەیــەکش ئەنــدامی نــوێی حیــزب بـەتایبـەتیی لـە لایەن جەلیل گادانییەوە لـە حیزبدا کۆکراینـەوە. کۆمیتـەی زاگــروس ڕۆژی 1357/11/8 یەکــەم ڕاگەیانــدنی خــۆی بــە بۆنــەی دووی ڕێبـەندان ساڵڕۆژی دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان لـە سـاڵی 1946دا بـە نهێنـی لـە مهابـاد بڵاوکـردەوە. ئـەو بـەیاننامـەیـە، یەکـەم بـەیـانی ڕەسمی حیزبی دیموکرات بوو کە بە دوای ساڵی 1359 دا، لـە نـاوخۆی وڵات نوسـرا و بڵاوکرایەوە. ڕۆژنـامـەی کـەیهان لـە ژمـارەی ڕۆژی 1359/11/9دا ئـامـاژەی بۆ ئەو بڵاوکراوەیەی حیزبی دیموکرات کرد و نوسی:

**- (حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا کە دوێنێ بە بۆنەی ســاڵڕۆژی دووی ڕێبەنــدان بڵاویکــردەوە، جــارێکی تــریش هــەموو جــۆرە جیاوازییخوازییەکی ڕەد کـردەوە و ڕایگەیانـد ئامـانجی ئێمـە پێکهێنـانی ئێرانێکی دیموکراتییە بە دور لـە بەستراوەیی بە هـەر لایەنێکـەوە. ڕۆژی 1320/6/3 کە شیرازە دیکتاتۆریـەتی ڕەزاخـان هەڵوەشایەوە و ئازادییـە دیموکراتییــەکان بوژانــەوە، گــەلی کــوردیش لــەو هەلــە کــەڵکیوەرگرت و**

دەستیکرد بە پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسیی و چەند حیزبی دامەزراند، بەڵام دەیزانی کە بۆ ڕێبەرایەتی کردنی بزوتنەوەی گەلی کورد، حیزبێکی پێشرەو بە پڕۆگرامێکی پێشکەوتوو پێویستە کە بتوانێت کۆمەڵانی خەڵک لەژێر دروشمە دیموکراتییەکاندا کۆبکاتەوە و ئەوە بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهات. پڕۆگرامی حیزب لەو سەردەمدا 8 ماددە بوو کە باسی لە دابینکردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران و یەکیەتی لەگەڵ گەلانیتری ئێران و دابینکردنی دیموکراسی لە ئێراندا دەکرد. حیزبی دیموکرات لە بەیاننامەکەیدا سەرەڕای ئاماژە کردنی بۆ لاوازییەکانی بزوتنەوەی گەلی کورد و حیزبی دیموکرات و نەهێنانە ڕوی خواستی ئابووریی و کۆمەڵایەتی زەحمەتکێشان، بەتایبەتی جوتیاران و پەرەپێنەدانی بزوتنەوەکە بۆ ناوچەکانی باکوری کوردستانی ئێران، باس لە نەبوونی هاوکاریی لەنێوان هێزە جیاوازەکانی بزوتنەوەی میللی و دیموکراتیی سەرانسەری ئێران دەکات و دەڵێت: بزوتنەوەی کوردستان لەو سەردەمدا لەلایەن هێزە پێشکەوتووخوازەکانی جیهان و تەنانەت یەکیەتی سۆڤیەتیش پشتی نەگیرا. لە بەیاننامەکەدا هاتووە، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم هەلومەرجەدا جارێکی تریش داوا لە هەموو هێزە دیموکراتییەکان و حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتوخوازەکان و کەسایەتییە سیاسیی و ئایینییەکانی ئێران دەکات کە تا سەرکەوتنی هێکجارەکی بەسەر ڕژێمی چەوسێنەردا و دەرکردنی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، یەکیەتی خۆیان بپارێزن. حیزبی دیموکراتی کوردستان داوا لە هەموو خەباتگێڕانی ئێران دەکات کە بەرامبەر پیلانەکانی ئیمپریالیزم تەنیا پشتیوان و پشتگریی سەرەکی ڕژێمی دیکتاتۆردا هۆشیار بن و پێکەوە پیلانەکانی پوچەڵ بکەنەوە.)

## دوو پلانی نوێی ڕژێم بۆ خامۆشکردنی دەنگی خەڵک

ئەرتەشبود غولامڕەزا ئەزهاری کە سەرۆکایەتی وەزیرانی حکومەتی ئێرانی گرتەدەست، بۆ ئەوەی کە بە بۆچوونی خۆی ئارامیی بگەڕێنێتەوە ئێران، حاڵەتێکی تەواو سەربازیی بە ئێراندا، بەڵام ئێرانی بۆ ئارام نەبووەوە، تەنانەت توندوتیژییەکان پتر پەرەیان سەند. ئەزهاری لە یەکەم هەنگاودا هەندێک گۆڕانکاریی لە دەزگا حکومیی و ئەمنییەکاندا پێکهێنا. لە مهاباد سەرگورد حاجی نژاد سەرۆکی زیدیئیتلاعاتی تیپی سێی گواستەوە کە مرۆڤێکی بەدناو و دڕندە بوو لە سەربازگەی مهابادا و سەرگوردێکی کوردی خەڵکی سنەی بە ناوی "حەسەن نەوجەوان" ناردە مهاباد کە بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکانی گونجاوتر لە حاجی نژاد بوو.

ئێران بەپێی یاسا لە حاڵەتی نا ئەمنیدا، لە لایەن فەرماندەکان سوپاوە بەڕێوەدەچوو. بۆ ئەم مەبەستە لە شارەکاندا شورایەکی ئەمنیەت بە سەرۆکایەتی فەرماندەکانی سوپا پێکهاتبوو. ئەو شورایانە بەلایەنی زۆرەوە هەر پانزدە ڕۆژەی جارێک و ئەگەر پێویست بوایە هەفتەی جارێک کۆدەبووەوە و ئەندامانی لەسەر ڕووداوە ئەمنییەکانی شار گفتوگۆیان دەکرد و لە کۆتاییدا بۆ دابینکردنی ئەمنیەت، ئەرکی ئۆرگانەکانی حکومەتیان دیارییدەکرد. لە مهاباد و شارەکانیتری ئێران ئەو شورایانە بەمەبەستی داسەپاندنی دیکتاتۆریەت، جێگەی شورای ئاسایی ئەمنییەتیان گرتەوە. یەکەم کاری شوراکان بە ڕێنوێنی ئەزهاری پێکهێنانی دەستەی چۆماغدار بوو کە لە جادە و ناو شارەکاندا هێرش بکەنە سەر خەڵک و لە جادەکانیشدا ئوتۆمبێلی خەڵک بشکێنن و زیانی ماڵیی و گیانیی بە خەڵک بگەیەنن و هەروەها لە کاتی پێویستیشدا چەکدارانی حکومەت لایەنگریی لە گروپە چۆماغدارەکان بکەن.

ئەندامانی شورای ئەمنیەت لە پارێزگاکاندا بریتی بوون لە: فەرماندەی لەشکر، سەرۆکی ساواکی پارێزگا، سەرۆکی پۆلیسی پارێزگا، فەرماندەی ژاندارمەری، پارێزگار، سەرۆکی زیدیئیتلاعاتی لەشکر، سەرۆکی ڕوکنی دووەمی لەشکر، سەرۆکی ڕوکنی سێیەمی لەشکر و ئەگەر کەسێکیتر پێویست بوایە. لە شارەکان: فەرماندەکانی سەربازگە، سەرۆکی ساواک،

سەرۆکی پۆلیس، فەرماندار "قایمقام"، فەرماندەی ژاندارمەری، سەرۆکی زیدیئیتلاعات، سەرۆکی ڕوکنی دووەم و سەرۆکی ڕوکنی سێیەم و ئەگەر کەسێکیتر پێویست بووایە.

لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا، شوراکانی ئەمنیەتی شار بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ تاران ئەو دەستە چۆماغدارانەیان پێکهێنا. لە هەورامان کەسێک بەناوی "سالار جاف" ئەو ئەرکەی بەڕێوەبرد. سالار جاف کوردی باشوری کوردستان بوو. لە ساڵی 1976 پەنای بۆ ئێران هێنابوو و بە فەرمانی شا کرابوو بە نوێنەری پاوە و جەوانڕۆ لە پەرلەمانی ئێراندا. ناوبراو بە کەڵکوەرگرتن لە کێشەی کۆنی جاف و هەورامی هێرشی کردە سەر پاوە و زیانێکی زۆری گیانیی وماڵیی بە خەڵکی پاوە و دەوروبەری و عەشیرەتی جاف گەیاند و کێشەی نێوان عەشیرەتەکانی جاف و هەورامی قوڵتر کردەوە. سالار جاف دواتر کە شۆڕش سەرکەوت لەلایەن سادق خەلخالی قازی شەرعی هەڵبژێردراوی خومەینییەوە گوللەباران کرا. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1357/8/13 (1978/11/4) دا ئاماژەی بۆ هێرشی سالار جاف و لایەنگرانی بۆ سەر پاوە کرد و نوسی:

**- (تا ئێستا 12 تەرمی کوژراوەکانی ڕووداوی پاوە دۆزراوەتەوە کە سێ لە کوژراوەکان پاوەیی و ئەوانیتر لە هێرشکەرانن. خەڵک دەڵێن کوژراوەکان پتر لە پەنجا کەسن و هەر ئێستا 27 کەس لە نەخۆشخانەی پەنجا قەرەوێڵەیی پاوە کەوتوون کە سێ کەسیان لە مەترسی مردندان. ئەوە لە حاڵێکدایە کە جادەی پاوە بەستراوە و نەخۆشخانە پیویستیی بە خوێن و دەرمان هەیە. "سەمەدی" فەرمانداری پاوە بە دژی هێرشی سالار جاف و لایەنگرانی بۆ سەر پاوە، دەستی لەکار کێشایەوە، بەڵام لەسەر داخوازی خەڵکی پاوە گەڕایەوە سەر ئەرکەکەی. هێرشکەران تەلەفۆنی پاوەیان لەگەڵ شارەکانیتر بڕیوە و خەڵک بە بێتێل و تێلگراف پەیوەندی بە شارەکانیترەوە دەگرن و لەگەڵ ئەوەشدا گیرانی جادەی پاوە گرفتی خواردەمەنی بۆ خەڵکی شار پێکهێناوە. فەرمانبەرانی شاری پاوە، ژن و منداڵەکانیان بە چەند ئوتۆمبێل ڕەوانەی کرماشان کردووە و کەلوپەلی ماڵەکانیان لە گەڕەکی کارمەندانەوە کە لە دەرەوەی شار هەڵکەوتووە،**

**گواستووەتەوە ناو شار و ماڵەکانیان بەجێهێشتووە. ئێستا خەڵکی پاوە بە جادەی مەریوان و "زوهاب"دا هاتوچۆ دەکەن و پیاوەکان شەوانە دەچنە چیاکان و ڕۆژانەش دەگەڕێنەوە شارەکەیان، لەبەر ئەوە شەوانە پاوە وەک شاری ئەڕواحی لێدێت و هەرچەند بنەماڵەیەک کۆدەبنەوە و تا بەیانیی ناخەون. خەڵکەکە دەڵێن کاتی هێرشی پەلاماردەران، هێلیکۆپتەرێک لەسەر شار دەسوڕایەوە، بەڵام بەرگریی لە شار نەکرد. ئەو چەکدارانەی کە بە فەرماندەیی سالار جاف شاری پاوەیان پەلاماردا و 70 کەسیان کوشت و بریندار کرد و هێشتا شاریان لە گەمارۆ دایە. بەکرێگیراوە چەکدارەکانی سالار جافی نوێنەری پەرلەمان، جادەی پاوەیان بۆ شارەکانی تر بەستووە و ئەوانەی بە ئۆتۆمبێل دێنە پاوە بە بارمتە دەگیرێن. چەند چەکداریش لە بەرزاییەکانی "پڵنگان"، جادەی پاوەیان خستووەتە ژێر چاودێریی خۆیان و ئەو بارهەڵگرانە دەگرن کە خۆراک و سوتەمەنی دێننە پاوە و بارەکانیان تالان دەکەن. چوار ڕۆژە خەڵکی پاوە لەو شار دەرنەکەوتوون و ناتوانن پێداویستییەکانیان دابین بکەن. سەرەڕای ئاڕاستەکردنی چەندان بڕیارنامەی جۆراوجۆر لە لایەن خەڵکی کرماشانەوە بۆ دەستگیریی بەکرێگیراوانی سالار جاف و کردنەوەی جادەی پاوە بۆ کرماشان و شارەکانی تر، لەم بوارەدا بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتوون.).**

جگە لەوە دەستە چۆماغدارەکان لە تاران، قەزوێن، مەشهەد و ناوچەکانی سنە، کرماشان، کامیاران و میاندواو زیانی گەورەیان بە خەڵک گەیاند و چەندان کەسیان کوشت و بریندار کرد و سەدان ئۆتۆمبێلیان لە جادەکاندا شکاند. چۆماغدارە پێکهاتووەکان بە شێوەیەک ترسیان خستبووە دڵی خەڵکەوە کە خەڵک کەمتر بە شەو دەچوونە شەقامەکان و بە ئۆتۆمبێل بە جادەکاندا هاتوچۆیان دەکرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1357/11/8 (1979/1/28) دا لەژێر ناوی "چۆماخ بە دەستان لە چەندان شاردا هێرشیان کردە سەر خەڵک" نوسی:

**- (لە سنە پیاوانی شارەبانی بە بەرگی مەدەنی پەلاماری خەڵکیان دا و 7 کەسیان کوشت و پتر لە 30 کەسیان بریندار کرد. لەو پەلاماردانەدا کە کاتژمێر 11:00 ڕۆژی هەینی دەستی پێکرد و تا درەنگایەکی شەو درێژەی**

هـەبوو، دەیـان بینـای حکـومی و مـەدەنی و دوکـان و فرۆشـگای گـەورە سوتێنران و بە بڕی چەنـدان میلیـۆن تمـەن کەلوپەلی خـەڵک تـاڵان کرا. زیانی ئەم کارەساتە کەمتر لە زیانی کارەساتەکانی کرماشان، قەزوێن و مەشهەد نەبوو. حوسێنییەی سنە، بینای دادگای کوردستان، چەند بانک و فرۆشگای فەرهـەنگیان، پاساژی "تـاج" لەگـەڵ دەیـان دوکـان سوتێنران و چەندان میلیۆن زیانیـان لێکـەوت. هێرشکـەران لـە حاڵێکدا بـە قـازانجی ڕژێـم دروشـمیاندەدا کـە زۆربـەیان بـەرگی خـاکیی وەک بـەرگی پاسەوانەکانی شارەبانییان لەبەردا بوو. ئەوان لـە مـەودای ڕێگاکەیانـدا دەگەیشـتنە هـەر کۆڵانێـک دەیانسـوتاند. هێرشـکەران بـە بـەردەوامی تەقەیان دەکرد و بە بەرگی مەدەنی پەلاماری چەند ماڵیاندا. دانیشتوانی ئـەو ماڵانـە بـە هـەواڵنێری کـەیهانیان ڕاگەیانـد، زۆربـەی هێرشـکـەران پیاوانی پاراستی شارەبانیی سنە بـوون. هێرشکـەران تـا کـاتژمێر 22:00 تەقەیان کرد و هیچ کەس زاتی نەبوو کە لە ماڵەکەی دەرکـەوێت. ئـەوان ڕێگەی نەخۆشخانـەیان گرت و نەیانهێشت خەڵک خوێن بـە بریندارەکان بـدات. دوای ڕووداوەکـە، ژمارەیـەکی زۆری خـەڵک بـۆ دانـی خـوێن بـە برینـدارەکان کۆبوونـەوە. ڕۆژی هـەینی دوای خۆپێشـاندانی لایـەنگرانی دەستوری هەمیشـەیی شـار ئـارام بـوو، خۆپێشـاندان نـەدەبینرا تـا لـەپڕ پیـاوانی ڕژێـم لـە شـەقامی شەشـی ڕێبەندانـەوە کـە شـارەبانی لێهەڵکەوتووە، هێرشیان کرد و لە خەڵکیاندا و ناچاریان دەکـردن کـە بـە سـودی شـا دروشـم بـدەن. بەشـێکی شـاری سـنە نیـوە خـاپوورە و سـیمای شارێکی شەڕ گرتووی هەیە. ئەمڕۆ ڕاگـەینرا لـە تێکهەڵچوونـەکانی ڕۆژی هـەینی 1357/11/6 دا گروپێـک لـە پیـاوانی شـارەبانییش برینـدار بـوون، بـەڵام ئـەو هەواڵـە نەسـەلمێندراوە. لـە دوا کاتـەکانی ئـەمڕۆدا نـاوی شـەهیدەکانی سـنەیان بڵاوکـردەوە کـە بـریتین لـە: محەمـەد فـەلاحی، ئەردەشـیر میهمـی، جـانعلی کاسـب، شـاهد فـولادی، فـەتحعلی وەفـایی، ئیبراهیم وەکیلیی چنارە و جانعلی زەمانـی.). هەروەها ڕۆژنامەی کەیهان ناوی دوازدە بریندارێشی بڵاوکردەوە کـە لـە نەخۆشـخانەی پەهلـەوی سنە کەوتوون و مەترسی مردنیان لەسەرە.

ڕۆژی هەینی 1357/8/11 (1978/11/2) ئوستوار یەکەم "حەسەن سەلامی" هاتە ڕوکنی یەکەم و گوتی وەرە ڕوکنی دووەم کارم پێتە. حەسەن سەلامی خەڵکی مهاباد بوو. نازانم چۆن ڕێی لە ڕوکنی دووەم کەوتبووە، بەڵام دەزانم کە پێش ئەو ئوستوار "میرعەزیزی" کارگێڕی ڕوکنی دووەم بوو. سەلامی کوردێکی بەڕاستی پاک و دڵسۆز بوو. کاتێک من ساڵی 1973 لە کرماشانەوە گەڕامەوە بۆ مهاباد و لە ڕوکنی یەکەم کاریان پێسپاردم، لەگەڵ ناوبراو ئاشنا بووم. لەو ماوەیەدا هەرکاتێک منی دەبینی، بە زەردەخەنەوە دەیگوت: **(حامید ئاگات لە خۆت بێت!)**، ئەوندەم ئەو گوتنە لە حەسەن سەلامی بیستبوو کە لەگەڵی ڕاهاتم، بە جۆرێک ئێستاش کە منداڵەکانم دەچنە جێیەک پێیاندەڵێم ئاگاتان لە خۆتان بێت. بەو گوتنەی حەسەن سەلامی مێشکم توشی گومان بوو، بۆیە بە پەلە کارەکەم بەجێهێشت و چوومە ڕوکنی دووەم. بە تەنیا بوو، بە هۆی سپییەتی پێستیەوە، گۆناکانی لە سەرمادا بە ڕادەیەک سور دەبوونەوە کە مورەگیان لێ دەردەکەوت. هەرچەندە هۆدەکەی حاڵەتی ئاسایی هەبوو، بەڵام گۆناکانی سور دەچوونەوە، تێگەیشتم کە دەیەوێت شتێکم پێ بڵێت، بەڵام ناتوانێ، شەرم دەکات یان دەترسێ و لە ترسان گۆناکانی سور بوونەتەوە. بەهەر حاڵ دەمی کردەوە و گوتی:

- **(پێمخۆشە شتێکت پێ بڵێم و ئیتر بۆخۆت دەزانی چیدەکەیت!)** بەو گوتنەی پتر توشی گومان بووم و تا ڕادەیەکیش ترسام و زۆر بە پەلە بیرم لە ڕاکردن لە سوپا کردەوە. گوتم فەرموو، گوتی:

- **(بۆ کۆبوونەوەی ئەم جارەی شورای ئەمنیەتی شاری مهاباد کە دوێنێ "پێنج شەممە" لە ژوری عەمەلیاتی تیپ کرا، سێ سەرۆک عەشیرەتی مەنگوڕ بانگهێشتکرا بوون. پزیشکپوور و پەرنیانفەر داوایان لە سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ کرد کە چەند دەستەیەکی چۆماغدار پێکبێنن و هێرش بکەنە سەر شاری مهاباد و خەڵکی ئەو شارە ئازار بدەن. هەر سێکیان بەڵێنیاندا کە ئەو کارە بکەن و ئەوانیش لە بەرامبەردا بەڵێنیان پێدان کە پارە و ئیمکاناتی باشیان بۆ دابین بکەن. من لەوە دەترسم کە ئەوانە لەم کاتە ناسکەدا فریو بخۆن و خەڵکی مهاباد توشی شەڕێکی**

**نەخواز بکەن. دەزانم تۆ پەیوەندیت هەیە و برۆ هەرچی لە دەستت دێت بیکە، بەڵکوو ئەو پلانە سەرنەگرێت.).**

باوەڕم بە حەسەن سەلامی کرد و بەبێ ترس، سوپاسم کرد و گوتم هەوڵی خۆم دەدەم. ئێوارەی ئەو ڕۆژە چوومە دوکانە بچوکە کوتاڵفرۆشییەکەی سەید محەمەدی نیزامیی و مەسەلەکەم پێڕاگەیاند و لەوێوە چوومە لای مامە غەنی ئەویشم تێگەیاند و دواتریش دۆستان و هاوڕێیانی خۆم لەو پلانە ئاگادار کردەوە. بۆ بەرگریی کردن لەو پلانە، ژمارەیەک لە خەڵکی مهاباد کە پەیوەندییان بە ئاغا مەنگوڕەکانەوە هەبوو، وەک بەشێک لە مامۆستایانی خوێندنگەکان کە کوڕە مەنگوڕ لە پۆلەکانیاندا هەبوو، بەقاڵ و چەرچییەکان، کوتاڵفرۆش و دەوڵەمەندەکانی شار پەیوەندییان بە ئاغا مەنگوڕەکانەوە کرد و هەریەکە و بە شێوەیەک داوایان لێکردن کە فریوی دوژمن نەخۆن. هەروەها ژمارەیەک لاوی مهاباد بەنزینیان لە قوتوی تەنەکەی مێشکوژ "پومپ" کردبوو و ڕۆژانە دەهاتنە بەر مزگەوتی هەباس ئاغا و ڕایاندەگەیاند کە ئەگەر مەنگوڕەکان هێرش بکەنە سەر مهاباد، بەنزینیان پێدادەکەن و ئاگریان تێبەردەدن. بەم جۆرە پلانی یەکەمی حکومەتی ئەزهاری لە مهاباد شکستی هێنا. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1357/8/13(1978/11/4) دا سەبارەت بە هێرشی چۆماغداران بۆ مهاباد نوسی:

**- (گروپێکی مەزن لە لاوانی مهاباد بەهۆی دەنگۆی هێرشی گروپی چۆماغدار بۆ سەر ئەو شارە، لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردووەوە لە ناوچەکانی جیاوازی شاردا وەستاون و شار دەپارێزن. شەش کەس کە دەڵێن خەڵکی دەوروبەری کرماشانن، لە لایەن ئەو لاوانەوە دەستگیر کراون. دەڵێن ئەوانە بۆ سازکردنی ئاژاوە و نانەوەی ئاڵۆزیی لەنێوان برایانی شیعە و سوننەدا دەیانویست حوسێنیەی مهاباد بسوتێنن. لە لایەکی ترەوە کاربەدەستانی ئاسایش و فەرماندەی تیپی مهاباد، ئیمام جومعەی مهابادیان دڵنیا کردووەتەوە کە نیگەران مەبن.).**

دووەم پلانی ڕژێم کاتێک خۆی دەرخست کە ئەرتەشبود ئەزهاری نەیتوانی لە پلانی یەکەمدا سەربکەوێت. ئەم جارەش ئوستوار سەلامی

پێیڕاگەیاندم کە شورای ئەمنیەتی مهاباد بڕیاریداوە، لە کاتژمێر (0) ی شەوی (0) دا، هاوکات لە هەموو شارەکانی ئێران، پۆلیس و ساواک بە هاوکاریی ژاندارمەری و سوپا پەلاماری ماڵی کەسانی سیاسی و پێشڕەوی خۆپێشاندانەکان بدەن و بیانگرن. بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو پلانەش دیسان چاوم بە سەید محەمەدی نیزامیی و مامە غەنی کەوت و مەسەلەکەم پێڕاگەیاندن و هەرکەسێک کە شکی گرتنی لێدەکرا، ماڵی خۆیان بەجێهێشت و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەبەرچاوی ڕژێم ونبوون. ئەم پلانەش بە دڵسۆزیی حەسەن سەلامی لە مهاباد پوچەڵکرایەوە، بەڵام لە ورمێ و تاران و تەورێز و چەند شارێکیتر سەریگرت.

### حیزبی ڕەستاخیزی میللەتی ئێران هەڵدەوەشێتەوە

محەمەد ڕەزا شا شکانی شۆڕشی ئەیلولی لە باشوری کوردستان و بەدەست خستنی بەشێک لە سنورەکانی ئاویی و خاکیی عێراقی لە کەنداوی فارس بە گوێرەی پەیماننامەی جەزایر، بە یەکێک لە سەرکەوتنە هەرە گرنگەکانی خۆی بە دوای شۆڕشی سپیی "شا و گەل" لە ساڵی 1342 (1963) دەزانی. سەرکەوتنی شا بەسەر سەدام حوسێندا بە هاوکاریی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە گرەوی خیانەت کردنی بە نەتەوەی کورد، ناوبراوی هاندا کە لە بواری سیاسیی و فرە حیزبییەوە ئێران یەکدەست بکاتەوە تا لە دواڕۆژدا مەترسی بۆ نەخوڵقێت.

بەو مەبەستە پەیڕەوی لە سیستمی تاک حیزبیی دەوڵەتی کرد. لەوکاتەدا تەنیا چوار حیزب لە ئێران ئازادبوون کە هەرچواریان لایەنگریی دەسەڵاتدارییەتی شا بوون و لە لایەن کاربەدەستانی باڵای ئێرانەوە بەڕێوە دەچوون، وەک: "حزب ایران نوین"، "حزب مردم"، "حزب پان ایرانیست" و "حزب ایرنیان". شا بەو خەیاڵەوە بنەمای حیزبایەتی لە ئێراندا نەهێشت کە ڕێ لە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی نەتەوەیی و بزوتنەوەی کرێکاریی لە ئێراندا بگرێت. لەو چوارچێوەیەدا و هەروەها بۆ داسەپاندنی دیکتاتۆرییەتێکی پتر و سەرکوتکردنی گەلانی ئێران، ڕۆژی 1353/12/11 (1975/3/2) واتە دوو ڕۆژی بەرلەوەی کە بچێتە جەزایر بۆ ئیمزا کردنی پەیماننامەی جەزایر لەگەڵ سەدام

حوسێن، فەرمانی دامەزراندنی حیزبی ڕەستاخیزی ڕاگەیاند و بە سەرکردایەتی ئەو چوار حیزبانەی گوت حیزبەکانیان هەڵوەشێنن و بچنە ناو حیزبی ڕەستاخیزی میللەتی ئێرانەوە. هەروەها گوتی: **(هەموو کەسێک دەبێ ببێتە ئەندامەتی لەو حیزبەدا، ئەگەرنا دەبێ لە ئێران بڕوات و ئەگەر ئەم کارە نەکات، جێگای زیندان دەبێت.)**.

به فەرمانی شا هەر چوار حیزب هەڵوەشان، "ئەمیر عەباسی هوەیدا" سەرۆکی حیزبی ئێرانی نوێ کە پۆستی سەرۆکوەزیرانی ئێرانیشی بەدەست بوو، کرا بە سەرۆکی حیزبی ڕەستاخیز و دواتر "جەمشید ئاموزگار" سەرکایەتی حیزبی ڕەستاخیزی پێسپێردرا و کرا بە سەرۆکوەزیرانی ئێران.

هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی ڕاستاخیز، شا ویستی دروشمی پوک و ناپەسەندی "خدا، شا و میهن" واتە خودا، شا و نیشتمان کە تا ئەوکاتە لەناو هێزە چەکدارەکانی سوپادا باو بوو، بکاتە دروشمی گشتی لە ئێراندا. شا بەهۆی ئەو دروشمەوە خۆی بە خودای سەرزەویی ئێران دەزانی و بوونی گەل و نیشتمانی بە بوونی خۆیەوە دەبەستەوە. بەنوسینی ڕۆژنامەکانی بیانی شا بە دامەزراندنی حیزبی ڕەستاخیز بەتەواوی پشتی لە دیموکراسی کرد و هەر ئەوەش بوو کە لە دواڕۆژدا گرفتی مەزنی بۆ پێکهێنا.

هەروەک گوتم حیزبی ڕەستاخیز، ڕێکخراوێکی حکومی بوو کە کاربەدەستانی باڵای حکومەت و ساواک هەڵیاندەسوڕاند و سەرۆکایەتی لقەکانی حیزبی ڕەستاخیزیان لە شارەکاندا دەکرد و لەناو سوپاشدا زیدیئیتلاعات هەڵسوڕێنەری حیزبی ڕەستاخیز بوو.

لە ڕەوتی خەباتی سێ ساڵەی حیزبی ڕەستاخیزدا دەرکەوت کە ئەو حیزبە و بەڕێوەبەرانی تا چ ڕادەیەک لە بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانیان و بەڕێوەبردنی حیزبەکەیاندا بێتوانان. لە ئەنجامی ئەو بێتوانایەدا، گەندەڵیی هەموو حیزبی داگرت و ڕق و بێزاریی ئەندامانی بەرز کردەوە، تا سەرئەنجام شا لە مانگی نۆڤیمبەری ساڵی 1978دا حیزبی ڕەستاخیزی هەڵوەشاندەوە.

## شاپوور بەختیار دەسەڵات دەگرێتە دەست

پلانەکانی غوڵامڕەزا ئەزهاری نەیانتوانی سود بە مانەوەی ڕژێمی شا بگەیەنن، تەنانەت کۆتایی بە مانگرتنی گشتیی کرێکاران و فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوت، بانکەکان، کۆمپانیای گاز و ڕۆژنامەنوسان بهێنێت کە لە مانگی ئۆکتۆبەری 1978وە مانیانگرتبوو.

ڕۆژی 1357/9/10(1978/12/1) کارمەندانی بانکی ناوەندیی ئێران لە بڵاوکراوەیەکدا ناوی 178 کاربەدەستی باڵا و خزم و نزیکانی شای ڕاگەیاند کە پتر لە سێ ملیاردونیو تمەنیان لە ئێرانەوە ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپا کردبوو. لەو ڕۆژەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ شەوی یەکەمی مانگی محەرەم، خەڵک لە تاران چوونە سەربانی ماڵەکانیان و دروشمی بمرێ شایان بەرزکردەوە و بەبێ لەبەرچاو گرتنی حوکمی سەربازیی، ڕژانە ناو شەقامەکان و بە دەستڕێژی چەکدارانی حکومەت نزیکەی چوارسەد کەسیان لێکوژرا. بەم بۆنەیەوە خومەینی لە بەیاننامەیەکدا داوای لە سەربازەکان کرد کە وەڵامی فەرماندەکانیان نەدەنەوە و سەربازگەکان بەجێبهێڵن. بە دوای ئەو داواکارییەی خومەینیدا، ژمارەیەکی زۆر سەرباز و تەنانەت کاربەدەستی حکومەت بە بیانوی هەمەجۆرەوە دەستیان لە کار کێشایەوە و سەربازگە و دەزگاکانی حکومەتیان بەجێهێشت.

لەگەڵ ئەوەدا، ڕۆژی 1357/9/17(1979/12/8) قەیرانی نەوت و بەنزین هەموو ئێرانی گرتەوە. خەڵک بۆ دابینکردنی سوتەمەنی ناچاربوون ڕۆژانە چەند کاتژمێرێک لەبەر پۆمپەکانی نەوت و گاز و بەنزیندا بوەستن. لە گوندەکانی کوردستان خەڵک بۆ گەرم کردنەوەی ماڵەکانیان دار و تەپاڵەیان دەسوتاند، بەڵام لە هەندێک ناوچەدا درەختی میوەشیان دەبڕی. ئێران توانای ناردنی نەوتی بۆ بازاڕەکانی جیهان و ئەو وڵاتانە نەبوو کە نەوتی پێفرۆشتبوون، تەنانەت ناردنی گازی بۆ سۆڤیەت وەستاند. بەم بۆنەیەوە شا ڕۆژی 1357/10/9 (1978/12/30) فەرمانیدا کە ئەزهاری دەست لە کار بکێشێتەوە. ناوبراو ڕۆژی 1357/10/14 (1979/1/4) دەستی لە کار کێشایەوە و لەگەڵ ئەرتەشبود غوڵامعلی ئووەیسی "جەلادی گەلی کورد لە ساڵانی 77- 1978" دا لە ئێران ڕایکرد.

بەرلە دەست لە کار کێشانەوەی ئەزهاری، شا داوای لە شاپوور بەختیار کردبوو کە ئەرکی سەرۆکایەتی وەزیرانی ئێران قبوڵ بکات، تەنانەت دەستی بەختیاری بۆ هەرچەشنە ڕیفۆرمێک والا کردبوو. شا دەیویست ئەم جارە بە دۆزینەوەی شاپوور بەختیار کە بەدیلێکی دیموکرات بوو، مانەوەی ڕژێمەکەی مسۆگەر بکات، بەڵام سەرنەکەوت.



لە گوگل وەرگیراوە

شاپوور بەختیار پێشتر ئەندامی جبهەی میللی و یەکێک لە یارانی دوکتۆر محەمەد موسەدیق و کەسایەتییەکی لێزان و کارامە بوو. پێش ئەوەی کە پۆستی سەرۆکوەزیرانی ئێران وەربگرێت، هەوڵیدا ڕای هاوڕێیانی جبهەی میللی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە وەربگرێت، بەڵام ئەوان پشتیوانییان لێنەکرد. بەختیار ساڵانێک لە زیندانەکانی شادا هەموو جۆرە ئەشکەنجە و ئازارێکی لە ڕژێمی دیکتاتۆر بینیبوو. جگە لەوە لە نزیکەوە بە دەرد و ئازاری خەڵک و برسێتی و ستەمی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و نەتەوایەتیی ئەوانی دەزانی. لە چوارچێوەیەکی ڕوندا ویستی دەروازەیەکی نوێی دیموکراتیی بەسەر ئێراندا بکاتەوە و ئێران لە دیکتاتۆرییەت و بنەماڵەی پەهلەوی ڕزگار بکات و دەوڵەتێکی کۆماریی لە جێی ڕژێمی سەڵتەنەتی دابمەزرێنێت.

بەو بۆچوونەوە، شاپوور بەختیار ڕۆژ 1357/10/16 (1979/1/6) پێشنیازی شای بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ قبوڵکرد. لە یەکەم هەنگاودا ئازادیی ڕۆژنامەگەریی ڕاگەیاند و ڕۆژنامەنوسانی مانگرتوو دوای 62 ڕۆژ مانگرتن، گەڕانەوە سەر کارەکانیان، بەڵام لایەنگرانی خومەینی و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک و ڕێکخراوە چەپەکانی لایەنگری بیری ماویی بە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕەنگاوڕەنگ دژی شاپوور بەختیار ڕاوەستان.



**شاپوور بەختیار دوای وەرگرتنی دەسەڵات بەشداریی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیی کرد**

تیمسار ئیحسانولڵا پزشکپوور بە ڕاشکاویی پشتیوانیی لە شاپوور بەختیار دەکرد و ڕای وابوو کە ئەو جێگای شا دەگرێتەوە. لەو چوارچێوەیەدا هەوڵیدەدا خەڵکی مهاباد لایەنگریی لە بەختیار بکەن. بۆ ماوەیەک هەموو ڕۆژێک لەگەڵ ئوستوار "کەریم نژار" و جارجاریش لەگەڵ ستوان عەبدوڵا ئەفشین ڕاد کە ئەفسەری ئینتزامات بوو، دەچوو لە شەقامەکان و تەنانەت لە قاوەخانە و دوکانەکانی شاری مهاباد سەبارەت بە حکومەتی نوێ پرسیاری لە خەڵک دەکرد. بەیانیی ڕۆژی 1357/10/19 (1879/1/9) دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمی دوعا و وەرزشی ڕۆژانە، پزشکپوور هاتە ڕوکنی یەکەم و داوای کرد کە بچمە لای، چووم، گوتی:

**- (خەڵکی مهاباد زۆر ڕۆشنبیر و زانان. لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەمدا لەگەڵ ئەو خەڵکە، کەسانی زۆر گەورە و زانا دەبینم. چوومە ماڵی سەید قادری جەعفەریی فەرشفرۆش. کتێبخانەیەکی هەیە کە تارانیش**

**کتێبخانەی بەو جۆرەی نیە. هەروەها چاوم بە سەید محەمەد نیزامیی کەوتووە، بەڕاستیی سەید محەمەد کەسایەتییەکی زۆر زانا و تێگەیشتووە، زۆر سیاسییکارە و زۆریش لە مێژوو دەزانێت.).**

شایانی باسە کە سەید محەمەد یەکێک بوو لە گیراوەکانی یەکەم خۆپێشاندانی مهاباد کە لە سێیەم ڕۆژی ناشتنی عەزیز یوسفیی دا لە 1978/6/10 دەستگیر کرا و پزشکپوور دەستی هەبوو لە ئازادکردنی سەید محەمەد و ئەوانی تردا.

## ڕژێمی سەڵتەنەتی بەرەو نەمان

شاپوور بەختیار لەگەڵ محەمەد ڕەزاشا ڕێککەوت کە بۆ ماوەیەک شا ئێران بەجێبهێڵێت، بەڵام بەرلە بەجێهێشتنی، شورای سەڵتەنەتی هەڵوەشێنێت و شورایەکی باڵای سوپا لە فەرماندەکانی هەر سێ هێزی زەمینیی، ئاسمانیی، دەریایی و ئەرکانی سوپا پێکبهێنێت، تا بەختیار بە پشتیوانیی ئەو شورایە حکومەت بەڕێوە بەرێت. شا شورای سەڵتەنەتیی هەڵوەشاند و ڕۆژی 1357/10/24 (1979/1/14) شورای باڵای سوپای بە سەرۆکایەتی ئەرتەشبود عەباس قەرەباغی "سەرۆکی باڵای سوپای ئێران" پێکهێنا. ئەندامانی شورای باڵای سوپا بریتی بوون لەو 27 ئەفسەرانەی خوارەوە:

1- ئەرتەشبود عەباس قەرەداغی: سەرۆکی ئەرکانی باڵای سوپای شاهەنشاهی ئێران.

2- ئەرتەشبود عەباس شەفەقەت وەزیری بەرگری ئێران.

3- ئەرتەشبود حوسێن فەردوست سەرۆکی نوسینگەی تایبەتیی ئیتلاعاتی ئێران.

4- سپەبود هوشنگ حاتەم جێگری ئەرکانی باڵای سوپای شاهەنشاهی ئێران.

5- سپەهبود ناسر موقەدەم جێگری وەزیری بەرگری و سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی "ساواک".

6- سپەهبود عەبدولعەلی نەجیمی نائینی ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەرکانی باڵای سوپا.

7- سپەهبود ئەحمەد عەلی محەقیقی فەرماندەی ژاندارمەری ئێران.
8- سپەهبود عەبدولعەلی بەدرەیی فەرماندەی هێزەکانی زەمینیی سوپای شاهەنشاهی.
9- سپەهبود ئەمیر حەسەنی ڕەبیعی فەرماندەی هێزەکانی ئاسمانیی سوپای شاهەنشاهی.
10- دەریاسالار کەمال حەبیبولایی فەرماندەی هێزەکانی دەریایی سوپای شاهەنشاهی.
11- سپەهبود عەبدولمەجید مەعسومی نائینی جێگری پەرلەمانیی وەزارەتی جەنگ.
12- سپەهبود جەعفەر سانعی جێگری لۆجیستیکی هێزەکانی زەمینیی.
13- دەریاسالار ئەسەدولا موحسین زادە جێگری هێزەکانی دەریایی.
14- سپەهبود حوسێن جهانبانی جێگری پرسنلیی هێزەکانی زەمینیی سوپای شاهەنشاهی.
15- سپەهبود محەمەد کازمی جێگری پلان و بەرنامەی هێزەکانی زەمینیی.
16- سەرلەشکر کەبیری سەرۆکی دەزگای دادی ئێران.
17- سەرلەشکر خەلیل بەخشی ئازەر سەرۆکی ئیدارەی پێنجەمی سوپای ئێران.
18- سپەهبود عەلی محەمەد خواجەنوری سەرۆکی ئیدارەی سێیەمی سوپای ئێران.
19- سەرلەشکر پەرویز ئەمین ئەفشار سەرۆکی ئیدارەی دووەمی سوپای ئێران.
20- سپەهبود ئەمیر فەرهەنگ خەلعەتبەری جێگری عەمەلیاتیی هێزەکانی زەمینیی سوپا.
21- سەرلەشکر محەمەد فەرزام سەرۆکی ئیدارەی حەوتەمی هێزەکانی زەمینیی سوپا.
22- سپەهبود جەلال پژمان سەرۆکی ئیدارەی چوارەمی هیزەکانی زەمینیی سوپا.

23- سەرلەشکر مەنوچێر خەسرەوداد فەرمانندەی فڕۆکەوانیی هێزەکانی زەمینیی سوپا.
24- سپەهبود ناسر فیروزمەند جێگری ئەرکانی باڵای هێزەکانی سوپا.
25- سپەهبود موسا لاریجانی سەرۆکی ئیدارەی یەکەمی سوپا.
26- سپەهبود محەمەد ڕەحیمی ئابکەناری سەرۆکی ئاجودانیی ئەرکانی سوپا.
27- سپەهبود ڕەزا تەباتەبایی وەکیلی سەرۆکی ئیدارەی بازرەسی ئابووری سوپا



تهران ۱۶ ژانویه ۱۹۷۹
هنگام ترک ایران برای اولین بار در ملا عام گریه می کند
درجه داری به التماس از او میخواهد که از کشور نرود

بە نوسینی "غولامڕەزا نەجاتی لە کتێبی مێژووی بیست و پێنج ساڵەی ئێران"دا کە بەشێکی لە سایتی "hawza.net" دا بڵاوکراوەتە، ئەرکی شورای باڵای سوپا پشتیوانیی کردن بوو لە حکومەتی شاپوور بەختیار لە چوارچێوەی دەستور و یاساکانی ئێراندا. دوای پێکهاتنی ئەو شورایە، شا ڕۆژی 1357/10/26 (1979/1/16) ئێرانی بەجێهێشت و چوو بۆ وڵاتی میسر. دەیویست وەک ساڵی 1953 ڕێگەی بۆ خۆش بکەن کە پاش ماوەیەک

دووباره بگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەڵام ئەوە دوا سەفەر و کۆتایی 57 ساڵەی دیکتاتۆرییەتی بنەماڵەی پەهلەوی بوو لە ئێراندا. ڕۆژنامەی ئیتلاعات ڕاکردنی شای بە مانشێتی **"شا رفت"** ڕاگەیاند و ڕۆژنامەکانیتریش بە مانشێتی "ڕێگە بۆ دیموکراتی کرایەوە"، کۆتایی ڕژێمی پاشایەتیان ڕاگەیاند. هەروەها شا لە دوا وتووێژی خۆیدا لە ئێران ڕایگەیاند: **(ماوەیەکە هەست بە ماندووبوون دەکەم و پێویستم بە حەسانەوە هەیە و پێشتر ڕامگەیاندبوو کە ئەگەر حکومەت جێگیر ببێت، ئەوا ئەم گەشتە دەکەم.)** شا ڕایگەیاند کە یەکەم خاڵی گەشتەکەی بۆ "ئەسوان" لە میسر دەبێت.

هەروەها ڕۆژنامەکان ڕایانگەیاند: کاتێک شا و بنەماڵەکەی و ژمارەیەک لە ئەندامانی دەربار دەیانویست سواری فڕۆکە ببن، ئەرتەشبود قەرەباغی لێی نزیک بووەوە و پرسی: **(ئەگەر کارێکمان پێت هەبوو، چۆن و بە چ شێوەیەک پەیوەندییت پێوە بکەین؟)** شا ڕوی تێکرد و بە زەردە خەنەیەکی تاڵەوە کە دەربڕی دەرونی شێواوی بوو، بێدەنگ سەری خۆی شۆڕ کرد و سواری فڕۆکەکە بوو. شا لەناو فڕۆکەکەوە گەڕایەوە بەر دەرگای فڕۆکەکە و بە بەرزکردنەوەی دەستی، دوایین ماڵئاوایی لە خەڵکەکە و ئێران کرد.

## گەڕانەوەی ئایەتوڵا خومەینی بۆ ئێران و کۆتاییهاتنی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران

بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەرچوونی شا لە ئێران، خەڵکی مهاباد و شارەکانیتری کوردستان و ئێران ڕژانە سەر شەقامەکانی شار و بە شایی و هەڵپەڕکێ و بڵاوکردنەوەی شیرینی لەناو خەڵکدا، خۆشحاڵیی خۆیان لەو ڕووداوە گرنگە مێژووییە دەربڕی، تەنانەت وێنەی شایان لەسەر پارەی ئێران دڕاند.

ڕۆژی 1357/10/27(1979/1/17) خەڵک لە شارەکانی ئێران خۆیان گەیاندە پەیکەرەکانی شا و ڕەزاشا و ژمارەیەکیان لێ شکاندن. هەر لەو ڕۆژەدا خەڵکی مهاباد لە گۆڕەپانی چوارچرای شار کۆبوونەوە. چوارچرای مهاباد ئەو جێیەیە کە پێشەوا قازی محەمەد لە ساڵی 1946 دا کۆماری کوردستانی لەوێوە ڕاگەیاند و دواتر لە ساڵی 1947 دا بە فەرمانی شا، هەر لەوێ لەگەڵ سەیف و سەدری قازی لەسێدارە درا. حکومەتی ئێران پەیکەرێکی شای لە چوارچرا دانابوو. خەڵکەکە لە دەوری پەیکەرەکە کۆبوونەوە و وەستا "حوسێنی ئاسنگەر" بە کوتکی ئاسنگەریی و بەرگی کاوەی ئاسنگەرەوە چووە سەر پەیکەرەکە و بە کوتک لەسەر و ڕووی پەیکەری شای دا، کەچی بۆی نەشکا!



بە سەرهەڵدانی ئەو دیمەنە لە ئێراندا، بەختیار بە فەرماندەکانی سوپای ڕاگەیاند کە لە چەند شاری وەک مهاباد، پەیکەری شا و ڕەزاشا دابگرن. لە مهاباد سەرتیپ پزشکپوور بە سەرهەنگ دووەم ئیرەج قادری فەرماندەی گوردانی 115ی ڕاسپارد کە هەردوو پەیکەری محەمەد ڕەزا و ڕەزا شای باوکی لە گۆڕەپانی چوارچرا و گۆڕەپانی مەلاجامی دابگرن. سەرهەنگ قادری کاتژمێر دوازدەی شەوی 27 لەسەر 1357/10/28 (17 لەسەر 1979/1/18) کە زۆربەی خەڵکی مهاباد لە خەودا بوون، بە جەرەسەقیلێک و دوو ئوتۆمبێلی بارهەڵگر و ژمارەیەک سەرباز، سەرەتا پەیکەری شای لە چوارچرا داگرت و دواتر چووە مەیدانی مەلاجامی کە پەیکەری ڕەزا شا دابگرێت. بە هوتافکێشانی منالانی گەڕەکی سەربەرداش و مەلاجامی، من و ژمارەیەک خەڵکی گەڕەکی سەربەرداشی لە ماڵەوە هاتینە دەرەوە، بینیمان مێرمنالانی گەڕەکەکانی دەوروبەری گۆڕەپانی مەلاجامی لە دەوری ژمارەیەک سەرباز کۆبوونەتەوە و هوتافدەکێشن و بە دەنگی بڵند دەڵێن: **(ڕەزا شا پەتی پساند).**

سەربازەکان گوریس لە پەیکەری ڕەزا شا دەبەستن کە دایبگرن، بەڵام گوریسەکە بەرگەناگرێت و دەپچڕێت. بۆ جاری دووەم کابڵی جەرەسەقیل لە پەیکەرەکە دەبەستن و پەیکەرەکە بەسەر سەردا دەخەنە خوار و سەری دەپەڕێت. پەڕینی سەری پەیکەری ڕەزا شا دەبێتە هۆی خۆشیی و شادمانیی خەڵکەکە و منالەکان ڕادەکەنە سەر کەللە سەرەکە و سواری دەبن. سەربازەکان بە هەوڵێکی زۆر پەیکەرەکەیان لەدەست منالان وەرگرتەوە و گواستیانەوە بۆ سەربازگە و پزشکپوور هەردوو پەیکەرەکەی لە عەمباردا ڕاگرت.

ڕۆژی 1357/10/28 (1979/1/18) خەڵکی مهاباد لە خۆپێشاندانێکی مەزنی جەماوەرییدا کە مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی سیاسی و ڕوناکبیر بەشدارییان تێدا کرد، لە مەیدانی مەلاجامی چوونە سەر پایەی پەیکەرە ڕوخاوەکەی ڕەزا شا و وێنەیەکی پێشەوا قازی محەمەدیان لە جێی پەیکەری ڕەزا شا دانا و بەو جۆرە یادی کۆماری کوردستان و پێشەوایان لە دڵی خەڵکی کوردستاندا زیندووکردەوە.

شایانی باسە ڕەحمان قازی نیگارکێشی دەستڕەنگین ئەو وێنەیەی پێشەوای کێشابووەوە.



بەهەرحاڵ ئێران لە سەردەمی بەختیاردا بە خێرایی بەرەو دیموکراسی دەچوو، بەڵام ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەی کە لە دەرکردنی شادا دەوریان هەبوو، وەک چریکی فیدایی، موجاهیدینی خەڵک، حیزبی تودە و ...تد، خۆیان بۆ ساخنەکرایەوە و نەیانتوانی لە هەلی ڕەخساو کەڵکوەربگرن و لە ئەنجامدا خومەینی بە کەڵکوەرگرتن لە سەرلێشێواویی ئەوان و نەمانی شا، بەو زەمینە دیموکراتییەی کە بەختیار پێکیهێنابوو، ڕۆژی 1357/11/12 (1979/2/1) بە یاوەریی ژمارەیەک لە لایەنگرانی و ڕۆژنامەنوسی بیانیی بە فڕۆکەیەکی "ئەیر فرانس" لە "نوفل لۆ شاتۆ"ی فەرەنسەوە گەڕایەوە بۆ ئێران. یەکێک لە ڕۆژنامەنوسان لە فڕۆکەکەدا لە خومەینی پرسی: **(ئێستا کە تۆ دوای پازدە ساڵ دەگەڕێیتەوە بۆ ئێران، چ هەستێکت هەیە؟)** خومەینی گوتی: **(هیچ !)**

بەڵێ .... خومەینی بە گوتنی هیچ! پاداشتی فیداکاریی هەزاران شەهید و چەندان میلیارد دۆلار زیانی گەلانی ئێرانی دایەوە. ناوبراو لەناو ئاپۆرەی خەڵکدا کە سەدان هەزار کەس دەبوون لە فڕۆکەخانەی مێهرئابادەوە بە سواری هێلیکۆپتەرێک چووە "بەهشتی زەهرا" کە گۆڕستانی گەورەی تاران بوو. لە بەهشتی زەهرا ڕایگەیاند: **(ئەو پیاوە شارەکانی وێران و گۆڕستانەکانی ئاوەدان کردووەتەوە.)**. ئەمە ئاماژەیەک

بوو کە خومەینی بە سەرەڕۆییەکانی شا و تاوانەکانی ڕژێمی 57 ساڵەی بنەماڵەی پەهلەوی کرد، کەچی خۆی لایەنگرانی لە ماوەیەکی زۆر کەمیی دەسەڵاتدارییەتیدا ڕوی شایان سپی کردەوە و زیاتر لە شا گۆڕستانەکانیان ئاوەدان و شارەکانیان وێرانکرد.



**گەڕانەوەی ئایەتوڵا خومەینی بۆ ئێران**

هەروەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد خومەینی بەرلە ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی ڕۆژی 1979/1/13 لە فەرەنسە شورایەکی شۆڕشی پێکهێنابوو، چوار ڕۆژ دوای گەڕانەوی بۆ ئێران لە 1357/11/16 (1979/2/5) دا مەهدی بازرگان یەکێک لە ئەندامانی ئەو شورایەی بە سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی ئێران هەڵبژارد. مەهدی بازرگان پێشتر ئەندامی جبهەی میللی و یەکێک بوو لە دۆستان و هاوسەنگەرانی شاپوور بەختیار و یارانی دوکتۆر محەمەدی موسەدەق.

شایانی باسە، بەرلەوەی کە حکومەتی شاپوور بەختیار بڕوخێت، بەشێک لەو 27 ژەنەڕاڵانەی کە لە شورای باڵای سوپادا بوون، بەتایبەتیی ئەرتەشبود عەباس قەرەباغی پەیوەندیی بە مەهدی بازگانەوە کردبوو و بە نهێنی هاوکاریی خومەینی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بە نوسینی "غوڵامڕەزا نەجاتی" لە لاپەڕەی 371 ی بەرگی دووەمی کتێبی "مێژووی

بیست و پێنج ساڵەی ئێران"، ژەنەڕاڵ "هایزەر" ڕاوێژکاری سەربازیی ئەمریکا لە ئێران کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ڕۆژانەی هەبووە بە ئەندامانی شورای باڵای سوپاوە، دەستی هەبووە لە هاندانی ئەفسەرانی شورای باڵای سوپا کە پشتی خومەینی بگرن! تەنانەت نەجاتی بەشێک لە وتەکانی ئەمیر حەسەن ڕەبیعی دەگێڕێتەوە کە لە دادگادا گوتویەتی:

- .... بە دوای کۆبوونەوەی سێیەمدا و دوای ئەوەی کە هایزەر هەندێک دانیشت، گوتی: **(ئەوە شاش ڕۆیشت)**، دیارە گوتنەکەی حاڵەتی فەرمانیی نەبوو، بەڵکوو حاڵەتی دۆستانە و گشتیی هەبوو. هایزەر لە هۆدەکە چووە دەرەوە و بە لیستەیەکەوە گەڕایەوە کە ناو و ژمارە تەلەفۆنی نوێنەرانی ئیمامی تێدا بوو. گوتی: **(من وا بیردەکەمەوە کە لە مەسڵەحەتی سوپایە کە ئێوە پەیوەندی بە نوێنەرانی ئیمامەوە بکەن.)**.

بەهەرحاڵ لەناو ئەو مامەڵە سیاسییەدا شاپوور بەختیاریش بۆ شتێکیتر تێدەکۆشا. هەوڵیدەدا سیستمی دەوڵەتی شاهەنشاهی لە ئێران هەڵبوەشێنێت و سیستمی کۆماریی دابمەزرێنێت. لە هەنگاوی یەکەمدا پەرلەمانی ئێران لەسەر داوای بەختیار ڕۆژی 1367/11/17 (1979/2/6) لایحەی هەڵوەشانی ساواک و لێپرسینەوەی ئەو کەسانەی پەسەندکرد کە بۆ ڕاگرتنی ڕژێمی پاشایەتی زوڵمیان لە خەڵک کردبوو. هەروەها پەرلەمان بڕیاریدا لێپێچنەوە لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت کە بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لە سامانە نەتەوەییەکان وەرگرتووە، هەردوو بڕیارەکە واتای کۆتاییهێنان بوو بە تەمەنی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێراندا.

دوای گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران، ژمارەی پێچەوانە، بۆ سوپا و بەختیار دەستی پێکرد. بەختیار لەوە بێگومان بوو کە سوپا بەرەو هەڵوەشان دەچێت و دەیزانی کە ڕۆژانە هەزاران کەس لە تاران و شارەکان و تەنانەت ئەفسەر و پلەدار و سەربازانی سوپا دەچنە لای خومەینی و نوێنەرانی و ئامادەیی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی خومەینی ڕادەگەیەنن. لەو چوارچێوەیەدا بوو کە ڕۆژی 1357/11/20 (1979/2/9) کۆمەڵێک هومافەر لە هێزی هەوایی سەربازگەی "دۆشان تەپە" ڕاپەرین و پەیوەستبوونی خۆیان بە خومەینی و حکومەتی مەهدی بازرگان ڕاگەیاند و خەڵک بۆ یارمەتیدانیان لە دەوری سەربازگەکە

کۆبوونەوە و تەقە دەستی پێکرد. خەڵکەکە هێرشیان کردە سەر سەربازگەکە و عەمبارەکانی چەک و تەقەمەنییان تالان کرد. رۆژی 1357/11/21 (1979/2/10) شەڕێکی قورس لەنێوان خەڵک و چەکدارانی سەر بە موجاهیدینی خەڵک و چریکی فیدایی خەڵک لە لایەک و چەکدارانی گاردی شاهەنشاهی لە لایەکەیترەوە لە تاران ڕوویدا.

بە نوسینی غولامڕەزا نەجاتی، کاتژمێر 08:00 رۆژی 13570/11/22(1979/2/11)، شاپوور بەختیار داوای لە ئەرتەشبود قەرەباغی و سپەبود ڕەحیمی فەرمانداری سەربازیی تاران کرد کە بێن بۆ بارەگای سەرۆکوەزیران، بەڵام پێیڕادەگەیەنن کە قەرەباغی لە کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگی شورای باڵای سوپا دایە و دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکە دێتە خزمەتتان. شورای باڵا کاتژمێر 10:30 رۆژی 1979/2/11 لە هۆڵی شورا لە بارەگای ناوەندیی ئەرکانی باڵای سوپا بە بەشداریی ئەو 27 ئەفسەرە پێکهات کە پێشتر ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەرتەشبود قەرەباغی کۆبوونەوەکە دەکاتەوە و هۆی بانگهێشتی ئەندامانی شورا ڕادەگەیەنێ و دەڵێت: **(شا ڕۆیشتووە و بە وتەی بەختیار ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ ئێران. سەربازەکان لە سوپا و ناوەندەکانی پەروەردە "ئاموزشی" ڕادەکەن. دوێنێ شەو چەند بنکەی پۆلیس "کەلانتەری" دەستیان بەسەردا گیراوە و فەرماندەکان ناتوانن پێش بە خەڵک بگرن. چەند مانگە کاروباری وڵات ڕاگیراوە و ئایەتوڵا خومەینی دەیەوێ کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنێت و هەروەک ئاگادارن سەرۆکوەزیران بەختیاریش لە پەرلەمان و کۆڕی سەنادا ڕایگەیاند و لە وتووێژەکانیشدا لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان نایشارێتەوە کە دەیەوێ سیستمی پاشایەتی هەڵبوەشێنێ و دەوڵەتی کۆماریی ڕابگەیەنێت، بەڵام لەناو خەڵکدا لایەنگری نیە).** لەو کاتەدا سپەهبود هوشەنگ حاتەم دەڵێت:

**- (شا بە ئێمەی گوتووە پشتی بەختیار بگرین، بەڵام ئێستا کە بەختیار دەیەوێ سیستمی کۆماریی ڕابگەیەنێت، ئەرکی سەرشانی ئێمە نیە کە پشتی بگرین. شا دژی خوێنڕشتن بوو، لەبەرئەوە بە ئێمەی گوت پشتی دەوڵەتی یاسا بگرن، بەڵام ئێستا کە بەختیار دژی یاسا دەجوڵێتەوە، واتای ئەوەیە کە ئاغای بەختیار وەک ئەوانە هەڵسوکەوت دەکات کە دژی**

**حوکمی شاهەنشاهین و نابێت ئێمە پشتی بگرین، دەبێ لەگەڵ میللەت بین و دەست لە کوشتنی خەڵک هەڵبگرین.).**

هەرکە حاتەم قسەکانی تەواو دەکات، سپەهبود ناسر فیروزمەند، سپەهبود عەبدولمەجید مەعسومیی نائینی، سپەهبود ئەمیر فەرهەنگ خەلعەتبەری، سپەهبود حوسێن جهانبانی، ئەرتەشبود حوسێن فەردوست، ئەرتەشبود جەعفەر شەفەقەت پشتگیریی حاتەم دەکەن و لە ئەنجامدا قەرەباغی دەڵێ پروتۆکۆڵی کۆبوونەوەکە بنوسن. سپەهبود ناسر فیروزمەند و سپەهبود موسا لاریجانی پروتۆکۆڵەکە دەنوسن و دوای چەند گۆڕانکارییەک، کاتژمێر 13:15ی ڕۆژی 1979/2/11 ئەم ڕاگەیاندیان لە ڕادیۆ بڵاوکردەوە:

**ڕاگەیاندنی سوپا**

**سوپای ئێران ئەرکی بەرگرییکردنە لە سەربەخۆیی و تەواوییەتی خاکی ئێرانی خۆشەویست و تا ئێستا لە سەرهەڵدانە ناوخۆییەکاندا هەوڵیداوە پشتی دەوڵەتی یاسا بگرێت و ئەو ئەرکەی بە هەموو توانایەوە جێبەجێ بکات. بە لەبەرچاو گرتنی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی وڵات، شورای باڵای سوپا کاتژمێر 10:30 ڕۆژی 1357/11/22 کۆبووەوە و بڕیاریدا بۆ بەرگرییکردن لە ئاژاوە و خوێنڕشتنی پتر، بێلایەنیی خۆی لە کاروباری سیاسیدا ڕابگەیەنێت. لەو چوارچێوەیەدا فەرمانی بە یەکە سەربازییەکان داوە کە بگەڕێنەوە سەربازگەکانیان. سوپا هەمیشە پشتیوانی میللەتی شەریف و نەجیب و نیشتمانپەروەری ئێران بووە و بەو شێوەیەش دەمێنێت و بە هەموو هێزییەوە پشتیوانیی لە داخوازییەکانی میللەتی شەریف دەکات.**

**1359/11/22**

دوای گەڕانەوەی یەکە سەربازییەکان بۆ سەربازگەکانیان، لایەنگرانی خومەینی کاتژمێر 21:40 سپەهبود "مەهدی ڕەحیمی" فەرمانداری سەربازیی تارانیان دەستگیر کرد و لە خوێندنگەی "ڕفا" لە تاران کە بارەگای خومەینی بوو، زیندانییان کرد. لە کاتژمێر 22:10 دا دەستیان بەسەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی تاراندا گرت و فیلمی ڕاپەڕینی هومافەرەکانی سەربازگەی "دوشان تەپە"یان پێشاندا.

بەختیار پێشتر بڕیاریدابوو کە ئەگەر حاڵەتێکی وا ڕوبدات، کودیتای سەربازیی دەکات و خومەینی و نوێنەرانی دەگرێت، کەچی سوپا هەڵوێستی بێلایەنیی وەرگرت و ڕێنوێنیی ژەنەڕاڵ هایزەریش ئەوە بوو کە بەبێ هاودەنگیی تەواو لەگەڵ ئەمریکادا، نابێت کودیتا بکەن و پێویستە پەیوەندیی بە بازرگانەوە بکەن. لە لایەکیترەوە مەهدی بازرگان ڕایگەیاند کە ڕێگەیەک بۆ شاپوور بەختیار نەماوە کە بتوانێت پارێزگاریی لە حکومەتەکەی بکات. لەبەرئەوە شاپور بەختیار بە یارمەتی چەند دۆستێکی نزیکی، ئێرانی بەجێهێشت و چووە فەرەنسە و لەوێ نیشتەجێ بوو. شایانی باسە کە دواتر تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران شاپوور بەختیاریان تیرۆر کرد. لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.



کابینەی حکومەتی کاتیی بازرگان، لە گوگل وەرگیراوە

دوای ڕاکردنی بەختیار لە ئێران و ڕاگەیاندنی حکومەتی کاتیی لە ئێراندا بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان، ئەرتەشبود عەباس قەرەباغی شوێنی خۆی پاراست و تا ماوەیەک لە پۆستی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپادا مایەوە و دواتر ڕایکردە دەرەوەی وڵات و سەرلەشکر قەرەنی جێگەی گرتەوە. حکومەتی کاتیی لە دەستپێکی کارەکانیدا جگە لە سەرلەشکر مەهدی ڕەحیمی فەرماندار سەربازیی تاران، ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ساواک و فەرماندەکانی بالآی سوپای گرت و لە دادگاییکردنێکی بەپەلەدا کە حوجەتولئیسلام سادق خەلخالی سەرۆکایەتی دەکرد، گوللەبارانی کردن. لەناو ئەو 27 کەسەی شورای

بالاّی سوپاشدا، هوشنگ حاتەم، ناسر مقدەم، ئەمیر حەسەن ڕەبیعی، حوسێن جهانبانی، خەلیل بەخشی ئازەر، پەرویز ئەمین ئەفشار لەگەڵ دوو لە براکانی، ئەمیر فەرهەنگ خەلعەتبەری، مەنوچێهر خەسرەودادیان گوللەباران کرد و سپەهبود عەبدولعەلی بەدرەییان تیرۆر کرد.

بە هەرحاڵ ڕوخانی ڕژێمی گەندەڵی پەهلەوی قازانجێکی زۆری بە نەتەوەی کورد گەیاند. ڕێگەی بۆ گەلی کورد کردەوە کە ڕێکخراوەکانی ببوژێنێتەوە و پەرە بە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە بدات. پەیمانی ساڵی 1975ی جەزایر لەنێوان شا و سەدام حوسێن، لەلایەن سەدام حوسێنەوە هەڵوەشایەوە. ڕۆژهەلاّتی کوردستانی بوو بە پێگەیەکی ئازاد بۆ بزوتنەوەی کوردەکانی باشور و باکوری کوردستان. هەروەها ڕێگەی بۆ کوردەکانی ڕۆژهەلاّتی کوردستانیش کردەوە کە داوا ڕەواکانیان بخەنە بەرباس و خەباتیان بۆ بکەن.

هەر وەک ئاماژەم بۆ کرد بەرلە ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی بەشێکی زۆر ئەفسەر و کاربەدەستی بالاّی حکومەت و ئەندامانی پیاوانی ساواک و ڕوکنی دووەم و زیدیئیتلاعات لەترسی گیانیان ڕایانکرد و ژمارەیەکی کەمیشیان گیران. بەشێکیان لە دادگایی کردنێکی زۆر بەپەلە و نادیموکراتیدا گوللەباران کران و ژمارەیەکیشیان لە ئێران و لە ناو سوپادا مانەوە. لە مهاباد ئەندامانی زیدیئیتلاعات و ڕوکنی دووەم و جاسوسە نهێنییەکانیان لەجێی خۆیان مانەوە و دەیانویست لە ڕژێمی تازەدا جێ پێی خۆیان قایم بکەن و درێژە بە تاوانەکانیان بدەن.

لەو پرۆسەیەدا پێگەکانی ژاندارمەری لە گوندەکان و جادەکانی کوردستان کۆتاییان بە زەبروزەنگ هێنا و بەبێ ئەوەی کە پارێزگاریی لە پێگەکانیان بکەن زۆربەی پێگەکانی ناوچەی سەردەشت و مهاباد لە لایەن خەڵک و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستانەوە چەککران.

بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1357/11/23 (1979/2/12) دا، لە ڕەوتی هاودەنگیی سوپا لەگەڵ گەلانی ئێران، خەڵکی سنە ڕژانە ناو شەقامەکانی شار و پەیکەری شایان لە گۆڕەپانەکان

دابەزاند. هەروەها خەڵک هێرشیان کردە سەر ساواک و لە ئاکامدا لەگەڵ تەقەی ساواکییەکان ڕوبەڕوو بوونەوە. لەو تەقەکردنەدا کەسێک بەناوی "بەهزاد ئەردەڵان" شەهید و هەژدە کەسیی تریش برینداربوون. خەڵکی سنە شارەبانی و کەلانتەرییەکانی شاریان سوتاند.

## چەککردنی شارەبانیی و هەنگی ژاندارمەریی مهاباد

هاوکات لەگەڵ هێرشکردنی خەڵک و ڕێکخراوی چریکی فیدایی و موجاهیدینی خەڵکی ئێران بۆسەر بنکەکانی پۆلیس و سەربازگەکانی سوپا لە تاران و هەروەها هێرشی خەڵکی سنە بۆ سەر بنکەی ساواکیی پارێزگای کوردستان لە ڕۆژی 1357/11/22 (1979/2/11) دا، چەند لاو و کەسایەتیی بەهەست و خاوەن بیری سیاسیی، لە مهاباد بڕیاردەدەن بنکەی کەلانتەریی ئەو شارە چەک بکەن.

بەرلە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دەچنە لای ماموستا شێخ عیزەدین حوسێنی کە لەم بارەیەوە هەندێک ڕێنوێی لێوەرگرن کە ئامۆژگارییان دەکات، بچنە لای غەنی بلوریان و پرس بەو بکەن. ئەوان دەچن و بیرۆکەکەیان دەخەنە بەردەم مامە غەنی کەچی ناوبراو هۆشیاریان دەکاتەوە کە ڕەنگە بە چەککردنی کەلانتەریی، سەربازگە تانک بنێرێت و مهاباد بکاتە پێخوستی تانک و وێرانی بکەن.

وتەکانی مامە غەنی کار ناکاتە سەر ورەی ئەو لاوانە. لەبەرئەوە بەدوای بەجێهێشتنی ماڵی مامە غەنی، سووربوونی خۆیان لەسەر بیرۆکەکەیان دووپات دەکەنەوە. بڕیاردەدەن کاتژمێر 08:00 ڕۆژی دوایی واتە 1357/11/23 (1979/2/12) لە مزگەوتی قوبڵە کۆبنەوە و لەوێوە بچن بڕیارەکەیان جێبەجێ بکەن. لە کاتی دیارییکراودا بە سێ دەمانچە و دوو تفەنگەوە دەچن و کاتژمێر 09:30 لە مزگەوت دەردەکەون کە مامە غەنی بە دەمانچەیەکەوە دەگاتە لایان کە یاوەرییان بکات لە چەککردنی کەلانتەریی و شارەبانیی مهاباددا.

بە چەند ئوتۆمبێلان بەرەو شوێنی مەبەست دەچن و لەبەر دەرگای کەلانتەریی توشی ئەفسەری کێشک و دوو پۆلیس دەبن و ئەوان لە مەبەستی خۆیان ئاگادار دەکەن و بە چەکەوە دەچنە ناو کەلانتەریی.

مینەی کاکە سواریی، کەریم ئەفسەر دلێر و پۆلا نانەوازادە خۆدەگەیەننە سەربانی بینای کەلانتەریی و غەنی بلوریان، کەریم دانیشیار، محەمەد خەسرەوی "زاگرۆس"، محەمەدئەمین مێهرەبانیی، هۆشیار ئیمامی و محەمەد پوورڕەشید "گوگە" و چەند کەسیی تر لە خوارەوە دەمێننەوە و بەڕێوەبەر و پۆلیسەکان چەک دەکەن و بەبێ ئەوەی کە زیانیان پێبگەیەنن، یارمەتیان دەکەن کە بگەڕێنەوە بۆ شارەکانیان.

دوای چەککردنی کەلانتەریی دەستبەجێ کەریم ئەفسەر دلێر و پۆلا نانەوازادە خۆدەگەیەننە یەکەی ژاندارمەریی کە لەگەڵ فرۆشگای سوپا لە چوارچرا هەڵکەوتبوو. لەوێ تەقەیەکیان لێدەکەن، بەڵام کە دەبینن وەڵامیان دەدرێتەوە، ئەوانیش خۆیان بەدەستەوە دەدەن. بە چەک بوونی یەکەی ژاندارمەریی، خەڵک فروشگای ئەرتەش کە لەژێر بینای یەکەی ژاندارمەریی بوو، تالان دەکەن.

دوای چەککردنی یەکەی ژاندارمەریی، کەریم ئەفسەر دلێر و پۆلا نانەوازادە و هەروەها غەنی بلوریان و ژمارەیەکی تر لە کەلانتەرییەوە دەچنە سەر بنکەی شارەبانیی لە بلواری مهاباد بۆ ورمێ و بەبێ هیچ تێکهەڵچوونێک ئەوێش چەک دەکەن.

لەوێوە، پۆلا و کەریم ئەفسەردەلێر لەگەڵ ژمارەیەکی تر بە سواری ئوتۆمبێل بەرەو هەنگی ژاندارمەریی دەچن. لە نزیک ماڵی "برایمی قادرچاوڕەقی" دەبینن 30- 40 کەس کۆبووەتەوە و دەیانەوێت هەنگی ژاندارمەریی چەک بکەن، بەڵام دەترسن تەقەیان لێبکەن. لەوێش پۆلا و کەریم ئەفسەردلێر خۆ دەگەیەننە ناو هەنگی ژاندارمەرییەوە و بە سەرسوڕمانەوە دەبینن هۆدەکان بەتاڵن و بەرلە گەیشتنیان، ژاندارمەکان ڕایانکردووە و پەنایان بۆ سەربازگەی مهاباد بردووە. لە ئاکامدا هەنگی ژاندارمەرییش بەبێ شەڕ و تێکهەڵچوون، بە کۆمەڵێکی زۆر چەک و تەقەمەنییەوە دەکەوێتە دەست خەڵک.

هەنگی ژاندارمەریی مهاباد ڕووبەڕووی بینا حکومییەکانی "کوی فەرەح" هەڵکەوتبوو، لەوێوە تا سەربازگەی مهاباد کەمتر لە یەک کیلۆمەتر بوو. لە کاتی ڕاکردنی ئەندامانی ژاندارمەری بۆ سەربازگەی مهاباد، تانکەکانی یەکانی تانکی تیپی شاپوور تەقەیان بە ئاسماندا دەکرد تا

ژاندارمەکان بتوانن لەژێر ئاگری تەقەکردنی تانکەکاندا خۆیان بگەیەننە سەربازگەوە.
لە گرتنی شارەبانی و ژاندارمەریی مهاباددا چوار کەس شەهید و چەند کەسیش بریندابوون، دیارە شەهیدەکان بەهۆی ناکارامەیی لەو چەکانەی کە دەستیان کەوتبوو، لە لایەن خۆیانەوە شەهید و بریندار بوون و یەکێک لە بریندارەکان پلەدارێکی تیپی سێ بوو کە گوللەی وێڵی لێکەوت.
ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1357/11/24 (1979/2/13) دا ئاماژەی بۆ چەککردنی شارەبانی و یەکەی ژاندارمەریی و هەنگی ژاندارمەریی مهاباد کرد و لەم بارەیەوە نوسی:
**- (دوێنێ کەڵانتەری، شارەبانی، یەکەی ژاندارمەریی و هەنگی ژاندارمەریی مهاباد یەک بە دوای یەک لە لایەن خەڵکەوە چەککران و چەکەکانیان کەوتە دەست خەڵکەکەوە. لە هێرشکردن بۆ سەر ئەو شوێنانەدا، مەئمورەکان بەرگرییان لەخۆیان کرد و لە تێکهەڵچونێکدا چوار کەس کوژران و چل کەسیش زیانیان پێگەیشت. سێ لە کوژراوەکان بەهۆی ئاشنا نەبوونیان لە بە کارهێنانی چەک کوژران. هەرچەندە تیمسار پزشکپوور فەرماندەی تیپی مهاباد لەسەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ناوەندی مهاباد و ئیمامی جەماعەتی شار هاوپەیمانیەتی خۆیان لەگەڵ شۆڕشی نەتەوەیی ڕاگەیاندووە، بەو حاڵەش سەربازگەی مهاباد دوێنێ لە گەمارۆی خەڵکدابوو. ئایەتوڵا شێخ عیزەدین حوسێنی ئیمام جومعەی مهاباد خەڵکی هۆشیار کردەوە کە هێرش نەکەنە سەر سەربازەکان. هەروەها بە فەرمانی ئیمام جومعەی مهاباد ئەمڕۆ شورای شۆڕش لە مهاباد پێکهات.).**
هەروەکوو ڕۆژنامەی ئیتلاعات ئاماژەی بۆ دەکات، بە دوای چەککردنی شارەبانیی و هەنگی ژاندارمەرییدا، ڕۆژی 1357/11/23 لە مهابادییش وەک تاران و شارەکانی تری ئێران، شورایەک بۆ سەرپەرەشتی کردن و بەڕێوەبردنی کاروباری شاری مهاباد پێکهات. مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی بە سەرۆکی شورا و غەنی بلوریان، مەلا ڕەحیم عەباسی، کەمال دەباغی، حەمەدەمین عیسازادە، حوسێن بەخشی، حاجی مستەفا کەریمی و ژمارەیەکیتر بوون بە ئەندامی. دواتر ئەو شورایە گۆڕانی بەسەرداهات و

مەلا ڕەحیم عەباسی کرا بە سەرۆک و غەنی بلوریان، کەمال دەباغی، حاجی مستەفا کەریمی، سەید محەمەد نیزامی، ڕەحمان عەتاریی، حوسێن بەخشی، محەمەدئەمین عیسازادە "سمکۆ موکری"، ئەبوبەکر وەزیری، حوسێن ئیبراهیمی، محەمەد وەتەمیشی، محەمەد پوررەشید "گوگە"، سەبریە وەتەمیشی، ماپەرە سانی و چەند کەسێکی‌تر بە نوێنەرایەتی سەندیکاکانی کارگەران و بازاڕ و... تد بوون بە ئەندامی شورا. هەروەها بەپێچەوانەی نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات، خەڵکی مهاباد دوای چەککردنی شارەبانی و ژاندارمەریی، سەربازگەی مهابادیان گەمارۆ نەدا، بەڵکوو لە وەڵامی تەقەکردنی تانکەکاندا، ئەوانیش لە دورەوە سەربازگەیان گوللەباران کرد و ئەوەش بوو بە هۆی شەهید و بریندار بوونی ئەو ژمارەیە و گروبانێکی گوردانی 167ی پیادەی تیپی سێی مهاباد.

شایانی باسە هەر ئەو ڕۆژە، ژمارەیەک لە خەڵکی شاری مهاباد چوونە سەر دەزگای هەواڵگریی حکومەت "ساواک"، بەڵام چونکە سەرگورد پەرنیانفەر سەرۆکی ساواک دوای ڕاکردنی شا لە ئێران، دۆسیەکانی گواستبووەوە بۆ ورمێ و بەشێک لە کەلوپەلەکانی هێنابووە سەربازگەی مهاباد، خەڵکەکە دەستیان نەگەیشتە بەڵگەنامەکانی ساواکی مهاباد.

بە هەر حاڵ بۆ ڕونکردنەوەی پتری ڕووداوی چەککردنی کەلانتەریی، شارەبانی، یەکەی ژاندارمەریی و هەنگی ژاندارمەریی مهاباد، پەیوەندیم بە کەریم دانیشیار، پۆلا نانەوازادە و غەنی بلوریانەوە گرت:

**کەریم دانیشیار:** ئێوارەی ڕۆژی 22 ی ڕێبەندان بۆ وەرگرتنی هەندێک ئەزموون و ڕێنوێنی سەردانی مامۆستا شێخ عیزەدینمان کرد. دوای ڕۆیشتنی میوانەکانی مامۆستا، هۆی هاتنی خۆمان کە بریتی بوو لە چەککردنی ناوەندی پۆلیسی شاری مهاباد باس کرد. ئێمە ئەو کەسانە بووین: پۆلا، زاگرۆس، محەمەد خ، سلێمان ح، کەریم دانیشیار. دوای باسکردنی بابەتەکە مامۆستا هیچ بڕیارێکی دیارییکراوی لەسەر ئەم بابەتە نەداینێ و گوتی سەردانی مامە غەنی بکەین و بزانین ئەو لەم بارەیەوە چیدەڵێت. هەر ئەو شەوە چووینە دیتنی مامە غەنی، بەڵام بەهۆی بوونی میوان لە ماڵەکە، لە دەوری ماڵەکەی سەبرمان گرت تا

میوانــەکان ڕۆیشــتن. ئێمــە دەوری 12 ی شــەو چووینــەلای مامــە غــەنی. هەرکە مەسەلەکەمان باسکرد، مامە غەنی لە یەک دانیشتندا یەک جێ و بەبێ هەستان گوتی: **(ئەم کارە گەلێک مەترسیی هەیە و ئەگەر ئەو کارە بکرێت، ئەرتەش لە پادگانەوە شار دەکاتە پێخوستی تانک و وێرانی دەکات.)** لەبەر ئەوە دانیشتنەکەمان زۆری نەخایاند و ڕۆیشتین. کاتی بەجێهێشتنی ماڵی مامە غەنی ئێمە هەروا سوربووین لەسەر بڕیاری خۆمان. شەو تا 01:30 بەیانی خولاینەوە و بڕیارماندا بەیانی زوو لە مزگەوتی قوبڵە کە مزگەوتێکی ئەهوەن بوو، کۆببینەوە و خۆمان ڕێکبخەین. هەر ئەو شەوە کەریم ئەفسەر دلێر ئاگادار کرا کە بەیانی دەوری کاتژمێر 07:00 بە چەکەوە بێتە مزگەوتی قوبڵە. شایانی باسە کە چەکی کلاشینکۆفی منیش هەرلە ماڵی کوریم تاقەت کرابوو. بەیانی ئەو ڕۆژە 1357/11/23 کاتژمێر 08:00 ، کەریم دانیشیار، کەریم ئەفسەردلێر. پۆلا، زاگرۆس، سلێما ح و مینەی کاکەسواریی کۆبووینەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا سێ دەمانچە و دوو تفەنگی کلاشینکۆڤ و سیمیرنۆفیمان پێبوو. کۆمیتەیەکی سیاسیی و کۆمیتەیەکی نیزامیمان دانا. مینە دەمانچەیەک و تفەنگێک و خەنجەرێکی پێبوو، پۆلا کلاشینکۆف، کەریم دانیشیار دەمانچە و سلێمان ح دەمانچە، لە مزگەوت هاتینەدەر، کەچی لەوێ مامە غەنی بە تەنیایی لێمان دەرکەوت و بوو بە هاوڕێمان. مامە غەنی دەمانچەیەکی پێبوو. کاتژمێر 09:30 بە ئوتۆمبێلی برادەرێک خۆمان گەیاند کەلانتەریی. کەریم دانیشیار، زاگروس و سلێمان بەرەو دەرگا چووین و کەریم ئەفسەردلێر، مینە و پۆلا چوونە سەربانی. لەبەر دەرگا ئەفسەری کێشک و دوو پاسەوان وەستابوون و ئەفسەرەکە لێیپرسین فەرمایشێکتان هەیە، من دەمانچەکەم پێشاندا و ئەویش لەگەڵمان هاتە ژورەوە و گوتی ئێمە دەست ناکەینەوە. پاسەوانەکانمان ڕاگواست و ناردمانەوە بۆ شارەکانیان.

**پۆلا نانەوازادە:** ئێوارەی ڕۆژی 1357/11/22، لەگەڵ مینەی کاکەسواری، حەمەدەمین مێهرەبانیی، زاگرۆس خەسرەوەی، کەریم ئەفسەردلێر و محەمەد "گوگە" بڕیارماندا بچین شارەبانیی و دامەزراوە حکومییەکان داگیر بکەین. شەو چووین پرس بە مامە غەنی بکەین، بەلام ئەو

هاوئاهەنگی لەگەڵ نەکردین. بەیانی ڕۆژی دوایی کاتژمێر هەشت ئێمە لەبەر دەرگای مامۆستا شێخ عیزەدین کۆبووینەوە و لەوێوە چووین بۆ مزگەوتی قوبڵە. لەوێ دوو کۆمیتەی سیاسیی و سەربازییمان دامەزراند. خەلیل بلوریان، سلێمان ح، زاگرۆس خەسرەوی، محەمەد خ و کەریم دانیشیار بوون بە کۆمیتەی سیاسیی و پۆلا نانەوازادە، کەریم ئەفسەردلێر، مینەی کاکەسواری، حەمەدەمین مێهرەبانیی و محەمەد گوگە بووین بە کۆمیتەی سەربازیی.

گوتمان کۆمیتەی سیاسیی بڕیار بدات و ئێمەش دەچین بڕیارەکە بەڕێوەدەبەین. ئەوان بڕیاریاندا و کاتێک دەمانویست لە مزگەوت دەرکەوین، مامە غەنی لە کاتێکدا دەمانچەیەکی پێبوو. بە دروشمی بژی چریکی فیدایی خەڵک گەیشتە لامان. مامە لای وابوو کە ئێمە لە لایەن چریکەکانەوە هاندراوین، بەڵام هیچکام لە ئێمە پەیوەندیمان بە چریکی فیداییەوە نەبوو. گوتی منیش دێم. پێکەوە چووینە کەلانتەریی، ژمارەیەک زۆر لە دەوروبەری کەلانتەریی کۆببوونەوە کە ئێمەیان بە چەکەوە بینی هەندێک کشانەوە. ئێمە چووینە ناو کەلانتەریی و بەڕێوەبەر و پاسەوانەکان گوتیان ئێمە بەربەرەکانی ناکەین. من و مینەی کاکە سواریی و کەریم ئەفسەر دلێر چووینە سەربانی کەلانتەریی و لەوێوە من بە کلاشینکۆڤ گوللەیەکم لە هەوا کرد. ئێمە دەرگای زیندانمان شکاند و زیندانییەکانمان ئازاد کرد.

دوای چەککردنی کەلانتەریی چووینە سەر یەکەی ژاندارمەریی، لەوێ تەقەیەکیان لێکردین و ئێمە چەند گوللەمان پێوەنان و ئەوانیش خۆیان بەدەستەوەدا. بە چەککردنی یەکەی ژاندارمەریی، خەڵک فروشگای ئەرتەشی تالان کرد. لەگەڵ کەریم ئەفسەردەلێر خۆمان گەیاندە شارەبانیی مهاباد لە بڵواری مهاباد بۆ ورمێ و بەبێ تەقە، ئەویشمان خستە دەست خەڵک و ئەم جارە بە سوار ئوتۆمبێل بەرەو هەنگی ژاندارمەریی چووین. لە نزیک ماڵی "برایمی قادرچاوڕەقی" ژمارەیەکی زۆر خەڵک کۆببووەوە و دەترسان بەرەو هەنگی ژاندارمەریی بچن کە لەوێش من و کەریم ئەفسەردلێر خۆمان گەیاندە ناو هەنگی

ژاندارمەرییەوە و بە سەرسوڕمانەوە دیتمان هەموو هۆدەکان بەتاڵن و ژاندارمەکان بە چەک و تەقەمەنییەکی زۆرەوە بەجێیان هێشتووە.
**غەنی بلوریان:** کاتژمێر دەوروبەری 09:00 ی ڕۆژی 1357/11/23 بوو. لەکن قاوەخانەی عیمادی ئاگاداریان کردم شارەبانی ئالای سپی هەڵکردووە. هەروەها گوتیان مینەی کاکە سواریی و چەند کەسێک لە مزگەوتی قوبڵە کۆبوونەتەوە کە بچن شارەبانی چەک بکەن. من دەستبەجێ چووم کە هێز وەرگرم و مینە لەگەڵ خۆم بەرم. لەگەڵ مینە و ئەو چەند کەسە بە ئوتۆمبێل چووینە کەلانتەریی، ئالای سپییان هەڵکردبوو. دوای وەرگرتنی کەلانتەریی، مینە و میهرەبانییم لەوێ دانا و لەگەڵ ژمارەیەک چووینە شارەبانی. کوڕی خەلیل مۆشی کە پاسەبان بوو لەوێ بوو. لەگەڵ شێخ عیزەدین، سەعید هومایون، ڕەحیم خەڕازیی و ڕەحیم سەیفی قازی بە لیستەی چەکی عەمبارەکانمان وەرگرت و بۆمان ئیمزا کردن، کەچی دوای ڕۆیشتنی ئێمە شارەبانی تالان کرا.
بە چەککردنی هەنگی ژاندارمەریی مهاباد، پاسگاکانی ژاندارمەری لە گوندەکان و جادەکانی ناوچەی مهاباد و سەردەشت کۆتایی بە زەبروزەنگ دەهێنن و بەبێ ئەوەی کە پارێزگارییان لێ بکەن لە پرۆسەیەکی کورتدا، زۆربەیان لە لایەن خەڵک و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستانەوە چەککران.

### قازی شەرع و یەکەم ئیعدامەکان لە ڕژێمی نوێی ئێراندا

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا، ژمارەیەکی زۆر ئەفسەر و کاربەدەستی بالای ڕژێمی پێشوو ڕایان کرد و خۆیان گەیاندە دەرەوەی ئێران و چەند کەسێکیش لە لایەن خەڵک و لایەنگرانی خومەینییەوە دەستگیرکران و لە خوێندنگەی "ڕفا" لە تاران کۆکرانەوە. ئایەتوڵا خومەینی بۆ دادگایی کردنیان، ڕۆژی 1357/11/24 (1979/2/13) حوجەتولئیسلام خەلخالی کردە قازی شەرع و فەرمانی پێدا کە گیراوەکان موحاکمە بکات. خەلخالی دەستبەجێ 25 ئەفسەری لە دادگاییەکی ڕەواڵەتیی کورتخایەندا بە مەرگ مەحکوم کرد و بڕیاری گوللەباران

کردنیانی دا، کەچی لە کاتێکدا کە دەیانویست ئەو 25 کەسە بەرن گوللەبارانیان بکەن، بە خەلخالی گوترا تەنیا چوار کەسیان ئیعدام بکات. بەو بۆنەیەوە خەلخالی ڕۆژی 1358/11/27 (1979/2/16) ئەو چوار ئەفسەرانەی خوارەوەی گوللەباران کرد:

1- ئەرتەشبود نەسیری سەرۆکی ساواکی ڕژێمی ئێران

2- سەرلەشکر ڕەزا ناجی فەرماندەی تۆپخانە و فەرماندای سەربازیی ئیسفەهان

3- سەرلەشکر مەهدی ڕەحیمی فەرماندای سەربازیی تاران

4- سەرلەشکر مەنوچێهر خەسرەوداد فەرماندەی هەوانیروز

خەلخالی لەدوای ئەو ئیعدام کردنانە ژمارەیەکی زۆریتریشی لە ئێران و کوردستان ئیعدام کرد. لەنێوان ئەو ئیعدام کراوانەدا کە بە نوسینی خۆی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا ژمارەیان گەیشتە 1310 کەس. لەوانە ژمارەیەکی زۆریان بەتایبەتیی کوردەکان، بەبێ تاوان ئیعدام کراون! کە لەجێی خۆیدا ئاماژەیان بۆ دەکەم.




ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تیۆرییەکی بۆ ئیعدام کردنەکانی خەلخالی هەبوو کە دەیگوت:

**- (ئەوانەی کە تاوانیان کردووە، ئەوە بە سزای خۆیان گەیشتوون و ئەوانەش کە بەبێ تاوان ئیعدام دەکرێن، زیان ناکەن و دوای مردنیان دەچنە بەهەشت).**

## بیرۆکەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد

هەروەک گوتم هاوکات لەگەڵ تەقەکردنی تانکەکانی یەکەی تانکی تیپی شاپوور لە 1357/11/23 (1979/2/12)، خەڵکی مهابادیش کە بە چەکی شارەبانی و هەنگی ژاندارمەری و پاسگا چەککراوەکانی ژاندارمەری پڕچەک ببوون، بەرەو سەربازگەی مهاباد تەقەیان دەکرد. لە ئاکامی ئەو تەقەکردنەدا گروبانێکی کوردی سەقزیی لە گوردانی 167ی پیادە کە لەسەر تانکێک ڕاوەستابوو، بە گوللەیەکی وێڵ بریندار بوو.

دوو مانگ بەرلە ڕاکردنی شا لە ئێران، سەربازگەی مهاباد لە ئامادەییدا بوو. بە مەودای پەنجا مەتر پەنجا مەتر. مەرتەرێزیان لە دەوری سەربازگە هەڵکەندبوو و بە بەردەوامی سەربازیان تێدا بوو. یەک لە سێی ئەفسەر و پلەدارەکان شەوانە لە سەربازگە دەمانەوە و ڕێیان بە سەربازەکانیش نەدەدا کە بە شەو لە دەرەوەی سەربازگە بمێننەوە. هەموویان پڕچەک کرابوون و ئەوانەی لە سەربازگە دەمانەوە، کاتی نوستنیش تفەنگیان پێبوو. ژمارەی سەربازانی ئامادە و گەشتیان دووقات کردبوو.

هاوکات لەگەڵ چەک کردنی شارەبانی و هەنگی ژاندارمەریی زەمینە بۆ چەککردنی سەربازگەی مهابادیش پێکهات. گروبان یەکەم کەریم پورقوباد کە لەکاتی تەقە کردنەکەدا لە ڕوکنی یەکەم لە لای من بوو، پێشنیازی چەککردنی سەربازگەی ڕاگەیاند و من لەسەر پێشنیازی ئەو کە دوستی نزیک و باوەڕپێکراوم بوو، هەر ئەوکاتە چووم و پێشنیازەکەم بە غەنی بلوریان گەیاند، کەچی ئەو گاڵتەی بەو پێشنیازە هات و گوتی: **(ئێمە سەربازگەمان بۆچیە، بە بڕوای من نابێ لە مهاباد کارێکی وا بکرێت کە زیان بە خەڵک بگات. تۆ دەزانی جیاوازیی لەنێوان شارەبانی و سوپادا هەیە و ئەگەر ئەوان دەستبکەنەوە، ئەوا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێتاوان دەکوژرێن. نا ئەمن لەگەڵ ئەو پێشنیازەدا نیم!).**

کاتژمێر 1800 ی ڕۆژی 1357/11/24(1979/2/13) ، مامە غەنی تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: **(برادەرێک دێتە لات چاوی پێتبکەوێت.)** ئەو کەسەی کە چاوەڕوانی بووم لەگەڵ برادەرێک هات و خۆی بە ناوی

"شەریف" و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات ناساند. من شکی ئەوەم نەکرد کە دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری حیزب بێت. لەگەڵیان سوار ئوتۆمبێل بووم و بەرەو جادەی میاندواو چووین. لەژێر پێچەکانی "کەڵکی بەگزادە" گەڕاینەوە. لە ڕێگەدا شەریف گوتی: **(پێشنیازێکت بە مامە غەنی کردووە کە ئێمە زۆرمان بە دڵە. ئەگەر ئێمە هێزمان نەبێت و نەتوانین بەرگریی لە خۆمان بکەین، هەرگیز حکومەتی ئێران وەڵامی داواکانمان ناداتەوە.).**

لە وەڵامدا گوتم: کاتێک پێشنیازی چەککردنی سەربازگەی مهابادم بە مامە غەنی کرد، سەربازگە ئاژاوەی تێکەوتبوو، بە ڕادەیەک ئاڵۆز بوو کە دەستبەسەرداگرتنی کارێکی زۆر دژوار نەبوو، بەڵام ئێستا هەموو شتێک گەڕاوەتەوە دۆخی خۆی. لەدوای چەککردنی شارەبانی و هەنگی ژاندارمەری، سەنگەرەکانی دەوری سەربازگەیان بەهێز کردووە و بە بەردەوامیی سەدان سەرباز لەو سەنگەرانەدا کێشک دەدەن. ورەی دابەزیوی فەرماندەکان، تەنانەت ئەندامانی زیدیئیتلاعات و ڕوکنی دووەم دوای بەڵێنەکانی مەهدی بازرگان خەریکە بەرزدەبێتەوە و بەو گۆڕانکارییەی کە لە سەربازگەدا کراوە، دەرفەتی چەککردنی سەربازگە لە دەستچووە، مەگەر شتێکی نوێ ڕوبدات کە پێویستە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. کاک شەریف گوتی: **(وتەکانت زۆر مەنتیقین و من زۆر باش تێگەیشتم، بەڵام ئەگەر ڕازیی ببیت، پێشنیاز دەکەم ئێمە سبەینێ بەیانیی پێش ئەوەی کە بچیتەوە سەربازگە جارێکیتریش یەکتر ببینین.)** من پێشنیازەکەم قبوڵکرد و بڕیارماندا کاتژمێر شەشی بەیانیی یەکتر ببینین.

ڕۆژی 1357/11/25 (1979/2/14) کاتژمێر شەشی بەیانیی کاک شەریف لەگەڵ ئەو برادەرەی پێشوو هاتنەوە بەردەرگای ماڵمان و دیسان پێکەوە بەرەو جادەی میاندواو چووین. کاک شەریف کە ئیتر من دەمزانی دوکتۆر قاسملووی سکرتێری حیزبە و شەوی پێشوو ناوەکەیم پرسیبوو، دەربارەی ژمارەی ئەندامانی سەربازگە و شوێنە گرنگەکان پرسیاری لێکردم. کرۆکییەکی سەربازگەم لەسەر لاپەڕەیەکی بچوک بۆ کێشا و ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی تیپی سێ، نەخۆشخانە، عەمبارەکانی چەک و

تەقەمەنی، ئاشپەزخانە، زیندان، پاسدارخانە، پومپی بەنزین و... تد، هەموویم بۆ دەستنیشان کرد. داوای نەخشەی چاپیی سەربازخانەی لێکردم، بەڵێنم پێدا بۆی پەیدا بکەم.

هەر وەک گوتم دوای کۆبوونەوەی پزشکپوور و سەرۆکی ساواک و سەرۆکی ئەرکانی تیپ، ئەو هەوڵانە درابوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەنگ هەبوو کە ژمارەیەک هەوڵی چەککردنی سەربازگە دەدەن. تەنانەت مەهدی بازرگان پەیامێکی ڕادیۆیی بۆ سەربازانی سەربازگەی مهاباد نارد و داوای لێکردن کە هێمنیی بپارێزن و چاودێریی بەسەر سەربازگەکەدا بکەن کە موڵکی ئیسلام و شۆڕشی گەلانی ئێرانە.

کاتژمێر 20:30 ی ڕۆژی 1357/11/26 (1979/2/15) سەرلەنوێ چاوم بە دوکتۆر قاسملوو کەوت. پرسیاری وەزعی سەربازگەی لێکردم و منیش باسی ڕووداوەکانم بۆ کرد. گوتی: **(ئەمڕۆ چاوم بە کاک ئەحمەدی جاویدفەر کەوتووە، وا دیارە ئێوە زۆر لێک نزیکن!)**، گوتم:

- دۆستایەتیمان هەیە، بەڵام لە بواری سیاسییەوە پتر بەهۆی کاک کەریم پورقوبادەوە پەیوەندیی لەگەڵ دەکەم، چونکە ئەوان هەردووکیان لە یەکەیەکدان. دوکتۆر قاسملوو گوتی:

**- (لەسەر ئەو کرۆکییەی کە بۆ منت کێشاوە، پلانێکمان داڕشتووە بۆ چەککردنی سەربازگە. ئەمڕۆ لەگەڵ کاک ئەحمەد باسی ئەو پلانەم کرد. پێشنیازی ئێمە بەم جۆرەیە، ئەگەر بکرێت ئێوە هاوکات لەگەڵ یەکتر کارێکی هاوبەش بکەن، ڕەنگە بەو کارەتان بتوانین سەربازگە بخەینە دەست خۆمان. پلانەکە بەم جۆرەیە: جاویدفەر عەمبارەکانی چەک و تەقەمەنی "زاغە مهمات" سەربازگە ئاگر بدات و تۆش پومپی بەنزین. ئێمە بە 150 پێشمەرگەوە هێرش دەکەینە سەر سەربازگە و دەستی بەسەردادەگرین.)**. من پێشنیازی برادەرانی حیزبی دیموکراتم لا پەسەند نەبوو، لەبەرئەوە گوتم:

- ئەوە کارێکی دژوارە چونکە ڕون نیە کە ئایا ئێمە دەرەتانی ئەوەمان دەبێت کە هاوکات پلانەکەمان جێبەجێ بکەین یان نا؟ تەنانەت ئەگەر ئەو دەرەتانەشمان هەبێت، ئەوان بۆ کوژاندنەوی ئاگرەکان لە یەکەی ئامادە و یەکەی خەدەمات کەڵکوەردەگرن و کێشکچییەکانی دەوری

سەربازگە کۆناکەنەوە. هەروەها پێمخۆشە بزانیت کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەنگەرەکانی دەوری سەربازگە بە بەردەوامیی سەربازیان تێدایە و ئەو هەژدە تانکەش کە پێشتر لە شاپوورەوە هێنراون، ئامادەن و ڕوی دۆشکە و تۆپ و چەکە قورسەکانیشیان لە شار کردووە. دوکتۆر قاسملوو داوای لێکردم هەندێک پتر لەسەر ئەو پلانە کار بکەم. شەو تا بەیانی نەنوستم و بیرم لە پلانەکەی حیزب کردەوە، بەڵام بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتم. ڕۆژی دوایی کاتژمێر 17:00 چوومە لای مامە غەنی، لێیپرسیم کارەکان چۆن دەچنە پێشەوە، گوتم:

- کاک شەریف نەخشەیەکی خراپی بۆ مهاباد کێشاوە. دەیەوێ من و جاویدفەر عەمبارەکانی چەک و تەقەمەنی "زاغە" و پومپی بەنزینی سەربازگە بسوتێنین و ئەویش بە 150 پێشمەرگە هێرش بکاتە سەر سەربازگە. نازانێ ئەو 150 پێشمەرگەیە لە دەستپێکدا دەکوژرێن و شاری مهابادیش وێران دەبێت. مامە غەنی گوتی:

**- (ئەوە بڕیارێکی 100% نیە، پێشنیازێکە پێمان گەیشتووە و بەو واتەیە نیە کە جێبەجێی بکەین. هەروەها ڕەنگە تا ئێستا بۆخۆت شکت کردبێت کە کاک شەریف هەمان دوکتۆر قاسملوو سکرتێری حیزبە).**

## هاتنی لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی کاتیی بۆ مهاباد

لە ڕۆژی 1979/1/16وە کە شا لە ئێران ڕایکرد، دەیان سەرباز و ئەفسەر و پلەداری وەزیفە سەربازگەیان بەجێهێشتبوو. لەدوای چەککردنی شارەبانی و هەنگی ژاندارمەریی کە دەنگۆی هێرشکردن بۆ سەر سەربازگە بڵاوببووەوە، ژمارەی ڕاکردووان پتر بەرز بووەوە. چونکە وەک سەردەمی شا ئاماری ڕۆژانە نەدەنوسرا، ژمارەی دروستی ڕاکردووانی سەربازگەی مهاباد ڕون نەبوو. تیمسار پزشکپوور فەرماندەی سەربازگەی مهاباد، ڕۆژی 1357/11/29 لە سەربازگە ئامادە نەبوو. ڕوکنی یەکەم و ڕوکنی چوارەم تەنیا ئۆرگانی بەڕێوەبەرایەتی سەربازگە بوون کە بەردەوام بوون لە کاری ڕۆژانەیاندا. ڕوکنی یەکەم ئەرکی خزمەتگوزاریی گشتیی و ڕوکنی چوارەم ئەرکی تەداروکاتی سەربازگەی بەڕێوە دەبرد و ئەندامانی ئەو دوو ئۆرگانە ناچار بوون درێژە بە کارەکانیان بدەن.

لەو ڕۆژەدا بیستم ئایەتوڵا نوری، داریوشی فروهەر، دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان و دوکتۆر محەمەد موکری و چەند کەسی تر لەلایەن حکومەتی کاتیی مەهدی بازرگانەوە هاتن بۆ مهاباد. داریوشی فروهەر ئاوەڵزاوای ئێحسانوڵای پزشکپوور فەرماندەی سەربازگەی مهاباد و سەرۆکی حیزبی گەلی ئێران و وەزیری کاری حکومەتی کاتیی بازرگان بوو.

ئەو لیژنەیە لەگەڵ دوکتۆر کامیاب، ئیبراهیم یونسیی و ئەحمەد عەلی بابایی لەسەر داوای پزشکپوور و بۆ هێور کردنەوەی شاری مهاباد و پێڕاگەیشتن بە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان هاتبوون تا پەیوەندیی بە ڕۆشنبیران و کەسایەتییەکانی مهابادەوە بکەن. خواستەکانیان بەجێبگەیەنن و لاوەکان هێور بکەنەوە و نەهێڵن بەو چەکانەی کە لەناو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە گیروگرفت دروستببێت. ئەندامانی لیژنەی حکومەت ڕۆژی 1357/11/28(1979/2/17) لە تارانەوە بە فڕۆکەیەکی تایبەتی هاتبوونە ورمێ و لەوێوە چووبوونە پیرانشار. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1357/12/3 دا ئاماژەی بە هاتنی ئەو گروپە بۆ پیرانشار و مافی گەلی کورد کرد و نوسی:

**- (ئەندامانی لیژنەی حکومەتی شۆڕشگێڕ کە لە بەڕێزان داریوش فروهەر، دوکتۆر ئەردەڵان، دوکتۆر یونسی و ئایەتوڵا نوری پێکهاتووە**

دوێنێ كاتژمێر 16:00 بە فرۆكەیەكی تایبەت گەیشتنە پیرانشار و لە لایەن خەڵكی سنورنشینی پیرانشارەوە پێشوازییەكی بێهەوتایان لێكرا. ژن و پیاوانی ناوچەی پیرانشار بە دروشمی: سڵاو بۆ خومەینی و سڵاو بۆ شەهیدانی كوردستانی ئێران تا مزگەوتی "ساحەبی زەمان" پێشوازییان لە ئەندامانی لیژنەی حكومەت كرد. هەزاران كەس لە خەڵكی پیرانشار لەو مزگەوتە كۆبوونەوە و بە دەنگی بەرز دروشمیان دەدا: گەلی كورد جیاوازییخوازیی مەحكوم دەكات و دیموكراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ كوردستان دەوێت. "قادر عەبدی" یەكێك لە ڕوناكبیرانی كورد، سەرەڕای مەحكوم كردنی هەموو چەشنە پیلانگێڕیی و دەستدرێژییەك، بەخێرهێنانی میوانەكانی كرد و گوتی: (بەڕێز فروهەر! خەڵكی ئازادییخوازی ئەم ناوچەیە، یەكەم ئوتۆمبێلێكی كە بینیویانە تانك و زرێپۆشی سەربازیی بووە و یەكەم دەنگ كە بە گوێیان گەیشتووە، دەنگی تەقە تفەنگ بووە). دوای ئەوە ئایەتوڵا نوری لەناو دروشمی سڵاو بۆ خومەینیی دا داوای لە سنورنشینان كرد كە یەكیەتی و برایەتی خۆیان بپارێزن و هەروەها پەنجەی بۆ جیاوازییەكانی نێوان كۆماری ئیسلامی و حكومەتی دژی گەلیی و دژ بە ئیسلامیی شاهەنشاهی ڕاكێشا. ناوبراو پەیامێكی گرنگی ئیمام خومەینی بۆ خەڵكی پیرانشار خوێندەوە. لە پەیامەكەیدا ئیمام خومەینی لەگەڵ ئاڕاستە كردنی سڵاو بۆ خەڵكی كوردستان، داوای لێكردبوون كە بە هاودەنگیی، یەكڕیزیی خۆیان بپارێزن، هۆشیار بن و لەژێر ئاڵای كۆماری ئیسلامیدا كۆبنەوە و داواكارییەكانیان ئاڕاستەی لیژنەی حكومەت بكەن. دواتر داریوش فروهەر ئاماژەی بۆ باردۆخی وڵات و سەركەوتنی شۆڕش كرد و لە وەڵامی قادر عەبدی دا گوتی: (هیوادارم بە یارمەتی ئێوە ژن و پیاوانی بە ئاگای ئێرانی ئەو ئوتۆمبێلە سەربازییەی كە ئێوە بۆ یەكەمجار بینیوتانە بیكەین بە تراكتۆر و ئێمە بە هەموو هێزمانەوە هەوڵدەدەین كە داواكارییەكانتان لە ناوەند جێبەجێ بكرێن و بۆ دابینكردنی ماف و ئازادیی ئێوە و گەلانی تری ئێران شێلگیر بن. ئەندامانی لیژنەی حكومەت لە پیرانشارەوە بە ئوتۆمبێل هاتنە نەغەدە و لەوێش بەشداریی میتینگێكیان كرد كە پێشتر

**بە پلانی فەرماندراری نەغەدە ڕێکخرابوو. دوای تەواوبوونی میتینگەکە بە ئۆتۆمبێل هاتنە مهاباد و لە میوانخانەی سەدی مهاباد دابەزین.).**

شایانی باسە مێژووی ڕاگەینراوی کەیهان سەبارەت بەهاتنی ئەو لیژنەیە بە هەڵە تۆمار کراوە، چونکە لیژنەکە ڕۆژی 1359/11/28 (1979/2/17) گەیشتە مهاباد نەک 1359/12/2. بەهەرحاڵ ئەندامانی لیژنە ڕۆژی 1357/11/29 لە فەرمانداریی مهاباد و مزگەوتی سور قسەیان بۆ خەڵک کرد. داریوشی فروهەر چاوی بە مامە غەنی، شێخ عیزەدەین و دوکتۆر قاسملوو کەوت. مامە غەنی و داریوشی فروهەر ماوەیەک لە زیندانەکانی شادا هاوزیندان بوون و زۆر باش یەکتریان دەناسی. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1357/12/1 دا ئاماژەی بە هاتنی ئەو گروپە بۆ مهاباد و چاوپێکەوتنەکانیان کرد و نوسی:

**- (کاتژمێر 15:00ی دوێنێ فروهەر وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ دوکتۆر ئەردەڵان، دوکتۆر کامیاب، دوکتۆر موکری و ئیبراهیم یونسی گەیشتنە مهاباد و لە لایەن هەزاران کەس خەڵکی ئەو شارەوە پێشوازییکران. لە وتارێکیدا لە مهاباد فروهەر گوتی: "دەنگی ئێوە دەبیسم کە دەڵێن جیاوازییخواز نین و سڵاوتان ئاڕاستە دەکەم. شۆڕشی ئێمە شۆڕشێکی مرۆڤایەتی و ئیسلامییە و ئێمە دەبێ شانبەشانی یەکتر بە یارمەتی سەربازانی سوپای نەتەوەیی، ئێران ئاوەدان و ئازاد بکەینەوە." ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مهاباد لە ڕێوڕەسمی پێشوازییکردنی فروهەردا بە دەنگی بەرز دەیانگوت: بژێ خومەینی و بژی ئازادی، ئێمە جیاوزاییخواز نین، بەڵام ئازادییخوازین و لە چوارچێوەی ئێراندا خودموختاریمان دەوێت، دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردان. بە دوای وتاری داریوش فروهەردا، دوکتۆر موکری وتارێکی سەبارەت بە دیکتاتۆریەتی زنجیرەی پەهلەوی خوێندەوە. ئەندامانی لیژنەی حکومەت دوای دیداریان لەگەڵ حەزرەتی ئایوتوڵا شێخ عیزەدین حوسێنی ئیمام جومعەی شاری مهاباد، بۆ حەسانەوە چوونەماڵی حاجی ڕەحیم خەڕازی کە یەکێکە لە پیاوماقوڵانی شاری مهاباد. لەوێ چەند وتووێژیان لەگەڵ ئیمام جومعە و کۆمەڵێک ڕۆحانی شار و ئەندامانی شورای شۆڕش و تیمسار فەرماندەی تیپ مهاباد کرد و لەسەر بیروڕای خەڵک و**

**داواکارییەکانیان و خودموختارییی لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دوان. دەڵێن لیژنەی حکومەت نامەیەکی زۆر گرنگی بازرگان سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتی بۆ ئیمام جومعەی مهاباد پێیە کە هێشتا ناوەڕۆکەکەی نارونە. لیژنەی حکومەت پێشتر پیرانشار و نەغەدەیان بینیوە).**

هەروەکو ڕۆژنامەی ئیتلاعات بڵاویکردەوە، لیژنەی حکومەت شەوی 29 لەسەر 1357/11/30 لە ماڵی ڕەحیم خەڕازی کە کەسایەتییەکی خۆشناو و جێی باوەڕی خەڵکی مهاباد بوو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی سیاسیی کۆبوونەوە. ئەو ژمارەیە لەژێر ناوی ئەندامانی شورا شۆڕش لە شارەکانی سنە، مەریوان، سەقز، بۆکان، مهاباد، شنۆ، نەغەدە، سەردەشت، بانە، ورمێ و سەڵماسەوە هاتبوونە مهاباد کە بەشداربن لەو کۆبوونەوەیەدا. کۆبوونەوەکە تا کاتژمێر 01:00 ڕۆژی 1357/11/30 درێژەی هەبوو. ئەو ژمارەیە، غەنی بلوریان، مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی، دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو، سەلاح موهتدی و فوئاد مستەفا سوڵتانی دەستنیشان کرد کە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە کۆببنەوە و بەنوێنەرایەتی ئەوان خواستەکانی خەڵکیان پێڕابگەیەنن. لە دانیشتنە سەرەتاییەکەدا کە هێشتا نوێنەرانی حکومەتی کاتیی بازرگان نەگەیشتبوونە شوێنی کۆبوونەوەکە، مقۆمقۆ و کێشە لەنێوان بەشداراندا سەریهەڵدا. بەشێکیان، بەتایبەتیی هوشیار ئیمامی کە لە لایەن ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکەوە نێردرابوو، دژی بەشداریکردنی دوکتۆر قاسملوو بوون، بەڵام بە پێداگریی مامە غەنی و مەلا شێخ عیزەدین قبوڵیان کرد کە قاسملوو وەک نوێنەر بەشدار بێت، تەنانەت کاتی قسەکردن لەگەڵ نوێنەرانی لیژنە قاسملوو زیرەکانە ڕۆڵی وتەبێژی نوێنەرانی کوردی پەیدا کرد.

هەرچەندە بەگوێرەی بیرکردنەوەی سیاسی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە ڕون بوو کە کێ ئەو کۆمەڵە سیاسیکارانەی ئاگادار کردووە کە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە بکەن، بەو حاڵەش ڕۆژی 2007/3/6 لەگەڵ کاک سەرهەنگ ئیرەجی قادری لە شاری ئوپسالای سوید بە خزمەت مامۆستا شێخ عیزەدەین حوسێنی گەیشتم و لەو دیدارەدا لێمپرسی ئەو کەسانە چۆن هاتنە مهاباد و کێ ئاگاداری کردن کە بێن لە کۆبوونەوەی ماڵی

ڕەحیم خەڕازیی بەشدار بن. لە وەڵامدا گوتی: **(لە هاتنی ئەو ژمارەیە بێئاگا بووم.).**
بەهەرحاڵ لەو کۆبوونەوەیەدا، گەڵاڵەیەکی هەشت ماددەیی لە لایەن بەشداره کوردەکانەوه ئاڕاستەی لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی کاتیی بازرگان کرا کە دواتر بە "تەرحی هەشت ماددەیی" ناوبانگی دەرکرد.

## تەرحی هەشت ماددەیی و سەرهەڵدانەوەی بیرۆکەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد

هەروەک گوتم لە کۆبوونەوەی بەناو نوێنەرانی شورای شارەکانی کوردستان لەگەڵ لیژنەی حکومەتی کاتیی بازرگاندا، گەڵاڵەیەکی هەشت ماددەیی ئاڕاستەی ئەندامانی لیژنەکە کرا کە لە مێژووی کوردستاندا بە تەرحی هەشت ماددەیی دەناسرێت. جگە لەوە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکەش لاوان کارێکی شۆڕشگێڕانەیان کرد کە دواتر ڕووداوێکی گەورەی لێکەوتەوە. تەرحی هەشت ماددەیی پێشتر داخوازیینامەیەکی حەوت ماددەیی بوو، بەڵام لایەنی کوردیی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا مادەیەکیتری بۆ زیادکرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1357/12/4 (1979/2/23) دا دەقی گەڵاڵەی هەشت ماددەیی پێشنیازکراوی لایەنی کوردیی بڵاوکردەوە و نوسی:
**- (نوێنەرانی شوراکانی شۆڕش کە لە شارەکانی کوردستانەوە هاتوونەتە مهاباد لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممە 1357/11/30 دا گەڵاڵەیەکی 8 ماددەییان ئاڕاستەی لیژنەی حکومەتی کاتی شۆڕش ئیسلامی کرد. نوێنەرانی حکومەتی کاتی شۆڕشی ئیسلامی بریتی بوون لە: داریوش فروهەر، ئیبراهیم یونسی بانەیی، دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان، دوکتۆر محەمەد موکری، ئایەتوڵا نوری و ئەحمەد عەلی بابایی. نوێنەرانی شوراکانی شۆڕش ڕایانگەیاند ئەو 8 ماددەیە بەبێ هەرچەشنە بەستراوەیەک بە گروپ و دەستە و حیزبی سیاسیی تایبەت، داخوازی هەموو خەڵکی کوردستانە.).** شایانی باسە کە ئەو کۆبوونەوە و ئاڕاستە کردنی گەڵاڵەیەکی 8 ماددەیی شەوی 29 لەسەر 1357/11/30 بوو نەک ڕۆژی 1358/11/30.

دەقی هەشت ماددەکە بریتییە لە:

1- گەلی کورد هاوکات لەگەڵ گەلانی تری ئێران شۆڕشی ئێران قبوڵ دەکات و بڕیاریداوە بە گرێدانی خەباتی خۆی لەگەڵ خەباتی گەلانی تری ئێران، لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ئاوەداندا ڕۆڵی بنەڕەتی خۆی بگێرێت.

2- گەلی کورد بەچەشنی گەلانی‌تری ئێران، داوای لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و دابینکردنی مافی چارەنوسی خۆی دەکات لە چوارچێوەی فیدرالیەتی وڵاتی ئێراندا و هەموو چەشنە تۆهمەتێکی جیاوازییخوازیی ڕەد دەکاتەوە و داوا لە حکومەتی کاتیی بەڕێز ئەندازیار بازرگان دەکات کە سەبارەت بەو داخوازانە بیروڕای خۆی بە شێوەی ڕەسمی ڕابگەیەنێت.

3- بە ڕای ئێمە زەحمەتکێشانی ئێران نەخشی سەرەکیان هەبووە لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێراندا و بەم بۆنەیەوە مافی بەحەقی زەحمەتکێشان و کرێکاران و جوتیارانە کە بەشداریی بکەن لە دەوڵەتی شۆڕشگێڕدا.

4- کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەدا کە بەرهەمی زۆری ژێر زەویی خاو و دەستلێنەدراوی هەیە، یەکێکە لە ناوچە هەرە پاشکەوتووەکانی ئێران، بۆیە هەڵگرتنی ستەمی ئابووریی یەکێکە لە داخوازە سەرەکییەکانی.

5- هەموو سەربازگەکانی کوردستان دەبێ لەژێر چاودێریی و کۆنترۆڵی شورای شۆڕشدا بەڕێوە بچن، بەم بۆنەیەوە دەبێ کۆمیتەیەکی هاوبەشیی سەربازیی لەنێوان ئەفسەرانی نیشتمانپەروەر و نوێنەرانی شورای شۆڕشدا پێکبێت.

6- ئەفسەرە تاوانبارەکان کە فەرمانی تەقەکردنیان داوە و بوونەتە هۆی شەهیدکردنی ڕۆڵەکانی گەل، دەبێ بدرێن بە دادگای شۆڕشی گەل و بۆ گۆڕینی سوپای کۆنەپەرست بە سوپای گەلیی دەبێ ئەندامانی دژ بە شۆڕش لە سوپادا پاک بکرێنەوە.

7- هەموو نوێنەرانی ئامادە لێرە کە نوێنەری شارە کوردنشینەکانن، ڕادەگەیەنن کە حەزرەتی ئایەتوڵا سەید عیزەدین حوسێنی سەلاحیەتی هەیە کە لە سەروی هەر لیژنەیەکدا بێت و لە لایەن گەلی کوردەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی وتووێژ بکات و ڕێگا بە دەزگای ڕێبەریی شۆڕش و حکومەتی کاتی نەدات کە لەگەڵ کەسانی کۆنەپەرست لە وتووێژ بکەن.

**8- بەو پێیە کە مەلا مستەفا بارزانیی و گروپی ناسراو بە قیادەی موەقەت بەکرێگیراوی ڕێکخراوی سیای ئەمریکا و ساواکی ئێران و میتی تورکیا بوون و هەن و هەموو خەڵکی کورد توک و نفرەتیان لێدەکات، هەر بۆیە لە دەوڵەتی شۆڕشگێڕمان دەوێت کە هەموو جۆرە پێوەندیی و لێك نیزیك بوونەوەیەك لەو دەستە و دایرە ببڕێتەوە و ڕێبەرانی خایینی ئەوان لە ئێران دەربکرێن، بەبێ ئەوەی کە ئەو سیاسەتە زیان بە بنەماڵەی پەنابەرە هەژارەکان بگەیەنێت.**

لە ڕاستیدا جگە لە چەند کەسێک، هیچکام لە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە نوێنەری شوراکانی ئیسلامیی نەبوون و تەنانەت ئەوانەش کە لە شوراکاندا کاریان دەکرد، هەڵبژێردراوی خەڵک نەبوون و بەستراوەیی سیاسییان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا نوسینی ماددەی هەشتی ئەو گەڵاڵەیەش هیچ پەیوەندیی بەو کۆبوونەوەیە و مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و هاتنی لیژنەی حکومەتی کاتیی بۆ مهاباد نەبوو. ئەوە پلانێک بوو کە پێشتر دژی داخوازەکانی گەلی کورد و بەتایبەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گەڵاڵە کرابوو.

سەلاح موهتدی لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ خالید محەمەدزادە هەواڵنێری سایتی دیمانە کردبووی و دیمانە ڕۆژی 2006/10/5 بڵاویکردەوە، سەبارەت بەو ماددەیە دەڵێت: **(ئەو ماددەیە وەک حەوت ماددەکانیتر لە کۆبوونەوەی ماڵی ڕەحیمی خەڕازی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی کاتی نوسراوە و بە خەتی دوکتۆر قاسملوو پاکنووس کراوە.)**. هەروەها دەڵێت:

**- (ماددەی هەشت پێشنیارەکەی هی کاك فوئاد مستەفا سوڵتانی بوو. دەلیلی ئەوە بوو کە ئەوکات نەك ماڵی بارزانی، نەك پارتی، چونکە ئەوان لە گۆڕێدا نین و باس باسی ئەوان نیە. ئەوە هەڵەیەکی تاریخییە. بەڵکوو جەماعەتێك بە ناوی "قیادە موەقەت" کە لە ناوچەی مەریوان و هەورامان بوون، دژایەتییان دەکرد لەگەڵ ئەو حەرەکەتەی کە لەو ناوچەیە پێکهاتبوو و کاك فواد خۆی سەرپەرستی و ڕێبەریی دەکردن کە "یەکێتیی جوتیاران" بوون. قیادە موەقەت یارمەتی ئاغاکان و بەگەکانی ناوچەی مەریوانیان دەدا بۆ دژایەتیکردنی یەکێتیی جوتیاران، لەبەرئەوە**

**کاك فواد پێشنیارەکەی دا. قیادە موەقەت لەبەرئەوەی لە وڵاتی خۆیان نەمابوون و لێرەن، چەکداریشن و ڕێگای بەرێچوونیشان نیە و زۆر تەبیعییە ببن بە ئالەتی دەستی دەوڵەت. دەوڵەت ئەوان لە دژی حەرەکەتی کوردی ئێران بەکار بێنێ. ئێمە داوا دەکەین "قیادە موقت" دەربکرێ.).**

لەگەڵ ئەوەدا کە ماددەی هەشتی گەڵاڵە پێشنیازکراوەکە لەگەڵ وتەکانی سەلاح موهتەدی جیاوازییان هەیە، لە بەرامبەر ئەو وتەیەی ناوبراودا وتووێژکەری سایتی دیمانە پەنجە بۆ وتووێژێکی کاک ڕەحیمی خەڕازی ڕادەکێشێت کە ڕۆژی 2005/9/3 سەبارەت بە ماددەی 8 لەگەڵ ڕۆژنامەی پەیامی کوردستان ئەنجامی داوە و گوتویەتی:

**- (حاجی ڕەحیمی خەڕازی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: (زۆرم هاواری سەلاح کرد کە پیاوی چاك، ئەو کارە مەکە و ئەو ماددەیەی لێ زیاد مەکە)، هەروەها دەڵێت: (من شاهیدم بە خەتی سەلاح و دوکتۆرێکی قەدبڵند پاکنوس کرایەوە و دەڵێت لەو کاتەدا دوکتۆر قاسملوو و شێخ عیزەدین چووبوونە دەرێ.).**

شایانی باسە لە وتووێژەکەی ڕەحیم خەڕازی لەگەڵ ڕۆژنامەی پەیامی کوردستان باس لە دوکتۆری قەد بڵندی بۆکانی دەکرێت کە لەوە دەچێت دوکتۆر جەعفەری شەفیعی بێت کە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکەدا سەبارەت بە پێشنیازی ماددەی هەشت لەگەڵ سەلاح موهتەدی دواوە و ڕەحیم خەڕازی قسەکانی بیستوون و داوای لە سەلاح کردووە کە ماددەی هەشت لاببات.

سەلاح موهتەدی دەڵێت نوسینی ماددەی هەشت لە لایەن شەهید فوئاد مستەفا سوڵتانییەوە پێشنیاز کراوە و هۆیەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ دژایەتیکردنی قیادەی موەقەت لەگەڵ یەکیەتی جوتیاران و یارمەتیدانی ئاغاکانی ناوچەی مەریوان، کەچی ماوەی نێوان شۆڕشی ئێران و ئاڕاستە کردنی گەڵاڵەی هەشت ماددەیی بەنوێنەرانی حکومەتی کاتیی بازرگان شەش ڕۆژ بوو. لەو مێژووەدا نەک یەکیەتی جوتیاران بەڵکوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش خۆی ئاشکرا نەکردبوو کە بنکە و بارەگای چەکداریی هەبێت و ببێتە هۆی شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی قیادەی

موەقەت و یەکیەتی جوتیاراندا. یەکیەتی جوتیاران نزیکەی دوو مانگ و نیو دوای نوسینی ماددەی هەشت خۆی ئاشکرا کرد.

فوئاد مستەفا سوڵتانی بە داخەوە شەهید بووە و ناتوانێت وەڵامی سەلاح موهتەدی بداتەوە! بەڵام ڕەزا مستەفا سوڵتانی کە خۆی یەکێک بووە لە ئەندامانی یەکیەتی جوتیاران لە سایتی بروسکەدا وەڵامی موهتەدی دەداتەوە و دەڵێت: **(یەکیەتی جوتیاران چەند مانگ دوای قەتعنامەی مهاباد هەڵسوڕان و چالاکی ئاشکرای دەستپێکرد و یەکیەتی جوتیاران و هێزەکانی قیادەی موەقەت قەت بەشەڕ نەهاتوون. ڕۆژی 30 ی ڕێبەندان قەتعنامە تەحویلی داریوشی فروهەر و هاوڕێیانی دراوە، کەچی ئەوەڵین نامەی کاک فوئاد لەناو ئەوەڵین دەستەی پێشمەرگەی یەکیەتی جوتیاران بۆ هاوڕێیانی کۆمەڵە لە 9 ی جۆزەردانی 1357دا، یانی نزیک بە سێ مانگ دوای نوسینی قەتعنامەی هەشت ماددەیی مهاباد نوسراوە).**

بێگومان نوسینی ماددەی هەشت دیاردەیەکی کتوپڕی لەناکاو و بەبێ ڕاوێژکردنی پێشوو نەبوو کە لەو کۆبوونەوەیەدا بخرێتە بەرباس و پەسەند بکرێت! بەڵکوو پێشتر قسەی لەسەر کراوە و لە لایەن یەکیەتی جوتیاران، جەمعیەتی ڕێگای ڕزگاریی زەحمەتکێشان، مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی و چریکی فیدایی خەڵکی ئێران لقی کوردستانەوە پەسەند کراوە. چونکە هیچ لێکدانەوەیەکی سیاسی ئەوە ناسەلمێنێت کە بابەتێکی وا گرنگ کتوپڕ بکەوێتە بەرنامەی کۆبوونەوەیەکی سیاسی پێشتر بڕیار بۆ دراو و پەسەند بکرێت! ماددەی هەشت لەو پەیوەندییە گەرمەوە سەرچاوەی گرت کە چەپە ماوییەکانی یەکیەتی جوتیاران لەگەڵ جەلال تاڵەبانی هەیانبوو، چریکی فیداییش دژی هەستی نەتەوەیی سەرۆک بارزانی بوو و چەندان لاپەڕەیان بە دژی نوسی.

نوسینی مادده هەشت لێرەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕۆژێک بەرلە کۆبوونەوەکەیماڵی ڕەحیم خەڕازی، چەند کەسێک لە ماڵی مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی کۆدەبنەوە و ئەو ماددەیە دەخەنە بەرباس و پەسەندی دەکەن. بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە ڕۆژی 2007/2/19 بە تەلەفۆن پەیوەندییم کرد بە "هوشیار ئیمامی"یەوە. ئیمامی یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆبوونەوەی ماڵی مامۆستا شێخ عیزەدین. ئەو نایشارێتەوە کە

چریکەکان دەنگیان بۆ ئەو ماددەیە داوە. هوشیار کە نیشتەجێی ئەڵمانیایە و لە "بەرلین" دەژی، دەربارەی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە گوتی:

**- (سەلاح موهتدی، شەهید فوئاد مستەفا سوڵتانی، مەلا شێخ عیزەدینی حوسێنی و چەند کەسێکیتر کە نەمدەناسین و خۆیان بەنوێنەری جەمعیەتی ڕێگای ڕزگاریی زەحمەتکێشان و یەکیەتی جوتیاران و مامۆستایان دەناساند. هەروەها شەهید محەمەدئەمین شێخانی و من هوشیار ئیمامی کە نوێنەرایەتی چریکی فیدایی خەڵکی ئێرانمان دەکرد، بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەمان کرد).**

بۆ ئەوەی کە ئەو مەسەلەیەم بە تەواویی بۆ ڕون ببێتەوە، ڕۆژی 2007/2/20 پەیوەندییم کرد بە کاک "کەریم دانشیار"ەوە. کاک کەریم کەسایەتیەکی چالاکی سیاسی و هاوڕێی و هاوکاریی مامۆستا شێخ عیزەدین بوو، ئێستا لە شاری "ڤێستەڕۆس" لە وڵاتی سوید دەژی. کەریم گوتی:

**- (من لە ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیەی ماڵی مامۆستا ئاگادار نەبووم، بەڵام بەیانیی ئەو ڕۆژە واتە 1357/11/28 مەلا شێخ عیزەدین داوای لێکردم کە بەشداریی بکەم لە کۆبوونەوەیەکی گرنگی ئەو ڕۆژەدا، چونکە من خۆم ئامادە کردبوو کە کاتژمێر 18:00ی هەمان ڕۆژ لەگەڵ کاک "فاروق وەیسی" سەر بە ڕێکخراوی تۆفان و کاک "ئیبراهیم شێخانی" بەرەو "توژەڵە" سەفەر بکەم بۆ ناساندنی کاک فاروق بە مام جەلال لە لایەن مامۆستا شێخ عیزەدینەوە. بۆیە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەم نەکرد کە پێمگوترا کۆبوونەوەیەکی گرنگە).**

بەو جۆرەی هوشیار ئیمامی ئاماژەی بۆ دەکات، ماددەی هەشت پێشتر لە لایەن سەلاحی موهتدییەوە گەڵاڵە و ئاڕاستەی ئەو کۆبوونەوەیە کراوە و دوای باسکردنی لە کۆبوونەوەکەدا، هیچکام لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە دژی ناوەستن کە ئاڕاستەی لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی کاتیی بکرێت! بەڵام داوا دەکەن هەندێک پتر ڕێکوپێک بکرێت، ئەوکارە بە ئەنجام دەگات و بەشداران پەسەندی دەکەن. هوشیار ئیمامی کە بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی

کردووه، لەو بارەیەوە پێیگوتم: **(ئێمە کەسمان دژی نوسین و پێشنیاز کردنی ئەو ماددەیە نەبووین، دوای ئەوەی کە نوسینەکەی کاک سەلاحمان ڕێکوپێک کرد، من کۆپییەکم برد بۆ ڕێکخراوەکەمان و ئەوانیش دەنگیان بۆ دا).**

لە جێیەکی تردا "ئەحمەدی لبادی" کە لەو سەردەمدا بەرپرسی "کۆمیتەی کارگەریی ستادی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران لقی مهاباد" بوو، ڕۆژی 2008/4/1 لە ماڵی سلێمانی ڕەبیعی لە ستۆکهۆڵم لە وەڵامی ئەم پرسیارەی مندا کە تا چ ڕادەیەک لە کۆبوونەوەی ماڵی شێخ عیزەدین و گەڵاڵە کردنی پێشنیازی ماددەی هەشت ئاگاداری؟ گوتی: **(من لە کۆبوونەوەی ماڵی مامۆستا شێخ عیزەدین نەبووم، بەڵام ئاگام لە پێشنازی ماددەی هەشت هەیە. ڕێکخراوی ئێمە لەگەڵ ماددەی هەشت بوو. ئێمە زۆر بەجیددی دژی قیادە موەقەت بووین و قیادەمان بە داردەستی ئیمپریالیزم دەزانی. ئەو هەڵوێستەی ڕێکخراوی ئێمە دەگەڕایەوە بۆ دەرکی کوێرانە و کەمئەزموونیی سیاسی و ناشارەزا بوونمان لەسەر جیهان و ڕۆڵی ئیمپریالیزم لە جیهاندا. لەگەڵ ئەوەشدا بیری بەرتەسکی چەند ڕێکخراوی ماویی و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و شەخسی بەڕێز جەلال تاڵەبانی ڕۆڵیان هەبوو لە پێشنیاز کردنی ماددەی هەشتەم و چەسپاندنیدا و لە ڕاستیدا دوکتۆر قاسملوو دژی ماددەی هەشت بوو، بەڵام بەسەریدا سەپا).**

ئیبراهیمی شێخانی کە لە سەفەری چوون بۆ لای مام جەلال هاوڕێی کەریم دانشیار بووە، دەڵێت: **( دوای وازهێنانم لە ڕێکخراوی "شەفەقی سور"، وەک کەسایەتیەکی سەربەخۆ هاوکاریی چەپەکان و یەکیەتی جوتیاران و کرێکاران و مەلا شێخ عیزەدینم دەکرد. پێش ئەوەی بچین بۆ لای مام جەلال، لەگەڵ کاک کەریم ئەفسەردلێر چووینە تاران و خێوەتێکمان بە چوار هەزار و پێنج سەد تمەن بۆ مام جەلال کڕی و لەگەڵ کاک کەریم و کاک فاروق و کاک کەریمی دانشیار چووین خێوەتەکە و هەندێک گوللە تۆپ و چەک و تەقەمەنی و نارنجۆکهاوێژێکمان کە کاتی چەککردنی سەربازگەی مهاباد دەستمانکەوتبوو، لە توژەڵە تەسلیمی مام جەلالمان کرد، لە ڕاستییدا چونکە من وەک کاک کەریم دانشیار لە**

**ماموٚستا نزیک نەبووم، ئاگام لەو کۆبوونەوەیە نەبوو، بەڵام قسەی کاک کەریم کە دەڵێت پێکەوە چوونە لای مام جەلال ڕاستە.)**.

بەهەرحاڵ لە کۆبوونەوەی ماڵی ڕەحیم خەڕازی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی کاتیی، سەلاح موهتەدی بە پشتگیریی مەلا شێخ عیزەدین و شەهید فوئاد مستەفا سوڵتانی پێشنیازی زیادکردنی ماددەی هەشت دەکات، مامە غەنی و دوکتۆر قاسملوو دژی دەوەستن، بەڵام دواتر واز لە پێداگریی دەهێنن و لە ئەنجامدا سەلاح پێشنیازەکەی دەسەپێنێت.

دوای ئیمزاکردنی داخوازییینامەی هەشت ماددەیی و کۆتایی کۆبوونەوەکە و گەڕانەوەی شێخ عیزەدین، دوکتۆر قاسملوو، مامە غەنی، سەلاح موهتەدی و فوئاد مستەفا سوڵتانی بۆلای ئەو کەسانەی کە لە قاتی ژێرەوەی ماڵی ڕەحیم خەڕازی چاوەڕوانی کۆتایی کۆبوونەوەکە بوون، هەڤاڵان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات زۆر بە توندیی دژی ئیمزاکردنی تەرحی هەشت ماددەیی لە لایەن دوکتۆر قاسملووەوە دەوەستن. کێشەی ئیمزا کردنی ئەو ماددەیە کەوتە ناو حیزب و ئەندام و لایەنگرانی و دەتوانم بڵێم جگە لە چەند کەسێک، هەموو ئەندامانی حیزب دژی ئیمزا کردنیی قاسملوو ڕاوەستان.

مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە لە لاپەڕەی 136ی "نیو سەدە تێکۆشان"دا ئاماژە بۆ هاتنی لیژنەی حکومەتی کاتی بۆ مهاباد دەکات و دەنوسێ: **(... هەیئەتێکی دەوڵەت بۆ بەناو ئارام کردنەوەی وەزع و پرسینی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان هاتبووە مەهاباد و لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دا دانیشتنێکی هەبوو، بەڵام ئەو هەیئەتە نە دیارییەکی بۆ خەڵکی کوردستان پێ بوو، نە سەلاحییەتی هیچ چەشنە بڕیارێکیشی هەبوو.)**. مەلا عەبدوڵا لە نوسینەکەیدا ئاماژە بۆ گەڵاڵەی 8 مادەیی ناکات، بەڵام جەلیل گادانی لە لاپەڕەی 202 ی "50 ساڵ خەبات"دا پەنجەی بۆ ڕادەکێشێت و دەڵێت: (ئەم وەفدە لەگەڵ نوێنەرانی هێزە سیاسییەکان و یەک لەوان دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی و نوێنەری حیزبی دیموکرات لە ماڵی میرزا ڕەحیم خەڕازی دانیشتن و بە درێژی لەسەر بەشێک لە داخوازەکانی گەلی کورد دوان. لە ئاکامدا ویستی گەلی کوردیان لە حکومەتی کاتی لە 8 ماددەدا

پێشکەش کرد. حەوت خاڵ لەم خاڵانە زۆرباش بوون، بەڵام دیار نەبوو دوکتۆر قاسملوو بۆ لەو هەلومەرجە ناسکەدا خاڵی هەشتەمی قبووڵ کرد کە هیچ پەیوەندییەکی بە ماف و داخوازی گەلی کوردەوە نەبوو؟

بۆ ڕونکردنەوەی پتری ئەو مەسەلەیە، ڕۆژی 2007/3/6 لەگەڵ سەرهەنگ ئیرەج قادری لە شاری ئوپسالای سوید بە خزمەت مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی گەیشتم و دەربارەی کۆبوونەوەی ڕۆژی 1357/11/28 کە لە ماڵی بەڕێزیان کراوە و هوشیار ئیمامی و کەریم دانشیار ئاماژەیان بۆ کردووە و هەروەها گەلاڵەی هەشت مادەیی پرسیارم لێکرد، ئەو گوتی:

**- (لەو ڕۆژەدا هیچ کۆبوونەوەیەک لە ماڵی مندا نەکراوە. هەروەها دەربارەی ماددەی هەشت دەبێت بڵێم من لەسەر ماددەی هەشت بێدەنگ بووم. نەک من بەڵکوو مەلا جەلال و خوالێخۆشبوو مەلا "خدری سارکێ"ش بێدەنگ بوون و ئێمە هیچ قسەیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە و تەنانەت ماددەکانی دیکەش نەکرد و دنگیشمان پێنەداوە. چونکە ئەوە مەسەلەیەکی سیاسی بوو و من زۆری لێ تێنەدەگەیشتم و ئەوانەی سیاسی بوون دەنگیان بۆ دا. ئەگەر شتێکی جگە لەوە بڵێن ڕاست ناکەن!)**

ئەو گوتنەی مامۆستا شێخ عیزەدین بە پێچەوانەی ئەو دروشمانە بوو کە لەو سەردەمەدا، واتە پێش شۆڕش و دواتریش سەبارەت بە مامۆستا بەرزدەکرایەوە. بێگومان زۆر کەس لەبیریان ماوە کە مامۆستا و لایەنگرانی پێیان لەسەر "ڕێبەرایەتی سیاسی و مەزهەبی" بەڕێزیان دادەگرت و تەنانەت ڕێبەرایەتیکردنی سیاسی ئەویان دەخستەبەر ڕێبەرایەتیکردنی ئایینییەکەیەوە. جگەلەوە مەلا شێخ جەلال و خوالێخۆشبوو مەلا خدری سارکێ لەو کۆبوونەوەیەدا نەبوون کە دەنگ لەسەر ماددەی هەشت بدەن.

بەهەرحاڵ دەربارەی چۆنیەتی هاوکارییکردنی چریکی فیدایی خەڵک و ئەندامانی یەکیەتی جوتیاران و کرێکاران و مامۆستایان کە دواتر کۆمەڵەیان دامەزراند، پرسیارم لە هوشیار ئیمامی و ئیبراهیم شێخانی کرد، هەردووکیان گوتیان: **(ئێمە بۆ بەربەرەکانیکردن بە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاوکاریی مامۆستامان دەکرد، بۆ ئەوەی کە لە دەسەڵاتی ئەو کەڵکوەربگرین و بتوانین لە بەرامبەر حیزبی دیموکراتدا**

**بوەستین و پێش لە گەشەکردنی بگرین!)** هەروەها شێخ عیزەدین لەم بارەیەوە گوتی: **(لەو مامەڵەیەدا هەر کەس بە قازانجی خۆی کەڵک لە پەیوەندییەکان وەردەگرێت. دور نیە کە ئەوان بەم مەبەستە لە دەوری من کۆ بووبنەوە، بەڵام من هەر لە سەرەتاوە مرۆڤێکی ئازادییخواز بووم و پێمخۆشە هەموو چین و توێژەکان بە ئازادیی بژین.).**

ڕووداوی دووەم کە لە دەرەوەی کۆبوونەوە پێنج کەسییەکەی شەوی 29 لەسەر 1357/11/30 (18 لەسەر 1979/2/19) ماڵی ڕەحیم خەڕازی ڕوویدا، لێکردنەوەی دەرەجەکانی سەرتیپ ئیحسانوڵڵا پزشکپوور بوو لە لایەن ژمارەیەک لاوی ئامادە لە دەرەوەی کۆبوونەوەکەدا کە خۆیان گەیاندە پزشکپوور و بە تاوانی کوشتنی خەڵکی مهاباد تاج و ئەستێرەکانیان لە شانی کردەوە و لەسەر قوماشێک نوسیبوویان پزشکپوور قاتلی 48 لاوی مهابادە. لە ڕاستییدا ئەوە شتێکی ناڕاست بوو، هەر وەک پێشتر ئامازەم بۆ ناوی شەهیدەکانی مهاباد کرد لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی مهاباددا تەنیا سێ کەس بە ناوی جەمال فەقێ یاقوبی، ئامین چاوجوان و سەید عومەری عنایەتی شەهید کران.

بە لێکردنەوەی دەرەجەکانی پزشکپوور، داریوش فروهەر کە سەرۆکایەتیی لیژنەی حکومەتی کاتیی لە ئەستۆ بوو، بە ناوبراوی ڕاگەیاندبوو ئیتر نەگەڕێتەوە سەربازگە و کەلوپەلەکانی هەڵبگرێت و لەگەڵ ئەواندا بچێتە تاران و لەوێ کارێکی نوێی بۆ دیارییدەکەن. ئەو ڕووداوە زۆر گرنگە بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر دابەزینی وردەی فەرماندەکان و کەسانی سەربە ڕژێمی پێشوو و ئەندامانی زیدئیتلاعات و ڕوکن دووەمی سەربازگەی مهاباد.

من ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەیە نەبووم کە لە ماڵی ڕەحیم خەڕازیی پێکهات، بەڵام بەوەم زانی کە ڕۆژی 1357/11/29 (1979/2/18) داریوشی فروهەر چاوی بە مەلا شێخ عیزەدەین و دواتریش بە مامە غەنی و دوکتۆر قاسملوو کەوتبوو، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و مامە غەنی لە ماڵی خوالێخۆشبوو مونتەقیمی قازی پێی گوتبوون، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاشکرا بکەن و لە چوارچێوەی یاسادا بە ئازادیی خەبات بکەن. پێویستە ئەوەش بڵێم کە هەرچەندە لە ڕۆژی

1357/11/27(1979/2/16)وە بیرۆکـەی چـەککردنی سـەربازگەی مهابـاد بـەلاوەنرابوو، بـەڵام بـەو بەڵێنـەی داریوشـی فروهـەر بـە ئـازادکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دیموکرات لە ئێراندا، ئەو بیرۆکەیە بە تـەواویی بـەلاوەنرا، تەنانـەت قاسـملوو بـەڵێنی بـە فروهـەر دابـوو کـە بیـر لـە چەککردنی سەربازگە ناکاتـەوە. ئـەم مەسـەلەیە ڕۆژی 1979/2/19 بـۆ مـن ئاشکرا بوو، دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم.

## چەککردنی سەربازگەی مهاباد

ڕۆژی 1357/11/30 (1979/2/19) وەک جـاران لـە کـاتی خۆیـدا چوومـەوە سەربازگە، ستوان ئەفشین لەبەر دەرگای سەربازگە وەستابوو، لێی نزیک بوومەوە، دوای سڵاو، گوتی: **(ئاگات لە ڕووداوی دوێنی شەو هەیە؟)**، گوتم: نا چی بووە؟ گوتی: **(ئەمڕۆ لیژنەی حکومەت دێتە سەربازگە.)** ئەفشین کە تێگەیشـت مـن بـە ڕووداوی لێکردنـەوەی دەرەجـەی پزشـکپوورم نـەزانیوە، گوتی: **(بیستوومە دوێنێ شەو لە ماڵی ڕەحیم خـەڕازی کۆبوونـەوە بـووە و لەوێ چەند کەسێک دەرەجەکانی پزشکپووریان لێکردووەتەوە و ئەندامانی لیژنەش پزشکپووریان لە مهاباد نەقڵ کردووە و لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ تاران.)**.

بە بیستنی ئـەو هەواڵـە خۆشە چوومە ژوورەکەم. لـە دڵمـدا نەخشـەم بۆ دەرکردنـی ژمارەیـەکیتر ئەفسـەر و پلـەدار دەکێشـا کـە لەسـەردەمی خۆپێشـاندانەکاندا دەسـتیان هـەبوو لـە کوشـتنی خـەڵکی مهابـاد و لـە سـەربازگەش سـەربازەکانیان ئـازاردەدا و بڕیارەکـانی زیـدیئیتلاعاتیان بەڕێوەدەبرد. هەرچەنـدە ئـەو ڕۆژە زۆر سارد بـوو، بـەڵام هـیچ هەسـتم بـە ساردیی نـەدەکرد، پەیتا پـەیتا ئەفسـەر و پلـەدار دەهـاتن و دەیـان پرسی هۆی چییە پزشکپوور نـەهاتووە بۆ سـەربازگە! ئامـادە نـەبوونی پزشـکپوور لـە سـەربازگە، ئـەوانی هەژانـدبوو. سـەڵتەنەتخوازەکان و دارودەسـتەی ڕوکنـی دووەم و زیـدیئیتلاعات کـە بـە ڕووداوی مـاڵی ڕەحـیم خـەڕازییان دەزانی، بە تەواویی تاسابوون.

کـاتژمێر09:30 سـتوان یەکـەم وەزیفـە دوکتـۆر یـەحیایی هاتـە ڕوکنـی یەکـەم. پێشـتر پەیوەنـدیی نزیکمـان پێکـەوە هـەبوو، جارێـک پرۆگرامـی

چریکی فیدایی دابوومێ و زۆر جاریش لەسەر دۆزی ئێران و کوردستان پێکەوە قسەمان کردبوو. هەواڵی دەرەجە لێکردنەوەی پزشکپوورم بۆ گێڕایەوە و گوتم: ئەمڕۆ نوێنەرانی حکومەتی کاتیی بازرگان دێنە سەربازگە، پێت چۆنە نامەیەکیان بۆ بنوسین و داوایان لێبکەین سەڵتەنەتخوازەکان و کەسانی سەر بە زیدیئیتلاعات و ڕوکنی دووەم لە سەربازگەی مهاباد پاک بکەنەوە! لە وەلامدا گوتی: **(پێشنیازێکی باشە.)** یەکسەر چوومە سەر دەزگای تایپی ڕوکنی یەکەم و ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ نوێنەرانی حکومەتی کاتی نوسی:

**حەزرەتی ئایەتوڵا نوری، جەنابی داریوش فروهەر، دوکتۆر موکری و دوکتۆر ئەردەڵان، نوێنەرانی بەڕێزی ئیمام خومەینی و حکومەتی کاتیی جەنابی موهندیس مەهدی بازرگان.**

**لە لایەن سەربازان، پلەداران و ئەفسەرانی لایەنگری شۆڕشی گەلیی ئێرانەوە بە ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینی پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ سەربازگەی مهاباد و پشتیوانیی خۆمان لە شۆڕشی ئێران بە سەرۆکایەتی ئیمام خومەینی و حکومەتی کاتی جەنابی موهندیس بازرگان ڕادەگەیەنین.**

**بەڕێزان، هەر وەک دەزانن ئێمە ماوەیەکی زۆرە لە شاری مهاباد لە باوەشی ئەو خەڵکە قارەمانەدا دژی دیکتاتۆریەت و بنەماڵەی پەهلەوی تێکۆشاوین و بۆ سەرخستنی شۆڕشی ئێران بە سەرۆکایەتی ئیمام خومەینی خەباتمان کردووە، سەرمان بۆ زوڵم شۆڕ نەکردووە و زیندان چۆکی پێدانەداوین و تا بە پشتیوانیی خوای مەزن شۆڕشەکەمان سەرکەوت.**

**بەڕێزان، هەر وەک ئاگادارن هەموو سەربازگەکانی ئێران لە ئەندامانی ڕوکنی دووەم، زیدیئیتلاعات و سەڵتەنەتخوازەکان پاک کراونەتەوە، بەڵام سەربازگەی مهاباد وەک خۆی ماوە و سەڵتەنەتخوازەکان 180 پلە سوڕاونەتەوە و خەریکن درێژە بە ئازاردان و تەنانەت دورخستنەوەی لایەنگرانی شۆڕشی ئێران دەدەن. لەبەرئەوە داواتان لێدەکەین کە سەربازگەی مهابادیش وەک سەربازگەکانیتری ئێران، لەو ئەفسەر و پلەدارانە پاک بکەنەوە و ڕێگە مەدەن لەژێر ماسکی شۆڕشگێڕییدا**

**لایەنگرانی شۆڕش و ئیمام خومەینی زیندانیی و تەبعید بکەن. دیسان بەخێرهاتنتان دەکەین و ئامادەی بەڕێوەبردنی فەرمانەکانتانین**

**شورای سەربازان، پلەداران و ئەفسەرانی سەربازگەی مهاباد**

**1357/11/30**

هێشتا نامەکەم تەواو نەکردبوو، کە گروپ گروپ ئەفسەر و پلەدار و سەرباز دەهاتن و هاوپەیمانیی خۆیان ڕادەگەیاند و دەیانگوت ئەگەر دەتەوێت نامەکە ئیمزا دەکەین. لە بەرامبەردا ئەو داواکارییانەدا شورایەکمان پێکهێنا. سەرگورد "ڕۆحانی"مان کردە سەرۆک و منیش بوومە وتەبێژی شوراکە و نامەکەمان بە ناوی "شورای سەربازان، پلەداران و ئەفسەرانی سەربازگەی مهاباد" نوسی کە نوێنەرایەتی هەموو سەرباز و پلەدار و ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانی سەربازگەی مهاباد بکات و ڕۆژنامەکانیش هەربەو ناوە بڵاویان کردەوە. لەگەڵ نوسینی ئەو نامەیە ژمارەیەکی زۆر کە ترسیان لە دوارۆژی خۆیان هەبوو، سەربازگەیان بەجێهێشت و ڕایانکرد و دیسان ئاژاوەیان خستەوە ناو سەربازگەوە و بەو کارەیان بیرۆکەی چەککردنی سەربازگەیان لە لای من زیندوو کردەوە، بەبێ ئەوەی کە هیچ پلانێکی بۆ دانرابێت، جگە لە پێکهاتنی هەلومەرج بۆ ڕاپەڕاندنی سەربازەکان دژی ئەفسەرانی سەڵتەنەتخواز.

کاتژمێر 11:10 بە سەربازە هاوکارەکەم گوت، بچۆ بۆ یەکانی دووەمی تۆپخانە و بە کەریم پوورقوباد بڵێ کە خۆی و سەربازەکانی بێن. سەربازەکە چوو، بەڵام لەبەرئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ناوەوە و بەردەرگای ژورەکەم کۆببوونەوە، کاتژمێر 11:20 ژورەکەم بەجێهێشت و جەماوەرەکەش بە دوامدا هاتن. هەموو پێکەوە کە نزیکەی 50-60 کەس دەبووین، بینای بەڕێوەبەرایەتیمان بەجێهێشت و چووم لە گۆشەی چەپی بیناکە لە ڕوبەڕووی پاسدارخانە لەژێر ڕیزە درەختێک ڕاوەستام و ئەوانیش لە دەورم کۆبوونەوە. بەرەبەرە ژمارەی سەربازەکان زیاد دەبوو، هەمووشیان چەکیان پێبوو. من دەمانچەیەکی کۆڵتی ئەمریکییم پێبوو. کۆبوونەوەی ئەو هەموو سەرباز و پلەدارە و چەند ئەفسەرێک وەجۆشی هێنام و هەلەکەم بە لەبار زانی کە پێش بڕیاردانی لیژنەی حکومەت، بۆخۆمان پاشماوەکانی ڕژێم لە دەسەڵات بخەین. لەبەر ئەوە لەسەر

کەریم پوورقوباد نەوەستام و بێدەنگیم شکاند و دەستمکرد بە قسەکردن، لە قسەکردندا بووم کە کەریم پوورقوباد لەگەڵ ژمارەیەک سەرباز گەیشتە شوێنەکە، گوتم:

**- براکانم ! ئێمە و باب و باپیرانمان بە ساڵان دیلی دەستی دیکتاتۆرییەت و بنەماڵەی پەهلەوین. ئەو ئەفسەرە سەڵتەنەتخوازە ترسەنۆکە تاوانبارانە بە درێژایی پەنجا و حەوت ساڵ بە هۆی دەزگا سەرکوتکەرەکانی زیدیئیتلاعات و ڕوکنی دووەمەوە زوڵمیان لە ئێمە کردووە. کێ لە ئێوە ئازاری سەرەڕۆیی ئەوانتان نەچێشتووە؟ ئەمڕۆ ئەوانە خەریکن لەژێر ماسکی شۆڕشگێڕییدا لە سەربازگەی مهاباد پلە و پایەی خۆیان دەپارێزن و درێژە بە تاوانەکانیان دەدەن. دەبێت ئێمە کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەوان بهێنین و بە فەرمانی ئیمام خومەینی خزمەت بە شۆڕشی ئێران و گەل و نیشتمانەکەمان بکەین. لەبەرئەوە ئیتر بەسە بێدەنگیی، هەر کەس لەگەڵ ئیمام خومەینییە دەستی ڕاستی خۆی بە نیشانەی شەهادەت و بەستنی پەیمان لەگەڵ شۆڕشی ئێران بەرزبکاتەوە.**

کە گوتم دەستی ڕاستتان بەرزبکەنەوە، هەموو بە تێکڕا دەستیان بەرزکردەوە و سێ جار گوتیان **(ئەڵاهومە سەلی عەلا محەمەد وە ئالی محەمەد)** و بەو جۆرە هەموو هاتنە ژێر فەرمانم و دەستەی سەڵتەنەتخوازەکان و دارودەستەی شای خایین لە دەسەڵات کەوتن. بەبێ وەستان و سڵکردن لەگەڵ ئەوانەی کۆببوونەوە، بەرەو پاسدارخانە چووم. ستوان یەکەم ئورومچی ئەفسەری کێشکی سەربازگە لەبەر دەرگای پاسدارخانە وەستابوو، لێی نزیک بوومەوە و گوتم:

- هاتووم پاسدارخانەت لێوەرگرم، گوتی:

**- ( فەرموو.).**

ئورومچی پاسدارخانەی بەجێهێشت و من لەگەڵ پوورقوباد و چەند کەسیتر چوومە ژوری پاسدارەکان، واتە سەربازەکانی کێشکی سەربازگە و زیندان و پاسدارخانە کە ژمارەیان 36 سەرباز بوو. قسەکانی پێشووم بۆ ئەوانیش دووپات کردەوە و ئەوانیش بە گوتنی: **(ئەڵاهومە سەلی عەلا محەمەد وە ئالی محەمەد)**، هاوپەیمانیی خۆیان ڕاگەیاند. داوام لە

"گروبان زیندان" کرد، دەرگای زیندان بکاتەوە. دەرگاکەی کردەوە و چوومە ناو زیندان و سڵاوم لە زیندانییەکان کرد، گوتم ئێوە ئازادن. چەند کەسێکیان منیان لە ئامێز گرت و ماچیان کردم و منیش ئەوانم ماچ کردەوە.



سەربازگەی مهاباد بە دوای چەککردنیدا، وێنە ئیسماعیل ماملێ

لەگەڵ زیندانییەکان هاتمەوە بەردەرگای پاسدارخانە. ئەوان بە تێگرا دروشمی **(درود بەر گەوهەری- درود بەر خومەینی)**یان دەگوتەوە. سەکۆی بەردەرگای پاسدارخانە نزیکەی نیومەتر لە زەوی دەوروبەری بەرزتر بوو. پتر لە 700- 800 کەس لەوێ کۆببوونەوە. ئەو ژمارەیە، دروشمی زیندانییەکانیان قۆستەوە و سەربازگە بە دروشمی درود بەر گەوهەری- درود بەر خومەینی، زەوی دەلەرزاندەوە. ویستم قسەیان بۆ بکەم، کەچی دەنگم کپ ببوو، داوای بڵندگۆی دەستییم کرد، دەستبەجێ ئوستوار یەکەم حەسەنی تەنهایی بڵندگۆیەکی بۆ هێنام. هەندێک درێژتر قسەم بۆ بەشداران کرد و لە کۆتاییدا داوای هاوکاریم لێکردن. ئەوان بە دەنگی درود بەر گەوهەری درود بەر خومەینی وەڵامیان دامەوە. هەموو چەکیان پێبوو، بچوکترین هەڵە یان دەستکردنەوەی پاشماوەکانی ڕژێمی شا، کارەساتی مەزنی بە دواوە بوو. بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسییە داوام لە سەربازەکان کرد، بچن فەرماندەکانیان بهێنن و زیندانییان بکەن. هەر کەسە و بە لایەکدا بە شوێن فەرماندەکانیاندا بڵاوبوونەوە. ئەوە گەورەترین شانازیی بوو بۆ سەربازێک کە لە بەرامبەر فەرماندە زاڵمەکەیدا بوەستێت و بە دەستگیر کردنی وەڵامی تاوانەکانی بداتەوە.

لەوکاتەدا ستوان سێیەم ئەلوەندی کە کوردی کرماشان بوو، هاتە لام و گوتی ئەرکم پێ بسپێرە، گوتم بچۆ ئەوانەی دێن بەگوێرەی یاسای سوپا دوای پشکنین و وەرگرتنی شتی زیادەی یاساخ لێیان، زیندانیان بکە. هەر چەند کەسەی ئەفسەرێکیان خستبووە پێش خۆیان و لولەی تفەنگەکانیان تێکردبوون و ئەلوەندی دەیخستنە زیندانەوە. لەبەر دەرگای پاسدارخانە بووم کە ستوان ئەفشین دەگەیشتێ، لێم نزیک بووەوە، باوەشی پێداگرتم و گوتی: **(من چی بکەم؟)**، گوتم: بچۆ تەلەفۆن بۆ دەفتەری حیزب بکە و بڵێ دوکتۆر قاسملوو و مامە غەنی نوێنەرانی حکومەت ئاگادار بکەنەوە کە بێن و بڕیار لەسەر گیراوەکان بدەن.

لە ڕاستییدا من نەمدەویست فەرماندەکان بگرم، بەڵام بۆ ئەوەی کە ڕێگە بە سەڵتەنەتخوازەکان و دارودەستەی زیدیئیتلاعات و ڕوکنی دووەم نەدەم کە ئاژاوە بنێنەوە و کارەسات دروستبکەن، ناچار بووم تەنانەت دۆستە نزیکەکانی خۆشم زیندانیی بکەم.

بە دوای پەیوەست بوونی ستوان سێیەم ئەلوەندی و ستوان ئەفشیندا، ستوان یەکەم ئەحمەدی جاویدفەر و ستوان خالید موزەفەر گەیشتنە لامان و کاتژمێر 12:10 سەرهەنگ دووەم ئیرەج قادری فەرماندەی گوردانی115ی پیادە بە هۆی سەربازێکەوە ئاگاداری کردم کە ئەگەر پێویستمان پێیەتی ئامادەیە یارمەتیمان بدات، منیش بە گەرمیی پێشوازییم لێکرد. جگە لە کەریم پوورقوباد، ستوان سێیەم ئەلوەندی، ستوان سێیەم عەبدوڵلای ئەفشین، ئوستوار یەکەم حەسەن تەنهایی، ستوان یەکەم ئەحمەدی جاویدفەر، سەرهەنگ دووەم ئیرەج قادری، گروبان یەکەم نوری ئەحمەدنژاد، گروبان یەکەم یونس بانیان، سەرباز سەلاحی کەریمی و ژمارەیەکی زۆریتر بەتایبەتیی پلەدار و سەربازە کوردەکان، لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا هاوکارییان کرد.

بە هەر حاڵ هێشتا سەرهەنگ قادری و ئەحمەدی جاویدفەر پەیوەست بوونی خۆیان ڕانەگەیاندبوو کە چەند کەسێک هاواریان کرد و گوتیان پزشکپوور لە ماڵەوەیە و خەریکە ڕادەکات! گوتم چوار کەس بچن پزشکپوور بهێنن. هەر کە ئەوەم گوت! زیادتر لە 100 کەس بەرەو ماڵی پزشکپوور ڕایانکرد. ماڵی پزشکپوور لە گەڕەکی ئەفسەرە خێزاندارەکان و

دیواری بە دیواری ماڵی سەرهەنگ قادرییەوە بوو. پزشکپوور کە دەبینێ ژمارەیەکی زۆر سەرباز بۆ گرتنی دەچن، هەوڵدەدات بە دیواری ماڵەکەیدا خۆی بگەیەنێتە ماڵی سەرهەنگ قادری کە سەربازێکی کوردی خەڵکی لوڕستان لەناو سەربازگەوە تەقەی لێدەکات و کەلەکەی دەپێکێت. بە ئەفشینم گوت تەلەفۆن بۆ نەخۆشخانەی شێروخورشید بکات و داوای ئامبولانسی بۆ بکات. ئامبولانس هات و پزشکپووریان برد و بە عەمەلیاتێکی بچوک لە مەرگ ڕزگاری بوو.

هەوڵەکانی ئەفشین بۆ پەیوەندییکردن بە دوکتۆر قاسملوو و مامە غەنی بێسود بوو. هەرچەندە دەفتەری حیزب نزیکەی سێ سەد تا چوار سەد مەترێک لە سەربازگەوە دور بوو، لە ماڵی خوداپەرست جێگری پێشووی ساواکی مهابادا بوو، بەڵام کەس نەدەپرژایە سەر ئەوەی کە بانگەوازی ئەفشین بە مامە غەنی و دوکتۆر قاسملوو بگەیەنێت و ئێمە دەستمان بە نوێنەرانی حکومەت نەگەیشت. لە ئەنجامدا و دوای برینداربوونی پزشکپوور، هەواڵی چەککردنی سەربازگە بڵاوبووە. کاتژمێر 12:50 یەکەم ئوتۆمبێل کە حەمەدەمین سیراجی، عوسمانی ئەسراری، کەریم نەستانی و پێشمەرگەیەکی تری تێدا بوو، گەیشتە سەربازگە. کاتێک لەبەر دەرگای سەربازگە سیراجی و پێشمەرگەکان بە چەکەوە لە ئوتۆمبێل دابەزین، چەند سەربازێک کە لە تەنیشت من وەستابوون، پرسیان ئەوانە کێن؟ لە وەڵامدا گوتم: ئەوانە موجاهیدەکانی ئیمام خومەینین! سەربازەکانیش بە دروشمی: **(درود بەر خومەینی، درود بەر سیراجی)** پێشوازییان لە سیراجی و پێشمەرگەکان کرد. دوای ئەوە، ژمارەیەک پێشمەرگەی‌تریش گەیشتنە سەربازگە. داوام لە حەمەدەمین سیراجی کرد کە پێشمەرگەگان بخاتە ژێر فەرمانی ئەفشین و بەویشم گوت کە هەر تانکێک (18 دانە بوو)، پێشمەرگەیەکیان لەسەر دابنێت و نەهێڵێت بجوڵێنەوە. عەبدوڵا ئەفشین ئەم ئەرکەی بەجێگەیاند و پێشمەرگەکان دەستیانگرت بەسەر تانکەکاندا، بەڵام دواتر ئاگادارکرام کە ئوستوار زولفەقاری کە کوردی سنەیی بوو، دەرزی تۆپی چەند تانکی دزیوە و داویەتی بە بەرپرسانی لەشکری چواری ورمێ، بۆ ئەوەی کە هیچ کەس نەتوانێ لە تۆپی تانکەکان کەڵکوەربگرێت.

کاتژمێر 13:15 دوو فڕۆکەی بۆمبهاوێژی فانتۆم هاتنە سەر مهاباد و زۆر بە نزمی لەسەر سەربازگە سوڕانەوە. هاتنی ئەو فڕۆکانە و خولانەوەیان بەسەر شار و سەربازگەدا بە فڕینێکی زۆر نزم! کورد گوتەنی "هەموو ڕیسەکەی ئێمەیان کردەوە خوری". فڕۆکەکان ترسیان خستە دڵی سەربازەکانەوە و ژمارەیەکی زۆریان لە سەربازگە ڕایانکرد و بەچەشنی ساڵی 1941 کە هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهانی ئێرانیان داگیرکرد و ئەندامانی سەربازگەی مهاباد ڕایانکرد و بە یارمەتی خەڵکی مهاباد بەرگەکانیان گۆڕی و مهابادیان بەجێهێشت، ئەم جارەش بە یارمەتی خەڵکی مهاباد گەڕانەوە شارەکانیان.

کاتژمێر 14:00 دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک و محەمەد گادانی و کەسێکیتر کە جلوبەرگی خمیی لەبەردا بوو، مشکییەکی ئاویی بە ڕێشاڵی درێژەوە لەسەری بەستبوو، هاتە سەربازگە. قاسملوو بە گەرمیی سوپاسی منی کرد و گوتی: **( سەرگورد عەباسی لەگەڵ ئێمەیە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مهاباد ئاگادار بکە و ڕایبگەیەنە کە سەرگورد عەباسی فەرماندەی نوێی سەربازخانەیە).**

تەلەفۆنم کرد و یەکسەر ڕادیۆی مهاباد ڕایگەیاند کە سەرگورد عەباسی فەرماندەی نوێی سەربازگەی مهابادە. سەرگورد عەباسی ئەندامی تیپی سێی مهاباد نەبوو، برادەرێکی جەلیل گادانی بوو لە تاران و لە ئاڵۆزییەکانی تاراندا سوپای بەجێهێشتبوو. بەرلە هاتنی لیژنەی نوێنەرایەتیی حکومەتی کاتیی بۆ مهاباد، جەلیل گادانی لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆ مهاباد کە لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا هاوکاریی حیزب بکات، بەڵام هیچ ڕۆڵێکی لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا نەبوو. یەکەم جار بوو کە من سەرگورد عەباسیم دەبینی و بە هۆی دوکتۆر قاسملووەوە ئاشنایەتیم لەگەڵیدا پەیداکرد. دوکتۆر قاسملوو گوتی: **(کاک سەرگورد عەباسی ئاشنایەتی لەگەڵ سەربازخانەی مهاباد و سەربازەکانی نیە و داوات لێدەکەم بە تەنیا نەیهێڵیتەوە و پێکەوە کارەکان بەڕێوەببەن).**

لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو چووینە سەرکردایەتی تیپ، لە ژورەکەی پزشکپوور نامەیەکمان دۆزییەوە کە پزشکپوور پێشتر بە نهێنی بۆ

سەرکردایەتی هێزەکانی سوپای ئێرانی نوسیبوو. لەو نامەیەدا کە سێ لاپەڕە بوو، سەرەڕای پێهەڵدانێکی زۆر بە خەڵکی مهاباد، ئاماژەی بۆ هەستی شادۆستیی! و نیشتمانپەروەرانەی خەڵکی مهاباد کردبوو، لە کۆتاییدا داوای کردبوو کە بەشە کوردنشینەکانی ئێران بە شێوەی فیدراڵیی بەڕێوەبرێن. پزشکپوور ئەو نامەیە و هەندێک نامەیتری لە سندوقێکی داخراوی ژێر مێزەکەیدا پاراستبوو.

لە ژووری عەمەلیاتی تیپ، دوکتۆر قاسملوو ژمارەیەکی زۆر نەخشەی سەربازیی هەڵگرت کە بە فڕۆکە لە ناوچەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاواوە تا ناو خاکی باشوری کوردستان گیرابوون. من نازانم قاسملوو ئەو نەخشانەی بۆچی بوو، چونکە بە کەڵکی حیزبی دیموکرات نەدەهاتن. حەسەن سەلامی بە پێچەوانەی ئەندامانی ڕوکنی دووەمەوە لە جێی کارەکەی خۆی مابووەوە، بە قاسملووم ناساند. سەلامی دوو گۆنی "تەلیس" دۆسیەی پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفای بارزانی دا بە ئێمە و گوتی: **( ئەوانە ئەرشیڤی ڕوکنی دووەمن و نامەکانی دوای کۆماری کوردستان و تا ماوەیەک لەمەوبەریان تێدا کۆکراوەتەوە!).**

لە کتێبێکدا بەناوی **(چەککردنی سەربازگەی مهاباد- 1979)** ئاماژەم بە وردەکارییەکانی ڕووداوی چەککردنی سەربازگەی مهاباد کردووە. لێرەدا هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێم لە ڕاستیدا چەککردنی سەربازگەی مهاباد بەناوی ئایەتوڵا خومەینی و شۆڕشی ئێران و بە دژی پاشماوەکانی ڕژێمی شا ئەنجامی گرت و پلانی پێشوەختی بۆ دانەنرابوو. لێکردنەوە دەرەجەکانی سەرتیپ پزشکپوور لە ماڵی ڕەحیم خەڕازیی زەمینەی چەککردنی پێکهێنا.

شایانی باسە خاتوو کارۆڵ پرونهوبێر لە کتێبی "خولیا و مەرگی قاسملووی کورد"دا لە زاری سەرهەنگ ئیرەج قادری بڵاوی کردووەتەوە کە گوایە سەرهەنگ قادری سەربازگەی مهابادی چەککردوە. لەو پەیوەندییەدا، پەیوەندیم بە سەرهەنگ قادرییەوە کرد، گوتی من هەرگیز بە خاتوو کارۆڵم نەگوتووە کە سەربازگەی مهابادم چەککردووە و نوسینی ئەو مەسەلەیە لەلایەن خاتوو کارۆڵەوە ڕاست نییە.

# سەرۆک مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد



ڕێوڕەسمی هێنانەوەی تەرمی سەرۆک بارزانی بۆ شنۆ - دیاریی ئەمیر وەزیری

ڕۆژی پێنجشەممە 1979/3/1 سەرۆک مستەفا بارزانی بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە واشنتۆن کۆچی دوایی کرد. تەرمی بارزانی هێنرایەوە بۆ ئێران و ڕۆژی 1979/3/5 لەناو ئاپۆرەی ماتەمینیی نزیکەی 300 هەزار کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر هەواڵنێری ئێرانیی و بیانیی لە شاری شنۆ لە سێ سوچی سنوری ڕۆژهەڵات و باکور و باشوری کوردستان بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا. مستەفا بارزانی سەرکردەیەکی زانا، بە وەج، لێوەشاوە، کارزان و نەترس بوو. هەڤاڵی نزیک و باوەڕپێکراوی پێشەوا قازی محەمەد بوو لە کۆماری کوردستاندا. هەرچەندە پترلە نیو سەدە سەرۆکایەتی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلی کوردی کرد، بەڵام هەرگیز پەنای بۆ کاری تیرۆریستیی نەبرد. هەر لە کۆماری کوردستانەوە تا شۆڕشی ئەیلول، دوژمنان چەندان جار هەوڵیاندا بە پلانی جۆراوجۆر بارزانی لەناو ببەن، بەڵام سەرنەکەوتن، تا سەرئەنجام بە پلانێکی نێودەوڵەتی و ئیمزا کردنی پەیماننامەی "جەزایر" لە لایەک و تەمەنی

زۆر و نەخۆشیی شێرپەنجە و پیریی پشوویان لێبڕی و دڵیان لە لێدان خست. بارزانی سەرۆکێکی خاوەن بیری نەتەوەیی و خاوەن ستراتیژیی کوردستانیی بوو، چەندان سیفەتی شایستە و مرۆڤدۆستانەی هەبوو، ڕێباز و دروشمەکانی ڕوناکیین بۆ سەرکەوتنی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.

لە ڕاستیدا بە سەرنجدان بە پەیماننامەی نێوان بارزانیی و قازی محەمەد کە لە ڕۆژنامەی کوردستان، لاپەڕەی 3، ژمارە 23، ڕۆژی 1324/12/15 (1946/3/6)دا بڵاوکراوەتە و لەودا باس لە مافی ئازادیی و دیموکراتیی، مافی ئابووریی، مافی سەربەخۆیی کوردستان و ئازادکردنی کوردستانی گەورە دەکات، گەورەیی ئەو سەرکردەمان بۆ دەردەکەوێت.

شورای شۆڕشی ئیسلامیی شاری شنۆ بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانییەوە بۆ ماوەی 6 ڕۆژ ماتەمینیی گشتییی ڕاگەیاند و بەو بۆنەوەیەوە هەموو خوێندنگەکان، ئیدارەکان، دوکان و بازاڕی شنۆ داخران.

لە ڕێوڕەسمی هێنانەوەی تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانییدا بۆ شنۆ، هەریەک لە کوڕانی بارزانیی ، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئیدریس بارزانی سوپاسی بەشداریی کردنی خەڵکەکە و بە تایبەتی خەڵکی شنۆیان کرد. دواتر مەلا کەریم شاریکەندی لەلایەن خەڵکی شاری مهاباد، مەلا عەبدوڵا لە لایەن خەڵکی مەریوان، نوێنەرێک لە لایەن کوردەکانی ورمێ و هەروەها ئەسعەد سیراجەدینی لە لایەن شێخ عوسمان سیراجەدینی ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندیی وتاریان خوێندەوە و هەژار موکریانی شیعری "بارزانی پالەوانی کوردی خوێندەوە. دوکتۆر کەمال کەرکوکی پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان "سەرکردایەتی کاتی" ئاڕاستەی بەشداران و خەڵکی کوردستان کرد و لە کۆتاییدا پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا خوێندرایەوە.

بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1979/3/3دا، هەواڵنێری فەرەنسپرس لە لەندەن دەربارەی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی نوسی:

**- (مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پێشوی بزوتنەوەی کوردستانی عێراق ڕۆژی پێنجشەممە بەهۆی جەڵتەی دڵەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی**

واشـنتۆن كـۆچی دوایـی كـرد. مـەلا مسـتەفا سـێ سـاڵ بـوو نەخۆشـیی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە ئازاری دەدا و لـە نەخۆشـخانە كـەوتبوو. نوسینگەی نوێنەرایەتی پارتـی دیموكراتـی كوردستـان لـە لەندەن هەواڵـی كۆچی دوایی مـەلا مسـتەفای ڕاگەیانـد و ئاگاداریـان كردینـەوە كـە فڕۆكەیـەك بـۆ گواستنەوەی تـەرمی بارزانـی دەچێتە واشنتۆن، چونكە بڕیار وایە تـەرمی بارزانـی لـە شاری شنۆ لـە ئازەربایجانـی ڕۆژئاوا بـە خـاك بسپێردرێت.

مەلا مستەفا چەند ڕۆژ دوای ئیمزاكردنـی پەیماننامەی ئاشتیی لـە نێوان ئێـران و عێـراق لــە 1975/3/13دا كــە كۆتــایی هێنــا بــە بزوتنــەوەی سەربەخۆییخوازانەی كوردستانـی عێراق، هاتە ئێـران. لـە سـەرەتای ئـەم سەدەیەدا لـە باكوری عێراق لـە گوندی بارزان چاوی بە دنیـا كـردەوە. لـە سـاڵی 1931دا بەشـداریی بزوتنــەوەی نەتــەوەیی كوردسـتانی كـرد و لــە سـاڵی 1943 دا هـەوڵیـدا حكومـەتێكی خودموختـار بـۆ كوردەكـانی عێـراق دابمەزرێنێت، بەڵام گوشاری هێزەكـانی ئینگلیـز و عێـراق ناچاریـان كـرد بەرەو ئێران بكشێتەوە و تێكەڵاوی بزوتنەوەی كوردی ئێران ببێت، بـەڵام بە ناچاریی لـە ئێرانیش كشایەوە بەرەو یەكیەتی سۆڤیەت و بۆ ماوەی 12 ساڵ لـەوێ مایەوە. لـە كشانەوەكەیدا بۆ سۆڤیەت 500 ئەندامی هۆزەكەی لـەگەڵ بوو. دوای شۆڕشی عێـراق و بـە دەسـەڵات گـەیشتنی عەبدولكـەریم قاسم، مـەلا مستـەفا بـارزانـی گـەڕایـەوە بـۆ عێـراق و سـەرلـەنوێ شۆڕشـی چەكدارانــەی كـوردی لــە بـاكوری عێـراق هـەڵگیرسـاند و لــە 1970/3/11 لـەگەڵ حیزبی بەعسی حاكمدا ڕێككەوت و پەیماننامەیەكی مۆركرد كە لـە چوارچێوەی كۆمـاری عێراقـدا كوردەكـان بـە مـافی خودموختـاریی بگـەن، بــەڵام تـەمـەنی ئـەو ڕێككەوتنـە كـورت بـوو، چونكـە حیزبـی بـەعس لــە بەڵێنەكەی خۆی پاشگەز بـووەوە و سـەرلـەنوێ نـاكۆكیی سـەریهەڵدایەوە. ڕژێمی بەعس ویستـی بە پلانێكـی تیرۆریستـی ڕۆژی 1971/9/29 بـارزانـی بكوژێت، بەڵام سەرنەكەوت. ڕۆژی 1974/3/11 دەوڵـەتی عێراق بە شێوەی یەكلایەنە یاسای خودموختاریی باكوری ڕاگەیاند، بەڵام چونكە كوردەكان پێی ڕازیی نەبوون، قەیرانەكە توند بووەوە. لەو ڕووەوە یەكیەتی سۆڤیەت بـارزانـی تاوانبـار دەكـرد و یارمەتییـەكانی لێبڕی، ئیتـر جگـە لـە ئێـران لایەنێكی تر یارمەتی نـەدەدا. ئێـرانیش لـەگـەڵ عێـراق ڕێككـەوت و ڕۆژی

1975/3/4 پەیمانێکی ئیمزاکرد و پشتی لە بارزانی کرد. بەم بۆنەیەوە مەلا مستەفا لە عێراقەوە هاتە تاران و دوای ماوەیەک چووە ئەمریکا و بە کردەوە لە سیاسەت دورکەوتەوە. دەگوترا مەلا مستەفا دەیەویست بگەڕێتەوە بۆ ئێران کە ئەوەش لە ناو کوردەکاندا بە "هەواڵێکی خۆش" وەسف دەکرا، کەچی مەرگ بواری نەدا. وتەبێژێک بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕایگەیاند: (گەلی کورد لە هەواڵی مردنی کەسێک کە لەو ساڵانەی دواییدا بزوتنەوەی کوردی عێراقی بە شا و دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا "سیا" فرۆشتبوو، هەست بە ئاساییش دەکات!) هەروەها ئەو وتەبێژە گوتی: (بارزانی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران و عێراق وەک تاوانبارێکی خۆپەرست سەیر دەکرێت کە بە هۆی غرور و خۆبەزلزانینیەوە، هێزی پێشمەرگەی لەناوبرد.).

جگەلەوە بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1357/12/12 (1979/3/6) دا، هەواڵنێری تایبەتی ڕەوانەکراوی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە مهابادەوە ڕایگەیاند: (مەلا مستەفای بارزانی لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە. تەمەنی بارزانی نزیکەی 75 ساڵ بوو. لە ساڵانی ڕابردوودا نەخۆشیی شێرپەنجە ئازاریداوە و دوای شکانی شۆڕشی کوردەکانی باکوری عێراق بە سەرۆکایەتی ناوبراو، ئەو ماوەیەک لە "کەرەج" بووە و دواتر چووەتە ئەمریکا. دەڵێن مەلا مستەفای بارزانی وەسیەتی کردووە کە تەرمەکەی لە ناوچەی کوردنشینی شنۆ بە خاک بسپێردرێت. بارزانی لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد لە ئێران، یەکێک بووە لە هاوڕێیانی قازی محەمەد و لە لایەن قازی محەمەدەوە پلەی ژەنەڕاڵی پێبەخشراوە. دوای خۆبەدەستەوەدانی قازی محەمەد بۆ ماوەیەک شەڕی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی ئێران کرد و دواتر چووە ڕوسیا. بارزانی لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی "عەبدولکەریم قاسم" دا گەڕایەوە کوردستانی عێراق و لە ساڵی 1961دا بۆ وەرگرتنی خودموختاریی دژی حکومەتی عێراق ڕاپەری و کوردستانی عێراقی ئازادکرد. بارزانی لە نامەیەکیدا بۆ "جیمی کارتەر" سەرکۆماری ئەمریکا بە توندیی ڕەخنەی لە ڕاگرتنی یارمەتی ئەمریکا و ئێرانی دۆستی گرت و داوای یارمەتی لە ئەمریکا کرد.).

لـه لایـەکی تـرەوە، ڕۆژنـامـەی ئیتلاعـات لـە ژمـارەی ڕۆژی 1979/3/7 دا نوسـی: (ڕۆژی دووشـەممە تـەرمی مـەلا مسـتەفا بـارزانی سـەرۆکی کۆچکردووی شۆڕشـی کوردەکـانی عێـراق بـە هێلیکۆپتـەری میللـی هێـزی هەوایی گەیەنرایە شنۆ و لـە ناو ماتـەمینیی زیاتر لـە 200 هـەزار کوردی ئێرانـدا بـە خـاک سـپێردرا. لـە ڕێوڕەسـمی بەخاکسـپاردنی تـەرمی بارزانییدا، سرودی نەتەوەیی کوردستان خوێندرایەوە. خەڵکەکە دروشمی "درود بۆ بـارزانی خـەباتگێڕ و گیانفیـدای گـەلی کـورد و درود بـۆ ئیمـام خومەینی قارەمانی ئـازادییخوازی ئێـران" یـان بـەرزکردەوە). ڕۆژنـامـەی ئیتلاعـات لـە بەشێکی تـری نوسینەکەیدا دەڵێت: (تـەرمی مـەلا مسـتەفا بارزانی لە گۆڕستانێکی تایبەتدا کە 13 کیلۆمەتر لە دەرەوەی شاری شنۆ هەڵکەوتووە و لـە کۆنەوە کراوە بە گۆڕستانی کوردە پەنابەرەکانی عێراق، بە خـاک سپێردرا. دوێنـێ 300 هـەزار کـورد لـە هـەموو ئێرانـەوە خۆیـان گەیاندە شنۆ و بەشدارییی میتینگێکیـان کـرد کـە بـە بۆنـەی کۆچی دوایـی بارزانییەوە پێکهێنرابوو. لەو میتینگەدا کە ژمارەیەک هەواڵنێری ناوخۆ و دەرەوە بەشـداریان تێـدا کردبـوو، بـەڕێز مـەحمودزاد نوێنـەری شـورای شۆڕشی شنۆ بە بۆنـەی کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانییـەوە سـێ ڕۆژی تـریش ماتـەمـەینیی گشـتیی ڕاگەیانـد. دواتـر مـەلا کـەریم شـاریکەندی نوێنەری کوردەکانی مهاباد وتارێکی خوێندەوە و لـە بەشێکی وتەکانیدا ڕایگەیاند: (مادەی 8 داخوازیی گەلی کورد نیە و بـەلاوە دەنرێت). مـەلا سـاڵحی ڕەحیمـی نوێنـەری کوردەکـانی نەغـەدەش لـەو بارەیـەوە دوا و پشتگیریی وتەکانی مەلا کەریم کرد. مامۆستا هەژار چەند کۆپلـە شیعری خوێندەوە و بە تونـدیی هەسـتی هـەموو بەشـدارانی بزوانـد. لـە میتینگـی کوردەکانی شنۆدا، مەسعود بـارزانی کـوڕی مـەلا مستەفا، لـە وتـەکانیـدا ڕایگەیاند:

- (ئیمام خومەینی فەرموویان کوردەکانی ئێران زوڵمیان لێکراوە و بە مافی بە حەقی خۆیان دەگەیەنێت و کوردەکان هەرگیز جیاوازییخواز نەبوون و حـازر نـین گیروگرفتـەکانی دەوڵـەتی ئیسلامیی زیـادتر بکـەن. بـارزانی ڕایگەیانـد: لـە چوارچێـوەی ئـەو بەڵێنانـەی ڕێبـەری مـەزنی ئێرانـدا چاوەڕوانین لەژێر ئاڵای ئیسلام و چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا،

ئێوە براکانمان بە مافی خودموختاری بگەن.). مەسعود بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسییدا کە لەگەڵ هەواڵنێرانی ناوخۆ و دەرەوە کرد، گوتی: (ئێمە نەک لە شاری شنۆ بەڵکوو لە هیچ جێیەکی ئێران پێگەمان نیە و پێگەکانی ئێمە لە خاکی عێراق دان.). هەروەها مەسعود بارزانی ڕایگەیاند: (شا خیانەتی لە ئێمە کرد و بە لەناوبردنی شۆڕشی گەلی کورد لە عێراق، 20 هەزار کوردی بە کوشتن دا و لە پشتەوە خەنجەری لە ئێمەدا.). بەگوێرەی زانیاریی ئێمە نزیکەی 100 هەزار کوردی عێراق و تورکیا دەیانویست بۆ بەشدارییکردن لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مەلا مستەفا بێنە شنۆ، بەڵام دژی هاتنیان بۆ ئێران وەستان و نەیانهێشت بێنە ئێرانەوە.).

هەروەها ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1357/12/17دا ڕایگەیاند: (دوێنێ لەسەر بانگهێشتی مامۆستایان و زانایانی شاری مهاباد کۆڕێکی مەزنی ڕێزلێنان لە مەلا مستەفا بارزانی لە مزگەوتی سوری ئەو شارە پێکهات. ژمارەیەک هەواڵنێری بیانیی بەشداریی کۆڕەکەیان کرد. مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی و مامۆستا مەلا ڕەشیدی قەرەنی لە دوو وتاری جیاوازدا ئاماژەیان بۆ گەورەیی و خۆشەویستیی مەلا مستەفا کرد و ڕێزیان لە ژیانی پڕ لە شانازیی و پلەی باڵا و خەباتی قارەمانانەی مەلا مستەفا گرت. بەشدارانی کۆڕەکە جارێکی تریش ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینیان سەلماند و تەئکیدیان کردەوە کە نەتەوەی کورد ئێرانییە و جیاوازییخواز نییە.).

## 26 ساڵ خەباتی نهێنی و ئاشکرابوون!

ڕۆژی 1357/12/11 (1979/3/2) بەگوێرەی پلانێکی دیاریکراو، لە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانی چەکدارییدا کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مهاباد و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات لە شاری تاران و شار و گوندەکانی کوردستانەوە و نوێنەرانی چەندان ڕێکخراوی سیاسی بەشدارییان تێدا کرد، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە یاریگەی 30 هەزار کەسیی فوتبۆڵی شاری مهاباددا خۆی ئاشکراکرد. مەبەست لە ئاشکراکردنی حیزب بەو شێوەیە، پێشاندانی مەزنایەتی حیزبی دیموکرات و ژمارەی لایەنگرانی بوو کە دوکتۆر قاسملوو خستییە بەرچاوی حکومەتی کاتیی و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران و خەڵکی کورد، ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی کورد بوو بۆ کۆبوونەوە لە دەوری حیزب و لایەنگرییکردنی، هەروەها لەوانەش گرنگتر، ڕاگەیاندنی داخوازیی گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە ئایەتوڵا خومەینی و حکومەتی کاتیی بازرگان و بۆ بە دیموکراتیی کردنی ئێران.

بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە کە چەکی جۆراوجۆریان پێبوو، بە شێوەی سەربازیی لە بەرامبەر دوکتۆر قاسملوو و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبدا بە "ڕێژە" ڕۆیشتن و دواتر دوکتۆر قاسملوو دوای نزیکەی 26 ساڵ خەباتی نهێنی "1953- 1979" حیزبی دیموکرات، خەباتی ئاشکرای حیزبی ڕاگەیاند و سیاسەتەکانی حیزبی سەبارەت بە ڕوخانی ڕژێمی شاهەنشاهی و سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا شیکردەوە و پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی لە سیاسەتی ڕژێمی نوێ سەبارەت بە دژایەتی کردنی ئیمپیریالیزم و پاشماوەکانی ڕژێمی پاشایەتی ڕاگەیاند. هەروەها داوای لە خەڵک کرد کە هەوڵبدەن پلانەکانی دوژمن پوچەڵ بکەنەوە. قاسملوو داوای لە ئایەتوڵا خومەینی کرد کە ڕێنمایی حکومەتی کاتیی بکات کە ڕێز لە داخوازییەکانی گەلی کورد بگرێت و گوتی بەبێ ڕێزگرتن لە خودموختاریی کوردستان، دیموکراسی لە ئێراندا واتایەکی نابێت و ناتوانێت جێگیر بکرێت. هەروەها قاسملوو داوای لە ڕێکخراوە سیاسییەکان کرد کە یەکیەتی ڕیزەکانیان بپارێزن و بە دیموکراتییانە

چارەسەری گرفتەکان بکەن. بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە دروشمی جۆراوجۆر پشتیوانیی خۆیان بۆ حیزبی دیموکرات دەربڕی. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1357/12/12 (1979/3/3) یدا ئاماژەی بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی حیزبی دیموکرات کرد و لە بەشێکیدا نوسی:

**- بە بۆنەی ئاشکراکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، دوای 32 ساڵ خەباتی نهێنی "حیزبی دیموکرات دوای 26 ساڵ خەباتی نهێنی خۆی ئاشکرا کرد- نوسەر"، دەیان هەزار لایەنگری ئەو حیزبە لە یاریگەی وەرزشیی مهاباد کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە دوای هەرەسهێنانی حکومەتی خودموختاریی قازی محەمەد لە کوردستاندا کۆبوونەوەیەکی بێهاوتا بوو، هەزاران جوتیار کە لە پشت مامۆستایانی پێشکەوتووی گوندەکانەوە دەڕۆیشتن، دروشمی "حیزبی ئێمە تەنیا حیزبی دیموکراتە"یان دەگوتەوە. گوندییەکان وێنەی قازی محەمەد و مەلا ئاوارە و چەندان شەهیدیتری بزوتنەوەی ساڵی 1347یان هەڵگرتبوو. سەدان نوێنەر لە شارە کوردنشینەکانەوە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا سرودی "ئەی ڕەقیب" بە زمانی کوردیی خوێندرایەوە و دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتارێکی خوێندەوە. لە وتارەکەیدا لەسەر خودموختاریی کوردستان دوا و هەر چەشنە جیاوازییخوازییەکی ڕەدکردەوە و گوتی: (حیزبی ئێمە گەلێک شەهیدی داوە، تەنیا لە بزوتنەوەی چەکدارانەی ساڵی 46-1347دا حەفتا خەباتگێڕی لێ شەهید کراوە. مامۆستایانی ئایینیی کوردستان لە هەموو تەنگانەیەکدا لەگەڵ خەڵک بوون. حیزبی ئێمە، حیزبی قازی محەمەد، حیزبی شەهیدانی چوارچرا و حیزبی مەلا ئاوارەکان و عەزیز یوسفییەکانە و تا بەدەستهێنانی هەموو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد ناوەستێت و درێژە بە خەبات دەدات... ئەمڕۆ هەموو پێگەکانی ئیمپیریالیزم و کۆنەپەرستیی لە مهاباد تێکشکێنراوە، بەڵام دڵنیانین لەوەی کە کۆنەپەرستان لە شوێنەکانیتر بیر لە هێرشیتر نەکەنەوە. بەبێ ئەوەی کە مافی گەلی کورد بدرێت، دەرەتانی بەدەستهێنانی دیموکراسی لە ئێراندا نیە.). قاسملوو داوای لە ئیمام خومەینی کرد کە ئامۆژگاریی حکومەتی کاتیی بکات کە بەرگریی لە**

داخوازەکانی گەلی کورد بکات و گوتی حکومەتی کاتیی لەم بارەیەوە دەبێت بە شێوەی ڕەسمیی سیاسەتی خۆی ڕون بکاتەوە. هەروەها لە درێژەی وتارەکەیدا گوتی: دەبێ ڕێگە بدرێت بە نوێنەرانی ڕاستینەی گەلی کورد کە بەشداریی بکەن لە مەجلیسی موئەسیسانی داهاتوودا، ئێمە ئیزن بە کەس نادەین کە دەرز بخاتە ناو یەکیەتی نەتەوەییەوە. سیاسەتی ئێمە بە جیا لە حیزبەکانیتر، ئەوەیە کە هەر کەسێک کە دوژمنی ئێمە نیە، حیسابی دۆستی بۆ دەکەین. ئێمە ڕەخنە دەسەلمێنین و لە چوارچێوەی نەتەوەیی و ناوچەییدا پاوانخواز نین. حیزبی دیموکرات ئامادەیە لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا هاوکاریی هەموو کەسایەتییەک و حیزبێک بکات:

1- خوازیارانی کۆماری دیموکراتی لە ئێراندا.

2- دیارییکردنی مافی خودموختاریی بۆ هەموو گەلانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتێکی یەکگرتوودا و مافی دیموکراتیی بۆ هەموو گروپ و لایەنە سیاسیەکان.

3- دەستەبەرکردنی سیاسەتێکی دروستی ئابووری کە بەرژەوەندی زەحمەتکێشان لەبەرچاوبگرێت.

4- لەناوبردنی نەخوێندەواریی و بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی گەلانی ئێران بەگوێرەی پەروەردەکردنیان بە زمانی دایک.

5- سیاسەتی سەربەخۆی نەتەوەیی و خەبات دژی ئیمپیریالیزم و لایەنگرییکردن لە بزوتنەوە ڕزگارییخوازییەکان.

6- دەستەبەرکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە حاکمیەتی نەتەوەیی ئێران بسەلمێنن.

هەروەها قاسملوو داوای لە حکومەتی ئێران کرد کە لە پێکهێنانەوەی ڕێکخراوی ژاندارمەریی و شارەبانی لە هەرێمی کوردستاندا خۆ بپارێزێت و ئەرکی ئەو ڕێکخراوانە بە خەڵکی هەرێمەکە بسپێرێت. داوای کرد کە سوپا هەڵبوەشێتەوە و لە جیاتی ئەو، سوپایەکی گەلیی پێکبێت و لەم بارەیەوە گوتی: (نابێت سوپا ببێت بە داردەستی حکومەت بۆ سەرکوتکردنی گەل.). ڕەخنەی لە میلیتاریزە کردنی کوردستان گرت و

**ڕایگەیاند: (نابێت هیچ دەستە و گروپێک هێزەکانی خۆیان بۆ هاندانی گروپێک دژی گروپێکیتر بەکاربهێنن.).**

**دواتر هێمن شاعیری ناسراوی کورد و هاوڕێی قازی محەمەد چەند کۆپلە شیعری بە زمانی کوردی خوێندەوە. هێمن دوای پازدە ساڵ ژیان لە عێراق، گەڕاوەتەوە وڵاتی خۆی. دواتر پەیامی شێخ عیزەدین حوسێنی ئیمام جومعەی مهاباد خوێندرایەوە. نوێنەری ئەندامانی شۆڕشگێڕی سوپا "مەبەست لە سەرگورد عەباسی یە- نوسەر" لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند: (ئیتر سوپا هەرگیز تەقە لە براکانی ناکات.). لە کۆتاییدا پەیامی هەریەک لە گەلی ئازەربایجان، حیزبی یەکیەتی دیموکراتیی گەلی ئێران و گروپی جیابووەوە لە چریکی فیدایی خەڵک " مەبەست لە گروپی ئەشرەفی دەهقانە- نوسەر" و چەند ڕێکخراو و لایەنی سیاسیتر خوێندرانەوە.).**

دوای کۆبوونەوەی مهاباد، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بڕیاریدا کە لە شارەکانیتری کوردستان خەباتی حیزب ئاشکرا بکات. دیارە ئەو بڕیارەی دەفتەری سیاسی بە شێوەی ڕەسمیی پرۆتکۆڵی بۆ ئامادە نەکرا و دەسەڵاتی ئەو کارەیان بە ڕێکخراوەکانی حیزب لە شارەکان سپارد کە بەگوێرەی توانا بۆ ئاشکراکردنی حیزب هەنگاوبنێن.

لەو چوارچێوەیەدا حیزب لە بۆکان خۆی ئاشکرا کرد. ڕێکخراوی حیزب لە بۆکان بە چەشنی مهاباد ڕێوڕەسمەکەی بەڕێوەبرد و دوکتۆر قاسملوو خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)ی لە بۆکان ئاشکرا کرد و داوای لە خەڵکی بۆکان کرد لە دەوری حیزبی پێشەوا قازی محەمەد کۆببنەوە.

## نەورۆزی خوێناویی سنە

خـەڵکی سـنـە بـە پێچەوانـەی خـەڵکی مهابـاد و نـاوچـەی موکریـان بـە شەوقێکی زۆرەوە نـەورۆزیان پیرۆز دەکرد. پێش ئـەوەی کـە نـەورۆز دەست پێبکـات، لـە سنـە هـەموو پێویستییەکانیان بـۆ دابینـدەکرد و نـەورۆز وەک نــەریتێکی جــوانی کــوردەواریی بــەڕێوەدەچوو. ڕۆژی 1357/12/27 (1979/3/17) لە کاتێکدا تـەنیا سێ ڕۆژی مابوو بـۆ نـەورۆز و سـەری سـاڵی 2679 ی کـوردیی و خــەڵکی ســنـە خۆیــان ئامــادەکردبوو کــە نــەورۆز پیرۆزبکەن، شەڕێکی خوێناویی لەو شارەدا سەریهەڵدا و ژمارەیـەکی زۆری تێدا کوژران و بریندار بوون.

شـاری سـنـە بەپێچەوانـەی شـاری مهابـاد کـە بیـری نەتـەوەیی زاڵ بـوو تێیدا، ناوەندی هێزە چـەپ و ئیسلامییە توندڕەوەکان بـوو. ئەحمـەد مفتـی زادە کەسـایـەتی شۆڕشگێڕی سـەردەمی ڕژێمـی محـەمـەد ڕەزاشـا، بـە هـۆی ڕابردووی خاوێن و هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانەیەوە ژمارەیـەکی زۆر مـەلا و موسـوڵمانی تونـدڕەوی لــێ کۆببــووەوە. مفتــی زادە دوو کۆمیتــەی لــە لایەنگرانی پێکهێنابوو کە ناویان "ستادی شۆڕشـی ئیسلامی" و "مـەکتـەبی قورئان" بوو.

جگـە لـە کۆمیتـەی لایـەنگرانی ئـەحمـەد مفتـی زادە، کۆمـاری ئیسلامی ئێرانیش وەک هەموو شارەکانیتری ئێران مـەلایەک و ژمارەیەکی پاسداری لـە شاری قومـەوە ناردبووە سنە و کۆمیتـەیەکی لێ دروستکردبوون کـە نـاوی "کۆمیتــەی ئیمـام" بـوو. ئـەوە لــە کاتێکـدا بـوو کــە هــەرکام لــە هێـزە سیاسییەکانیش وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، چریکی فیدایی خەڵکی ئێران و حیزبی تودەی ئێران، کۆمیتـە و ڕێکخستنی خۆیـان هـەبوو. ژمارەیـەک لاوی چـەپی هـەڵگری بیـری ماوستۆنگ هـەبوو لـە سنـە کـە پتـر سـەرنجیان بـە کـاری شۆڕشگێڕیی دەدا وەک سـەدیق کەمانگـەر، شوعەیب زەکریـایی و ئـەیوب نـەبـەوی و...تـد کـە ڕێکخراوێکیـان بـە نـاوی یـەکێتی مامۆسـتان و کارمەنـدان پێکهێنـابوو. ئـەو گرووپـە دواتـر بەشـێک بـوون لـە دامەزرێنـەرانی کۆمـەڵە و لـەگەڵ ئـەو ڕێکخراویـە کـەوتن.




لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگرانی لقی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران بە سەرۆکایەتی بەهروز سلێمانی لە سنە کۆمەڵەی "ستاد هێزەکانی دیموکراتی سنە" و سەدیق کەمانگەر و هاوڕێیانی "دەفتەری جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و شۆڕش"یان دامەزراندبوو. ئەو دوو کۆمەڵەیە کە خۆیان بە نوێنەری چەپ و شۆڕشگێڕ دانابوو، لە بەرامبەر "ستادی شۆڕشی ئیسلامی"ی ئەحمەد مفتی زادە و کۆماری ئیسلامی و حیزبی دیموکرات و حیزبی تودەدا هاوکاریی یەکتریان دەکرد و بە بەردەوامی لەنێوان لایەنگرانی "ستادی شۆڕشی ئیسلامی" لە لایەک و لایەنگرانی "دەفتەری جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و شۆڕش" و "ستادی هێزەکانی دیموکراتی سنە" لە لایەکەیتردا لەسەر دەسەڵات ناکۆکی هەبوو. لە بەرمبەردا لایەنگرانی مفتی زادە هەوڵی پڕچەککردنی خۆیان دەدا کە بە چەک ڕێ لە چالاکیی ئەو دوو ڕێکخراوانە بگرن و ئەوانیش هەر بەو جۆرە بیریان دەکردەوە. لەو چوارچێوە فیکرییەدا، ڕۆژی 1357/12/27 (1979/3/18) لە کاتێکدا ئەحمەد مفتی زادە چووبووە شاری سەقز کە بەشداریی کۆبوونەوەیەکی مەلا سوننەکان بە بەشداریی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی بکات، ژمارەیەک لە لایەنگرانی دەچنە کۆمیتەی ئیمام کە مەلا سەفدەری سەرۆکایەتی دەکرد. سەفدەری هەوەک گوتم بە فەرمانی

ئایەتولڵا خومەینی لە شاری قومەوە هاتبووە سنە کە سەرپەرشتی کۆمیتەی ئیمام بکات.
لایەنگرانی مفتی زادە داوای چەک لە سەفدەری دەکەن، بەڵام سەفدەری ڕازیی نابێت کە چەکیان بداتێ و ئەوانیش دژی سەفدەری دروشم دەدەن، لە ئەنجامدا ئاڵۆزیی لەنێوانیاندا پەیدا دەبێت. لەو ئاڵۆزییەدا پاسدارەکانی سەربە کۆمیتەی ئیمام تەقە لە خەڵکەکە دەکەن و کەسێک بە ناوی "حەمید لاوری" دەکوژن. هەرلەو کاتەدا لەناو خەڵکی شاردا دەنگۆ دادەکەوێت کە حکومەت خەریکە گەنمی عەمبارەکانی "سایلۆ" دەبات. خەڵک بە بیستنی ئەو هەواڵە تووڕە دەبن و هێرش دەکەنە سەر بارەگای کۆمیتەی ئیمام و بارەگاکە دەگرن و سەفدەری ڕادەکاتە سەربازگەی سنە. لەگەڵ ئەوەدا خەڵک بە هاندانی لایەنگرانی "ستاد هێزەکانی دیموکراتی سنە" و "دەفتەری جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و شۆڕش" دەچنە سەر بارەگای ئەحمەد مفتی زادە و ڕادیۆ تەلەڤزیۆن و سەرکردایەتی هەنگی ژاندارمەریی و ئەو سێ شوێنانەش چەک دەکەن. دواتر دەچنە سەرکردایەتی لەشکری 28 و سەرهەنگ سەفەری فەرماندەی لەشکر لە شوێنی خۆی دەسبەسەر دەکەن. سەدیق کەمانگەر داوا لە سەفەری دەکات کە سەربازگە بداتە دەست خەڵکی شۆڕشگێڕی شار. سەرهەنگ سەفەری ئەو داوایە بە فەرماندەی سەربازگە ڕادەگەیەنێت، بەڵام فەرماندەی سەربازگە، ئامادە نابێت سەربازگە بەدەستەوە بدات و بۆ ئەو مەبەستە پرس بە سەرکردایەتی سوپا و سپەهبود قەرەنی دەکات کە فەرمانی پێدەدەن لە بەدەستەوەدانی سەربازگە خۆی بپارێزێت.
ئێوارەی ئەو ڕۆژە لایەنگرانی "دەفتەری جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و شۆڕش" و "ستاد هێزەکانی دیموکراتی سنە" بڕیار دەدەن "شورای کاتیی شۆڕش" دامەزرێنن. شورا دادەمەزرێت و سەدیق کەمانگەر دەبێتە سەرۆکی ئەو شورایە. بە نوسینی حوسێن موراد بەگی لە لاپەڕەی 90 ی کتێبی "مێژووی زیندووی کوردستان"دا، ئەو شورایە کاتژمێر 03:03 ڕۆژی 1357/12/27 بڕیاردەدات پەیامێکی ڕادیۆیی ئاڕاستەی خەڵکی شاری سنە بکات. سەدیق کەمانگەر سەرۆکی شورا لە پەیامەکەیدا داوا دەکات سەربازگە خۆی بەدەستەوە بدات و کاتێک دەبینن فەرماندەی سەربازگە

ئامادە نییە سەربازگە بەدەستەوە بدات، هەروەکو موراد بەگی لە لاپەڕەی 91ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات، کەمانگەر بە خەڵک ڕادەگەیەنێت: **(تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی هێرشکردنە بۆ سەر سەربازگە و دەڵێت خەڵک هەر چەکێکی هەیەتی بیگرێتە دەست و بە هەموو هێزەوە هێرش بکەنە سەر سەربازگە).**

خەڵکەکە هێرش دەکەن، بەڵام سەربازگە خۆی بەدەستەوە نادات و کاتێک دەبینن خەڵک دەیەوێ سەربازگە چەک بکات، ئەم جارە بە چەکی سوک و قورس وەڵام دەدەنە و لە هێرشێکدا کە یەکانی ئامادە بۆ سەر خەڵکی کۆکراوە لە دەوری سەربازگەی دەکات، ژمارەیەکی زۆر و لەوانە "سلێمان تیکان تەپە" شەهید دەکات و عەبدوڵا موهتەدی بەدیل دەگرێت. ڕۆژنامەی کەیهان بەپێی ڕاپۆرتی نەخۆشخانەی سنە ڕۆژی 1358/1/6 (1979/3/26) ڕایگەیاند: **(99 کەس لە شەڕی سنەدا شەهید بوون).**

کاتێک لایەنگرانی "دەفتەری جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و شۆڕش" و "ستاد هێزەکانی دیموکراتی سنە" یا بە واتایەکیتر "شورای کاتیی شۆڕش" پێکهاتوو لە لایەنگرانی ئەو دوو ڕێکخراوانە تێدەگەن سەربازگەیان بۆ چەک ناکرێت و شار خەریکە تووشی زیانێکی قورستر دەبێت، پاشنیوەڕۆی 1358/12/28 (1979/3/19) لەسەر پێشنیازی پارێزگاری سنە شەڕ ڕادەگرن. سەرهەنگ سەفەری ئازاد دەکەن و بینای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دەدەنەوە دەست حکومەت. لە بەرامبەردا حکومەتیش عەبدوڵا موهتەدی و گیراوەکانیتر ئازاد دەکات. سەرئەنجام مامۆستا شێخ عیزەدین و ئەحمەد مفتی زادە پێکەوە کۆتایی بە شەڕەکە دێنن. حوسێن موراد بەگی لە لاپەڕەی 135ی کتێبەکەیدا دەڵێت:

**- (بە داخەوە فەرمانی چەککردنی ئەو سەربازگەیە لەلایەن ئێمە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ئەو سەردەمەدا درەنگ ڕاگەینرا. کەمایەسیی سیاسیی و فیکریی دیار و ئامادە نەبوونی ئێمە لەو سەردەمەدا ئیزنی نەدا کە لە سەرەتاییەکانی ڕاپەرینی 22 ی ڕێبەنداندا لەگەڵ خەڵکی تاران و شارەکانی تری ئێران سەربازگەکان و ناوەندە سەربازییەکانی ڕژێمی پێشوو لە کوردستانی ئێران چەک بکەین).**

بــه هــەر حــاڵ ڕۆژی 1358/1/1(1979/3/21) لیژنــەیــەکی حکــومیی بــە سەرۆکایەتی ئایەتوڵا تاڵەقانی و ئەندامەتی دوکتۆر حاج سەید جەوادی وەزیــری نـــاوخۆی وڵات، ئایـــەتوڵا بەهشـــتی، دوکتـــۆر بەنیســـەدر، حوجەتولئیسلام ڕەفسنجانی و هەروەها چەند کەسایەتی کورد لەوانە یەحیا سادق وەزیری نوێنەری کانوونی دادوەرانی ئێران، سارمەدینی سادق وەزیری نوێنەری کوردەکانی نیشتەجێی تاران و شوکروڵا پاکنژاد نوێنەری بەرەی دیموکراتی نەتەوەیی لە تارانەوە هاتنە سنە و لە مهابادیشەوە مەلا شێخ عیزەدین، مامە غەنی و مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە گەیشتنە سنە. ڕۆژی 1358/1/2 حیزبی دیموکرات 62 پێشمەرگەی بە خواردن و جلوبەرگەوە ڕەوانەی سنە کرد. سەرتیپ قەرەنی کە یەکێک بوو لە ئەفسەرە خەباتکارەکانی دژ بە ڕژێمی شا و ماوەیەک زیندانی و دواتر بە فەرمانی شا لە سوپا دەرکرابوو، دوای سەرکەوتنی شۆڕش کرابوو بە فەرماندەی هێزەکانی زەمینیی. ناوبراو فەرمانیدا بە هێلیکۆپتەر تەقە لە خەڵک بکەن و ڕێگە نەدەن کە سەربازگەی سنەش وەک سەربازگەی مهاباد تالان بکرێت. خەڵک بە گۆنی "تەلیس" پڕلە لم و چەو لە شەقام و کۆڵانەکاندا سەنگەریان دروست کردبوو. شەڕ کۆتایی پێهاتبوو، بەڵام جارجار دەنگی تەقە دەهات.

لــە کۆبوونــەوەی نوێنــەرانی حکومــەتی کــاتیی و نوێنــەرانی کــورددا، ئایەتوڵا تاڵەقانی لە سەدیق کەمانگەر تووڕە دەبێت و لێی دەپرسێ: **(تۆ بە ئیزنی کێ لە تەلەڤزیۆنی سنەوە بە خەڵکت گوتووە بچن سەربازگە تالان بکەن؟)** بە نوسینی غەنی بلوریان لە "ئاڵەکۆکدا" تاڵەقانی تەنانەت شریتی دەنگی سەدیقی کەمانگەر دەخاتە بەرچاوی ئەندامانی کۆبوونەوەکە. کەمانگەر لە وەڵامیدا دەڵێ بە دەستوری شورای کاتیی شۆڕش. شایانی باسە کە سەدیق کەمانگەر خەباتگێڕێکی ماندوویی نەناس بوو، ناوبرا ڕۆژی 1368/6/13 (1889/9/4) بەدەست جاشێکی تاوانبار بەناوی "تۆفیق گرژاڵی" کە پاسەوانی خۆی بوو، لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە لە "دۆڵەڕەقە" تیرۆر کرا.

بەهەر حاڵ لە کۆبوونەوەکەدا ئایەتوڵا تاڵەقانی بە بەشداران دەڵێت شورایەکی یانزدە کەسیی بۆ بەڕێوەبردنی شاری سنە هەڵبژێرن، هەروەها

لەسەر داوای ئەندامانی کوردیی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا ئیبراهیم یونسی بە پارێزگاری پارێزگای سنە دەستنیشان کرا. لە کۆبوونەوەیەکیشیدا لە مەیدانی ئیقبالی سنە، تالەقانی بە خەڵکی سنەی ڕاگەیاند بە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە شورایەک بۆ خۆیان هەڵببژێرن تا ئەرکی شارەوانیی و ئاسایش و کاروباری شار بەڕێوەبەرێت. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی 1357/1/24 هەڵبژاردن کرا. ئەم یانزدە کەسەی خوارە دەنگیان هێنایەوە و بوون بە ئەندامی ئەسڵی شورا و یانزدە کەسیتریش بە ئەندامی جێگر هەڵبژێردران:

1- فوئاد ڕوحانی: 14400 دەنگ. 2- جەبار ئاریانژاد: 14134 دەنگ. 3- هادی مورادی: 12718 دەنگ. 4- یوسف ئەردلان: 12230 دەنگ. 5- ئیبراهیم شاغەیبی: 11880 دەنگ. 6- مەلا مەحمود ئاسنگەر: 11817 دەنگ. 7- ئەحمەد خەلیقی: 11707 دەنگ. 8- سەید عیماد زاهدی: 11551 دەنگ. 9- فەریدە قوریشی: 11310 دەنگ. 10- ئەرسەلان پورقوباد: 11119 دەنگ. 11- مارف شەبلی: 11078 دەنگ.




وێنە: لە ماڵپەری بهزاد خۆشحاڵیی وەرگیراوە

شورای شاری سنه بۆ ماوەی نزیک بە پێنج مانگ تا سەرهەڵدانی شەڕی دووەم لە کوردستاندا 1358/5/28 (1979/8/19) کە بە شەڕی سێ مانگە ناوبانگی دەرکرد، کاروباری شاری سنەی بەڕێوەبرد. پێش هەڵگیرسانی شەڕی سنە دوکتۆر قاسملوو سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و ئێران و خواست و ئامانجی نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، وتوویژێکی ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ هەواڵنێری ڕۆژنامەی "کەیهان" کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1357/12/26 واتە ڕۆژێک پێش هەڵگیرسانی شەڕی سنە وتوویژەکەی قاسملووی بڵاوکردەوە. دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتوێژەکەیدا ڕایگەیاند:

**- (خەڵکی کورد بۆ خودموختاریی خەبات دەکات و هەموو ئەو کەسانەی کە لە کوردستان دەژین دەتوانن ببن بە ئەندام لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا.) قاسملوو گوتی: (دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان بە ڕونیی بیروبۆچوونی ئێمە ئاشکرا دەکات، لە پڕۆگرامی کۆنگرەی سێیەمدا کە ساڵی 1350 (1971) پەسەندکراوە و دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، مافی نەتەوەیی کورد و زەحمەتکێشانی تێدا گونجاوە.) قاسملوو سەبارەت بە ڕژێمی ڕوخاوی شا گوتی: (ڕژێمی ڕابردوو بە توندیی ئەندامانی ئێمەی خستبووە ژێر چاودێریی و دەیان کەسی لێ ئیعدام و سەدانیشی بە زیندانیی درێژخایەن مەحکوم کردین.) هەروەها گوتی: (هێزە نەتەوەییەکان بەشدارییان کردووە لە شۆڕشی ئێراندا و شۆڕشی ئێران بە هیچ گروپێکی تایبەتەوە نەبەستراوەتەوە و ئێمە خۆمان لە شۆڕش جیاناکەینەوە و بە ڕێبەرایەتی ئایەتوڵا خومەینی ڕازیین.) قاسملوو دەربارەی ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گوتی: (ئامانجی ئێمە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستییە و ڕامان وایە کە نابێت چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە بمێنێت.) هەروەها گوتی: (حیزبی دیموکرات ڕێکخراوێکی مارکسیستیی نیە، بەڵام لە خەباتی خۆیدا زەحمەتکێشان بە پاڵپشتی خۆی دەزانێت.) قاسملوو ڕایگەیاند: (حیزبی ئێمە پەیڕەوی لە سانترالیزمی دیموکراتیی دەکات و هەموو بەرپرسانی خوارەوەی حیزب بەتایبەتیی لە شار و گوندەکاندا لە**

لایــەن ئەندامانیانــەوە هەڵـدەبژێردرێن.) قاسـملوو سـەبارەت بــە مــافی چارەنوسی گەلی کورد گوتـی: (ئێمـە دەمانـەوێ دەوڵـەتێکی فیدراڵ پێکبێت و هەموو خـەڵکی ئێران دەبێ مافیان هەبێت لـە دیـارییکردنی چارەنوسـی خۆیاندا) و تـەئکیدی کردەوە کـە: (بـەبێ دیموکراسـی ڕاسـتینە لـە وڵاتـدا، پێکهێنـانی وڵاتێکـی فیـدراڵ بـوونی نابێـت.) بـە ڕای قاسـملوو حکومـەتی خودموختاریی کوردستان دەبێ لە لایەن پەرلـەمانـەوە دەنگی بۆ بدرێت و بەڕێوەبردنی ناوچەی خودموختاریش دەبـێ لـە دەست کوردەکانـدا بێـت، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی خودموختـار دەبـێ سـەربە دەوڵـەتی ناوەنـدیی بێت و لـە بوارەکانی بـەرگرییکردن، کاروبـاری دەرەوە، ئـابووری و پـارە و پـرۆژە درێژخایانەکانــەوە دەبــێ بــە ئێرانــەوە ببەسـترێتەوە. قاسـملوو دەربارەی جەلال تاڵـەبانی گوتـی: (ئێمـە پێمانخۆش نیە کـە هـیچ کەسێک دەست لـە کاروباری ئێمـە وەربـدات، هـەر وەک ئێمـە دەست لـە کاروبـاری کوردســتانی عێــراق وەرنــادەین، بـــەڵام سروشــتییە کـــە ئێمـــە پشــتی بزوتنــەوەکانی کــورد لــە عێــراق و تورکیـا دەگــرین، بــەڵام پەیوەنــدیی ڕێکخراوەییمان لەگەڵ ئەواندا نیە.).

## هەزاران بنەماڵەی کورد لە گوندەکانیان دەرکران

ساڵی 1963 کە دوکتۆر عەلی ئەمینی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ئێران بوو، محەمەد ڕەزاشا فەرمانیدا کۆمەڵێک چاکسازیی لە ئێراندا بکرێت و ناوی **"شۆڕشی سپی شا و گەل"**ی لەسەر ئەو کۆمەڵە ڕیفۆرمە دانا کە بریتی بوون لە:

- دابەشکردنی زەوی لەنێوان جوتیاراندا.
- بەشدارییکردنی ئافرەتان لە هەڵبژاردنەکاندا.
- فرۆشتنی ژمارەیەک کارگە و کارخانە و بەشدارکردنی کرێکاران لە سودی کارخانەکان بە کڕینی بەش "سەهم".
- دانانی سوپای دانیش بۆ خوێندەوارکردنی خەڵک لە گوندەکاندا.
- دانانی سوپای ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی گوندەکان.

هەرچەندە دابەشکردنی زەوی لەنێوان جوتیاراندا بە وردیی نەکرا و هەموو جوتیارانی نەگرتەوە، بەڵام بە کڕینەوەی زەوی دەرەبەگەکان و دابەشکردنی لەنێوان جوتیاراندا بە پارەیەکی کەم، لە ئێراندا بە ڕادەیەکی زۆر سیستمی دەرەبەگایەتی شێواند.

دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە 1979دا ژمارەیەک سەرۆک خێل بەو تێبینییەوە کە ئایەتوڵا خومەینی لە ساڵی 1963دا دژی دابەشکردنی زەوی دەرەبەگەکان بووە، بە مەبەستی وەرگرتنەوەی زەوییەکانیان پاڵیان بە دەوڵەتەوەدا و دژی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد وەستان، تا بە پشتگیریی حکومەت زەوییەکانیان بستێننەوە.

ژمارەیەکیتریان خۆیان چەکداریان کۆکردەوە و هەوڵیاندا بە ڕێگەی گوشار بۆسەر جوتیاران هەموو یان بەشێک لە زەوییەکانیان وەربگرنەوە یان بۆ جارێکیتریش دووبارە پارەی زەوییە فرۆشراوەکان لە جوتیاران وەربگرن. ئەو کێشەیە بە گشتیی لە هەموو کوردستاندا سەریهەڵدا.

لە ناوچەی سۆما و برادۆست یەکێک لە دەرەبەگەکانی ناوچەکە بە ناوی "حاج محەمەد سادقی" کە لە ساڵی 1963دا زەوی گوندەکانی بەسەر جوتیاراندا بەشکرابوو و پارەی زەوییەکانی لە حکومەتی شا وەرگرتبوو، لە نەورۆزی 1979دا هاوکات لەگەڵ کارەساتی نەورۆزی خوێناویی سنەدا،

لە نامەیەکدا بۆ جوتیارانی پتر لە 30 گوندی ناوچەی سۆما و برادۆست، هەڕەشەیان لێدەکات کە یان زەوییەکانی بدەنەوە یان پارەی زەوییەکانی بدەنێ و بەو جۆرە جوتیارەکان ناچاردەکات کە گوندەکانیان بەجێبهێڵن. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/1/18(1979/4/7) یدا سەبارەت بەو مەسەلەیە نوسی:

**- (هەزاران بنەماڵەی کوردی گوندنشین لە پتر لە 30 گوندی ناوچەی "سۆما و برادۆست"ی ورمێ بە هەڕەشەی چەکدرانی یەکێک لە دەرەبەگەکانی پێشوی ورمێ ناچاربوون ماڵ و سامانیان بەجێبهێڵن و پەنا بۆ گوندەکان و چیاکانی نزیک گوندەکانیان بەرن و ئاوارە ببن. یەکێک لەو دەرەبەگانە کە ناوی حاج محەمەد سادقی‌یە لە نامەیەکدا بۆ جوتیارانی نوسیوە کە من لەگەڵ دابەشکردنی زەوییەکانم نەبووم و ئەو دابەشکردنەم قبوڵ نیە. چونکە دابەشکردنی زەوی بە فەرمانی شای خایین بەڕێوەچووە و لە ڕوانگەی ئایینییشەوە دروست نییە و زەوییەکانی من داگیرکراوە. لە درێژەی نامەکەیدا هەڕەشەی لە جوتیارەکان کردووە و دەڵێت: ئەگەر بە زوویی زەوییەکانم نەدەنەوە، گرفت بۆ خۆتان و بۆ بنەماڵەکانتان دروست دەکەم. دوای ئەو نامەیە پیاوانی ئەو دەرەبەگە دەچنە سەر 30 گوندی ناوچەکە و دانیشتوانی ئەو گوندانە بە تەقەکردنی هەوایی و هەڕەشەکردن بەوەی کە لە گوندەکانیان دەریاندەکەن، ئەو کۆمەڵە گوندنشینانە ناچار دەکەن پەنا بۆ چیاکانی "جهودلەر" و گوندەکانی سەر سنوری ئێران و تورکیا ببەن. دوای ئەو ڕووداوە گروپێک لەو ئاوارانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان لە بەردەمی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا مانیانگرت. محەمەد مەهدی عەباسی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆ پێڕاگەیشتن بەو مەسەلەیە لەگەڵ لیژنەیەک چووە گوندەکانی "هنجروان، گنبد و قەسریک"، بەڵام پیاوەکانی ئەو دەرەبەگە بە تەقەکردن لە نزیک ئەو شوێنانەوە ئاژاوەیان نایەوە. چەند ئاوارەیەکی کورد لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ هەواڵنێری کەیهان لە ورمێ گوتیان:**

**- ئێمە پارەی ئەو زەوییانەمان بە کۆڵەمەرگییەکی زۆرەوە داوە بە حکومەت و ئێستا چەکدارەکانی خاوەن موڵکی پێشو هاتوون و سەرلەنوێ**

داوای پارەمان لێدەکەن. لە لایەکی ترەوە ناوبراو پارەی زەوییەکانی لە حکومەت وەرگرتووە و نازانین چی لەو جوتیارە زەحمەتکێشانە دەوێت؟ ئێمە داوا لە حکومەت دەکەین لیژنەیەک بنێرێت و هەرچی زووترە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، چونکە ژن و منداڵەکانمان ئاوارەی چیا و دەشتەکانن و لە هەلومەرجێکی دژواردا دەژین. محەمەد مەهدی عەباسی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە وتووێژێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کەیهان گوتی:

- خەریکی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکەین. ئیتر تەمەنی هەڕەشە بەسەرچووە و ئەو جوتیارانە بە زوویی دەگەڕێنەوە سەر کار و ژیانیان و ئێمە بە هەموو تواناوە بە شوێن ئەو ڕووداوەوەین. بەپێی دوا هەواڵ گروپێک لەو ئاوارانە پەنایان بۆ گوندی "گولان" لە 54 کیلۆمەتری ورمێ بردووە، کەچی دانیشتوانی ئەو گوندە ڕێگەیان پێنەداون و گوتویانە ئێمە زەویمان بۆ ئەو ژمارە زۆرە خەڵکە نیە و دوای ئەو ڕووداوە چەند شەوێکە دەنگی تەقە لەو گوندە دەبیسترێت.).

جگە لەوە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)یش لەم بارەیەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و داوای لە سەرۆک خێڵەکانی ناوچەی سۆما و برادۆست کرد کە جوتیاران بگەڕێننەوە سەر ماڵ و موڵکەکانیان، ئەگەرنا دژی خاوەن موڵکان پشتی جوتیارە زەحمەتکێشەکان دەگرێت. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/1/24یدا بەشێک لە بەیاننامەکەی حیزبی دیموکراتی بڵاوکردەوە:

- (هاونیشتمانانی بەڕێز، زەحمەتکێشانی کوردستان، وڵاتی ئێمە لە هەلومەرجێکی ئاستەمدایە. لە کاتێکدا حیزبی ئێمە و هێزە دیموکرات و شۆڕشگێڕەکانی ئێران خەبات دەکەن و دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بووەتە دروشمی سەرەکیی خەڵکی کوردستان و تا ڕادەیەکیش لە بەدەستهێنانی خودموختاریی سەرکەوتووین، ژمارەیەک سەرۆک خێڵ لە ناوچەی سۆما و برادۆست هێرشیان کردووەتە سەر چەند گوندێک. جوتیارەکانیان لە گوندەکان دەرکردووە و ماڵەکانیان تاڵانکردوون. نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پەیوەندییەکیدا بەو سەرۆک خێڵانەوە، بە جیددی داوای لێکردوون کە لە هەلومەرجی

ئێستادا بە هیچ جۆرێک نابێت بیر لە وەرگرتنەوەی زەوی جوتیاران بکەنەوە. ئەگەر بەشێوەی کۆن بۆ ئەو مەبەستە جوتیاران ئازار بدەن و دستدرێژییان لێبکەن، حیزبی ئێمە کە حیزبی بەرگرییکەری زەحمەتکێشانە، بەرگریی لە جوتیاران دەکات. ئێستا کە خەڵکی کوردستان یەکپارچە و بەرپرس بۆ خودموختاری خەبات دەکەن، کردەوەی بەشێک لە سەرۆک خێڵەکانی ورمێ و سەلماس جگە لە ئاژاوەگێڕیی و خزمەت بە دوژمنانی دەرەوە، واتایەکی‌تری نیە. ئێمە جارێکی‌تریش لەو سەرۆک خێڵانەمان دەوێت کە دەست لەو کردەوەیەیان هەڵبگرن و جوتیارەکان بگەڕێننەوە بۆ ماڵ و جێی خۆیان، ئەگەرنا بێگومان خەڵکی کوردستان و تەنانەت زۆربەی سەرۆک خێڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد پشتیوانیی لە جوتیاران دەکەن. هەروەها حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) پشتی جوتیاران دەگرێت و لەم بارەیەوە بەوپەڕی تواناوە ئەرکی خۆی بەڕێوەدەبات و بە هەموو جۆرێک هەوڵی لابردنی ستەم و گەڕاندنەوەی جوتیارە ئاوارەکانی سۆما و برادۆست دەدات.)

به هەر حاڵ هاودەنگیی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و محەمەد مەهدی عەباسی پارێزگاری ورمێ، دەرەبەگەکانی ناوچەی سۆما و برادۆستی ناچارکرد کە ڕێگە بە جوتیارەکان بدەن بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان.

## دیدارێکی تایبەت لە نێوان ئایەتوڵا خومەینی و لیژنەیەکی حیزبی دیموکرات دا

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سنە، لیژنەیەک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) بۆ دیدارێکی تایبەت لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی سەردانی شاری "قوم"ی کرد. مەبەست لەو دیدارە پشتیوانییکردنی حیزبی دیموکرات بوو لە شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەرۆکایەتی ئایەتوڵا خومەینی و ڕاگەیاندنی داواکارییەکانی خەڵکی کورد بە ڕێبەری شۆڕشی ئێران و وەرگرتنەوەی وەڵامی داخوازییەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ئایەتوڵا خومەینی. حیزبی دیموکرات بە ڕێگەی ئایەتوڵا نورییەوە ئەو دیدارەی لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی پێکهێنا. هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئایەتوڵا نوری ڕۆژی 1979/2/28 لەگەڵ داریوش فروهەر و لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی کاتیی مەهدی بازرگان هاتبووە مهاباد و چاوی بە دوکتۆر قاسملوو، مامە غەنی و مەلا شێخ عیزەدین کەوتبوو.

ئەندامانی لیژنەی حیزب بریتی بوون لە: دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، غەنی بلوریان، محەمەدئەمین سیراجی، ئەمیر قازی، جەلیل گادانی، نەبی قادری، سەنار مامەدی و سارمەدین سادق وەزیری. ئەو ژمارەیە دوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی چوونە شاری قوم و ڕۆژی 1358/1/8 (1979/3/28) بۆ ماوەی 45 خولەک چاویان بە خومەینی کەوت.

دوکتۆر قاسملوو سەرۆکی لیژنەی حیزبی دیموکرات، سەرەڕای پیرۆزکردنی شۆڕشی ئێران لە خومەینی، ئاماژەی بۆ دەرد و ئازارەکانی گەلی کورد و شەڕی سنە و هەڵوێستی ئایەتوڵا تاڵەقانی کرد سەبارەت بە هەڵبژاردنی شورایەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک لە شاری سنە و داوای کرد لەگەڵ شورایەکی بەو جۆرە بۆ هەموو شارەکانی کوردستان هاودەنگی بکەن. هەروەها ئەندامانی لیژنە داوایانکرد کە ئیزنیان پێبدرێت لە یەکێک لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە چەمکی خودموختاری بۆ ڕای گشتیی شیبکەنەوە. خومەینی لە وەڵامی قاسملوودا گوتی: **(پشتیوانی لە هەڵوێستی تاڵەقانی دەکەم. ئێوە دەبێ "وحدەتی کلمە"تان هەبێت و وەک هەموو لایەک بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایین و نەتەوە، بە ئازادیی و دور لە چەوسانەوە لە ئێراندا بژین، بەڵام چونکە ماندووم و پێویستم بە**

حەسانەوە هەیە، پێویستە بۆ ئەم مەبەستانە پەیوەندی بە موهەندیس بازرگانەوە بکەن.).
ئەندامانی لیژنەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات دوای ئەو دیدارەیان لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی بەشداریی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسییان کرد و وەڵامی پرسیاری هەواڵنێرانی ناوخۆ و بیانییان دایەوە. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/1/11 (1979/4/31) دا ئاماژەی بۆ ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسییە کرد و نوسی:
- (بەشدارانی ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە بریتی بوون لە: دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، غەنی بلوریان تێکۆشەری ناوداری کورد و ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەمیر قازی، ئەحمەد قازی، محەمەد سیراجی و نوێنەری شنۆ و نوێنەری سەلماس و سارمەدین سادق وەزیری نوێنەری کوردەکانی دانیشتوی تاران. لەو وتووێژەدا سەرەتا دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو دەربارەی دیداری لیژنەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئیمام خومەینی دوا و گوتی: ئێمە لەو چاوپێکەوتنەماندا لەگەڵ ئیمام داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانمان بە ئیمام گەیاند و نیگەرانیی خۆمان لەو هاندانانە دەربڕی کە لە کوردستاندا دژی شۆڕش دەکرێن. لە بەرامبەر وتەکانی ئێمەدا، ئیمام گوتی دەبێ "وحدەتی کلمە"تان هەبێت و ڕایگەیاند هەموو لایەک بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایین و نەتەوە، دەبێ مافی یەکسانیان هەبێت و هەموو بە ئازادیی و دور لە چەوسانەوە لە ئێراندا بژین. هیوادارین ئەم یەکەم دیدارەمان بتوانێت لە داهاتوودا لێکتێگەیشتنێکی پتر لەنێوان ڕێبەری شۆڕش و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەدی بێنێت و ئەو لێکتێگەیشتنە یارمەتی بەو دیدارانە بدات کە بمانەوێ یان نەمانەوێ، لە داهاتوودا سەرهەڵدەدەن.
دوای ئەو پێشگوتنە، یەکێک لە هەواڵنێران پرسی:
- ئایا ئەو خودموختارییەی کە ئێوە دەتانەوێ، لە داهاتوودا ئێران لەت ناکات؟ دوکتۆر قاسملوو وەڵامی دایەوە و گوتی: حیزبی دیموکراتی کوردستان نزیکەی **33** ساڵە خەبات دەکات و حیزبێکی گەلیی و ڕەسەنی ئێرانە، دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان دروشمی

سەرەکییەتی و لە ئاکامی خەباتی درێژخایەن و ویستی هەمیشەیی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە. خودموختارییمان لە چوارچێوەی ئێراندا دەوێت و ڕامان وایە کە هیچ چەشنە جیاوازییەک لە نێوان خودموختاریی و تەواویەتی خاکی ئێران و سەربەخۆیی ئێراندا نیە. بەپێچەوانەوە دابینکردنی مافی نەتەوەیی گەلی کورد، یەکیەتی ڕاستینەی گەلانی ئێران بەهێزتر دەکات و زامنی ڕاگرتنی سەربەخۆیی ئێران و ئازادیی دەبێت لە ئێراندا. ئێمە هەموو چەشنە تۆهمەتێک سەبارەت بە لەتکردنی ئێران بە توندیی ڕەد دەکەینەوە و جارێکیتریش ڕایدەگەیەنین کە هیچ هێزێکی جیاوازییخواز لە کوردستاندا نیە، ئێمە دەڵێین کاروباری پەیوەست بە بەرگرییکردن لە وڵاتدا، واتە ئەوانەی پەیوەندییان بە سوپاوە هەیە، ئەوانەی پەیوەندییان بە کاروباری دەرەوە هەیە، سیاسەتی دراویی و چاپی دراوی وڵات، پرۆژە درێژخایەنەکانی ئابووریی کە پێویستیان بە سەرمایەی زۆرە، بە تەنیا لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندییدا دەبن، بەشەکانیتر کە پەیوەستن بە کاروباری ناوخۆوە، لە لایەن خەڵک و لە چوارچێوەی ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی خودموختارەوە بەڕێوەدەچن. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ژاندارمەریی و پۆلیس کە ئێستا لە کوردستاندا قین و توڕەیی پێکدێنن، لەگەڵ شتیتری وەک گاردی نەتەوەیی یان پاسداری شۆڕش بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی ناوخۆیی پێکبێن، دیارە ئەوە لە دەسەڵاتی ڕێکخراوەکانی خودموختاردا دەبێت.

هەواڵنێرێکی تر پرسی: دەڵێن کوردەکانی ئێران بۆ لاوازکردنی حکومەتی شۆڕشگێڕ، یارمەتی دەدرێن، ئایا ئەو مەسەلەیە ڕاستە؟ دوکتۆر قاسملوو لە وەڵامدا گوتی: ئێمە کە دوێنێ بە خزمەت ئیمام گەیشتین، ئاماژەمان بۆ ئەم دیاردە سەرەکییە کرد و داوامان لە ئیمام کرد کە بۆ پێشگیریی کردن لە هاندانەکانی کەسانی گێرەشێوێن و کۆنەپەرستان و ئیمپریالیزم لە کوردستاندا، دەبێ مافی خەڵکی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا دابین بکرێت. شۆڕشی ئێران بە ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینی کە بەحەق شۆڕشێکی ڕەسەن و نەتەوەییە، دەبێت ئەو مافە دابین بکات و ئەگەر ئەو مافە دابین بکرێت، ئێمە لە پلەی ڕێکخراوێکی بەرپرس، لێرە

ڕایدەگەیەنین کە هیچ هێزێکی بێگانە و هیچ کۆنەپەرستێکی ناوخۆیی ناتوانن لە هاندانەکانی خۆیاندا لە کوردستان ئاکامی پۆزەتیڤ وەربگرن، چونکە لەو حاڵەتەدا خەڵکی کورد بە تێکڕا لە بەرامبەر کۆنەپەرستانی ناوخۆیی و دەستدرێژییەکانی بێگانەدا، پشتی شۆڕشی ئێران و دەستکەوتەکانی دەگرین. دوکتۆر قاسملوو سەبارەت بە پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ڕێبەرانی ئایینیی کوردستاندا گوتی: هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ هەردوو ڕێبەرانی ئێستا و هەر کەسایەتییەکی سیاسی زۆر ڕونە، ئەگەر ئەو ڕێبەرە ئایینیی یان سیاسییە لە چوارچێوەی دروشمی سەرەکیی ئێمەدا کە دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستانە، داکۆکیی لە مافی گەلی کورد بکات و خەباتی بۆ بکات، حیزبی ئێمە ئامادەیە هاوکاریی لەگەڵ بکات. سەبارەت بە ڕێبەرانی ئایینیی من تا ئێستا بە خزمەت بەڕێز ئەحمەد موفتی زادە نەگەیشتووم و ئاشنایەتیم لەگەڵی نیە، بەڵام ڕای ئێمە سەبارەت بە ئایەتوڵا عیزەدین حوسێنی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، پێمانوایە هەر لیژنەیەک بیەوێ لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت بکات ئایەتوڵا عیزەدین حوسێنی سەلاحیەتی نوێنەرایەتی ئەو لیژنەیەی هەیە نەک کەسێکیتر.).

لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسییەدا، دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: (ڕێکخراوی ئازادیخوازیی فەلەستین و بەڕێز یاسر عەرەفات خۆی بەشێوەی ڕەسمی داوای لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کردووە کە لیژنەیەک بنێرێت بۆ لوبنان. قاسملوو گوتی ئەو مەسەلەیەم بە ئیمام ڕاگەیاند و ئیمام خۆشحاڵیی خۆی لەو پەیوەندییە دەربڕی. لە کۆتایی کۆنگرە ڕۆژنامەنوسییەکەدا، غەنی بلوریان خەباتگێڕی ناوداری کورد پەیامێکی ئاڕاستەی خەڵکی ئێران کرد.).

لیژنەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای دیداری لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی، چاوی بە مەهدی بازرگان سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی کەوت و دەربارەی بارودۆخی ئێران و مەسەلەی کوردستان گفتوگۆی لەگەڵ کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/1/15 (1979/5/4) دا ئاماژەی بۆ ئەو دیدارە کرد و نوسی:

- (لەو دیدارەدا کە دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو سەرۆکی لیژنەی نوێنەرایەتی کوردەکان، غەنی بلوریان، محەمەدئەمین سیراجی و ئەمیر قازی ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد. هەروەها بەڕێز داریوش فروهەر وەزیری کاری حکومەتی کاتیی یەکێک بوو لە بەشدارانی ئەو دیدارە. لە ڕەوتی دیدارەکەدا کە 75 خولەکی خایاند، سەرەتا دوکتۆر عەبدلرەحمان قاسملوو پیرۆزبایی لە حکومەتی کاتیی کۆماری ئیسلامیی کرد و پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بە سەرۆکوەزیران ڕاگەیاند و ئاماژەی بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان و کۆمەڵە هاندانێک کرد کە لە هەرێمی کوردستاندا لە لایەن کەسانی دژ بە شۆڕش و بە تایبەتیی لە سنە و ورمێ دژی خەڵکی کورد دەکرێن. دواتر پەنجەی بۆ داواکارییەکانی گەلی کوردستان ڕاکێشا و بە وردیی لە خودموختاریی دوا و داوای لە سەرۆکوەزیران کرد کە ڕێگە بە لیژنەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات بدەن کە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە خواستەکانی گەلی کورد و بە تایبەتیی چەمکی خودموختاریی بۆ ڕای گشتیی ئێران شی بکاتەوە. هەروەها دوکتۆر قاسملوو داوای لە سەرۆکوەزیران کرد کە بۆ ئەوی داخوازییەکانی گەلی کورد لە دەستوری هەمیشەیی ئێراندا بگونجێت، نوێنەری گەلی کورد لە نوسین و ئامادەکردنی دەستوری هەمیشەیی ئێراندا بەشدار بێت.

سەرۆکوەزیران سەرەڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە، گوتی: ئەوەی کە لە لایەن حکومەتی منەوە کراوە، لەگەڵ وتەکانی حەزرەتی ئایەتوڵا خومەینی، ئایەتوڵا شەریعەتمەداری و ئایەتوڵا تاڵەقانیی، دەربارەی مافی یەکسانیی سوننە، شیعە، کورد، فارس، تورکمان و ئەوانیتر، نیشانەی نییەتی پاک و ویست و عەلاقەی حکومەت و ڕوحانییەتە بەو مەسەلەیە. دەربارەی داواکارییەکانی گەلی کوردستان و مەسەلەی خودموختاریی، سەرۆکوەزیران گوتی:

- گەڵاڵەی پێشنیازی ئێوە دەخوێنمەوە. کۆمیسیۆنێکمان بۆ ئەم مەبەستە لە وەزیرانی بەرگریی و کار پێکێهناوە کە لەگەڵ نوێنەرانی ڕاستینەی نەتەوەی کورددا لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە. ... تا ئەو جێیەی کە خودموختاریی پەیوەندیی هەبێت بە کاروباری ناوخۆوە، شتێکی باشە و

**پەسـەندە و پێویسـتە ئـەو گۆڕانکارییـەش لـە دەسـتوری هەمیشـەییدا بگونجێت و بە کردەوە بکرێت، بەڵام دەبێ بەوە بزانن کـە حکومـەتی مـن کاتییە و تەنیا دەتوانێ کارە سەرەتاییەکانی ئەو گۆڕانکارییە سەرەکییە جێبەجێ بکات. سەرۆکوەزیران پێشنیازی بە نوێنەرانی کوردستان کرد کە هاوکاریی بکەن لەگەڵ کۆمیسیۆنی دیارییکراودا. هـەروەها پێشوازییکرد لە بانگهێشتی یاسر عەرەفات بۆ چوونی لیژنەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ لوبنان و فەرمانیدا کاری پێویست بۆ ئەو سەردانەی لیژنەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکرێت. دەربارەی کەڵکوەرگرتن لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بۆ ڕونکردنـەوەی ڕای گشتی سەبارەت بـە داخوازییـەکانی خەڵکی کوردستان و ڕونکردنەوەی چەمکی خودموختاریی، سەرۆکوەزیران گوتی هیچ گرفتێک نیە و بۆخۆتان بچن. موهندیس بازرگان دڵفرەوانییەکی زۆری لەو دیدارەدا پیشاندا و گوتی پلانێک کە ناکۆکیی لەگەڵ تەواویەتی خاکدا نەبێت، پەسەند دەکرێت.).**

هەرچەندە بازرگان و فروهەر چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردیان زۆر لا گرنـگ بـوو، بـەڵام ڕووداوەکـانی دوایـی کوردسـتان و شـێوەی بیرکردنـەوەکانی خومـەینی و توندڕەوە ئیسلامییەکان، تـەمیان بەسـەر نیازپاکییەکانـدا کێشـا و هەوڵـە دیپلۆماتییەکـەی حیزبـی دیموکراتیـان بێسود هێشتەوە.

## ڕیفراندۆم و شکانی هەوڵە دیپلۆماتییەکانی حیزبی دیموکرات

پێش ئەوەی کە لیژنەی حیزبی دیموکرات بەرەو قوم بچێت، دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، ئەمیر قازی، محەمەدئەمینی سیراجی، هاشم کەریمی، مامۆستا هێمن، مەلا عەبدوڵا حەسەزادە، غەنی بلوریان و مەلا ئیسماعیل حاجی کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بوون، لە کۆبونەوەیەکی نائاساییدا بڕیاردەدەن کە حیزب بەشداریی بکات لە ڕیفراندۆمی دیارییکردنی سیستمی داهاتووی ئێراندا کە حکومەتی کاتیی بڕیاریدابوو ڕۆژی **1358/1/10 (1979/3/30)** لە هەموو ئێراندا بکرێت. سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەناوەکانی کەریم حیسامی، مەلا ڕەسوڵ پێشنماز و کەریم حەداد بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە نەبوون.

لەو ڕیفراندۆمەدا کە هیچ نیشانەیەکی دیموکراتیی پێوە نەبوو، خەڵک ناچارکرا دەنگی "ئا" یان "نا" بە دامەزراندی سیستمی کۆماری ئیسلامیی بدەن! تا ئەو کاتە خەڵک هیچ بەرنامەیەکی لە سیستمی ئیسلامیی نەبینیبوو. ئەڵتەرناتیڤی ئەو سیستمە واتا "نا" گەڕاندنەوەی سیستمی پاشایەتی بوو کە خەڵکەکە بە ویستی خۆیان و بە دەیان هەزار شەهید کۆتاییان بە ژیانی هێنابوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پێشتر خومەینی گوتبووی: **(مەلاکان دەسەڵات ناگرنەدەست و دەگەڕێنەوە گۆشەی مزگەوت و حوسێنییەکان و ئەرکی ئایینیی خۆیان بەجێدەگەیەنن).** کەوابوو بۆچی ئەو دوو دیاردەیە خرابوونە پڕۆگرامی ڕیفراندۆمەوە کە خەڵک دەنگیان بۆ بدات؟

ڕۆژێک پێش ڕیفراندۆم، ئەندامانی لیژنەی حیزب لە ماڵی جەلیل گادانی لە تاران کۆدەبنەوە. لەوێ دوکتۆر قاسملوو بە پێچەوانەی بڕیاری پێشوی کۆمیتەی ناوەندی، دەڵێت: **(چونکە حیزب بە ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامیی نازانێ، بەشداریی ناکات لە ڕیفراندۆمدا).** ئەمیر قازی و ئەندامانیتری لیژنەکە، جگە لە محەمەدئەمین سیراجی هاودەنگی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو دەکەن و مامە غەنییش دژی دەوەستێت، بەڵام بە جیددیی لە پشت بڕیارەکەی خۆی نامێنێتەوە. لە ئاکامدا دوکتۆر قاسملوو هەر

لەوێ بەیاننامەیەک ئامادە دەکات و بە وتەی ئەمیر قازی لە 2007/7/15 دا، ئێوارەی ئەو ڕۆژە بە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لە ماڵی "تەبەسوم" خانمی خوشکی دوکتۆر "شەتەوی" بە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب دەڵێت کە بەشداریی ڕیفراندۆم نەکەن. شایانی باسە کە مەلا شێخ عێزەدین، لایەنگرانی جەمعیەتەکانی مامۆستایان، جوتیاران و کرێکاران کە دواتر کۆمەڵەیان لێ پێکهات و هەروەها چریکی فیدایی خەڵک بەپێچەوانەی حیزبی دیموکرات، پێشتر بڕیاریاندابوو کە بەشداریی ڕیفراندۆم ناکەن.

بەهەرحاڵ ڕیفراندۆم بە گوێرەی بەرنامەی دیاریکراوی خۆی بەڕێوە چوو، بەڵام بە پێچەوانەی هەڵوێستی مامۆستا شێخ عیزەدین، حیزبی دیموکرات، جەمعیەتەکان و چریکی فیدایی خەڵک، زۆربەی خەڵکی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/1/11 (1979/3/31) دا نوسی:

**- (بەگوێرەی دوا ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم 98%ی خەڵک لە ئێراندا بەشداریی ڕیفراندۆمیان کرد و 18 میلیۆن کەس دەنگیان داوە).** هەروەها کەیهان لە ژمارەی 10672ی ڕۆژی 1358/1/12 دا نوسی: **(لە مهاباد 23569، لە سەردەشت 12367، لە بانە 11393، لە سنە 101618، لە سەقز 34826، لە قەسری شیرین 6695، لە سنقر 40652 کەس دەنگی "ئا"یان بە کۆماری ئیسلامیدا).**

بەو جۆرە هەوڵە دیپلۆماتییەکەی حیزبی دیموکرات لە یەکەم هەنگاودا شکستی هێنا و نەیتوانی لەو هەلە سود وەربگرێت کە دوای شەڕی سنە هەڵکەوتبوو، لە کاتێکدا کە دەیتوانی دەرەتانی مانۆڕ کردن و خۆڕێکخستن بۆ حیزب پێکبهێنێت و ڕێکخراوەکانی ببوژێنێتەوە. هۆی سەرەکیی ئەو هەڵەیەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات سەرەتا کۆمیتەکانی ئاگادار کردبووەوە کە بەشداریی دەکات لە ڕیفراندۆمدا، بەڵام دوکتۆر قاسملوو لەپڕ و بەبێ ئاگاداریی لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بووەوە، بەبێ ئەوەی کە تەنانەت ئەندامانی خۆی بە بڕیاری پاشگەزبوونەوەکە بزانن.

بەهەرحاڵ دوکتۆر قاسملوو، غەنی بلوریان و ئەمیر قازی لەلایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە دیاریکرابوون کە بچنە لوبنان و سەردانی

ڕێکخراوی ئازادیخوازیی فەلەستین و یاسر عەرەفات بکەن. بۆ ئەم مەبەستە هەر سێ ئەندام ڕۆژی 1358/1/10 داوای پاسپۆرت لە وەزارەتی ناوخۆی وڵات دەکەن. مامە غەنی و ئەمیر قازی پاسپۆرت وەردەگرن، بەڵام لە وەرگرتنی پاسپۆرت بۆ دوکتۆر قاسملوو تووشی گرفت دەبن و پێیانڕادەگەیەنن کە ڕۆژی 1358/1/11 (1979/3/31) سەردانیان بکەنەوە یان بچنە لای دوکتۆر مستەفا چەمران و گرفتەکە چارەسەر بکەن. دوکتۆر قاسملوو ئامادە نابێت بۆ ڕۆژی 1358/1/11 بمێنێتەوە و داوا لە غەنی بلوریان و ئەمیر قازی دەکات کە پاسپۆرتی بۆ وەربگرن و بۆخۆی لەگەڵ حەمەدەمین سیراجی دەگەڕێتەوە مهاباد کە بەشداریی کۆبوونەوەی نەغەدە بکات. لە وەڵامی پرسیاری مندا لەسەر چۆنیەتی پێکهاتنی کۆبوونەوەی نەغەدە، ئەمیر قازی ڕۆژی 2007/7/15 لە شاری "ئۆیریبرۆ"ی سوید پێیڕاگەیاندم:

**- (تا ئەوکاتەی کە لە تاران بووین، دوکتۆر قاسملوو باسی کۆبوونەوەی نەغەدەی نەکرد و من کە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب بووم، ئاگام لە پێکهاتنی ئەو کۆبوونەوەیە نەبوو).**

## شەڕی نەغەدە

لە پرۆسەی ئاشکرا کردنی حیزبی دیموکراتدا، کۆمیتەی ئەو حیزبە لە شاری نەغەدە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو ڕۆژی 1358/1/31 (1979/4/20) کۆبوونەوەیەکی مەزنی چەکدارانەی بە چەشنی کۆبوونەوەکەی مهاباد و بۆکان لە یاریگەی فوتبۆڵی نەغەدە پێکهێنا و کۆمیتەی شارەستانی نەغەدە کارە سەرەتاییەکانی ئەو کۆبوونەوەیە جێبەجێکرد.

نەغەدە شارێکی کوردستانییە لە چل کیلۆمەتری مهاباد و لە نێوان شارەکانی شنۆ، پیرانشار و مهاباد هەڵکەوتووە، دانیشتوانی لە کورد و تورک و تورکی قەرەپەپاخ پێکهاتووە واتا ئەو ژمارە تورکانەی "سندوس" کە لە کۆتاییەکانی سەدەی 19 و لە ئاکامی شەڕی نێوان ڕوسیای تزار و ئیمپراتۆریی عوسمانی، لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون. بەرلە شۆڕشی 1979 کوردەکان زۆرینەی شارەکەیان پێکدەهێنا و گوندەکانی سەر بە نەغەدە جگە لە ناوچەی سندوس کە تێکەڵاوە لە کورد و تورک، ئەوانیتر کوردن واتا پتر لە 80% خەڵکی نەغەدە و دەروبەری کوردن.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات بەرلە پێکهاتنی ئەو کۆبوونەوەیە، کۆمیتەکانی حیزب لە شارەکان ئاگادار دەکاتەوە کە لە ڕۆژی دیارییکراودا لە نەغەدە ئامادەبن. تا ئەو کاتە حیزب کۆمیتەی یاسایی لە شارەکاندا نەبوو کە ئەندامانی بەپێی پرۆگرام و بە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیارییکرابن. لایەنگرانی حیزب و لە پێشەوەی هەمووان ئەندامانی کۆنی حیزب کە لە سەردەمی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتدا حیزبیان بەجێهێشتبوو و لە باشوری کوردستانەوە گەڕابوونەوە ئێران، بە بۆچوونی خۆیان کۆمیتەکانی حیزبیان زیندوو کردبووەوە و دەفتەری سیاسی حیزبیش بەرپرسی بۆ دیارییکرد بوون.

لە نەغەدە سەید ڕەسوڵی دەهقان "بابی گەورە" لە سەعید کاوە "کوێستانی"، مەلا محەمەد خزری، مەلا سەید ئەحمەد سەعدەیی، عەبدوڵا قادری ئازەر، عەبدوڵا ئیبراهیمی، عەبدوڵا پاکسرشت، عەلی کاکەسور و مەلا محەمەد موراد ڕەسوڵی کۆمیتەیەکی پێکهێنابوو. دەفتەری سیاسی حیزبیش ڕەحمان حاجی ئەحمەدی کردبوو بە بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە.

ڕەحمــان حــاجی ئەحمــەدی کــوردی ناوچــەی نەغــەدە و دانیشــتوی شــاری "برلین"ی ئەڵمانیا بوو، بە هۆی دوریی لـە وڵات، زۆر ئاگـاداری بـارودۆخی کوردستان و شاری نەغەدە و خەباتی حیزبایەتی نەبوو.

پێش کۆبوونـەوەی نەغـەدە، تورکـەکانی نەغـەدە و بـەتایبـەتیی ئـەوانـەی کە دۆستی کورد بوون، بە کۆمیتـەی حیـزب لـە شـاری نەغـەدە ڕادەگەیـەنن کـە تورکـەکان ڕازیـی نـین حیزبـی دیمـوکرات بـە شـێوەی چەکدارانـە لـە گـەڕەکی ئـەوانـدا کۆببێتـەوە. لـەبەرئـەوە ئـەنـدامانی کۆمیتـەی نەغـەدە هەرچەنـدە لـەو بـاوەڕەدا نـەبوون کـە ئـەو هـەمووە کـوردە لـە نەغـەدە کۆببێتـەوە، داوا لـە حـاجی ئەحمـەدی دەکـەن کـە لـە دوو شـوێنی دور لـە گەڕەکی تورکان واتە لە "مەیدانی باڵخچی" یان لە "ئاوی نێوان بـاڵخچی و نەغــەدە"، کۆبوونـەوەکــە بکــەن. حــاجی ئەحمــەدی دەڵێــت چووەتــە شارەبانی و پێیڕاگەیاندوون و ئەوان گوتویانە هیچ گرفتێک نیـە. هـەروەها ڕایگەیانـدووە کـە دوکتـۆر قاسملوو دەیـەوێت کۆبوونـەوەکـە لـە یاریگـەی شـاردا بکـات و تورکـەکان قسـەکانی ببیستن. بـۆ دەرخستنی ڕاستیی ئـەو مەسـەلـەیە ڕۆژی 2007/3/7 پەیوەنـدیم بـە سـەعید کـاوە و مـەلا محـەمـەد خزرییـەوە کـرد کـە لـەو کاتـدا هـەردوو ئـەنـدامی کۆمیتـەی نەغـەدە بـوون. هەردووکیان دانیان بەڕاستیی ئەو ڕووداوەدا نا.

ئــەوە لــە حـاڵێکـدابوو کـە کۆمیتـەی نەغـەدە و دەفتـەری سیاسـی حیـزب دەیـانزانـی کـە لـەنێوان تـورک و کوردەکـانی نەغـەدەدا هەنـدێک هانـدان هەیـە و مەترسـی ئـەوەی لێدەبێتـەوە کـە نـاکۆکی لـە نێوانیانـدا سـەر هەڵبـدات. لـە نەغـەدە بـە پێچەوانـەی شـارەکانیتری ئێـران و کوردسـتان، هــەر یەکــە لــە کــورد و تورکــەکان بــۆ بــەڕێوەبردنی کارەکانیــان شــورای تایبــەت بــە خۆیــان دامەزرانــدبوو. لەگــەڵ ئەوەشــدا چەنــد تــورکی کۆنــە ساواکیی و لایـەنگری ڕژێمـی پیشوو وەک "عـەزیم مـەعبودی" و "قـەتاری" و چەنــد کەســێکیتر، دوای بەدەســەڵات گەیشــتنی کۆمــاری ئیســلامیی خـەریکبوون شتێک بدۆزنـەوە کـە جێـی پێـی خۆیـانی پـێ قـایم بکەنـەوە، کـەچی کۆمیتـەی نەغـەدە و ئـەو ئەندامانـەی دەفتـەری سیاسـی حیـزب کـە ئاگــادار کۆبوونەوەکــە بــوون، ســەرنجیان بــەو مەســەلانە و تەنانــەت دابینکردنی ئەمنیەتی شوێنی کۆبوونەوەکەی خۆیان نەدا.

هەڵوێستی حیزبی دیموکرات بیانوویەکی باشبوو بۆ کەسانی وەک مەعبودی، قەتاری و مەلا میرزا ئیبراهیم محرر سەرۆکی "کۆمیتەی شۆڕش" کە کۆمیتەی تورکەکانی نەغەدە بوو و پێشتر لە لایەن مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێوە پڕچەک کرابوون! کە لەژێر پەردەی پارێزگارییکردن لە تورکەکانی نەغەدە، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر شارەکەدا بسەپێنن. بەو تێڕوانینە تورکەکانی نەغەدە لە کۆبوونەوە و هاتوچۆی چەکدارانەی پێشمەرگەکانی حیزب لە شار و گەڕەکەکانیان دەترسان.

بەهەرحاڵ ڕۆژی 1557/1/31(1979/4/20) نزیکەی پازدە هەزار ئەندام و لایەنگری حیزبی دیموکرات بە چەک و بێ چەک لە زۆربەی شارەکانی کوردستانەوە دێنە نەغەدە و لە یاریگەی فوتبۆڵی شار کۆدەبنەوە و چاوەڕوانی دەستپێکردنی ڕێوڕەسمی ئاشکراکردنی حیزب دەبن. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە حیزبی دیموکرات پێشتر چالاکیی ئاشکرای لەو شارەدا هەبوو و ڕێکخراوی نەغەدە خاوەن بنکەی تایبەت بەخۆی بوو.

هێشتا ڕێوڕەسمەکە دەستی پێنەکردبوو کە دەنگی دوو تەقە لە ماڵێکەوە دێت. مەلا محەمەد خزری پێیگوتم کە کوڕی "حاجی بابۆ" ڕایکردە سەر ئەو ماڵە کە دوو عەجەمی تێدا بوو و هەردووکیانی کوشت و کوڕەکەش کوژرا. خەڵکەکە بەو دوو تەقەیە پەشۆکان و هەر کەسە و لە خۆیەوە تەقەی دەکرد. دواتر تەقە لە لای ماتۆڕی چیانەوە گەرم بوو.

شەڕ بەرەبەرە توند دەبێت. زۆربەی سەرانی حیزبی دیموکرات لەوانە دوکتۆر قاسملوو، محەمەد ئەمین سیراجی، کەریم حیسامی، سەید ڕەسوڵ بابی گەورە، مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، کەریم حەداد، مامۆستا هێمن و... تد و چەندان گەورە پیاوی نەغەدە و دەوروبەری وەک خوالێخۆشبووان مەلا ساڵح ڕەحیمی، مام ئەحمەد قادری لەو ڕێوڕەسمەدا بوون، کەچی کەس نەیتوانی شەڕەکە ڕابگرێت. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ، بەشێک لە چەکدارە کوردەکان نەغەدەیان بەجێهێشت، بەڵام ژمارەیەکیتر بۆ یارمەتیدانی کوردەکان، خۆیان گەیاندە نەغەدە.

ڕۆژی دووەمی شەڕی نەغەدە 1358/2/1 کەریم حیسامی و عومەر قازی بە بارهەڵگرێکی ڕوسییەوە کە تۆپێکی 105 میلیمی پێوە بوو، لەسەر

بڕیاری دوکتۆر قاسملوو برد بۆ نەغەدە کە لە شەڕەکەدا بەکاری بهێنن. هەر لەو کاتەشدا مەلا میرزا ئیبراهیم محرر داوای یارمەتی لە مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ دەکات. لە ناوخۆی نەغەدەشدا ئەندامانی حیزب هەوڵدەدەن کە شەڕەکە بوەستێنن، بەڵام دەرەتانی وەستانی شەڕیان بۆ نارەخسێت و تەنانەت غەنی بلوریان کە لەگەڵ ئەمیر قازی لە تاران بوو، نامەیەک ئاڕاستەی ئایەتوڵا تاڵەقانی دەکات و داوای لێ دەکات کە جارێکیتریش بۆ کوژاندنەوەی شەڕ و ئاژاوەگێڕیی لە نەغەدە کەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی و مەعنەوی خۆی وەرگرێت و کۆتایی بەو ئاژاوەیە بهێنێت کە بەزیانی شۆڕشی ئێران تەواو دەبێت. بە نوسینی ڕۆژنامەی "آیندگان" لە ژمارەی ڕۆژی 1358/2/2 دا بلوریان ڕونی کردەوە کە ڕەوانە کردنی هێزی چەکدار بۆ نەغەدە ڕەنگە ببێتە هۆی هاندانی زیاتر و ئاگری شەڕەکە خۆشتر بکات. بلوریان داوای لە تاڵەقانی کرد کە بە ڕۆشنبیریی خۆی پێش بە ڕەوانەکردنی هێزی چەکدار بۆ نەغەدە بگرێت.

کەچی شەوی 1 لەسەر 1358/2/2 (1979/4/22) مەلا حەسەنی لەگەڵ 1600 چەکداری خەڵکی ورمێ بە تانک و زرێپۆپشەوە، بە ڕەواڵەت بۆ پشتیوانیی کردن لە تورکەکانی نەغەدە، لە بەشی باکوری شارەوە دێنە ناو شاری نەغەدەوە و پەلاماری کوردەکان و ماڵەکانیان دەدەن. ڕۆژی دواتر یەکەکانی لەشکری 64 ورمێ لە پیرانشار و ورمێوە و یەکەکانی ژاندارمەریی بە چەند تانک و زرێپۆشەوە کە وێنەی مامۆستا شێخ عیزەدینیان پێوە هەڵواسرابوو لە باڵخچییەوە دێنە ناو نەغەدە. ژمارەیەک کورد کە پێیانوابوو مەلا شێخ عیزەدین تانکی بۆ ناردوون، لە تانکەکان نزیک دەبنەوە، کەچی دەکەونە بەر گوللەی تانکەکان و دەکوژرێن و بریندار دەبن. هەروەها ژمارەیەکی زۆر کورد بەتایبەتیی ئەوانەی کە لە گەڕەکی تورکان دەژیان، شاریان بەجێهێشت و ماڵەکانیان لە لایەن تورکەکانەوە تالانکرا. دیارە تورکەکانیش لێیان کوژرا و بە دیل گیران و ماڵیان تالانکرا، بەڵام زیانی کوردەکان بە دەست شڕەخۆرەکانی مەلا حەسەنییەوە، سەرسامهێنەر بوو.

محەمەد نەستانی برای ئەحمەد نەستانی، عوسمان کەریمی برای هاشمی کەریمی کە لە سەردەشت و بانەوە هاتبوون بۆ بەشدارییکردن لە ئاشکراکردنی تێکۆشانی حیزب، لە نەغەدە شەهید کران و ئەحمەدی جاویدفەڕ کە لەگەڵ کەریم حیسامی چووبوو بە تۆپ بەشداریی شەڕی نەغەدە بکات، بریندار بوو. هەروەها تەها کەرباسیان و وەستا ڕەحیمی نەجار کە هەردوو خەڵکی مهاباد بوون، شەهید کران. بەگشتی دەیان کورد و تورک لە شەڕی نەغەدەدا شەهید بوون کە ئاماری دروستیان ڕون نەبووەوە و تەنانەت تورکەکان چەندان کوردیان لە چۆمی "گادەر"دا خنکاند. جگەلە ناشتنی کوژراوەکان لە نەغەدە، شنۆ، پیرانشار و گوندەکانی دەوروبەری نەغەدە، تەرمی پتر لە شەست کوژراوی شەڕی نەغەدە لە مهاباد نێژران و زۆربەی تەرمەکانیش بە هۆی ئامبولانسی نەخۆشخانەی نەغەدەوە گەیشتنە مهاباد کە لەسەریان نوسرابوو "گروە امداد ئایەتولا تاڵەقانی". ژمارەیەک لاوی مهابادیی قەبری ئەو شەهیدانەیان هەڵکەند.

کۆنترۆڵ و کۆتاییهێنانی شەڕی نەغەدە لە دەست کەسدا نەبوو، ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و پیاوماقوڵانی شاری نەغەدە بە کورد و تورکەوە و ئەندامانی کۆمیتەی شاری نەغەدە دەسەڵاتی ڕاگرتنی تەنانەت یەک گوللەشیان نەبوو. ڕۆژی 1358/2/1 کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پەیوەندیی لەگەڵ شەڕی نەغەدەدا بەیاننامەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

**هاونیشتمانانی بە شەرف، گەلی کورد و ئازەری**

**بە دەعوەتی پێشوی حێزبی دیموکرات ڕۆژی جومعە 31ی خاکەلێوە کۆبوونەوەیەکی گەورە لە شاری نەغەدە پێکهات، هەرچەندە ئەو کۆبوونەوەیە لە پێشدا ڕاگەیەندرابوو، تەنیا مەبەست کردنەوەی دەفتەری حیزب و دەست دانان لەسەر برایەتی و دۆستیی لە نێوان گەلی کورد و ئازەری بووە، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە هەرلە سەرەتای دەست پێکردنی میتینگەکەدا، دەستێکی پیس لە خەیانەت هاتەدەر و نەتەنیا کۆبوونەوەی لایەنگرانی ئێمەیان تێکداو شەڕێکی نەخوازراو و خوێناویان بەسەر خەڵکی کورد و ئازەرییدا سەپاند. کۆمەڵێکی دژی شۆڕش و لایەنگرانی**

ڕژێمی پێشو لە پشتی سەربانەکانەوە دەستیان کرد بە تەقە کردن بەرەو ستادیۆمی وەرزشی. لە ئاگامدا کۆمەڵی چەکدار کە لەناو کۆبوونەوەکەدا بوون هاندران کە وەڵامی تەقەکە بدەنەوە. هەرچەندە تا ئێستا لە کوژراو و بریندارەکان بەتەواوی ئاگادار نین، بەڵام بەلایەنی کەمەوە 30 کوژرا و 150 کەس بریندارن و تا نوسینی ئەو ڕاگەیاندنە کوژراوەکان زیاتر دەبن. تاوانبارانی ئەو کارەساتە دارودەستەی دژی شۆڕش لەناو کۆمیتەی شۆڕشی شاری نەغەدە و جەماعەتێک وەک ئاغای حەسەنی ئەندامی کۆمیتەی ورمێن، کە زۆر جاران هەوڵیان داوە بەداچاندنی دووبەرەکی لەنێوان کۆمەڵانی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری ڕۆڵەکانی ئەو دوو گەلە تێک بەردەن و لەو ڕێگەوە یارمەتی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی نێوخۆیان بکەن. گەلی کورد و ئازەری ڕێز لە ڕابردووی درێژینەی خەباتی هاوبەشی خۆیان دەگرن کە بۆ مافی نەتەوایەتی و کۆمەلایەتی تێدەکۆشن و بەوە ڕازی نابن کە دژی گەلیەکان ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست بکەن. پێویستە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ئەو دوو گەلە تاوانبارانی ئەو کارەساتە خوێناوییە بناسێنن و بە سزای تاوانیان بگەیەنن.

ئێمە لە کاتێکدا کە ڕێزی خۆمان بۆ شەهیدەکانی ئەو ڕوداوە دەنێرین، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان لە کەسوکاری شەهیدەکان دەکەین و کردەوەی دژی گەلیەکان مەحکوم دەکەین و داوای کۆتایی پێهێنان و ناساندنی تاوانبارانی ئەو شەڕە براکوژیە دەکەین. ئێمە داوا لە دەوڵەتی بازرگان دەکەین کە بە ئاژاوەگێڕی حەسەنی و سەفدەری کۆتایی پێبێت و ئیجازە نەدەن لە دەوروبەری وڵاتی ئێران شەڕی براکوژی لەبەر کەڵکوەرگرتنی دوژمنانی گەلی ئێران هەڵگیرسێت.

ڕێز و سڵاو بۆ ڕوحی پاکی شەهیدانی نەغەدە و هەموو شەهیدانی دیکەی ئازادی

سەرشۆڕی بۆ دارودەستەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران 1358/2/1

لە لایەکی ترەوە ماموستا شێخ عیزەدین حوسێنی کە سەرۆکی شورای شاری مهاباد بوو، بە ناردنی بروسکەیەک بۆ خومەینی، تاڵەقانی، بازرگان سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتی داوای یارمەتی لێکردن بۆ

ڕاگرتنی ئەو شەڕە خوێناوییە. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە لاپەڕەی 2ی ژمارەی ڕۆژی 1358/2/2یدا ئەو بروسکەیەی مامۆستا شێخ عیزەدینی بڵاوکردەوە:

**-اقرا بسم ربک . بەڕێز ئایەتولا خومەینی، بەڕێز ئایەتولا تاڵەقانی و بەڕێز ئەندازیار بازرگان سەرۆک وەزیران. هەروەک ئاگادارن چەند ڕۆژە بەهاندانی کۆمەڵێک دارودەستەی کۆنەپەرستی دژبە شۆڕش ناکۆکی و شەڕێکی نەخوازراو کەوتووەتە نێوان تورک و کوردەکانی دانیشتوی شاری نەغەدە و کۆمەڵێک خەڵکی موسوڵمانی بێتاوان لەو شەڕەدا گیانیان لە دەست داوە. درێژە کێشانی ئەو شەڕە زیانێکی زۆر و کاریگەرییەکی ناخۆش بۆ هەردوولا بەبار دێنێت و قەرەبوو ناکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسەواری خراپ و نیگاتیڤی دەبێ بۆ شۆڕشی ڕەوای گەلی ئێران. لەبەر ئەوە داواتان لێدەکەم بە زوویی هەوڵی پێویست بدەن بۆ کۆتاییهێنانی ئەو کارەساتە.**

**سەرۆکی شورای شۆڕشی ئیسلامی مهاباد**

**سەید عیزەدین حوسێنی 1358/2/1**

جگە لەو دوو بەیاننامانە، ئەحمەدی حاج سەیدجەوادی وەزیری ناوخۆی حکومەتی کاتی بازرگانیش ڕۆژی 1358/2/1 بەیاننامەیەکی سەبارەت بە وەستاندنی شەڕ لە نەغەدە بڵاوکردەوە. هەردوو ڕۆژنامەی ئیتلاعات و کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/2/2دا ڕاگەیاندنی سەید جەوادیان بڵاوکردەوە:

**هاونیشتمانانی بەڕێزی دانیشتوی شاری نەغەدە**

**ئەو پێکهەڵپرژانەی کە ماوەی دوو ڕۆژە لە شاری نەغەدەدا بەردەوامە جێگەی داخ و کەسەرەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. هەوڵ و تێکۆشانی سیاسی و سەربازیی بەڕێز پارێزگاری ڕۆژئاوا ئاکامی نەبەخشیوە. چونکە دەوڵەت پارێزەری گیان و سامانی هاونیشتمانانی بەڕێزە و لە بەرامبەر کوشتاری دانیشتوانی نەغەدەدا ناتوانێ بێدەنگ بێت، داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنە تێکهەڵچووەکان دەکات کە دەست لە شەڕی چەکداریی و کوشتنی براکانتان هەڵگرن و ئامۆژگارییەکانی لیژنەی ڕەوانەکراوی حکومەت لە گوێ بگرن. ئەگەر تا کاتژمێر 16:00 ڕۆژی یەک شەممە**

**1358/2/2 شەڕ نەوەستێت، سوپای کۆماری ئیسلامی بۆلێک جیاکردنەوەی هەردوو لایەنی شەڕ و بەرگریی کردن لە خوێن ڕشتن دێتە ناو شار.**

ڕۆژی 1358/2/2 بە گەیشتنی هێزی یاریدەدەری حەسەنی بۆ نەغەدە، شەڕ بەئەوجی خۆی دەگات و کۆمیتەی شۆڕش دەست بەسەر شاردا دەگرێت. ڕۆژنامەی کەیهان ڕۆژی 1358/2/2 لە زاری محەمەدئەمین سیراجی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتەوە ڕادەگەیەنێت: **(ئەمرۆ تەقە ئەوەندە توند بوو کە خەڵک نەیانتوانی تەرمی کوژراوەکانیان لە شوێنە گشتییەکان و ناو شار کۆ بکەنەوە، هەموو ڕێگەکان بۆ نەغەدە بەستراون و دەرەتانی هاتنی خواردەمەنی و یارمەتی گەیاندن و دەرمان بۆ نەغەدە نییە.).**

هەرلەو ڕۆژەدا لیژنەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لە شارۆچکەی "محەمەدیار" کۆبووەوە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/2/2 دا ناوی چەند ئەندامی لیژنەکەی بڵاوکردەوە کە بریتی بوون لە: محەمەد عەباسی پارێزگاری ورمێ، ئایەتوڵا فەوزی، ئایەتوڵا قوریشی، مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی، مەلا حاج ئیبراهیم محرر، مەلا ساڵح نەغەدە، مەلا ڕەحیم عەباسی، مەلا کەریم شاریکەندی و دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو لەگەڵ چەند ڕیش سپی و پیاو ماقوڵانی ورمێ. ئەندامانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێککەوتن لەسەر ڕاگرتنی تەقە لە نەغەدەدا، بەڵام داخوازەکەیان بەجێنەگەیشت. لەبەر ئەوە کۆبوونەوەیەکیتر بە بەشداریی فەرماندارى نەغەدە و ژمارەیەک پیاو ماقوڵانی نەغەدە و مهاباد و کەریم حیسامی نوێنەری حیزبی دیموکرات، محەمەدئەمین بەرزەنجی نوێنەری مەلا شێخ عیزەدین پێکهات و ڕێگەیان بۆ کۆبوونەوەیەکیتر خۆشکرد کە شەوی 2 لەسەر 1358/2/3 لە محەمەدیار پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێککەوتنامەیەکیان ئیمزا کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ڕۆژی 1358/2/3(1979/4/23) دا ئاماژەی بۆ ڕێککەوتنی ئەو کۆبوونەوەیە کرد:

**-بسمه تعالی . بە داخێکی زۆرەوە بەهۆی هاندانی کەسانی دژبە شۆڕش و دوژمنان، لە نێوان برایانی موسوڵمانی ئێمە لە نەغەدە تێکهەڵچوونێک ڕوویداوە. چونکە ڕۆحانیان و باوەڕپێکراوان و نوێنەرانی هەردوو لایەن بە**

**بەشداریی بەڕێز عەباسی پارێزگاری ورمێ ئێستا لە شارۆچکەی محەمەدیار خەریکی وتووێژن، لە ناخی دڵمانەوە داوا لە هەموو برایانی بەشدار لەو شەڕ و تێکهەڵچوونە دەکەین کە بە زووترین کات تەقە بوەستێنن و بە هیچ شێوەیەک تەقە مەکەن، بۆ ئەوەی لیژنەی نیازپاکیی بە ئاکامی باش بگات.**

**بە یارمەتی خوای گەورە.**

ناوی بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە: محەمەد عەباسی پارێزگاری ورمێ، حەسەن باباتاهری فەرمانداری مهاباد، ئایەتوڵا ئەحمەد عەباسی مهاباد، ئایەتوڵا فەوزی ورمێ، مەلا ڕەحیم عەباسی مهاباد، ئایەتوڵا ئیبراهیم محرر نەغەدە، مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە، حەبیب موقەدەم نەغەدە، ڕەحیم خەڕازی مهاباد، جەوانمەرد نەغەدە بوزچلو نەغەدە، عومەر ئیلخانی زادە، عەزیم مەعبودی نەغەدە، ئەحمەد عوسمانی ورمێ، یوسف کوردنژاد ورمێ، سەعیدخانی هومایون مهاباد، ئیبراهیم مێهرزادە نەغەدە و چەند کەسیتر

دوای ڕاگرتنی شەڕ، بە نوسینی کەریم حیسامی لە بەرگی شەشەمی بیرەوەرییەکانیدا، مەلا سالّح و کەریم حیسامی و ژمارەیەک پیاو ماقوڵانی نەغەدە لەگەڵ نوێنەری تاڵەقانی دەچنە فەرمانداریی نەغەدە. لەوێ دەبینن ژمارەیەک تورک لەبەر فەرمانداریی کۆبوونەتەوە و دژی مەلا سالّح دروشم دەدەن. دوای چوونی مەلا سالّح و هاوڕێیانی، "قولّی خانی بوزچلو" لەگەڵ "ڕازی" و "ئاغازادە" و چەند ریش سپیتر بە نوێنەرایەتی تورکەکان دەگەنە فەرمانداریی و دواتر سەرهەنگ زەهیرنژاد فەرماندەی لەشکری 64 ورمێش دێتە ئەوێ و دەڵێت بە هێلیکۆپتەر بەسەر گوندەکاندا گەڕاوم. حیزبی دیموکرات لە "گەڵوان، قاڕنێ، خەلیفا و مەحمەشە" پێشمەرگەی کۆکردووەتەوە. زەهیرنژاد داوا دەکات تا ئەو کاتەی حیزبی دیموکرات ئەو پێشمەرگانە نەکێشێتەوە، وتووێژ ڕابگیرێت. بەم جۆرە وتووێژ ڕادەگرن و ڕۆژی 1358/2/4 (1979/4/24) کۆتایی بە شەڕی نەغەدە دێنن و هەردوولا دیلەکان ئازاد دەکەن.

نزیکەی چوار هەزار کورد بەهۆی ئەو شەڕەوە لە نەغەدە دورکەوتنەوە و لە مهاباد، شنۆ، پیرانشار و گوندەکانی دەوروبەر گیرسانەوە. کۆمەڵێکی زۆری ئەو کوردانە پەنایان بۆ مهاباد هێنا و بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر خێوەتدا ژیان و دواتر بەشێکیان گەڕانەوە نەغەدە و ژمارەیەکیشیان بۆ هەمیشە لەوێ نیشتەجێ بوون.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی نەغەدە و کۆبوونەوەی نوێنەرانی تاڵەقانی لەگەڵ گەورەپیاوانی کورد و تورک و کەریم حیسامی نوێنەری حیزبی دیموکرات سێ کۆبوونەوەیتریش لە ورمێ، شنۆ و پیرانشار کرا. مەبەست لەو کۆبوونەوانە نزیک کردنەوەی کورد و تورکەکانی نەغەدە و گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکان بوو بۆ سەر ماڵ و ژیانیان.

دوکتۆر جەمشید حەقگو کە دوای محەمەد عەباسی کرا بە پارێزگاری ورمێ لە وتووێژێکیدا لەگەڵ سایتی دیمەنی ئێران "چشم انداز ایران" کە ساڵی 1384- 2005 بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی کۆتاییهاتنی شەڕی نەغەدە دەڵێت: **(بەڕێز عەلی خەلخاڵی سەرۆکی پێشوی شارەوانیی نەغەدە کە یەکێک بوو لە خەباتگێڕانی پێش شۆڕش، داوای کرد بۆ کۆتاییهاتنی شەڕی نەغەدە کۆبوونەوەیەک لەنێوان کورد و تورکەکاندا بکرێت. لەسەر پێشنیازی ئەو بوو کە حاج میرزا ئیبراهیم محرر ڕۆحانیی بەدەسەڵاتی نەغەدە، بەڕێز عەزیم مەعبوودی یەکێک لە پیاوماقوڵانی نەغەدە، مەلا ساڵح رەحیمی ئیمامی جومعەی سوننەکانی نەغەدە و ژمارەیەک پیاوماقوڵان و ڕیش سپییەکانی تورک و کوردی نەغەدە و دوکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی کە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە کوژاندنەوەی شەڕەکە و لە "باکۆ"وە هاتبووەوە کە کێشەی نێوان تورک و کوردەکان چارەسەر بکات، لەگەڵ محەمەدئەمین سیراجی کە لە زانکۆی تارانەوە یەکترمان دەناسی و هەروەها دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، غەنی بلوریان، کەریم حیسامی، نەبی قادری و مستەفا هیجری بەشداریی ئەو کۆبوونەوانەیان کرد.)**.

لە پرۆسەی ئەو کۆبوونەوانەدا مەلا حەسەنی و تورکەکانی نەغەدە دڵنیا بوون کە شاری نەغەدەیان خستووەتە دەست خۆیان و دەسەڵاتیان بەسەر کوردەکانی دانیشتوی نەغەدەدا سەپاندووە.

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە بەیاننامەی ڕۆژی 1358/2/1 دا، بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشی شاری نەغەدە و مەلا حەسەنی بە تاوانباری هەڵگیرسانی شەڕی نەغەدە ناساند بوو، ئەم جارە تاک تاک و دوو دوو لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی شاری نەغەدە کۆبووەوە کە هۆی سەرهەڵدانی ئەو شەڕە بدۆزێتەوە و ڕێگەیەکیش بۆ کوردە ئاوارەکانی نەغەدە خۆش بکات کە بگەڕێنەوە سەر ماڵ ژیانیان. لە ڕاستییدا دەفتەری سیاسی حیزب بە جیددیی نەیویست هۆی سەرەکیی و بەرپرسی سەرهەڵدانی شەڕی نەغەدە دەستنیشان بکات و بەوە پەسندەی کرد کە کۆنەپەرستانی حاکم پێشتر بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی نەغەدە بەرنامەیان داڕشتووە. لەبەر ئەوە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە 107دا کە تایبەت بوو بە "25ی گەلاوێژ، 40 ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێوچان" نوسی: **(دواتر دەرکەوت کە کۆنەپەرستانی حاکم پێشتر بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە بەرنامەڕێژییان کردووە).**

ئەمە ڕاستە کە کۆنەپەرستانی حاکم شەڕەکەیان هەڵگیرساند، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە کاڵیی و بێ ئەزمونیی بەرپرسی کۆمیتەی شاری نەغەدە و هەڵنەسەنگاندنی بارودۆخی ئەو شارە لە لایەن دوکتور قاسملووەوە کە بۆخۆی بڕیاردەری پێکهێنانی کۆبوونەوەی نەغەدە بوو، هەلیان بۆ کۆنەپەرستانی حاکم ڕەخساند کە پلانەکانیان جێبەجێ بکەن. حیزبی دیموکرات پێویستی بەوە نەبوو کە لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە چەکدار بهێنێتە نەغەدە کە خۆی ئاشکرا بکات، لە کاتێکدا کۆمیتەی حیزب بە ئاشکرا لە نەغەدە خەباتی دەکرد و ئەندامانی بەگشتی لەگەڵ زۆربەی تورکەکانی نەغەدە پەیوەندیی باش و دۆستانەیان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە ئەمنیەتی شوێنی کۆبوونەوەکە لە ناوەوە و دەرەوەی یاریگاکەوە بپارێزێت کە ڕەحمان حاجی ئەحمەدیی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە نەغەدە سەرنجی بەو خاڵە گرنگ و سەرەکییە نەدابوو.

بە کورتی شەڕی نەغەدە ئەو دستکەوتەی لەناوبرد کە کورد لە نەغەدە هەیبوو و خۆی بە حاکم و خاوەن ماڵ دەزانی و هەلی بۆ مەلا حەسەنیی کۆنەپەرست ڕەخساند کە دوای شەڕی نەغەدە دەستی بۆ گەلیک تاوانیتر

له کوردستاندا ئاواڵا بێت که له جێی خۆیدا ئامارەیان بۆ دەکەم. مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ له کتێبی بیرەوەرییەکانیدا که ڕۆژی 1384/5/2 (2005/7/24) به قەڵەمی "ڕەسوڵ جەعفەریان" بڵاوی کردووەتەوە، دەربارەی شەڕی نەغەدە دەڵێت:

**- (له یەکەم مانگی بەهاری ساڵی 1358دا چاوم به "عەزیز ئاغای کوڕی میرزا ئاغا"ی خەڵکی گوندی "چیانە"ی ناوچەی نەغەدە کەوت. عەزیز ئاغا دۆستێکی کۆن و لەمێژینەم بوو. پەردەی لەسەر پلانێکی نوێی حیزبی دیموکرات هەڵماڵی و گوتی چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات پەیتا پەیتا له نەغەدە و دەوروبەری کۆدەبنەوە و دەیانەوێ شاری نەغەدە بخەنە دەست خۆیان. قسەکانیم به جیددیی گرت و بیرم لەوە کردەوە که ئەگەر حیزبی دیموکرات شاری نەغەدە بگرێت، ڕێگەی سەربازگەکانی "پیرانشار، پەسوێ و جەڵدیان" بۆ ورمێ دەبەسترێن. لەبەرئەوە چوومە لای خوالێخۆشبوو قاسمعلی زەهیرنژاد و چونکە زۆر ئاشنا به ناوچەکە نەبوو، گرنگیی هەواڵەکە و ستراتیژیی نەغەدەم بۆ ڕونکردەوە. دوای چەند ڕۆژێک مەلا "حاج میرزا ئیبراهیمی محرر" کە مەلایەکی چالاک بوو، دواتر کۆچی دواییکرد، به تەلەفۆن پێیگوتم کە هێزەکانی دیموکرات هەموو چیاکانی دەوری نەغەدەیان گرتووە و ئێمە به تەواویی له گەمارۆ داین. محرر کۆمیتەیەکی له نەغەدە دامەزراندبوو و منیش ژمارەیەکم چەک و تەقەمەنی بۆ ناردبوو. به بیستنی ئەو هەواڵە دووبارە چوومەوە لای زهیرنژاد و پێمگوت مەسەلەی نەغەدە گەیشتووتە پلەیەکی هەستیار. گوتی ڕای تۆ چییە و چی بکەین؟ گوتم من پێشتر هەزار تفەنگی "ژ3 و بڕنو و M1 و دۆشکەی قورس و سوک"م له سەربازگەی جەڵدیانەوە هێناوە و داومە به لەشکری 64. ئەو سەربازگەیە پێشتر ناوەندی پەروەردە بوو، جگە لەو چەکانە، چەکی قورسی نەبوو. گوتم ئەو چەکانە و چەند تانک و زرێپۆش و دوو هێلیکۆپتەرم بدەیە کە من بۆ خۆم خەڵک کۆبکەمەوە و لە کاتی پێویستدا ڕێگا لە دەستدرێژییەکانی حیزبی دیموکرات بگرم. زەهیرنژاد گوتی من ناتوانم بڕیار لەسەر ئەو مەسەلەیە و پێشنیازی تۆ بدەم. پێویستە پەیوەندیی بە تیمسار "قەرەنی" فەرماندەی هێزەکانی زەمینیی سوپاوە بکەم. تەلەفۆنی بۆ تیمسار قەرەنی کرد و مەسەلەکەی**

پێڕاگـەیانـد. چونکـە شـەهید قـەرەنی منـی نەدەناسـی، زەهیرنـژاد زۆری تـاریف کـردم. قـەرەنی گـوتی چـۆن مـەلایـەک دەتـوانێ کـارێکی وا گرنـگ بکـات؟ زەهیرنـژاد ئامـاژەی بـۆ چالاکییـە سـەربازییەکانی مـن کـرد و تەلەفۆنەکەی دا بە من. بۆ خۆم لەگەڵ شەهید قەرەنی قسەم کرد و باسی پلانگێڕییـەکانی سـنار مامـەدی و چەکـدارەکانی قاسـملوو و سـتراتیژیی سەربازگەکانی ناوچەی سنورم کـرد. پێمگوت ئەگـەر درەنـگ بجوڵێینـەوە هەموو ئەوانـە دەکەونـە دەست دوژمـن و ئیتـر ئازەربایجـان و کوردسـتان نامێنێـت. دوای ئـەم وتووێژانـە، قـەرەنی بـە زەهیرنـژادی گـوت کـە پێویستییەکانی من دابین بکات. گوتم هەزار تفەنگی "ژ3 و بڕنو و M1 و کە زیادتریـان ژ3 بـن لـەگـەڵ دوو زرێپۆش و تەقەمـەنی زیـادە لـە ڕادەی دیـارییکراو بـۆ هـەر چـەکێک. چەکـەکانم وەرگـرت و لـە بانگـەوازێکی ڕادیۆییدا داوام لـە خـەڵک کرد و گوتم شـاری نەغـەدە لـە مەترسیدایە. نزیکـەی دە هـەزار کەسم کۆکردەوە، لەگـەڵ ژمارەیـەکی زۆر ئوتۆمبێل و تراکتۆر و بارهەڵگر. زۆربەی خەڵکەکە چەکی خۆیان پێبوو. نزیکەی 1600 کەسم لێ هەڵبژاردن تا وەک یەکەم وەجبە لەگەڵ خۆم بیانبەمە نەغەدە و ئەوانیترم لە دۆخی ئامادەییدا دانا کە ئەگەر پێویست بـوو بـەکاریان بهێنم. دوانیوەڕۆی 1358/2/1 بـە جادەیـەکی فەرعیدا کـە بـۆ نەغـەدە نزیکتـر بـوو، کەوتینـە ڕێ. لـەناو زرێپۆشێکدا وەستام و هـەموو هێزەکـەم بەڕێکرد و خۆم دوا کەس بووم کە ورمێم بەجێهێشت. نزیکـەی 11ی شـەو گەیشـتینە گونـدی "بـارانیی". دوو گونـدی بـارانیی هـەبوو، یـەکێکیان "بـارانیی عەجـەمان" بـوو، ئـەویتریان "بـارانیی کوردان". ئێمـە چووینـە "بـارانیی عەجـەمان". خـەڵکی گوندەکـە لێمـان نزیکبوونـەوە و یـەکێکیان چرای تێگرتین و منیان ناسییەوە. بەرگی کوردی و عەمامەم لەسـەر بـوو. کابرا بە بینینی من زۆر خۆشحاڵ بـوو، وەزعـی نەغـەدەم لێپرسی، گـوتی زۆر ئاگاداری وەزعی نـەغەدە نیە، بەڵام چەند کەسێکی خـەڵکی نەغـەدە لێرەن. ئێمە بە ڕێنوێنی ئەوان بە ڕێگەی باکوری نەغـەدەدا کـە پردێکـی مـەزنی لێیـە، خۆمـان گەیانـدە نـاو شـاری نەغـەدە و دژی چەکـدارەکانی حیزبی دیموکرات شەڕمان کرد...).

هــەروەها دوکتــۆر عەبــدولڕەحمان قاســملوو ســکرتێری گشــتی حیزبــی دیموکرات لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ شـەڕی نـەغـەدەدا، دوانیـوڕۆی 1358/2/19 لـە هوتێل "کۆنتینانتاڵ"ی تـاران بـەشـداریی وتـوێژێکی ڕۆژنامـەنوسـی کـرد. ڕۆژنامـە "آینـدگان" لـە ژمـارەی ڕۆژی 1358/2/20یـدا بـەشێک لـە وتـەکانی قاسملووی بڵاوکردەوە کە دەڵێ:

- (ئێمـــە ڕۆژی 31ی خاکـــەلێوە بـــۆ پێکهێنـــانی کۆبوونـەوەیـــەکی ئاشتیخوازانـە چووبووینـە نـەغـەدە. ژمارەیـەک ڕەخنـە لـە ئێمـە دەگـرن کـە کەسانی چەکدار لەناو خۆپێشاندانەکەدا بـوون، ئـەمـە ڕاسـتـە، بـەڵام من هەر ئـەمڕۆ لـە ڕادیۆ بیستم کە لـە ئـەهواز خۆپێشاندانی چەکدارانـە کراوە و تـەنانـەت بۆ دەربڕینی شادیی تـەقـەی هـەواییشیان کـردووە، لـە ڕاستیدا دەیانـەوێ بڵێن کە ئێمە دەستمان بـە تـەقـە کـردووە، بـەڵام لـە سـەرەتای کۆبوونـەوەکەدا، تـەقە لـە دەرەوە دەستی پێکرد. وەزعـەکە هـەنـدێک ئـارام بـووەوە، بـەڵام دوای نـیـو کـاتژمێر سـەرلـەنوێ تـەقـە دەسـتـی پێکـردەوە و خـــەڵک بڵاوەیـــان پێکـــرد و بـــۆ گەڕانـــەوەی ئـــەو خەڵکـــە بـــۆ گـەڕەکـــە کوردنشینـەکان، دەبووایە بە گەڕەکی تورکەکاندا تێپەڕن. کاتی گـەڕانـەوە دەرکەوت کە لـەسـەر هـەموو سەربانـەکاندا سەنگەریان دروستکردبوو. دواتر ڕون بووەوە کە دیواری ماڵێکی نزیک شوێنی کۆبوونـەوەکەیان کون کردووە و لـەوێوە تـەقە دەکەن. کەسێک چووبـوو شوێنی تـەقەکردنـەکـە بدۆزێتـەوە کە لـە لایـەن کەسانی ناو ماڵەکەوە کوژرا و دوو مـەئموری ئاسایشیش لـەوێ کـوژران و چەکـەکانیان بـردن. ئێمـە پەیوەنـدیمان بـە کۆمیتـەی ژمـارە یەکەوە "کۆمیتەی شۆڕش" گرت و داوامـان کـرد کـە جـادەی مهابادمـان بـۆ بکەنـەوە، لـە شار دەرکەوین کە داوای ئێمـەیان بـەجێنـەگەیاند. قاسملوو لـە درێژەی وتوێژەکەیدا دەڵێ: بەیانی ڕۆژی یەک شەممە تـەقە وەستابوو، تا ڕادەیـەک ولات ئارام ببووەوە کـە سوپا بڕیاریدا بێتـە نـەغـەدە، ئێمـە لـە مهابـادەوە پەیوەنـدیمان بـە حکومـەت، بـە پارێزگـاری ورمـێ و دەفتـەری ئـایـــەتوڵا تاڵـەقانییـــەوە گـــرت و بروسکـەیـەکیشـمان ئاڕاسـتـەی ئـایـــەتوڵا خومـەینی کـرد و داوامـان کـرد کـە لـە نـاردنی سوپا خۆبپـارێزن، چونکـە پێدەچێت دۆخـەکـە پتـر بشێوێت. ئێمـە دڵنیـا نـەبووین کـە سوپا بتـوانێ بێلایـەنیی بپارێزێت، بـەڵام بـەداخـەوە داخـوازی ئێمـەیان قبـوڵ نـەکرد و

**سوپایان ڕەوانەی نەغەدە کرد. ئێمە بە هیچ شێوەیەک شەڕمان لەگەڵ سوپا نەبوو و بە بەردەوامییش گوتومانە پشتیوانی لە حکومەتی بەڕێز بازرگان دەکەین. کاتێک سوپایان ڕەوانە کرد، ئێمە نوێنەرێکمان ناردە لای فەرماندارى نەغەدە کە نەکات لە لایەن لایەنگرانی ئێمەوە تەقەیان لێبکرێت، بەڵام کاتێک ئەو دۆستەی ئێمە لە سێ ڕێیانی نەغەدە تووشی سوپا دەبێ، تێدەگات کە ئەوانە ژمارەیەکن لە موجاهیدەکانی ورمێ کە بە بەرگی سوپاوە ڕەوانەی نەغەدە کراون. هەرلەوێ دۆستەکەی ئێمە دەگرن و کە ژمارەیەک لە ئەندامانی سوپا رزگاری دەکەن، ئەگەرنا ئەندامانی کۆمیتەکان دەیانکوشت. سوپا گەیشتە نەغەدە، بەڵام بەپێچەوانەی گوتنەکانی فەرماندەی لەشکر، سوپا لەوێ شەڕی کرد و تەنانەت هێلیکۆپتەرەکان و تانکەکان تا پازدە کیلۆمەتری چوونە پێشەوە و تەقەیان لە گوندە کوردنشینەکان کرد).**

بە نوسینی ڕۆژنامەی آیندگان، لەوکاتەدا قاسملوو بۆ سەلماندنی قسەکانی کاسێتێکی بۆ هەواڵنێران بڵاوکردەوە کە لەودا دەنگی فەرماندەکان دەبیسترا کە بە بێسیم قسەیان دەکرد و هەروەها دەنگی هێلیکۆپتەر و ڕەگباری دۆشکەش دەبیسترا. قاسملوو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

**- (لە ڕووداوی نەغەدە و هاتنی سوپا، دۆستەکانی ئێمە پێیانڕاگەیاندین کە سەربازەکانی سوپا ڕاستەوخۆ تەقەیان لە کوردەکان نەدەکرد و تانک و زرەپۆشەکان لە دەست کۆمیتەکاندا بوون و ئەوان بوون کە ڕێبەرایەتی شەڕی ناو شاری نەغەدەیان دەکرد. دوای کۆتاییهاتنی شەڕ پارێزگار و حکومەت پێشنیازیان کرد کە ئێمە پێشمەرگە چەکدارەکانمان بگەڕێنینەوە، تا لایەنی دیکەش ئەم کارە بکات و ئاگربەس پێکبێت. ئێمە ئەوکارەمان کرد، بەڵام بە شاهیدیی هەمووان، لایەنکەیتر هێزەکانی نەکێشایەوە و بەرەو ئێمە پێشڕەویی کرد و زۆربەی ماڵەکانیان تاڵان کرد. قاسملوو ڕایگەیاند: نەغەدە پیلانێک بوو کە ئێستاش درێژەی هەیە، ئێمە زانیاریمان پەیداکرد کە کەسانێک ڕەخنەیان کردووەتە ناو کۆمیتەکانی نەغەدە و ورمێ کە بە هیچ شێوەیەک ڕایان لەگەڵ شۆڕش باش نییە. ئەو کەسانە پێشتر گۆپاڵبەدەست و هاوکاری ساواک بوون و لەژێر ڕێبەرایەتی**

حەسەنی سەرۆکی کۆمیتەی ورمێ بوون و بەرلە ڕووداوی نەغەدە، بەڕێز حەسەنی ژمارەیەکی زۆر چەکی لە ناو تورکەکانی نەغەدەدا بڵاوکردبووەوە.). سەبارەت بە ئاگربەس و وتوویژی تورک و کوردەکان قاسملوو گوتی:

- (لیژنەی نوێنەرایەتی نەغەدە ئامادە نەبوو وتوویژ بکات، لیژنەی نوێنەرایەتی تورکەکانی نەغەدە دەیویست سوپا و ژاندارمەریی لە نەغەدە بمێننەوە و خەڵکی کورد چەک بکەن. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو داوایە و ڕووداوەکانی ڕابردووی نەغەدە لەبەرچاو بگرین، تێدەگەین کە ژمارەیەک دەیانەوێت بە هاندان و پێکهێنانی شەڕ، دەستکەوتەکانی شۆڕش لەناو بەرن. ئەو بۆچوون و تەقە کردنانەی پێشو بۆ ئەوەیە کە هێرش بکەنە سەر بزوتنەوەی گەلی کوردستان و خەڵکی کورد لە بەرامبەر حکومەتدا ڕابگرن. ئێمە بۆ ئەم مەبەستە هاتووینە تاران کە حکومەت هوشیار بکەینەوە، بەڵام لێرە تێگەیشتین کە بەداخەوە حکومەت بە تەواوی سەرنجی نەداوەتە ئەو دیاردانە و ڕەنگە ئەو سەرنج نەدانەش خوای نەکردەی بە ئانقەست بێت. هەروەها دوکتۆر قاسملوو گوتی: ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بە ڕادەیەکی زۆر ڕاستییەکان دەشارنەوە و هەواڵەکان وەک خۆی بڵاوناکانەوە و بە جۆرێک باسی ڕووداوەکە دەکەن، کە تەنیا حیزبی دیموکرات و کوردەکان تاوانبارن، لە کاتێکدا نزیکەی چوار هەزار کورد لە نەغەدە ئاوارە بووە و ئەمنیەتیان نییە کە بگەڕێنەوە نەغەدە.).

## سەفەری مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ قوم و تاران

مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی لەسەر بانگهێشتی "سەدر حاجی سەید جەوادی" وەزیری ناوخۆی حکومەتی کاتیی مەهدی بازرگان بۆ دیدار لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی ڕۆژی 1358/2/22 (1979/5/12) لەگەڵ مامۆستایان مەلا کەریم شاریکەندی، مەلا عەبدوڵا محەمەدی ئیمام جومعەی سەقز، قازی محەمەد خدری ئیمام جومعەی شنۆ، مەلا ساڵح ڕەحیمی ئیمام جومعەی کوردەکانی نەغەدە، مەلا عەلی شۆڕۆ مەلای ناوچەی دەشتەبێڵ و مەلا قادر بیزاریی ئیمام جومعەی مزگەوتی کوردەکانی ورمێ، لە مهابادەوە چوونە سەقز و لەوێوە بە هێلیکۆپتەر گەینرانە سنە و لە سنەوە بە فڕۆکە گەیشتنە تاران و دوای دیدار لەگەڵ خومەینی لە شاری قوم و کۆمەڵە دیدارێکیتر ڕۆژی 1358/2/30 (1979/5/20) گەڕانەوە بۆ مهاباد.

مەلا شێخ عیزەدین و هاوڕێیانی لە فڕۆکەخانەی "مێهرئاباد" لە لایەن سەدر حاجی سەید جەوادی وەزیری ناوخۆی وڵات و داریوش فروهەر وەزیری کار و سارمەدین سادق وەزیریی سەرۆکی کۆمەڵەی کوردەکانی نیشتەجێی تاران و ژمارەیەک لە کوردەکانی نیشتەجێی تاران پێشوازییکرا. مامۆستا لە سەرەتای سەفەرەکەیدا سەردانی "بەهشتی زەهرا" گۆڕستانی گەورەی تارانی کرد و تاجە گوڵێکی لەسەر گۆڕی شەهیدانی شۆڕش دانا. هەواڵی پێشوازییکردن و سەردانی گۆڕی شەهیدانی شۆڕش لە ڕۆژنامەکانی تاران و ڕادیۆی "بی بی سی" بریتانیا بە زمانی فارسیی بڵاوکرایەوە.

مەلا شێخ عیزەدین و هاوڕێیانی ئێوارەی ڕۆژی 1358/2/24 چاویان بە ئایەتوڵا تاڵەقانی کەوت. لەو دیدارەیدا باسی شەڕی نەغەدە و سنە کرا و مامۆستا سوپاسی هەوڵە خێرخوازییەکانی تاڵەقانی کرد لە کوژاندنەوەی ئەو دوو شەڕەدا. هەروەها سەبارەت بە مەسەلەیەکی شەرعیی دەربارەی دواخستنی نوێژ و بە کۆمەڵکردنی گفتوگۆیان کرد. دواتر مامۆستایانی کوردستان چەند کەسایەتییەکی کورد و ئێرانی و چەند بنەماڵەیەکی شەهیدانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک و ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکیان بینی. ڕۆژی 1358/2/27 لە زانکۆی پیشەسازیی تاران بەشداریی

کۆبوونەوەیەکیان کرد کە لە لایەن کوردەکانی نیشتەجێی تارانەوە بە یادی شەهید ئیسماعیل شەریفزادە پێکهاتبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا کە نزیکەی دە هەزار کەس بەشدارییان تێداکرد، مامۆستا شێخ عیزەدین وتارێکی پێشکەشکرد. شایانی باسە ئیسماعیل شەریفزادە ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە ساڵی 1968 لە نزیک گوندی "دارێنە"ی بانە بە دەست هێزەکانی ژاندارمەریی حکومەتی شا و هاوکاریی کوێخا شەریف و ژمارە جاشێکی خۆماڵی شەهید کرا و لە سنە بە خاک سپێردرا.

بەهەرحاڵ ڕۆژی 1358/2/28 مامۆستا شێخ عیزەدین و هاوڕێیانی لە قوم لە لایەن خومەینی و خەلخالییەوە پێشوازییکران. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە لاپەڕەی سێیەمی ژمارەی ڕۆژی 1358/2/29 دا ئاماژەی بۆ ئەو دیدارەی مامۆستا شێخ عیزەدین و مامۆستایانی ئایینیی کوردستان لەگەڵ خومەینی کرد. ئیتلاعات نوسی: **(خومەینی سەبارەت بە دەستوری هەمیشەیی ئێران ڕای مامۆستا شێخ عیزەدینی پرسی و ڕایگەیاند کە چەند مەلایەک پێشنیازیان بۆ کردووە کە ئێرانی داهاتوو لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام دابمەزرێت، نەک لەسەر ڕێچکەی ئایینی شیعە).** مامۆستا شێخ عیزەدین پێشوازیی لەو پێشنیازە کرد و ڕایگەیاند کە ئێران لە ئایین و ڕێچکەی ئایینیی جیاواز پێکهاتووە و باشترە لەسەر ڕێچکەیەکی تایبەت دانەمەزرێت. لەگەڵ ئەوەشدا شێخ عیزەدین ئاماژەی بۆ دەرد و ئازارەکانی گەلی کورد لە سەردەمی ڕەزاشا و محەمەد ڕەزا شادا کرد و گوتی: **(کوردەکان لە بواری سیاسی، فەرهەنگیی، ئابووریی و نەتەوایەتییەوە زوڵمیان لێکراوە و داوا دەکەم کە داخوازیی خودموختاریی گەلی کورد قبوڵ بکەن).** خومەینی لە وەڵامیدا دەڵێت: ئێمە هەوڵدەدەین هەموو ستەمەکان لەناو بچن. زوڵمیان لە قوم و تارانیش کردووە و جیاوازیی لە نێوان کورد و فارس و ئازەرییدا نامێنێت!

جگە لەوە مەلا شێخ عیزەدین سەبارەت بە ئەمنیەتی کوردستان و دەستێوەردانی هێزەکانی سوپا و ژاندارمەریی و کۆمیتەکان لە کاروباری کوردستاندا، بۆ خومەینی دوا و ئاماژەی بۆ شەڕی سنە کرد. هەروەها مەلا ساڵح ڕەحیمی ئاماژەی بۆ شەڕی نەغەدە کرد. خومەینی پەرۆشیی خۆی

لەو شەڕانە دەربڕی. دوای ئەو گفتوگۆیانە، چەند وێنەیەکی هاوبەشیان پێکەوە گرت و خومەینی داوای لێکردن کە بۆ خواردنی ئێوارە لای ئەو بمێننەوە و میوانی بن، بەڵام سەدر حاجی سەید جەوادی وەزیری ناوخۆی وڵات داوای لێبوردنی لە خومەینی کرد و گوتی بۆ ئێوارە میوانی ئایەتوڵا شەریعەتمەدارییین.

شایانی باسە کە هەرچەندە سیستمی دەوڵەتی نوێی ئێران لە سەر بنەمای "کۆماری ئیسلامیی" ڕاگەیەنرا، بەڵام دواتر لە دەستوری هەمیشەیی ئێراندا کە لە لایەن "مەجلیسی خیبرەکان"ەوە ئامادە کرا، بەگوێرەی ڕێچکەی شیعەی جەعفەریی، واتە شیعەی دوازدە ئیمام پەسەندکرا و پەیڕەوانی ئایین و ڕێچکەکانی تری سوننە وەک "حەنەفی، شافعی، حەنبەلی و مالکی" و ئێزەدی لە وەرگرتنی ئەرکی باڵای دەوڵەتدا بێبەشکران کە لە جێگەی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

بەهەرحاڵ مامۆستا شێخ عیزەدین لە وتووێژێکیدا لەگەڵ "عرفان قانعی فرد" کە لەژێر ناو و نیشانی "کوردەکان، ئێران و شۆڕشی ئیسلامیی" کە لە سایتی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"دا بە زمانی فارسی بڵاوکرایەوە، دەربارەی ئەو سەفەرەی دەڵێ: **(کاتێک دەمویست ماڵئاوایی لە ئایەتوڵا خومەینی بکەم، چمکی عەباکەمی گرت و گوتی ئەمنیەتی کوردستانم لە تۆ دەوێت، منیش لە کاتێکدا چمکی عەباکەی ئەوم بە دەستەوە بوو، پێمگوت منیش خودموختاریی کوردستان لە حەزرەتی ئایەتوڵا دەخوازم).** شێخ عیزەدین بە پێشوازیی گەرمی خەڵکی کوردستانەوە گەڕایەوە مهاباد.

## کۆماری ئیسلامی عەشیرەتەکان پرچەک دەکات و حیزبی دیموکرات لە عەشیرەتی مەنگوڕ دەدات

بەرلە ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی و سەرکەوتنی شۆڕشی 1979 لە ئێران، هێزە سیاسی و ئیسلامییەکان، گروپ گروپ پەنایان بۆ پێکهێنانی گروپی چەکدار دەبرد. لە ئاکامی ئەو پروسەیەدا هەزاران شورا و کۆمیتەی ڕەنگاوڕەنگ بەناوی جیاوازەوە لە مزگەوت و شەقامی شار و کۆڵانەکانی ئێران و گوندەکاندا پێکهاتن. دوای سەرکەوتنی شۆڕش، کۆمیتەیەک لە ئێران پێکهات کە ناوی کۆمیتەی "شۆڕش" بوو، ئایەتوڵا "مەهدەوی کەنی" سەرۆکایەتی دەکرد. هەروەها دوای دەنگدان بە سیستمی کۆماری ئیسلامیی لە ڕیفراندۆمی ڕۆژی 1979/4/30دا، کۆمیتەیەکیتر دامەزرا کە ناوی کۆمیتەی "ئیمام" بوو. ئەوە و جگە لە دامەزراندنی سوپای پاسداران و دواتریش ڕێکخراوی هەمە چەشنەی "بەسیج". ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی لە سەرەتادا بە نیاز بوون کە سوپای پاسدران لە جێگەی سوپای ئێران دابنێن، بەڵام لەو پرۆژەیە پاشگەز بوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دوو کۆمیتەی شۆڕش و ئیمامیان لە هەموو شارە و شارۆچکەکانی ئێران دامەزراند.

پێشتر باسی چەکدارکردنی تورکەکانی شاری نەغەدەم کرد کە لەژێر ناوی "کۆمیتەی شۆڕش"دا مەلا میرزا ئیبراهیم محرر سەرۆکایەتی دەکرد و ئامارژەم بۆ کۆمیتەی ئیمام لە شاری سنەش کرد کە لە لایەن مەلا "سەفدەری"یەوە بەڕێوە دەچوو. هەروەها زانیمان کە ئەو دوو کۆمیتانە ڕۆڵی ناحەزیان هەبوو لە هەڵگیرساندنی شەڕ لە شارەکانی سنە و نەغەدەدا. لە هەرێمەکانی سیستان و بلوچستان، تورکمان سەحرا و خوزستانیش کۆمیتەکانی ئیمام و شۆڕش بوون کە شەڕیان دژی لایەنگرانی چریکی فیدایی و چەپەکانیتر هەڵگیرساند.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئێران و بە تایبەتیی هەرێمی کوردستان و ناوچە سنورییەکاندا بچەسپێنێت، جگەلە پێکهێنانی ئەو کۆمیتانە، هەوڵیدا بنکەکانی ژاندارمەرییش لە کوردستان زیندوو بکاتەوە. بۆ ئەوەی کە ئەو بنکانە بتوانن لە ناوچەکاندا

بمێننـــەوە و لــە لایــەن خــەڵک و هێــزە سیاسـییەکانەوە چـەک نــەکرێن، پێویستیان بە کەسانێک هەبوو کە لە ناوچەکاندا هاوکاریی و پارێزگـاریی لە ژاندارمەکان بکەن. لەبەر ئەوە، سەرەتا هەوڵیاندا لـەناو گوندەکانـدا دۆست و هاوکار بۆخۆیان بدۆزنەوە. لە ڕاستییدا ئەوە جۆرێک پەیڕەویی کردن بوو لـە شێوازی دامەزراندنی هێزی جەوانمـەرد "جاش" کـە ڕژێمـی پەهلەوی پێشتر بەڕێوەی بردبوو بۆ بەهێز کردنـی بنکـەکانی ژاندارمـەریی لە کوردستاندا. کۆماری ئیسلامی دواتـر نـاوی جەوانمـەردی گۆڕی و نـاوی "پێشمەرگەی کوردی موسوڵمان"ی لەسەر جاشەکانی دانا.

مستەفا چمران وەزیری بەرگریی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژێکیدا کـە لـە سـایتی "نـــەهزەتی ئـــازادی" بڵاوکرایـــەوە، دەربـــارەی چەکـــدارکردنی عەشیرەتەکان دەڵێ: (**ژاندارمەریی بۆ ئەوەی کە پێگەکانی خۆی لە سەر سنور بپارێزێ، ناچار بوو ژمارەیەک جەوانمەرد "جاش" دابمەزرێنێت و بۆ ئـــەوەش هەوڵـــدەدات کـــە دامـــەزراوەکان لـــە خـــەڵکی ناوچەکـــە بـــن و هاوئاهەنگیان هەبێ لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەیان. ژمارەیەک لەو پێگانـە لە ناوچەی عەشیرەتەکانن، لەبەر ئەوە ژاندارمەریی ناچارە لەنێوان ئەو عەشیرەتانەدا جەوانمەرد دابمەزرێنێت. بەو پێیە لەنێوان عەشیرەتی مـەنگوڕ یـان عەشـیرەتێکیتر کـە لـە نزیـک شـنۆ دەژیـن، ژمارەیـەکی دامەزرانـــدووە. لـــە عەشـــیرەتی مـــەنگوڕ ڕەنگـــە 250 جەوانمـــەردی دامەزرانـدووە و چـەکی داونـێ کـە چاودێریی بکـەن بەسـەر پاسگایـەکی نزیکی خۆیان، واتە وەک ژاندارمەکان لە پاسگاکەدا بمێننەوە. لە شنۆ 50 کەسـی لـە عەشیرەتی ناوچـەی شنۆ دامەزرانـدووە کـە ناکۆکییـان هەیـە لەگـەڵ حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان. هـەموو تاوانـەکانی عەشـیرەتی مەنگوڕ و شنۆ لەسـەر ئـەو ژمـارە چەکدارەیـە کـە ژمارەیـان 300 کەسـە، بـەڵام ژاندارمـەکان لـە ناوچـەکانیتر کـە دیموکراتـەکانی لێبـوون، بـۆ پاراسـتنی پاسـگاکانیان نزیکـەی 700 کەسـیان لـە دیموکراتـەکان وەک جەوانمەرد دامەزراند. بەشێک لەوانە ئەندامی حیزبـی دیمـوکرات بـوون، تەنانـــەت کـــارتی پێناســـی حیزبـــی دیموکراتیـــان پێبـــووە. ئەوانـــە لـــە ژاندارمـەریی چـەکیان وەرگـرت و چەکـەکانیان دزی و دایـان بـە حیزبـی**

**دیموکرات، ئەوە گەورەترین تاوان بوو کە ئەو 700 کەسە کردیان. بەهەرحاڵ ئەوە پەیوەندیی بە ژاندارمەرییەوە هەیە.).**

شایانی باسە کاتێک کۆماری ئیسلامی عەشیرەتاکانی زەرزا و مەنگوڕ و سۆما و برادۆستی پڕچەک کرد، ئێران لە ناوچەی سۆما و شنۆ و مەنگوڕایەتیدا هیچ بنکەیەکی ژاندارمەریی نەبوو. پڕچەککردنی ئەو عەشیرەتانە ڕێگەخۆشکردن بوو بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی حکومەت بۆ گوندەکانی کوردستان و عەشیرەتی مەنگوڕیش لە پەنای مهابادە نەک لەسەر سنوری دەستکردی ئێران لەگەڵ عێراق.

مستەفا چمران بەشداریی چەند شەڕی پاوە، مەریوان و ناوچەی سەردەشتی کرد کە لەجێی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ دەکەم. چەمران سەرئەنجام ڕۆژی 1360/3/31 (1981/6/21) لە بەرەی شەڕی ئێران و عێراق لە گوندی "هلاویە"ی نزیک "سوسەنگرد" پریشکی خومپارەی بەرکەوت و کوژرا.

بەهەرحاڵ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا بە شوێن خاڵە لاوازەکاندا گەڕان و دەستنیشانیان کردن. واتە بەشێک لەو سەرۆک عەشیرەت و خاوەن موڵک و کوێخایانەی دۆزییەوە کە لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشادا زەوییەکانیان بەسەر جوتیاراندا بەشکرا بوو، یان ناکۆکییان لەگەڵ حیزبی دیموکرات هەبوو، یان پێشتر پێشینەی هاوکارییان هەبوو لەگەڵ ڕژێمی پەهلەوییدا.

لەو چوارچێوەیەدا تیپی ژاندارمەریی ورمێ ژمارەیەک چەک و بڕێک پارەی لە ناوچەی سۆما، ورمێ، شنۆ، جەڵدیان و مهاباد بە سەر سەرۆک عەشیرەتەکاندا بەشکرد، تەنانەت پەنجا چەکیشی بۆ شێخ تەهای گەسگەسک نارد کە شێخ تەها لەسەر داوای غەنی بلوریان چەکەکانی ناردەوە و ڕایگەیاند: **(ئێمە دەست لە کاروباری سیاسی وەرنادەین.)**

لە ناوچەی شنۆ سلێمان خانی زەرزا "120" چەکی لە ژاندارمەریی وەرگرتبوو، لە جەڵدیان عەبدوڵای قادریی ژمارەیەکی وەرگرت. محەمەد قادری لە سوید پێیڕاگەیاندم کە ژمارەی چەکەکانی عەبدوڵای قادری لە نێوان (15- 20) چەک بووە و دواتر داوێتەوە بە ڕژێم و بۆخۆشی چوو لە ورمێ نیشتەجێ بوو. لە ناوچەی مەنگوڕانی مهابادیش ئاغا مەنگوڕەکان

بە وتەی چەمران نزیکەی 250 چەکیان وەرگرت و چونکە ئامادە نەبوون چەکەکانیان بدەنەوە، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە ناوچەی مهاباد و پیرانشار، شەوی "1 لەسەر 1358/4/2 (1979/6/22) ناوچەی مەنگوڕانیان گەمارۆ دا و ڕۆژی 1979/6/23 بە چەکی سوک و قورس هێرشیان کردە سەر گوندەکانیان و لە ئاکامدا چەند کەس کوژران و بریندار بوون. ئاغا مەنگوڕەکان بۆ ئەوەی کە زیانی پتریان لێنەکەوێت، ناوچەکەیان بەجێهێشت و پەنایان بۆ سەربازگەکانی جەڵدیان و پیرانشار برد.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات سەبارەت بەو شەڕە و بۆ ئارام کردنەوەی دۆخەکە دوو بەیاننامەی لە ڕۆژانی 23 و 1979/6/26 دا بڵاوکردەوە. لە بەیاننامەی دووەمیدا کە لە ژمارەی 56 ڕۆژنامەی کوردستان، پوشپەڕی 1358 دا بڵاوکراوەتەوە، ڕادەگەیەنێ:

**- حیزبی دیموکرات لەسەر ئەو بیروڕایەیە کە لە هەلومەرجی ناسکی ئێستادا دەبێت قانون و ڕێوشوێنەکانی کە ئێستا لە گۆڕێدان ڕێزیان لێ بگیرێت. نە ئاغاکان هەقیان هەیە بە قازانجی خۆیان ئەو پێوەندییانە تێک بدەن و نە قازانجیش لەوەدایە کە جوتیارەکان دەست بۆ ئەو مافانە درێژ بکەن کە لەو قانونانەدا بۆ ئاغاکان دیارییکراون، وڵاتی کوردستان پتر لە جاران پێویستی بە هێمنیی و نێوان خۆشیی هەموو چین و توێژە دیموکراتییەکان هەیە.**

لە ڕاستیدا ئەو دوو بەیاننامەیەی حیزبی دیموکرات هیچ پەیوەندییان بەو شەڕەوە نەبوو، بەڵکوو ئاماژەیەک بوو بۆ کۆمەڵە هاندانێک کە ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی چریکی فیدایی و ئەو کەسانەی دواتر کۆمەڵەیان دامەزراند کە لە کوردستاندا بەڕێوەیان دەبرد. ئەوانە بەبێ ئەوەی کە هیچ یاسایەکیان لە پشت بێت تەنیا بۆ خۆ زەقکردنەوە، لە گوندەکاندا گوریسیان ڕادەخست و زەوی خاوەن موڵکەکانیان بەسەر جوتیارەکاندا بەشدەکرد و بەو کارەیان کێشە و گرفتی زۆریان لە نێوان ئاغا و ڕەعیەت و خەڵکی کوردستاندا پێکدەهێنا. خەڵکیان لە بەڕێوەبردن و هەوڵدان بۆ ئەرکی سەرەکیی کە بەدەستهێنانی مافە سەرەکییەکانی

گەلی کورد بوو، دور دەخستەوە و دووبەرەکییان پێکدەهێنا و کۆماری ئیسلامییش لەو دووبەرەکییە بە قازانجی خۆی کەڵکیوەردەگرت.
جگە لەو دوو بەیاننامەیە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکیتریشی بڵاوکردەوە و لە بروسکەیەکدا بەیاننامەکەی بۆ ئایەتوڵا خومەینی و مەهدی بازرگان سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتیی ئێران ڕەوانە کرد. ڕۆژنامەی "آیندگان" لە ژمارەی ڕۆژی 1358/4/5 (1979/6/26) دا دەقی بروسکەکەی بڵاوکردەوە. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لەو بروسکەیەیدا بڵاوکردنەوەی چەک لە نێوان سەرۆک عەشیرەتەکاندا بە پلانێکی دژیی گەلی ناودەبات و لەم بارەیەوە دەنوسێ:
**- هاونیشتمانانی بەڕێز، خەڵکی بە شەرەفی کوردستان! جاریکیتریش کۆنەپەرستانی ناوخۆیی بە هاوکاریی ئیمپریالیستەکان و ئەربابانی بیانیی خۆیان پەنایان بۆ ئاژاوەگێرییەکی نوێ برد. بە گوێرەی هەواڵێک کە بە ئێمە گەیشتووە، سەدان تفەنگی برنو لە لایەن سەرۆکی پاسدارانی شۆڕش و فەرماندەی لەشکری ورمێ لە نێوان سەرۆک عەشیرەتەکان و خاوەن موڵکان و عەشیرەتەکانی دژ بە شۆڕش بڵاوکراوەتەوە. ڕونە کە سەرۆک عەشیرەت و خاوەن موڵکە کۆنەپەرستەکان بۆ بەدەستخستنەوەی بەرژەوەندییەکانیان دەیانەوێ بە دژی جوتیارانی زەحمەتکێش لە چەک کەڵکوەرگرن، لە کاتێکدا زۆربەی جوتیارە زەحمەتکێشەکانیش چەندان مانگە بۆ بەرگرییکردن لە مافەکانیان چەکیان هەڵگرتووە. بڵاوکردنەوەی چەک لە نێوان خاوەن موڵکاندا کە پێشتر خۆیان پڕچەک کردبوو، لە لایەن کەسانێکی بەرپرس و پشتیوانی لێکردنیان بۆ ئەوەی کە چەکی زیاتریان هەبێت، پلانێکە دژ بە شۆڕش بۆ ئاژاوەگێڕیی و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی لە کوردستاندا کە تەنیا دوژمنانی شۆڕش سودی لێوەردەگرن. حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ گەشە پێدانی ئامانجە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان و پارێزگاریی کردن لە دەسکەوتەکانی شۆڕش بە بەردەوامی بۆ یەکیەتی و یەکڕیزیی خەڵک هەوڵیداوە و ئێستاش لە هەموو خەڵکی کوردستان لە جوتیارانی زەحمەتکێش، لەوانەی کە لە ڕابردوودا فریوی دوژمنانی گەلیان**

**نەخواردووە، لە زەحمەتکێشانی شار، بازاڕییان ڕۆشنبیران و هەموو مرۆڤە بەشەرەفەکان داوا دەکات کە بە یەکیەتی و پاراستنی یەکڕیزیی پێش بە پیلانە دژی گەلییەکان بگرن و ئەوان پوچەڵ بکەنەوە. ئێمە جارێکیتریش ڕادەگەیەنین کە بەرپرسایەتی ئەو کردەوە مەترسیهێنەرەی بڵاوکردنەوەی چەک لە نێوان خاوەن موڵکاندا کە ڕەنگە سەربە ڕژێمی شا بن و پێی وەفادار مابن، بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە لەم هەلومەرجە ئاستەمەدا پشتی هێزەکانی دژ بە شۆڕش دەگرن.**

بەهەرحاڵ حیزبی دیموکرات بە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی غەنی بلوریان لەناو مەنگوڕەکاندا کە لە لایەک ئاوەڵزاوای برایم ئاغای مەنگوڕە و لە لایەکیترەوە پەیوەندیی کۆن و درێژخایەنی هەبوو لەگەڵ مەنگوڕەکان و لە سەردەمی خەباتی حیزبی دیموکراتدا دژی ڕژێمی شا لە سالآنی 1953- 1959دا لە ناوچەی مەنگوڕایەتی بووە، هەروەها بە هاوکاریی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ناوچەی شنۆوە بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ کەریم حسامی و مامە غەنی هاتبووە پیرانشار، حیزبی دیموکرات توانی کێشەی خۆی لەگەڵ مەنگوڕەکان چارەسەر بکات و بیانگەڕێنێتەوە سەر زەوی و گوندەکانیان.

## پێکهاتنی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی لە مهاباد

دادگای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لەسەر داوای شورای شاری مهاباد، "حوجەتولئیسلام ئومید نەجەف ئابادی" نارده مهاباد کە چەند کەسێکی بەندکراو لە لایەن ئەو شورایەوە دادگایی بکات. ئەوە یەکەمجار بوو کە کۆماری ئیسلامیی لە مهاباد دادگای شۆڕشی پێکدەهێنا. ئەو دادگایە ڕۆژی 1358/4/20 (1979/7/11) بە شێوەی کراوە و بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەی بەندکراوەکان و خەڵکی مهاباد لە کۆشکی لاوانی شاری مهاباد پێکهات. نەجەف ئابادی بە تەنیا بۆ خۆی سەرۆک و داواکار و دادوەر و بڕیاردەری دادگاکە بوو. سەید محەمەد نیزامیی لە لایەن شورای شاری مهابادەوە چاودێریی بەسەر کارەکانیدا دەکرد و حامید گەوهەرییش لەسەر داوای بەشدارانی دادگا و پەسەندکردنی سەرۆکی دادگا و چاودێری شورای شار بوو بە وەرگێڕی حەمەدەمین مێهرەبانیی و وتەکانی ئەوی لە کوردییەوە بۆ زمانی فارسیی وەردەگێڕایەوە. لەو کۆبوونەوەیەی دادگادا سێ کەس بە شێوەی خوارەوە دادگایی و تاوانبارکران:

1- محەمەدئەمین مێهرەبانی بە تاوانی کوشتنی شاگردێکی خۆی بە لەتە خشت، دروستکردنی دەستەی چەکدار لەژێر ناوی "گروپی زەربەت" و هەروەها ڕاووڕوت و تالانکردنی ماڵی خەڵک لە شەڕی نەغەدەدا.

2- عەبدوڵا مەنگوڕی بە تاوانی دروستکردنی دەستەی چەکدار لەژێر ناوی "گروپی زەربەت" و ڕاووڕوت کردنی خەڵکی مهاباد.

3- مەلا یەحیا دانش بە تاوانی هاوکارییکردن لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی "ساواک"ی شا بە دژی خەڵکی مهاباد و دەوروبەری.

بڕیاری دادگا بۆ ئەو سێ کەسە بەم جۆرە بوو:

1- محەمەدئەمین مێهرەبانی سزای مردن. بەرەبەیانی ڕۆژی 1358/4/21 لە لایەن پاسەوانەکانی شورای شاری مهاباد لە سەربازگەی مهاباد گوللەباران کرا.

2- عەبدوڵای مەنگوڕی سزای پێنج ساڵ زیندانی.

3- مەلا یەحیا دانش دوو ساڵ زیندانیی و داماڵینی بەرگی مەلایەتی.

حوجەتولئیسلام ئومید نەجەف ئابادی جارێکیتریش بۆ دادگاییکردنی گروپێکی سێ کەسیی گەڕایەوە مهاباد. شورای شاری مهاباد، ئەم جارەیان لە یاریگەی "تەربێت بەدەنی" مهاباد دادگای کراوەی بۆ دادگاییکردنی ئەو سێ کەسە پێکهێنا. لەو دادگاییکردنەدا کە ئێوارەی ڕۆژی 1358/5/9 (1979/7/31) کرا، دووبارە سەید محەمەد نیزامی لە لایەن شورای شارەوە چاودێریی بەسەر کاری دادگاکەدا دەکرد و حامید گەوهەریی وەرگێڕی وتەکانی چەند شکاتکەرێک بوو، لەوانە ئەحمەد نەستانی و کەریم نەستانی، هەروەها وتەکانی یەکێک لە تاوانبارەکانی وەرگێڕایەوە کە دەستدرێژیی بۆ سەر زڕکچێکی خۆی کردبووە.

ئەوانەی لەو کۆبوونەوەیەی دادگادا دادگاییکران بریتی بوون لە:

1- ئەحمەد خوداپەرست جێگری سەرۆکی ساواکی شاری مهاباد بە تاوانی کوشتنی لاوێکی خەڵکی مهاباد لەکاتی ڕاونانی لە گەڕەکی مزگەوتی قوبڵەی شاری مهاباد.

2- کەریم ڕەهرەوی بە تاوانی دەستدرێژیی کردن بۆ سەر زڕکچەکەی خۆی.

3- عەلی جەفایی جێگری سەرۆکی ساواکی سەردەشت بە تاوانی گرتن و شکەنجەدانی خەڵکی ناوچەی سەردەشت، لەوانە ئەحمەد نەستانی و کەریم نەستانی. لەو دادگاییکردنەدا نەجەف ئابادی بڕیاری لەسەر جەفایی نەدا و ڕایگەیاند شەو درەنگە و بڕیاری دادگا ڕادەگرین بۆ 15 ڕۆژی دوایی و بەو جۆرە حوکمدان لەسەر جەفایی ڕاگیرا و گەڕاندیانەوە بۆ زیندان، بەڵام خوداپەرست و ڕەهرەوی بە مەرگ سزادران و پاسەوانەکانی شورای شاری مهاباد بەیانیی ڕۆژی 1358/5/11 (1979/8/2) ئەو دوو کەسەیان لە سەربازگەی مهاباد گوللەباران کرد.

شایانی باسە کە بە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی سێ مانگە و داگیرکردنی مهاباد لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، نەجەف ئابادی نەگەڕایەوە مهاباد و جەفایی و کوێخا شەریف بکوژی شەهید ئیسماعیل شەریفزادە و ژمارەیەک تاوانباریتر لە زیندانی شورای مهاباد ڕایانکرد. لە جێی خۆیدا باسی ڕاکردنی تاوانباران دەکەم.

## حیزبی دیموکرات بە جیاوازییخواز تۆمەتباردەکرێت

بە دوای ئەوەدا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) دژی چەکدارکردنی سەرۆک عەشیرتەکان لە لایەن مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ و لەشکری 64 و ناحیەی ژاندارمەریی و سوپای پاسدارانی ورمێوە هەڵوێستی وەرگرت و دژی عەشیرەتی پڕچەککراوی مەنگوڕ کەڵکی لە چەک وەرگرت، ژمارەیەک لە کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران و لە پێشەوەیاندا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە حکومەت و هەواڵنێر و کارگێڕانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی، لە چوارچێوەی پلانێکی ڕێکوپێکدا، بە مەبەستی هاندانی ڕای گشتیی ئێران دژی گەلی کورد و ناردنی سوپا بۆ کوردستان! حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە حیزبێکی جیاوازییخوازی داردەستی سەهیونیزم تۆمەتبارکرد. ڕایانگەیاند حیزبی دیموکرات بە مەبەستی جیاکردنەوەی کوردستان لە ئێران، پلانەکانی بێگانە و سەهیونیزم دژی کۆماری ئیسلامی جێبەجێ دەکات. حیزبی دیموکراتیش بە نامە و خۆپێشاندان وەڵامی ئەو تۆهمەت و توندڕەوییانەی حکومەتی دایەوە و هەوڵیدا ئەو تاوانە لەسەر خۆی لاببات، هەرچەندە دروشمی ڕاستینەی زۆربەی گەلی کورد ڕزگاربوون لە ژێردەستی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو!

لە یەکەم هەنگاودا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بەشداریی خۆپێشاندانێک بکەن کە ڕۆژی 1358/4/20 (1979/7/11) بۆ ئەو مەبەستە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا پێکدێت و کۆمیتەکانی حیزبی دیموکرات بەرپرسکران کە ئەو خۆپێشاندانە ڕێکبخەن. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/4/25دا ئاماژە بۆ یەکێک لەو خۆپێشاندانانە دەکات و لە ژێر سەردێڕی "**خۆپێشاندانی خەڵکی کوردستان دژی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن**" دەنوسێت:

- بە بانگهێشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پتر لە 30 هەزار کەس لە مەیدانی ئازادیی شاری مهاباد کۆبوونەوە و لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی و مەلا ڕەحیم عەباسی سەرۆکی شورای شۆڕشی ئیسلامیی شاری

مهاباد خۆپێشاندانیان کرد. خۆپێشاندەران بە بەرز کردنەوەی دروشمی جۆراوجۆر دژی دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن گەیشتنە گۆڕەپانی قازی محەمەد. سەرەتا شێخ عیزەدین حوسێنی ئاماژەی بۆ خۆپاراستنی ئیسلام لە هەرچەشنە ئاژاوەگێرییەک کرد و گوتی:

**- (بەداخەوە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئیسلامیی ئێران لەم دواییانەدا هەرێمی حەساسی کوردستانی کردووەتە ئامانجی هێرشە پەیتاپەیتاکانی و بە بڵاوکردنەوە هەواڵ و لێکدانەوە و وتاری درۆ کە دژایەتیان هەیە لەگەڵ ڕۆحی ئیسلام، هەوڵدەدەن ئەم هەرێمە لە پەراوێزدا ڕابگرێت و باس لە نیاز و پێویستییەکانی ناکەن). ئایەتوڵا حوسێنی لە درێژەی وتارەکەیدا گوتی: (کوردەکانی ئێران تەنیا بیر لە سەربەخۆیی ئێران دەکەنەوە و نرخی بۆ دادەنێن و خودموختاریی کوردستانیان تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی ئێراندا دەوێت. ئایا داواکردنی مافێکی لەم جۆرە! دەبێ بە داد و هاوار و ئاژاوەگێڕیی و درۆکردنی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن وەڵام بدرێتەوە؟).**

دوای ئەوە مەلا ڕەحیم عەباسی دەربارەی یەکیەتی گەل و پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی گەل دوا و ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن گرت. دواتر کەریم حیسامی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بۆ ڕوانینەکانی حیزبی دیموکرات کرد و گوتی حیزبێکی بەم جۆرە ئێستا کەوتووەتە بەر هێرشی بێڕەحمانەوە و لە لایەن ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە تۆمەتی دەخرێتە پاڵ و هێرش دەکرێتە سەر حیزبی گەلخوازی دیموکرات.

لە کۆتاییدا نوێنەری ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستان، مافناسان و چەند کەسێکیتر سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن وتاریان خوێندەوە و بڕیارنامەیەکی 12 خاڵییش لە لایەن خەڵکەکەوە پەسەند کرا. خۆپێشاندەران کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆی دوێنێ لە کاتێکدا دروشمی "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان"یان دەگوتەوە و دژی هەڵسوکەوتی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دروشمیاندەدا، کۆتاییان بە خۆپێشاندانەکە هێنا. شایانی باسە کە دوێنی خەڵکی مهاباد دوکان و بازاڕەکانیان نەکردەوە.

دوێنێ خەڵکی بانە لەسەر بانگهێشتی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی دوکان و بازاڕ و ئیدارەکانیان داخست و لە مەیدانی ئازادیی شاردا کۆبوونەوە و لە خۆپێشاندانێکدا ڕەخنەیان لە هەڵسوکەوتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرت. لە کۆتاییدا شێخ عیزەدین حوسێنی لە مزگەوتی "حاجی مامۆستا" وتارێکی ئاڕاستە کرد و لە لایەن موجاهیدەکانی ئیسلامیی و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بڕیارنامەیەک خوێندرایەوە. ئەم خۆپێشاندانە سێ کاتژمێری خایاند.

هەروەها لەسەر بانگهێشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوی سنە، خۆپێشاندانێکی ڕەخنەگرانەی بەدژی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست لە لایەن ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە سەبارەت بە پارێزگای کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرپا کرا و ئەم بڕیارنامەیەی خوارەوە خوێندرایەوە:

1- بڵاوکردنەوەی هەرچەشنە تەفسیر و هەواڵی دوژمنکارانە دەربارەی کوردستان و خەڵکی کورد دەستبەجێ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا کۆتایی پێبێت.

2- هێرشکردن بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان واتەی هێرشکردنە بۆ سەر مافە ڕەواکانی گەلی کورد و دەبێ دەستبەجێ کۆتایی پێبێت.

3- دەستی ناپاکی ساواکییەکان و پاشماوەکانی ڕژێمی ڕابردوو و کەسانی کۆنەپەرست دوربخرێتەوە کە خزاونەتە ناو کۆمیتەکان و دەزگا حکومییەکانەوە.

4- ئەرکی سوپا تەنیا بەرگرییکردنە لە سنورەکان و بە هیچ جۆرێک نابێ بۆ سەرکوت کردنی بزوتنەوەی گەلیی بەکاربهێنرێت.

5- ئەو مرۆڤ کوژ و تاڵانچییانەی کە بە ناوی موجاهید پڕچەک کراون و کەوتوونەتە گیانی جوتیارانی بێدیفاع وماڵیان تاڵان دەکەن، دەبێ چەک بکرێن و سزابدرێن.

6- دەبێ بۆ هەمیشە کۆتایی بێت بە هاتوچۆی ژاندارم و بە ڕواڵەت موجاهیدەکانی سەربازگەی "جەڵدیان" بۆ گوندەکانی ئەو ناوچەیە.

7- دەبێ لەشکری 64 ی ورمێ لە ئەفسەرانی پاشماوەی ڕژێمی پێشوو و دژە شۆڕش پاک بکرێتەوە.

8- ئـەرکی دەزگـای شـارەبانـی و ژاندارمـەری لـە بـەڕێوەبردنـی کاروبـاری نـاوخۆدا، لـە ڕوانگـەی خودموختارییـەوە دەبـێ لـە دەستوری هەمیشـەییدا جێ بگرێت.

9- دەبـــێ مـــافی گـــەلانی بندەســـت و زۆرلێکـــراوی ئێـــران بـــە شـــێوەی خودموختاریی لە دەستوری هەمیشەییدا لەبەرچاو بگیرێت.

10- ڕێز بۆ ئازادییە دیموکراتییەکان و شۆڕشگێڕانی ڕاستینە دابنرێت.

11- ئیمـام خومـەینی و حکومـەتی شۆڕشـگێڕ کـە جێگـەی ڕێـزی ئێمـەیـە و پشـتیوانیی لێدەکـەین، دەبـێ سـەرنج بدەنـە داخوازییـەکانی خـەڵکی کوردستان.

لـە لایـەکیترەوە ڕۆژنامـەی "آینـدگان" لـە ژمـارەی ڕۆژی 1358/5/3یـدا ئاماژە بۆ نامەیەکی ڕێکخراوی سنەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد و لـەم بارەیـەوە نووسیێ: حیزبـی دیموکراتی کوردستان ڕێکخـراوی سنە لـە بروسکەیەکی درێژدا کە ڕەوانەی ئایـەتوڵا خومـەینی کـردووە، پەنجـەی بـۆ دووبەرەکی نانەوەی حەسەنی و زەهیرنژاد لە ڕووداوی نەغەدە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنـدا ڕاکێشـاوە و لـە بەشـێکی ئـەو بروسـکەیەدا دەڵێـت: **(ئایـا مەسـەلەیەک جگـە لـە خزمـەتکردن بـە ئیمپریـالیزم دەبینرێـت کـە دوو ئەندامی قاتڵی گەل و پاشماوەی ڕژێمی پێشوو لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا ناجوانمێرانـە هێـرش بکەنـە سـەر گـەلی کـورد؟ حەسـەنییەکان و زەهیرنژادەکان بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمن کە لە بەرگی خزمەتکردن بە شۆڕش، بنـەماکانی یەکیـەتی و برایـەتی گـەلانی ئێران دەشێوێنن و بـە ئاواتی خزمەتکردن بە ئیمپریالیزم ئاژاوە دەگێڕن، دووبەرەکی دەنێنەوە و برا بە برا بە کوشت دەدەن!).**

ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگـانی حیزبـی دیموکراتی کوردستان لـە ژمـارەی 111ی گەلاوێژی ساڵی 1358یدا ئاماژە بۆ ئەو چالاکییانـە دەکات کـە دژی پروپاگەنـدەی کاربەدەسـتانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـە دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و ڕادیـۆ و تەلـەڤزیۆنی کۆمـاری ئیسـلامییدا بڵاودەکرێنـەوە. ڕۆژنامەی (آیندگان) لـە ژمارەی ڕۆژی 1358/5/16 (1979/8/7)دا پەنجـەی بۆ نوسینی ڕۆژنامـەی کوردستان ڕاکێشاوە کـە لـەژێر سـەردێڕی **"خـەڵکی کوردستان هەڵسوکەوتی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن مەحکوم دەکەن"** و دەنوسێت:

ڕۆژی چوارشەممە 1358/4/20 بە مەبەستی بەرپەرچدانەوە و دەربڕینی تووڕەیی لە لێکدانەوەی دوژمنکارانە و تۆمەتی ناڕەوا کە لەم دواییانەدا لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامیی و ڕۆژنامەی کەیهان و ڕۆژنامەی کۆماری ئیسلامیی، دژی خەڵکی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاودەکرێنەوە، لە سەرانسەری کوردستاندا میتینگ و خۆپێشاندانی مەزن پێکهات و زۆربەی چین و توێژەکانی گەل، لە شار و گوندەکاندا بەشدارییان تێدا کرد و قین و تووڕەیی خۆیان سەبارەت بەو دیاردانە دەربڕی.

کاتژمێر 10:00 ڕۆژی دیاریکراو، دەیان هەزار کەس لە مهاباد کۆبوونەوە، سەرەڕای ڕێپێوان و بەرپەرچ دانەوەی توند، سەرەتا لەپێش بینای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مهاباد بۆ بەرپەرچدانەوە، چەند خولەکێک وەستان و دواتر درێژەیان بە ڕێپێواندا. خۆپێشاندەران لە گۆڕەپانی قازی محەمەد کۆبوونەوە. مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی و مامۆستا مەلا ڕەحیم عەباسی سەرۆکی شورای شۆڕشی ئیسلامیی مهاباد بەرپەرچی هەواڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ناوەندییان دایەوە و داوای یەکیەتی و برایەتی خەڵکیان کرد. دواتر پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات خوێندرایەوە (کە لەم ژمارەیەدا چاپکراوە) دواتر چەند وتارێک لەم چوارچێوەیەدا لە لایەن کۆمیتەی شار، ئەنجومەنی یاساناسانی کوردستان، یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان، یەکیەتی لاوانی جوتیاران و پەیامی پێشمەرگەی کوردستان و دوو پارچە شیعر خوێندرایەوە و بەشداران بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لە هەموویان کرد. هەر لەو ڕۆژەدا و بەو بۆنەیەوە، خەڵک لە شارەکانی پیرانشار، شنۆ، سەردەشت، بۆکان، سنە، کامیاران، بانە، سەقز، پاوە، مەریوان و شوێنەکانیتر بە دژی پڕوپاگەندە و لێکدانەوەی دووبەرەکی نانەوەی هەندێک لە ڕۆژنامەکان و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامیی کە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاوی دەکەنەوە، کۆبوونەوە و خۆپێشاندانیان کرد. لەو کۆبوونەوانەدا بڕیارنامەی جۆراوجۆر لە لایەن خەڵکەکەوە پەسەند و ئاڕاستەی بەرپرسانی حکومیی و ڕۆژنامەکانی وڵات کران.

سەرەڕای ئەو چالاکییانە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی 1358/5/14 نامەیەکی سەرئاوالای ئاراستەی ئایەتوڵا خومەینی کرد و داوای لێکرد پێش بەو پروپاگەندە ژاراوییانە بگرێت کە دژی گەلی کورد و حیزبی دیموکرات بەرپا دەکرێن. هەر یەکە لە ڕۆژنامەکانی آیندگان و ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/5/15دا نامە سەرئاواڵەکەی حیزبی دیموکراتیان بڵاوکردەوە کە بۆ بەرگریی کردن لە شەڕ و ئاژاوە ئاڕاستەی ئایەتوڵا خومەینی کراوە. آیندگان نامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لەژێر سەردێڕی **"تەنیا ئایەتوڵا خومەینی دەتوانێت پێش بە کارەسات بگرێت لە کوردستاندا"** بڵاوکردووەتەوە و ڕۆژنامەی ئیتلاعاتیش لە ژێر سەردێڕی **"ئەگەر سوپا تەقە لە خەڵک بکات، حیزبی دیموکرات بێدەنگ نابێت".**

سەرەتا آیندگان: ئامانجی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بە ئیمام خومەینی دەگەن، پێچەوانە پێشاندان و ئاڵۆزکردنی زێنی بەڕێزیان و کاربەدەستانی حکومەتە. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نامە سەرئاوالاکەیدا بۆ ئایەتوڵا العظمی خومەینی، ئاماژەی بۆ بارودۆخی قەیران داگرتووی کوردستان کردووە و دەڵێت تەنیا ئایەتوڵا خومەینی دەتوانێت لەم ناوچەیەدا پێش بە کارەسات بگرێت. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕوانگەیەوە کە ژمارەیەک لە کاربەدەستانی حکومیی و ئایینیی تۆمەتی جیاوازییخوازیی، بێگانەپەرستیی و لایەنگریی لە سەهیونیزم دەخەنە پاڵی، بەو ئاکامە گەیشتووە کە ئەوە هەڵمەتێکی تەبلیغاتییە بۆ ڕەوانە کردنی سوپا بۆ کوردستان. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نامەکەیدا نوسیویەتی خەباتی درێژخایەنی خەڵکی کوردستان بۆ دوو ئامانجی بنەڕەتییە: ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیی لە ئێراندا کە بتوانێت مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بە شێوەی خودموختاریی یان فیدراتیڤ دابین بکات. لە درێژەی نامەکەیدا هاتووە، سەرەڕای تەئکیدی ئیمام خومەینی و حکومەتی ئەندازیار مەهدی بازرگان کە جیاوازیی لە نێوان گەلانی ئێراندا نیە و ستەمی نەتەوایەتی لەناو دەچێت، کاربەدەستە خاوەن دەسەڵاتەکان لە کوردستاندا هەوڵدەدەن سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو

بەرامبەر خەڵکی ئەم هەرێمە پیادە بکەن. لە نامەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە: دوای تێکهەڵچوونەکانی چەند مانگی ڕابردوو لە سنە، نەغەدە، مەریوان و ورمێ کە لە لایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە پێکهات، پاک و بێتاوانان بە تاوانبار ناسران! حیزبی دیموکرات لە نامە سەرئاوالآکەیدا دەپرسێت: لە دیدارەکەتاندا لەگەڵ ئێمە، بە ئێمەت گوت کە لە کۆماری ئیسلامییدا جیاوزایی نابێت! ئەی بۆچی بەبوونی سەدان هەزار کورد لە هەرێمی ورمێ و سەلماس و چەند شاریتردا، لە شورای شۆڕشی ئیسلامیی ئەو شارانەدا تەنانەت کوردێک بە ئەندام وەرنەگیراوە؟ ئێوە فەرمووتان کە بەرگریی لە چەوساوەکان دەکەن! ئەی بۆچی لەو هەزار و دوسەد چەکەی کە لە لایەن "ناحیە"ی ژاندارمەریی ورمێوە بڵاوکراوەتەوە، هەموویان بە خاوەن موڵکان و چەوسێنەران دراون کە دژی جوتیاران و ڕێکخراوە خەڵکییەکان کەڵکیان لێوەرگرن؟

ئێوە فەرمووتان کاروباری ئاسایش "ئینتزامات"ی ناوخۆیی دەبێت لە لایەن خۆتانەوە بەڕێوەبچێت! ئەی بۆچی کۆمیتەکانی ورمێ و کرماشان و ژاندارمەریی و سوپا لە ناوچەکانیترەوە و لەژێر ناوی سوپا و ژاندارمەریی، پاسدار بۆ ئەو جێیانە دێنن و بەسەر خەڵکیاندا دەسەپێنن؟ ئێوە فەرمووتان مافی هەموو لایەنێک لە دەستوری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامییدا دەپارێزرێت! ئەی بۆچی لە ڕەشنوسی دەستوردا، بچوکترین ئاماژەیەک بۆ خودموختاریی وەک مافی بە حەقی گەلانی ئێران نەکراوە؟ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نامەکەیدا گوتویەتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن پتر لە مانگێکە هەواڵ و لێکدانەوەی دوژمنکارانە سەبارەت بەخەڵکی کوردستان بڵاودەکەنەوە و ئامانجی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بە ئیمام دەگەن، پێچەوانە پێشاندانی ڕووداوەکانن بۆ ئاڵۆزکردنی زێنی بەڕێزیان و کاربەدەستانی حکومەت. لە درێژەی نامەکەدا ڕادەگەیەنێت کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبێکی نەتەوەیی و ڕەسەن و ئێرانییە کە زۆربەی زەحمەتکێشانی کوردستان پشتیوانیی لێدەکەن و تۆمەتی بەستراوەیی ئەو حیزبە بە بێگانەوە، خیانەتە بە شۆڕشی ئێران.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئایەتوڵا عوزما خومەینی ڕادەگەیەنێت: بەبێ پێچ و پەنا و بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی تەواو، پێتان ڕادەگەیەنین کە کارەساتێکی مەزن خەریکە کوردستان دەگرێتەوە و پلانێکی هەمەلایەنە دژی خەڵکی چەوساوەی کوردستان جێبەجێ دەکرێت. سەبری شۆڕشگێڕانە و ئارامیی حیزب تا ئێستا هۆی سەرەکیی بووە لە پێشگرتنی کارەساتدا. لە داهاتووشدا هێمنیی و خۆپارێزیی و هەست بە بەرپرسیاریەتی حیزب بەرامبەر بە شۆڕش، دروشمی ئێمە دەبێت، بەڵام ڕووداوەکان پێشاندەری ئەو ڕاستییەن کە کارەسات نزیکە و ئێوە تەنیا ئێوە دەتوانن پێش بەو کارەساتە بگرن! تەنیا هێز و دەسەڵات و فەرمانی ئێوەیە کە دەتوانێت پیلانگێڕان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان!

هەر وەک گوتم، ڕۆژنامەی ئیتلاعاتیش نامەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەژێر ناوی **"ئەگەر سوپا تەقە لە خەڵک بکات، حیزبی دیموکرات بێدەنگ نابێت"** بڵاوکردووەتەوە و لەم بارەیەوە دەنوسێت: ئەگەر هێزەکانی دژی شۆڕش کە لەژێر ناوی سوپادا ڕەوانەی کوردستان کراون، دەستدرێژیی بکەنە سەر دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئێمە و ئەگەر چەک ڕوبەڕووی گەلی ئێمە ڕابگرن، دڵنیابن کە گەلی ئێمە و زەحمەتکێشانی کوردستان بە یەکگرتوویی بەرگری لە شۆڕش و دەسکەوتەکانی دەکەن. حیزبی دیموکرات لە نامەکەیدا ئاماژە بۆ بزوتنەوەی گەلی کورد و هەڵبەستنی تۆهمەت بۆ حیزب کردووە و نوسیویێتی: پتر لە مانگێکە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکانی سەربە حیزبی کۆماری ئیسلامیی، دەستیان کردووە بە هەڵمەتێکی بەرینی تەبلیغاتیی دژی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ڕۆژ نیە کە حیزبی ئێمە لە لایەن کاربەدەستانی حکومیی و ئایینییەوە هێرشی بۆ نەکرێت. تۆمەتەکانی سەردەمی پاشایەتی وەک جیاوازییخوازیی، بێگانە پەرستیی و شتیتری لەم بابەتانە پەیتا پەیتا دووبارە دەکرێنەوە.

لە کاتێکدا ئێمە باشترین پەیوەندییمان لەگەڵ فەلەستین هەیە، تۆمەتی پەیوەندیی لەگەڵ سەهیونیزم دەخەنە پاڵ ئێمە! خەڵکی کوردستان بێ دابڕان بەشداریی خەباتی درێژخایەنی گەلانی ئێرانی

کردووە و لە ساڵانی 1347- 1349 (1968- 1970) دا کە بێدەنگیی سیاسی باڵی بەسەر ئێراندا کێشابوو، گەلی کورد لە چیاکانی کوردستان، ژیانیان بە شای خایین و سوپاکەی تاڵ کردبوو. لە درێژەی نامەی حیزبی دیموکراتدا هاتووە: حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە داخوازەکانی گەلی کوردی ڕاگەیاندووە و ئێوە بۆ خۆتان دڵنیاتان کردینەوە کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا جیاوازیی لەنێوان نەتەوەکان و ئایینە جیاوازەکاندا نابێت و چەوسانەوەی نەتەوەیی لەناو دەچێت! بەڵام بەداخەوە ئەو بەڵێنانە هەرگیز لە سنوری قسە تێنەپەڕین. بە پێچەوانەوە هەرچەندە پتر لە سەرکەوتنی شۆڕش تێدەپەڕێت، کەسانێک دەسەڵات دەگرنە دەست کە لە ڕابردوودا دوژمنی گەلی کورد بوون و دوژمنایەتی خۆشیان لەگەڵ شۆڕش و گەلی کورد سەلماندوە. پێکهێنانی هەلێکی بەم جۆرە بۆ بەکرێگیراوانی بێگانە، ڕێگەی بۆ دوژمنانی گەلی کورد خۆشکرد کە بە کردەوە دوژمنایەتی گەلی کورد بکەن. بەداخەوە تا ئێستا ڕەخنە و هاواری ئێمە بە جێیەک نەگەیشتووە و پێچەوانە کردنەوەی ڕاستییەکان و بەستنەوەی خەباتگێڕانی ڕاستینە بەم و بەو درێژەی هەیە.

لە ڕووداوی سنەدا هەرگیز تاوانباران سزا نەدران، تەنانەت هاندران و "حەسەن"ی ناسراو کە بە بڵاوکردنەوەی چەک، دوو گروپی بەگژ یەکتردا کرد، لە ورمێ بەدەسەڵات گەیشت. حەزرەتی ئایەتوڵا لە دیدارەکەتاندا لەگەڵ ئێمە، بە ئێمەت گوت لە کۆماری ئیسلامییدا جیاوازیی نیە! ئەی بۆچی بە بوونی سەدان هەزار کورد لە سەلماس و ورمێ لە شورای شۆڕشی ئیسلامیی ئەو شارانەدا تەنانەت کوردێک نابینرێت؟ بۆچی هەزار و دوسەت چەک لە لایەن ژاندارمەریی ورمێوە درا بە خاوەن موڵکان کە جوتیارانی پێ سەرکوت بکەن؟ ئێوە فەرمووتان بە شێوەی یەکسان بودجە لە نێوان هەرێم و ناوچەکانی ئێراندا بەش دەکرێت!

ئەی بۆچی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بودجەی هەرە کەم تەرخان کراوە؟ ئێوە فەرمووتان ئەمنیەتی کوردستان لە لایەن خەڵکەوە دابین دەکرێت! ئەی بۆچی لە کرماشان و شیراز و ئیسفەهانەوە پاسدار ڕەوانەوی کوردستان دەکرێت؟ ئێوە فەرمووتان ئەرکی سوپا چاودێریی

کردنە لە سنورەکان! ئەی بۆچی سوپا پێدادەگرێت کە کۆنترۆڵی شارەکان لە ئەستۆ بگرێت؟ بۆچی سوپا هێرش دەکاتە سەر خەڵکی هەژار و دوکتۆر چەمران جێگری سەرۆک وەزیران بە تۆپ و خۆمپارە لە خەڵکی کورد دەدات؟

حەزرەتی ئایەتوڵا پتر لە مانگێکە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دەستی کردووە بە درۆ کردن و دەنگۆ دژی گەلی کورد بڵاودەکاتەوە، بۆ پێچەوانە پێشاندانی ڕاستییەکان و ئاڵۆزکردنی زەینی ئێوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە کە کوردستان لە مەترسی شەڕ و خوێنڕیژیی مەترسیهێنەر دایە و تەنیا ئایەتوڵا عوزما خومەینی دەتوانێت پێش بەو کارەساتە بگرێت.

هەروەها لەو نامەیەدا داوا لە ئایەتوڵا خومەینی کراوە کە کێشەکان بە ڕێگەی سیاسی چارەسەر بکرێن، ئەگەرنا کارەساتێکی قەرەبوو نەکراوی بە دواوە دەبێت.

## کۆماری ئیسلامیی داوای سەربازگەی مهاباد دەکاتەوە

بەشێک لە کاربەدەستە خاوەندەسەڵاتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زۆربەیان مەلا و کەسایەتی توندڕەوی ئیسلامیی بوون، زۆر بە جیددی هەوڵیاندەدا بیانوویەک بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێران بگرن و هێرش بکەنە سەر گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنی و کەسایەتییە ئازادیخوازەکان. لە بەرامبەر ئەو لایەنە توندڕەوەدا، هێزە سیاسی و مەدەنییەکان بەبێ ئەوەی لە بەرەیەکدا بن، یان پەیوەندییەکی نزیکی ڕێکخراوەییان پێکەوە هەبێت، ببوونە دوو بەش. بەشێکیان وەک حیزبی تودە، موجاهیدی خەڵک، هێزە ئیسلامییەکانی شیعە و تەنانەت ئەحمەدی موفتی زادەش کە ڕێبەرێکی بەتوانای ئایینیی سوننەی کوردستان و مرۆڤێکی ناسراو و شۆڕشگێڕی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی پەهلەوی بوو، هەریەکەیان بە بۆچوون و تیۆری خۆیان پشتی خومەینییان دەگرت. بەشەکەیتر کە بریتی بوو لە ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران، یەکیەتی جوتیاران، توفان، پەیکار و ژمارەیەک ڕێکخراوی بچوکیتری هەڵگری بیریی ماویی دژی دەسەڵاتی خومەینی بوون و دانیان بە شۆڕشی ئێران دانەدەنا. لەو ناوەشدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سیاسەتێکی دیار و ڕۆشەنی نەبوو، هەندێک جار لایەنی خومەینی و شۆڕشی ئێرانی دەگرت و بە وتەی خۆی، دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی دژ بە شۆڕشی ئێران دروشمی دەدا و هەوڵیدەدا کێشەی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆوە چارەسەر بکات و هەندێک جاریش بە کردەوە لەگەڵ باڵی چەپە توندڕەوەکاندا دەکەوت.

ڕێکخراوە چەپە ماوییەکان کە لە شارە فارس و تورک نشینەکاندا گوشاریان بۆ هاتبوو و ڕێگەی خەباتی ئاشکرایان لێگیرابوو، خۆیان گەیاندبووە کوردستان و بە ئاشکرا هەڵدەسوڕان و بە وتە و نوسین هێرشیان دەکردە سەر کۆماری ئیسلامیی و هەندێک جاریش بە پشتگیریی ماموستا شێخ عیزەدین بەرامبەر بە هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکرات دەوەستان. حیزبی دیموکراتیان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە سازیشکار و هەندێک جاریش بە بەکرێگیراوی دەوڵەتی عیراق و حیزبی

بەعس دەناساند و گرفتیان بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان پێکدەهێنا.

هۆی سەرەکیی ئەو هەڵوێستانەیان دەگەڕایەوە بۆ بێباوەڕییان بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و بە هەندنەگرتنی دیموکراسی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. دەیانویست حکومەتی کارگەریی دابمەزرێنن و بۆ خۆیان دەسەڵاتی وڵات بگرنە دەست، ئەوەش نەک پێکەوە یان لە بەرەیەکدا، بەڵکوو هەریەکەیان بە تەنیا بۆ خۆی! کە ئەوەش خەیاڵێکی گومان هەڵنەگر بوو کە پتر قازانجی بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی و هەڵایساندنی شەڕ لە کوردستاندا دەگەیاند، چونکە هیچکامیان بەو ڕادەیە ئەندام و لایەنگریان نەبوو کە بتوانن تەنانەت شارێک بەڕێوەببەن یان لە بەرامبەر هێرشی چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژێک دەوام بێنن. بە داخەوە کاڵیی و کردەوەی ئەو ڕێکخراوانە و هەڵوێستی ناپەسەندی بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە ناو هێز و ڕێکخراوەکاندا چەندان شەڕی ناوخۆیی لێکەوتەوە کە ڕژێم قازانجی لێیان بینی.

بە هەر حاڵ بۆ تاقمی پاوانخوازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر گرنگ بوو کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر کوردستان و بەتایبەتیی شاری مهاباددا بسەپێنێت و کۆتایی بە هەڵسوڕانی ئەو هێزانە بهێنێت. کاتێک کە کۆماری ئیسلامیی تێگەیشت بەبێ قبوڵکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد ناتوانێت سوپا بگەڕێنێتەوە کوردستان، هەوڵیدا بە هاوکاریی و چەکدارکردنی عەشیرەتەکان بەو ئامانجە بگات و چونکە لەو ڕێگەیەشدا سەرنەکەوت، ئیتر دوای پێکهێنانی دادگای شۆڕش لە مهاباد، لەسەر پێشنیازی شورای شاری مهاباد کە بە هاوئاهەنگیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرا، کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی 1358/4/20 (1979/7/11) لیژنەیەکی لە ئەفسەرانی تاران بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ سیستانی ڕەوانەی مهاباد کرد کە سەبارەت بە وەرگرتنەوەی سەربازگەی مهاباد ڕاستەوخۆ لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات وتوویژ بکات.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە جگە لە چەند تانک و هەندێک گوللە تۆپ و کەرەستەی بێکەڵک، تەنانەت جووتە پێڵاوێکی سەربازیی لە سەربازگەدا نەمابوو. خەڵکی مهاباد دەیانویست بیناکانی سەربازگەش بڕوخێنن و کەڵک لە کەرەستەکانی وەربگرن، بەڵام حیزبی دیموکرات دژی ڕوخاندنی خانووبەرەکانی سەربازگە بوو و دەیویست سەربازگەی مهاباد بکات بە زانکۆی "ئازاد"! بێئاگا لەوەی کە بیناکانی سەربازگە بۆ زانکۆ دروست نەکرابوون.

سیستانی لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو نەیتوانی ڕای حیزبی دیموکرات بۆ گەڕاندنەوەی سەرباز بۆ سەربازگەکە وەربگرێت. حیزبی دیموکرات داوای کرد سەربازگەی مهاباد لە ناو شارەوە بگوازنەوە بۆ دەرەوەی شار و پێشنیازی کرد لە دەشتی شارویران لە نێوان جادەی مهاباد بۆ میاندواو، مهاباد بۆ ورمێ لە نزیک گوندی "وسووکەند" سەربازگەیەک دروست بکەن، بەڵام سەرهەنگ سیستانی دەسەڵاتی بڕیارێکی لەو جۆرەی نەبوو، لەبەرئەوە لەسەر وەرگرتنەوەی سەربازگەی مهاباد پێیداگرت. حیزبی دیموکرات سەربازگەی مهابادی بە شوێنەوارێکی ڕژێمی پەهلەوی دادەنا کە سەدان کوردی تێدا گوللەباران و هەزارانیشی تێدا زیندانیی کرابوو.

کاتێک کۆماری ئیسلامیی لەو هەنگاوەشیدا سەرنەکەوت، ڕاپۆرتێکی بە درۆ و ناڕاستی لەسەر هاتنی ئەو لیژنەیە بۆ مهاباد و وتووێژکردنی لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی دیموکرات بە ڕۆژنامەکان ڕاگەیاند. ڕۆژنامەی باڵی توندڕەوی جمهوریی ئیسلامی ڕۆژی 1358/4/21 (1979/7/12) هاتنی ئەو لیژنەیەی بۆ مهاباد بڵاوکردەوە و بەبێ ئەوەی کە تاقە کوردێک بە پێشوازیی ئەو لیژنەیەوە بچێت، لەژێر ناوی **(خەڵکی مهاباد بە شکۆیەکی فرەوانەوە پێشوازییان لە نوێنەرانی سوپای کۆماری ئیسلامیی کرد)** نوسی:

**- (شەش ئەفسەری باڵای سوپای کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نوێنەرێکی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کاتژمێر 09:00 دوێنی لە ورمێیەوە بەرەو مهاباد بەڕێکەوتن. خەڵکی ستەمدیدەی مهاباد کە لەو چەند مانگەی دواییدا کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی گروپە چەکدارەکانەوە، بۆ پێشوازییکردن لە نوێنەرانی ڕەسمیی حکومەت، خۆیان گەیاندە دەرەوەی**

شاری مهاباد و بە هەستێکی تایبەتەوە بە قازانجی کۆماری ئیسلامیی و ڕێبەری شۆڕش و بە دژی پیلانە ڕەنگاوڕەنگەکانی دژە شۆڕشەکان دروشمیاندا. هەستی بەرز و دروشمەکانی خەڵک بە قازانجی کۆماری ئیسلامیی و ڕێبەری شۆڕش بە توندی کاری کردە سەر ئەندامانی لیژنەکەوە. نوێنەرانی حکومەت چوونە سەربازگە و ناوی ئەو چەکە قورسانەیان نوسی کە لە هێرشی کۆتایی خاکەلێوەی ئەم ساڵدا لە لایەن حیزبی دیموکراتە تالان کرابوون. بەرپرسانی حیزبی دیموکرات بەڵێنیاندا کە بە زوویی ئەو چەکانە بگەڕێننەوە سەربازگە و بیدەنەوە بە نوێنەرانی سوپا.

بە گوێرەی هەواڵی گەیشتوو نوێنەرانی سوپای کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای ئەو سەردانەیان گەڕانەوە ورمێ تا کار بۆ گەڕانەوەی سوپا بۆ مهاباد و ناوچەکانی تری کوردستان بکەن. هەواڵی گەڕاندنەوە هێزەکانی بەرگریی بۆ کوردستان ورەی خەڵکی بەرز کردووەتەوە و تا ڕادەیەک نیگەرانییەکانی کەم کردووەتەوە، چونکە هەرجۆرە لێکدانەوەیەک لە بەرامبەر گروپە چەکدارەکانی کوردستان بێسودە. پێشوازییکردنی بێهەوتای خەڵکی مهاباد لە نوێنەرانی حکومەت، نیشانەی خۆشەویستیی شۆڕشی ئیسلامییە لە ناو برایانی کورددا و هەروەها پێشاندەدات کە پاشماوەکانی ڕژێمی ڕوخاو جگە لە پروپاگەندە هەموو دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیان لە دەستداوە و لاواز و بێ بنەمان).

## مەجلیس خیبرەکان و یەکەم پاشگەزبوونەوەی خومەینی لە بەڵێنەکانی

پێشتر باسی پێکهاتنی "شورای شۆڕش"م کرد و گوتم خومەینی ڕۆژی 1979/1/13 لەسەر پێشنیازی "مورتەزا موتەهەری" ڕۆحانی زانای شیعە لە فەرەنسە شورای شۆڕشی پێکهێنا تا ئەرک و پێویستییەکانی شۆڕشی ئێران لە ئەستۆ بگرێت. هەروەها پەنجەم بۆ هەڵبژاردنی مەهدی بازرگانی ئەندامی ئەو شورایە بە سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەن خومەینییەوە ڕاکێشا. دوای دەستبەکار بوونی حکومەتی کاتیی، ڕۆژی 1357/12/10 (1979/3/1) خومەینی تارانی بەجێهێشت و چوو لە قوم نیشتەجێ بوو و لەوێوە بڕیاری لەسەر پڕۆژە سیاسییەکان دەدا و داوای لە خەڵک دەکرد کە پشتی حکومەتی بازرگان بگرن.

حکومەتی کاتیی لەسەر بڕیاری خومەینی ڕۆژی 1358/5/12 (1979/8/3) ی بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەکان دیاریی کرد. مەجلیسی خیبرەکان ئۆرگانێکی نوێ بوو کە بە فەرمانی خومەینی دانرا و جێی "مەجلسی موئەسیسان"ی گرتەوە و ئەرکی ئامادەکردنی دەستوری هەمیشەیی ئێران و دۆزینەوەی ڕێبەر و هەڵبژاردنی و چاودێریی کردن بەسەر کارەکانیدا پێسپێردرا. لە ڕاستیدا دانانی مەجلیسی خیبرەگان بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی گەل و پاوانکردنی بوو لە چوارچێوەی ژمارەیەک مەلای لایەنگریی خومەینی و ویلایەتی فەقێی شیعەی دوانزدە ئیمامدا. ئەندامانی مەجلیسی خیبرەکان 75 کەس بوون. دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکێک بوو لەو ئەندامانە کە بە کۆی 113773 دەنگ لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا هەڵبژێردرا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) یەکێک بوو لەو ڕێکخراوە چالاکانەی ئێران لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا کە دەنگیدا بە مەجلیسی خیبرەکان و ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە هەڵبژاردنی دوکتۆر قاسملوو بۆ ئەو مەجلیسە کە بەڵکوو ڕێگەی پێبدرێت، چوارچێوەی خودموختاریی گەلی کوردستان لە دەستوری هەمیشەییدا بگونجێنێت،

بەڵام دوکتۆر قاسملوو بە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی سێ مانگە و هەڕەشەی خومەینی لێیان، بەشداریی مەجلیسی خیبرەکانی نەکرد.
مەجلیسی خیبرەکان ڕۆژی 1358/5/28 (1979/8/19) دەستی بەکار کرد. بەشێک لە خاڵەکانی گەڵاڵەی پێشنیاز کراو بۆ دەستوریی هەمیشەیی گۆڕی و لە ماوەی سێ مانگدا دەستورێکی نوێی لەسەر بنەمای ئیسلامیی شیعە بۆ ئێران ئامادە کرد و دوای پەسەند کردنی لە لایەن خومەینییەوە، ڕۆژی 1358/9/12 ڕیفراندۆمی بۆ کرد و پەسەندی کرد.
بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی ئێران حوکمی ویلایەت لە ئێراندا دامەزرا و پلەی مەرجەعیەت درا بە وەلی فەقێ و ڕاگەیەنرا "وەلی فەقێ" لە لایەن مەجلیسی خیبرەکانەوە هەڵدەبژێردرێت و دەسەڵاتی هەرە باڵای ئێرانە. لەگەڵ ئەوەشدا وەلی فەقێ فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی لە ئەستۆ دەبێت و هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، بەڕێوەبردن و دادوەریی لەژێر چاودێریی ئەودا کارەکانیان بەڕێوە دەبەن! بەبێ هیچ تایبەتمەندییەک دەبێت هەموو یاساکان لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدا دابڕێژرێن و شورای نگهبان چاودێرییان بەسەردا بکات.
یاسادانەرانی شورای نگهبان بە پێشنیازی شورای باڵای "قەزایی" و بڕیاری پەرلەمان هەڵدەبژێررێن. ماف و ئازادییەکانی میللەت لە چوارچێوەی یاسا ئیسلامییەکاندا دەبن. سەرکۆمار و 270 ئەندامی پەرلەمان بۆ ماوەی چوار ساڵ بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و خولی دەسەڵاتی مەجلیسی خیبرەکان بۆ هەشت ساڵ دیارییکرا. فەقێکانی شورای نگهبان و سەرۆکی دادوەریی وڵات و دادوەری گشتیی باڵای ئێران لە لایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێن!
گونجاندنی ئەو خاڵانە لە دەستوری هەمیشەیی ئێراندا وەرچەرخانێک بوو بۆ بنەماکانی حکومەتی شیعەی جەعفەریی و حکومەتی شیعەی سەفەوی کە لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمی زایینییدا دامەزرا و گەورەترین زیانی بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەلی کورد گەیاند. لە ڕاستییدا دەستوری هەمیشەیی ئێران پشتی لە داخوازیی گەلانی ئێران کرد کە بە خوێنی ڕۆڵەکانیان ڕژێمی پاشایەتییان ڕوخاند. بە

واتەیەکیتر دانانی ڕێبەر و مەجلیسی خیبرەکان و شورای نگهبان، گەڕاندنەوەی ئێران بوو بۆ سەردەمی سەفەوی و دامەزراندنی سیستمی تایفەگەریی لە جێی سیستمی پاشایەتی و دانانی سەڵتەنەت بوو لە ژێر عەبای ویلایەتدا.

بە هەرحاڵ دوای هەڵبژاردنی یەکەم مەجلیسی خیبرەکان کە یەکێك لە ئەرکەکانی ئامادەکردنی دەستوری هەمیشەیی ئێران بوو، هەر هەشت ساڵەی جارێک بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی هەڵبژاردن دەکرێت.

خولی یەکەمی مەجلیسی خیبرەکان بۆ دۆزینەوە و هەڵبژاردنی ڕێبەر و چاودێریی کردن بەسەر کارەکانیدا ڕۆژی 1361/9/19 (1982/12/10) ئەنجامی گرت و خولی دووەم ڕۆژی 1369/7/16 (1990/10/8) و خولی سێیەم ڕۆژی 1377/9/1 (1998/11/22) بەڕێوەچوون. بۆ خولی یەکەم 82 کەس، بۆ خولی دووەم 83 کەس و بۆ خولی سێیەم 86 کەس هەڵبژێردران.

## دەستوری هەمیشەیی ئێران ڕێگە بۆ دیکتاتۆرییەت خۆشدەکات

گەلانی ئێران و لە پێشەوەی هەمووانەدا ئەو ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییە سێکیولارانەی ئێران کە بەشدارییان کرد لە ڕیفراندۆمی دەستوری هەمیشەیی ئێراندا، توشی هەڵەیەکی زۆر مەزن بوون. دەستوری هەمیشەیی، دوازدە ڕۆژ دوای ئامادە بوونی، دەنگی بۆ وەرگیرا و کرا بە یاسا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات! ئەوە لە کاتێکدا بوو کە تەنانەت "یەک لە سەد هەزار"ی خەڵکی ئێران لە ناوەڕۆکی دەستورەکە ئاگادار نەبوون و کەم کەس دەیانزانی تایبەتمەندییەکانی دەستوری هەمیشەیی حکومەتی ئاییینیی چین و ئێران بە چ شێوەیەک لەسەر بنەمای ویلایەت بەڕێوە دەچێت. بۆ زانیاریی پتری خوێنەرانی بەڕێز ئاماژە بۆ چەند ماددەیەکی دەستور و دەسەڵاتی ڕێبەر لەو دەستورەدا دەکەم:

**بەندی 91: بۆ پاراستنی حوکمە ئیسلامییەکان و دەستوری هەمیشەیی و بۆ ئەوەی کە مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران یاسا و بڕیاری پێچەوانە پەسەند نەکات، شورایەک بە ناوی شورای نگهبان بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدێت:**

1- شەش فەقێی عادل و ئاگادار لە هەلومەرج و مەسەلە ڕۆژانەییەکان، لە لایەن ڕێبەر یان شورای ڕێبەرییەوە هەڵدەبژێردرێن.
2- شەش یاسادانەر لە بوارە جیاوازەکانی یاساییدا، لە لایەن یاسادانەرە موسوڵمانەکانی شورای باڵای دادوەرییەوە بە "مەجلیسی شورای ئیسلامیی" دەناسێنرێن و بە دەنگی مەجلیس هەڵدەبژێردرێن.
بەندی 93: مەجلیسی شورای ئیسلامیی بەبێ بوونی شورای نگهبان، ئیعتباری یاسایی نیە...
بەندی 94: هەموو یاسا و بڕیارە پەسەندکراوەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامیی دەبێت ڕەوانەی شورای نگهبان بکرێن و شورای نگهبان لە ماوەی دە ڕۆژدا ئەو پەسەندکراوانە لەگەڵ یاسا و ڕێسا ئیسلامییەکاندا هەڵسەنگێنێت و ئەگەر جیاوازییان هەبێت، ڕەوانەی مەجلیسی شورای ئیسلامییان دەکاتەوە تا بیانگۆڕن.
بەندی 99: شورای نگهبان چاودێریی دەکات بە سەر هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار، هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامیی، وەرگرتنی دەنگی گشتیی لە خەڵک و ڕیفراندۆمدا.
بەندی 107: ئەگەر یەکێک لە فەقێ خاوەن مەرجەکانی بەندی پێنجەمی ئەم یاسایە، لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەوە بە مەرجەع و ڕێبەر بناسرێت و قبوڵکرابێت، هەر وەک مەرجەعی باڵای تەقلید و ڕێبەری شۆڕش ئایەتوڵا عوزما ئیمام خومەینی کە ویلایەت و گشت بەرپرسایەتییەکانی لە ئەستۆیە. ئەگەرنا خیبرەکانی هەڵبژێردراو لە لایەن خەڵکەوە سەبارەت بە هەموو ئەو کەسانەی کە سەلاحیەتی مەرجەعیەت و ڕێبەرییان هەیە، لێکۆڵینەوە و ڕاوێژ دەکات. ئەگەر یەکێک لەوانەیان بەو مەرجانە بۆ ڕێبەر دۆزییەوە، ئەوا وەک ڕێبەر ڕایدەگەیەنن، ئەگەرنا سێ تا پێنج کەسی خاوەن مەرجەکانی مەرجەعیەت هەڵدەبژێرن لە پلەی شورای ڕێبەرییدا.
بەندی 115: دەبێت سەرۆککۆمار لە نێوان کەسایەتییە ئایینیی و سیاسییەکاندا هەڵببژێردرێت و خاوەنی ئەم مەرجانەی خوارەوە بێت:

بە ڕەگەز ئێرانی بێت، هاووڵاتیی ئێران بێت، مودیر و دورئەندیش بێت، خاوەن ڕابردووی خاوێن و ئیمامەت و تەقوا بێت، باوەڕی بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئایینی ڕەسمیی وڵات هەبێت.

بەندی 110: ئەرک و دەسەڵاتی ڕێبەر:

1- دیارییکردنی فەقێکانی شورای نگهبان.

2- دانانی دەسەڵاتی دادوەریی باڵای وڵات.

3- فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

آ- دانان و لابردنی سەرۆکی ئەرکانی هاوبەش.

ب- دانان و لابردنی فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی.

پ- پێکهێنانی شورای باڵای بەرگریی نەتەوەیی لەو حەوت ئەندامانەی خوارەوە:

- سەرۆککۆمار.
- سەرۆکوەزیران.
- وەزیری بەرگریی.
- سەرۆکی ئەرکانی هاوبەش.
- فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی شورشی ئیسلامیی.
- دوو ڕاوێژکار کە لە لایەن ڕێبەرەوە هەڵدەبژێررێن.
- فەرماندەکانی باڵای هەرسێ هێزی زەمینیی، دەریایی و ئاسمانیی بە پێشنیازی شورای باڵای بەرگریی.
- ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتیی و کۆکردنەوەی هێزەکان بە پێشنیازی شورای باڵای بەرگریی.

4- ئیمزاکردنی حوکمی سەرۆککۆمار بە دوای هەڵبژاردنیدا لە لایەن خەڵکەوە. سەلاحیەتی داواکارانی پۆستی سەرۆککۆمار لە بواری ئەو مەرجانەی کە لەم دەستورەدا دێت، بە قبولڵکردنی شورای نگهبان و لە ڕیزی یەکەمدا قبولڵکردنی ڕێبەرە.

5- لابردنی سەرۆککۆمار بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی وڵات، دوای حوکمی دادگای تەمیز سەبارەت بە کۆتاییکردنی لە ئەرکی یاسایی و بێتوانایی سیاسی بە دەنگی شورای میللی.

**6- بەخشین یان کەمکردنەوەی ماوەی حوکمدراوان لە چوارچێوەی یاسا ئیسلامییەکاندا، دوای پێشنیازی دادگای تەمیز.**

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، زانایانی شیعە دوو بۆچوونیان سەبارەت بە دانانی ڕێبەر هەبوو، ئایا ڕێبەر بە شێوەی دانان "انتصاب" واتە دامەزراندن بێت یان هەڵبژاردن. بەو واتەیە کە وەلی موسوڵمانان لە لایەن خواوە دادەنرێت و لە پلەی جێگری ئیمامەکاندا بەسەر خەڵکدا حوکم دەکات، بەو ئاکامە گەیشتن کە چونکە خەڵک توانای دۆزینەوەیان نیە، دەبێ مەجلیسی خیبرەکان هەڵبژێرن و ئەو مەجلیسە وەک دۆزەرەوە، ڕێبەری کۆمەڵگەی موسوڵمانان هەڵبژێرێت! دیارە مەلا شیعەکانی ئێران ئەو بۆچوونەیان لە کتێبی "ویلایەتی فەقێ"ی خومەینی وەرگرتبوو و دواتر دەستوری هەمیشەیی ئێرانیان لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی خومەینی ئامادە و پەسەند کرد. لەو خاڵانەی دەستوری هەمیشەیی ئێراندا چ ئاکامێک وەردەگرین؟ بنواڕە:

1- سیستمی حوکمی ئێران لەسەر بنەمای ئیسلامیی تایفەگەریی دانراوە.

2- خەڵک لە شۆڕشی ئێراندا خومەینی کردووەتە ڕێبەر و والی موسوڵمانان.

3- ڕێبەر شەش فەقێکانی شورای نگهبان هەڵدەبژێرێت.

4- پاڵاوتنی سەرۆککۆمار دەبێت بە دەنگی ڕێبەر بێت.

5- شورای نگهبان چاودێریی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار دەکات، هەروەها هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامیی و مەجلیسی خیبرەکان و بەگشتیی هەموو هەڵبژاردنەکان و ڕیفراندۆم، واتە:

آ- ئەندامانی کاندید کراو بۆ مەجلیسی خیبرەکان دەبێ سەرەتا لە لایەن ڕێبەرەوە قبوڵبکرێن، تا شورای نگهبان بۆ مەجلیسی خیبرەکان بیانپاڵێوێت!

ب- یاسا و بڕیار و پەسەندکراوەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی بەبێ هاودەنگی کردنی شورای نگهبان حوکمی یاساییان نابێت!

پ- مەجلیسی شورای ئیسلامیی بەبێ بوونی شورای نگهبان، ئیعتباری یاسایی نیە!

ت- مەجلیسی خیبرەکان ڕێبەر دەدۆزێتەوە، هەڵیدەبژێرێت و چاودێریی دەکات بەسەر کارەکانیدا!

بە کورتیی ڕێبەر شورای نگهبان هەڵدەبژێرێت و شورای نگهبان مەجلیسی خیبرەکان و مەجلیسی شورای ئیسلامیی و سەرۆککۆمار. ئینجا مەجلیسی خیبرەکان ڕێبەر دەدۆزێتەوە، هەڵیدەبژێرێت و چاودێریی کارەکانی دەکات!

ئایا ئەگەر ڕێبەر کەسێکی بەدڵ نەبێت و نەیەوێت ببێت بە ئەندام لە مەجلیسی خیبرەکاندا، ئەو کەسە دەتوانێ خۆی بۆ مەجلیسی خیبرەکان کاندید بکات؟ ئەگەر خۆی کاندید کرد و شورای نگهبانی هەڵبژێردراوی ڕێبەریی قبوڵی کرد، دەتوانێ بەبێ ویست و خواستی ڕێبەر بجوڵێتەوە، تا بتوانێ چاودێریی بکات بەسەر کارەکانی ڕێبەردا؟

گەندەڵیی برگەکانی دەستوری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامیی لێرەوە سەرچاوە دەگرن کە لە قاڵبی سیستمی کۆمارییدا، سیستمی پاشایەتی و تایفەگەریی بە شێوەی سیستمی ویلایەتی فەقێی سەفەوییەکان دامەزراندووە و هەموو دەسەڵاتی یاسادانان، بەڕێوەبەریی و دادوەریی گەلانی ئێرانی داوەتە دەست ڕێبەرێک و چەند مەلایەکی کۆنەپەرستی شیعەی جەعفەریی کە بە شێوەی 1400 لەمەوبەر بیردەکەنەوە. بە کورتیی لە سیستمی ویلایەتی فەقێی ئێراندا، ئەگەر هەموو خەڵکی ئێران دەنگ بە دیاردەیەک بدەن، بەڵام ڕێبەر قبوڵی نەکات، دەنگی خەڵکەکە پوچەڵ دەبێتەوە، چونکە ڕێبەر خوا داینــاوە تا چاوساخی کۆمەڵگەی نەزانی موسوڵمانان بێت!

## شەڕی مەریوان

پێشتر لە باسی هاتنی لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی کاتیی مەهدی بازرگان بۆ مهاباد و ئاراستە کردنی گەڵاڵەیەکی هەشت مادەیی بەو لیژنەیە، ئامانژەم بۆ ڕێکخراوی یەکیەتی جوتیاران و لقی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران لە کوردستان کرد. هەروەها لە پەیوەندیی لەگەڵ شەڕی سنە لە نەورۆزدا ئاگاداری ناکۆکییەکانی نێوان لایەنگرانی ئەو دوو گروپە و لایەنگرانی ئەحمەد مفتی زادە، دامەزرێنەری بنکەی مەکتەبی قورئان لە کوردستان بووین. دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا، لە کاتێکدا هێشتا یەکیەتی جوتیاران خۆی ئاشکرا نەکردبوو، لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیەی کە فوئاد مستەفا سوڵتانی هەڵگری بوو، بە هاوکاریی لقی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران و لایەنگرانی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی، لە مەریوان شورایەک پێکهات و ناویاننا شورای شار و دەستەیەکی چەکداریشیان بۆ دیارییکرد کە ناوی ستادی بەرگریی "ستادی حفاظتی" بوو. ئەندامانی چالاکی ئەو شورایە بریتی بوون لە:

1- شێخ عوسمان خالیدی. ناوبراو لایەنگری مامۆستا شێخ عیزەدین بوو، دەفتەری شێخ عیزەدینی لە مەریوان کردەوە، بەڵام ساڵی 1981 مامۆستای بەجێهێشت و هاتە ڕیزی حیزبی دیموکراتەوە، لە هێزی شەهیدانی "وێردی"دا لە بانە کە حامید گەوهەریی فەرماندەی بوو، کرا بە بەرپرسی سیاسی هێز.

2- فوئاد مستەفا سوڵتانی سەرۆکی یەکیەتی جوتیاران. ناوبراو ڕۆژی 1358/6/9 (1979/8/28) لە هێرشی چەکدارانی ڕژێم بۆسەر سەرشیوی سەقز لە "بەستام" شەهید کرا.

3- سەعید دارابی ئەندامی یەکیەتی جوتیاران.

4- سەدیق ئەمجەدی ئەندامی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران.

5- عەلیڕەزا کەریمی "ئەبو کەریمی" بەرپرسی لقی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران. ناوبراو ساڵی 1982 چریکەکانی بەجێهێشت و هاتە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە.

ئەمانەی خوارەوەش ئەندامانی چالاکی ستادی بەرگری بوون:

1- فەرەج شەهابی ئەندامی یەکیەتی جوتیاران و بەرپرسی ستادی بەرگری.
2- عەتا ڕۆستەمی ئەندامی یەکیەتی جوتیاران. ناوبراو ڕۆژی 1361/8/3 (1982/10/25) لە هێرشی چەکدارانی ڕژێم بۆ سەر سەرشیوی مەریوان لە "تووە سوران" شەهید بوو.
3- عەبدوڵا دارابی ئەندامی یەکیەتی جوتیاران.

شورا هەموو کاروباری شاری مەریوانی گرتبووە دەست خۆی و ئیزنی بە لایەنگرانی ئەحمەد موفتی زادە نەدەدا کە بنکەی "مەکتەبی قورئان" لە مەریوان بکەنەوە. لە ئاکامدا بە بەردەوامیی لە نێوان لایەنگرانی یەکیەتی جوتیاران و لایەنگرانی ئەحمەد موفتی زادەدا کە هەردوو لایان خاوەن هێز و لایەنگر بوون لە مەریوان، گرفت پێکدەهات.

چەپە ماوییەکانی سەربە یەکیەتی جوتیاران بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ئەگەر لە نێوان ئەوان و لایەنگرانی مفتی زادەدا شەڕ هەڵگیرسێت، حکومەتی ئێران بۆ بەرژەوەندی خۆی ئاگری شەڕەکەیان خۆشدەکات و لە ئەنجامدا خۆی جێگەی هەردووکیان دەگرێتەوە. لە ڕەوتی ئەو کێشەیەدا لایەنگرانی موفتی زادە دەستدەگرن بەسەر بینایەکی نیوەکارەدا کە هێشتا تەواو نەکرابوو، ڕژێمی شا دەیویست بۆ دەزگای هەواڵگریی "ساواک" دروستی بکات، لەو بینایەدا بنکەی مەکتەبی قورئان دەکەنەوە. لایەنگرانی یەکیەتی جوتیاران بە هاوکاریی شورای شار و ستادی بەرگریی سەربە شورا دژی دانانی ئەو بنکەیە و سانسور لە ئێراندا ڕێپێوانێک ڕێکدەخەن، سەرەتا دەچنە بەردەم بینای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و دژی سانسور لە حکومەتی کاتیی بازرگاندا دروشم دەدەن و دواتر دەچنە بەر بنکەی لایەنگرانی مفتی زادە و دژی مفتی زادە دروشم دەدەن و داوای داخستنی بنکەکەیان لێدەکەن و تەنانەت چەند کەسیان دەچنە ناو بنکەکەوە. لە ئەنجامدا شەڕ لەنێوانیاندا دروست دەبێت و لە تەقە کردنێکی دوولایەنەدا بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهانی لە ڕۆژی 1358/4/24 (1979/7/15) دا، 24 کەس دەکوژرێن و 40 کەسیش بریندار دەبن و بنکەکەش دەکەوێتە دەست لایەنگرانی یەکیەتی جوتیاران و چریکی فیدایی خەڵک. لە لایەکیترەوە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە

بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/5/6 دا بڵاویکردەوە، ناوی 8 کوژراوی خۆی بەشێوەی خوارەوەی ڕاگەیاند: محەمەد ساڵح ڕەشیدی، حوسێن ڕۆستەمی، محەمەد کۆنەپوش، ڕەشید ناهیدی، مەحمود ناهیدی، دارا کۆنە پوش و عەبدوڵا تەرتوسی.

لەگەڵ ئەوەشدا سێ کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی جوتیاران بە ناوەکانی: محەمەد دەرسید و مەحمود باڵەکی و ڕەئوفی کۆنەپووش شەهید بوون، واتە ژمارەی کوژراوەکانی مەریوان 12 کەس بووە نەک 24 کەس کە ڕۆژنامەی کەیهان ئاماژەی بۆ کردەوە. دوای ئەو ڕووداوە، سەرگورد "شەیبانی" فەرماندەی سەربازگەی مەریوان ڕۆژی 1358/4/31 لەگەڵ فوئاد مستەفا سوڵتانی، سەعید دارابی، فاتح شێخ ئیسلامی، عەتا ڕۆستەمی، شێخ عوسمان خالیدی و عەبو کەریمی و چەند کەسێکی تر کۆدەبێتەوە و پێیانڕادەگەیەنێ کە شار بەجێهێڵن و کۆنترۆڵی شار بە سوپا بسپێرن. لە بەرامبەردا فوئاد مستەفا سوڵتانی و هەڤاڵانی بە فەرماندەی سەربازگە ڕادەگەیەنن کە ئەگەر سوپا دەست لە کاروباری شار وەربدات، خەڵکی مەریوان شار بەجێدەهێڵن. دوای ئەو ڕووداوە، لایەنگرانی یەکیەتی جوتیاران و چریکی فیدایی و بەشێک لە خەڵکی مەریوان شار بەجێدەهێڵن و دەچن لە نزیک گوندی "کانی میران" کۆدەبنەوە. بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خەڵکە، دوکتۆر مستەفا چەمران وەزیری بەرگریی حکومەتی کاتیی، شەکیبا پارێزگاری سنە و سەرگورد شەیبانی فەرماندەی سەربازگەی مەریوان دوو کۆبوونەوە لەگەڵ مستەفا سوڵتانی و ئەندامانی شورای شاری مەریوان پێکدێنن و لە ئەنجامدا لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە فەرماندەی سەربازگەی مەریوان بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی شار، سەربازی بێچەک بنێرێتە شارەوە. مەجید حوسێنی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی کۆمونیستی کارگەریی کە ئەوکاتە ئەندامی یەکیەتی جوتیاران بووە، ڕۆژی 2006/8/1 وتارێکی سەبارەت بەو ڕووداوە، بە زمانی فارسیی لە سایتی "ایران تریبون" دا بڵاوی کردووەتەوە، لە بەشێکیدا دەڵێت:

**- ... دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1357، شاری مەریوان لە لایەن شورایەک و ستادێکی بەرگریی چەکدارەوە بەڕێوەدەبرا کە لە لایەن خەڵکەوە**

هەڵبژێرابوون. کۆمونیستەکان و خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە بەڕێوەبردنی شورای شار و ستادی بەرگرییدا. دەسەڵاتدارییەتی کۆمونیستەکان لە مەریوان بە دڵی کۆنەپەرستان، واتە کۆنە ساواکییەکان، کۆنە دەرەبەگەکان، دارودەستەی موفتی زادە و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە نەبوو. ئەوان بە بەردەوامیی دژی ستادی بەرگریی و شورای شار پیلانیان دەگێڕا، بەڵام هەوڵەکانیان بێسود بوو، تا لە ئەنجامدا بە هاوکاریی سەربازگەی مەریوان، بنکەی سوپای پاسدارانیان لەناو شاردا کردەوە. ئەو بنکەیە بە نهێنی لە لایەن سەربازگەوە بەهێز دەکرا و پارە و چەک و تەقەمەنی وەردەگرت. ... دانانی بنکەی سوپای پاسداران لەو هەلومەرجەدا بە یارمەتی موفتی زادە شاری ئاڵۆز کرد و خەڵک هەستیان بە مەترسی دەکرد. هەموو دەیانزانی کە ئەگەر ئەو جەماعەتە بەهێز بن، ئازادیی و ژیانی خەڵک و شورا و دامەزراوە پێشکەوتووەکان توشی کێشە دەکەن. ڕێپێوانێکی گەورە دژی سانسور لە حکومەتی بازرگاندا و دانانی بنکەی سوپای پاسداران و دارودەستەی مفتی زادە لە لایەن پێکهاتە پێشکەوتنخوازەکانی شار و بە بەشداریی یەکیەتی جوتیاران کرا. خۆپێشاندەران لە بەردەمی بنکەی پاسدارەکاندا، دروشمی داخستنی بنکەکەیان بەرزکردەوە، کەچی پاسدارەکان تەقەیان لە خەڵکەکە کرد و "محەمەد دەرسید و مەحمود باڵەکی و ڕەئوفی کۆنەپووش"ی کۆمونیست و خۆشەویستی خەڵکی شاریان کوشت. خەڵکەکە تورە بوون و لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر بنکەکەدا گرت.

... ڕۆژی 31 ی مانگ سەرهەنگێک لە سەربازگەوە هات و لەگەڵ لیژنەیەکی یەکیەتی جوتیاران و خەڵک کۆبووەوە. بەشدرانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە عەتا ڕۆستەمی، فوئاد مستەفا سوڵتانی، سەعید دارابی، فاتح شێخ ئیسلامی و عەبو کەریمی لە لایەن چریکەکان... فەرماندەی سەربازگە هەڕەشەی دەکرد و دەیگوت دەبێ ئەو هێزانە شار بەجێبهێڵن و کۆنترۆڵی شار بە سوپا بسپێرن، بەڵام لیژنەی ئێمە دژی هاتنی سەرباز بوو بۆ ناو شار و دەیگوت دەبێ کۆنترۆڵی شار وەک پێشوو لە دەست شورای شاردا بێت. لە ئەنجامدا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە

سەربازگە دەتوانێت سەربازی ئینتزامات "دژبان" بەبێ چەک بنێرێتە ناو شارەوە. ئەو وتووێژە ئاکامی نەبەخشی. فەرماندەی سەربازگە درێژەی بە هەڕەشەکانی دا و لە وەڵامدا سەعیدی دارابی گوتی ئەگەر بەم جۆرە بێت، ئێمە ناچارین جارێکیتریش شار بەجێبهێڵین. "مەبەستی سەعید دارابی کۆچی گەڕەکی دارسیران بوو لە ساڵی 1353 کە دژی دەرەبەگەکان ڕوویدا." هاوڕێیان فوئاد مستەفا سوڵتانی، عەتا ڕوستەمی و فاتح شێخ دەستبەجێ ئەو بیرەیان قۆستەوە و هەر لەوێ لە ماوەی چەند خولەکێکدا بڕیاریاندا کە خەڵکەکە شار بەجێبهێڵن. ... شوێنێک لە لای گوندی "کانی میران" بۆ خەڵکی شار دەستنیشان کرا و هەر ئەو ڕۆژە خەڵک دەستیان کرد بە بەجێهێشتنی شار. ... دوای چۆلبوونی شار، سوپا لە هەڕەشەکانی پاشگەز بووەوە. دەوڵەت بۆ دووەم جار لیژنەیەکی لەگەڵ چەمران ناردە مەریوان. هاوڕێ فوئاد مستەفا سوڵتانی بە سەرۆکایەتی لیژنەیەک کە لە لایەن شورای شارەوە دیارییکرابوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک وتووێژی لەگەڵ چەمران کرد. سیاسەتی ئێمە لەو وتووێژە درێژکردنەوەی پتری وتووێژەکە بوو، بۆ ئەوەی کە پتر ڕای گشتیی ئێران و جیهان بەرەو ئەو کۆچە و پشتیوانییکردنیان ڕابکێشین و ڕێگە لە هێرشی سوپا بۆ سەر شار بگرین، یان هێرشەکە دوابخەین.

بە هەر حاڵ ئەو کۆچڕەوە ڕۆژی 1358/4/31(1979/7/22) دەستیپێکرد و ڕۆژی 1358/5/13 (1979/8/4) کۆتاییهات. مەجید حوسێنی لە کۆتایی وتارەکەیدا دەڵێت: **ئێستا زۆربەی پێکهێنەرانی کۆچڕەوەکەی خەڵکی مەریوان، یەکیەتی جوتیاران، ڕووداوی 23 ی پوشپەڕ، بەڕێوەبەران و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی شاری مەریوان لە حیزبی کۆمونیستی کارگەریی "حکمەتیست" دان. گەلێک ڕێکخراو تێدەکۆشن کار و چالاکییەکانی ڕابردووی ئێمە بۆ ئامانجی بچوکی ڕێکخراوەیی و ناسیونالیستی خۆیان ڕووداوەکان پێچەوانە بکەنەوە.**

شایانی باسە دوای کۆتاییهاتنی ئەو کۆچڕەوە، ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ترسی هێرشی سوپا بۆ سەر شاری مەریوان، نەیانتوانی تا کۆتایی شەڕی سێ مانگە کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم، وەک پێشوو لە شاری مەریوان جێگەی خۆیان بگرنەوە. سەرەتا حکومەت لە "کێوە ڕەش"ی پشت

سەربازگە و "کلکەی موسک"، کێوی پشت جەنگەڵبانی، قەڵای "فیلەقۆز" و گوندی بەر "ترخانئاوا" پێگەی دانا و دواتر سەربازی بێچەکی لە شاردا جێگیر کرد. هەر ئەو سەربازە بە ڕواڵەت بێچەکانە ژمارەیەکیان لە خەڵکی مەریوان دەستگیر کرد.



لە لایەکی تروە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەشی هەواڵەکانی ڕۆژی 23 و 1358/4/24دا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی بە هەڵگیرسێنەری شەڕی مەریوان ناساند. بەم بۆنەیەوە کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لە سنە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ هەواڵنێر ڕۆژنامەی کەیهان ئەو هەواڵەی ڕەد کردەوە و هەروەها لەم بارەیەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/4/25دا دەقی بەیاننامەکەی حیزبی دیموکراتی بڵاوکردەوە:

**بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**ڕادیۆ تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەشی هەواڵەکانی ڕۆژی 23 و 1358/4/24 دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی بە هەڵگیرسێنەری شەڕی لایەنە سیاسییەکان و کۆمیتەی پاسدارانی ئیسلامیی مەریوان ناساند. کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سنە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە، پەیوەندی بە بەرپرسی "کۆمیتەی مەریوان"ی حیزبی دیموکراتەوە گرت، کۆمیتەی حیزب لە مەریوان ڕایگەیاند: کۆمیتەی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەریوان دژی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و لێکدانەوەی نادروست و ئاژاوەگێڕانە لە لایەن ڕادیۆ تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بە دژی خەڵکی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکان، داوای لە ڕێکخراوە سیاسییەکان کرد کە ڕۆژی 1358/4/20 بە یەکگرتوویی بەشداریی خۆپێشاندانێک بکەن کە ڕێکخراوە سیاسییەکانی مەریوان قبووڵیان نەکرد، لەبەر ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بەشدار نەبوو لە خۆپێشاندانی ڕۆژی 1358/4/23دا. بەم بۆنەیەوە حیزبی دیموکرات ئەمە ڕەتدەکاتەوە کە دەستی هەبێت لە ڕووداوەکانی ڕۆژ 1358/4/23دا. لەبەر ئەوە کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لە سنە بەتوندی هەواڵی دوژمنکارانەی ڕادیۆ تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی بە درۆ دەخاتەوە و هەڵسوکەوتی دوژمنانەی ئەو دەزگایە بە توندی مەحکوم دەکات و داوا لە حکومەتی بازرگان دەکات کە بەرپرسانی ئەو هاندانە زیانبەخشانە دادگایی بکات.....**

بە هەر حاڵ ڕۆژی 1358/6/3 (1979/8/25) واتە ڕۆژێک دوای جەژنی ڕەمەزان خەلخالی گەیشتە مەریوان و ئەم نۆ کەسانەی خوارەوەی بە تاوانی هەڵگیرساندنی شەڕ لە مەریوان گوللەباران کرد: حوسێن مستەفا سوڵتانی، ئەمین مستەفا سوڵتانی، ئەحمەد پیرخدری، حوسێن پیرخدری، فایق عەزیزی، جەلال نەسیمی، عەلی داستانی، بەهمەن خدری، ئەحمەد قادرزادە. هەروەها ئەحمەد مفتی زادە دوای ئەو شەڕە، لە سنەوە چوو بۆ کرماشان و لەوێ نیشتەجێ بوو، دواتر چووە تاران و لە لایەن حکومەتی کاتییەوە گیرا و دوای دە ساڵ لە زیندان ئازاد کرا و بە نەخۆشییەکی کوشندە لە پاکستان کۆچی دوایی کرد.

**هەڵوێستی هاندەرانی خومەینی و سەرهەڵدانی ئاڵۆزیی لە ئێراندا**

پێش سەرکەوتنی شۆڕش و گەڕانەوەی خومەینی لە فەرەنسەوە بۆ ئێران، ئاگاداری هەڵویست و بۆچوون و پەیامەکانی بووین سەبارەت بە ماف و ئازادەییەکانی گەلانی ئێران، کەچی دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی زۆر بەپەلە لە مەرجەکانی پێشوی پاشگەز بووەوە. هەروەک پێشتر ئامـاژەم بۆ کرد، دوو ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕش "سادق خەلخالی" کرد بە سەرۆکی دادگای شۆڕش و فەرمانی پێدا کە ژمارەیەک فەرماندەی بالاّی سوپا و گەورە بەرپرسی ڕژێمی شا بکوژێت. بەم جۆرە یەکەم کوشتنەکانی لە سەربانی دوو خوێندنگەی "ڕەفا" و "عەلەوی" لە تاران دەستپێکرد. ئەم جارەیان خەلخالی بە فەرمانی خومەینی خۆی گەیاندە کوردستان و تورکمان سەحرا و دەیان کەسی بێتاوانی لە دادگایی کردنێکی چەند خولەکییدا کوشت، تەنانەت بەزەیی بە بریندار و نەخۆشەکانی ناو نەخۆشخانەکانیشدا نەهات.

هێشتا هەوای بەهاری ئازادیی لە مێشکی خەڵکدا دەرنەچوو بوو کە دیسان زیندانە چۆل بووەکانی سەردەمی شا، پڕکرانەوە و ئەشکەنجەدان دەستییپێکردەوە، بەلاّم ئەم جارەیان ترسناکتر لە ڕابردوو. کۆمیتەکانی مزگەوت، ڕێکخستنی نوێ و بەربلاّویان پێکهێنا و لە گروپی چەند کەسییدا هێرشیان کردە سەر کتێبفرۆشییەکان و کتێبەکانیان سوتاندن، دروشمی "نە شەرقی و نە غەربی، کۆماری ئیسلامی"، "گواستنەوەی شۆڕش بۆ دەرەوەی ولاّت"، "حیجابی ئافرەت، ناموسی ئافرەتە" بەرز کرایەوە و هێرشکرایە سەر ئافرەتان، تەنانەت تێزابیان بە سەر لەشی ئافرەتاندا کرد و بە زۆر ئافرەتانیان خستە ژێر عەبا و پەچەوە. چەندان یاسای نوێی وەک فەلاقەکردن و بەردباران کردنیان پەسەند کرد و خستە سەر دەستورە کۆنەپەرستانەکەیان و ئێرانیان گەڕاندەوە بۆ 1400 لەمەوبەر. بە فەرمانی خومەینی پەلاماری ماڵی پەیڕەوانی ئایینی "بەهایی" درا و سەدان کەسیان بەبێ تاوان کوشت. خومەینی بۆ کوشتنی بەهاییەکان

ئامـاژەی بـەو کردەوەیـەی حـەزرەتـی محـەمـەد "س" دەکـرد کـە خـەڵکـی بـە زەبری شمشێر هێناوەتە سەر ئایینی ئیسلام!



لە گوگل وەرگیراوە

زۆر بـەپـەلـە "شـەریعـەتـی تـایبـەت بـە ویلایـەتـی فـەقێ" ڕوی ڕاستـەقینـەی پێشانـی خـەڵکدا و خومـەینـی فـەرمـانیدا "قـەڵـەمـەکان بشکێنن" و گـوتـی ئێمـە بۆ نـان و ئـازادیی شۆڕشمان نـەکردووە و شۆڕشی ئێمـە بۆ خـوا و ئـاخیرەتـە. خومـەینـی کـاتێک لـە فـەرەنسـە بـوو، لـە دوو وتـاری ڕۆژی 17 و 1357/7/29 (9 و 1978/10/21) دا دەربـارەی ئـازادیی ئـامـاژەی بـۆ محـەمـەد ڕەزاشـا و ڕژێمەکەی کرد و گوتی: **(بـە بـەردەوامیی بـاس لـە ئـازادیی دەکـەی. ئـایـا خـەڵک ئـازادیی قـەڵـەمـی هـەیـە؟ ئـازادیی بـەیـانـی هـەیـە؟ خـەڵک لـە کـوێ ئازادە کە تۆ باسی دەکەیت؟ ... لە بنەمادا دیموکراسی ئەوەیە کە خـەڵک ئـازاد بـن ... کـام ڕۆژنـامـە ئـازادە؟)**، بـەڵام دواتـر کـە هـاتـەوە ئێـران و دەسـەڵاتـی وڵاتـی گرتـەدەسـت، هـەر وەک "مـەسـعود نقرەکـار" لـە وتـاری "ئێـران کوشتـارگای بیرجیـاوازن" دا ئامـاژەی بـۆ دەکـات، خومـەینی ڕۆژی 1358/5/27 (1979/8/18) لە شاری "قوم" ڕایگەیاند:

**- ئەگەر ئێمە لە سەرەتادا قەڵەمی هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانمان بشکاندبایە و دەرگای هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە گەندەڵەکانمان دابخستبایە و حیزبە گەندەڵەکانمان یاساخ بکردبایە و سەرۆکی ئەو حیزبانەمان بەسزای خۆیان بگەیاندبایە و سێدارەمان لە گۆڕەپانە گەورەکاندا بۆ بچەقاندبان و گەندڵ و مفسدەکانمان لەناو ببردبا، ئەم کۆسپانە سەریان هەڵنەدەدا! من تۆبە دەکەم لەو هەڵەیەی کە کردووەمە!**

هەروەها خومەینی قەڵەمی بە پەڵەیەکی شەرمهێنەر ناوبرد و فەرمانیدا ئەو قەڵەمانە بشکێنن کە پەڵەیەکی شەرمهێنەرن لە مێژووی وڵاتەکەماندا و هەرگیز پاک نابنەوە. بەگوێرەی ئەو ڕێنوێنییانە بوو کە ئاژاوە سەریهەڵدا و ئازار و گرتن و کوشتن و تیرۆری بیرجیاوازان و گەلانی کورد، بلوچ، تورکمان، ئازەری و عەرەب دەستیپێکرد.

لەو کاتەدا "ئایەتوڵا سەید کازم شەریعەتمەداری"، مەرجەعی تەقلیدیی شیعەکانی ئازەربایجان و حیزبی خەلکی موسوڵمانی ئازەربایجان کە پەیڕەویی دەکرد لە بۆچوونەکانی ئایەتوڵا شەریعەتمەداری و هەروەها حەسەن کوڕی شەریعەتمەداری کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ئەو حیزبە، دژی بەندی 110ی دەستوری هەمیشەیی وەستان و بەشداریی ڕیفراندۆمی دەستوری هەمیشەییان نەکرد. ڕایانگەیاند کە سیستمی ویلایەتیان ناوێت و گوتیان لە دەستوری هەمیشەییدا چاوپۆشیی کراوە لە مافەکانی گەلی ئازەربایجان. لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەدا، پیاوانی ڕژێم ڕۆژی 1358/9/14(1979/12/5) لە قوم هێرشیان کردە سەرماڵی ئایەتوڵا شەریعەتمەداری و پاسەوانێکیان کوشت و ڕۆژی 1979/12/6 هەڕەشەیان لێکرد کە بێدەنگ بێت و دواتر لە تەوریز و ورمێ و مەراغە و شارە ئازەری نشینەکان هێرشیان کردە سەر ناوەند و بارەگاکانی حیزبی خەڵکی موسوڵمان و ژمارەیەکیان لێگرتن.

**پلانی حیزبی دیموکرات بۆ خومپارەبارانکردنی سەربازگەی ورمێ**

توندوتیژییەکانی خومەینی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی، تێکەڵاوبوون لەگەڵ هەڕەشەی توند بۆ سەر کوردستان و ئەو ڕەوتە خەڵکی شارەکانی کوردستانی بە تەواوی تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو. لەبەرئەوە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات هاوکات لەگەڵ هەڕەشەکانی خومەینی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر کوردستان، بڕیاریدا بۆ بەرز کردنەوەی ورەی خەڵک و کەم کردنەوەی گوشار لە سەر شاری مهاباد کە ناوەندی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بوو، پەلاماری سەربازگەی ورمێ بدات و شوێنە گرنگەکانی ئەو سەربازگەیە خۆمپارە باران بکات.

حیزبی دیموکرات بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پلانەی، کەڵکی لە مەلا حەسەنی شێوەسەڵی، ئەحمەدی جاویدفەر و کازم سەبزەچی و کۆمەڵێک پێشمەرگە وەرگرت. مەحمود ڕەحمەتپوور خەڵکی گوندی "نەڵۆسێ" کە پلەداری سەربازگەی ورمێ بوو و دواتر هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب و لە "کێلەشین" شەهید بوو، ڕێگە خۆشکەری جێبەجێکردنی ئەو پلانە بوو. جاویدفەر و کازم کە ئەندامی پێشوی سوپای ئێران بوون، لەگەڵ ڕەحمەتپوور و برادەرێکیتری خەڵکی مهاباد کە کاری بیناسازیی سەربازگەی ورمێی بەڕێوەدەبرد، چەند جارێک چوونە ناو سەربازگەی ورمێ و شوێنە گرنگەکانیان دەستنیشان کرد و ڕۆژی 1358/5/25 لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی ناوچەی ورمێ و شنۆ و سەردەشت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو عەمەلیاتە لە "بەندی" ورمێوە کە بە دەست پێشمەرگەکانی حیزبەوە بوو، بەرەو شوێنی دیارییکراو دەچن. هەژار و مەلا حەسەن و مەحمود ڕەحمەتپوور لە بەندی ورمێوە دەچن و خۆمپارەکە دادەمەزرێنن و چاوەڕوانی هاتنی کازم دەکەن کە بێت و گوللەکان بهاوێژێت، کەچی لە جیاتی کازم ژمارەیەکی زۆر پاسدار دەگەنە سەریان و لە نێوانیاندا تەقە دەست پێدەکات. لە سەرەتای تەقەکاندا جاویدفەر بە سوکی بریندار دەبێت و مەلا حەسەن و پێشمەرگەکان پاشەکشە دەکەن. بۆ زانیاریی پتر لەسەر خۆمپارە بارانکردنی سەربازگەی ورمێ ڕۆژی 2008/2/29 داوام لە

مەلا حەسەنی شێوەسەڵی کرد کە چۆنیەتی ئەو ڕووداوەم بۆ بگێڕێتەوە، مەلا حەسەن گوتی:

- (بەر لە ڕاگەیاندنی فتوا لە لایەن خومەینییەوە بەدژی گەلی کورد، دەفتەری سیاسی بڕیاریدا بۆ ئەوەی کە گوشاری سوپای ئێران لەسەر مهاباد کەم بکاتەوە، بە خۆمپارەی 120 میلیم لە سەربازگەی ورمێ بدات. بۆ ئەو مەبەستە ئەحمەد جاویدفەر و کازم سەبزەچی چەند جارێك چوونە ناو سەربازگەی ورمێ و شوێنە گرنگەکانیان دەستنیشانکرد. دوو سێ ڕۆژ پێش بڵاوبوونەوەی فتوای خومەینی، من و جاویدفەر و مەحمود ڕەحمەتپوور کە خۆی یەکێک بوو لە پلەدارەکانی سەربازگەی ورمێ و دواتر لە کێلەشین شەهید بوو، لەگەڵ عەلی شێخە خەڵکی شنۆ کە شۆفیری ئوتۆمبێلی هەڵگری خۆمپارەکە بوو، لە بەندی ورمێوە بە جادەی "کەمەربەندی"دا کە دەچووە سەربازگەی ورمێ هاتین و لەسەر پێشنیازی جاویدفەر خۆمپارەکەمان لەسەر جادەی کەمەربەندی لە پشت شەقامی زەنگەنە دامەزراند. 40 گوللەی خۆمپارەمان پێبوو کە بڕیاربوو لە ماوەی 6 - 10 خولەکدا هەموویان بە شوێنە دیارییکراوەکانەوە بنێین. چاوەڕوانی کازم بووین کە بێت و گوللەکان بهاوێژێت، بەڵام پاسدار بە ئوتۆمبێلی بارهەڵگر گەیشتنە سەرمان و لە نێوانماندا تەقە دەستیپێکرد. پڕیشکێک لە سەری جاویدفەر کەوت و برینداری کرد، بەڵام زیانی پێنەگەیاند. شەڕەکە توند بوو، من و عەلی شێخە خۆمپارەکەمان خستەوە ناو ئوتۆمبێلەکەمان و بەبێ ئەوەی کە گوللە خۆمپارەیەک بتەقێنین بە شەڕ پاشەکشەمان کرد و خۆمان گەیاندەوە بەندێ و نەمانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنین. مەلا خدری کانی زەردێ، سەید عەلی، مەولود قەرە و چەند پێشمەرگەیەکی ترمان لەگەڵ بوون).

## شەڕی پاوە و فەرمانی خەزای خومەینی دژی گەلی کورد

پێشتر لە بەشی **"دوو پلانی نوێی ڕژێم بۆ خامۆشکردنی دەنگی خەڵک"**دا، ئامازەم بۆ هێرشی دەستەی چۆماغداریی سەربە سالار جاف بۆ سەر خەڵکی پاوە کرد و گوتم سالار جاف زیانێکی زۆری گیانیی و ماڵیی بە دانیشتوانی پاوە و دەوروبەری گەیاند و ناکۆکیی نێوان عەشیرەتەکانی جاف و هەورامی قوڵتر کردەوە. هەروەها گوتم دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران سالار جاف بە فەرمانی سادق خەلخالی قازیی شەرعی دەستنیشانکراوی خومەینی، گوللەباران کرا.

دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، شاری پاوەش وەک شارەکانیتری ئێران لە لایەنگرانی شا و سەڵتەنەتخوازەکان پاککرایەوە و حکومەتی کاتیی بازرگان کەسێکی بە ناوی "زولفەقاری" لەگەڵ ژمارەیەک چەکدار بەناوی کۆمیتەی "شۆڕش" نارده پاوە تا دەسەڵاتی ئەو شارە بگرێنە دەست. زولفەقاری چەند کوردی خەڵکی پاوەشی بۆ هاوکاریی لەگەڵ چەکدارەکانی خۆی لە کۆمیتەی شۆڕشدا دامەزراند. کۆماری ئیسلامی ئێران جگە لە کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامیی پاسگایەکی ژاندارمەرییشی لە پاوە هەبوو. بە نوسینی مستەفا چەمران لە کتێبی "کوردستان"دا عەلی ئەسغەری وەسالی فەرماندەی پاسدارەکان و ستوان یوسفی فەرماندەی پاسگای ژاندارمەریی بوون. هەروەها کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پاوە بارەگای تایبەت بەخۆی هەبوو لەگەڵ لایەنگرانی ئەحمەدی مفتی زادە کە ئەوانیش شوێنێکیان هەبوو، پێیان دەگوت "مەدرەسەی قورئان". لەو ناوەدا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شاری پاوە لە نێوان کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامیی و کۆمیتەی حیزبی دیموکرات و مەدرەسەی قورئانی لایەنگرانی مفتی زاە پەیوەندیی هەبوو، بەڵام ئەو دوو لایانە بە نهێنیی دژایەتی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتیان دەکرد. لایەنگرانی مەدرەسەی قورئان لە بواری ئایینییەوە دژی حیزبی دیموکرات بوون و کۆمیتەی شۆڕش لە بواری دەسەڵاتی حکومەتییەوە ئەو دوو کۆمیتەیەی بە ڕەسمیی نەدەناسی! تەنانەت بەهۆی چەکدارە کوردەکان و بنەماڵەکانیانەوە دەنگۆی بڵاودەکردەوە کە ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی

دیموکراتی کوردستان لایەنگریی لە سەڵتەنەتخوازەکان و کەسانی دژی شۆڕش دەکەن و لەمپەر دەخەنە سەر ڕێگای ئێمە کە بیانگرین، لە کاتێکدا زولفەقاری بۆخۆی لە ژێرەوە بە نهێنی خەریکی گێرەشێوێنیی و ئاڵۆزکردنی دۆخەکە بوو.

ئەو کێشەیە و کێشەی دامەزراندنی شورا بۆ پاوە و دڕدۆنگیی عەشیرەتەکانی ناوچەکە پێکەوە دەستیان دابووە دەست یەکتر و دۆخەکەیان ئاڵۆز کردبوو. لەبەر ئەوە کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پاوە هەوڵدەدات کە هەڵگرتن و کڕین و فرۆشتنی چەک لە پاوە یاساخ بکات و لەم بارەیەوە بەیاننامەیەک بڵاودەکاتەوە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/5/1 (1980/7/23) دا بەشێکی ئەو بەیاننامەیەی چاپکردووە:

**- کەڵکوەرگرتنی نادروست لە ئازادیی ئەویش لەو هەلومەرجە ناسکەدا، زیانێکی مەزن بە شۆڕش دەگەیەنێت. ناوچەی هەورامان لە بواری ستراتیژییەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەبێ لە هەموو بوارەکاندا سەرنج بدرێتە گەشە کردنی شۆڕش و پارێزگاریی کردن لە دەستکەوتەکانی. هەروەها دەبێ بە تەواوی هەوڵبدرێت کە پلان و ئاژاوەکان پوچەڵ بکەینەوە. کۆمیتەی پاوە هەروەها ڕادەگەیەنێ: کڕین و فرۆشتنی چەک و هەڵگرتنی لە شوێنە گشتییەکاندا بەبێ سەرنجدان بە مەترسییەکانی حاڵەتێکی ئاسایی بەخۆیەوە گرتووە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە هیچ پێویست ناکات خەڵک چەک هەڵبگرن، لە هەلومەرجێکی وادا حیزب بەپێوستی دەزانێ کە داوا لە هەموو براکان بکات لە هەڵگرتنی چەک یان کڕین و فرۆشتنی لە شاری پاوە خۆ بپارێزن.**

ڕۆژنامەی کەیهان لە کۆتاییدا ئاماژەی بۆ بەشێکیتری بەیاننامەکەی حیزبی دیموکرات دەکات کە نوسییەتی: **حیزبی دیموکرات ژمارەیەک مەئمور دەکات کە نەهێڵن خەڵک بەچەکەوە بێنە ناو شاری پاوە.**

گومان لەوەدا نەبوو کە بەشێک لەو چەکانەی کە کۆمیتەی حیزب لە پاوە ئاماژەیان بۆ دەکات، بەهۆی پیاوانی ڕژێمی عێراق و پاشماوەکانی ڕژێمی ڕوخاوی پەهلەوی دەگەیشتە هەورامان کە لەوێ ئاژاوەی پێ بگێڕن. بەداخەوە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پلانەکەیان قۆستەوە

و لـه پاوه شـەڕیان هەڵگیرساند و لـه ئاکامـدا خومـەینی بـه دژی خـەڵکی کـورد فـەرمانـی خـەزای ڕاگەیانـد و فەرمانیـدا بەهـەموو هێـزەوه هێرشـی بکرێتە سەر پاوه. بەم جۆرە شـەڕێکی نـەخوازراوی بەسـەر خـەڵکی پاوه و ناوچەکـەدا سـەپاند. کۆماری ئیسلامی پـەرەی بـه شـەڕەکەدا، بـه جۆرێک شەڕ هەموو کوردستانی گرتـەوه و بۆ ماوەی سێ مانگ درێژەی هـەبوو. لـەو سـێ مانگـەی شـەڕدا ژمارەیـەکی زۆر لـه هێزەکـانی حکومـەت و خـەڵکی بێتاوان کوژران.

شەڕ ڕۆژی 1358/5/24 (1979/8/15) له ناوچەی پاوه سەریهەڵدا و ڕۆژی 1358/5/27 (1979/8/18) خومـەینی خـەزای ڕاگەیانـد و فـەرمانی بـه یەکەکانی ئاسمانیی، زەمینیی و ژاندارمەریی و سوپای پاسداران دا کە بە هەموو هێزیانەوه بۆ کوشتن و قەلاچۆ کردنی گەلی کورد بەرەو پاوه بچن. فـەرمانی خومـەینی بـەم شـێوەیەی خـوارەوه لـه ڕادیـۆ و تەلـەڤزیۆن و ڕۆژنامـەکانی ئیتلاعـات و کـەیهان بـه ژمـارەی تایبـەت لـه ڕۆژی شـەممە 1979/8/18دا بڵاوکرایەوه:

**فەرمانی ئیمام له پلەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران سەبارەت بە ڕووداوی پاوه - 1358/5/27**

**له گۆشە و کەناری ئێرانەوه گروپە جیاوازەکانی سوپا و سوپای پاسداران و خەڵکی بەغیرەت داوایان کردووه کە من فەرمان بدەم بەرەو پاوه بچن و کۆتایی بەو ئاژاوەیه بهێنن. من سوپاسیان دەکەم و بە حکومەت و سوپا و ژاندارمەری ڕادەگەیەنم کە ئەگەر تا بیست و چوار کاتژمێریتر بە تۆپ و تانـک و هێـزی چەکـدارەوه بـەرەو پـاوه نـەچن، هـەموویان بـه بـەرپرس دەزانم.**

**من لە پلەی سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکاندا بە سـەرۆکی ئـەرکانی سوپا ڕادەگەیەنم کە دەستبەجێ بەهەموو پێویستییەکەوه بچنە ناوچەکە و بەهـەموو سـەربازگەکانی سـوپا و ژاندارمـەری ڕادەگەیـەنم کـە بـەبێ ئـەوەی کـە چـاوەڕوانی فـەرمانێکیتر بـن، زۆر بەپەلـە و بـەبێ کـات بەفیرۆدان بەهەموو پێویستییەکەوه و پڕچـەک بچنـە پاوه، بـە حکومـەت فـەرمان دەدەم دەسـتبەجێ پێویسـتیی پاسدارەکان جێبـەجێ بکـات. تـا فـەرمانی دواتـر مـن هێـزە چەکـدارەکان بـە بەرپرسـی ئـەو کوشـتارە**

درندانەیە دەزانم و ئەگەر لە بەجێگەیاندنی ئەم فەرمانە کەمترخەمیی بکەن، ئەوا بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەم.
پەیتا پەیتا لە ناوچەکەوە ڕادەگەیەنن کە حکومەت و سوپا ئەرکی خۆیان بەجێناگەیەنن، ئەگەر تا بیست و چوار کاتژمێریتر کردەی پۆزەتیف نەکرێت، فەرماندەکانی باڵای سوپا و ژاندارمەری بە بەرپرس دەزانم

والسلام روح الله الموسوی الخمینی
**1358/5/27**

سایتی "ساجد، سایتی دفاعی مقدس"ی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربارەی شەڕی پاوە دەنوسێت: (ڕۆژی **1358/5/23** هێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێرشیان کردە سەر پاوە و شاریان گەمارۆ دا. بە ئاگری خۆمپارە جادەکانی شاریان بەست و گەمارۆیان تەنگتر کردەوە. سەرەڕای بەرگرییکردنی "دەسماڵ سورەکان"، هێزەکانی دژ بە شۆڕش پێشڕەوییان دەکرد و چەند جێیەکی شاریان داگیر کرد، ئەگەر درێژەیان بە پێشڕەویی بدایە، دەگەیشتنە شوێنەکانیتری کوردستان. لەبەرئەوە لەسەر داوای شەهید "عەلی ئەسغەری وەسالی"، ڕۆژی **1358/5/25** شەهید دوکتۆر مستەفا چەمران کە ئەو کاتە جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتیی بوو، لەگەڵ شەهید تیمسار فەلاحی فەرماندەی هێزەکانی زەمینیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەبو شەریف فەرماندەی عەمەلیاتی سوپا، بە هێلیکۆپتەر گەیشتنە پاوە. چونکە شەڕەکە شەڕی پارتیزانیی بوو، شەهید فەلاحی و ئەبو شەریف دوای چەند کاتژمێرێک گەڕانەوە بۆ کرماشان و هێزەکانی چەمران کە بە دەسماڵ سور دەناسران، درێژەیان بە شەڕی پارتیزانیی دا. ڕۆژی هەینی **1238/5/26** کە دوا هەینی مانگی ڕەمەزان و "ڕۆژی قودس" بوو، شەڕ بە بڕینی ئاو و کارەبا و کەمیی چەک و تەقەمەنی، قورسایی خستە سەر هێزە شۆڕشگێڕەکان و بە هۆی لاوازیی ئەو هێزانەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک هەموو شاری پاوە جگە لە پاسگای ژاندارمەری کەوتە دەست هێزەکانی دژی شۆڕش. بە داگیرکردنی شار خزانە ناو نەخۆشخانەی پاوەوە و ئاگریان تێبەردا و شاریان بە تەواویی خستە مەترسییەوە و چەند کەسێک کە مابوون، ئەوانیش لە مەترسی

گیراندا بوون لە بنکەی ژاندارمەریدا. لەو کاتەدا هێلیکۆپتەرێک لە کرماشانەوە تەقەمەنی بۆ هێزە گەمارۆ دراوەکان هێنا و لە کاتێکدا کە بە چەند بریندارێکەوە خەریکی گەڕانەوە بوو بۆ کرماشان، پەروانەکەی بەر چیا کەوت و لە ئاکامدا کەوتە خوارەوە و ئەوانەی لە ناویدابوون، تێکڕا شەهید بوون. ئەو مەسەلەیە بە تەواویی ورەی هێزەکانی ئێمەی دابەزاند و بە پێچەوانەوە ورەی هێزەکانی دژی شۆڕشی بەرزکردەوە. .... ڕۆژی 1358/5/27 لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فەرمانی ئیمام ... هێزە چەکدارەکانی سوپا گەیشتنە پاوە و شوێنە گرنگەکانی شار کەوتەوە دەست سوپای پاسداران. هێرشکەران خۆیان گەیاندە چیاکان و عەمەلیاتی پاکسازیی و ڕاونانی دوژمنانی شۆڕش دەستیپێکرد. لە 180 پاسداری نێردراو لە تاران و ئیسفەهانەوە پتر لە 150 کەسیان شەهید و بریندار بوون. شەهیدان دوکتۆر مستەفا چەمران، عەلی ئەسغەری وەسالی، ئیبراهیم هیمەت، محەمەد بروجردی، ناسر کازمی، حوسێن خەڕازی، ئابشناسان، عەلی سەیادی شیرازی و ژمارەیەکیتری ناسراو بە لەخۆبوردوویییەوە ئەو ناوچەیەی کۆماری ئیسلامییان پاککردەوە.).

بۆ زانیاریی پتری خوێنەرانی بەڕێز سەبارەت بە شەڕی پاوە داوام لە فەرەیدون میتران بەرپرسی ئەو کاتەی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پاوە کرد کە چۆنیەتی هەڵگیرسانی شەڕ لە پاوە بۆ خوێنەرانی بەڕێز پتر شیبکاتەوە. فەریدون میتران پێیڕاگەیاندم:

- (حکومەتی کاتیی بازرگان کەسێکی بە ناوی "زولفەقاری" نارده پاوە کە کۆمیتەی شۆڕش دابمەزرێنێت. بەرلە هاتنی زولفەقاری بۆ پاوە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات کۆمیتەی خۆیان هەبوو، لایەنگرانی مفتی زادەش "مەدرەسەی قورئان"یان دامەزراندبوو. هەموومان پێکەوە پەیوەندییمان هەبوو، بەڵام زولفەقاری بە نهێنی و لە ژێرەوە دژی ئێمە پیلانی دەگێڕا و بە هۆی کوردە چەکدارەکانی و بنەماڵە و لایەنگرەکانیانەوە دەنگۆی بڵاودەکردەوە کە کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لایەنگریی لە دژە شۆڕش دەکات، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئێمە ڕێکخەری هەموو خۆپێشاندانەکانی دژی ڕژێمی شا بووین. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، چوینە لای زولفەقاری و پێمانڕاگەیاند کە ئەگەر دەتانەوێت

کەسانی دژی شۆڕش بگرن، ئێمە ئامادەین یارمەتیتان بدەین! کەچی زولفەقاری ئامادە نەبوو دژی لایەنگرانی شا بەربەرکانی بکات و هەر ئەو مەسەلەیەش کێشەی نێوان ئێمە و زولفەقاریی قووڵترکردەوە. لەو کاتەدا هەر عەشیرەتێک بۆ خۆی گرووپی چەکداری هەبوو. ژمارەیەک لە عەشیرەتی "ئێناخی" لە "شەمشێر" پێشیان بە ئوتۆمبێلێکی کۆمیتەی شۆڕش گرتبوو کە من خۆم چووم، ئوتۆمبێلەکەم بۆ ڕزگارکردن، کەچی ئوتۆمبێلەکە بەهۆی هەڵەی شۆفێرەکەیەوە لە ڕێگەی شەمشێر بۆ پاوە وەرگەڕا و چەند پاوەییەکی چەکداری تێدا کوژرا کە سەر بە کۆمیتەی شۆڕش بوون. کۆمیتەی شۆڕش کوژرانی ئەوانەی خستە ئەستۆی حیزبی دیموکرات و گوتیان ئەوە کاری حیزبی دیموکراتە کە ئەو خەڵکەی کوشتووە و بەوەش دۆخەکە پتر ئاڵۆز بوو. پێش ڕوخانی ڕژێمی شا، سالار جاف ژمارەیەک لایەنگری خۆی لە "ڕوانسەر" و "جوانرۆ" و گوندەکانی دەوروبەرەوە هێنابوو کە خەڵکی ڕاپەڕیوی پاوەیان پێ سەرکوت بکات، ژمارەیەکی زۆریان لێکوژرا و لە خەڵکی پاوەش چەند کەسێک کوژران. ئەو مەسەلەیە پەرەی بە ناکۆکیی عەشیرەتەکان دابوو. جگە لەوە لە ڕووداوی گرتنی ژاندارمەریی شاری پاوەشدا کەسێک کوژرا کە جاف بوو. کاتی پێکهێنانی شورا بۆ پاوە، ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشانە، داوامان کرد کە لە خەڵکی پاوە و ناوچەکە شورا پێکبهێنرێت، بەڵام مەکتەبی قورئان و کۆمیتەی زولفەقاری، دژی ئەو بۆچوونەی ئێمە بوون. لەبەرئەوە ئێمە پاوەمان بەجێهێشت و چووینە "قوری قەلا" و لەوێ شورایەکی ناوچەمان پێکهێنا و لەسەر داوای خەڵکەکە من بووم بە سەرۆکی ئەو شورایە. حکومەت لەجیاتی ئەوەی کە سەرنج بداتە داخوازیی ئێمە کە یارمەتی دەکرد بە کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان، هێزی کۆماندۆ و پاسداری لە مەریوانەوە بە هێلیکۆپتەر هێنایە پاوە. لە بەرامبەردا شورای ناوچەی پاوە بڕیاریدا دژی ئەو ئاژاوەگێڕییە، مانبگرێت و بەم مەبەستە ڕاگەیاندراوێکمان بڵاوکردەوە و داوای چارەسەر کردنی کێشەکەمان کرد. حکومەت "حاجی ئاخوند" ئیمام جومعەی کرماشان و محەمەد سپیهری پوور پارێزگاری کرماشان و سەرهەنگ کەریمی فەرماندەی هەنگی ژاندارمەریی پارێزگای کرماشانی نارده لامان. بەرلەوەی کە ئەوان بێن،

مـن لـه مهابـاد بـووم و لـه لایـەن حیزبـەوە پێیانڕاگەیانـدم بـە پەلـە بگەڕێمـەوە و لـە سنەش "ڕەحیم بەغـدادی" لەگـەڵ خـۆم ببـەم. لەگـەڵ ڕەحـیم بەغـدادی و ئەنـدامانی شـورای ناوچـە لەگـەڵ حـاجی ئاخونـد و هاوڕێیـانی کۆبووینـەوە و وتووێژمـان کـرد. داواکارییـەکانی ئێمـەیان سـەلماند و گوتیـان دەگەڕێینـەوە کرماشـان و وەڵامتـان بـۆ دەنێرینـەوە، کەچی حکومـەت فڕۆکـە و هێلیکۆپتـەری نـاردە سـەرمان کـە مـانۆر بـدەن. دوای ئەو هەڵوێستەی ڕژێم پێشمەرگەکانی حیزب بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە، لە بەرەی "دوری سان" واتە جادەی شەمشێر بۆ پاوە و بـەرەی "نوریـاو" جـادەی "نـەوسـود" بـۆ پـاوە، شـاری پاوەیـان لـە گـەمارۆ خست. "مسـتەفا ئێنـاخی" فەرمانـدەی پێشـمەرگەکانی بـەرەی دوری سـان و "حـەمەسـەعید کاڵکـاڵ"، فەرمانـدەی پێشـمەرگە "نۆدشـە"ییەکانی بـەرەی نوریاو بوو. بە پێچەوانەی ویستی ئێمە، حکومەت ئامادە نەبوو کێشەکان بـە ڕێگـەی ئاشـتیی و وتـووێژ چارەسـەر بکـات، لـە ئەنجامـدا ناوچـەی پێشـمەرگەکانی تۆپبـاران کـرد. ئـەوە لـە کاتێکـدا بـوو کـە ئێمـە تـەنیا خۆمپارەیەکی شەست میلیم و شەش حـەوت گوللـەی خۆمپارەمـان هـەبوو. خۆمپارەکەمان بە "تۆپەکـەی خاڵـە یـارە" نـاوبـانگی دەرکردبـوو. شـایانی باسە کە خاڵە یارە چەکدارێکی ئازای کوردی ناوچەکە بـوو کـە دواتـر بـۆ ماوەیەک چەکی بۆ عێراق هەڵگرت و گەڕایەوە پاوە و کۆماری ئیسلامی لە ناو شاری پاوەدا لە سێدارەیدا.

دوای ئەوە شەڕ توند بوو، مستەفا چەمران لە نێوان "نوریاو" و پـاوە لـە پاسگای ژاندارمـەریی دا لـە گـەمارۆی پێشـمەرگەکاندا بـوو. نـاوبراو بـە جلوبـەرگی سپییەوە لـە پاسـگاکە دێتـەدەر و داوای دە خولـەک مۆڵـەت دەکات کە خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام لەو ماوەیەدا هێزی یاریدەدەری پێدەگات و پەشیمان دەبێتەوە، یان بەو کارەی پێشمەرگەکانی فریودا کە تا گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر هێرش نەکـەن. دوای ئـەوە پێشـمەرگەکان هێرشیان کردە سەر پاوە و نەخۆشخانەی پاوەیان گرت و لـەوێ کەسێکیان بـە نـاوی "غـەنی باباخـاس" کوشـت کـە براکـەی جـاش بـوو. حکومـەت ڕایگەیاند کە پێشمەرگەکان نەخۆشـخانەی پاوەیـان سوتاندووە و "غـەنی باباخاس"یان سەربڕیوە. ژمارەیەک لە خەڵکی پاوە لەترسی ئـەوەی کـە

نەکات جارێکیتریش عەشیرەتە نامۆکان هێرش بکەنەوە و ماڵەکانیان تالان بکەن، پشتی حکومەتیان گرت. لەو شەڕەدا فڕۆکەیەکی فانتۆم خرایە خوارەوە و هێلیکۆپتەرێکیش خۆی لە چیای شاهۆ دا و کەوتەخوارەوە. بە داخەوە مستەفا ئێناخی فەرماندەی پێشمەرگەکانی بەرەی دوری سان و چەند پێشمەرگەیەکیتر لەو شەڕەدا شەهید بوون. پاوە لە بواری ستراتژییەوە بایەخی بۆ حکومەت هەبوو، لەبەرئەوە خومەینی فەرمانی خەزای ڕاگەیاند. سوپا، ژاندارمە، پاسدار و موجاهیدی خومەینی لە تاران و ئیسفەهان و کرماشان و شارەکانیتری ئێرانەوە ڕژانە پاوە و حکومەت خۆی گرتەوە و بەبێ ئەوەی کە گوللەیەک بتەقێنن، خەڵکەکە بەکۆمەڵ ڕایانکردە ناوچەی هەڵەبجە. ئیتر چەکدارە جاشەکانی سەربە کۆمیتەی شۆڕش لە هەل کەڵکیان وەرگرت و هێرشیان کردە سەر ئەندامانی حیزبی دیموکرات و "حەمەعەلی نەقشبەندی" و "جافر عەزیزی"و "ڕەعنا" خانی دایکی جافری عەزیزییان شەهید کرد. من و باوکم واتە "نەقی میتران" لەگەڵ حەکیم ڕەزایی، عەبدوڵا بەهرامی، خەسرەو بەهرامی، سەید ڕەزا درودگەر، هادی حوسێنی، حەمەخان مرۆتی، موزەفەر میتران ماینەوە. جگەلە باوکم ئەوانیتر ئەندامی کۆمیتەی حیزب بووین. ئێمەش بۆ ئاوایی " لۆنی سادات " لە "بێڵەوار" لە ناوچەی کامیاران پاشەکشەمان کردو لەوێوە بە "ژاوەرۆ"دا چووینە گوندی "سورەتوو"، لەوێ میوانی شێخ زاهدی نەقشبەندی بووین. لە سورەتووەوە بە سواری "مینیبوسێک" چووینە بانە و بە یارمەتی "عوسمانی ئەسراری" خۆمان گەیاندە سەردەشت. ڕەحیم بەغدادی لە ئاوایی لۆنی سادات لە ئێمە جیابووەوە و پەنای بۆ شارەکانی ئێران برد و دوای شەڕی سێ مانگە گەڕایەوە لای حیزب. هەروەها دواتر ئاگادار بووین کە حکومەتی بەعسی عێراقیش پارە و چەکی داوە بە چەند کەسێک کە ناوچەکە پتر ئاڵۆز بکەن).

بەهەرحاڵ هەر وەک لە سایتی "ساجد"دا هاتووە، هێزەکانی ئێران لە ڕۆژی 1358/5/28وە دەست دەکەن بە پاکسازیی ناوچەکە. لەو پاکسازییەدا "حەمەعەلی نەقشبەندی" و "جافر عەزیزی" و "ڕەعنا" خانی دایکی جافری عەزیزی، یونس کەریم زادە، عیماد ناسری، محەمەد

زەردوویی، عەبدولکەریم نوریاوی، ئەفراسیاب بەگی ڕەوایی و عەبدولوەهابی موبارک شاهی دەگرن و بەبێ دادگایی کردن شەهیدیان دەکەن و تەنانەت ناوەکانیشیان ڕاناگەیەنن .

بە پێی نوسینی ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات لە ڕۆژی 1358/5/30دا، سادق خەلخالی حاکم و قازی شەرعی دەسنیشانکراوی خومەینی دەگاتە کرماشان و کاتژمێری چواری بەیانی ڕۆژی 1358/5/28 یازدە کەس لە حەوشەی زیندانی "دزیل ئاباد"ی کرماشان بەبێ موحاکەمە گوللەباران دەکات. ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/5/28 دا، ناوی گوللەباران کراوەکانی "دزیلْ ئاباد"یان بڵاوکردەوە کە بریتین لە: عەبدوڵا نوری، هوشەنگ عەزیزی، محەمەد مەحمودی، یەدوڵا مەحمودی، حوسێن شیانی، هۆرموز گەرجی بەیانی، موزەفەر فەتاحی، محەمەد عیزەتی، محەمەد عەزیزی، ئازەرنوش مەهدویان، ئەسغەر بەهبودی. شایانی باسە کە ئەو یازدە کەسە خەڵکی پاوە و ناوچەی پاوە بوون.

خەلخالی بەدوای کوشتنی ئەو ژمارەیەدا، ڕۆژی 1358/5/29 دەگاتە پاوە و بە نوسینی ڕۆژنامەکانی ئیتلاعات و "جمهوری اسلامی" لە ڕۆژی 1358/5/30 و ڕۆژی 1358/6/1دا لەوێش ئەم نۆ کەسانە گوللەباران دەکات: بەهمەن عیزەتی، دوکتۆر ئەبولقاسم ڕشوەند سەرداری، حامید ئەمینی، عەباس کەریمی، یەدوڵا زارعی، محەمەد حەیدەری، عەلی شهباز بەگی شیرین، حەبیب چراغی و سەیفەدین زیایی. شایانی باسە بە وتەی سادق خەلخالی، عەباس کەریمی، یەدوڵا زارعی و عەلی شهباز بەگی شیرین خەڵکی ڕەوانسەر بوون.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرلە بڵاوبوونەوەی فتوای خومەینی بە دژی خەڵکی کورد، سەرەڕای ناردنی ڕەحیم بەغدادی بۆ پاوە، ڕۆژی 1358/5/26 شەش پێشمەرگە لەگەڵ "ئەسکەندەر شەمشیریی" لە مهابادەوە دەنێرێتە لای ڕەحیم بەغدادی کە بەشداریی شەڕەکە بکەن. ئەو پێشمەرگانە لە لایەن دوکتۆر قاسملووەوە ڕەوانەکران و ناوەکانیان بریتی بوو لە: ئەمیر نیزامی، سەلاح ئەحمەد پوور، ڕەسوڵ ئەولام، مەلا قادر پێشنماز، کەمال ڕەزمان و بازید نەبەردی. ئەو

پێشمەرگانە لە ناوچەی "باینگان" لەگەڵ "یارئەحمەد ئێناخی" دەکەون، بەڵام بەهۆی ماوەی کورتی شەڕەکە، فریای شەڕ ناکەون و ناچار دەبن بەرەو "باینگان" پاشەکەشە بکەن و لەوێوە دەچنە لای پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی عێراق لە "بەلبزان" و دوای تێپەڕبوونی نزیکەی بیست ڕۆژ لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی گەڕانەوە "تۆژەڵ"، چەند ڕۆژ لەوێ مانەوە و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات ڕەوانەی مهابادی کردنەوە.

هەروەها حیزبی دیموکرات ڕۆژی 1358/5/27، نزیکەی 200 پێشمەرگەی بە سەرۆکایەتی مەلا ڕەسوڵ پێشنماز و برایمی سۆفی مەحمود "مەلا محەمەد جوانڕۆ" لە مهابادەوە ڕەوانەی هەورامان کرد کە بچن یارمەتی پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی پاوە بکەن، کەچی ئەوانیش هێشتا لە گوندی "دووڕو"ی شێخ عوسمان لە ناوچەی مەریوان بوون کە سوپای ئێران شاری سنەشی گرتەوە و بەرەو سەقز بەڕێکەوت. لەبەر ئەوە، برایمی سۆفی مەحمود نامەیەک بۆ دوکتۆر قاسملوو دەنوسێت و لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ پێشنماز بڕیار دەدەن نەچنە پاوە و بەو هێزە پێشمەرگەیە بچن لە سەربازگەی مەریوان بدەن، کەچی ئەو پلانەشیان سەرناگرێت و لەسەر لێدانی سەربازگەی سەقز ساخ دەبنەوە و بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێنەوە سەقز. ڕۆژی 1358/5/28 مەلا ڕەسوڵ لە سەقزەوە بە نامەیەک دوکتۆر قاسملوو لە بڕیارەکەیان ئاگادار دەکاتەوە. کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە وەڵامی نامەی مەلا ڕەسوڵدا، نامەیەک بە ئیمزای دوکتۆر قاسملوو بۆ مەلا ڕەسوڵ دەنێرێت و ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەگەر لە سەربازگەی سەقزیان نەداوە، لێی مەدەن و بە هێزەکەیانەوە بگەڕێنەوە مهاباد.

نامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بۆ مەلا ڕەسوڵ بەم جۆرەیە:

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران)**
**کۆمیتەی ناوەندی 1358/5/29**
**برای بەڕێز مەلا ڕەسوڵ**

**وێڕای سڵاو. نامەکەت کە بۆ دوکتۆرت نوسیبو گەیشت، بە گوێرەی نامەی کاک مەلا محەمەد کە پاش نیوەڕۆی ئەورۆ بە ئێمە گەیشتوە، ئێمە**

**چــاوەڕوان بــوین ئەوشــو لــە مــەریوان بــدەن کــەچی نامــەیتر هــات و دەردەکەوێ لەسەر سەقز ساخ بونەوە، ئێمە حەز ناکەین هجومی سەر پادگانی سەقز بکری، ئی جییەکانی تر کە نوسیوتە تەگبیریان بۆ کراوە و هەر ئەوشو هیوادارین کاریان یەکسەرە بکری. ئەگەر لیتان نەداوە لیی مەدەن و بە هیزەکەتانەوە بگرینەوە بۆ مهاباد.**

**ع- قاسملوو سەعاتی نیوی بەیانی**

هــەروەها کۆمیتــەی ناوەنــدیی حیزبــی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێــران ســەبارەت بــە شــەڕی پــاوە ڕۆژی 1358/5/28، نامەیــەکی ســەرئاواڵەی ئاڕاســتەی ســەرۆکی ژمارەیــەک دەوڵــەت و ڕێکخــراوی سۆسیالیســت و دیمـوکرات و ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان کـرد. مـن ئـەم نامەیـەم لـە لاپــەڕەی 208-211 ی کتێبــی "پــەنجا ســاڵ خــەبات" ی جــەلیل گــادانی وەرگرتووە کە ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرەیە:

**نامەی سەرئاواڵەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێـران لــە 1358/5/28 بـۆ یاسـر عــەرەفات و ڕێکخــراوی ڕزگاریکــەری فەلەســتین، موعەمــەر قــەزافی ســەرۆککۆماری لیبیــا، پاپــا ڕێبــەری کاتولیکەکانی جیهان، بریژنێڤ سەرۆککۆماری یەکیەتی سۆڤیەت، ژیسکار دیستان سەرۆککۆماری فەرەنسە، جۆرج تیتۆ سەرۆککۆماری یوگۆسلاڤیا، فیدل کاسترۆ سەرۆککۆماری کوبا، عەبدولفتاح ئیسماعیل سەرۆککۆماری یەمــەنی دیمــوکراتی، ڕێکخــراوی نەتەوەیــەکگرتووەکان، فیدراســیۆنی ســەندیکای جیهــانیی کرێکــاران، ئینتەرناســۆناڵی دووەم، ڕێکخــراوی نەتەوەیی یاسادانانی دیموکرات، خاچی سوری نێونەتەوەیی، ڕێکخراوی لێبوردنی زیندانیانی سیاسی "ئامنێستی ئینتەرناشناڵ"، یۆنیسکۆ، حیزبی کۆمونیستی فەرەنسە، حیزبی کۆمونیستی ئیتالیا، حیزبی سۆسیالیستی سوید، حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسە، حیزبی سۆسیالیستی نەرویژ و سەرۆککۆماری فینلاند!**

**لەگەڵ سلاو! بە سرنجدان بەو وەزعە ئاڵۆزەی کە ئێستا لە کوردستانی ئێران پیکهاتووە، بەپێویستمان زانی ڕەوتی ڕووداوەکانتان بە ئاگادار بگەیەنین. ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ڕوونکردنەوەی بیروڕای گشتیی جیهان پێویستییەکی مێژووییە و بۆ حەللی گیروگرفتەکانی ئەو ناوچەیە**

زۆر بەکەڵک دەبێ. ئاگادارن کە گەلی کورد شانبەشانی هەموو گەلانی ئێران لە سەرەتای جوڵانەوەی خەڵکی ئێران بەرامبەر شای دیکتاتۆر، هەنگاوی ناوەتە مەیدانی خەباتەوە و لەو ڕێگایەدا لە بەخشینی گیان و ماڵ و خوێن و فیداکاریی ڕۆڵەکانی خۆی نەپاراستووە. لەبەر ئەوەی گەلی کورد هیوادار بوو بە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر، بە مافەکانی ڕەوای نیشتمانی و مرۆڤایەتیی خۆی بگا. دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی بنەماڵەی پەهلەوی، گەلی ئێمە بە هیوادارییەکی زۆر ویستەکانی نیشتمانیی خۆی سەبارەت بە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانی یەکگرتوو و یەکپارچەدا لەگەڵ ڕێبەری شۆڕش ئیمام خومەینی و دەوڵەتی کاتیی کۆماری ئیسلامی باسکرد. ئێمە ئەوجار بۆ حەللی مەسەلەی کورد ڕێگاحەللی سیاسیمان هەڵبژارد و ڕێگای نیزامیمان وەلانا کە شێوەی کۆنی خەباتی خەڵکی کوردستانە بۆ وەدەستهێنانی مافە نیشتمانییەکانی. کاروبارەکان بەدانی بەڵێنی دڵخۆشکەر تێپەڕ بوو. دەوڵەتی کاتی بە بەهانەی کاتی بوونی خۆی هەنگاوێکی جیددی هەڵنەگرت و ڕێبەری شۆڕش بەڵێنیدا کە لە بڕیارنامەی یاسای بنەڕەتی بە مافی گەلانی غەیرە فارسی ئێڕان ڕابگا. لەو ماوەیەدا بۆ هێنانە ژێر سێبەری گیروگرفتی بنەڕەتی و خافلاندنی بیروڕای گشتیی ئێران، بە مەسەلەکانی لاوەکی پیلانێکی زۆر پێکهات، لە سنە، نەغەدە، تورکمان سەحرا "گنبدکاوس"، خورەم شار، مەریوان و جێگاکانیتر هێندێک پیلان بەڕێوە چوو کە بوو بەهۆی کوژرانی هەزاران کەس لە خەڵکی گەلانی زەجردیتووی کورد و تورکمان و عەرەب و بلوچ.

ڕێبەری شۆڕش و دەوڵەت بە قایمکردنی جێگای خۆیان وردە وردە ئازاییە دیموکراتییەکانیان بەرتەسک کردو دەستیان کرد بە سەرکوتی گەلانی ئێران. لە خوزستان خەڵکێک کە بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای خۆیان ڕاست ببوونەوە، تیرباران کران. تورکمانەکانیان سەرکوت کرد و ئێستا هەرئەو نەقشانە بە هێزێکی هەرچی زیاتر و پڕچەک کردنی هەموو هێزەکانی ئەرتەش و ژاندارمەری و پاسداران لە کوردستان بەڕێوە دەبەن، ئێستا لە کوردستاندا شەڕێکی تەواوعەیار بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی ئاسمانیی مۆدێرن، هێزی زەوی و تانک و تۆپخانە دەستی پێکردووە.

خولاسەی کەلام دیموکراسی جارێکی دیکەش لە ئێران سەرکوت کرا. ڕاگەیەنە گشتییەکان بەتوندی سانسۆر لەسەریان بەڕێوە دەچێ. قەڵەمەکان شکان، یاسای بنەڕەتیی داسەپاو هیچکام لە مافەکانی گەلانی وەخۆ نەگرتووە. سازمانە دیموکراتییەکان کەوتوونەتە بەرپەلاماری تاقمە دەمارگرژەکان و ڕووناکبیران و پیاوان و شێرە ژنان کەوتوونەتە ژێر جەزرەبە و ئازارەوە. دۆزینێ بیروڕا دەستی پێکردووە. ئیمام خومەینی فەرمانی شکاندنی قەڵەم و سوتاندنی کتێبەکان و چاپەمەنییە دیموکراتییەکان لە ڕایگای ڕاگەیەنە گشتییەکان هەموو ڕۆژی دووپات دەکاتەوە و وردە وردە دیکتاتۆریی ڕەشی مەزهەبی بەشێوەی سەدەکانی ناوەندی لە ئێراندا بڵاودەبێتەوە.

لە حاڵی حازردا بەرنامەی دەوڵەت و ڕێبەرایەتیی ئیمام خومەینی بۆ کوردستان کە بە سەنگەری ئازادی و دیموکراسیی ئێران نێوبانگی دەرکردووە، سەرکوتی هەموو هێزە سیاسییەکان و دووپات کردنەوەی بەرنامەکانی محەمەد ڕەزاشا و بابیەتی بە توند و تیژییەکی زیاترەوە. ئیمام لە ڕاستیدا بەرامبەر بە هەموو میللەتی کورد جیهادی ڕاگەیاندووە. هاواری دەمارگرژەکانی شیعە بۆ قەتڵ و عامی گەلی کورد لە ڕادیۆ و تلویزیۆنەوە بەرزە. خراپترین بوختان بۆ ڕێبەری مەزهەبی و سیاسی ئێمە بە ڕەوا دەزانێ. ڕوونە کە ئەو چارەنووسە هی تەواوی گەلانی غەیری فارسی ئێرانە کە بە هۆی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگانەی قەومی سەردەستی فارس، ئەوجار لە دەریچەی دەمارگرژیی مەزهەبییەوە بەڕێوە دەچێ. ئەوەی ئەوڕۆ لە کوردستان ڕوو دەدات، بەرنامەیەکی ڕێکوپێکە بۆ لەنێوبردنی گەلی کورد، هەر ئەو بەرنامەیە لە بەشکەکانیتری ئێران کە میللەتی ژێردەستی دیکەی تێدا دەژی، دوای کوردستان بەڕێوە دەچێ.

پروپاگەندەیەکی بەربڵاو لەنێو ئەرتەشیان و موجاهید و پاسداران بۆ بە کافر ژماردنی گەلی کورد دەکرێ. لە ئیمام دەگێڕنەوە کە گوتویەتی کوردستان لە پێشەوەی شەیتان و کافراندایە، وەختێک ئیمام خومەینی فەرمانێکی ئەوتۆ دەردەکا، پێتانوانیە کە موجاهید یا سەرباز یا پاسداری ناردراو نابێتە هەمان سەربازی "مەغول، ئاتیلا یا ئێس ئێسەکانی ئاڵمان" بەڵێ لە حاڵی حازردا مەسەلەی لەنێوبردنی یەکپارچەیی گەلی

کـورد لــە کوردســتانی ئێرانــدا، بووەتــە ئامــانجی دامودەزگــای کۆمــاری ئیسلامی ئێران.

ئێمــە لــە ئێــوە و بیــروڕای گشــتی و هــەموو ئــەو کەسانەی ئیمانیــان بــە ئــازادی و دیموکراســی هەیــە، داوا دەکــەین کــە هــەموو هێــزی خۆتــان بــۆ پێشگیری لــەو چارەنووســە شــوومەی کــە چاوەڕوانــی گــەلانی کــورد، بلــوچ، عەرەب و تورکمان و ئازەربایجانییە، دنگی ڕەخنەی خۆتــان بــەرز کــەن و مــەهێڵن سیاســەتی زەوی ســوتاو و لــەنێوچوونی بەکۆمــەڵی ئــەو گەلانــە دووپات بێتەوە.

گەلی کوردبۆ وەدەستهێنانی مافی ئینسانــی و ڕەوای خۆی خــەبات دەکا و لەو ڕێگایەدا تووشی هیچ شکوگومانێک نابێ. ئێمە هەمیشە گوتوومانە بۆ جاری ئاخر دووپاتی دەکەینەوە کە ئامانجی ئێمە لەتکردنی ئێران نییە، ئێمــە ئێــرانین و مــاف و دەســەلاتی خۆمــان لــە چوارچێــوەی ئێرانێکــی یەکپارچە و دیموکراتیدا دەوێ. تۆمەت لێدانی جیاوازیخوازی و بوختــانی کافربوون، ئامرازی کۆنەپەرستیی ڕەش و مەزهەبییە کــە بۆ حەشاردانی ڕاستییەکان بەکار دەهێنرێ. هاوکــاریی گــەلی کــورد بکــەن بــە یارمــەتیی مــاددی و مەعنــەویی خۆتــان و بــە دەنگــی ڕەخنــە و لــەژێر فشــارنانی دامودەزگای ڕێبەری و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی پێشگیری لە لەنێوبردنی گەلی کورد و قەتڵ و عامی ژنــان و منــدالان و بەســاڵداچووانی ئــەو وڵاتــە بکەن.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

**28 ی گەلاوێژی 1358**

## به فەرمانی خومەینی شەڕ پەرەدەستێنێت و لە پاوەوە تەشەنە دەکات بۆ سنە

زۆر بە پەلە بۆ گەلی کورد و ڕای گشتیی ئێران و جیهان دەرکەوت کە مەبەستی خومەینی لە فەرمانە خەزا بۆسەر پاوە، خنکاندنی دەنگی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران و بە تایبەتی گەلی کورد بوو، نەک پاککردنەوەی پاوە لە کەسانی تێگەدەر کە دانیشتوانی وەک هەموو شوێنەکانیتری ئێران ڕۆڵیان هەبوو لە ڕوخاندنی ڕژێمی کۆنەپەرستی پەهلەویدا. خومەینی بەگوێرەی پلانێک کە پێشتر داڕێژرابوو، نەیهێشت هێزەکانی سوپا و ژاندارمەریی و سوپای پاسداران و موجاهیدە گۆپاڵ بەدەستەکانی دوای گرتنی شاری پاوە، بگەڕێنەوە شوێنەکانیان. ڕۆژی 1358/5/28 (1979/8/19) کە تەنیا یەک ڕۆژ بەسەر فەرمانی یەکەمیدا تێپەڕ ببوو، دووەم فەرمانی خۆی سەبارەت بە هێرشکردنی ئەو هێزانە و هێزی زیاتر بۆ سەر سنە و سەرکوتکردنی خەڵکی ئەو شارە بڵاوکردەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە خەڵکی سنە هێشتا برینی شەڕی نەورۆزی ئەو ساڵەیان پێوە دیاربوو و لە ماتەمی ڕۆڵەکانیاندا دەسوتان. بە هەر حاڵ ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی 1358/5/29 فەرمانی خومەینی سەبارەت بە کۆکردنەوەی هێز و پەلاماردانی سنە بڵاوکردەوە کە ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرە بوو:

**ڕاگەیاندن 1358/5/28**

**زۆر بە پەلە بچنە سنە**

**هەموو هێزە چەکدارەکان سەرنج بدەنە ئەم فەرمانە**

**هەر ئێستا ئاگادارکراین کە لە سنە، ئەندامانی سوپا و بنکەکانیان گەمارۆدراون و ئەگەر تا نیو کاتژمێری تر یارمەتیان پێنەگات، چەکەکانیان دەبەن. لە مزگەوتەوە ئاگاداریان کردین کە حیزبی دیموکرات ئافرەتەکانی بە بارمتە گرتووە. بە جیددیی فەرمان دەدەم بە هەموو هێزەکانی پاراستن کە بە سەربازگەکانی ناوەند ڕابگەیەنن کە بە ڕادەی پێویست بەرەو سنە بچن و زۆر بە توندیی خراپکاران سەرکوتبکەن. دواکەوتن تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەی کاتژمێرێکیش بێ، وەک دواکەوتن لە**

**ئەرک حسابی بۆ دەکرێ و لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکرێت. لە میللەتی ئێرانم دەوێ کە ئاگادار بن ئەگەر هەرکام لە مەئمورەکان دواکەوتن، دەستبەجێ ئاگادارمان بکەنەوە. چاوەڕوانم تا نیو کاتژمێریتر هێزەکانی پاراستن هەواڵی کۆکردنەوەی گشتیی بەمن بدەن.**

والسلام روح الله موسوی الخمینی

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو فەرمانەی خومەینی، یەکەکانی سوپا، ژاندارمەریی، سوپای پاسداران، موجاهیدەکانی شۆڕشی ئیسلامیی، خوێندکارانی موسوڵمانی پەیڕەوی خەتی ئیمام و ژمارەیەکی زۆر موسوڵمانی شیعەی توندڕەو لە هەموو ئێرانەوە بەرەو سنە کەوتنەڕێ. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات ڕۆژی 28 و 1358/5/29 (19 و 1979/8/20) نوسییان کە ئاژاوە لە پاوە کۆتایی پێهات و شەش پاسدار و پتر لە 300 تێگدەر کوژران کە ئەوە هەواڵێکی تەواو ناڕاست بوو.


امام: ارتش، فوری به سنندج برو

کیهان
فوق العاده

تهران امروز گریست

حمله حزب دموکرات کردستان به سنندج

مردم سنندج از شهر دسته دسته میگریزند

سنندج، زیر رگبار مسلسل

به نیروی هوایی دستور داده شد در عملیات خودسعی کند به زن و بچه‌ها آسیبی نرسد

خلخالی برای محاکمه اشرار به کردستان رفت

مهاجمان ۳۰ سرنشین اتوبوس را در جاده بوکان گروگان گرفتند

ژاندارمری بحال آماده باش درآمد

بیشتر خیابانها و پشت بامهای سنندج سنگربندی شده است

آذربایجانی‌ها آماده سرکوبی شورشیان شدید

مهاجمان کنترل نقاط حساس را بدست گرفتند

حزب دمو... کرد... غیرقا... اعلا...

ایجاد جنگ مسلحانه وحمله به پادگانهای نظامی

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دووەم فەرمانی خومەینی، ئایەتوڵا "ئازەریی قومی" دادوەری گشتی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی 1358/5/29، بیست و دوو ڕۆژنامەیتری یاساخ کرد کە هەواڵی کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی کورد و گوللەباران کراوەکان لە لایەن سادق خەلخالی بە ڕای گشتیی ئێران و جیهان نەگەیەنن و باس لە ئاشتیی و ئازادیی نەکەن، تا هێزە

چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی بتوانن پلانەکانیان لە بێدەنگیدا جێبەجێ بکەن. ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعاتی ڕۆژی 1358/5/29 لە دەمی هەواڵنێری فەرەنسەوە بڵاویانکردەوە کە کوردەکانی دانیشتوی سوید و ئەڵمان دژی فەرمانی خومەینی و هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر خەڵکی کوردستان، لە پێش سەفارەتخانەکانی ئێران لە سوید و ئەڵمانیا مانیان گرتووە. هەروەها ڕایانگەیاند فڕۆکەکان بەسەر شاری سنەدا دەفڕن و "دیواری سەوتی" دەشکێنن و سنورەکانیان بەسەر دژە شۆڕشەکان داخستووە. هەر لەو کاتەدا خومەینی ڕایگەیاند کە سەرکردە خایینەکان بگرن. ڕۆژی 1238/5/31 ئایەتولا ئازەری قومی دادوەری گشتی ئێران فەرمانی دەستگیرکردنی شێخ عیزەدین حوسێنی، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر هیدایەتولا مەتین دەفتەری سەرۆکی "بەرەی دیموکراتیی نەتەوەیی ئێران" و نەوەی دوکتۆر محەمەد موسەدیق و ڕزا مەرزبانی ڕاگەیاند کە کەسایەتییەکی ناسراوی ئێران و دژی شەڕ و هێرشکردن بوون بۆ سەر کوردستان.

ڕۆژی 1358/5/29 یەکەکانی سوپا و سوپای پاسداران و گۆپاڵبەدەستانی کۆماری ئیسلامیی گەیشتنە سنە و بە چەشنی مەنگۆلەکان بەربوونە گیان وماڵی خەڵک. ڕۆژی 1358/5/30 هەواڵنێری "پارس" هەواڵی "ڕفاندنی ئافرەتانی" لە سنە بەدرۆخستەوە و لە قەولی دوکتۆر شەکیبا پارێزگاری سنەوە ڕایگەیاند:

**- (هەوڵی دزینی ئافرەتان لە سنە درۆیە و من نازانم دەوڵەت ئەو هەواڵەی لە کێ وەرگرتووە، لە کاتێکدا من پارێزگاری سنەم و ئاگام لەو ڕفاندنە نیە.)**. هەروەها بە نوسینی ڕۆژنامەی "هەرلاندتریبیونی ئەمریکی" لە 1358/6/5 (1979/8/28) دا، محەمەد ڕەشید شەکیبا پارێزگاری پارێزگای کوردستان بە توڕەییەوە گوتویەتی: **(نازانم کێ ئەو هەواڵەی بە ئایەتولا خومەینی داوە؟ چونکە ئەو هەواڵە بە تەواویی درۆیە، هیچ ئالۆزییەک لێرە ڕوینەداوە، شار و سەربازگە هێمنن و فەرماندەی سەربازگە داوای هیچ چەشنە یارمەتییەک و ناردنی هێزی بۆ سنە نەکردووە!)**، جگە لەوە ڕۆژنامەی "فایننشیاڵ" ڕۆژی 1358/5/30

(1358/8/21) سەبارەت بە شەڕی کۆماری ئیسلامیی دژی گەلی کوردستان، بە زمانی ئینگلیزیی ڕایگەیاند:

**- (شەڕ لە نێوان هێزەکانی دەوڵەت و کوردەکاندا تا سنورەکانی ڕۆژئاوای ئیران، نیشانەی پەرەسەندنی بێسەرەوبەرەیی و ئاژاوەیە لە ئێراندا. لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا ئایەتوڵا خومەینی ڕایگەیاند کە کوردەکان هێرشیان کردووەتە سەر ناوەندی پارێزگایەک و فەرمانی ئامادەیی و هێرشکردنی بە هێزەکانی حکومەتدا. ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاست بێت، بایەخێکی زۆری هەیە. هەرچەندە پارێزگاری ئەو پارێزگایە پەیتاپەیتا ئەم مەسەلەیە بەدرۆ دەخاتەوە و بە پەرۆشەوە ڕایدەگەیەنێت کە بۆچی حکومەت پرسیاری لە من نەکردووە کە لێرە چی قەوماوە؟ زۆربەی خەڵکی ئێرانیش ڕەخنەیەکی وەک ئەوەیان هەیە. لە ڕاستییدا هەڕەشە بێبەزەییەکانی ئیمام خومەینی و وەزیرەکانی، دەرەتانی ڕاپەڕینی گەلی کورد کە "حکومەت دەڵێت پێشتر سەریهەڵداوە" پتر زەق دەکاتەوە. هەڵسوکەوتی ناپەسەندی بەم جۆرە لەگەڵ کوردەکان، بەدیهێنەری داهاتوویەکی خراپە بۆ حکومەتی بازرگان لە تاران و ڕۆحانییەتی بەدەسەلات لە قوم. لە سەردەمی ڕوخانی ڕژێمی شاوە تا ئێستا، هیچکام لەو دوو گروپە، توانای پێویستیان بۆ لەناوبردنی گیروگرفتەکان لە خۆیان پێشان نەداوە، هەرچەند گەلێک دروشمی جۆراوجۆریان بەرز کردووەتەوە، بەڵام پەیڕەوییان لە سیاسەتێکی هاوبەش نەکردووە و دەسەڵاتداران گرفتەکانی خۆیان بە زنجیرەیەک دەنگۆی ناوخۆیی و دەرەکی دەبەستنەوە.).**

هەر وەک گوتم سوپای ئێران ڕۆژی 1358/5/29 شاری سنەی خستە دەست خۆی و پاسدارەکان بنکە و بارەگایان لێ دانا و بە پشتیوانیی سەربازگەی سنە لە شار مانەوە و هێزە زیادەکەشیان بۆ پشتیوانیی کردن لە چەند هێزێکی پەلاماردەر، ڕەوانەی سەقز کرد. هێزەکانی سوپا لە درێژەی پڕۆگرامێکدا کە بۆیان دیاریکرابوو، ڕۆژی 1358/5/29 بەبێ وەستان بەرەو سەقز کەوتنەڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا سادق خەلخالی دوای گوللەباران کردنی نۆ کەس لە مەریوان کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ڕۆژی 1358/6/3 (1979/8/25) گەیشتە سنە و کاتژمێر 17:00ی ئەو ڕۆژە، یانزدە لاوی

شاری سنەی بەبێ موحاکمە گوللەباران کرد. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/6یدا ناوی ئیعدام کراوەکانی بڵاوکردەوە کە بریتین لە:

تیمسار موزەفەر نیازمەند فەرماندەی پێشووی ناحیەی ژاندارمەریی، سیروس مەنوچێهری جێگری ساواکی کوردستان لە ڕژێمی شادا، عیسا پیروەلی، ناسر سەلیمی، عەبدوڵا فوادی، هەریار ناهید خەڵکی تاران، عەلی ئەحسەن ناهید، عەلی ئەسغەر موبەسیری، موزەفەر ڕەحیمی، جەمیل یەخچاڵی خەڵکی "مسجد سلیمان" و عەتا زەندی.



## شەڕ لە سنەوە دەگاتە سەقز

هەر وەک پێشتر گوتم، هێزەکانی سوپا و کۆکراوەکانی سوپای پاسداران و ژاندارمەریی دوای گرتنی سنە زۆر بە پەلە و بەرلەوەی کە پێشمەرگە نەتوانێت خۆی ڕێکبخاتەوە، بەرەو سەقز کەوتنەڕێ. ئەو هێزانە توانییان بە پشتیوانیی فڕۆکە و هێلیکۆپتەرە بۆمبهاوێژەکان و لەژێر چەتری یەکەکانی تۆپخانە و خۆمپارەدا، دوای شەڕێکی قورسی پێنج ڕۆژە کە دەیان کەسی تێدا کوژرا، ڕۆژی 1358/6/3 (1979/8/25) بخزێنە ناو شار و دەست بەسەر شەقامە سەرەکییەکانی شاری سەقزدا بگرن و بازگە و بنکەی پشکنینی لێ دابنێن.

بەرلەوەی کە سوپای ئێران سەقز بگرێتەوە مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی ڕۆژی 1358/6/1 بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە بانگەوازێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر کوردستان ڕیسوا کرد. ڕادیۆی "بی بی سی" بانگەوازی شێخ عیزەدینی بە زمانی فارسی بڵاوکردەوە. هەروەها دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای مەحکوم کردنی هێرشی چەکدارانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، ڕایگەیاند کێشەی کورد بە ڕێگەی سەربازیی چارەسەر ناکرێت و داوای وتووێژی لەگەڵ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کرد. لەگەڵ ئەوەدا سەرکردایەتی گشتیی هێزەکانی سوپای ئێران ڕۆژی 1358/6/3 بیست و چوار کاتژمێریان مۆڵەت دا بە خەڵکی سەقز کە چەکەکانیان بدەن بە سوپا.

لە لایەکیترەوە، لەگەڵ هێرشی سوپا و چەکدارەکانی سوپای پاسداران بۆ سەر کوردستان، کۆماری ئیسلامی شارەکانی مهاباد، پیرانشار و سەردەشتی ئابڵوقە دا و نەیهێشت خواردەمەنی و تەنانەت دەرمانیش بگاتە ئەو شارانە. لەگەڵ ئەوەشدا گوشاری چەکدارانەی ڕژێم بۆ سەر سەقز پەرەی سەند. ڕۆژی 1358/6/5 سادق خەلخالی گەیشتە سەقز و ڕۆژی 1358/6/6، پاسدار و سەرباز لەناو شار و کۆڵانەکان و تەنانەت ماڵی خەڵکدا بڵاوبوونەوە و کۆمەڵێکی زۆر خەڵکیان گرت. لەم بارەیەوە هەواڵنێری "دەیلی تێلێگراف" ڕۆژی 1358/6/27 ڕایگەیاند:

- (سەربازەکان دوا سەنگەری کوردەکانیان لە تەپۆڵکەکانی دەوری شاری سەقز خستە دەست خۆیان و 300 کوردیان دەستگیر کرد و 24 کاتژمێریان مۆڵەت دا بە خەڵکی سەقز کە چەکەکانیان بدەن بە دەوڵەت. لەناو گیراوەکاندا چەندان ئەندامی سوپا بەرچاو دەکەون کە دەڵێن تەقەیان لە کوردە ڕاپەڕیوەکان نەکردووە. سەرەڕای سەرکەوتنی سوپا، سەربازگە ئێستاش ئاڵۆزە و دیسیپلینی بۆ نەگەڕاوەتەوە و سەربازەکان خەریکی قایمکردنی سەنگەرەکانیانن. کوردەکان بەرەبەیانی دوێنی تێکشکێنران و سوپا پێگەی سەربازیی لە شەقام و شوێنە ستراتژییەکان داناوە و شار لە شکڵی حوکمی سەربازیدایە. شار ئارامە و نانکەرەکان لە دوکانەکانیاندا خەریکی نانکردنن. هەواڵی کوژراوەکانی ئەو پێنج ڕۆژەی شەڕ بە پەلە ڕاگەینرا و لە سەربازگەی سەقز، سەرهەنگ "سپێهر" هەوڵدەدات لە نێوان ڕۆحانییەتی ڕکەبەردا کە لەسەر داوای ئەو بۆ وتوێژی ئاشتیی هاتوون! ناوبژیی بکات. لە نێوان دوو مەلادا کە یەکێکیان لایەنگریی لە کۆماری ئیسلامیی دەکات و ئەویتریان لە حیزبی یاساخکراوی دیموکرات، توندوتیژیی ڕویدا. کوردەکان هێشتا کۆنترۆڵی شاری مهاباد و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئەو شارەیان بەدەستە.).


کشف شبکه بزرگ چریکی در خرمشهر

...ین اخبار از تحولات منطقه کردستان

اطلاعات

۴۰ نفر در سنندج، مریوان و سقز تیرباران شدند

آغاز محاکمه ۱۲ شکنجه‌گر در تهران

دستور نخست وزیر برای تعقیب کارمندان کم کار و خطاکار

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەواڵنامەیەکیدا کە لە ژمارە 31، ڕۆژنامەی کار، ئۆرگانی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران ڕۆژی

دوو شەممە 1358/6/19دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە شەڕی سەقز ڕادەگەیەنێ: (شاری قارەمانی سەقز دوای پێنج ڕۆژ بەرگریی لە بەرامبەر سوپا و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدا، سەرئەنجام بە یارمەتی هێزی یاریدەدەری سوپا و سوپای پاسداران کەوتە دەست هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەندامانی سوپا و سوپای پاسداران هەرکە گەیشتنە ناو شاری سەقز، نزیکەی 350 کەسیان دەستگیر کرد و 200 کەسیشیان بە گوللەی خۆمپارە و هێلیکۆپتەر کوشت کە زۆربەیان ژن و منداڵن. دوای کوژرانی سەرهەنگ دووەم "فەراشایی" فەرماندەی تیپی سەقز لە لایەن پاسدارەکانە، لە نێوان ئەندامانی سوپای جێگر لە سەقز و پاسدارە هاوردەکاندا ناکۆکی سەرهەڵدەدات و زۆربەی ئەندامانی سوپا ئامادە نابن بە دژی خەڵک بەشداریی شەڕ بکەن و شەڕەکە بە شەڕی براکوژیی دەزانن، بەڵام گروپێکی کەمتر لە ئەندامانی سوپا لەگەڵ پاسدارەکان لەسەر کوشتنی خەڵک پێدادەگرن. شێوەی کوشتنی فەرماندەی تیپی سەقز بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆژی چوارشەممە سەرهەنگ دووەم "فەراشایی" فەرماندەی سەربازگەی سەقز کە هۆیەک بۆ شەڕ بە دژی خەڵک نابینێ، لەگەڵ پاسدارە هاوردەکان وتوویژ دەکات، تا بەڵکوو پێیان بسەلمێنێ کە دەست لە کاروباری شار وەرنەدەن، بەڵام پاسدارەکان دەیگرن و بە تاوانی هاوکاریی نەکردن لەگەڵیان دەیکوژن. دوای کوشتنی ڕادەگەیەنن کە کوردە چەکدارەکان فەرماندەی سەربازگەیان کوشتووە. لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی سەربازگەی سەقز ڕیزی سوپا بەجێدەهێڵن و دێنە ڕیزی خەڵکەوە و چەکەکانیان دەدەن بە پێشمەرگە. بە گوێرەی هەواڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سوپا و سوپای پاسداران کوژراون و نزیکەی 700 کەسیان بریندارە و دیان ئەفسەر و پلەداریش گیراون کە نەیانویستووە بە دژی خەڵک لە چەک کەڵکوەرگرن.). حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆتایی هەواڵنامەکەیدا دەنووسێ: (تا ئێستا نزیکەی 4000 کەس لە مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کوردی سەقز و نزیکەی 100 کەس موسوڵمانی خەباتگێڕ گیراون و لە زیندانی سەربازگەدا ڕاگیراون.).

شێخ عیزەدین حوسێنی لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژنامەی کار، ئۆرگانی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران، لە ژمارە 31 دا بڵاویکردووەتەوە، دەستخۆشی لە خەڵکی قارەمانی و خەباتگێڕی سەقز دەکات و دەڵێ ئازایەتی ئەوان لە مێژوودا تۆمار دەکرێت. هەروەها ناوبراو ڕادەگەیەنێ کە ئامادەیە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی یاسایی وتوویژ بکات، بەڵام نایەوێ لەگەڵ ئەو ئاخوندانە وتوویژ بکات کە سەلاحیەتی بەڕێوبردنی وڵاتیان نیە. شێخ عیزەدین لە بەشێکیتری بەیاننامەکەیدا دەنوسێ:
**(خەڵکی بە شەرەفی سەقز! جوتیاران و خەڵکی گوندەکانی کوردستان! درێژە بە خەباتی خۆتان بدەن، چونکە ئێمە خودموختارییمان دەوێ و لەگەڵ هیچ کەس شەڕمان نیە، بەڵام ئێستا کە لەگەڵ پیلانێکی بەم جۆرە ڕووبەڕووین، بەرگری لە خۆمان دەکەین و تا دوا دڵۆپی خوێنمان بۆ ئازادیی گەلی کوردستان و گەلانیتری ئێران دەجەنگین.).**



لە لایەکیترەوە ڕۆژی 1358/6/6 ڕۆژنامەی کەیهان ڕایگەیاند: حکومەت بۆ هێرش بردنە سەر مهاباد هێزی یارمەتیدەری ڕەوانە کردووە. هەر لەو ڕۆژەدا کاتژمێر شەشی سەرلە بەیانی، سادق خەلخالی 20 کەس لە گیراوەکانی شاری سەقزی بەبێ موحاکەمە لە سەربازگەی ئەو شارەدا

گوللـەباران کـرد. بـە نوسـینی ڕۆژنامـەی کـەیهان لـە ڕۆژی 1358/6/7دا، گوللـەباران کراوەکـان بریتـی بـوون لـە: سـتوان دووەم ئـەحمـەد سـەعیدی، سـتوان دووەم قـادر بـەهادر، سـتوان دووەم قـادر خـەتیبی، گروبـان یەکـەم محەمەد بابامیری، گروبان یەکەم ڕەسوڵ ئـەمینی، گروبان سێیەم محـەمـەد غـەفاری، گروبـان سـێیەم ئیحتیـات ناسـر حـەدادی، گروبـان سـێیەمی ژاندارمـەریی نـاجی خورشـیدی، ئوسـتوار دووەمـی ژاندارمـەری کـەریم ڕەزایـی، ئـەنوەر ئـەردەڵان، سـەیفوڵا فـەیزی، عـەلی فـەخرایی، عەبـدوڵا بـەهرامی، سـەید حەسـەن ئەحـەدی، محەمـەد دەرویـش نـوقرەیی، کـەریم شـیریانی، ئەبوبـەکری حەمیدی، ئەحمـەد موقـەدەم، جـەلیل جـەمالزادە و یوسف کەشـیزادە. هـەروەها خـەلخالی مـەلا جـەلالی شـافعی بـە تـاوانی هاوکـاریی لەگـەڵ حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بـە دامـاڵینی بـەرگی مـەلایەتی و دەرکردن لـە ڕیزی مـەلاکان و دوو ساڵ دورخستنەوە بۆ کرمـان مەحکوم کرد. خەلخالی هۆی گوللەباران کردنی ئەو 9 ئـەفسەر و پلـەدارەی بۆ ئامادە نەبوونیان لە جێبەجێکردنی ئەرکی سەربازیی گەڕاندەوە.

بەرلـەوەی کە هێزکانی سوپا سەقز بگرنـەوە، کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان ڕۆژی 1358/6/1 پۆلێـک پێشـمەرگەی ناوچـەی سەردەشـت و مهابـادی بـە سـەرۆکایەتی کـەریم حـەداد و بـە هاوکـاریی سەرهەنگ "محـەمـەد ڕەسوڵی ڕەبیعـی" بـە ڕێگـەی بانـەدا ڕەوانـەی سـەقز کـرد کـە بـە هاوکـاریی پێشـمەرگەکانی ناوچـەی سـەقز و سـێ پـۆل پێشـمەرگەی یـەکێتی نیشـتمانیی کوردسـتان، حیزبـی شـیوعی عێـراق و بزوتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان ڕێگە بە هاتنی سوپا بۆ سەقز بگرن.

سەرهەنگ ڕەبیعی کوردی خەڵکی مهاباد و ئەفسەری ژاندارمەریی بوو. هاتبووە لای دوکتۆر قاسملوو کە داوای لە حکومەت بۆ بکات کـە بیکـەن بـە فەرماندەی هەنگی ژاندارمەریی مهاباد. ڕەبیعی لە ناوچەی سەقز لەسـەر شێوەی عەمـەلیاتی سـەربازیی لەگـەڵ کـەریم حـەداد کێشـەی لـێ پەیدا دەبێت و بەجێی دەهێڵێت و دەچێتە توژەڵە.

کـەریم حـەداد و پێشـمەرگەکانی هـاوڕێی دوای ئـەوەی کـە سـەقز دەگیرێتـەوە چەنـد گوللـە تـۆپی 106 بـە سـەربازگەی سـەقزەوە دەنـێن و دەگەڕێنـەوە ناوچـەی خۆیـان. کـەریم حـەداد ڕۆژی 2006/6/13

پێیڕاگەیاندم: **(بەکری حاجی سەفەر فەرماندەی پێشمەرگەکانی یەکێتی لە بەرزاییەکانی "کەلی خان"وە گەڕانەوە و هاوکاریی نەکردین، بەڵام "مولازم ئەنوەر- ئەنوەری مەجید سوڵتان" فەرماندەی پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستیی و فەرماندەی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی کە ناوەکەیم لەبیرچووە، لەگەڵمان بوون.)**. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/10یدا دەربارەی ئەو تۆپبارانە لە زمانی خەلخالیەوە دەنوسێت:

**- (کاتژمێر 23:00ی شەوی 9 لەسەر 1358/6/10 بە تۆپی 106 هێرشیان کردە سەر دادگای شۆڕشی ئیسلامیی سەقز و نزیکەی بیست گوللەیان پێوەنا. ژمارەیەک لە گوللەکان کەوتنە ناو سەربازگە و 5 کەس بریندار بوون. هیزەکانی سوپا لە سەربازگەی سەقز بە هاوکاریی هێزی هەوایی وەڵامی هێرشکەرانیان دایەوە و دوای 15 خولەک کۆتاییان بە هێرشەکەیان هێنا.)**.

بە هەر حاڵ جگە لەو پۆلە پێشمەرگەیەی کە لەگەڵ کەریم حەداد نێردرانە سەقز، ژمارەیەکیش پێشمەرگە و چەکداری خەڵکی مهاباد بۆ خۆیان بۆ یارمەتیدانی خەڵکی سەقز چوون کە بەداخەوە لە سێ ڕێیانی "تیکاب" کەوتنە کەمینی سوپای پاسدارانەوە و لە ئاکامدا "عەلی پێشنماز" برای مەلا ڕەسوڵ پێشنماز و "مستەفا حامیدی" بە برینداریی کەوتنە دەست پاسدارەکان. پاسدارەکان گواستنیانەوە بۆ "زەنگان" و ڕۆژی 1358/6/6 بە فەرمانی سادق خەلخالی گوللەبارانیان کردن و تەرمەکانیان بۆ بنەماڵەکانیان ناردەوە. عەلی پێشنماز لە وەسیەتنامەکەیدا کە یەک دوو کاتژمێر بەرلە گوللەباران کردنی لە سەر کاغەزی "دادسرای انقلاب جمهوری اسلامی زنجان" بۆ باوکی نوسیوە ئاماژە بۆ وەزعی خۆی و بنەماڵەکەی دەکات و لە کۆتاییدا دەنوسێت:

**- (ڕەنگە تا یەک دوو کاتژمێریتر دنیا بەجێبهێڵم. بڕیارمدابوو کە ئەگەر ڕزگارم ببێ کراس بۆ مناڵە بێ باوکەکانی سەیدزادە مەهتاب بکڕم، توخوا بە پارەی من جلوبەرگ بۆ هەموویان بکڕن و هەندێک ڕۆن و برنجیان بدەنێ، لە ڕێگەی خوادا.)**. هەروەها لە وەسێتنامەکەیدا سڵاوی گەرم ئاڕاستەی خزم و کەسانی دەکات و دەستی دایک و باوکی ماچ

دەکات و لە کۆتاییدا دەنوسێت: **برای ئازیزم ڕەسوڵ داوات لێدەکەم منالّەکانم بدەنە دەست دایکم. توخوا بەباشی بەخێویان بکەن و هیچ پەرۆش مەبن، کاری خوا گەڕانەوەی نیە.**

**خواحافیز، ڕۆژی ئیعدامم 1358/6/6 خواحافیز**

**عەلی پێشنماز**

لە کۆتایی ئەم بەشەدا پێویستە ئاماژەیەک بۆ هەڵوێستی ڕێبەرانی یەکیەتی جوتیاران بکەم کە دواتر کۆمەڵەیان دامەزراند. بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکە و هەوڵ و کۆششی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، یەکەم هەنگاویان خۆدزینەوە بوو لە بەرەکانی شەڕ و تاوانبارکردنی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات و لە قاودانی ئەو حیزبە، بەبێ ئەوەی کە گوللەیەک بەرەو دوژمن بتەقێنن، خۆیان لە ناوچەکانی شەڕ دەدزییەوە و چەند سەد کیلۆمەترێک دور لە بەرەی شەڕ خۆیان بە کاری لاوەکیی و پروپاگەندەی ژاراویی دژی حیزبی دیموکرات دەخافلاند. بۆ ڕونبوونەوەی پتر بڕواننە ئەم نوسینەی " حوسێن موراد بەگی" کە لە لاپەڕەی 137، کتێبی "مێژووی زیندووی کوردستان"دا سەبارەت بە فتوای خومەینی و هێرشی حکومەتی ئێران بۆ سەر کوردستان بە زمانی فارسی نوسیویەتی:

**- (خومەینی فەرمانی هێرشی بۆسەر خەڵکی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند. هێرشیان کرد، دەبووایە لە بەرامبەریدا بەرگریی گشتیی ڕێکبخرێت. حیزبی دیموکراتی کوردستان پلانێکی بۆ بەرگریکردن نەبوو، هێشتا ئومێدی سازانی لەگەڵ خومەینی لە دەست نەدابوو. بە ڕواڵەت برادەرانی حیزبی تودە، ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتیان دڵنیا کردبووەوە کە بەکرێگیراوانی خومەینی هێرش ناکەنە سەر مهاباد. ئێمە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ئەو سەردەم، لەوانە فوئاد مستەفا سوڵتانی کە سەرتۆپی لایەنی ڕادیکاڵی کوردستان بووین، ئەرکی ڕێکخستنی بەرگریی کردنمان لە بەرامبەر هێرشی خومەینی بۆ سەر کوردستان لە ئەستۆ گرت. ڕۆژی دوایی واتە 1358/5/29، فوئاد و عەبدوڵا موهتدی و من لە سەقزەوە چووینە بۆکان. ڕۆژی 1358/5/29 ئێمە لە بۆکان بووین کە خەڵک ڕژانە ناو شەقامەکان و دروشمی مەرگ بۆ خومەینییان بەرزکردەوە و لە**

چاوترکاندنێکـدا "مەکتـەبی قورئـان"ی ئـەو شـارەیان کـۆکردەوە. لـە کۆبوونەوەیەکدا کە "ئیرەج فەرزاد" و "جەعفەر شەفیعی"ش تیایدا بەشدار بوون و ئەگەر کەسێکی‌تریش بەشدار بووبێ، من لـەبیرم نیـە، دەربـارەی داواکاریی کۆمەڵە لە خەڵکی کوردستان بۆ ڕێکخستنی خەڵک و خۆڕاگرتن لە بەرامبەر هێرشی بەکرێگیراوانی خومەینیدا گفتوگۆمان کرد. بڕیارماندا بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەیاننامەیـەک بـۆ خـەڵکی کوردسـتانی ئێـران بڵاوبکەینەوە و داوا لە خەڵک بکەین کە بەرامبەر هێرشی بەکرێگیراوانی خومەینی، بـەرگریی لـە خۆیـان بکـەن. تـا ئـەو جێیـەی کـە مـن لـەبیرمـە لەسـەر نوسـینی مەسـەلـەی "نیـوە موسـتـەعمەرە و نیـوە فیـۆدال" بـوونی کۆمەڵگە لەو بەیاننامەیەدا کە فوئاد داوای دەکرد، لـە گفتوگۆیەکدا کـە عەبدوڵای موهتدی و من لـەگەڵ فوئاد بوومان، هاودەنگییمان کرد کە جارێ ئەوانە لە بەیاننامەکەدا نەنوسین، باسی ئەو مەسـەلەیە بۆ کۆبوونـەوە ئەرێنییەکانی کۆمەڵە ڕابگرین. کاتی نوسینی بەیاننامەی "خلق کرد در بوتە آزمایش" سەرەڕای ئەو باسە، لە چەککردنی سەربازگەی سەردەشت دواین تا بە چەککردنی سەربازگەی سەردەشت کـە لـە دەست ژمارەیـەک ئەنـدامانی سوپا و بـەکرێگیراوانی ناوچەکـەدا بـوو، چـەک و تەقەمـەنی پێویست بۆ بەرگریکردن لە بەرامبەر بـەکرێگیراوانی خومـەینی بەدەست بخـەین. مەئموریـەتیان بـە منـدا کـە ئـەو کـارە بکـەم و لەگـەڵ هێزێکـی چەکدار نێردرامـە سەردەشت. تـا ئـەو جێیـەی کـە لەبیرمـە دواتـر ئیرەج فـەرزاد و جەعفـەر شـەفیعی بەیاننامەکـەیان تـەواو کـرد. فوئـادیش گەڕایـەوە بـۆ مـەریوان و عەبـدوڵای موهتـدیش لـە بۆکـان مایـەوە و دواتـر ڕەوانەی بانـە کرا.).

شـایانی باسـە، هێزەکـانی کۆمـاری ئیسـلامیی ڕۆژی **1358/6/10** شـاری بۆکانیـان گرتـەوە، بـەڵام بەرلـەوەی کـە بگـەنـە بۆکـان، عەبـدوڵا موهتـدی بۆکـان بەجێـدەهێڵێت. هـەروەها فوئـاد مسـتـەفا سـوڵتانی لـە ناوچـەی مەریوانـەوە دەچێتـە سەردەشـت و ڕۆژی **1358/6/10(1979/9/1)** لەگـەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی "تەهمورەس ئەکبـەری" لـە سەردەشتـەوە دەگەڕێتـەوە ناوچـەی مـەریوان. بـە نوسـینی حوسێن مـوراد بـەگی لـە لاپـەڕەی **141**ی کتێبی **"تاریخ زندە کردستان، چپ و ناسیونالیسم"**دا لە جادەی نێوان بانە

و مەریوان دەکەوێتە کەمینی هێزەکانی سوپای ئێران و بەداخەوە شەهید دەکرێت. ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/11 دا ئامازەیان بۆ کوژرانی فوئاد مستەفا سوڵتانی کرد و ئەویان بە یەکێک لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناساند. هۆی ئەو هەڵەیەی ڕۆژنامەکان بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕایەوە کە لەو کاتەدا یەکیەتی جوتیاران لە گۆڕەپانەکانی شەڕ و بەرگرییکردندا بۆ ڕۆژنامەکان و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و حکومەتی ئێران، ڕێکخراوێکی نەناسراو بوو.

## ڕووداوەکان بەرلە هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر مهاباد

مهاباد ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شوێنی ئەمنیی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران بوو. هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان و تەنانەت ئەو کەسانەش کە لە لایەن حکومەتەوە مەترسی گرتنیان لەسەر بوو، ڕایانکردبووە مهاباد و لەوێ بە ئاشکرا دژی کۆماری ئیسلامیی خەباتیان دەکرد. حیزبی دیموکراتی کوردستان تاکە هێزی چەکدار بوو لەو سەردەمدا کە حکومەت حیسابی بۆ دەکرد. بنکەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە مهاباد بوو، لەوێوە ڕێبەرایەتی پێشمەرگەکانی حیزبی لە شار و ناوچەکانیتردا دەکرد و یارمەتی دەکردن. ئەو دیاردانە حکومەتیان هاندابوو کە بۆ گرتنی مهاباد پڕۆگرامێکی تۆکمە و بەرفرەوان دابڕێژێ و بە هێزێکی زیادتر و تێبینییەکی پترەوە هێرش بکاتە سەر مهاباد.

لەو چوارچێوەیەدا، بەر لەوەی کە هێزەکانی سوپا هێرش بکەنە سەر مهاباد، لە ڕۆژی 1358/5/27وە کە خومەینی فتوای بە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند، ئابلۆقەی ئابووریی مهابادیان دا و نەیانهێشت تەنانەت دەرمانیشی بۆ بێت. چونکە سوپای ئێران دەسەڵاتی بەسەر جادەکانی نەغەدە بۆ مهاباد، سەردەشت بۆ مهاباد و پیرانشار بۆ مهابادەوە نەبوو، ئەو سێ شارانەشیان لەگەڵ مهاباد ئابڵۆقەدا، بۆ ئەوەی کە لەوێوە خەڵک نەتوانێت پێویستییەکانی شاری مهاباد دابین بکەن، ئەگەرنا حکومەت دەسەڵاتی بەسەر شاری نەغەدەدا هەبوو.

ڕۆژی 1358/6/5 (1979/8/27) دوکتۆر حەقگو پارێزگاری ورمێ ڕایگەیاند کە چوار شاری سەر بەو پارێزگایە لە مەترسی قڕ بووندایە، بەڵام دەسەڵاتی نەبوو کە ڕزگاریان بکات. حەسەن باباتاهیری فەرمانداری مهاباد بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدەدا کە ئابلۆقەی ئابووری لەسەر مهاباد بشکێنێت، تەنانەت کۆبوونەوەیەکیشی لە هۆڵی فەرمانداریی مهاباد بۆ ڕوناکبیرانی شار پێکیهێنا کە بۆ شکاندن، یان کەم کردنەوەی گوشاری ئەو ئابلۆقەیە بۆ سەر خەڵکی هەژار، پێشنیاز و ئامۆژگاریی فەرماندار بکەن. من یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بووم و بە گوێرەی ئەزمونی خۆم چەند پێشنیازم ئاراستە کرد و بەشدارانیتریش هەر بەو جۆرە.

ڕۆژی 1358/6/1 (1979/8/23) دوکتۆر قاسملوو بۆ ڕاگەیاندنی بارودۆخەکە بە پێشمەرگەکانی حیزب، کۆبوونەوەیەکی بەرینی لە هۆڵی وەرزشی "تەربێت بەدەنی"ی مهاباد بۆ پێشمەرگەکانی حیزب پێکهێنا. دوکتۆر قاسملوو، ئەحمەد جاویدفەڕ "هەژار" و حامید گەوهەریی کۆبووەکەیان بەڕێوە برد. قاسملوو لەسەر بەرفرەوانبوونەوەی کێشەکان و مەبەستی حکومەت لە هێرشکردن بۆ سەر کوردستان بۆ پێشمەرگەکان دوا. حامید گەوهەریی لە شەڕی درێژخایانی پارتیزانیی دوا و داوای کرد لاوەکان پتر چەک هەڵبگرن و باوەکە پیر و بەساڵداچووەکانمان هەوڵبدەن چەکەکانیان بدەن بە کوڕەکانیان و کەسانی گەنجتر و بۆ خۆیان ژیانی منداڵەکانیان دابین بکەن و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ یارمەتیی حیزب و بزوتنەوەی کورد بکەن. ئەحمەد جاویدفەریش لەسەر دیسیپلینی سەربازیی بۆ پێشمەرگەکان دوا.

هەروەها حیزب ڕۆژی 1358/6/2(1979/8/24) کۆبوونەوەیەکی مەزنی بۆ دانیشتوانی مهاباد لە چوارچرای شار پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا دوکتۆر قاسملوو بەشدارانی کۆبوونەوەکەی لە هێرشی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر مهاباد ئاگادار کردەوە و ڕایگەیاند کە کێشەی کوردستان بە شەڕ چارەسەر ناکرێت و حیزبی دیموکرات ئامادەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی کاتیی و نوێنەرانی ئایەتوڵا خومەینی وتوویژ بکات. قاسملوو لە بەشێکی وتارەکەیدا گوتی ئەگەر سوپا

هێرش بکاتە سەر مهاباد، پێشمەرگەکانی حیزب لە ناو شاردا شەڕ ناکەن و ڕێگە نادەن کە زیان بە خەڵک بگات. هەروەها ڕایگەیاند دۆستی لەمێژینەی گەلی کورد واتە یەکیەتی سۆڤیەت لەو شەڕە ناعادیلانەیەدا پشتیوانمانە!

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات ڕۆژی 1358/6/3 بڕیاریدا ئەندامانی دەفتەری سیاسی بە کەلوپەلی پێویست و چاپخانە و ئەرشیڤی حیزبەوە شاری مهاباد بەجێهێڵن. بەگوێرەی ئەو بڕیارە، جگە لە کۆمیتەی شارستانی مهاباد کە کەریم حیسامی بەرپرسی بوو، لەگەڵ بەشی سەربازیی حیزب کە مەلا ڕەسوڵ پێشنماز سەرۆکایەتی دەکرد، بەڵام مەلا محەمەد جوانڕۆ بە کردەوە بەڕێوەی دەبرد و حامید گەوهەریی هاوکاریی دەکرد، بەشەکانی‌تری حیزب مهابادیان بەجێهێشت. لە بنوخەلەف ڕەسوڵ مامەند سکرتێری بزوتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان "پسک" چاوی بە دوکتۆر قاسملوو، مامە غەنی، محەمەد ئەمین سیراجی و ئەمیر قازی دەکەوێت و پێشنیازیان پێدەکات کە ئەگەر پێویستیان بە پێشمەرگە هەبێ، پارتی سۆسیالیست دەتوانێت وەک حیزبی شیوعی کە مەلا محەمەدی بۆ ناردوون، ئەوانیش پۆلێک پێشمەرگە بۆ یارمەتیدانی حیزبی دیموکرات بنێرن.

دوکتۆر قاسملوو خۆشحاڵیی خۆی لەو پێشنیازە دەردەبڕێ و پارتی سۆسیالیست پۆلێکی نزیک بە 200 پێشمەرگەی نارده مهاباد کە سەید سەلیم و جەلالی حاجی حوسێن بەرپرسیان بوون. ئەو پێشمەرگانە ڕۆژی 1358/6/8 (1979/8/30) گەیشتنە مهاباد. شایانی باسە کە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانیش بە هێزی پێشمەرگەی خۆی سەرەڕای هاوکارییکردنی لەگەڵ حیزبی دیموکرات، خەریکی ڕێکخستن و یارمەتیدانی ئەندامانی یەکیەتی جوتیاران و یەکیەتییەکانی مامۆستایان و کرێکاران بوو، تا لەوان حیزبێکی سیاسی پێکبێت.

ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان کە دواتر پێکهات لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستان وەرگیرا کە بە یەکەوە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانیان دامەزراندبوو.

هــەروها بزوتنــەوەی سۆسیالیســتیی کوردســتان "پسـک" و حیزبــی شــیوعی هاوکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان دەکرد.

حیزبی دیموکرات بۆ بەرگرییکردن لە هاتنی سوپای ئێران بۆ مهاباد، دوو بەرەی شەڕی لە جادەی مهاباد بۆ میانداو لە ئەمیرئاو و جادەی مهاباد بۆ ورمــێ کـردەوە و ئــەو دوو پۆلــە پێشــمەرگەیەی بزوتنــەوەی سۆسیالیســتیی کوردستان لەگەڵ بەشێک لـە پێشـمەرگەکانی حیـزب لـە بـەرەی ئـەمیرئاوا دانا. ئێمە لە بەشی سەربازیی حیزبدا داوامان لە خەڵکی مهابـاد کـرد کـە پێویســتییەکانی پێشــمەرگە لـــە بـــواری جلوبـــەرگی گـــەرم و پێخـەفـــەوە دابینبکــەن، خــەڵکیش ســەدان "پــەتۆ" و پاڵتۆیــان بــۆ هێنــاین. لەگــەڵ کردنــەوەی ئــەو دوو بەرەیــە لــە جـادەی میانـدواو و ورمــێ، بـۆ فریـودانی فرۆکــەکانی ڕژێـم، چیـای پشـت سـەربازگەی مهابـاد و داشـامەجیدمان بـە ماکێتی جۆری دۆشکە و خۆمپارە داپۆشی و چەند پێشمەرگەمان لەوێ دانا. پروپاگەنـدەی ڕژێـم بـۆ لاوازکردنــی ورەی پێشـمەرگە هــەر دەهـات شـێوازی نــوێی بــە خۆیــەوە دەگـرت و بــەو کارەیـان مهابادیـان توشــی ئــاڵۆزیی و مەترسی کردبوو.

شـایانی باسـە هــەر کـە مـەلا شـێخ عیـزەدین و چریکـی فیـدایی خــەڵک و یەکیەتییــەکانی ســەر بــە یەکیــەتی جوتیـاران ئاگـاداربوون کــە دەفتــەری سیاســـی حیزبـــی دیمـــوکرات شـــاری مهابـــادی بەجێهێشـــتووە، ئـــەوانیش مهابادیان بەجێهێشت و هەوەک گوتم تـەنیا بەشـی پێشـمەرگە و کۆمیتـەی شارستانی مهاباد مایەوە.

## چەککردنی سەربازگەی سەردەشت

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە بۆ کۆتاییهێنانی شەڕ و بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکان دەیدا، بیری لەو فەرمانەی خومەینی و هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆسەر کوردستان دەکردەوە، نەوەک پێشمەرگەکانی حیزب گەمارۆ بدرێن و ڕێگەی پاشەکشە کردنیان بۆ ناوچەی سەردەشت و کوێستان لێ بگیرێت. لەبەرئەوە بڕیاریدا پشت بەرەی شەڕ لە هێزەکانی ڕژێم پاک بکاتەوە. لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژی 1358/6/4 (1979/8/28) سەربازگەی ژاندارمەریی سەردەشتی خستە دەست خۆی، ئەویش نەک بە ڕێگەی شەڕ و زیان پێگەیاندن بە خەڵک، بەڵکوو بە ڕێگەی سیاسی و پەیوەندیی نزیکی بە ژمارەیەک لە ئەندامانی شورای شارەوە کە سەربازگەیان لە دەستدا بوو.

دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا خەڵکی سەردەشت وەک شارەکانیتری ئێران و کوردستان شورایەکیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شار پێکهێنا کە بە وتەی ئەندامانی، ژمارەی 42 کەس بوو. ڕەحمان شەمامی سەرۆکایەتی ئەو شورایەی دەکرد و 7 کەس لەو 42 کەسە ئەندامی کارگێڕی شوڕاکە بوون. شورا بەرپرسایەتی ئەمنیەت و ڕاپەڕاندنی کارەکانی شاری سەردەشتی خستبووە سەر شانی خۆی. ئەندامانی کارگێڕی شورا بریتی بوون لە: ڕەحمان شەمامی، غەفور ئیبراهیمی ناسراو بە "غەفوری حاجی سەعیدی"، حاجی ئەحمەد قادرزاد، محەمەد ڕیزوانی، حاجی ئیبراهیم ئیبراهیمی ناسراو بە "برایمی حاجی"، حاجی محەمەدئەمین حەسەنپوور و مەلا خدری سارکێ.

شورای شاری سەردەشت هاوئاهەنگێکی ڕێکوپێکی لەگەڵ سەرهەنگ "تاجەدینی" فەرماندەی سەربازگەی سەردەشت دامەزراندبوو، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە سەربازگەی سەردەشت لە گەمارۆی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کورددا بوو، جگە لە ڕێگەی هەوایی و تێلگراف و تەلەفۆن، پەیوەندیی بە حکومەت و سوپای ئێرانەوە نەبوو. تەنانەت خواردەمەنی و پێویستییەکانیشی لەلایەن شورای شار و خەڵکی سەردەشتەوە بۆ دابین دەکرا. سەربازگە ئەرکی ئەمنیەت و بەرگریی

کردنی لە شاری سەردەشت دابووە دەست شورای شار و شوراش ژمارەیەک چەکی سەربازگەی بە وەرگرتنی "سفتە" لەناو خەڵکی سەردەشتدا بڵاوکردبووەوە کە بەو چەکانە بەرگریی لە خۆیان و لە شار بکەن. ئەو شێوە بەڕێوەبردنە لە لایەن فەرماندەی سەربازگەوە بەو واتایە نەبوو کە فەرماندەی سەربازگە بە دوارۆژی کارەکەی نەزانێت، بەڵکوو بەگوێرەی پرینسیپی سەربازیی، سەرهەنگ تاجەدینی بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ناوەند و وەرگرتنی ڕای فەرماندەکانی باڵا و حکومەت، بەو جۆرە لە شورا و خەڵکی سەردەشت نزیک ببووەوە کە لە ڕادەی زیانگەیاندن بە ئەندامانی و سەربازگە کەم بکاتەوە و ئەگەر بکرێت ئەمنیەتی سەربازگە لە دەست گەلی کورد بپارێزێت. هەر ئەو شێوەیەی کە لە سەرەتای شۆڕشدا لە دوو سەربازگەی جەڵدیان و پەسوێ ڕوویاندا و فەرماندەکانی ئەو دوو سەربازگەیە، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و حیزبی دیموکراتیان بەوە فریودا کە سەربازگە لە دەست ئەواندایە و دەتوانن بێنە ناویەوە، بەڵام بۆ پاراستنی باشترە دوراودور چاودێریی بەسەردا بکەن و لە هێرشی خەڵک و تاڵانکردن بیپارێزن. ئەوان بەو تاکتیکە هەردوو سەربازگەیان پاراست و دواتریش هەردوو سەربازگە بوونە کۆسپی سەر ڕێگەی بزوتنەوەی کورد و بەتایبەتی سەربازگەی جەڵدیان دەستی هەبوو لە پێکهێنانی کارەساتی "قارنێ" دا.

دوای فتوای خومەینی بە دژی خەڵکی کورد لە 1358/5/27، ئەندامانی سەربازگەی سەردەشت لەو ڕاستییە دەگەیشتن کە ئەوانیش ڕۆژێک دەبێ لە بەرامبەر خەڵکی سەردەشتدا بوەستن و کوردەکانی ناوچە و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرکوت بکەن. بۆیە بەرلەوەی کە شەڕ بگاتە سەردەشت، بەرەبەرە سەربازگەی سەردەشتیان بەجێهێشت و گەڕانەوە ناو بنەماڵەکانیان و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان مایەوە کە ئەوانیش بە دەست شورای شاری سەردەشتەوە هەڵدەسوڕان. ئەمە هەلێکی باشبوو بۆ حیزبی دیموکرات کە بە هاودەنگیی لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی شورای شاری سەردەشت، بەیانی ڕۆژی 1358/6/4 (1979/8/28) پێشمەرگەکانی بە فەرماندەیی "سەرداری ئەحمەد هەرمێ" بخزێنێتە ناو سەربازگە و دەستی بەسەردا بگرێت و بە فەرماندەی

سەربازگە و ئەندامانی شورا ڕابگەیەنێت کە بچنەوە ماڵی خۆیان و ئەوان چاودێریی بەسەر سەربازگەدا دەکەن. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەکانی حیزب یەکەی ژاندارمەریی سەردەشتیان لە بەرزاییەکانی ڕۆژئاوای شار چەککرد و ئەو جێیەشیان بەبێ خوێنڕێژی خستە دەست خۆیان. سەربازگەی سەردەشت تا ڕۆژی 1358/6/13 (1979/9/4) واتە بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ لە دەست حیزبی دیموکراتدا بوو، دواتر کەوتەوە دەست سوپای ئێران کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم، بەڵام چەکەکانی ئەو سەربازگەیە چییان لێهات؟

بەشی هەرە زۆری چەکەکانی سەربازگە جگە لە "نەفەربەر"ەکانی لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە گواسترایەوە. نزیکەی 300 تفەنگ لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی شوراوە گواسترابووەوە بۆ "باسکی کۆڵەسەی" و لەلای خزمێکی حەشاری دابوون و دوای هاتنەوەی سوپا بۆ سەردەشت، ئەو ئەندامەی شورا بە هێلیکۆپتەر چوو چەکانی دایەوە بە حکومەت. بەشی سێیەمی چەکەکانی سەربازگەی سەردەشت لە لایەن شورای شارەوە لە بەرامبەر وەرگرتنی "سفتە" درابوو بە خەڵکی شار و ناوچەکە و دواتر حکومەت بەگوێرەی ئەو سفتانە، چەکەکانی کۆکردەوە. هەروەها بەشێکی کەمی چەکەکانی سەربازگەش درا بە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانیی و یەکیەتی جوتیاران و چریکی فیدایی خەڵک. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی دانیشتوی سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری توانییان ژمارەیەک تفەنگ بەدەستبهێنن. حوسێن مورادبەگی لە کتێبی "مێژووی زیندووی کوردستان"دا کە بە زمانی فارسیی بڵاویکردووەتەوە، ئاماژە بۆ چەککردنی سەربازگەی سەردەشت دەکات و لە لاپەڕە 137- 139دا دەنوسێت:

**- (کاتێک گەیشتمە سەردەشت هاوڕێیانی یەکیەتی شاری بانەم ئاگادار کردەوە کە بۆ یارمەتیدان لە چەککردنی سەربازگەی سەردەشت، هێزی چەکداری یەکیەتی بنێرن، نەکات لە چەککردنی سەربازگەدا توشی شەڕ ببین. هێزی یەکیەتی بانە گەیشتەجێ، ئەگەر بە دروستیی لەبیرم بێت، محەمەدی قادری بەرپرسیان بوو. بۆ قایمکردنی کار لەوەی کە یەکەم جار بوو بە هێزی چەکدار دەمانویست سەربازگە چەک بکەین، چونکە**

سەربازگەی مهاباد بە هاوکاریی ئەندامانی سەربازگە لە ناوەوە چەک کرابوو، نامەیەکم بۆ جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان نوسی و داوام لێکرد هێزێکی یارمەتیدەرمان بۆ بنێرێت، لەو سەردەمەدا پەیوەندیی نزیکمان پێکەوە هەبوو. هێزێکی بە سەرۆکایەتی "قادر شۆڕش" بۆ ناردین. هێزی چەکداری کۆمەڵە لە "گۆڕەمەر" و هێزی یەکێتی سەردەشت کە لە هەمووان گرنگتر بوو، چونکە هاوڕێیانی سەردەشت ڕێگەکانی چوون بۆ سەربازگەیان دەزانی و هێزی یەکیەتی بانە و هێزی یارمەتیدەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، هێزێکی کامیل بوون بۆ ئەو کارە. لە هاوڕێ کۆنەکانی سەردەشت کە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە گەشەپێدانی کۆمەڵەدا، تەنیا ناوی یوسف خەلیل پوورئازەر، محەمەد مەحمودیان، عەلی عەبدالی، قادر شافعی و سلێمان قاسمیانم لەبیر ماوە. بۆ هاوکاریی و کاری هاوبەش چوومە لای ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات، گوتیان قاسملوو لێرەیە و بچۆ بۆ لای ئەو. چاوم بە قاسملوو کەوت، لەگەڵ هاوسەرەکەی لە سەردەشت بوو. لەسەر چەککردنی سەربازگەی سەردەشت و هاوکاریی دوولایەنە و ئەگەر پێویست بە بەرگریی بێت، لەگەڵ ئەو دوام. گوتم دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەی سەردەشت و لە دەستدابوونی سەردەشت لەو هەلومەرجەدا کە خومەینی فەرمانیداوە هێرش بکرێتە سەر کوردستان، ورەی خەڵک بەرزدەکاتەوە. قاسملوو دژی چەککردنی سەربازگەی سەردەشت نەوەستا، بەڵام گوتی تا چارەنوسی شاری مهاباد ڕون نەبێتەوە، حیزبی دیموکرات سەربازگەی سەردەشت چەک ناکات. هێشتا شاری مهاباد نەکەوتبووە دەست حکومەت، "هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ڕۆژی 12ی خەرمانانی 58 هاتنە ناو مهاباد" ڕەنگە ڕێبەری حیزبی دیموکرات هیوای سازانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی لەدەست نەدابوو. هەرچی بوو دوایی دەرکەوت. کاتێک زانییان کە ئێمە لە فیکری چەککردنی سەربازگەی سەردەشتداین، بڕیار دەدەن بۆ خۆیان بە تەنیا ئەو کارە بکەن، وەک ڕووداوی سەربازگەی مهاباد. گەڕامەوە لای هاوڕێیانم گوتم حیزبی دیموکرات هێشتا نایەوێت ئەوکارە بکات، دەبێت بۆ خۆمان بە تەنیا ئەو کارە بکەین. ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکیەتی شاری بانە گوتیان دەبێ ئێمە لەسەر ئەوە قسە

بکەین، بزانین ئایا چەککردنی سەربازگەی سەردەشت پێویستە یان نا؟ گوتم دیارە کە پێویستە، جگە لەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەکراوە و بڕیاری بۆ دراوە و تەنیا جێبەجێکردنەکەی ماوە. باسەکەمان زۆر درێژ نەبووەوە. هاوڕێیانمان بۆ چوونە ناو سەربازگەی سەردەشت لە هەرچوار لاوە، لە تیمی جیاوازدا ڕێکخست و بڕیارماندا بەیانیی زوو بە بڕینی تێلدڕگەکانی دەوری سەربازگە بچینە ناو سەربازگەکەوە. من و ژمارەیەکی تریش لە دەرگای سەربازگەوە بچینە ژورەوە. تیمەکان بەڕێکەوتن و کاتێک من و هاوڕێیانی چەکدار گەیشتینە 50 مەترێک نزیک دەرگای سەربازگە، بینیمان بەردەرگای سەربازگە قایمتر لە ڕۆژی پێشو سەنگەریان لێ هەڵبەستووە و "جەوانمەردەکان" لە سەنگەرەکانیاندا چەکەکانیان بەرەو ڕووی ئێمە گرتووە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕۆژی پێشتر ڕایانگەیاندبوو کە تەقە لە ئێمە ناکەن. گوتیان سەربازگە کەوتووەتە دەست حیزبی دیموکرات و ئەگەر نزیک ببنەوە تەقەتان لێدەکەین. دەرکەوت کە ئەم جارەش حیزبی دیموکرات وەک چەککردنی سەربازگەی مهاباد بۆ خۆی ئەو کارەی کردووە، تا لە لایەک چەککردنی سەربازگەی سەردەشت بە ناوی خۆیەوە تەواو ببێت و لە لایەکیترەوە چەک و تەقەمەنییەکانی بۆ خۆی ببات. لای وابوو ئەگەر ئێمە لەگەڵ کارێکی ئەنجامدراو ڕووبەڕوو بکاتەوە و بە هۆی چەند جەوانمەردێکەوە هەڕەشەی تەقەلێکردنمان لێبکات، ئێمە چاوپۆشیی دەکەین. بە یەکێک لە هاوڕێیانی خۆمان گوت کە ئارپیجی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی پێبوو کە بە گوللە ئارپیجی لە سەنگەری بەردەرگای سەربازگە بدات. جەوانمەردەکان بینییان کە گاڵتەیان لەگەڵ ناکەین، هاواریان کرد کە خۆیان بەدەستەوە دەدەن. هێشتا ئێمە نەگەیشتبووینە بەر دەرگاکە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە ناو سەربازگەوە هاواریان کرد کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە هەر چوار لای سەربازگەوە خزاونەتە ناو سەربازگە. ئەو تیمانەی کە بۆ چوونە ناو سەربازگە دیارییکرابوون، دوای بڕینی تێلدڕگەکان خزابوونە ناو سەربازگە و سەربازگەیان خستبووە دەست خۆیان و حیزبی دیموکرات ناچار بوو ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت. سەربازگەمان تا دابەشکردنی دەسکەوتەکان بە هاوبەشیی لەگەڵ حیزبی

**دیموکرات بەدەست بوو. دواتر لە کۆبوونەوەیەکدا کە ئیبراهیم علیزادە و مـن لەگـەڵ حەسـەن ڕەسـتگار و غـەنی بلوریـان کردمـان، چەکـەکان و نەفەربەرەکانی سەربازگەمان دابەشکرد. ئێمە پێشنیازمان کرد بەشێک لە چەک و تەقەمەنییەکە بدرێت بە ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک، بـەڵام حیزبـی دیمـوکرات دژ بـوو. ئێمـە گوتمـان هەرچەنـدە ئـەوان بەشدارییان نـەکردووە لـە چەککردنی سـەربازگەی سەردەشـتدا، بـەڵام چونکـە بەشـدارن لـە شـەڕی بـەرگریی دژی کۆمـاری ئیسـلامی، باشـترە بەشێک لەو چەک و تەقەمەنییە بەوانیش بدرێت، ئیتر هاودەنگییان کرد و بەشێکمان دانێ.).**

هەروەک پێشتر لە بەشی **"شەڕ لە سنەوە دەگاتە سەقز"**، بینیمـان ڕۆژی 1358/5/29 کـە مەکتـەبی قورئـانی سـەربە مفتـی زادە چـەک کـرا، حوسێن موراد بەگی لەگەڵ عەبدوڵا موهتدی و شەهید فوئـاد مستەفا سوڵتانی لـە بۆکـان بـوون. لـەوێ کۆدەبنـەوە و هەوڵـدەدەن بەیاننامەیـەک لـەژێر نـاوی **"خلق کرد در بوتـه آزمـایش"** بنوسن کـە لەسـەر نوسینی مەسـەلەی "نیوە موستەعمەرە و نیوە فیـۆداڵ" لـەو بەیاننامەیـەدا ڕێکنـاکـەون و باسـی ئـەو مەسەلەیە بۆ کۆبوونەوەکانی دوایی ڕادەگرن. حوسێن ڕونـی ناکاتـەوە کـە کەنگی بۆکانی بەرەو سەردەشت بەجێهێشتووە! ئەگـەر ئێمـە وای دابنێین ئەو سێ بەڕێزانـە ڕۆژی 30 مانگ کۆبوونـەتەوە و حوسێن ڕۆژی 31ی مانگ بۆکانی بەرەو سەردەشت بەجێهێشتبێت، دەتوانین بڵێین ڕۆژی 1358/6/1 یـان 1358/6/2 لـە سەردەشـتەوە نامـەی بـۆ یەکیـەتی جوتیـارانی بانـە و جەلال تاڵەبانی ناردووە. ئەی ئـەوان کـەی پێشمـەرگەیان کۆکردووەتـەوە و ڕەوانـەیان کردوون؟ بەگوێرەی دوریی ڕێگاکە، ئـەگـەر ئـەو پێشمـەرگانـە لـە مـاوەی تـەنیا یـەک ڕۆژ دوای نـاردنی نامەکـە گەیشـتبن (کـە ئـەمـە دور لـە عەقڵـە) مێژووی هاتنیان دەبێتە 1358/6/3. بە هەر حاڵ ئەگەر وایدابنێین هەر لەو ڕۆژەدا حوسێن چاوی بـە دوکتـۆر قاسملوو کـەوتبێت! ئـەی کـەنگێ لەگـەڵ پێشـمـەرگەکانی یەکیـەتی جوتیـاران کۆبووەتـەوە و وتـووێژی چەککردنی سەربازگەی کردووە و کەی پێشمەرگەکانی بۆ ئـەو مەئموریەتـە ڕێکخستووە؟

جگە لەوە بە کام عەقڵیەتی سەربازیی پارتیزان لە چوار لاوە پەلاماری پێگە یان سەربازگەیەکی دوژمن دەدرێت، ئایا لە کاتێکی وادا پارتیزانەکان بۆخۆیان نابن بە ئامانجی گوللەکانی خۆیان؟ ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە کاتێک حوسێن ئاگاداری پلانی چەککردنی سەربازگەی سەردەشت لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە دەبێت، هەوڵدەدات بەرپرسانی حیزب ببینێت، تا ئەوانیش بەشداریی پلانەکەیان بکەن، بەڵام حیزبی دیموکرات لەو سەردەمدا ئامادە نەبوو هاوکاریی لەگەڵ ئەو یەکیەتییانە بکات کە لەژێر پەردەی لایەنگرییکردن لە مامۆستا شێخ عیزەدیندا خەباتیان دەکرد.

ڕۆژی 1358/6/4 دوای ئەوەی کە سەربازگەی سەردەشت دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، حوسێن مورادبەگی لەگەڵ ژمارەیەک لایەنگری یەکیەتی جوتیاران لە بەر دەرگای سەربازگە کۆدەبنەوە، تا بە کاری توندڕەوانە ژمارەیەک چەکی سەربازگەی سەردەشت لە حیزبی دیموکرات وەربگرن، نەک ئەوەی کە بە چەند کەسێکی یەکیەتی جوتیاران بتوانن لە بەرامبەر نزیکەی دوو هەزار چەکداری لایەنگری حیزبی دیموکراتدا بوەستن و سەربازگە لە دەست ئەوان بهێننە دەر! ناڕاستیی وتەکانی حوسێن مورادبەگی لەوەوە دەردەکەوێت کە ئەوان تەنانەت پێشمەرگەکانی بەردەرگای سەربازگەی ژاندارمەرییان کە بە جەوانمەرد واتە جاش ناویان دەبەن بۆ چەک نەکراوە.

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بۆ ئەوەی کە پێش بە هەرچەشنە ئاژاوە و تێکهەڵچوونێک بەتایبەتی لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بگرێ، غەنی بلوریان و مەلا حەسنی ڕەستگار دەستنیشان دەکات کە لەگەڵ بەرپرسانی یەکیەتی جوتیاران دانیشن. نوێنەرانی حیزبی دیموکرات ئەو بڕیارە بەجێدەگەیەنن و لە دانیشتنێکدا لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە و حوسێن مورادبەگی ڕازی دەبن، بەشێک لە چەکەکانی سەربازگەی سەردەشتیان بدەنێ. لەم بارەیەوە پرسیارم لە مامە غەنی و مەلا حەسنی ڕەستگار کرد. هەردوویان دانیان بەو دابەشکردنە نا، بەڵام نەک بەو جۆرەی مورادبەگی نوسیوییەتی، بەڵکوو

بە ڕێژەی حەوت بەش بە سێ بەش. ڕۆژی 2007/10/10، مەلا حەسەن ڕەستگار لە ماڵی عەبدول نەستانی لە ستۆکهۆڵم پێیڕاگەیاندم:

**- (یەکەم بەشدارییکردنی ئەو برادەرانە لە چەککردنی سەربازگەی سەردەشت هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، بەڵام ئەوە ڕاستە بە پشتیوانیی 40- 50 پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی داوای چەکیان دەکرد. من و مامە غەنی لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی لەگەڵیان کۆبووینەوە. سەرەتا دەمانویست یەک لە دەی چەکەکانیان بدەینێ، بەڵام دواتر بە پێداگرتنی ئەوان ڕازی بووین بە ڕێژەی حەوت بەش بۆ حیزبی دیموکرات و سێ بەش بۆ ئەوان، چەکەکان بەش بکەین. دیارە لەو بەشکردنەدا حێزب هێچ چەکێکی بە چریکی فیدایی و یەکێتی نیشتمانی نەدا و ئەوان بۆخۆیان لە بەشە چەکی خۆیان چەند چەکیان بەو دوو ڕێکخراوە دا و تەنانەت زۆری نەمابوو کە لەنێوان جوتیاران و چریکەکاندا لەسەر چەک شەڕ هەڵایسێ.)**

بەهەرحاڵ دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سێ مانگە کە لە جێی خۆیدا ئامازەی بۆ دەکەم، دوکتۆر قاسملوو لە ماڵی حامید گەوهەریی لە مهاباد بە بەشداریی مەلا ڕەسوڵی پێشنماز و ئەحمەدی جاویدفەر، ڕەحمانی شەمامی سەبارەت بە شاردنەوەی ئەو چەکانە و بەشێک کەلوپەلیی‌تری سەربازگەی سەردەشت لە لایەن ناوبراو و چەند ئەندامی شوراوە خستە ژێر لێکۆڵینەوەوە، شەمامی دانی نا بە شاردنەوەی ئەو چەکانە و کێشانی دیوار لە عەنبارەکاندا.

شایانی باسە کە ڕەحمان شەمامی لە لاپەڕەی 804 ی کتێبەکەیدا "سردشت در گذرگاه انقلات"، ئامازەی بۆ ئەو لێپێچینەوەیە کردووە، بەڵام ڕاستییەکانی نەخستووەتە بەردیدی خوێنەران.

## درێژەی ڕووداوەکانی بەرلە هێرشی سوپای ئێران
## بۆ سەر مهاباد

ڕۆژی 1358/6/10(1979/9/1) هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی شاری بۆکانیان گرتەوە. یەکەکانی سوپا و سوپای پاسداران و کۆکراوەکانیتر دوای گرتنەوەی بۆکان، ڕۆژی 1358/6/11 ڕویان لە مهاباد کرد و سوپای ئێران لە هێڵی ورمێ و میاندواوەوە بە توندیی شاری مهابادیان گەمارۆ دا و بە چەکی سوک و قورسەوە لەو دوو هێڵەوە ئامادەی فەرمان بوون کە بەرەو مهاباد بکەونەڕێ.

هەر لەو ڕۆژەدا 19 مامۆستای ئایینیی شاری مهاباد کە زۆربەیان ئیمام جومعەی مزگەوتەکانی شار بوون، کۆبوونەوە و لەو بروسکەیەی خوارەوەدا کە لە وتاری "شەڕی سێ مانگە" نوسینی مەنسوری بلوری وەرمگرتووە، داوایان لە خومەینی و بازرگان و چواردە کاربەدەست و کەسایەتی حکومەت کرد کە پێش بە شەڕی براکوژیی بگرن و لە ناردنی سوپا بۆ شەڕ دژی گەلی کورد خۆبپارێزن و کێشەی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکەن.

**- حەزرەتی ئایەتوڵا عوزما ئیمام خومەینی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران**

**زۆر بە پەرۆشەوە نەتەوەی ئازیزی ئێران کە لە سەردەمی ڕژێمی کۆنەپەرستدا لەگەڵ نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو ستەمی نەتەوایەتی و ئایینیی لێکراوە و یەکدەنگ و یەک زمان بە یەکیەتی برایانە ڕاپەڕین، ئەمڕۆ دەبینین بە هۆی پروپاگەندەی تێکدەرانە و ناڕاستی کۆمەڵێکی قین لە دڵی بێئاگا، زینی ڕێبەری مەزنی شۆڕشیان بە دژی گەلی کورد شێواندووە، بە جۆرێک کە دژی گەلی کورد ئامادەباشیی گشتیی ڕابگەیەنێت و پاسدارانی شۆڕش و موجاهید و هێزە چەکدارەکانی سوپای کۆماری ئیسلامیی بە چەکی قورس بۆ سەرکوتکردنی گەلی زۆرلێکراوی کورد ڕەوانە بکات و بەوپەڕی بێبەزەییەوە خەڵکی سیڤیل و بێتاوان کە جگە لە کورد بوون و سوننە بوونیان، تاوانێکی تریان نیە، بەبێ لێپرسینەوە لە دادگای ئیسلامییدا مەحکوم و گوللەباران دەکرێن.**

بە ئاگاداربوون لە شەڕەکانی ئەم دواییانە لە شارەکانی کوردستان کە جگە لە وێرانکردنی ئەم وڵاتە ئاکامێکی تر نابەخشن، خەڵک جگە لە بەرگرییکردن لە خۆیان و ناموسیان ڕێگەیەکی تریان بۆ نەماوە. لەبەر ئەوە زانایانی ئایینیی سوننە لەو هەلومەرجە نیگەرانن و داوا لە ڕێبەری شۆڕش دەکەن کە بە زووترین کات فەرمانی ڕاگرتنی ئەو شەڕە بە هێزە ڕەوانە کراوەکان بۆ کوردستان ڕابگەیەنێت و بە وتووێژ لەگەڵ زانایانی سوننە و ڕێبەرانی نەتەوەی کورد، کێشەی کوردستان بە ڕێگەی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینییەوە چارەسەر بکەن و پێش بە شەڕی براکوژیی بگرن کە زیانیماڵوێرانکەریی بۆ ئەم هەرێمە و هەموو ئێران دەبێت. زانایانی ئایینیی و نوێنەرانی خەڵکی مهاباد تا وەرگرتنی ئاکام لە تێلگرافخانەی شاری مهاباد ماندەگرن.

1- مەلا کەریم شاریکەندی، مەلای مزگەوتی مەولەوی. 2- مستەفا پورئازەر، مەلای مزگەوتی مەولەوی. 3- مەلا عەبدوڵا مودەرسی، مەلای مزگەوتی ڕۆستەم بەگ. 4- مەلا ئەحمەد ئەشرەفی، مەلای مزگەوتی دارۆغە. 5- مەلا سەلیم عەباسی، مەلای مزگەوتی گومرگ. 6- مەلا عەزیز تەئید، مەلای مزگەوتی حاجی ئەحمەد. 7- مەلا عەبدوڵا ئەحمەدیان، مەلای مزگەوتی قوبلە و واعزی شاری مهاباد. 8- مەلا ئەحمەد فەرهەنگ، مەلای مزگەوتی حاجی سەید حەسەن. 9- مەلا عومەر شاهین، مەلای مزگەوتی حاجی سەید محەمەدی حوسێنی. 10- مەلا سەید عەبدوڵا سەعادەت، مەلای مزگەوتی هەباس ئاغا. 11- مەلا ئەحمەدی عەباسی، مەلای مزگەوتی دارولئیحسان. 12- مەلا ئەحمەد محەمەدپوور، مەلای مزگەوتی حەسەنزادە. 13- مەلا عەبدوڵا ماوەرانی، مەلای مزگەوتی سەید نیزامەدین. 14- مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە، مەلای مزگەوتی کۆپین ئاوا. 15- مەلا مەحمود سالک، مەلای مزگەوتی بازاڕ و سەرۆکی خوێندنگەی زانستی ئایینیی. 16- مەلا محەمەد قادرزادە. 17- سەید محەیدینی موتهەری، مەلای مزگەوتی غەوسیە. 18- مەلا حوسێن ئەیوبی، مەلای خانەقای شەمزینان. 19- مەلا سەید هاشم حوسێنی، مەلای خانەقای نەقشبەندی.

مهاباد 1358/6/11 (1979/9/2)

خومەینی و ژمارەیەک توندڕەوی شیعەی وەک مستەفا چەمران و ئەبو شەریف، ڕەفسەنجانی و خامنەیی و ژمارەیەکی‌تر کە چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان لە شەڕ و کوشتنی خەڵکی بێتاوان و قەلاچۆکردنی کوردستاندا دەبینی، پێشتر بڕیاریاندابوو کە بەچەک گەلی کورد بکێشنە ژێر فەرمان، لەبەر ئەوە خومەینی وڵامێکی زۆر توندی ئەو مامۆستایانەی دایەوە کە دور لە چاوەڕوانیی ئەوان بوو. ئەمەش وەڵامی خومەینی بە بروسکەی زانایانی ئاییینیی مهاباد کە لە ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی 1358/6/13دا بڵاوکراوەتەوە و لە وتاری "شەڕی سێ مانگە"، نوسینی مەنسوری بلوری بە زمانی فارسی، وەرمگرتوە:

**- ئەمڕۆ بروسکەیەکی بەپەلە و ئیمزاکراوم لە لایەن 19 مامۆستای ئاییینیی شاری مهاباد پێگەیشت کە کۆپییەکەیان بۆ 15 کاربەدەست ڕەوانە کردووە. لەو بروسکەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە من لەژێر کاریگەریی پروپاگەندەی ناڕاست، دژی گەلی کورد و پەیڕەوانی ئاییینیی سوننە ئامادەباشی گشتییم ڕاگەیاندووە. سەرەڕای ئەوە کە دەزانم زانایانی کوردستان لە مهاباد و شارەکانی تر ئاگایان لە ڕووداوەکان هەیە و ڕونە کە سەرکردە بەدکارەکان بۆ خۆیان ئیمزای زانایانی ئاییینییان کردووە یان زانایان ناچارکراون ژێر ئەو بروسکەیە ئیمزا بکەن، دیسانیش بە پێویستی دەزانم کە بۆ جارێکی تریش بە عەرزی زانایانی ئاییینیی کوردستان و هەموو چین و توێژە جیاوازەکان بگەیەنم کە ئەو سەرکردە تاوانبارانە چونکە شکاون و لە بەرامبەر نەتەوەی ئێراندا خۆیان توکلێکراو دەبینن، پەنایان بۆ واسیتەکاریی خەیاڵیی هێناوە.**

**لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا ئێستا، لە بارودۆخی جیاوازدا ڕامانگەیاندووە کە لە ئیسلامدا کورد، تورک، فارس، بلوچ، عەرەب، لوڕ و تورکمان و... نیە، ئیسلام بۆ هەمووانە و کۆماری ئیسلامیی مافی هەموو گروپەکان بە عەدالەتی ئیسلامیی دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاوانبارانە لە بەرامبەر ئێران و بە تایبەتیی کوردستاندا تاوانیان کردووە و بەو چەکانەی کە لە وڵاتانی دەرەوەیان وەرگرتووە یان دزیویانە، وەڵامی پلانە ئاشتییخوازانەکانیان داوەتەوە و براکانی ئێمەیان کە بۆ چاودێریی کردن لە براکانمان چووبوونە کوردستان،**

**بەوپەڕی بێبەزەییەوە سەربڕیوە و ئاگریان تێبەرداون. تەنانەت ڕەحمیان بەو برایانەش نەکرد کە لە شوێنی ترەوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان هاتبوون و ئەوانیشیان کوشت. ئێمە بەو بەدکارانە دەڵێین ئەگەر ئێمە دژی گەلی کورد ئامادەباشی گشتیمان ڕاگەیاندووە، بۆچی لە شارەکانی کوردستان وەک نەغەدە، سنە و پاوە و شوێنەکانی تر، دوای پاکسازیی بەدکاران، هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ برایانی ئیسلامیی نەکراوە و بۆچی برایانی کوردستانیی ئێمە پێشوازیی گەرمیان لە سوپا و سوپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی تر کرد و بە باوەشی کراوەوە وەریانگرتن و بۆچی ئێمە گروپی جیاوازمان ناردە کوردستان کە پێویستییەکانی برا کوردەکانمان جێبەجێبکەن.**

**ئایا ئێمە برا سوننەکانمان بە دوژمنی خۆمان دەزانین کە چەندەها جار ڕامانگەیاندووە جیاوازیی لەنێوان ئەو دوو ڕێچکە ئایینییەدا نیە. ئێمە کە بڕیارمانداوە ئەو هەرێمە بە باشترین شێوە ئاوەدان بکەینەوە، پێویستییەکانیشمان لەبەرچاو گرتووە. ئایا ئێمە دژی کوردین! یان ئێوە کە چەکتان هەڵگرتووە و بەزەییتان بە هیچ شتێک و هیچ کەسدا نایەتەوە؟ ئەگەر ئێمە ئامادەیی ڕابگەیەنین بۆ پشتیوانیی لە برایانی کوردستان و ڕزگاربوونیان لە چنگ بەدکاران، کە بەخواستی خوای مەزن بە زوویی شەڕی ئەوان لە خۆمان دور بکەینەوە و سەرکردە تاوانبارەکان بە توندیی سزا بدەین، لەگەڵ برایانی کورد و تەنانەت ئەوانەش کە چوونەتە ناو حیزبی نایاسایی دیموکراتەوە، ئەگەر بگەڕێنەوە باوەشی نەتەوەی ئێران وەک برا بە هاوبەشیی لەگەڵیان دەجوڵێنەوە و هەموو لە پەنای ئیسلامدا دەمێننەوە.**

**والسلام علی عباداله الصالحین 1358/6/12**

**روح الله الموسوی الخمینی**

بەهەر حاڵ هاوکات لەگەڵ گۆڕینەوەی بروسکە لە نێوان مامۆستایانی ئایینیی کوردستان و خومەینیدا، هێزەکانی زەمینی و ئاسمانی و سوپای پاسداران و موجاهیدەکانی شۆڕش "بەسیج" لە شارەکانی سنە، کرماشان، ورمێ، تاران، مەنجیل، مەشهد، ئیسفەهان، شیراز، تەورێز، میاندواو، مەریوان و... تد بەرەو بانە و مهاباد هاتن. سوپا لە سێ ڕێیانی نەغەدە و

دەروازەی میاندواو ڕوو لە مهاباد ئامادەی هاتنەپێشەوە بوو و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان بەسەر سەربازگەی مهاباد و چیا و دەشتەکاندا دەخولانەوە و وەک هەورەتریشقە زەوییان دەلەرزاند و ترسیان لە دڵی خەڵکدا دەچاند.

مەلا حەسەنی کۆنەپەرست و موجاهیدەکانی دەوروبەری و معبودی و سەرگورد نەجەفی بۆ ئەوەی کە بەشێکیان لە کوشتار و قەتڵی عامی کوردان پێببرێت، لەگەڵ ئەو ئامادەییە بۆ سەر مهاباد و بانە، ڕۆژی 1358/6/11 (1979/9/2) بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری گوندی "قارنێ"یان دا و 68 کەسیان لە خەڵکی بێتاوانی ئەو گوندە بە ئافرەت و پیاو و مێرمناڵەوە شەهید کرد.

## کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی گوندی قارنێ

ڕۆژی 1358/6/11 لە کاتێکدا چوار فڕۆکەی بۆمبهاوێژی فانتۆم بەسەر شاری مهابادا مانۆڕیان دەکرد و مەترسییان لە دڵی خەڵکدا دەچاند، ژمارەیەکی زۆر پاسدار و کۆمیتەچی سەر بە مەلا حەسەنی لە ورمێ و نەغەدە و جەڵدیانەوە بە سەرپەرشتی مەعبودی و سەرگورد نەجەفی سەرۆکی ئیتلاعاتی ژاندارمەریی نەغەدە و عەزیز قادری "کوڕی مام عەبدوڵای قادری جەڵدیان" هێرشیان کردە سەر گوندی قارنێ لە نێوان سەربازگەی جەڵدیان و شاری نەغەدە و 68 کەسیان بەشێوەیەکی زۆر سامناک شەهید کرد، لەو ژمارەیە چەند کەسیان میوانی خەڵکی گوندەکە بوون و بە میوانیی هاتبوون ئەو گوندە. بەشێک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەکەدا، ڕایانگەیاند کە هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر گوندی قارنێ، بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە بووە لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە لە بەرزاییەکانی پاسگای دووئاودا، پازدە جاش پاسداری کۆمیتەی نەغەدەیان کوشتووە، بەڵام لە ڕاستییدا تاوانی سامناکی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی گوندی قارنێ، پەیوەندیی بەو کارەوە نەبوو، بەڵکوو بەشێک لەو زنجیرە تاوانانە بوو کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی دوای فەرمانی ڕۆژی 1358/5/27 خومەینی بۆ سەر کوردستان و گەلی کورد جێبەجێیان دەکرد.

هێرشکەران سەرەتا بە چەند تانک و ئوتۆمبێلێکەوە بەرزاییەکانی گوندی قارنێ و کێڵگە و موچەکانی دەوروبەریان گەمارۆدا کە دانیشتوانی نەتوانن خۆیان دەرباز بکەن. دواتر ئەڵقەی گەمارۆکەیان تەنگ کردەوە و خەڵکەکەیان لە ناو گوندەکەدا کۆکردەوە. دوای ئەوە بەشێوەی مەنگوڵەکان کەوتنە گیانی خەڵکەکە و هەر کەسێکیان دەستکەوت، بە شێوەیەکی سامناک کوشتیان. مەلا مەحمود مەستورزادە مەلای گوند کە چاوی بەو دیمەنە دەکەوێت، قورئانێک لەسەر تاخچەی مزگەوتی دێ هەڵدەگرێت و بەرەو پیری پاسدارەکان دەچێت و لێیان دەپاڕێتەوە کە خەڵکی گوند ئازارنەدەن و ئەگەر بۆ دەستگیرکردنی پێشمەرگە هاتوون، تەنانەت تاکە پێشمەرگەیەک لەو گوندەدا نیە. لە ڕاستییدا پاسدارەکانی ئیسلام بۆ شەڕ دژی پێشمەرگە و دەستگیرکردنیان نەچووبوون، بەڵکوو بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خەزای خومەینی و کوشتنی خەڵکی بێتاوانی ئەو گوندە چووبوون، بۆیە هەر لەوێدا بە شێوەیەکی نامرۆڤانە مەلا مەحمود دەکوژن و دواتر سەری دەبڕن. لەشکری ئیسلام سەری مەلا مەحمود لەگەڵ خۆی دەبات، بە جۆرێک کە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە. دواتر ماڵ بە ماڵ هەر چل بنەماڵەی گوندەکە دەپشکنن و هەر کەسێکیان دەستدەکەوێت، دەیکوژن و لە کۆتاییدا تەرمەکان دەبەنە سەر جادە بۆ ئەوەی وا پێشانبدەن کە ئەو خەڵکە لە شەڕدا دژی پاسداران کوژراون! لە ئاکامی ئەو کارەساتە سامناکەدا 68 کەس کوژران و تەنیا ئەو کەسانە ڕزگاریان بوو کە لەو ڕۆژەدا لە گوند نەبوون. مەنسور بلوریی لە وتاری "شەڕی سێ مانگە لە کوردستان" ناوی 60 شەهیدی کارەساتی قارنێی بڵاوکردووەتەوە کە بریتین لە:

1- مەلا مەحمود بەهتزادە 2- سەید ڕەحمان تاهری 3- سید محەمەد تاهری 4- سەید ئیسماعیل تاهری 5- حاج سەید عەلی تاهری 6- سەید قادر تاهری 7- ئامینە شەریفزادە 8- حاجی ڕەحمان شەریفزادە 9- عوسمان شەریفزادە 10- مستەفا عەزیزی 11- محەمەد عەزیزی 12- محەیدین ئەبرڕۆشەن 13- حاج شەریف ئەبرڕۆشەن 14- ڕەحمان ئەبزەن 15- ڕەحمان سلێمانی 16- ڕەحیم سوڵتانی 17- کەریم سلێمانی 18- قادر سلێمانی 19- مستەفا ئەبزەن 20- عومەر عەباسی 21- جەعفەر عەباسی

22- مستەفا عەباسی 23- محەمەد شەبرەو 24- سلێمان هەمزەپوور 25- ئیبراهیم پویا 26- ئیبراهیم رەسوڵی 27- عەلی چوپان ڕوستا 28- حەسەن نەوجەوان 29- زێنەب ڕامین 30- خاتوزین ڕامین 31- کەریم ڕامین 32- ئەحمەد ڕامین 33- رەحمان ڕامین 34- عوسمان ڕامین 35- رەسول خەسرەوی 36- رەحمان خەسرەوی 37- سەعید خەسرەوی 38- عەبدوڵا خەسرەوی 39- موراد خەسرەوی 40- مستەفا خەسرەوی 41- عوسمان خەسرەوی 42- خالید خەسرەوی 43- رەحیم خەسرەوی 44- ئەبوبەکر شیشمان 45- جەعفەر شیشمان 46- عەلی شیشمان 47- عوسمان شیشمان 48- ئەحمەد سەعادەتپوور 49- عومەر دەروێشپوور 50- سەید کەریم ئەروندی 51- عەلی مەلا رەحیم لە گوندی دووئاو 52- حەسەن مام رەسول لە گوندی ئاڵیاوێ 53- عەزیز مەرزەنگ 54- ئیبراهیم کایەر 55- عەلی گاتوری 56- خەسرەو ئەفشین 57- سەلاح عەلی زناوی 58- ئەبوبەکر حەسەنپوور 59- عوسمان ئەحمەدپوور 60- عەبدوڵا ئەحمەدپوور.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بەو تاوانە سامناکەی کە سەربازانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گوندی قارنێ ئەنجامیاندا، ساڵی 1367 (1988)، ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بۆ ڕای گشتیی بڵاوکردووەوە. عەبدوڵا حەسەن زادە دەقی بەیاننامەکەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە 141، خەرمانانی 1367 وەرگرتووە و لە لاپەڕەی 164- 166ی کتێبی"نیو سەدە تێکۆشان" دا بڵاوی کردووەتەوە و منیش لەو کتێبەوە وەرمگرتووە:

**- تاوانی ڕۆژی 11ی خەرمانانی ساڵی 1358 لە گوندی قارنێ، نمونەیەکی هەرە بەرچاوی بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە دژی ئینسانییە سەبارەت بە خەڵکی کوردستان بوو. چەند ڕۆژ پێشتر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوان ئاواییەکانی "قازنێ" و "دووئاو" و شوێنێک بە ناوی "جەواڵەرەشە" دەستێکی باشیان لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وەشاندبوو. بەم بەهانەیە، گوندی قارنێ کە لە چەند کیلۆمیتری شاری نەغەدە و لەسەر ڕێگای پیرانشار- نەغەدە هەڵکەوتووە، لە هەموو لایەک ڕا گەمارۆ درا. بە ڕواڵەت لەشکریانی ئیسلام بە نیازی دیتنەوەی پێشمەرگە ڕوویان لەو ناوە کردبوو. خەڵکی بێدیفاعی ئاوایی لە نێو ئاوایی و لە موچە و مەزرادا خەریکی ئیشوکاری**

ڕۆژانەی خۆیان بوون و لەبەر ئەوە کە پێشمەریەک لەو دەوروبەرە نەبوو بە دیتنی ئەفرادی ڕێژیم نیگەرانییەکی ئەوتۆیان لە دڵدا پێك نەهات. بەڵام کاتێک لەپڕ لە هەموو تەپۆڵکە و بەرزاییەکانی دەوروبەری دێ ڕا کەوتنە بەربارانی گوللە بەجیددی دڵەخورپەیان تێکەوت و بەپەلە بەرەو ئاوایی و نێو ماڵ و خێزانیان ڕایان کردەوە. هێندەی پێنەچوو چەند تانک و ژمارەیەک ماشین لە ئاوایی نزیک بوونەوە و ژ-3 بەدەست و قەمە هەڵگر لێیان دابەزین و بەنێو کوچە و کۆڵانەکانی دێ وەربوون. پاسدار و کۆمیتەچییەکان قین و نفرەتیان لێدەباری و لە ڕەنگ و ڕوو و ڕەفتاریان ڕا دیار بوو تینووی خوێنن، مەلا مەحمود مامۆستای ئاوایی زۆر زوو لە مەبەستیان گەیشت. قورئانەکەی سەر تاخچەی هێناخوار و بۆ لایان وەڕێکەوت. قورئان لەو حاڵەتەدا تەنیا دڵگەرمیی مامۆستا و خەڵکی ئاوایی بوو، بەڵام ڕێز گرتن لە قورئان و وەڵامی سڵاوی مەلا ڕێژنە گوللەیەک لە سنگی مەلا بوو. ئیدی خەڵکی بێدیفاعی ئاوایی حیسابی تەواویان هاتەدەست. بەڵام مخابن کە ڕێگای دەرباز بوون و خۆ حەشار دان نەبوو. جینایەتکاران پۆل پۆل بە ماڵان وەربوون، دار و دیواریان دەدا بەر دەستڕێژی گوللە و هەرکەسیان دەدیت لە لاو و پیر، بە زەبری قۆنداغی تفەنگ لە ماڵیان دەهێنا دەر و لەبەر دەرگای ماڵ لەنێو کوچە و لە پێش دەرگای مزگەوت، لە خوێنی خۆیاندا شەلاڵیان دەکردن. دوای چەند سەعات کوشتار بەرە بەرە، حەزیای دڵی خوێن خۆرەوەیان بۆ ماوەیەکی کاتی دامرکا. تەرمی 68 کەس لەنێو ماڵ و کووچە و کۆڵانەکانی دێ دا وەسەر خوێن کەوتبوو. دوای ئەو مەئموریەتە شەرعییە، سەربازانی ئیسلام بۆ دەسخۆشانە وەرگرتن بەرەو بارەگای فەرمانڕەواکانیان گەڕانەوە و "قارنێ"یان لەنێو ماتەم و خوێندا هێشتەوە. بەم کارەساتە دڵتەزێنە، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، بە تەواوی لە نێوەڕۆکی ڕێژیمی ئاخوندی و لەشکریانی بەناو پارێزەری ئیسلام گەیشتن.

تاوانی کۆماری ئیسلامیی لە گوندی قارنێ زۆر بەپەلە لە هەموو ئێران و تەنانەت دەرەوی ئێراندا بڵاوبووەوە و هەر کەسە بە شێوەیەک دەربارەی دوا. لەم پەیوەندییەدا دوکتۆر مستەفا چەمران جێگری سەرۆکوەزیران لە

حکومەتی کاتیی بازرگان دا، لە کتێبی "کوردستان"بڵاوکراوەی "بونیادی شەهید" کە مەهدی چەمران پێشەکی بۆ نوسیوە، سەبارەت بە کوشتاری خەڵکی گوندی قارنێ دەنوسێت:

- (کاتی ڕووداوی قارنێ من لە پاوە بووم و ئاگاداری ڕووداوەکە نەبووم. ئەوەی بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکە کە دواتر کۆمیتەی لێکۆڵینەوە بۆ ئێمەی ڕوونکردەوە. قارنێ گوندێکی کوردنشینە کە حیزبی دیموکرات یا حیزبە چەپەکان تیایدا خاوەن دەسەڵات بوون و نەغەدە شارێکی تورک نشینە. لە جەڵدیان، شنۆ و پیرانشار سەربازگە و پێگەی سوپا و ژاندارمەری هەیە. ژمارەیەک جەوانمەردی تورک و ژاندارمە ئەندامانی سوپا بۆ چوونە سەر کاری ڕۆژانەیان لە نەغەدەوە بۆ جەڵدیان دەبووایە بەو گوندەدا بڕۆن. لە ماوەی شەش مانگدا خۆفرۆشەکان بە بەردەوامیی لە دەوروبەری قارنێ دەیانگرتن و دەیانکوشتن و تاڵانیان دەکردن و سەریان دەبڕین. تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر کەسێک لە نەغەدەوە بچووایە بۆ جەڵدیان، ناچار دەبوو دوو تانک لەگەڵ خۆی بەرێت کە لە پێش و لە پاشەوە بیپارێزن، تا لە دەوروبەری قارنێ هێرشی بۆ نەکرێت. بۆ ماوەی شەش مانگ لەنێوان نەغەدە و جەڵدیاندا، لە دەوروبەری قارنێ پەلاماری تورکەکانی نەغەدەیاندا. دواجار هەژدە کەس لە تورکەکانی نەغەدە بۆ پشودان لە جەڵدیانەوە دەگەڕانەوە، لە نزیک قارنێ پەلاماریان دەدەن و هەموویان دەکوژن و سەریان دەبڕن و لەشیان لەت لەت دەکەن و لە ناوەڕاستی جادە بەجێیان دەهێڵن. تەنیا کەسێک لەوانە کە خۆی بۆ ڕزگار دەکرێت و خۆی دەگەیەنێتە نەغەدە و خەڵک لەو تاوانە ئاگادار دەکات و ژن و منداڵی گەورە و بچوک لە نەغەدەوە خۆیان دەگەیەننە قەسابخانەکە. کاتێک برا و مێرد و خزمەکانیان بە لەتوکوتکراویی دەبینن، گریان و هاوار بەرز دەکەنەوە. ئەو ژمارەیە خۆیان دەگەیەنە نەغەدە و جەڵدیان و پیرانشار و خزمەکانیان لەو تاوانە ئاگادار دەکەن و خزمان و کەسانی دەوروبەریان لە دەوری ئەو بنەماڵە بێتاوانانە کۆدەبنەوە و هێرش دەکەنە سەر قارنێ و 33 کەس دەکوژن و تۆڵەی خۆیان دەستێننەوە).

ئەوانــەی کــە زانیارییــان لەســەر سیاســەت و ئایــدیۆلۆژیی کۆمــاری ئیسلامیی ئێران هەیە، دەزانن کە درۆکردن و بوختـان هەڵبەستن یەکێکـە لـە تایبـەتمەندییـەکانی ڕێبـەرانی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران و هـەموو ئـەو درۆیانـەشیان دەگـەڕێتەوە بۆ دیاردەی "تـەقیە" کە شیعەی دوانزە ئیمام لـە کۆمـاری ئیسـلامییدا باوەڕیـان پێیـەتی. ئـەوان بـۆ ڕاگـرتن و هێشـتنەوەی ئیسلامی شیعە و قازانج و بەرژەوەندییەکانیان، درۆ دەکـەن و ئـەمـەش بـە دیاردەیــەکی بــاش و بەســود بــۆ ئیســلام هەڵدەســەنگێنن و بــەگوێرەی هەلومـەرج پشـتی پێدەبەسـتن، هــەر وەک مسـتەفا چـەمرانی تاوانبـار بـۆ فریـودانی ڕای گشـتیی درۆکـانی بەرجەسـتە دەکاتــەوە، بــەڵام تــاوانی سامناکی قارنێ بە ڕادەیەک دڵتەزێن بوو کـە کەسانی تاوانبـار و جـەلادی مــەزنی وەک سـادق خـەلخالیش نـەیتوانی لـە بەرامبەریـدا بێـدەنگ بـن. ناوبراو لە نامەیەکیدا بۆ خومەینی کە لـە سایتی "ناظر کبیـر" -http://big brother.blogfa.com/cat-3.aspx دا بڵاوکراوەتــەوە، داوا لــە خومــەینی دەکات لە خوڵقێنـەرانی کارەساتی قارنێ بکۆڵێتـەوە:

**بەڕێز دەفتـەری ئیمام خومەینی دامت برکاتە**

**ڕووداوە دڵتـەزێنەکـەی قـارنێ دڵــی هــەموو مرۆڤێـک دەسـوتێنێت. مــەلا مــەحمود مســتورزادە کــە بــە قورئانــەوە چــووە پێشــوازیی خەڵکەکــە، دارودەسـتـەی مــەعبودی و ســەرگورد نەجــەفی و عــەزیز قــادری و مــەلا حـەسەنی، 65 کەسیان بـە شێوەیەکی دەردناک کوشتووە، ئەگەر ئیمام لەو کارە دڵسوتێنـەرە نـەپرسێتەوە، دەبێ کام دەسەڵات لێی بپرسێتەوە.**

**بە حورمەتەوە- سادق خەلخالی**

**1358/6/20**

ڕای گشـتیی ئێـران و جیهـان و مــەزنبوونی کارەسـاتی سـامناکی قـارنێ، سەرئەنجام ئایەتوڵا خومەینی و ئایەتوڵا مونتەزری ناچارکرد کـە مەهدی بــەهادران بــۆ لێکۆڵینــەوە لەســەر بـارودۆخی کوردســتان و ئازەربایجــانی ڕۆژئاوا ڕەوانـەی ئـەو هـەرێمـە بکـەن. ڕۆژنامـەی کـەیهان لـە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/26یــدا دەقــی ڕاپــۆرتی ئاڕاســتە کــراوی مەهــدی بــەهادرانی بڵاوکردووەتـەوە و دەنوسێت:

ڕاپۆرتی نوێنەری ئیمام سەبارەت بە کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. بەڕێز مەهدی بەهادران لەسەر ڕاسپاردنی ئیمام خومەینی و بە فەرمانی نوسراوی ئایەتوڵا مونتەزری بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ڕەوانە کرا. ناوبراو لە ڕاپۆرتێکدا پەنجە بۆ چەند دیاردە و پلانی جیاواز ڕادەکێشێ و دەنوسێت لە کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا خەریکە پیلانێکی نهێنی لە لایەن ڕێبەرانێکەوە بەڕێوەدەچێت کە بە ڕواڵەت جێگەی باوەڕن. دەقی ڕاپۆرتی نوێنەری ئیمام لە سەر کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەم جۆرەیە:

**- (بە ناوی خوا. حەزرەتی ئیمام خومەینی دام ظلە. بەڵگەی هەموو دیتنەکان و لێکۆڵینەوەکانی 25 ڕۆژەم لە نەغەدە و دەروبەری و شوێنەکانی تری کوردستان لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە ئاڕاستە دەکەم:**

**1- هەندێک بەڵگە هەن کە پێشاندەدەن لە کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا پیلانێکی نهێنی بەڕێوەدەچێت. ئەو دەرەبەگ و خاوەن موڵکانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی ڕابردوودا دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی شایان بەدەست بوو لە ناوچەکەدا، لە لایەن کەسانێکی وەک دوکتۆر چەمران، تیمسار زەهیرنژاد فەرمانـدەی لەشکری 64 ورمێ، سەرهەنگ شەهبازیان و فەرماندەکانیتری سوپا و ژاندارمەرییەوە بە تەواویی پڕچەککراون و لە بەرامبەر خەڵکی هەژاری ناوچەکەدا کە بە ساڵان لە لایەن دەرەبەگەکانەوە ئازار دراون، خراونەتە ژێر گوشاری ئەوانەوە.**

**2- ژمارەیەک لە ئەندامانی سوپا، لەوانە فەرماندەکانی ئێستای کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ژمارەیەک لە ئەندامانی ژێر فەرمانیان لەبەر ئەوەی کە خاوەن بیری ئایینیی و شۆڕشگێڕانە نین، لە پەنای کارەکانیاندا بە جۆرێک تۆوی دوژمنایەتی و بیروبۆچوونیان لەناو تورک و کوردەکانی ناوچەدا چاندووە کە ئەو کێشەیە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە و بێگومان بەو هۆیەوە دیموکراتەکان، ئێمە تێکەڵاوی شەڕێکی پارتیزانیی دەکەن. ئەو مەسەلەیە هۆی بێزاریی خەڵکی بێتاوانی دژی کۆماری ئیسلامیی بەرزکردووەتەوە، خەڵکەکە باوەڕ بە ئێمە ناکەن و لە ئاکامدا بەرەو دیموکراتەکان دەچن.**

3- بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی ورد کە ڕاپۆرت و کاسێتەکانی بەدەستەوەن، جەوانمەردە دامەزراوەکان لە لایەن ژاندارمەریی و بە ڕواڵەت موجاهیدەکانی نەغەدە کە لەژێر فەرمانی بەڕێز مەعبودی و سەرگورد نەجەفی دان، بە لایەنی کەمەوە 45 کەسی بێتاوانیان لە گوندی قارنێ کوشتووە و دواتر کوژراوەکانیان لە مەزراکاندا فڕێداوە کە وا پێشانبدەن لە شەڕدا کوژراون و گوندەکەشیان تالانکردووە و ئاگریان تێبەرداوە. ئوستوار بێگلەری لە "تۆیکان" پێنج کەسی کوشتووە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی، یان خیانەت و پلانی فەرماندەکانی ژاندارمەریی و هاندانی هەستی دژی کورد و بەرزکردنەوەی هەستی تۆڵەسەندنەوە دژی کوردە بێتاوانەکان لە لایەک و لە لایەکی ترەوە هەر چەندە بەداخەوە بکەرانی ئەو کوشتارە ناسراون، بەلام بە هۆی پشتیوانی کردنی زەهیرنژاد لە خیانەتکارانی ناوچە، دەرەتانی دەستگیر کردن و بەسزا گەیاندنیان نیە.

4- لە نەغەدە و دەوروبەری و تەنانەت لە هەموو کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا، یەکێک لە هۆیەکانی شەڕ و خوێنڕێژیی ژمارەیەک مەلای ساواکیی خاوەن هەستی دژی کوردن لەگەڵ دەرەبەگە چەکدارەکان کە لە لایەن سوپا و ژاندارمەرییەوە پڕچەککراون و دادگای شۆڕش و سوپای پاسدارانی شۆڕش ناتوانن پێشیان پێبگرن، وەک ڕووداوی قارنێ کە وەلامی حوکمی قازی شەرع بەڕێزان خلخالی و ئومێد نەجەف ئابادی نەدرایەوە.

5- لە پەنای ڕێگەچارەی سەربازییدا، ڕێگەچارەی فەرهەنگیی و ئایدیۆلۆژیی و عیمران و ئاوەدانکردنەوە بۆ کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پێویستە.

پێشنیاز:

- لابردنی ئەو بە ڕواڵەت مەلایانەی کە لە دوو سێ مانگی ڕابردوودا بوونەتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ لە نەغەدە و شوێنەکانی تردا.

- گرتن و سزدانی قاتلان و تالانکەرانی قارنێ و بەگم قەلا، سوتێنەرانی خەرمان وماڵەکانی دووئاو و شوێنەکانی تر.

- چاودێریی کردنی دادگاکانی شۆڕش و بەهێز کردنیان بۆ دەستگیر کردنی خیانەتکاران.

**- لابردن یان سزادانی ئەو فەرماندەرانەی کە زانیارییان داوە بە دژە شۆڕشەکان و هەوڵی لاوازکردنی سوپای پاسداران دەدەن. ناردنی دوو بازرەس لە لایەن ئیمام، دوو بازرەس لە لایەن حکومەت و شورای شۆڕش و کەسێکیش لە لایەن دادوەری گشتییەوە.**

**بە ڕێز و حومەرتەوە: مەهدی بەهادران**

**1358/6/24**

هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەی مەهدی بەهادران لیژنەیەکیش لە لایەن مەهدی بازرگان سەرۆک وەزیران، دوکتۆر حەقگو پارێزگاری ورمێ و مەلا سالّح ڕەحیمی ئیمام جومعەی کوردەکانی نەغەدە ڕەوانەی گوندی قارنێ کرا. ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون لە: حەکیم نژاد نوێنەری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی، محەمەد باقر هاشمی نوێنەری پارێزگاری ورمێ و عەبدوڵا ڕەحیمی برای حاجی مەلا سالّح ڕەحیمی. هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهان لە ڕاپۆرتێکیدا لەسەر کاری ئەو لیژنەیە کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژی 1358/6/31 کەیهاندا بڵاوکرایەوە لە زمانی پارێزگاری ورمێوە دەنوسێت:

**- (هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە پێکهێنەری ڕووداوەکانن بەردەوامە. ژمارەیەکی زۆر بە شوێن دۆزینەوەی خولّقێنەرانی کارەساتی قارنێن و ئەگەر دەستگیر بکرێن، دەستبەجێ دەدرێن بە دادگای شۆڕشی ئیسلامیی.).**

دەسەڵاتدارە توندڕەوەکانی کۆماری ئیسلامیی لە حکومەتی مەهدی بازرگاندا ڕایانگەیاند مەهدی بەهادوران نوێنەری خومەینی نەبووە و دژ بەوە ڕاوەستان کە چەمران درەبەگەکانی کوردستانی پڕچەک کردبێت. لە بەرامبەردا، حیزبی تودەی ئێران لە ژمارە 72 ی ڕۆژنامەی "نامە مردم" ی ئۆرگانیدا، ڕۆژی دووشەممە 1358/7/30ی، لە وتارێکیدا لەژێر سەردێڕی "میوەی شەڕ بەسەر لکی نەمامی شەڕ و تورەیی و چەک لە کوردستاندا" وەڵامی هەڵوێستی حکومەت دەداتەوە و دەنوسێت:

**- دەربارەی ڕاگەیاندنی دەفتەری سەرۆکوەزیران، بەرلە هەموو شتێک دەبێت بڵێین کە تەنیا وەڵامی ڕون و ڕاستەوخۆ لەو ڕاگەیاندنەدا، لە وەڵامی ڕاپۆرتی مەهدی بەهادراندا، ئەوەیە کە دەڵێن "ئەوەی دەربارەی**

بڵاوکردنەوەی چەک لە لایەن دوکتۆر چەمرانەوە گوتراوە، بە تەواویی درۆیە". وەڵامەکانی تری حکومەت ناڕون و دوو لایەنەن و وەڵامی بەشی زۆری نوسراوەکەی بەڕێز بەهادوران نەدراوەتەوە.

سەبارەت بەو مەسەلانەی کە دەربارەی تیمسار زەهیرنژاد و سەرهەنگ شەهبازیان و فەرماندەکانی تری سوپا و ژاندارمەریی و "فەرماندەکانی ئێستای کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و پاوە" گوتراوە، دەربارەی هەڵسوکەوتی "جەوانمەردە" دامەزراوەکانی ژاندارمەریی و بە ڕواڵەتی موجاهیدەکانی نەغەدە کە بەڕێز مەعبودی و سەرگورد نەجەفی سەرپەرشتییان دەکەن، دەربارەی ئوستوار بێگلەری، دەربارەی "ئەوانەی بە ڕواڵەت مەلان و ساواکین و دژایەتی کورد دەکەن، دەرەبەگە چەکدارەکان کە لە لایەن سوپا و ژاندارمەرییەوە پڕچەککراون" و تەنانەت دادگاکانی شۆڕش و سوپای پاسدارانیش "دەسەڵاتی پێویستیان نیە کە پێشیان بگرن"، واتە ئەوانەی لە ڕاپۆرتی بەڕێز مەهدی بەهادراندا هاتووە، حکومەت چ وەڵامێکی بۆیان هەیە؟

دەربارەی بەشەکەی تری ڕاپۆرتەکە وەک پڕچەککردنی دەرەبەگەکان دژی خەڵکی هەژار و چەوساوە، هاندان و پێکهێنانی دوژمنایەتی لەنێوان تورکەکان و کوردەکاندا، کوشتاری خەڵکی قارنێ و تاڵانکردن و سوتاندنی گوندەکان، هاندانی هەستی دژی کوردان، تۆڵەسەندنەوە لە کوردە بێتاوانەکان، ڕێگەگرتن لە دەستگیرکردن و سزادانی پێکهێنەرانی ئەو تاوانانە کە لە بڵاوکراوەکەی سەرۆکوەزیراندا ئاماژەیان بۆ نەکراوە! حکومەت چ لێکۆڵینەوەیەکی کردووە و چ ڕونکردنەوەیەکی بۆ خەڵک هەیە؟

وا دابنێین کە بەڕێز بەهادران نوێنەری ئیمام نەبووە لە ناوچەکەدا، بەڵام ئێرانییە، موسوڵمانە و مرۆڤێکە کە بە لێکدانەوەی خۆی 25 ڕۆژ لە کوردستان خەریکی لێکۆڵینەوە بووە و ڕاپۆرتی خۆی ئاڕاستەی دەسەڵاتداران کردووە. نابێت ڕاپۆرتەکەی بێبایەخ بکرێت، هەر لەبەر ئەوەی کە نوێنەری ئیمام نەبووە.

ئێمە ڕای خۆمان دووپات دەکەینەوە: ئەو کارەساتەی کە لە کوردستان هەیە بە هەموو شێوەیەک بۆ تێگەیشتن دەبێت، لەبەر ئەوە هیوادارین بە

بینینــی دروســتی حکومــەت و هیمــەتی برایــان و خوشــکانی کــورد و بــە یارمەتی هەموو حیزب و هێزەکان و لایەنە نیشتمانپەروەرەکانی وڵات، بە زوویی کۆتاییــان پێبێت. گــەلی کــورد داوای مافێک دەکات کە لــە شیری دایک حەڵاڵترە و ئەویش بەڕێوەبردنی ناوچەکەی خۆیان و کەڵکوەرگرتنە لە زمان و فەرهەنگی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتوودا، بــە پاراســتنی تەواویــەتی خــاکی ئێرانــەوە. کاتێــک لــە بەرامبــەر داخوازییــەکی ئــاوا سروشــتییدا کــە جێبــەجێکردنی ســەد لــە ســەد لــە چوارچێــوەی کۆمــاری ئیســلامییدا دەگونجێــت، کــار دەگاتــە قــەتڵی عــام، ســەربڕین، ســک دڕیــن، چاودەرهێنــان و بەڕێخســتنی تانــک و تــۆپ و هێلیکۆپتەر و فڕۆکە و خوێنی بەناحەقی خەڵکی کورد و ئازەریی و فارس لــە ســەر ئــەم خاکــە دەڕژێــت، بێگومــان دەبێــت دڵنیــابین کــە دەســتی "ئیبلیس" واتە ئیمپریالیزم و زایونیزم و پاشماوەکانی ڕژێمی ڕوخاو لە کاردایــە و کاتێــک کەســێکی ئێرانیــی بــە نــاو و نیشــانی خــۆی و بــە ئاڕاستەکردنی بەڵگەوە کە خۆی باوەڕی بە ڕاستبوونیان هەیە، دەیەوێت گۆشەیەک لە کارەکانی ئیبلیس پێشانی ئێمە بدات، دەبێت بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێبکرێت و خەڵک بە دروستیی لەو "گەنە"یە ئاگادار بکرێت کە بەتایبەتیی لەم ڕۆژانەدا کە هەموو لایەک دەستمان داوەتە دەستی یەکتر و هەوڵدەدەین وڵاتی خۆمان لە کارەساتی براکوژیی ڕزگاربکــەین. پەردەهــەڵماڵین لەســەر ئــەو دەســت و شــێوازانەی کــە کارەکانیان بەو کارەساتە گەیاندووە، یارمەتی سەرکەوتنی ڕێگە چارەی ئاشــتییانەی مەســەلەی کوردســتان دەدات، چونکــە ئــەو ئیبلیســانە نەخــەوتوون و دیســانیش دەگەڕێنــەوە بــۆ دانــانی کۆمــەڵێک لەمپــەر کــە نەهێڵن وتووێژی ئاشتیی بە ئاکام بگات.

ڕۆژنامــەی ئیتلاعــات لــە ژمــارەی ڕۆژی 1358/9/16یــدا بــاس لــە تــاوانی سامناکی گوندی قارنێ دەکات و دەنوسێت: خەڵکی قارنێ چۆن قەتڵی عام کران؟ کێ بوون ئەوانەی لە کاتژمێر 1300ی ڕۆژی 1358/6/11دا خەڵکی قارنێ یان قەتڵی عام کرد؟ بنەماڵەکانی ئەو کارەساتە داوای سزادانی بەرپرسانی قەتڵی عامی قارنێ دەکەن!

کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆی یازدەی خەرمانانی ئەمساڵ، گوندی قارنێ کە دە کیلۆمەتر لە شاری نەغەدەوە دورە، لە پەلامارێکی داخهێنەری سێ کاتژمێرییدا، 47 کەسی لێکوژرا. لە نێوان چل بنەماڵەی نیشتەجێی ئەو گوندەدا، لە هەندێک بنەماڵەدا یەک و لە هەندێکیشیاندا شەش کەس کوژران. کوژراوەکان بریتی بوون لە ژن و پیاوی پیر و گەنج و تەنانەت بەشێکیان مناڵ بوون و تەمەنیان لە ژێر پێنج ساڵەوە بوو.

**پلانی تاوان:** کەم کەس دەتوانێت لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی کارەساتی قارنێ دانیشێت و گوێ بگرێت لەو بەسەرهاتەی کە لە ماوەی سێ کاتژمێردا بەسەر ئەو خەڵکە هاتووە و خەم هەڵێنەگرێت. خەڵکی قارنێ دەربارەی ئەو کارەساتە، زانیاریی ڕاستەوخۆ و ڕونیان هەیە. **هەمزەی شەریفی** تەمەن پازدە ساڵ خوێندکاری ساڵی سێیەمی ڕێنمایی، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر سەبارەت بە کارەساتی کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆی یازدەی خەرمانانی ئەمساڵ ئاشکرا دەکات. بەگشتیی هەموو بنەماڵەکانی شەهیدانی گوندی قارنێ ئەم بەڵگەیەیان بەدەستەوەیە. بەڵگەکە ئەمەیە، کەسێک بە ناوی حاجی عەزیمی مەعبودی بۆ خەلیل خەسرەوی کوێخای دێ و چەند پیاوی ماقوڵی دێی نوسیوە. نامەکە لەسەر کاغەزی مارکداری توجارەتخانەی مەعبودی، خاوەن شەریکەی تراکتۆری "یونیڤێرسال" لە شارەکانی نەغەدە، پیرانشار، شنۆ و دەوروبەر نوسراوە. خەڵکی قارنێ دەڵێن: ئەو یەکێکە لە دەربەگانی سەربە ڕژێمی پێشوو. نامەکە ڕۆژێک بەرلە کارەساتی قارنێ نوسراوە و دەقەکەی بەم جۆرەیە:

**بەڕێز بەهلول گوڵستای و عەزیز بازدار و خەلیل خەسرەوی. دوای سڵاو، داوادەکەم بۆ هاتوچۆی شار بۆ خواردەمەنی گوندی قارنێ، بۆ خۆتان و برایانی تری گوندی قارنێ هاتوچۆتان هەبێت. هەر کەسێک بچوکترین گرفت بۆ ئێوە و بۆ برا کوردەکانی تر پێکبهێنێت، زوو بچنە لای "ئینتزامات"، یان وەرن بۆ لای خۆم تا ئەو کەسە بە ناوی دژی شۆڕش بگرم و تەسلیمی کاربەدەستانی حکومەتی بکەم. بەگشتیی هیچ مەترسییەکتان نەبێت، ئێمە برای یەکترین.**

**بە ڕێزەوە، حاج عەزیم مەعبودی**

**ئیمزا 1358/6/10**

**گەمارۆدانی گوند:** ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ڕۆژی 1358/9/16، لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بۆ نامەی مەعبودی دەکات و دەڵێت: لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە خەڵکی گوندی قارنێ نیگەران بوون و مەبەستی نوسەری نامە ئەوە بووە کە خەڵکی قارنێ ئارام بکاتەوە و بە ڕواڵەت لە پلانەکەیاندا سەرکەوتووە.

**هەمزە دەڵێت: ڕۆژی 11ی خەرمانان دەوری دێیان بە تەواویی بە تانک و تۆپ گەمارۆ دابوو. کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ نزیکەی 100 کەس لەگەڵ کەسێک بەناوی قادری، بە بەرگی موجاهیدە پاسدارەکانەوە ڕژانە ماڵەکانەوە و هەر کەسێکیان دەستکەوت، کوشتیان و سەریان بڕی. مەلای دێ بە قورئانێکەوە چووە لایان و سوێندی بۆ خواردن کە خەڵکی ئەم دێیە هیچ تاوان و گوناهێکیان نیە. هێرشکەران دەستبەجێ مەلای دێیان کوشت و سەریان بڕی و سەرەکەیان لەگەڵ خۆیان برد بە چەشنێک کە هێشتا سەری مەلای دێ نەدۆزراوەتەوە.**

ژنێک کە لەو کارەساتەدا دوو منالی 15 و 18 ساڵەی کوژرابوو، دەڵێت: ئەوان بەزەییان بە هیچ کەسدا نەهات. ئێمە نەک هەر ئەو هەموو بێبەزەییەمان نەبینیبوو، بەڵکوو نەشمانبیستبوو. ئەوانەی کە ئێستا زیندوون، لەو کاتەدا یان لە گوند نەبوون یان توانییان بە جۆرێکی ئەووتۆ خۆیان بشارنەوە.

**دەربارەی چەشنی چەکە بەکارهاتووەکان لەو کارەساتەدا، پیرەمێردێک بە ناوی سەید ئەحمەد دەڵێت: ژمارەیەکیان بە تفەنگ کوشت و هەندێکیشیان بە کێرد و چەقۆ سەربڕی و ژمارەیەکیش بەتایبەتیی منالەکانیان بە شەق و لەژێر پۆتینەکانیاندا خنکاند.**

سەید ئەحمەد دەربارەی چۆنیەتی کوژرانی نۆ ئەندامی بنەماڵەکەی لەو کارەساتەدا، دەڵێت: ئەو ڕۆژە من لە نەغەدە بووم و ئێوارە کە گەڕامەوە قارنێ، دۆزەخم بە چاوی خۆم بینی.

**خەڵک چییان دەوێت؟** پتر لە سێ مانگ لە کارەساتی قارنێ، تێدەپەڕێت. خەڵکی ئازاردراوی ئەو گوندە سەرەڕای کوژرانی ئازیزانیان، بە دەردێکی مەزنی تریشەوە دەناڵێنن، دەڵێن: دەردی ئێمە ئەوەیە کە لەو ماوەیەدا هیچ کەس بە دەنگی ئێمەوە نەهاتووە. هیچ کەس نەهاتووە

کە بارودۆخی ئێمە ببینێت. ئێمە قاتڵەکانی ئازیزانمان دەبینین کە سەرکەوتووانە و بەئارامیی بە لاماندا تێدەپەڕن. هەندێکیان بە هۆی ئەو تاوانەوە تەنانەت خەڵاتیش کراون! ئێمە دەزانین کە پلاندارێژی ئەو تاوانە تیمسارێک بووە لە سوپادا.

**ئێمە پارەمان ناوێت! گروپێک لە خەڵکی قارنێ هەر کە ئاگاداربوون لیژنەی وتووێژی ئاشتیی هاتووەتە کوردستان، بە دوو مینیبوس لە قارنێوە هاتنە مهاباد و بە وتەکانیان داریوش فروهەریان خەمبارکرد. کاتێک فروهەر بە ژنێک کە مێردەکەی و دوو کچی کوژرابوو، گوت: بە کارەکەت ڕادەگەن، ژنەکە بە دەنگی بڵند لە کاتێکدا بوغوز گەروی دەگوشی، گوتی: لە دێیەکەی ئێمەدا جنایەت کراوە، ئێمە پارەمان ناوێت، تەنیا دەمانەوێ قاتڵی ئازیزەکانمان بگرن و موحاکەمەیان بکەن و سزایانبدەن. ئێمە دەمانەوێت ئەوانەی پەلاماری ماڵەکانی ئێمەیاندا و ژمارەیەک منداڵی بێتاوانیان کوشت و ئێستا بێباکانە بە لای ئێمەدا تێدەپەڕن، دەستگیر بکرێن و موحاکمەیان بکەن. ئێمە جگە لە عەدالەت، هیچمان ناوێت. ئێمە دەمانەوێت کەسێک بە هاواری ئێمە بگات، کەسێک بێتە ئێرە و بە کاری ئێمە بگات. دوێنێ ژمارەیەک هاتن و گوتیان: شەڕە و شەڕیش شتی وای تیادا ڕو دەدات، بەڵام بە خوا بە ئایین بە پێغەمبەر لێرە شەڕ نەبوو، کۆمەڵێک خەڵکی بێتاوانیان سەربڕی. چۆن منداڵی چوار ساڵە دەتوانێت بەشداریی شەڕ بکات!**

فروهەر بەڵێنی پێدان کە وتەکانیان بە ئیمام بگەیەنێت و بنەماڵەی کوژراوەکانیش سواری مینیبوسەکانیان بوون و لە حاڵێکدا کە ساتێک لە گریان و ناڵین نەدەبوونەوە و هەر تازیەبار بوون، گەڕانەوە گوندەکەیان.

ڕۆژی 1358/6/26 ئایەتوڵا خومەینی لە قوم چاوی بە بنەماڵەی شەهیدانی کارەساتی قارنێ کەوت. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/27 یدا بەشێک لە وتەکانی خومەینی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان بڵاوکردووەتەوە. خومەینی لەم بارەیەوە ڕادەگەیەنێت کە قەرەبووی بنەماڵەی شەهیدان دەکاتەوە و ئەنجامدەرانی کارەساتی قارنێ بە سزا دەگەیەنێت:

- بسم الله الرحمن الرحيم.... نوسراوەکەی ئێوەی بەڕێز دەخوێنمەوە و کاری لەسەر دەکەین. بزانن ئەوانەی زوڵمیان لە ئێوە کردووە، پێشتریش، دوێنێ شەو بەڕێز خلخالی پێیگوتم: لە بەدکاران بوون و سەرئەنجام ئینشائەڵا گرفتار دەبن و من لەم بارەیەوە کاری بۆ دەکەم کە بە عەدالەت بەڕێوە بچێت، ئەوانەی کە زوڵمیان کردووە سەر بە کۆماری ئیسلامیی نەبوون، کەسانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی خەڵک ناکوژن و زوڵم و دەستدرێژیی ناکەن. ئەوانە بەدکار بوون کە ئینشائەڵا دەبێت دادگایی بکرێن و منیش ئینشائەڵا کاری لەسەر دەکەم. سەبارەت بە ئاوایی ئێوە، دەکۆڵمەوە و هیوادارم قەرەبوو بکرێتەوە.



وادە و بەڵێنەکانی ئایەتوڵا خومەینی لە وتەدا مایەوە و سەبارەت بە دووپات نەبوونەوە تاوانی قارنێ هیچ هەنگاوێکیان نەبڕی و لەشکرەکانی ئیسلام بە دوای تاوانی قارنێدا چەندا کارەسانی تریشیان لە گوندەکانی تری کوردستان و تەنانەت لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییدا بەڕێوەبرد و تاوانبارانیش هەرگیز سزا نەدران. لە جێی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

## هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر شاری مهاباد

ڕۆژی 1358/6/11 فڕۆکـە بۆمهاوێژەکـانی ئێـران بێوچـان بەسـەر شـار و ناوچەی مهاباددا دەخولانەوە و دیواری سەوتیان دەشکاند. ژمارەیەک لـە خەڵکی شار و بەتایبەتیی ئەوانەی گومانی گرتنیان هەبوو، مهابادیان بەجێهێشتبوو. پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات هەردوو بەرەی شەڕیان لـە هێڵـی میانـدواو و ورمـێ گرتبـوو. پێشـمەرگەکانی بزوتنـەوەی سۆسیالیستیی لـە بـەرەی میانـدواو یارمـەتیی پێشـمەرگەکانی حیزبـی دیموکراتیاندەدا. کەسێکیش کە خۆی ناونابوو "ئەبوو محەمەد" و دواتر بە جاسوسـی عێـراق دەرچـوو، لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەکی‌تری حیزبـی دیموکرات بە تانکێکەوە لەسەر بەرزاییەکانی "کەڵکی بەگزادە" بوون. من لـە سـەربازخانەی مهابـاد بـووم و هەنـدێک جـار بـە هـۆی نـزم فڕینـی فڕۆکەکانەوە بە دۆشکەی تانکێک تەقەم لێدەکردن.

شەوی 11 لەسەر 1358/6/12 (1979/9/3) زۆر بە دژواریی تێپەڕی. ئەو شـەوە فڕۆکـە بۆمبهاوێژەکـان چەنـدان جـار بـە دۆشکە و موشـەکەکانیان تەقـەیان لـە چیای پشت سـەربازگە و داشامەجید و چیای خـەزایی کـرد، بـەڵام زیانیـان بـە خـەڵکی شار نەگەیاند. لەگـەڵ ئەوەشدا پەیتا پەیتا هەواڵی پێشڕەویی سوپا و سوپای پاسداران دەگەیشتە حیزبـی دیموکرات، جگە لە مەلا محەمەدی جوانڕۆ و کەریم حیسامی هەموو بەرپرسانی حیزب مهابادیان بەجێهێشتبوو، مەلا محەمەدیش بەبێ ئاگادار کردنەوەی من لـە بەیانیی ڕۆژی 1358/6/12 وە لە مهاباد نەمابوو.

بەیانی ڕۆژی 1358/6/12 کەشی مهاباد گەرم و سووتێنەر بوو. خـەڵکێکی زۆر دەهاتنـە سەربازگە و داوای چەکیان دەکرد، ئەوە لـە کاتێکدابوو کـە سـەربازگەی مهابـاد چـەکی تێـدا نـەمابوو. پەیوەنـدیی حیـزب بـە پێشمەرگەوە پچڕابوو.

کـاتژمێر 13:00 بەشـێکی پـارکی موتـۆریی یـەکانی تـەعمیرات لـە سەربازگە بە تەقەی فانتۆمێک ئاگری گرت. کاتژمێر 14:00 سەید محەمەد کولیجی هاتـە سەربازگە و گوتی هێزەکانی سوپا گەیشتوونەتە بڵـواری میاندواو و لە پشت دانیشسەرای کچانی مهاباد ڕاوەستاون. ڕۆژێکی زۆر ناخۆشبوو، پێشمەرگەکانی دەوروبەری سەربازگە هەر یەکەیان بەلایەکدا

بڵاوببوونـــەوە، ڕێکخســتن و فــەرمان و بڕیــاری حیزبیــی بــۆ پێشــمەرگە و بەرپرسان ڕون نەبوو، ئەوەی پێشتر وتووێژی لەسەر کرابـوو، ئـەوە بـوو کـە پێشمەرگە لـە شاری مهابـاددا شـەڕ نـەکات. ئەندامانی دەفتـەری سیاسـی حیزب لە ڕۆژی 1358/5/23وە شاریان بەجێهێشتبوو. ئەندامانی ڕێکخـراوی مهابـاد بڵاوببوونــەوە و کــەریم حیسـامی لەگــەڵ چەنـد کەسێک چووبـووە گوندی پشتەپ.

کـــاتژمێر 14:10 لەگـــەڵ ســـەید محەمـــەد کـــولیجی بڕیارمانـــدا شـــار بــەجێبهێڵین. ئوتـۆمبێلێکی پـەیکانم هــەبوو، سـواربووین و چووینــە مــاڵی ئێمـە کـە هەنـدێک کەلوپـەلی پێویست هــەڵبگرین و خۆمـان دەربازبکــەین. شـار چـۆڵ بـوو، لــە بــەردەرگای "کەلانتــەری" دا بینیمــان بەنـدکراوەکانی شــارەبانی خۆیــان لــە زینــدان ئــازاد کــردووە و هــەر یەکــە و بــە لایەکـدا ڕادەکەن. کوێخا شەریف قاتڵی ئیسماعیلی شەریفزادە و عەلی جـەفاییمان بینی، عەلی جانتایەکی قاوەیی پێبوو، ڕایدەکرد و بە دەنگی بڵند دەیگـوت "بــژی پێشــمەرگە" و جنێــوی بــە خومــەینی دەدا. هــەر وەک لــە بەشــی " **پێکهــاتنی دادگــای شۆڕشــی ئیســلامیی لــە مهابــاد**" دا ئامــاژەم بــۆ کــرد، دادگــاییکردنی جــەفایی بــە هــۆی درەنــگ بــوونی شــەو بــۆ پــازدە ڕۆژیتــر دواخرابـوو، کــەچی ئــەو بــەم جــۆرە لــە مــەرگ ڕزگــاری بـوو. شـایانی باسـە جەفایی دوای ڕاکردنی لە زینـدان، چـوو لـە دەزگـای هــەوڵگریی "ساواما"ی کۆمــاری ئیســلامییدا دامــەزرا و کوێخــا شــەریفیش ســەرلەنوێ چــەکی جاشــایەتی کــــردەوە شــــانی و ســــەرئەنجام لــــە شــــەڕێکدا لــــە گــــەڵ پێشـمەرگەکانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە گونـدی "میـرەدێ" لـە جادەی سەقز و بانە کوژرا.

بــە هــەر حــاڵ چــووم کیســە خــەوێکم هــەڵگرت و لەگــەڵ ســەید محەمــەد ســواری ئوتۆمبێــل بــووین. شــەقامەکانی مهابــاد چــۆل بــوون و جارجــارە ئوتۆمبێلیان پێدادەڕۆیشت، ئەویش نەک بەرەو باکوری شار، بەڵکوو بــەرەو ڕۆژئــاوا و بــاکوری ڕۆژئــاوا، واتــە جــادەی سەردەشــت و جــادەی گۆڕســتانی بداغ سوڵتان کە دەچووە گوندی پشتەپ.

لە پشت دەروازەی سەدی مهاباد گەیشتینە بارهــەڵگرێکی سەربازیی کـە تۆپێکی 105 میلیمـەتری پێوەبـوو. بینیمـان کـەریم پورقوبـاد بـە تـەنیا لـە

بارهەڵگرەکە دایە، دەستمان بۆی بەرزکردەوە، ئەو وەستا و ئێمەش وەستاین. گوتی پێشمەرگە بەرەی میاندواوی بەرداوە و منیش ناچار بووم خۆم و ئەم تۆپ و بارهەڵگرە ڕزگار بکەم. لە ڕاستییدا جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەمی پێشمەرگە، لە ئێوارەی ڕۆژی 1358/6/11وە پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و پێشمەرگەکانی حیزب بەرەکانی شەڕیان بەجێهێشتبوو.

بەهەر حاڵ خەڵک وەک مێروو لە جادەکەدا بوون، ژنی منداڵبەشان و منداڵی بێ پێڵاو بەرەو چارەنوسێکی نادیار دەچوون. دوو هێلیکۆپتەر بە سەرماندا دەخولایەوە و چەند فڕۆکەیەکیش لە بەرزایی ئاسمان بوون و هێزەکانی زەمینیی سوپا لەژێر چاودێریی ئەواندا لە شوێنە ستراتیژییەکانی سەربازگەی مهاباد و بەرزاییەکان دادەبەزین. فڕۆکە و هێلیکۆپتەرەکان تەقەیان لە خەڵک نەدەکرد و لە ڕاستییدا ئەگەر تەقەیان بکردایە، هەزاران کەسیان دەکوشت.

کەریم لە بارهەڵگرەکە دابەزی و بارهەڵگرەکەمان بە تۆپەوە لەوێ بەجێبهێشت. خەڵک بە ڕادەیەک لە جادەکەدا بوون کە ئۆتۆمبێل بە دژواریی پیایدا تێدەپەڕی. ئێمە بەرەو سەردەشت دەچووین، لە نزیک گوندی "چوارگا" کە گوندی قادر ئاغا ئەندامی دێرین و چالاکی حیزب بوو، پێیانڕاگەیاندین کە بچینە ئەو گوندە. چووین سەرگورد عەباسی و مەلا محەمەد جوانڕۆ و ژمارەیەکی زۆر ئەندام و پێشمەرگەی حیزب لەوێ بوون.

ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات سەبارەت بە گرتنەوی مهاباد لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە، لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/13 دا بڵاویانکردەوە: **(بە ڕووناکبوونی ئاسمان، فڕۆکە جەنگییەکان کێوەکان و بەرزاییەکانی مهابادیان دایە بەر موشەک و دۆشکە. نزیکەی کاتژمێر 09:00 کاروانە ڕەوانەکراوەکان بە فەرماندەیی تیمسار فەلاحی لە جادەی میاندواو و هاوکات لەشکری 64 ورمێ لە سێ ڕێیانی نەغەدە بە فەرماندەیی سەرتیپ زەهیرنژاد واتە لە ڕۆژهەڵات و باکورەوە بەرەو مهاباد کەوتنە ڕێ. بە درێژایی جادەکە شەڕ بە شێوەی بەربڵاو ڕویدا. هێزە سەربازییەکان زۆر بە تێبینییەوە دەچوونە پێشەوە و چیاکانی دەوروبەری**

**خۆیان خستبووە ژێر ئاگری چەکی قورس و دۆشکەی هێلیکۆپتەر. کاتژمێر نزیکەی 15:00 دەسماڵ سەوزەکانی هێزی پەراشووت "چەترباز" دوای بەرەنگارییەکی کەم لە نزیک دانیشسەرای سەرەتایی شار دابەزین و ئەو ناوچەیە کەوتە دەست پاسدارەکانەوە. لەو کاتەدا یەکێک لە بیناکانی سەربازگەی مهاباد ئاگری گرت و ئەو مەسەلەیە بەرپرسانی پێشمەرگەکانی بەتوندیی خستە مەترسییەوە و هەموو هەوڵدەدەن بە جادەی باشور و ڕۆژئاوای مهابادا شار بەجێهێڵن. بەپێچەوانەی پێشبینییەکان، بەتایبەتیی لە بەرزاییەکانی شاردا بەرگریی ناکرێت. یەکەکانی سوپا و سوپای پاسداران بە ناو شاری مهابادا تێدەپەڕن و دەگەنە سەربازگە و دەستی بەسەردا دەگرن و پێشمەرگەکان ناتوانن هەموو چەکە قورسەکان لەگەڵ خۆیان ببەن.).**

حەقگو پارێزگاری ورمێ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کەیهان کە ڕۆژی 1358/6/13 بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە داگیرکردنی سەربازگەی مهاباد لە لایەن سوپاوە ڕادەگەیەنێت: پێشمەرگە کوردەکان بەرلە هاتنی سوپا، خۆیان ئاگریان لە سەربازگەکە بەردابوو، بەشی زۆری چەکەکانی سەربازگەیان لەگەڵ خۆیان بردبووە چیاکان، بەڵام چوار تانک و چەند تۆپێکیان بەجێهێشتبوو کە کەوتنە دەست هێزەکانی سوپا. کاتێک سوپا و سوپای پاسداران گەیشتنە مهاباد، پەلاماری بنکەی حیزبی یاساخکراوی دیموکراتیان دا، بەڵام کەس لە بنکەکەدا نەبوو. شێخ عیزەدین و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات لەوانە عەبدولرەحمان قاسملوو پێشتر شاریان بەجێهێشتبوو، وەک بە منیان ڕاگەیاندووە، ڕەنگە چووبنە بانە، بەڵام هێشتا ئەمە ڕون نیە.

مەحمود ئەردەڵان یەکێک لە فەرماندەکانی سوپا لە بەرەی میاندواو کە وتەکانی لە کەیهانی ڕۆژی 1358/6/14دا بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی هاتنی هێزەکانی لە میاندواوەوە بۆ مهاباد و داگیرکردنی ئەو شارە دەڵێت: **(ئێمە کاتژمێر 13:00ی ڕۆژی 1358/6/12 گەیشتینە دەروازەی شار و دەستبەجێ بەرزاییەکانمان خستە دەست خۆمان. کاروانی ئێمە بریتی بوو لە: گوردانی 176ی مەنجیل، یەکانی تۆپخانەی مەراغە، گروپی زەربەتی هێزی دەسماڵ سەوزەکان، یەکانی پاراشوتی تاران، گوردانی 185ی**

**قـەزوێن، گـوردانـی 221 ی لـەشـكری ئـەهواز، هـەروەها ئاتـەشـباری 203 میلیمـەتری مـەراغـە).**

سەردەشــت هیشــتا چــۆڵ نــەكرابوو ، بــەڵام خـەڵكـەكــەی خــەریكی خۆكۆكردنـەوە بوون و دەیانزانـی بـە زوویی پاسدارەكانـی كۆماری ئیسلامیی دەگـەنــە ســەریان. دوكانــەكانی سەردەشــت داخرابــوون و هــیچ شــتێك تـەنانـەت نـانیش بـۆ كـڕین نـەبوو. ژمارەیـەكی زۆر ئـاوارەی مهابـاد بـەبێ ئامـانج لــە شـاردا دەخولانــەوە و بێسەروسـامانیی هــەموو شـاری لــەخۆی گرتبوو. لـە سێ ڕێیـانـی بێـوران و "قـەلـەڕەشـێ" تـانكێك زنجیـری تایـەكانی شكابوون و لـەوێ مـابووەوە، دواتـر زانیمـان كـە ئـەبو محـەمـەدی جاسوسی عێراق ویستوویەتی ئەو تانكـە لـەگـەڵ خـوی بباتـەوە بـۆ عێـراق. خـەڵكێكی زۆر لـە بێـورانـی سەروو كۆببوونـەوە.

## سوپای ئێران دەگاتە بانە و سەردەشت دوا شاری ئازادی کوردستان داگیر دەکات

پێشتر گوتم سوپای ئێران لە سەقزەوە بەرەو مهاباد و بانە کەوتەڕێ. دوای داگیرکردنی مهاباد لە 1358/6/12دا. ئیتر گوشارەکەیان خستە سەر شاری بانە و ڕۆژی 1358/6/13 (1979/9/4) دوای بەرەنگارییەکی حەوت کاتژمێریی لە دەرەوەی بانە، لە لایەن حیزبی دیموکرات و شورای شاری بانەوە کە مامۆستا مەلا جەلال حوسێنی سەرۆکی بوو، سەرئەنجام هێزەکانی سوپا و سوپای پاسداران و موجاهید و "کۆکراوەکانی" حکومەت بانەیان داگیرکرد.

ڕێبوار حوسێنی لە یادداشتێکیدا بۆمن، لەو بارەیەوە دەنوسێت: **(هەروەک جەنابت نوسیوتە پێشایی ئەو هیزەی سەقز بانە گەیشتە پێچەکانی پشت گوندی قوڕوچا و لەوی روبەروی یەکەم تەقەی هیزی پێشمەرگە بوونەوە کە من لەگەڵ برادەرێکی تر کە ئێستا لە شاری بانە دادەنیشی پێکەوە بوین هەر لە یەکەم دەستریژدا هیزی دژمن سەریلێشیوا و بەشێکی زۆری خۆی تەسلیم کرد. بۆ نمونە من و ئەو برادەرە ١٢ کەسمان بەدیل گرت.)** محەمەد وەسانی هەواڵنێری کەیهان کە خۆی لەگەڵ پەلاماردەران هاتبووە بانە دەربارەی داگیرکردنی بانە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی لە کەیهانی ڕۆژی 1358/6/14دا دەنوسێت:

- ئێمە یەکەم گروپ بووین لەناو هەواڵنێراندا کە دوای دە کاتژمێر لە سنەوە بە مەریواندا گەیشتینە شاری شەڕداگرتووی بانە. سەرەتا یەکەکانی لەشکری 28 ی کوردستان، تەکاوەرانی دەریایی مەنجیل، پاسدارە ڕەوانەکراوەکان، دەسماڵ سەوزەکان، یەکەکانی ژاندارمەریی بە تانک و تۆپ و چەکی قورس جێگیر کرابوون. شەڕی قورس لە بەرزایی سەروی شار لە "قرەج دابان" ڕویدا. لەو شەڕەدا هەردوو لایەن بە هاوەن و تۆپی قورس و تانک تەقەیان لە یەکتر دەکرد. لێرە تەکاوەرێک و سێ پاسدار شەهید بوون. خەڵکی بانە ڕایانگەیاند کە ئێمە ئەمنیەت و ئاسایشمان دەوێت و شەڕێکی نەخوازراومان بەسەردا سەپاوە. نوێنەری کوردەکان گوتویەتی جەلال تاڵەبانی پشتیان دەگرێت. لە عیزەدەین حوسێنی و قاسملوو کە لێرە ناوەندێکی بەهێزیان هەبوو، هەواڵێک لە

دەستدا نیە، بەڵام سەید جەلال حوسێنی دوو کاتژمێر بەرلە گەیشتنی سوپا بە ئوتۆمبێلێکی "لاندروزەر" بانەی بەجێهێشتووە. ستوان نەقشبەندی ئەندامی پێشڕەوی سوپاش گوتی بەرزاییەکانی "قەرەج دابان" و "کەلی خان" شوێنی هەرە مەترسیهێنەری شەڕ بوون. هەروەها گوتی هێلیکۆپتەرە "کوبرا"کان تانکێک و دوو ئوتۆمبێل و بەشێک کەرەستەی قورسی هێزە کوردییەکانیان لەو شەڕەدا لەناوبرد. هەروەها گوتی بەپێچەوانەی مهابادەوە لە بانە بەرگریی کوردەکان خوێناوی بوو. کەیهان لە درێژەی نوسینەکەیدا ئاماژە بۆ وتەی عەبدوڵا ناوێک دەکات کە شۆفیری بارهەڵگرێکە و دەنوسێت:

- ئەم شارە پێگەی هێزە چەکدارەکانی شێخ عیزەدین و قاسملوو و سەید جەلال بووە و ئەوان لێرەوە پەیوەندیان بەوبەری سنورەوە کردووە و خەڵکیان هانداوە کە چەک هەڵبگرن. هەروەها هەواڵنێری کەیهان ڕادەگەیەنێت کە ڕۆژی سێ شەممە 1358/6/13 کاتژمێر چواری ئێوارە، جبەخانەیەکی هێزە چەکدارەکانی کورد لە دە کیلۆمەتری بانە لە پاسگای "ڕۆستەمی" کەوتە دەست هێزەکانی سوپا کە چەند نارنجۆکهاوێژ، هاوەن، بێسیم و چەکی قورسی تێدابوو. هەر ئێستا دوکتۆر چەمران لە بانە خەریکی ڕێکخستنی ئیدارەی شارەبانییە لە لایەن پۆلیسەکانی شارەبانییەوە و تا ئێستاش دوکان و بازاڕەکانی شاری بانە نەکراونەتەوە. خەڵکی بانە دەڵێن چەکدارە کوردەکان دوای گرتنەوەی بانە و مهاباد، پەنا بۆ شێوەی شەڕی پارتیزانیی دەبەن و مەیدانی خەباتیان هەموو ناوچەکانی کوردستان دەگرێتەوە.

ڕۆژی 1358/6/14 (1979/9/5) خەڵکێکی زۆر لە ترسی سوپای داگیرکەری ئێران لە سەردەشتەوە ڕایانکردبوو، پەنایان بۆ بنوخەڵەف و کانی زەرد و گوندەکانی دەوروبەری سەر سنوری دەستکرد برد. لە هەموو لایەک باسیان لە چارەنوسی خۆیان و بنەماڵەکانیان دەکرد.

ڕۆژی 1358/6/15 (1979/9/6) سوپای ئێران خۆی گەیاندە سەردەشت و وەک دوا پێگەی بزوتنەوەی کورد و حیزبی دیموکرات و دوا شاری ئازادی کوردستان داگیری کرد و ئیتر هیچ شارێکی کوردستان بە دەست

پێشـمـەرگەوە نـەما و پێشـمـەرگە کەوتـە نـاو تاقیکردنەوەیـەکی نـوێ و قۆناخێکی نوێی ژیان و خەباتەوە.


گزارش‌های لحظه به لحظه و اختصاصی خبرنگاران اعزامی کیهان

جزئیات ورود پیروزمندانه ارتش و پاسداران به مهاباد و بانه

www.behzadkhoshhali.com

کیهان

۱۲ صفحه

موتورسوارانی که کارت شناسائی نگیرند، جلب می‌شوند

توطئه دموکراتها برای جلوگیری از حرکت ارتش خنثی شد

عزالدین حسینی، قاسملو و طالبانی به عراق گریختند

مقر حزب منحله دموکرات ویران شد

امام: احتیاجات و آسایش برادران کرد با تمام امکان تامین میشود

محتکران و گرانفروشان بعنوان جنایتکار محاکمه می‌شوند

کلیه کارمندان به ۳ سال خدمت تا پایان آبان بازنشسته می‌شوند

برنامه‌های غیر اسلامی

سوپای ئێران لـە مـاوەی 18 ڕۆژدا، واتـە لـە 1358/5/27وە کـە خومـەینـی فتـوا بـەدناوەکـەی ڕاگـەیانـد تـا 1358/6/15، شـاری پـاوە، سـنـە، کـامیـاران، مـەریوان، سـەقز، بانـە، بۆکان، مهاباد و سـەردەشتی گرتـەوە. هۆی سـەرەکیی زاڵبوونی خێرای سوپای ئێران بـەسـەر شـارەکـانی کوردستـاندا، دەگـەڕایـەوە بۆ ڕێکنـەخستنی پێشمـەرگەکـانی حیزبی دیمـوکرات لـە ئۆرگـانێکی تـایبـەت بـە پێشـمـەرگـەدا، کـەم ئـەزمونیی حیزبـی دیمـوکرات و پێشـمـەرگـەکـانی لـە شـەڕی پارتیزانییدا، توندڕەویی هێـزە چـەپـەکانی وەک یـەکیـەتی جوتیـاران و چریکی فیدایی و... تد کە دەیانویست بە پەلە کوردستان بکـەنـە وڵاتێکـی سۆسیالیستیی و لـەوێوە ئێران و جیهان ڕزگاربکـەن! تونـدڕەویی موسوڵمانـە توندڕەوەکـانی لایـەنگری ئـەحمـەدی مفتی زادە کە هـەستی ئاییـنییان زاڵبـوو بـەسـەر هـەستی نـەتـەوایـەتییانـدا، شـەڕئـەنگێزیی خومـەینی و لایـەنگرانی لـە سوپا و سوپای پاسداران و حکومـەتدا، هاوکارییکردنی بـەشێک لـە دەرەبـەگ و سـەرۆک خێڵـە کوردەکـان کـە بـۆ نۆکـەرییکردنی بێگانـە ڕاهـاتبوون،

دەستێوەردانی حکومەتی عێراق لە کاروباری کوردستان و سەرئەنجام لاوازیی سیاسی گەلانی ئێران و بەتایبەتیی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەبێ هیچ مەرجێک، پاڵپشتیی سیاسییان لە توندڕەوییەکانی خومەینی و کۆماری ئیسلامیی دەکرد، وەک ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران بە سەرۆکایەتی مەسعود ڕەجەوی و حیزبی تودە بە سەرۆکایەتی نورەدین کیانوری. بەڵام گرتنەوەی شارەکانی کوردستان لەو ماوە کورتەدا و بڵاوکردنەوەی پاسدار لە شار و جادە و چیاکانی کوردستاندا کارێکی ئاسان نەبوو کە لە توانای کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بێت. لە ڕاستییدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە چەشنی شەڕەکانی سەردەمی خەلیفەکان، عومەری خەتاب و عەلی کوڕی تالیب، بە کۆکردنەوەی خەڵک و بەڕێکخستنیان بۆ بەرەکانی شەڕ، شارەکانی کوردستانی گرتەوە، ئەگەرنا ئەو جۆرە شەڕە دور بوو لە تاکتیکی جەنگی مۆدرینی سەردەم. پشتیوانیی بە سەقامگیریی ئەو هێزانە لە دواڕۆژدا نەکرد کە بتوانن لە بەرامبەر هێزی پارتیزاندا خۆیان ڕابگرن و پێشمەرگە زۆر بە ئاسانیی دەیتوانی ڕەگاژۆیی بکاتە ناوچەی دوژمن و زیانی پێبگەیەنێت.

## کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاقیکردنەوەیەکی نوێی خەباتدا

بەر لەوەی کە سوپای ئێران بگاتە مهاباد، هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهان لە مەریوان وتووێژێکی لەگەڵ خەلخالی حاکمی شەرعی کوردستان کرد. کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/12یدا هاوکات لەگەڵ هاتنەوەی سوپا بۆ مهاباد، وتووێژەکەی بڵاوکردەوە. خەلخالی لە وەڵامی پرسیاری هەواڵنێری کەیهاندا کە دەپرسێ باشتر نیە کێشەی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتیی و وتووێژەوە چارەسەر بکرێت؟ دەڵێ: **(ئێمە دیموکراتەکان بە ڕەسمیی ناناسین. ئەوان کۆمەڵێکی خایین و مرۆڤ کوژن. لە سەهیۆنیستەکانەوە فەرمان وەردەگرن، لە کاتێکدا داوای وتووێژ دەکەن، نوسینگەکانیان لە ئەوروپا و کوردستان باسی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەکەن و ئەوە بەو واتایەیە کە دەیانەوێت کوردستان لە ئێران جیا بکەنەوە.)**.

ئەمە پروپاگەندەیەک بوو کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی دوای پڕ چەککردنی خێڵەکان دەیانکرد، تا گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی پێ سەرکوت بکەن. هەرچەندە حیزبی دیموکرات تا نوسینی ئەم دێڕانەش! داوای نەکردووە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران جیاببێتەوە! بەڵام لە ماوەی 57 ساڵ دەسەڵاتداریەتی بنەماڵەی پەهلەوی لە ئێراندا بە بەردەوامیی کار بەو پرۆپاگەندەیە کرابوو تا بزوتنەوەکانی کوردی پێ سەرکوت بکەن و نەوەکانی کورد لە زیندانەکاندا شکەنجە بدەن.

بەهەرحاڵ دوای گەڕانەوەی سوپا بۆ مهاباد، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ڕۆژی 1358/6/14 (1979/9/5) کۆبوونەوەیەکی بەرینیان لە هۆڵی فەرمانداریی مهاباد کرد. سەرهەنگ نیکنام فەرماندەی هێزەکانی سوپا، ئەبو شەریف فەرماندەی سوپای پاسداران و ژمارەیەک فەرماندە و کاربەدەستی حکومیی و خەڵکی مهاباد بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەیان کرد. ڕەحمان فازلی بەڕێوەبەری فەرمانداریی مهاباد بە وەکالەت، لە وتووێژێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی 1358/6/15 (1979/9/6)، دەربارەی ئەم کۆبوونەوەیە ڕایگەیاند:

**- (لـەو کۆبوونـەوەیـەدا کـە سـەرهەنگ نیکنـام فەرمانـدەی هێـزە جێگیرکراوەکان لە مهاباد و ئەبوشەریف و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی سەربازیی و حکومیی تێیدا بەشداربوون، من ڕاستییەکانم ڕاگەیاند و گوتم ژمارەیەک لاو و خەڵکی مهاباد، شنۆ، سنە، پیرانشار، پاوە، بۆکان، سەقز و...تد ماڵ و ژیانیان بەجێهێشتووە، بێگومان ئەگەر ئەوانە یەک بگرن، بەرنامەیەکیان هەیە... دەبێت کێشەی شارەکان بە ڕێگەی ئاشتیی و وتووێژەوە چارەسەر بکەن.).**

هەر لەو ڕۆژەدا کە فەرماندەکانی هێزی داگیرکەر لە فەرمانداریی مهاباد کۆببوونەوە، خەڵکی شاری مهاباد لەبەر دەرگای فەرمانداریی لە چوارچرا کۆبوونەوە و دژی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مهاباد دروشمیاندا. پاسدارەکان پەلاماری خەڵکەکەیان دا و ویستیان بە تەقەکردنی هەوایی بڵاوەیان پێبکەن، بەڵام خۆپێشاندەران بە شەقامەکاندا بڵاوبوونەوە و ڕق و تووڕەیی خۆیان لە جێگیربوونی پاسدار لە شارەکەیاندا دەربڕی. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/15دا، دوکتۆر حەقگو پارێزگاری ورمێ لە ڕاپۆرتێکیدا کە ئاڕاستەی حکومەتی کردووە، سەبارەت بەو خۆپێشاندانە دەڵێت:

**- (ڕۆژی ڕابردوو 1358/6/14 نزیکەی 300 لاوی مهاباد بۆ پشتیوانیی کردن لە مەلا شێخ عیزەدین خۆپێشاندانێکیان ڕێکخست، دواتر ژمارەی خۆپێشاندەران گەیشتە نزیکەی دوو هەزار کەس. خۆپێشاندانەکە بە تەقەکردنی هەوایی هێزە چەکدارەکانی حکومەت کۆتاییهات.).** هەروەها لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەیدا ڕادەگەیەنێت کە ماوەی دوو ڕۆژە دوکان و بازاڕی سەردەشت نەکراوەتەوە و خەڵک ئامادەنین دوکانەکانیان بکەنەوە. هەروەها ڕۆژنامەی ئیتلاعات سەبارەت بە خۆپێشاندانی مهاباد لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/15یدا نوسی:

**- (لە کاتێکدا سوپا و سوپای پاسداران لە شاری مهاباد جێگیرکراون، دوێنێ خۆپێشاندانێک لە بەردەمی فەرمانداریدا دەستی پێکرد و تەشەنەی کردە چەند شەقامێکی شار. سەرەتا خۆپێشاندەران داوایان کرد پاسدارەکان مهاباد بەجێبهێڵن و دواتر دروشمەکانیان گۆڕی و پشتگیریی خۆیان لە مەلا شێخ عیزەدین ڕاگەیاند.).**

ڕۆژێک دوای خۆپێشاندانەکە واتە لە ڕۆژی 1358/6/15دا خەلخالی بە نوێنەرایەتی خومەینی گەیشتە مهاباد و بە مەبەستی چاوترساندنی خەڵکی شار، کۆبوونەوەیەکی بەرینی بۆ خەڵکی مهاباد پێکهێنا. ڕۆژنامەی ئیتلاعات دەربارەی ئەو کۆبوونەوەیە لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/18دا نوسی: خەلخالی لەگەڵ شیکردنەوەی ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شارەکانی کوردستان گوتی:

**- (ئێمە لە پاوە خەڵکمان دەستگیرکردووە کە کریستیان بوون. کریستیان لەوێ چیدەکات؟ دوێنێ بیستم لە مهاباد خۆپێشاندان کراوە و کۆمەڵێک منداڵ کۆبوونەوەتەوە و گوتوویانە ئێمە پاسدارمان ناوێت و عیزەدین ڕێبەری ئێمەیە. ئەو پاسدارانەی کە ئێوە دەیانبینن، دوکتۆر و ئەندازیار و خاوەن پلەی خوێندنی دیپلۆمن، تەماشای هەڵسوکەوت و کرداریان بکەن، موچە وەرناگرن و تەنیا بۆ ڕەزامەندیی ئیسلام هاتوونەتە ئێرە و لێرەش خەڵکی شار ڕەخنە لە هاتنیان دەگرن...).**

ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: لەو کاتەدا پاسدارەکان دەیانویست یەکێک لە ئەندامانی شورای شار بگرن، بەڵام خەلخالی گوتی: **(لەم کۆبوونەوەیەدا هیچ کەس دەستگیر ناکرێت و ڕۆحانییەکان بەڵێنیان داوە کە چیتر لە مهاباد خۆپێشاندان ناکرێت).**

بەهەرحاڵ دوای خۆپێشاندانی مهاباد، خەڵکی شارەکانی بانە، سەقز و بۆکانیش دژی ڕەوانەکردنی پاسدار و کۆمیتەچییەکان بۆ کوردستان ڕاپەڕین و ڕۆژ بە ڕۆژ خۆپێشاندانەکان بەرفرەوان دەبوونەوە و پەرەیان دەسەند.

## هاتنی مەهدی بازرگان بۆ مهاباد

ڕۆژی 1358/6/16 (1979/9/7) مەهدی بازرگان سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ هاشم سەباغیان، تیمسار شاکر سەرۆکی نوسینگەی هاوبەشی سوپا و حەقگو پارێزگاری ورمێ گەیشتە مهاباد کە پەیامی لێبووردنی خومەینی بە خەڵکی مهاباد ڕابگەیەنێت. بازرگان و هاوڕێیانی لە لایەن مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی و ژمارەیەک لە پیاوماقوڵانی مهابادەوە پێشوازیی کران. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/18دا سەبارەت بە سەفەری بازرگان بۆ مهاباد نوسی:

- لە کاتێکدا خەڵک لە شارەکانی ئێران بەتایبەتیی لە تاران خۆیان بۆ یادکردنەوەی ساڵڕۆژی شەهیدانی 17 خەرمانان "هەینی خوێناوی مەیدانی ژاڵە" ئامادە دەکرد، لیژنەیەک بە فەرمانی ئایەتوڵا خومەینی و بە سەرۆکایەتی ئەندازیار مەهدی بازرگان سەرۆکوەزیرانی ئێران و ئەندامەتی هاشم سەباغیان و تیمسار شاکر سەرۆکی نوسینگەی هاوبەشی سوپا و حەقگو پارێزگاری ورمێ گەیشتنە مهاباد تا پەیامی لێخۆشبوون و بەخشینی ئیمام بە خەڵکی کوردستان ڕابگەیەنن.



مەلا كەريم شاريكەندى لە كاتى پێشوازييكردنى بازرگاندا، وتارێكى خوێندەوە و بە نوسينى ڕۆژنامەى كەيهان و ئيتلاعات لە ژمارەى ڕۆژى 1358/6/18دا، لە وتارەكەيدا ڕايگەياند:

**- (بە زانياريى لەسەر كەسايەتى زانستيى و ئايينيى و نييەتى باشتان بۆ چارەسەركردنى كێشەى گەلى كورد، بەخێرهاتنتان دەكەم بۆ مهاباد و هيوادارم هاتنتان بە قازانجى هەموو لايەك بێت. بەخشين و خۆشەويستى و درێژكردنى دەستى دۆستايەتى، كاريگەريى زياترە لە ناردنى تانك و فانتۆم و چەكى تر... بە هۆى ئێوەوە داوا لە ئيمام دەكەين بۆ ئەوەى كە خەڵك لە دڵەڕاوكێ ڕزگارى ببێت، بەخشينى گشتيى ڕابگەيەنن).**

بازرگان لە پەيامێكى ڕاديۆييدا بە نوێنەرايەتى خومەينى بەخشينى گشتيى ڕاگەياند و گوتى ئەوانەش كە بەشداريى ئاژاوەكانيان كردووە، بگەڕێنەوە سەر ماڵ و ژيانى خۆيان.

## تۆژەڵ و چەند ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش

تـوژەڵ شـیوێکی بەرتەسکە، لـە باشوری ڕۆژئـاوای قاسمەڕەش و بنـاری چیـای "بوڵفـەت" و سـەر سنوری دەستکردی ئێـران و عێـراق هەڵکـەوتووە. خڕی ناوزەنگان کە ستونی دیارییکردنـی سنوری دەستکردی لێ دانراوە، لـە ڕۆژئـاوای تـوژەڵ هەڵکـەوتووە. شـیوی تـوژەڵ بـەرەو گونـدی "نۆکـان" شـۆڕ دەبێتـەوە کـە ڕوبـاری قاسمەڕەش بـە تەنیشـت نۆکانـدا تێدەپـەڕێت. لـە بەشی سەروی شیوەکە، چادرێکی سەوز و سپی هەڵدرابوو کە شوێنی بەڕێز جەلال تاڵەبانی بوو. پێشتر لە بەشی "تەرحی هەشت مادەیی"دا ئاماژەم بۆ ئـەو چـادرە کـرد و گـوتم ئیبـراهیم شێخانی و کـەریم ئەفسـەردلێر ئـەو چادرەیان لـە تاران بۆ مام جەلال کڕی بوو.

شتێک کـە لـە تـوژەڵ سـەرنجی منـی بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـا، بڵاوبوونـەوەی کەوڵ و ئێسکی مەڕ و گیسک و قەلەمون و بۆنـی نـاخۆشی ئـەو دۆڵـە بـوو کـە لە دورەوە ڕێبوارانـی هەراسان دەکرد. پێشمەرگەکانـی ئـەو شیوە، تەنانـەت "ئاودەست"یان نـەبوو، لـە ڕۆخـی جۆگەلـە ئاوێکـدا کـە لـە بنـاری چیـای بوڵفەتەوە دەهات، چەندان پیسایی مرۆڤ دەبینرا. ئەو مەسەلەیە بۆ ئێمە کە یەکەم جار بوو هاتبووین لـە چیا بمێنینەوە، زۆر دژوار بوو.

ژمارەیـەکی زۆر لـە ئەنـدامانی یەکیـەتی لاوانـی حیزبـی دیمـوکرات، ئـەو چەند پێشمەرگانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد و گوتم ڕەوانـەی شـەڕی پـاوە کرابـوون و گەڕابوونـەوە بـۆ تـوژەڵ، مـەلا شـێخ عیـزەدین و هاوڕێیانـی، ئەنـدامانی حیزبـی تـودە لقـی مهابـاد و بەشێک لـە ئەنـدامانی حیزبـی شـیوعی عێـراق کـە بنکەیـەکیان لـە نۆکـان هـەبوو، لـە تـوژەڵ کۆببووینـەوە. دوکتـۆر قاسملوو، مامـە غـەنی، مـەلا عەبـدوڵای حەسـەنزادە، مامۆسـتا هـێمن و بەشـی ڕاگەیانـدنی حیـزب لـە "ئاشـی پشـکاوێ" لـەژێر گوندی "گۆڕەشێر" و لـە ڕۆخـی ئـەو ڕوبـارە بـوون کـە لـە نۆکانـەوە دەهـات. دوکتۆر فـەتاح شادمانفەر، دوکتۆر موتەلیب خـەسرەوی و حـەسـەن بلوریـان کە کۆمیتـەی پزیشکانـی حیزب بوون لـە گوندی "شێنێ" و زینـدانـی حیـزبیش لـە نۆکان بوو. سـەید محـەمـەد کولیجی کـرا بـە بەرپرسـی زینـدان و عـەزیز مـاملێ قـازی حیـزب و بـەرپرسـی نوسینگەی دەفتـەری سیاسـی لـە بنکـەی دەفتـەری سیاسی بوو. ئەمیر قازی، سەعید سوڵتانیان و محـەمەد پوورئازەر

بەرپرسی کۆکردنەوە و هەڵگرتن و پاراستنی ئەو چەک و تەقەمەنییانە بوون کە دوای چەککردنی سەربازگەی سەردەشت لە گوندەکاندا بڵاوکرابوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سەعید سوڵتانیان کاری تدارکات و کڕینی خواردەمەنی بۆ بنکەکانی حیزبی لەسەر شان بوو. چەند دیاردەیەکی گرنگی توژەڵ جێی باس و پێداچوونەوەن و بە پێویستی دەزانم ئاماژەیان بۆ بکەم:

**1- ناردنی ئەندامانی یەکیەتی لاوان بۆ عێراق:** دەفتەری سیاسی حیزب لە یەکەم هەنگاویدا کۆمیتەکانی خۆی ڕێکخستەوە و نزیکەی 30 ئەندامی یەکیەتی لاوانی نارده عێراق کە لەوێ مەشقی سەربازیی بکەن. ناوی بەشێک لەو ئەندامانەی یەکیەتی لاوان بریتی بوون لە: حوسین بەخشی، نەوید موعینی، ڕەحمان دەربەندی، کەریم بلوریان، عەزیز خەڕازی، جەعفەر قازی، جەعفەر موفتی، عەلی شەعەفی، سلێمان محەمەدجانی و... تد. حکومەتی عێراق ئەو ژمارە لاوەی لە سەربازگەیەکی دەرەوەی قەڵادزێ نیشتەجێ کرد و سەربازێکی بۆ دانان کە فێری بەکارهێنانی چەکیان بکات. ڕەحمان حەسەن "مەلا ڕەحمان کاژەیی" کە بەناو یاریدەدەری حەمەدەمین سیراجی بوو لە بەغدا، بەڵام لە ڕاستییدا ئەو ئەرکی پەیوەندییەکانی حیزبی لەگەڵ حیزبی بەعس و دەزگاکانی هەواڵگریی "موخابرات و ئیستخبارات" بەڕێوە دەبرد، بەرپرسی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ژمارە لاوەش بوو. ئەو لاوانە بە بەڵێنی مامە غەنی چووبوونە عێراق کە لەوێوە بۆ وڵاتی "یەمەنی دیموکراتی" ڕەوانە بکرێن و زۆربەیان هەڵگری بیری مارکسیی و لایەنگری سیاسەتە جیهانییەکانی سۆڤیەت بوون، بەڵام لە عێراق هەڵیاننەکرد و دوای ماوەیەکی کورت پێیانداگرت کە بیانگەڕێننەوە توژەڵ، دەفتەری سیاسی حیزب هاودەنگیی لەگەڵ کردن و مەلا ڕەحمان ڕەوانەی توژەڵی کردنەوە. دوای گەڕانەوەیان دەیانگوت سەربازێکیان بۆمان دانابوو کە فێری تفەنگ کردنەوە و تفەنگ بەستنەوەمان بکات، ئێمە خۆمان ئەو شتانە دەزانین و چونکە دەفتەری سیاسی ئێمەی ڕەوانەی وڵاتی یەمەن نەکرد، ئێمە کۆتاییمان بەو مەشقە بەناو سەربازییە هێنا. زۆربەی ئەو ئەندامانە لە ماوەیەکی کورتدا گەڕانەوە مهاباد و گوندەکانی دەوروبەری. سەبارەت

بەو مەسەلەیە پرسیارم لە مەلا ڕەحمان کاژەیی کرد، ناوبراو ڕۆژی 2007/9/12 پێیگوتم:

**- (یەک دوو کەس لەناو ئەو ژمارەیەدا هەبوون کە باوەڕیان بە سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات نەبوو. هاندەری سەرەکیی بوون لە گەڕانەوەی ئەو ژمارە لاوە کە خولی چەکناسیی و مین دانان و مین هەڵگرتنەوەیان بۆ دانابوون.).**

**2- هاتنی یەکەم کاروانی چەک لە عێراقەوە:** ڕۆژی 1358/6/29 (1979/9/20)، یەکەم کاروانی چەک و تەقەمەنی عێراق گەیشتە توژەڵ. نزیکەی چل هێستر بە شەو ئەو چەکانەیان هێنا و لە خوار بنکەکەی ئێمە لەناو پۆلە دارێکدا خستیان. بەیانی ڕۆژی دوایی دوکتۆر قاسملوو داوای کرد بچینە لای. سەرهەنگ قادری، سەرهەنگ سمکۆ عەلیار، سەرهەنگ ڕەبیعی، کەریم پورقوباد و حامید گەوهەری چووین. لەوێ لەگەڵمان کۆبووەوە و داوای لێکردین کەسێک لە ناو خۆماندا بۆ فەرماندەیی گشتیی پێشمەرگەکانی حیزب پێشنیاز بکەین کە کاروباری پێشمەرگەکان ڕابپەڕێنێت. دواتر گوتی 450 چەکی پەڕەشوتمان بۆ هاتووە، ئێوە سەرپەرشتیی ئەو چەکانە بکەن، من نامەتان بۆ دەنوسم کە لەژێر چاودێریی کاک ئەمیر قازیدا بەشیبکەن بەسەر پێشمەرگەکانی حیزبدا.

بەگوێرەی نوسراوی دوکتۆر قاسملوو کە فەرماندەی گشتیی هێزی چەکداری حیزب بوو، ژمارەیەک چەکماندا بە عەبدول نەستانی و ئەحمەد نەستانی و کەریم نەستانی لە ناوچەی سەردەشت، پێشمەرگەکانی مەریوان و هەورامانیش ژمارەیەکیان لەگەڵ خۆیان برد، ئەمیر قازییش ژمارەیەکی دا بە مەلا ڕەسوڵ پێشنماز و کەریم حیسامی کە بیبەنە ناوچەی مهاباد، بەڵام پێشمەرگەی ناوچەکانی تر ئامادە نەبوون ئەو پەڕەشوتانە وەربگرن. لەبەرئەوە دەفتەری سیاسی باقی چەکەکانی ڕەوانەی عێراق کردەوە و داوتر ڕژێمی عێراق چەکی کلاشنیکۆڤ و ئارپیجی و خۆمپارە هاوێژی "هاوەن" 126 میلیمی بۆ ناردین. دەربارەی ناردنەوەی ئەو چەکانە ڕۆژی یەک شەممە 2007/7/15 لە سەرخۆشیی باوکی خێزانی ڕەحیم ئەمیری لە شاری "ئۆیرێبرو"ی سوید پرسیارم لە ئەمیر قازی کرد، ناوبراو پێیڕاگەیاندم: **(ئێمە حکومەتی عێراقمان**

**ئاگادارکردەوە و گوتمان ئەو چەکانەی ناردووتانە بۆ شەڕ لەگەڵ پاسدارانی خومەینی بە کەڵک نایەن، ئەوانیش چەکی تریان داینێ.).**

ڕەنگە هاتنی ئەو چەکانە بۆ حیزبی دیموکرات لە سەرەتای شەڕی سێ مانگەدا، ئەو پرسیارە بۆ ژمارەیەک لە خوێنەران زەق بکاتەوە کە چۆن بوو ڕێبەرایەتی حیزب توانی لەو ماوە کورتەدا پەیوندیی لەگەڵ عێراق دابمەزرێنێت و چەک و تەقەمەنی وەربگرێت.

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی 1971ەوە کە دوکتۆر قاسملوو و کەریم حیسامی لەسەر بڕیاری حیزبی تودە لە چیکوسلۆڤاکیا و بولغارستانەوە گەڕانەوە عێراق و کۆنفرانسی سێیەم و کۆنگرەی سێیەمی حیزبیان پێکهێنا و سۆسیالیزمی زانستیی مۆدێلی سۆڤیەتیان کردە ئامانجی حیزبی دیموکرات، یەکەم جار پەیوەندییان لەگەڵ حیزبی بەعسی دەسەڵاتداریی عێراق دامەزراند. دواتر ئەو پەیوەندییە لەگەڵ حیزبی بەعس و موخابرات و ئیستخباراتی عێراق بەڕێوەدەچوو. بوونی حەمەدەمین سیراجی و مەلا ڕەحمانی کاژەیی لە بەغدا لە سەرەتای شۆڕشی 1979دا، بەگوێرەی ئەو پەیمانە بوو کە حیزبی دیموکرات لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی درێژەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی بەعس بدات. هەروەها ناردنی یوسف ڕیزوانی و قادر شەهابی بۆ قەڵادزێ دوای جێگیربوونی دەفتەری سیاسی لە "ئاشی پشکاوێ" لەو چوارچێوەیەدا بوو. دیارە حکومەتی عێراق چەک و تەقەمەنی و پارەی بە تەنیا بە حیزبی دیموکرات نەدەدا، بەڵکوو بە چەندان شێوەی جیاواز پەیوەندیی بە ڕێکخراو و ئاغا و کوێخا و کەسانی ناسراوی ناوچە سنورییەکانەوە دەکرد کە بچن چەک و تەقەمەنی و پارە وەربگرن. لەو چوارچێوەیەدا حکومەتی عێراق دووەم کاروانی چەک و تەقەمەنی لەگەڵ مامۆستا عەبدولرەحمان زەبیحی بۆ شێخ عیزەدین حوسێنی و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ناردە ئالان. چەکەکان بریتی بوون لە نزیکەی 500 تفەنگی پەڕەشوت و ژمارەیەک چەکی نیوە قورس. مەنسوری بلوری لە وتاری "شەڕی سێ مانگە"دا کە بە زمانی فارسیی نوسیویەتی، ئاماژەی بۆ هاتنی ئەو چەکانە کردووە و لە لاپەڕەی 54ی وتارەکەیدا دەڵێت:

**- (... لەو ڕۆژانەدا بوو کە مامۆستا شێخ جەلال حوسێنی و بەڕێز موحسین ڕەحیمی "نوێنەری کۆمەڵە" دوای پەیوەندییکردنیان بە دەوڵەتی عێراقەوە، نزیکەی 500 چەکی پەڕەشوت و چەکی نیوەقورسیان بۆ هاتە ئالان و لە گوندی بێژوێ وەریانگرت و لە نێوان هێزەکانی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەدا بەشکران. هەرلەو ڕۆژانەشدا بوو کە کەسایەتی ناسراوی کورد بەڕێز عەبدولرەحمان زەبیحی ڕێبەری ژ.ک گەڕایەوە کوردستان و لە بنکەی مامۆستا شێخ عیزەدیندا درێژەی بە خەباتدا.).**

حکومەتی عێراق بۆ دوو مەبەست ئەو چەکانەی لەناو هێز و گروپەکاندا بڵاودەکردەوە، یەکەمیان: بۆ ئەوە بوو کە دەست بخاتە ناو بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کوردەوە و بە قازانجی خۆی کەڵکی لێوەربگرێت. دووەمیش: ئاژاوە لە ئێراندا بنێتەوە و مەبەستەکانی خۆی لە کۆماری ئیسلامییدا پێ جێبەجێ بکات. دواتر لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕووداوەکاندا، ئەم چەمکە پتر ڕون دەکەمەوە.

**4- دانانی فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بۆ حیزبی دیموکرات:** دەفتەری سیاسی حیزب چەن فەرماندەیەکی بۆ پێشمەرگەکانی هەڵبژارد. سەرگورد کەریم عەلیاری کرد بە فەرماندەی پێشمەرگەکانی ناوچەی مهاباد و ڕەحمان کەریمی کرا بە فەرماندەی پێشمەرگەکانی ناوچەی پیرانشار و کەریم حەدادی بۆ فەرماندەی پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشت دەستنیشان کرد و سمکۆ عەلیاری کرد بە فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی حیزب، بەڵام بەرلەوەی کە ناوبراو لەو پۆستەدا خەبات بکات، بەتاوانی چوونی بۆ بەغدا و وەرگرتنی چەک و پارە لە ڕژێمی عێراق، دەفتەری سیاسی حیزب بەرپرسایەتی لێوەرگرتەوە و لە حیزب دەریکرد.

بە دوای ئەو ڕووداوەدا، مەلا ڕەسوڵ پێشنماز بەرپرسایەتی هێزی پێشمەرگەی ناوچەی مهاباد پێبەخشرا. هەرچەندە مەلا ڕەسوڵ بەناو فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی حیزب بوو، بەڵام بە کردەوە هەر بە کاری پێشمەرگەکانی ناوچەی مهاباد دەگەیشت کە سەرگورد کەریم عەلیار فەرماندەیان بوو. پێویستە بڵێم کە سمکۆ عەلیار تا ئەو کاتە و دواتریش بە شێوەی ڕەسمیی ئەندامی حیزب نەبوو کە لە حیزب دەربکرێت و

دانانیشی لەو پۆستەدا دیاردەیەکی نایاسایی بوو کە دوکتۆر قاسملوو و دەفتەری سیاسی لە ڕەوتی خەباتی حیزبی دیموکراتدا کەمتر سەرنجیان دەدایە. بە هەر حاڵ لە توژەڵ کاری ڕێکخستن و پەیوەندیی هێزەکان لە ناوخۆ و دەرەوە بە توندیی بەرەو پێشەوە دەچوو. جگە لە سمکۆ عەلیار، هەروەک مەنسور بلوریی لە سەرەوەدا ئاماژەی بۆ کرد، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان کە تازە دامەزرابوو، بە هۆی موحسین ڕەحیمی و دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی بە هۆی مامۆستا شێخ جەلالی حوسێنییەوە، پەیوەندیان بە عێراقەوە گرت و ژمارەیەکیان چەک وەرگرت. هاندەر و ڕێگەخۆشکەری ئەو پەیوەندییانە جەلال تاڵەبانی بوو کە هەموو جارێک لە چەک و تەقەمەنییە وەرگیراوەکان شتێکی بۆ یەکێتی نیشتمانیی پێدەگەیشت. بەم بۆنەیەوە حکومەتی عێراق داوای لێکردن کە لە بنکەی مام جەلال دور بکەونەوە و بچنە ناوچەی ئالان. کۆمەڵە ئەو فەرمانەی جێبەجێکرد و مامۆستا شێخ عیزەدین سەرەتا بنکەکەی بردە گوندی "شێنێ" و شێخ جەلالی نارده ئالان کە بنکەیەکی چەکدار لە ئالان بکاتەوە و دواتر مامۆستا خۆشی چووە ئالان.

دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین، ڕۆژی 2007/3/6 لەگەڵ سەرهەنگ ئیرەج قادری لە شاری ئوپسالای سوید بە خزمەت مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی گەیشتم و لەو بارەیەوە پرسیارم لێکرد: جەلال تاڵەبانی تا چ ڕادەیەک ڕۆڵی هەبوو لە دامەزراندنی دەفتەری مامۆستادا؟ لە وەڵامدا گوتی:

**- (من دفتەری مامۆستام لەگەڵ شێخ جەلال و فەقێکان لە توژەڵ دامەزراند. مام جەلال نەوعە دەخالەتێکی لە دروستکردنیدا هەبوو. شێخ جەلال لەگەڵ مامۆستا عەبدولرەحمان زەبیحی گوتیان ئێمە حیزبی ئیسلامیی دروست دەکەین. زەبیحی بۆ دامەزراندنی دەفتەری مامۆستا هاتبووەوە، بەڵام لە ژێرەوە دەیویست حیزبی ئیسلامیی دروست بکات.).**

## مردنی گوماناویی ئایەتوڵا تاڵەقانی

دوای خۆپێشاندانەکەی ڕۆژی 1358/6/14 لە مهاباد و تەشەنەکردنی بۆ بانە، سەقز و بۆکان، بزوتنەوەی کورد لە شار و جادەکاندا پەرەیسەند و پلانی تاقمی شەڕخواز لە کۆماری ئیسلامییدا لاوازیی بەسەردا هات. لە بەرامبەر توندڕەوییەکانی تاقمی شەڕخوازدا، ژمارەیەک ڕێکخراوی مەدەنیی و کەسایەتی حکومیی و ناحکومیی، دەنگیان بەرزکردەوە کە شەڕ ڕێگە چارەی کۆتایی ناکۆکییەکان نیە و پێویستە کێشەی کوردستان بە ئاشتیی و وتوویژ چارەسەر بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی 1358/6/19 (1979/9/10) ئایەتوڵا تاڵەقانی کە لایەنگری بە ئاشتیانە چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان بوو، بە شێوەیەکی گوماناویی کۆچی دوایی کرد. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/19دا، دوکتۆرەکان بە گومانەوە ڕوانییانە مەرگی تاڵەقانی و ڕایانگەیاند کە ئایەتوڵا تاڵەقانی دەرمانخۆارد کراوە. تاڵەقانی کەسایەتییەکی ئاشتییخواز بوو، لە سەردەمی ڕژێمی پەهلەویدا ماوەیەکی زۆر زیندانیی بوو. لە کوژاندنەوەی شەڕەکانی سنە و نەغەدەدا هاوکاریی گەلی کوردی کرد.

دوای مەرگی لە ناکاو و گوماناویی تاڵەقانی، ئایەتوڵا حوسێن کرمانی نوێنەری خومەینی لە کرماشان بۆ سەردانی چەکدارانی ڕژێم سەردانی سنورە دەستکردەکانی ئێران و عێراقی کرد. دوای گەڕانەوەی، داوای لە هێزە چەکدارەکان کرد کە بە هەموو هێزیانەوە دژی هێرشکەران، واتە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات شەڕ بکەن و بۆ ئەوەی کە لە زستاندا توشی گرفتی هاتووچۆ نەبن، لە گوند و بەرزاییەکاندا جێگیر بن. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/6/27یدا وتەکانی کرمانی بڵاوکردەوە کە سەبارەت بە کۆتاییهێنانی شەڕ لە کوردستاندا دەڵێ:

**- (بە شێوەی ئاسایی لە کاروباری دیپلۆماسییدا، وتوویژ لە نێوان دەوڵەتاندا دەکرێت، نەک لە نێوان دەوڵەت و گروپە هێرشکەرەکاندا. چونکە ئەوانەی دژی ئێمە شەڕ دەکەن دەوڵەت نین، تەنیا ڕێگەیەک بۆ لەناوبردنیان، جوڵانەوەی شێلگیرانەیە و دەبێت لە زەوی و ئاسمانەوە لە هێرشکەران بدەین).**

## شەڕ لە جادەی پیرانشار- سەردەشت و ئاڵۆزیی لە شارەکاندا

ئەو بەشە شەڕخوازەی کۆماری ئیسلامیی کە چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردیان لە شەڕدا دەبینی، پلانیان ئەوە بوو کە ناوچە سنوورییەکان بخەنە دەست خۆیان و هەروەک حوسێن کرمانی نوێنەری خومەینی لە کرماشان ڕایگەیاند، هێزە چەکدارەکانیان لە گوند و چیا و شوێنە ستراتیژییەکاندا جێگیر بکەن. لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژی 1358/6/21 (1979/9/12) سوپای ئێران بە هاوکاریی سوپای پاسداران لە دوو هێڵی پیرانشار و سەردەشتەوە بۆ پاککردنەوەی جادەی نێوان سەردەشت و پیرانشار لە پێشمەرگە، بەڕێکران. سەرەتا لە پیرانشارەوە جادەکەیان دایە بەر تۆپ و خۆمپارە و دواتر هێزی پیادە و مۆتۆریی و تانک پێشڕەوییان کرد. پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە ئەو کاتە خاوەن ئەزموونی شەڕی پارتیزانیی و تاکتیکەکانی شەڕی بەرەیی نەبوون، هەوڵیاندەدا پێش بەو هێرشکەران بگرن کە بە هەموو چەکێک و بە پشتیوانیی ئاسمانییەوە بەڕێکەوتبوون.

لە ئەنجامدا پۆلێک پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە نێوان گوندەکانی "واوان" و "گرژاڵ" دا دەکەونە کەمینی ئەو هێزانەوە و دوای شەڕێکی دژوار و شکاندنی تانکێک و کوشتنی ژمارەیەک، کەمینەکە دەشکێنن، بەڵام کادیرێکی دێرینی حیزب بە ناوی عوسمان یەزدانپەنا، ناسراو بە "جەلال میراوەیی" لە لایەن سوپای هێرشکەرەوە بەدیل گیرا. پاسدارەکان عوسمانیان لەگەڵ خۆیان بردە سەردەشت و لەوێ گوللەبارانیان کرد.

لەگەڵ ئەوەدا ئاڵۆزیی لە شارەکاندا لەوپەڕی پەرەسەندندا بوو. مامۆستایانی ئاییینی بانە بە هاوبەشیی لەگەڵ پیاوماقوڵانی شاردا بروسکەیەکیان ئاڕاستەی مەهدی بازرگان سەرۆکوەزیران کرد و لە بروسکەکەیاندا کە لە ڕۆژنامەی کەیهانی ژمارەی ڕۆژی 1358/6/29دا بڵاوکراوەتەوە و من لە وتاری "شەڕی سێ مانگە" نوسینی مەنسوری بلوری وەرمگرتووە، ڕایانگەیاند:

**- (... ئاگادارن کە خەڵکی کوردستان بە درێژایی مێژوو ڕاگری سنورەکانی ئێران بووە، بە هەموو شێوەیەک خزمەتی ئاییینی ئیسلامی**

**کردووه و لە ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتیدا بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و ستەم شانبەشانی هاونیشتمانان خەباتی کردووە... لەو ڕۆژەوە کە هێزی پاسداران لە بانە جێگیر کراوە، ئەمنیەت و ئاسایشی شار لەناو چووە. بە درێژایی شەو و ڕۆژ و بە بیانووی جیاوازەوە هێرش دەکەنە سەر ماڵی خەڵک و خەڵک دەگرن و بە چاوی بەستراوەوە موحاکەمەیان دەکەن، لە ناکاو تەقە دەکەن و خواردن و خەویان لە خەڵک بڕیوە و قسەی سوک و ناشیرین بە ڕێبەرانی نەتەوەیی و ئایینیی دەڵێن... ئەگەر دۆخەکە بەم جۆرە بڕوات، بە پێچەوانەی ویستی خۆمانەوە، ناچارین وڵات بەجێبهێڵین و پەنابەین بۆ یەکێک لە وڵاتانی موسوڵمان.)** هەروەها خەڵکی بانە بۆ ماوەی هەفتەیەک لە مزگەوتی جومعەی شار مانیان گرت.

لە مهاباد دوای خۆپێشاندانی 1358/6/14، خەڵکی شار بە بەردەوامیی دژی جێگیرکردنی پاسدار لە شارەکەیاندا ڕاپەڕین و بە هاوکاریی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، چەند تانک و زرێپۆشێکیان تێکشکاند و لەپێش بینای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامیی کۆمەڵێکیان پاسدار کوشت و بریندار کرد. کۆماری ئیسلامیی بزوتنەوەی خەڵکی مهاباد و دەستوەشاندنی پێشمەرگەی لە لاوازیی بەڕێوەبەرایەتی و شورای شاری مهاباددا دەبینی. لەبەرئەوە بڕیاریدا شورای شاری مهاباد هەڵبوەشێنێت و سادقی زیباکەلام بنێرێتە مهاباد کە بە نوێنەرایەتی سەرۆکوەزیرانی ئێران چاودێریی بکات بەسەر کاروباری مهابادداا.

زیباکەلام گەیشتە مهاباد و ڕۆژی 1358/7/1 (1979/9/23) لەگەڵ مەلا کەریم شاریکەندی بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و داوایان لە فەرمانبەران، ڕۆحانییان، بازاڕییان، مامۆستانی ئیدارەی پەروەردە کرد کە نوێنەری خۆیان بە فەرمانداریی مهاباد بناسێنن تا شورایەکی کاتیی بۆ شار دیاریی بکەن. بەشێک لە بەیاننامەکەی مامۆستا شاریکەندی و زیباکەلام بەم جۆرەیە:

**- ... هەروەک دەزانن شورای شۆڕشی ئیسلامیی شاری مهاباد دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییانە هەڵوەشێنرا. ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی دوایی شاری مهاباد تێکەڵاو بوون لەگەڵ تەقەکردنی توند و داخستنی دوکان و بازاڕەکانی شار. بۆ چارەسەرکردنی گرفت و مەسەلە ئەمنییەکان،**

**پێویسته شورایەکی کاتیی پێکبێت. لەو کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی 1358/6/31 لە مزگەوتی سور پێکهات و پتر لە 600 نوێنەری ڕۆحانییان، فەرهەنگییان، گروپە جیاوازەکانی بازاڕ، کارمەندان، پیاوماقوڵانی شار، فەرماندار، سەرۆکی شارەوانیی و نوێنەری سەرۆکوەزیران تێیدا بەشدار بوون، دوای وتووێژ کردنێکی درێژ دەربارەی بارودۆخی نائارامی شار و ئەو گرفتانەی کە بۆ خەڵک هاتوونەتە پێش، پێشنیازی دانانی شورایەکی نوێ کرا. بڕیاردرا پێویستییەکانی دانانی ئەو شورایە لە لایەن مەلا کەریم شاریکەندی و نوێنەری سەرۆکوەزیرانەوە جێبەجێبکرێت. بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو فەرمانبەران، ڕۆحانییان، بازاڕییان، مامۆستانی ئیدارەی پەروەردە و ...تد دەکەین کە بە زووترین کات نوێنەری هەڵبژێرراوی خۆیان بە فەرمانداریی مهاباد بناسێنن تا بتوانین زوو شورای کاتیی شۆڕشی ئیسلامیی پێکبهێنین.**

**مەلا کەریم شاریکەندی سادق زیباکەلام 1258/7/1**

ڕۆژی 1358/7/4 (1979/9/26) کۆمەڵێکی زۆر پاسدار دەرژێنە ناو شاری مهابادەوە و دەیانەوێ ماڵی خەڵک بپشکنن کە دەکەونە بەر پەلاماری پێشمەرگە و دوو کەسیان دەکوژن و دووانیتریان بە دیل دەگرن. ئێوارەی ئەو ڕۆژە پاسدارەکان لە چوارڕێی ئازادیی مهاباد نارنجۆکێک دەهاوێژنە ناو خەڵک و کەسێک دەکوژن و 28 کەسیش بریندار دەکەن. دوای ئەو ڕووداوە خەڵکی مهاباد ڕادەپەڕن و هێرش دەکەنە سەر بنکەی سوپای پاسداران، بەڵام بنکەکەیان بۆ چەک ناکرێت. دوای کۆتاییهاتنی ئەو خۆپێشاندانە پاسدارەکان دەکەونە گیانی خەڵک و نزیکەی پەنجا کەس دەستگیر دەکەن. خەلخالی بۆ مەحکەمەکردنی ئەو گیراوانە دێتە مهاباد و ڕۆژی 1358/7/10، چوار کەسیان بە تاوانی جیاواز و هەڵبەستراو گوللەباران دەکات. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/7/11یدا ناوی ئەو چوار کەسەی بڵاوکردەوە کە بریتین لە:

1- بەهار ویژدانی دوکاندار کە کورد نیە و بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو خەڵکی کورددا ژیانێکی ئارامی هەبووە.

2- جەلیل گوڵئەندامی بە تاوانی هەڵگرتنی چەک و تەقەکردن.

3- ڕەزا ڕەحیم پوور بە تاوانی هاویشتنی نارنجۆک.

4- عەلی دادفەر بە تاوانی گەندەڵیی و پیلانگێڕیی.
شایانی باسە بەهار ویژدانی کەسایەتییەکی ئاییینی "بەهایی" بوو. لە چوارچرای مهاباد دوکانی تەلەڤزیۆن و کەلوپەلی ئەلکترۆنیی هەبوو. خۆی و بنەماڵەکەی کەسانی باش و خاوەن ڕێزی شاری مهاباد بوون. خەلخالی بە تاوانی بەهایی بوون گوللەبارانی کرد.
حکومەت گیراوەکان لە شارەبانی مهاباد زیندانی دەکات و خەڵک کە لە ئازادکردنیان نائومێد دەبن، ڕۆژی 1358/7/20 دەڕژێنە ناو شەقامەکانەوە، بەڵام پاسدارانی شۆڕش تەقەیان لێدەکەن. لەو کاتەدا پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات پەلاماری شارەبانی دەدەن و سەرۆکی شارەبانی و سێ پۆلیس دەکوژن و حەوتیتریش بریندار دەکەن و حەڤدە بەندکراو لە زیندان ئازاددەکەن.
ڕۆژی 1358/7/9 خوێندکارانی خوێندنگەکانی شاری سەقز دەڕژێنە ناو شەقامەکانی شارەوە و دژی جێگیرکردنی هێزی سەربازیی و سوپای پاسداران لە شارەکەیاندا، دروشم دەدەن. هەر لەو ڕۆژەدا پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات گوللەیەکی "ئارپیجی" بە تانکێکەوە دەنێن و دەیسوتێنن. ڕۆژی 1358/7/14 ڕۆژنامەی کەیهان هەواڵی چەند شارێکی کوردستانی بڵاوکردەوە و نوسی:
- لە 48 کاتژمێری ڕابردوودا شارەکانی ڕۆژئاوای ئێران بە هۆی ڕووداوی ناخۆشەوە، ئارامیی و ئاساییشیان نەبوو. هێرشی چەکدارانە بۆ ماڵی دادوەری گشتیی شۆڕشی ئیسلامی لە مهاباد، تەقینەوەی مین لە جادەی بانە و سەردەشت، تەقینەوەی مین لە ڕووبەڕووی لقی بانکی میللی شنۆ، هێرشکردن بۆ سەر عەمباری ئاوی نەغەدە، بەشێکن لەو ڕووداوانە.

## دارساوێنی کوردستان، دۆزەخ و کەربەلای داگیرکەران !

دوانیوەڕۆی 1358/7/16 (1979/10/8) کاروانێکی سوپای پاسداران لە سەردەشتەوە بەرەو بانە لە سەربازگەی سەردەشت دێتەدەر و بەرەو جادە شۆڕ دەبێتەوە و لەوبەری روباری کەڵوێ لە دوریی هەشت کیلۆمەتر لە سەردەشتەوە لە نزیک گوندی دارساوێن دەکەوێتە کەمینی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و لە ئاکامدا 52 کەسی ئەو کاروانە کوژران و چەند کەسێکیشیان بە برینداریی کەوتنە دەست پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و ئوتۆمبێل و بارهەڵگرەکانیشیان سوتان. شەڕی دارساوێن یەکەم شەڕ بوو لە جادەکانی کوردستاندا کە زیانی زۆر و قورسی بە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیاند.

کۆماری ئیسلامیی تەرمی ژمارەیەک لە کوژراوەکانی بردە تاران و لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکاندا شەڕی دارساوێنیان بە شەڕی کەربەلا ناوبرد و گوتیان دژەشۆڕشەکان 72 پاسداری شۆڕشیان بە چەشنی شەهیدانی دەشتی کەربەلا شەهید کردووە. دەنگی مەلاکان بەرزبووەوە و بە شیعر و لاوانەوەی تایبەت بۆ ڕۆژانی "تاسوعا و عاشورا" بۆ کوژراوەکان دەگریان و فێلبازانە دارساوێنیان کردە کەربەلا و خەڵکیان هاندەدا کە شێلگیرانەتر بەشداریی شەڕی کورد بکەن.

مەهدی بازرگان و ژمارەیەک وەزیر و ئەحمەدی کوڕی خومەینی و کۆمەڵێک مەلا و کاربەدەستی حکومیی و ئایینیی لە نوسینگەی سەرۆکوەزیران کۆبوونەوە و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا کوژراوەکانیان بردە گۆڕستانی "بەهشتی زەهرا".

ڕۆژی 1358/7/17 سادق خەلخالی لە کۆبوونەوەیەکی چەند هەزار کەسییدا کە بە بەشداریی ئایەتوڵا خومەینی لە شاری قوم پێکهات، چۆنیەتی کوژرانی پاسدارەکانی لە دارساوێن شیکردەوە. بە نوسینی ڕۆژنامەکانی کەیهان و کۆماری ئیسلامیی لە ژمارەکانی ڕۆژی 1358/7/18 و 1358/7/19دا خەلخالی ڕایگەیاند:

**- (دوای کوشتنی ئەو ژمارەیە، تەرمەکانیان بە شێوەیەکی ترسناک سوتاند. سوپا تەرمی لەت لەت کراوی پاسدارەکانی کۆکردەوە و لە تورەکاندا ڕەوانەی کرماشان و تارانی کردن. ئەوە دوا پلان و خیانەتی**

**دیموکراتەکان نیە. میللەتی ئێران بە ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینی توانی ئیمپیریالیزم و نۆکەرانی و لەوانە شای خایین لە ئێران دەربکات، بێگومان هەر بەو جۆرەش دەتوانێ جوجەڵە دیموکراتەکانی سەربە سەهیۆنیزمی نێودەوڵەتیی و کۆشکنشینانی تەلئەبیب لەناو ببات. ئیمپیریالیزم ئامادەنەبوو کۆبوونەوە شکۆدارەکەی پاری نەتەوەی ئێران بڵاوبکاتەوە کە لە پێش کۆشکی سپی واشنتۆن بەڕێوەچوو، بەڵام ئێستا 100 سەهیۆنیزم و ساواکی ڕاکردوو لە ئێران کە لە دەوری بەختیاری بێ ئیختیار "مەبەست شاپوور بەختیارە" لە ئینگلیز و فەرەنسە کۆبوونەتەوە، بە هەزاران کەس ڕادەگەیەنێت. ئەوان نەتەوەی هەژاری جیهانیان لە ڤێتنام، کامبودجیا، لائوس، فەلەستین، ئێران، فیلیپین، ئێریتێریا و پۆلیساریۆ بردە ناخی زەویەوە، بەڵام نەتەوەی ڕاپەڕیوی ئێران تۆڵەی خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەوانیان لە نۆکەرانی سەهیۆنیزم و ئیمپیریالیزم سەندەوە... دوژمنانی ئێمە چەند کەسێکی دیموکرات نین لە کوردستاندا کە بە هەوڵی مەرگهێنەریان لە چیاکانی سەردەشت و بانە خۆبنوێنن! دوژمنی ڕاستینی ئێمە لەم وڵاتەدا سەهیۆنیزم، ئیمپیریالیزم و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە و گەلی ئێمە دوژمنانی خۆی باش دەناسێ و تۆڵەیان لێ دەستێنێتەوە).**

لە ئیسفەهان و مەشهەد ماتەمینی گشتیی ڕاگەیەنرا و پارێزگاری ئیسفەهان بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بە پێشنیازی سەروانی پاسدار "عەلی سەیادی شیرازی" گروپێکی بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی سەردەشت کرد کە سەید ڕەحیم یەحیا سەفەوی و سەروان شیرازی ئەندامی بوون. جگە لەوە خومەینی فەرمانیدا بە مستەفا چەمران وەزیری بەرگریی و جێگری سەرۆکوەزیران کە دیسان بگەڕێتەوە کوردستان و لە نزیکەوە لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە. پاسدارەکان، فەرماندەکانی سەربازگەی سەردەشت و بانەیان بە بەرپرسی کوشتاری پاسدارەکان دانا. پاسدار "ئەحمەد موتەوەسلیانی" فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئەو کاتەی بانە لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (من شاهیدی ئەو ڕووداوە تاڵە بووم. ئەو کاتە من لێپرسراوی سوپای پاسدارانی بانە بووم و بینیم کە لەوێ چی قەوماوە. ڕووداوەکە بەم جۆرە**

**بوو کە فەرماندەی سەربازگەی سوپا لە بانە بە ناوی سەرهەنگ "تورکمان" کەسێکی دژەشۆڕشە و پەیوەندیی نزیکی بە دیموکراتەکانەوە هەبوو. سوپای پاسدارانی ناوچەی بانە پەیوەندییەکانی ناوبراوی لەگەڵ دژەشۆڕشەکان ئاشکرا کردبوو. لە لایەکی ترەوە فەرماندەی سەربازگەی سەردەشت بە ناوی سەرهەنگ "قارەمانی" لەو ڕوانگەیەوە کە لیبراڵەکان دوای کار لێ سەندنەوەی شەهید "قەرەنی" فەرماندەی هێزەکانی زەمینیی سوپا، کەسێکی وەک خۆیان بە ناوی تیمسار "شادمێهر" لە جێی ئەو دانابوو کە هیچ باوەڕێکی بە ئەفسەرانی لاو و خاوەن باوەڕ نەبوو، تا ئەو ڕادەیەی دەیتوانی، هەوڵیدەدا کەسانی دژە شۆڕش لە سوپادا پەروەردە بکات و لە کوردستانیش کاری بە کەسانی دژە شۆڕش و سەربە ڕژێمی ڕوخاو سپاردبوو، وەک ناوچەی هەستیاری بانە و سەردەشت کە کارەساتەکە لەوێوە سەریهەڵدا).**

شایانی باسە پاسدار ئەحمەد موتەوەسلیانی فەرماندەی شەڕەکانی بۆکان، سنە، پاوە، مەریوان و فەرماندەی لەشکری "محەمەد ڕەسوڵڵا" بووە. بەشداریی شەڕی ئێران و عێراقی کردووە و ساڵی 1361 (1982) لەگەڵ گروپێک بە ناوی دیپلۆماتەوە چووەتە لوبنان و لەوێ بێسەر و شوێن بووە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی دەڵێن کەوتووەتە دەست ئیسرائیلییەکان.

بە هەر حاڵ شەڕی دارساوێن و ئاڵۆزیی لە شار و جادەکاندا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی سەرسام کرد و ڕێگەیەکی بۆ نەهێشتنەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بە خۆیاندا بچنەوە، تەنانەت ئەگەر بە درۆش بێت!

## ڕفاندنی سادق زیباکەلام، نوێنەری سەرۆکوەزیران

ئەندازیار سادق زیباکەلام مامۆستای زانستە سیاسییەکان بوو لە زانکۆی تاران. لەسەر داوای دوکتۆر ئیبراهیم یەزدی جێگری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی لە کاروباری شۆڕشدا، لە زانکۆی تارانەوە درابوو بە دیوانی سەرۆکوەزیران کە بۆ پێڕاگەیشتن بە کێشە و گیروگرفتی خەڵکی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کوردستان بچێتە ئەو هەرێمانە و بەپێی نامەیەکی ئیبراهیم حەکیمی سەرۆکی نوسینگەی سەرۆکوەزیران ڕەوانەی مهاباد کرابوو.

ڕۆژی 1358/7/18 زیباکەلام لە کاتی چوونەدەرەوەی لە بینای فەرمانداریی مهاباد لە لایەن "چرچەی بارام میرزای" کە پێشمەرگەیەکی بە جەرگی پەلی شەپۆل و پەلی تۆڵەی حیزبی دیموکرات بوو، دەستگیر دەکرێت و لە شاری مهابادەوە دەیگوێزنەوە بۆ گوندی چوارگا. لەوێ مەلا ڕەسوڵ پێشنماز کە بەرپرسی پێشمەرگەکانی حیزب بوو، پێشوازیی لێدەکات و لە ماڵی حاجی ساڵحی چوارگا دایدەنێت و لەگەڵ سەرگورد عەباسی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەن.

بە پێچەوانەی نوسینی کەریم حیسامی لە "لاپەڕەی 217 ی بەرگی شەشەمی بیرەوەرییەکانم" کە دەڵێ **(ڕاپۆرتێکی لەسەر کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان پێبوو. دیاربوو کوردی عێراق بۆیان نوسیبوو.).**

زیباکەلام خۆی لێکۆڵەر بوو، تا ئێستا چەندان لێکۆڵینەوەی لەسەر دۆخی گەلانی ئێران کردووە و سەبارەت بەو گەلانە، ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی گرتووە. لە وتارەکانیدا خوازیاری بە ئاشتیانە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و گەلانی ئێرانە و لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ ڕادیۆی فەرەنسە و ئینگلیز و ئەمریکا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەبێت حکومەت بیر لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلانی ئێران بە ڕێگەی ئاشتییانە بکاتەوە. زیباکەلام لە مهاباد لیژنەیەکی "نیازپاک"یی لە خۆی و مەلا کەریم شاریکەندی، حەسەن باباتاهری، قادری عەبدوڵاپوور پێکهێنابوو و لە ڕێی ئەو لیژنەیەوە هەوڵیدەدا ڕێگەیەک بۆ وتووێژ لە نێوان حکومەت و حیزبی

دیموكراتدا بدۆزێتەوە. دوكتۆر قاسملوو پێش دەستپێكردنی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی كۆماری ئیسلامیی كە دواتر ئاماژەی بۆ دەكەم، لە وەڵامی ماموستا شێخ عیزەدیندا بۆ وتوویژ لەگەڵ كۆماری ئیسلامیی، ڕایگەیاند كە گەلاڵەی داواكارییەكانی بۆ وتوویژ ئاراستەی زیباكەلام كردووە. دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكرات گەلاڵەیەكی ئاراستە كرد و لەودا داكارییەكانی خۆی بۆ كۆتایی شەڕ و چارەسەركردنی كێشەكان بە ئاشتیانە پێڕاگەیاند.

زیباكەلام بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە لای حیزبی دیموكرات مایەوە، لە گوندەكانی "كاوڵانی سەرێ" و "كاوڵانی خوارێ" و چوارگا، چاوی بە كەریم حیسامی و سەرگورد عەباسی و مەلا ڕەسوڵی پێشنماز كەوت و گەلێک وتوویژی دۆستانەی لەگەڵ ئەوان و پێشمەرگەكانی حیزب كرد. ڕۆژی چوارەم لە لایەن مەلا ڕەسوڵ پێشنمازەوە لە گوندی "كیتكە" درایەوە بە حەسەن باباتاهری فەرماندراری مهاباد و ئەندامی لیژنەی نیازپاكیی. باباتاهریی هەوڵی زۆری دەدا كە كێشەی گەلی كورد بە ڕێگەی ئاشتییانە چارەسەربكرێت.

ڕۆژی 1358/7/21 هەواڵنێری پارس هەواڵی دەستگیركردنی سادق زیباكەلامی لە لایەن چەند چەكدارێكەوە بڵاوكردەوە، هەروەها زیباكەلام دوای گەڕانەوەی بۆ مهاباد بەشداریی وتوویژێكی ڕۆژنامەی كەیهانی كرد. كەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/7/28یدا بەشێک لە وتوویژەكەی بڵاوكردووەتەوە و ئاماژە بۆ دیداری لەگەڵ مەلا ڕەسوڵی پێشنماز و سەرگورد عەباسی دەكات، بەڵام پەنجەی بۆ چۆنیەتی وتوویژ و وتوویژكەی لەگەڵ ڕێبەرانی حیزب ڕانەكێشا و ئەوانەی بە نهێنی هێشتەوە.

## چەککردنی سمکۆ عەلیار

لەگەڵ سەرهەنگ ئیرەج قادری، سمکۆ عەلیار، حەمەڕەسوڵ ڕەبیعی، کەریم پوورقوباد، کازم سەبزەچی، فەرەیدونی قادری، هەمزە قادری و عومەری پێشمەرگە لە توژەڵەوە هاتینە ئاشی پشکاوێ.



لە چەپەوە بۆ ڕاست: محەمەد ڕەسوڵ رەبیعی، ئیرەج قادری، سمکۆ عەلیار و حامید گەوهەری.

زۆر لەو بنکەیەدا نەماینەوە، سمکۆ عەلیار کە لە حیزب دەرکرابوو، بڕیاریدا بچێتە ئالان و لە بێژوێ بنکەیەک بۆ خۆی بکاتەوە. بە نهێنی کازم و هەمزە قادری ڕازییکردبوو کە لەگەڵی بڕۆن. لەسەر ویستی دوکتۆر قاسملوو، من و کەریم داوامان لە کازم کرد کە سمکۆ بخاتە ژێرچاودێریی و نهێنییەکانی بە ئێمە بگەیەنێت. هەروەها دوکتۆر قاسملوو بە سەعید بێتوشی "ڕێبوار" سپارد کە لەگەڵ پێشمەرگە هاوڕێکانی بچنە لای سمکۆ و تا ئەو کاتەی ئاگادار دەکرێنەوە، چاودێریی کار و هەڵسوکەوتەکانی بکەن. دواتریش بە مەلا خدری باساوێ "فەتاحە ڕەش"ی ڕاگەیاند کە هاتوچۆی سمکۆ بۆ عێراق بخاتە ژێر چاودێریی و ئەگەر لەوێوە چەکی هێنا، لەسەر سنوری ئالان چەکی بکات.

سمکۆ، کازمی بردە بەغدا و بە ناوێکی خواستراوەوە کردی بە نوێنەری خۆی. لە "ڕەشەکان" بنکەیەکی کردەوە و حکومەتی بەعس لە عێراقەوە چەک و پێویستییەکانی بە هێلیکۆپتەر بۆ دەهێنایە "گۆزڵی"، بەڵام مەلا خدری باساوێ نەیتوانی سمکۆ عەلیار لە گۆزڵی و ڕەشەکان چەک بکات.

دوکتۆر قاسملوو ناچار بوو داوای بینینی سمکۆ بکات. سەرەتا ئەمیر قازی ناردە لای کە پتر بەکار و هەڵسوکەوتەکانی بزانێت. ئەمیر قازی چووە ئالان و چاوی پێکەوت و هەستیکرد کە سمکۆ هاتوچۆی عێراق دەکات و چەک و پارە وەردەگرێت. دوکتۆر قاسملوو گوشارەکانی بۆ سەر سمکۆ قوڵتر کردەوە و سمکۆش هەستی بە پلانی حیزب کرد. لەبەرئەوە بە ڕێنوێنی جەلال تاڵەبانی بنکەکەی گواستەوە و چووە بێژوێ و لە نزیک بنکەی دەفتەری مامۆستا لە لای شێخ جەلال بنکەیەکی نوێی کردەوە.

بە پێچەوانەی حیزبی دیموکراتەوە، جەلال تاڵەبانی و شێخ عیزەدین و کۆمەڵە پشتی سمکۆیان دەگرت. ئەمەش کۆسپی سەر ڕێگەی حیزب بوو کە نەتوانێت پلانەکەی سەبارەت بە سمکۆ جێبەجێ بکات. دەربارەی چۆنیەتی ئەو پشتگیریی کردنە، ڕۆژی 2007/9/16 بەڕێز مەلا عومەر عەسری ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی دەفتەری مامۆستا لەو سەردەمەدا، گوتی:

**- (مام جەلال نامەیەکی بۆ محەمەد مەلا عەلی بێژوێ نوسیبوو کە کاک سمکۆ پیاوێکی باشە و ڕەنگە 30 - 40 چەکداری هەبێ و پێمخۆشە ئاگات لێی بێت. هەروەها لە بەرامبەر گوشاری حیزبی دیموکراتدا، سەعید وەتەندوست "مامۆستا برایم" کە لە ئالان بەرپرسی کۆمەڵە بوو، پشتی سمکۆی گرت و گوتی: سمکۆ پیاوێکی خراپ نیە، ئەگەر پێویست بکات ئێمە بۆ خۆمان دەیگرین.).**

کاتێک فەتاحە ڕەش نەیتوانی سمکۆ چەک بکات. دوکتۆر قاسملوو بە ڕێبوار و کۆمەڵێکیتری سپارد کە ئەو کارە بکەن کە شەوی 1358/8/29 تەقەیان لە بنکەی سمکۆ کرد و پێشمەرگەکانی دەفتەری مامۆستا کە شێخ جەلال سەرۆکایەتی دەکردن، وەڵامی تەقەکەیان دایەوە. لە ئاکامی ئەو تەقەکردنەدا پێشمەرگەیەکی دەفتەری مامۆستا بە ناوی "جەلال ڕەسوڵی" خەڵکی گوندی "کاولان"ی جادەی سەردەشت بۆ بانە، شەهید بوو. سەرئەنجام بەشێک لە چەکەکانی سمکۆ کەوتە دەست حیزبی دیموکرات.

بۆ ڕونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە ڕۆژی 2007/9/19 داوام لە عەبدولخالق حەفید "مەلا سیروان" بەرپرسی ئەو کاتەی کۆمیتەی حیزب لە ئالان کرد کە چۆنیەتی مەسەلەکەم بۆ باس بکات، گوتی:

**- (دەنگ هەبوو کە بە ڕێگەی ئاغاکانەوە سەڵتەنەتخوازەکان بنێرنەوە. هێلیکۆپتەرێک هاتە گۆزلێ و چەک و تەقەمەنی دانا. کاک سمکۆ لە ڕەشەکان بارەگای دانابوو. من بە هۆی مەلا "ئەبوبەکری شەریعەت پەنا"وە هەوڵمدا سمکۆ ببینم، داوای کردبوو کە برادەرێک ببینێت. هاتە لام و پرسیارم لێکرد و گوتم بە ئیزنی کێ هاتووی لێرە بارەگات داناوە؟ گوتی برادەران ئاگادارن، بەڵام ئێستا وەزعێکی خراپیان بۆ پێکهێناوم کە ئەویش بە هۆی کێشەی ناوخۆیی ئەو چەند ئەفسەر و پلەدارانەوەیە. نامەیەکم بۆ کاک ئەمیری قازی نوسی و حیزبم ئاگادارکردەوە و گوتم سمکۆ دەیەوێ دوکتۆر قاسملوو ببینێت. کاک ئەمیر و دوکتۆر وەڵامیان دامەوە. دوکتۆر نوسیبوی پێمخۆشە لە ناوچەی بۆکان بیبینم، بەڵام نابێ درێژە بەو وەزعە بدات. من مەسەلەکەم بە کاک سمکۆ ڕاگەیاند. دوای ئەوە سمکۆم لێ ونبوو. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و چریک و مامۆستا دەیانگوت پێشمەرگەی سمکۆین. شەوێک من لە "ڕەزگە" بووم کە چەند کەسێک پەلاماریاندابوو. لەو پەلاماردانەدا پێشمەرگەیەکی شێخ جەلال شەهید بوو. ئەوەی ڕاست بێ، ڕێبوار و سمایل نازدار و مەلا برایمی دۆڵە گەرمی ڕیککەوتبوون کە تالانی بکەن. لەو چەکانەی سمکۆ شەش دەمانچەیان بۆ من هێنا کە لەسەر ئیزنی کاک ئەمیر دانەیەکم بۆ خۆم هەڵگرت و پێنج دەمانچەشم بۆ ئەمیر نارد. ڕێبواریش چەند کالاشینکۆفی برد.).**

سەرئەنجام دوای ئەو ڕووداوانە و کۆتایی شەڕی سێ مانگە کە دواتر ئامارژەی بۆ دەکەم، دوکتۆر قاسملوو چاوی بە سمکۆ کەوت و داوای لێکرد لە ناوچەی بۆکان ناوەندێک بۆ مەشقی سەربازیی پێشمەرگەکانی حیزب بکاتەوە. سمکۆ ئەو کارەی کرد و لە باخی "ئینگێجە"ی سەردەراباد ناوەندێکی بۆ مەشقی پێشمەرگەکانی حیزب کردەوە و ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی بە شێوەی سەربازیی پەروەردەکرد. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە ڕۆژی 2008/2/2 لەگەڵ ئەبوبەکری حەسەن سوری لە شاری ڤێستەڕۆس لە وڵاتی سوید چاوم بە سمکۆ عەلیار کەوت، گوتی:

- (بەرلەوەی کە بێمە مهاباد و چاوم بە دکتۆر قاسملوو بکەوێ کە بەڕێزتان لە نزیکەوە ئاگاداری بوون، لەگەڵ تیمسار "فەربۆد" کە هێشتا نەکرابوو بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا و تیمسار قەرەنی لەو پۆستەدا بوو، لە تاران دوکتۆر قاسملوومان بینی. فەربۆد پێیڕاگەیاند: "دەمانەوێ سیستمێکی سوپا دابمەزرێنین و لە ناوچەی ورمێ جێگیری بکەین و بەرەی حیزبی دیموکراتی پێ بەهێز بکەین." دوای گەڕانەوەم بۆ مهاباد و سەرهەڵدانی شەڕی سێ مانگە لە تورژەڵ دوکتۆر قاسملوو داوای لێکردم بچمە بەغدا و لە عێراق چەک وەربگرم و گوتی: "عێراق پەڕەشوتی داوە پێمان و لەوانەیە تۆ بچی، چەکی باشتر وەربگریت." دوای ئەوە کە بەرپرسایەتی هێزی پێشمەرگەی حیزبم وەرگرت، بەو تێبینییەوە چوومە عێراق کە چەکی بەکەڵک بۆ هێزی پێشمەرگەی حیزب دابینبکەم، بەڵام دوای گەڕانەوەم دوکتۆر قاسملوو گوتی: بیستوومە چوویتە بەغدا؟ گوتم لەسەر قەرار چووم. گوتی: نا ئەوە بۆ ئێمە قبوڵ ناکرێت. دوای ئەو دیدارەم لەگەڵ قاسملوو، چوومە لای مام جەلال و مەسەلەکەم بۆ باسکرد، گوتی: کارەکانی قاسملوو هەر وایە، تودەییەکان گوشاریان بۆ هێناوە، تەنانەت بیستوومە دەیانەوێ تیرۆرت بکەن. گوتی بچۆ بۆ ئالان و قەرار بوو 100 پێشمەرگەم بداتێ، بەڵام لە جیاتی پێشمەرگە نامەیەکی بۆ محەمەد مەلا عەلی نوسی و داوای لێکرد کە ئاگای لێم بێت. چوومە ئالان، کۆمەڵە 30 پێشمەرگە و شێخ جەلال کە نوێنەرایەتی دەفتەری مامۆستای دەکرد ژمارەیەک پێشمەرگەی لەوێ هەبوو. لە ئالان ڕێبوار و میرزا عەبدوڵای نیشکۆلان بەرپرسی پێشمەرگەکانی حیزب کێشەیان پێکەوە هەبوو، لەبەرئەوە ڕێبوار بە 9 پێشمەرگەوە هاتە لای من. سەرەتا پێموابوو ئەو بۆ پارە و چەک هاتووە و دەیەوێ شتێک دەستبخات و بیرم لە نهێنی حیزب نەدەکردەوە. لەگەڵ ئەوەدا محەمەد مەلا عەلی کوڕێکی 17 ساڵەی هێنا و گوتی سی هەزار تمەنیان داوە بەو کوڕە کە بتکوژێ. هەر لەو کاتەدا کاک ئەمیری قازی هاتبووە ئالان و داوای کرد بچمە لای و بیبینم، بەڵام من نەچووم. دوای کاک ئەمیر، کاک جەلیل گادانی هاتە بێژوێ و لە مزگەوتی دێ خەڵکیان بۆ کۆکردەوە. کاک جەلیل بە خەڵکەکەی ڕاگەیاند کە دارودەستەی پالیزبان هاتوونەتە ئێرە و دەبێ

ئێوە ئاگاتان لە ناوچەی خۆتان بێت. بەم جۆرە و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ خەڵکی دژی من هاندا، بەبێ ئەوەی کە من لە ژیانمدا پەیوەندییم بە پالیزبانەوە هەبێت. ئەوە بوو کە من بنکەکەم گواستەوە و هاتمە بێژوێ. لە بێژوێ کوێخا عەلی بێژوێ هاتە لام و گوتی تۆ کار بۆ پالیزبان دەکەی. دوای ئەو مەسەلەیە شەوێک تەقەیان لە بنکەی ئێمە و شێخ جەلال کرد و پێشمەرگەیەکی شێخ جەلالیان شەهید کرد. کاتێک دەنگۆی وتووێژی کورد و حکومەت بڵاوبووەوە، شێخ جەلال بڕیایدا ئالان بەجێبهێڵێ و بچێتە "سورکێو"ی بانە و لەوێ بنکەیەک بۆ خۆی بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کاک سەعدی موهتەدی هاتە لام و گوتی دەتکوژن، باشترە تۆش لەگەڵ شێخ جەلال بچی لە "سورکێو" بیت. چەند ڕۆژێک لە سورکێو بووم و چوومە سلێمانی. دوو ڕۆژ لە سلێمانی مامەوە و بە هێلیکۆپتەر بردمیان بۆ بەغدا کە سەدام ببینم، بەڵام لەوێ ئەبو ئەحمەد سەرلەشکر "خەلیل شاکر" منی بردە لای بارزانی برای سەدام حوسێن. بارزان گوتی ئەو یارمەتییەی کە ئێمە بە تۆی دەدەین لەگەڵ یارمەتی ئێمە بە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە جیاوازیی هەیە، لەبەرئەوە داوات لێدەکەین کە پردەکانی "قتور" و "پل دختر"مان لە ناوچەی ماکۆ و خورەم ئاوا بۆ بڕوخێنیت. گوتم بۆچی دەتەوێ ئەو پردانە بڕوخێنم؟ من ئەو کارە ناکەم! گوتی: "تۆ ئەفسەرێکی باشی، شاپوور بەختیار زۆرجار بە ئێمەی گوتووە، بەڵام بۆم دەرکەوت کە تۆ سیاسییکارێکی باش نیت." دوای ئەوە منیان بە هێلیکۆپتەر بردە نزیک چوارتا و بەو زستانە ساردە لەسەر تەپۆڵکەیەک بەجێیان هێشتم! بە هەڵکەوت چاوم بە "بابا شێخ"ی کوڕی شێخ جەلال کەوت کە چەند کەسێکی لەگەڵ بوو. لەوێوە بە پێ چوومە چۆمان و بەو سەرمایە بە جلوبەرگەوە لە ئاوم دا و چوومە گوندی "بوڵفەت". لەوێ توشی برادەرێک بووم، زۆر یارمەتیدام و بە ئوتۆمبێل منی گەیاندە بانە. ئەو کاتە بانە بە دەست پێشمەرگەوە بوو. چوومە ماڵی حاجی "مستەفا تەوانا" و بۆ ڕۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ سورکێو. هەموو ڕۆژێ مەشقم بە پێشمەرگەکانی خۆم و شێخ جەلال دەکرد. پێشمەرگەکانی شێخ جەلال دەیانویست بێنە لای من و مەلا عەبدوڵای ناڵبەندیی جێگری شێخ جەڵال پێیڕاگەیاندم کە شێخ جەلال دەیەوێست دەست بەسەر چەکەکانت دابگرێت. لەو هەلومەرجەدا

بوو کە ئەحمەد جاویدفەر "هەژار" فەرماندەی هێزی پێشەوا گەیشتە ئەوێ و نامەیەکی دوکتۆر قاسملووی بۆ هێنام. دوکتۆر قاسملوو بە زمانی فارسی بۆمی نوسیبوو:



۱۳۵۸/۱۰/۲

برادر گرامی کاک سمکو!

پس از سلام گفتن

نه برای مطرح کردن مسائلی که گذشت و نه بمنظور گلایه و انتقاد بلکه بخاطر مبارزات آینده خلق کرد و برای اینکه بتوانیم زمینه همکاری آینده را طرح ریزی کنیم خواهش میکنم زحمت بکشید و سری بما بزنید.

البته هر چه زودتر تشریف بیاورید بهتر خواهد بود

با سلام فراوان

برادر کوچکتان

ع -

نامەی قاسملوو بۆ سمکۆ عەلیار

برای بەڕێزم سمکۆ ! 1358/10/2

دوای سڵاوی پاک و بێ ڕیا.

نەک بۆ باسکردنی ئەو مەسەلانەی کە ڕابورد و نە بۆ گلەیی و ڕەخنە بەڵکوو بە مەبەستی بزوتنەوەی دوا ڕۆژی گەلی کورد و بۆ ئەوەی کە بتوانین زەمینەیەک بۆ هاوکاریی داهاتوو دابڕێژین داوات لێ دەکەم زەحمەت بکێشە و سەرێکم لێ بدە. دیارە هەرچەندە زووتر تەشریف بهێنیت باشترە.

لەگەڵ سڵاوی فرەوان برای بچوکتان

ع - قاسملوو

هەژار گوتی تۆ لە سوپادا نفوزت هەیە و بوونی تۆ پێویستە. ئەو چەک و تەقەمەنییەکانی بار کرد و منی لەگەڵ خۆی بردەوە مهاباد. پێکەوە چووین چاوم بە قاسملوو کەوت. دوکتۆر قاسملوو بە گەرمیی پێشوازیی

کردم و گوتی دەمانەوێ لەگەڵ کۆمەڵە بەرەیەک پێکبهێنین و تۆ کاری بەرنامەدانانی سەربازیی بەرەکە لە ئەستۆ بگریت، بەڵام کۆمەڵە قبوڵی نەکرد. لەبەرئەوە لەگەڵ قاسملوو ڕێککەوتین کە من زانکۆیەک بۆ پێشمەرگەکانی حیزب بکەمەوە کە ئەو کارەم کرد و لە باخی "ئینگێجە"ی سەردەراباد ناوەندێکم بۆ مەشقی پێشمەرگەکانی حیزب کردەوە. حیزب 300 پێشمەرگەی دامێ کە مەشقیان پێبکەم، دوای کۆتایی مەشق دوا مەئموریەتی ئەو 300 پێشمەرگەیە ئەوە بوو کە بچین لە سوپای پاسدارانی سەقز بدەین، بەڵام جەلیل گادانی دژ وەستا. دوای کۆتاییهاتنی ئەو خولە من چوومە بۆکان و لەوێ هاوکارییم لەگەڵ حوسێن مەدەنی بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب دەکرد، بەڵام تودەییەکان گەلێک گرفتیان بۆ دروست کردم. ئەوە بوو نامەیەکم بۆ قاسملوو نوسی و پێمڕاگەیاند کە دەچمە تورکیا و داوای سەرکەوتنم بۆ کردن.).

## ڕێکخراوی پارتیزانیی حیزبی دیموکرات

بەر لەو گۆڕانکارییانەی سەرەوە، دوکتۆر قاسملوو داوای لە من کرد کە گەڵاڵەی ڕێکخراوێکی پارتیزانیی بۆ پێشمەرگەکانی حیزب دابڕێژم و لە ڕێکخراوێکی سەرتاسەریی پارتیزانییدا ڕێکیانبخەم. دوای چەککردنی سەربازگەی مهاباد، من پرۆژەی پێکهێنانی ڕێکخراوی پێشمەرگەم بە دەفتەری سیاسی پێشنیاز کردبوو، ڕامگەیاندبوو مادام حیزب چەکداری هەیە، پێویستە چەکدارەکانی لە ڕێکخراوێکی سەرتاسەریی یەک شێوەییدا کۆبکاتەوە. ماف و ئەرک و بەرپرسایەتی و جۆری چەکەکانیان دیاریی بکات و لە چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرام و سیاسەت و دیسیپلینی حیزبدا پەروەردەیان بکات! کەچی دەفتەری سیاسی ئەو کاتە سەرنجی بەو پرۆژەیە نەدا، بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی سێ مانگە لە کوردستاندا، بیریی لەو کەمایەسییە و ئەرکە گرنگە کردەوە و بۆ وەرگرتنی سودی زیادتر لە وزەی پێشمەرگە بڕیاریدا کە چەکدارەکانی بە شێوەی زانستیی ڕێکبخات و کۆتایی بە شێوازی شەڕی خێڵەکی بهێنێت.

بۆ ئەو مەبەستە من قەوارەی یەکەیەکی پارتیزانیم داڕشت. چونکە لەو سەردەمەدا نەمدەزانی بە زمانی کوردیی بنوسم، چوارچێوەی ڕێکخراوەکەم بە زمانی فارسی نوسی و بەم شێوەیەی خوارەوە لک و پەل و تیمەکان و جۆری چەکەکانم دیارییکرد. گەڵاڵەکەم بردە لای دوکتۆر قاسملوو، بەبێ ئەوەی کە هیچ چەشنە گۆڕانکارییەک لە گەڵاڵەکەدا بکات، داوای لە مامۆستا هێمن کرد کە نوسراوەکەی من بکاتە کوردی. مامۆستا هێمن پرۆژەکەی وەرگێڕایەوە سەر زمانی کوردیی. دوای ئەوە دوکتۆر قاسملوو داوای لە مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە کرد کە بەسەر نوسراوەکەی من و وەرگێڕاوەکەی مامۆستا هێمندا بچێتەوە. لە کۆتاییدا بۆ خۆی جارێکیتر لەگەڵ من نوسراوەکانی بەراورد کرد:

**ڕێکخراوی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمیتەی ناوەندیی**
**فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە**

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە "شورای نیزامی"

پۆل

فەرماندەی پۆل– دەستەی پۆل

لک لک لک

سەرلک

پەل پەل پەل

سەرپەل

تیم تیم تیم

بەرپرسی تیم

پۆل : فەرماندەی پۆل، نوسینگەی پۆل و ناوەندی پۆل، واتە دەستەی چەکداری پۆل. هەر پۆلێک لە دوو یان سێ لک پێکدێت. ژمارەی پێشمەرگەکانی پۆل و لکەکان بەگوێرەی ژمارەی پێشمەرگە و پانتایی و هەلومەرجی ناوچەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. هەر پۆلەی خۆمپارەیەکی 120 میلیم و دوو دۆشکە و دوو خۆمپارەی 81 و 60 میلیمی هەیە. بەرپرسی سیاسی و پەروەردە، بەرپرسی ڕاگەیاندن، بەرپرسی تدارکات و تەتەری تایبەت بە خۆی هەیە. بەرپرسی سیاسی پۆل، پێشمەرگەکانی پۆل و لک و پەل و تیمەکانی شانەبەندیی دەکات و زانیارییان پێدەگەیەنێت.

لک : فەرماندەی لک و نوسینگەی لک. هەر لکێک دوو تا سێ پەلی هەیە. نوسینگەی لک 18 کەسە و ئەرکی پارێزگاریی کردنە لە لک و مەئموریەتەکانی لک بەڕێوەدەبات. چەکەکانی هەر وەک چەکی پەلەکانە لەگەڵ خۆمپارەیەکی 81 میلیم.

پەل : سەرپەل، پەل بەگوێرەی ژمارەی پێشمەرگە و پانتایی ناوچەکە و گەورەیی لک دەگۆڕێت. جگە لە دوو یان سێ تیم، دوازدە پێشمەرگەی هەیە، واتە سێ پێشمەرگەی لە تیمەکان زیادترە. یەکێک لەو سێ کەسە بەرپرسی تدارکات و ئەویتریان بەرپرسی ڕاگەیاندن و سێیەمیان خۆمپارەهاوێژە بە خۆمپارەی 60 میلیم کە پەلەکان هەیانە. سەرپەل بۆ خۆی کاری پەیوەندییەکانی پەل لەگەڵ لک بەڕێوە دەبات. هەروەها پەل دۆشکەیەکی سوک و قەناسەیەکی هەیە، لە کاتی پێویستدا یان بەگوێرەی

بەرنامەی داڕێژراو هەموو ئەندامانی پەل و تیمەکان هاوکاریی یەکتر دەکەن. ئەگەر پێویست بکات، لک و پەل و تیمەکان بە یەکەوە بەشداریی کارە هاوبەشەکان دەکەن. جگە لەوە لک دەتوانێ لە پۆل هێزی پتری بوێت. مەئموریەتی پەل و تیمەکان لە لایەن لکەوە دیاریی دەکرێت.

تیم: بەرپرسی تیم، لە دوو تیمەوە بۆ سێ تیم، بەگوێرەی ژمارەی پێشمەرگە. هەر تیمێک لە نۆ کەس پێکدێت. بەرپرسی تیم هەروەها بەرپرسی ڕاگەیاندن و زنیاریی گەیاندن و ئاگادار کردنەوەشە. بەرپرسی تیم، بەرپرسی مین دانان و مین هەڵگرتنەوە، ئارپیجی هاوێژ و نارنجۆک هاوێژ جگە لەو چەکانەیان، چەکی کلاشینکۆفیشیان پێیە. برینپێچ، چەکی ژ3 ی بێ قۆنداغی پێیە. چوار تفەنگچی، چەکی ژ3 یان پێیە. تیم گەڕۆکە و بۆ مەئمورییەتەکان لە پەل جودا دەبێتەوە و پانتایی مەئموریەتەکەی لە ناوچەی دیارییکراوی پەل دایە. گەڵاڵەکەم بە ڕێنوێنی وەرگرتن لە ڕێکخراوەکانی سوپای ئێران "گوردان، گورهان، دەستە و گروە" ی پارتیزانیی نوسیبوو. مامۆستا هێمن بە ڕێنوێنی وەرگرتن لە یەکەکانی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان کە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی 12 شەممە 20 ڕێبەندانی 1324- 9 ی فێبروراری 1946دا ئاماژەی بۆ کراوە، ناوی "پۆل، لک، پەل و تیم"ی دانا کە بەشێکیان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆ هێزی پێشمەرگە بەکارهێنراون. مامۆستا هێمن ڕێکخراوەکەی بە پۆلە دار دەبینی کە لک و پەلی لێدەبێتەوە.

دوای تەواوکردنی ئەو ئەرکە لەسەر داوای پێشمەرگەکان ناوی پۆلمان کردە هێز و دوکتۆر قاسملوو داوای لێکردم کە ئەو ڕێکخراوە بە کردەوە دابمەزرێنم، بەڵام گوتی ئێمە پتر لە دوو هەزار پێشمەرگەمان بۆ ڕاناگیرێت. بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی حیزب لەو ڕێکخراوەدا لە سەردەشتەوە دەستمکرد. کەریم حەداد بە فەرماندەی هێزی سەردەشت دیارییکرا و من ڕاسپێرام لەگەڵ کەریم حەداد بچمە ناوچەکە و پێشمەرگەکانی بۆ ڕێکبخەم.

بەو مەبەستە ڕۆژی 1358/8/14 (1979/10/26) لەگەڵ کەریم حەداد و چەند پێشمەرگەیەک چووینە گوندی "نەڵاس" و بەیانی ڕۆژی دوایی ناوەندی هێز و لکی یەکەمی هێزمان بە پەل و تیمەکانییەوە ڕێکخست و

پێشـمەرگەکانمان لــە پۆسـتی نوێـدا نـاونووس کـرد. چەکـەکانمان بـۆ دیـارییکردن، هەرچەنـدە هێـز ئـەو چەکانـەی نـەبوو کـە لـە ڕێکخراوەکـەدا نوسـرابوون. نـاوی هێزەکـەمان کـرد بـە "هێـزی 111 ی شـەهید مـوعینی". هەروەک پێشتر ئامـاژەم بۆ کرد، کەریم حەداد لـە لایـەن دەفتـەری سیاسـی حیزبـەوە کرابوو بە فەرماندەی هێز. مەلا حەسەن شێوەسەڵی بەبێ ئـەوەی کە لەوێ بێت، بە پێشنیازی کەریم حـەداد کـرا بـە سـەرلکی لکـی یەکـەم و حەسـەن تەبـەرخون "حـەسـەن مینـە" و ڕەسوڵ میـران "پیرەبـاب" و خـدری ڕەسوڵی سمایلی بوون بە سـەرپەل و نۆ تیمیشمان بۆ پەلـەکان ڕێکخست. حەمەدەمینی مەلا عەزیزی بە بەرپرسی دەستەی هێز دیـاریی کـرا، بـەڵام چونکـە لەگـەڵ پێشـمەرگە هاوڕێکـانی لـە بێـوران بـوو، بڕیارمانـدا لــە گەشتەکەماندا بچینە بێوران و لـەوێ دەستـەی هێز ڕێکبخـەین.

ڕۆژی 1358/8/17 لەگەڵ کەریم حەداد و چەند پێشـمەرگەیەکی ناوەنـدی هێز پەڕیینەوە بۆ "بەری کەڵوێ" و چووینە گوندی نستان و لە مـاڵی فـەقێ قـادری مـامی کـەریم نـەستانی بنکـەمان دانـا. لـەوێ عەبدول نـەستانی و پێشـمەرگەکانی ئـەو ناوچەیـە چاوەڕوانمـان بـوون. ئێـوارەی ئـەو ڕۆژە دەستمان کرد بە ڕێکخستنی لکـی دووەمـی هێزی 111ی موعینی. عەبدول نـەستانی کـرا بـە سـەرلک و هـەمزاغای گـەنمانێ و برایمـی مـام وسوی و محەمـەدی مینـە هــەلاجی کـران بــە سـەرپەل و پێشـمەرگەکانی پـەل و تیمەکانیشـمان بــە بەرپرسـەوە دیـارییکرد. بــە شـێوەی لکــی یەکــەم، پێشـمەرگە و بەرپرسـەکانی لکـی دووەممـان نـاونووس کـرد و گەڕاینــەوە گوندی "نـەلاس" کە ناوەندی هێزبوو.

لــەوێ پێشـمەرگەکانی لکــی یەکـەم بڕیاریانـدابوو بچینـە نـاو شـاری سەردەشـتەوە و بـۆ ماوەیـەکی دیـارییکراو شـار بخـەینـە دەسـت خۆمـان. لەگــەڵ کــەریم حــەداد و ســەرپەلەکان کۆبووینــەوە و بەرپرســیاریی پەلـەکانمان دیارییکرد و هەر ئەو ڕۆژە ئەندامانی حیزبمـان لـە نـاو شـاردا ئاگادار کـردەوە و مـن و کـەریم حـەداد لـەگـەڵیان ڕۆیشتین. پێشمەرگەکان شاریان خستە دەست خۆیان، هەر کە پاسدارەکان بە هاتنی پێشمەرگەیان زانـی، شاریان بەجێهێشت و پەنایان بۆ سەربازگە بـرد. پێشمەرگەکان بـۆ ماوەی شەش کـاتژمێر لـە شاردا مانـەوە و خـەڵکەکـە بـە هـەموو شێوەیـەک

پێشوازییان لە پێشمەرگەکان کرد. لەو ماوەیەدا بارهەڵگرێکی سەربازیی کە لە "واشی قازیئاوێ" وە دەیویست بچێتە سەربازگە، لە دەروازەی بلواری شار کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانەوە و پێنج سەربازی تێدابوو، هەر پێنجیان کوژران. یەکێک لە کوژراوەکان کە هێشتا نەمردبوو، لەسەر شەقامەکە کەوتبوو، پێشمەرگەیەک بە ناوی برایمی گوڵای چوو چەکەکەی لێ بکاتەوە کە سەربازە بریندارەکە تەقەی لێکرد و شەهیدی کرد.

ڕۆژی 1358/8/21 لەگەڵ کەریم حەداد و چەند پێشمەرگەیەک چووینە بێوران و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ میوانی حەمەدەمینی مەلا عەزیزی بووین. لەوێ دەستەی هێزمان لەگەڵ پەلێکی جیاواز بۆ عەولای کوێخا برایمی بێورانی سەروو پێکهێنا و بەیانی 1358/8/23 لەگەڵ خدری ڕەسوی سمایلی و چەند پێشمەرگە بەرەو ئالان کەوتینە ڕێ. ئێوارەی ڕۆژە 1358/8/24 گەیشتینە بێژوێ. حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە، شێخ جەلال و سمکۆ عەلیار لەوێ بنکەی چەکداریان هەبوو. ڕێکخراوی حیزب لە بێژوێ شوێنی بۆ دیارییکردین و ئێمە لە ڕۆژی 1358/8/25وە دەستمان کرد بە کاری ڕێکخستنی لکی سێی هێزی 111ی شەهید موعینی. میرزا عەبدوڵای نیشکۆڵانێ کرا بە سەرلک، مەلا برایمی دۆڵەگەرمی، سەعید بێتوشی "ڕێبوار" و عەلی ڕەشید ئەقدەم هەر یەکەی بەرپرسایەتی پەلێکیان لە ئەستۆ گرت و بە پێشنیازی ئەوان پێشمەرگەکانمان بە سەر لک و پەل و تیمەکاندا ناونووس کرد.

شایانی باسە خاتوو کارۆڵ پرونهوبێر لە کتێبی "خولیا و مەرگی قاسملووی کورد"دا لە زاری سەرهەنگ ئیرەج قادری بڵاوی کردووەتەوە کە گوایە سەرهەنگ قادری ڕێکخراوی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی داڕشتووە. لەو پەیوەندییەدا، پەیوەندیم بە سەرهەنگ قادرییەوە کرد، ناوبراو گوتی من هەرگیز بە خاتوو کارۆڵم نەگوتووە کە ڕێکخراوی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتم داڕشتووە و نوسینی ئەو مەسەلەیە لەلایەن خاتوو کارۆڵەوە ڕاست نییە.

## شەڕی سێ مانگە بەرەو کۆتایی

زەبری کوشندەی پێشمەرگە لە سوپا و سوپای پاسدارانی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە جادە و شارەکانی کوردستاندا و هاودەنگیی و هاوکاریی خەڵکی شارەکان بۆ دەرکردنی پاسدارە هێنراوەکان بۆ کوردستان، هەروەها گوشاری نەبڕاوەی لایەنە ئاشتییخوازەکان لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران لەسەر حکومەتی کاتیی بازرگان، سەرئەنجام خومەینی ناچار کرد کە بە خۆیدا بچێتەوە و بڕیار بدات لیژنەیەکی تایبەت بۆ بە ئاشتیی چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان ڕەوانە بکرێت. سادق زیباکەلام بە ڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێچکەیەکی بۆ ئەم مەبەستە کردبووەوە، بەڵام خومەینی و لایەنگرە توندڕەوەکانی، مامۆستا شێخ عیزەدینیان بۆ وتووێژ هەڵبژاردبوو. هەرچەندە دەیانزانی کە هێزی بەرگرییکەر و تۆڵەسەن لە کوردستاندا حیزبی دیموکراتە، نەک مامۆستا شێخ عیزەدین و هاوپەیمانەکانی، واتە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و لقی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران لە کوردستاندا.

لەو چوارچێوەیەدا حکومەتی کاتیی بازرگان لیژنەیەکی لە داریوش فروهەر، هاشم سەباغیان، عیزەتوڵا سەحابی و مستەفا چەمران پێکهێنا. چونکە چەمران بە هۆی توندڕەوییەکانیەوە لە کوردستان لەناو خەڵکی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا ناوزڕاو بوو، بۆیە لەو لیژنەیەدا نەما. لیژنەی دیارییکراوی حکومەتی بازرگان لە یەکەم هەنگاودا پەیوەندیی بە جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد و داوای لێکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان لە نێوان حکومەت و مەلا شێخ عیزەدیندا ناوبژیی پرۆسەی ئاشتیی بکات.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، داریوش فروهەر لەگەڵ تیمسار یاقوب فرخ ئازەر، محەمەدی نوری و فەرماندەی سەربازگەی سەردەشت ڕۆژی 1358/7/16 (1979/10/8) چوونە گوندی "نیشکۆڵان" و لەوێ چاویان بە مام جەلال کەوت. نەوشیروان مستەفا ئەمین ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە کتێبی "پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن" و فاتح ڕەسوڵ بەرپرسی ئەو کاتی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق لە

کتێبی "چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان" دا، ئاماژەیان بۆ ئەو کۆبوونەوەیە کردووە. نەوشیروان دەڵێت:

**- (فروهەر حیزبی دیموکراتی تاوانبار کرد بە نانەوەی ئاژاوە و شەڕ لە کوردستاندا و وەرگرتنی چەک و پارە لە عێراق و ناردنی خێزانەکانیان بۆ عێراق. بۆ ئەوەی حکومەتی ئێران شەڕ ڕابگرێ داوای کرد مەلا شێخ عیزەدین بەیانێک دەربکا و داوای ڕاگرتنی شەڕ بکا لە پێشمەرگەکانی کوردستان و بە هیچ جۆرێ هێرش بۆ سەر ئیمام خومەینی نەکەن).**

لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی خومەینی و حکومەتی بازرگاندا کە حیزبی دیموکراتیان وەک لایەنێکی سیاسی و نەتەوەیی لەبەرچاو نەگرت لە وتووێژەکاندا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات ڕۆژی 1358/7/20 (1979/10/12) نامەیەکی سەرئاوالای ئاڕاستەی ڕای گشتیی و حیزب و لایەنە سیاسی و مەدەنیی و کەسایەتییە نیشتمانیی و ئایینییەکانی ئێران کرد و ڕایگەیاند: ئێمە لە هەلومەرجێکدا ئەم نامەیەتان ئاڕاستە دەکەین کە جگە لە هەندێک شار، سەرانسەری کوردستان کەوتووەتە دەست پێشمەرگە کوردەکانەوە. هەروەها کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە نامەکەیدا ڕایگەیاند کە چارەسەری کێشەی کوردستان بە ڕێگەی وتووێژی ئاشتییخوازانەوە لە جاران بە پێویستتر دەزانێت و دووپاتی کردەوە کە ئەمە تەنیا ڕێیە. کۆمیتەی ناوەندیی چوار مەرجی بۆ ڕاگرتنی شەڕ و دەستپێکردنی وتووێژ دانا. مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی 173ی کتێبی "نیوسەدە تێکۆشان"دا ئامارەی بۆ ئەو چوار مەرجانە کردووە کە بریتین لە:

**1- ئازادییە دیموکراتییەکان لە کوردستان و سەرانسەی ئێراندا دابینبکرێن و حیزبی دیموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەستپێبکاتەوە.**

**2- پاسدارە لاوەکان کە مایەی دووبەرەکیی و ئاڵۆزیین لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بانگ بکرێنەوە.**

**3- ڕێگای ئەرتەش نەدرێت دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەربدات و تەنیا خەریکی ئەرکی خۆی بێت کە دیفاع لە سنورەکان و تەواویەتی خاکی ئێرانە.**

**4- زیندانییــه سیاســییەکان ئــازاد بکــرێن و ئیعــدامی خــەباتگێڕان ڕابوەستێت.**

نامــە ســەرئاوالاکەی حیزبــی دیمــوکراتی کوردســتان لــەناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەنگــی زۆری دایــەوە و دەزگــا ڕاگەیاندنــە گشــتییەکان بــە وردیــی ئامازەیان بۆ کرد، بــەڵام ســەرنجی خومــەینی و توندڕەوەکانی ڕانــەکێشا و لــەســەر بڕیــاری خۆیــان ســوربوون، فــەرمانی بــە بازرگــان دا کــە لیژنــەی تایبەتیی حکومەت لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدین درێژە بە وتووێژ بدات. بەم مەبەســتە داریــوش فروهــەر ڕۆژی **1358/7/25 (1979/10/17)** گەڕایــەوە سەردەشت و ئــەم جارە بــە بەشداریی مام جەلال، لــە گوندی بنوخەڵــەف چاوی بە مامۆستا شێخ عیزەدین و هاوڕێیانی کــەوت کــە بریتــی بــوون لــە: مەلا عومەر عەسری، مەلا محەمەد عەباسی، قــەرەنی کــەریمی، فــاتح شــێخ ئیســلامی، ئەحمــەد ئەسکەندەری، ســەلاح موهتــدی، ئیبــراهیم عــەلیزادە، یوسف ئەردەڵان و عەلیڕەزا شاندیزی "جەواد" و محەمەد ئــەمین شێخانی. جگــە لــە مــەلا عومــەر عەســری و مــەلا محــەمــەد عەباســی کــە ئەنــدامی دەفتــەری مامۆســتا بــوون، ئــەوانی تــر نوێنــەرانی کۆمــەڵــەی شۆڕشــگێڕی زەحمەتکێشــانی کوردســتان و چریکــی فیــدایی خــەڵکی ئێــران "لقــی کوردستان" بوون کــە لــە پــەراوێزی مامۆستا شێخ عیزەدینــەوە بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کرد.

لــەو کۆبوونــەوەیــەدا چەنــد داواکــاریی و ڕاگرتنــی شــەڕ لــە کوردســتاندا تاوتوێ کرا. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لــە ژمارەی ڕۆژی **1358/7/27**دا، ئامــاژەی بۆ وتــووێژێکی تەلــەفۆنیی هەواڵنێرەکــەی لــە کرماشــانەوە لەگــەڵ حەســەن باباتاهری فەرمانداری مهاباد کرد. باباتــاهری دەربــارەی ئــەو وتــووێژە بــە هــەواڵنێری ئیتلاعــاتی گــوت: **(دوێنــی بــەڕێز ســادق زیباکــەلام نوێنــەری سەرۆکوەزیران بۆ بینینی بەڕێز فروهەر چووە سەردەشت و بڕیارە ئــەمڕۆ بگەڕێتەوە بۆ تاران و ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکە بە سەرۆکوەزیران بدات. ئێمە تا ئێستا هیچ زانیارییەکمان لەسەر ئاکامی کۆبوونەوەی سەردەشت نیە. باباتاهری هیوای خواست هەرچی زووتــرە ئاشتیی و ئــارامیی بگەڕێتــەوە هەرێمەکە. هــەروەها گــوتی: ئێستا کــە هــەردوولا نیازیــان پاکــە، باشــترە کاربەدەســتانی بــەرپرس لــە نــاردنی کەســانی توندڕەو بــۆ هــەرێمی**

**کوردستان خۆیان بپارێزن. ئێمە چاوەڕوانین دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن یارمەتی خەڵکی کورد بدەن تا ئاشتیی لە هەرێمەکەدا جێگیرببێت.).**

سەبارەت بە بەشداریی نەکردنی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا کە لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین کرا، پرسیارم لە مەلا عومەری عەسری ئەندامی بەڕێوەبەریی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین کرد کە چۆن بوو مەلا شێخ عیزەدین برادەرانی کۆمەڵە و چریکی بەشداری کۆبەدەنەوەکە کرد و بۆچی نوێنەری حیزبی دیموکرات لە کۆبوونەوەکەدا نەبوو؟ مامۆستا عەسری ڕۆژی 1358/7/24 گوتی:

**- (لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین چووینە ئاشی پشکاوێ و چاومان بە دوکتۆر قاسملوو کەوت. سەید حەسەنی هاشمی لە لای دوکتۆر قاسملوو بوو، مامۆستا پێیگوت دەوڵەت ڕایسپاردووە وتووێژی لەگەڵ بکەین و پێمخۆشە بەشداری وتووێژەکە بن. دوکتۆر قاسملوو لە وەڵامی مامۆستادا گوتی ئێمە داخوازییەکانی خۆمان داوە بە سادق زیباکەلام و شتێکی تازەمان نیە کە لەسەری بدوێین. پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەو برادەرانەی کە لە کۆمەڵە و چریک بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کرد، مامۆستا پێیڕاگەیاندن کە ناوی ڕێکخراوەکانیان نەبەن و کۆبوونەوەکە بەو جۆرە کرا.).**

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەربارەی ئەو کۆبوونەوەیە و هەواڵی ڕادیۆکانی دەرەوەی وڵات لەسەر ڕاگرتنی شەڕ لە کوردستاندا، ڕۆژی 1358/7/27 بەیاننامەیەکی بۆ ڕای گشتیی و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بڵاوکردەوە:

**هاووڵاتیانی بەڕێز، پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان**

**هەروەک ئاگادارن ڕادیۆکانی دەرەوەی وڵات ڕایانگەیاند کە هەر ئێستا لە نێوان نوێنەرانی خەڵکی کورد و دەوڵەتی ناوەندییدا وتووێژ هەیە و بەم بۆنەیەوە ئاگربەس ڕاگەیەنراوە. ئێمە لێرە پێتان ڕادەگەیەنین کە هیچ کۆبوونەوە و وتووێژێک لە نێوان نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی بە ئەنجام نەگەیشتووە و لە هیچ ناوچەیەکی کوردستاندا شەڕی مافخوازانەی ئێمە دژی سیاسەتی**

**ستەمگەرانەی کاربەدەستانی دەوڵەت ڕانەگیراوە. بەم بۆنەیەوە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات ڕایدەگەیەنێت کە تا ئەو کاتەی بە شێوەی ئەرێنی لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتەوە ئاگربەس ڕانەگەیەنرێت، پێشمەرگە فیداکارەکانی حیزب نابێ ساتێک لە خەباتی چەکدارانە خافڵ بن.**

**دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**1358/7/27**

دوای ئەو بەیاننامەیەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات، پێشمەرگەکان لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستاندا خەباتی خۆیان دژی کۆماری ئیسلامیی چڕتر کردەوە. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان ڕۆژی 1358/8/3 پێشمەرگەکان لە سنە پەلاماری بنکەی پاسدارانی کۆڵانی "سیمین"یان دا و لە بانە هێرشیان کردە سەر سەربازگەی بانە و لە دەوروبەری جوانڕۆ بۆ ماوەی پتر لە سێ کاتژمێر شەڕیان لەگەڵ هێزەکانی پاسدار و ژاندارمەریی کرد. لە بانە و مهاباد کەربەلایەکی تریان نمونەی کەربەلای دارساوێن بۆ پاسدارەکانی خومەینی دروستکرد.

بە وتەی حوجەتولئیسلام شێخ حوسێن کرمانی نوێنەری ڕەوانەکراوی خومەینی بۆ مهاباد کە لایەنگری چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بە ڕێگەی شەڕ بوو، لە تێکهەڵچوونێکدا کە ڕۆژی 29 و 1358/7/30 لە مهاباد ڕوویدا، 74 پاسدار کوژران. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان شاری مهابادیان بە تەواویی خستەوە دەست خۆیان و پاسدار و چەکدارەکانی ڕژێم شاریان بەجێهێشت و گەڕانەوە سەربازگەی مهاباد و ناوەندەکەیان کە کۆشکی لاوانی مهاباد بوو. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی "لومۆند"ی فەرەنسی لە ژمارەی ڕۆژی 29 و 1358/7/30 (21 و 1979/10/22)دا ڕایگەیاند:

**- (لە ئاکامی ئابڵۆقەدانی مهاباد لە لایەن سوپای ئێرانەوە شار تووشی کەمیی خۆراک و سوتەمەنی بووەتەوە. لە ئەنجامی شەڕێکدا کە لە نێوان سوپای ئێران و کوردە ڕاپەڕیوەکاندا ڕویدا، بەگوێرەی ڕاپۆرتی شێخ حوسێن کرمانی نوێنەری نێردراوی خومەینی بۆ مهاباد، 74 کەس کوژراون. دۆخەکە بە ڕادەیەک ئاڵۆز بووە کە شەوی شەممە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە نێوان ئەندامانی حکومەت بە سەرۆکایەتی**

**بازرگان و ئیمام خومەینی بەڕێوەچوو. سەباغیان وەزیری ناوخۆی وڵات گومانی لە کوژرانی 74 کەس هەیە و ئەمەش واتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە لە نێوان دەوڵەتدا ناکۆکی لەسەر مەسەلەی کوردستان هەیە. گروپێک پێ لەسەر وتوویژ دادەگرن و گروپێکیتر دەیانەوێت بە داسەپاندنی هێز و درێژەدان بە شەڕ، کێشەی کوردستان چارەسەر بکەن. لە لایەک داریوش فروهەر وەزیری ڕاوێژکاریی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بە نهێنی چاوی بە ڕێبەرانی کورد کەوتووە و پێشنیازەکانیانی هێناوەتەوە بۆ تاران و لە لایەکیترەوە چەمران وەزیری بەرگریی بە هێزی چەکدار خەریکی پاکسازیی ناوچە کوردییەکانە. بازرگان بۆ خۆی پێشنیازی کوردەکانی بە ئیمام خومەینی گەیاندووە و چاوەڕوان دەکرێت کە ڕێبەری شۆڕش پێشنیازەکانی پەسەند بکات. شەوی یەکشەممە ڕێبەری شۆڕش بە دڵنیاییەوە هیوای خواست کە پێش بە ڕشتنی خوێن لە کوردستاندا بگرێت و لەوە دەچێت کە هەڵوێستێکی نەرمتری گرتبێتەبەر).** ڕۆژنامەی لومۆند کە هەواڵەکانی ڕۆژی 21 و 22 ی ئۆکتۆبەری کوردستانی بڵاوکردووەتەوە، لە زمانی هەواڵنێری فەرەنسییەوە نوسی: **(بە وتەی سەرچاوە کوردییەکان، داریوشی فروهەر وەزیری ڕاوێژکاریی ڕۆژی پێنج شەممە دەگەڕێتەوە کوردستان تا چاوی بە شێخ عیزەدین حوسێنی ڕێبەری کوردە سونەکان بکەوێت).**

هەر لەو چوارچێوەیەدا، جەمشید حەقگو پارێزگاری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دڵنیایی لە ڕاستیی هەواڵەکەی ڕۆژنامەی لومۆند کرد. بە نوسینی ڕۆژنامەی فرانکفۆرتی ئەڵمانیایی لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/2 (1979/10/24) دا، "جەمشید حەقگو" پارێزگاری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ڕایگەیاند کە کوردە ڕاپەڕیوەکان بەشێکی زۆری مهابادیان خستووەتەوە دەست خۆیان. بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە لایەن حەقگووە ڕاپەڕیوەکان توانییان پاشەکشە بە سەربازە جێگیرکراوەکان بکەن لە شاری مهاباددا و بیانگەڕێننەوە سەربازگە. حەقگو گوتی: بە هۆی تەقینەوەی بۆمبێک لە نزیک ئوتۆمبێلێکی سەربازییەوە، هەشت سەرباز کوژران.

هەروەها پارێزگاری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دڵنیایی لە ڕاستیی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی "بامداد" کرد سەبارەت بەوەی کە دەوڵەت پلانێکی نوێی

سیاسی لە بەرامبەر کورداندا دارِشتووە... حەقگو راِیگەیاند کە بەم زوانە لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدین و عەبدولرەحمان قاسملوو وتووێژ دەکات.

## خەلخالی جەلاد خۆی دەداتە دەست پێشمەرگەکانی دیموکرات !

پێشتر گوتم لە نێوان ئەندامانی هەیئەتی وەزیران و بەشێک لە مەلاکاندا لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان ناکۆکیی هەبوو. ڕێبەری شۆڕشی ئێران ئایەتوڵا خومەینی کە لایەنگریی لە باڵی توندڕەوان دەکرد، توندڕەوەکان بە فەرمانی ئەو دەیانویست کوردستان قەلاچۆ بکەن، بەڵام لەپڕ بایدایەوە لای باڵی ئاشتییخوازان و سەبارەت بەو ناکۆکییە لایەنگرانی خۆی هۆشیار کردەوە و هەڕشەی لە نەیارانی کۆماری ئیسلامیی کرد و گوتی: **(ئەگەر لە بەرامبەر میللەتدا بوەستن، تێکیاندەشکێنم.)**. هەڕەشەی خومەینی سەبارەت بە تێکشکاندنی نەیارانی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ ئەو کەسانە بوو کە دژی وتووێژکردنی کۆماری ئیسلامیی بوون لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. بۆیە سادقی خەلخالی جەلاد کە یەکێک بوو لە لایەنگرانی بە چەک چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان، بە دەنگهات و وەک خومەینی لە وتەکانی پێشوی خۆی سەبارەت بە نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکرات پاشگەز بووەوە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/3یدا سەبارەت بە خەلخالی نوسی:

- حوجەتولئیسلام خەلخالی لە وتووێژێکیدا کە لەگەڵ هەواڵنێری پارس لە شاری قوم کردوویەتی، گوتی: **(ئەگەر ئیمام خومەینی فەرمان بدات، دەچمە کوردستان و خۆم دەدەمە دەست دیموکراتەکان.)** هەروەها گوتی: **(دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەک پاسدار بە توندیی چاودێریم دەکەن کە نەوەک بۆ خۆم بچمە کوردستان و خۆم بدەمە دەست دیموکراتەکان.)**.

خومەینی ڕێگەی دا بە ئەندامانی لیژنەی هەڵبژێردراوی حکومەتی بازرگان کە بچنە کوردستان و چاویان بە دوکتۆر قاسملوو بکەوێت. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی لومۆندی فەرەنسی لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/3

**(1979/10/25)** دا نوسی: **(دەوڵەت ڕەزامەندیی لە خومەینی وەرگرت کە لیژنەی تایبەتی حکومەت لەگەڵ دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو وتووێژ بکات. هەروەها ئایەتوڵا شەریعەتمەداری ڕێبەری شیعەکانی ئازەربایجان دوای بێدنگییەکی درێژ ئامادەیی خۆی بۆ ناوبژییکردن و چارەسەرکردنی قەیرانی کوردستان ڕاگەیاند.)**

بەو جۆرە خومەینی ناچار بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە لایەنێکی وتووێژ دابنێت و فەرمانیدا بە لیژنەی حکومەت لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدین و دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژ بکات. ئەندامانی لیژنەی تایبەتیی حکومەتی بازرگان کە پێکهاتوو لە هاشم سەباغیان، عیزەتوڵا سەحابی و داریوش فروهەر، ڕۆژی **1358/8/11 (1979/11/2)** گەیشتە مهاباد و بە هۆی حەسەن باباتاهرییەوە پەیوەندییان کرد بە کۆمیتەی حیزبی دیموکراتەوە لە مهاباد. هەر ئەو ڕۆژە حوسێن مەدەنی و "جەلال ناسوتی" نامەیەکی کەریم حیسامی بەرپرسی ڕێکخراوی مهابادی حیزبی دیموکراتیان بۆ دوکتۆر قاسملوو هێنایە ئاشی پشکاوێ. کەریم حیسامی لە دەفتەری سیاسی کردبوو چەند کەسێک بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەو لیژنەیە ڕەوانەی مهاباد بکات. دەفتەری سیاسی، مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە، عەزیز ماملێ و کەریم حیسامی بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان کرد و لەگەڵ غەنی بلوریان کە چەندان ساڵ لەگەڵ فروهەر و سەحابی لە بەندیخانەکانی شادا زیندانیی بوون، ناردنیە مهاباد. لە ئاشی پشکاوێ من چاوم بە حوسێن مەدەنی و جەلال ناسوتی کەوت و هەواڵی هاتنی لیژنەی ئاشتیی حکومەتیان پێڕاگەیاندم.

مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە، کەریم حیسامی، عەزیز ماملێ و مامە غەنی ڕۆژی **1358/8/12** لە میوانخانەی "سەد"ی مهاباد، پێشوازییان لە ئەندامانی لیژنەی حکومەت کرد. ئەوە دیدارێکی گشتیی و سەرەتایی بوو. بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی **135/8/13**دا، ڕەحمانی فازلی سەرپەرشتی فەرمانداریی مهاباد دەربارەی وتووێژی نوێنەرانی حیزبی دیموکرات و لیژنەی حکومەت لە مهاباد، بە هەواڵنێری ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاند: **(وتووێژ یەکەم هەنگاوی تێپەڕاند، بەڵام هێشتا**

**ئەندامانی لیژنە بە شێوەی ڕاستەوخۆ وتووێژیان لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسی و ئاییینیی کورد نەکردووە. وتووێژەکان تەنیا بە هۆی نوێنەرانی ئەوانەوە کراوە.)**. هەروەها فازلی گوتی: **(وتووێژ تا گەیشتن بە ئاکام بە شێوەی نهێنی دەکرێت و ئێوارەی دوێنی بەڕێز داریوش فروهەر بۆ درێژەدان بە وتووێژ لە مهابادەوە چووە سەردەشت و سەباغیان و سەحابی چوونە سنە.)**. سەبارەت بە چوونی داریوش فروهەر بۆ سەردەشت، کەریم حیسامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە مهاباد، بە هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهانی ڕاگەیاند:

- ئامانجی چوونی داریوش فروهەر وەزیری ڕاوێژکاریی بۆ سەردەشت، وتووێژ کردنە لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدین و نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. کەریم حیسامی لە درێژەی وتەکانیدا ڕایگەیاند: من هیوام بە وتووێژی لیژنەی نیازپاکیی حکومەت لە مهاباد و سەردەشت هەیە و لەوە دڵنیام کە حیزبی دیموکرات بە نیازی پاکەوە وتووێژ دەکات. حیسامی گوتی: ئێمە پێش نۆ ڕۆژ بە لایەنگرانی خۆمان گوتووە کە هیچ چەشنە هێرشێکی چەکدارانە نەکەن و ئەمەش پێشاندەری ئەوەیە کە حیزبی ئێمە دەیەوێت کێشەی کوردستان بە ڕێگەی وتووێژ چارەسەربکات. هەروەها گوتی: ئێمە باوەڕمان بە نامە سەرئاوالاکەی ڕۆژی 1358/7/20ی حیزبەکەمان هەیە و دەزانین کە تەنیا لە ڕێگەی وتووێژی هێمنانەوە دەتوانین کێشەکانمان چارەسەربکەین. حیسامی لە کۆتاییدا ئاماژەی بۆ گەڕاندنەوەی پاسدارە هاوردەکان کرد و گوتی: لە یەکەم ڕۆژانی شەڕەوە لە ناوچەکەدا، پەیتا پەیتا حیزبی ئێمە ڕایگەیاندووە کە ئێمە نامانەوێت لەگەڵ برایانی سوپا شەڕ بکەین و تەنیا دژی جێگیرکردنی سوپای پاسدارانین لە ناوچەکەدا و بە بەردەوامیی گوتوومانە دەبێت سوپا لە دەست کۆماری ئیسلامییدا بێت و سنورەکان بپارێزێت. حیسامی سەبارەت بە ئیمام خومەینی گوتی: ئێمە ڕێز لە ئیمام خومەینی دەگرین و بە ڕێبەری گەلانی ئێران دەیناسین و حیزبی ئێمە زۆر جار دانی بە ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینیدا ناوە.

خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن درێژەی ئەم وتووێژە لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/15ی ڕۆژنامەی کەیهاندا بخوێننەوە.

لەگەڵ چوونی لیژنەی حکومەت بۆ مهاباد، حکومەتی کاتیی بازرگان هەواڵی وتووێژەکەی لەگەڵ ڕێبەرانی نەتەوەیی و سیاسی و ئایینیی کوردستان بە شێوەی ڕەسمیی بڵاوکردەوە. هەروەها هەیئەتی وەزیران لە ڕاگەیاندنێکدا کە ڕۆژی 1358/8/12 لە ڕۆژنامەکانی ئێران بڵاوکرایەوە، هەموو ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکانی ئێرانی هۆشیارکردەوە کە سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان بە جۆرێک قسە نەکەن کە خەڵکی کورد بریندار ببێت و زیان بگات بە وتووێژ و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکان. ڕۆژنامەکان سەبارەت بە دیداری فروهەر و ڕێبەرانی سیاسی و ئایینیی کوردستان بە مانشێتی گەورە نوسییان **"لیژنەی نیازپاکیی حکومەت لە لایەن کوردەکانەوە بە گەرمیی پێشوازیی لێکرا."** هەروەها فروهەر ڕایگەیاند: **(ڕێبەرانی ئایینیی و نەتەوەیی جێگەی باوەڕی کوردەکانن و ئێمەش باوەڕیان پێدەکەین).**
دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لەو چوارچێوەیەدا هەڵوێستی ئاشتییخوازانەی گرتەبەر و بۆ ئەوەی کە کەشێکی تەندروست و ئارام بۆ وتووێژەکان پێکبێت، بەرلە دەستپێکردنی وتووێژ شەڕی ڕاگرت و داوای لە خەڵک کرد کە لە توندوتیژیی و خۆپێشاندان خۆیان بپارێزن.

دوای ئەو دیدارە سەرەتاییە، ئەندامانی لیژنەی تایبەتیی حکومەتی بازرگان دوانیوەڕۆی پێنج شەممە 1358/8/24 چوونە شاری قوم و چاویان بە خومەینی کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا ئاکامی وتووێژەکەیان لەگەڵ نوێنەرانی کورد بە خومەینی گەیاند و خومەینی سەبارەت بە درێژەدان بە وتووێژ ئامۆژگاریی ئەندامانی لیژنەکەی کرد. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/26دا، هاشم سەباغیان لەو بارەیەوە بە هەواڵنێرانی ڕاگەیاند:

- ڕاپۆرتی گەشتی لیژنەی تایبەت بە کوردستان و دیدارەکانمان لەگەڵ ڕێبەرانی نەتەوەیی و سیاسی و ئایینیی خەڵکی کوردستان بە وردیی بە ئیمام گەیاند... چەند پێشنیازێکمان سەبارەت بە دیدارەکانمان و هەڵگرتنی ستەمی نەتەوایەتی، سیاسی و ئابووری لەسەر خەڵکی

کوردستان کە داخوازیی خەڵکەکەیە و داواکانیان لە چوارچێوەی یاساکانی ئێراندا دەگونجێت، ئاڕاستەی ئیمام کرد، ئیمام ڕێی پێداین کە لە وتووێژەکانی داهاتووماندا لەسەریان بدوێین. جگە لەوە داواکاریی گروپێک لە بنەماڵەی شەهیدانی کوردستانمان ئاڕاستەی ئیمام کرد کە کەسانیان لە ڕووداوەکاندا کوژراون، یان لە لایەن دادگاکانی شۆڕشەوە گوللەباران کراون، بۆ دیداریان لەگەڵ ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی. بڕیاردرا کات بۆ دیداری ئەو گروپە لەگەڵ ئیمام دیاریی بکرێت. سەباغیان لە وتەکانیدا ڕایگەیاند: هەموو ئەو شتانەی کە لە کوردستان وتووێژیان لەسەر کراوە، ئیمام پەسەندی کردن و وتووێژ تا گەیشتن بە ئامانج و بڕانەوەی کێشەی کوردستان درێژەی دەبێت. درێژەدانی ئەو هەوڵەش جێگەی ڕەزامەندیی ئیمامە.

## فەرمانی خومەینی و پێشوازیی لێکردنی و چەند ڕووداوێک

هەروەک لە بەشی **"شەڕی سێ مانگە بەرەو کۆتایی"** دا ئاماژەم بۆ کرد، خومەینی ڕێگای دا بە لیژنەی تایبەتیی حکومەت کە بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، سیاسی و ئابووری لەسەر گەلی کوردستان، لەگەڵ ماموستا شێخ عیزەدین و دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتووێژ بکات. هەروەها ئەوەشم گوت کە حیزبی دیموکرات بۆ ئەوەی کە کەشێکی ئارام بۆ وتووێژەکان پێکبێت، داوای لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد کرد کە لە هێرشکردن بۆ سەر بنکە سەربازییەکان و کاری توندوتیژیی، خۆیان بپارێزن.

بەو دوو هەڵوێستەی خومەینی و حیزبی دیموکرات تا ڕادەیەک هێمنایەتی گەڕایەوە کوردستان و کۆتایی بە جموجوڵی پاسدار و سوپا هات. ئەم جارە خەڵک بە کۆبوونەوە و خۆپێشاندانی ئارام لایەنگریی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتییانە دەربڕی و مەلا شێخ عیزەدین و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە نوێنەری خۆیان لە وتووێژەکاندا ناساند.

هاوکات لەگەڵ ئەو چالاکییانەدا ڕۆژی 1358/8/19 داریوش فروهەر بۆ جاری دووەم گەڕایەوە گوندی بێوران و چاوی بە ماموستا شێخ عیزەدین کەوت. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/20دا دەربارەی چاوپێککەوتنی فروهەر و شێخ عیزەدین نوسی: **(دوا خولی وتووێژ لەسەر کوردستان دوێنێ (8/19) لە نێوان داریوش فروهەر و شێخ عیزەدین حوسێنی دەستی پێکرد. ئەوە وتووێژێکی تایبەت بوو لە نێوان ئەو دوو کەسەدا.)**. هەروەها بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/20دا، حوجەتولئیسلام شێخ حوسێن کرمانی نوێنەری خومەینی لە کوردستان دەربارەی وتووێژی نێوان ماموستا شێخ عیزەدین و داریوش فروهەر بە هەواڵنێری ئەو ڕۆژنامەیەی ڕاگەیاند:

**- (پێشتر من و ئەندامانی لیژنەی نیازپاکیی چاومان بە هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات کەوتووە و لەسەر وەستاندنی شەڕ ڕێککەوتووین. ئەوە دوا خولی وتووێژە کە لە نێوان بەڕێز فروهەر و**

**عیزەدین حوسێنی دەکرێت. دوێنێ کاتژمێر 14:00 فروهەر بۆ ئەنجامی ئەو وتووێژە چووەتە ناوچەکە.).**

لە لایەن حکومەتی کاتیی و خومەینییەوە وەک لایەنی وتووێژ حساب بۆ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و چریکی فیدایی خەڵکی ئێران نەکرابوو، خومەینی ڕازیی نەبوو کە نوێنەرانی حکومەت لەگەڵ کۆمەڵە و چریک وتووێژ بکەن. لەبەرئەوە ئەو دوو ڕێکخراوە لە دوو بەیاننامەی جیاوازدا بیرورای خۆیان لەسەر وتووێژی ئاشتیی کوردستان بڵاوکردەوە. مەنسور بلوری لە لاپەڕەی 59 ی وتاری "شەڕی سێ مانگە"دا ئامارژەی بۆ بەیاننامەی کۆمەڵە کردووە و نوسیویەتی:

- ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران لە بەیاننامەیەکدا ڕای خۆیان سەبارەت بە وتووێژی کوردەکان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێران ڕاگەیاند و داوایان کرد هەموو هێزەکان و کەسایەتییەکانی بەشدار لە بزوتنەوی بەرگرییکردن "مقاومت"ی کوردستان بەشداریی وتووێژ بکەن. هەردوو ڕێکخراو بۆ بەشدارییکردن لە وتووێژدا پێشنیازی وەک یەکیان هەبوو:

**- گەڕاندنەوەی پاسدارەکان لە کوردستان.**
**- گەڕاندنەوی هێزەکانی سوپا بۆ سەربازگەکانیان.**
**- بە ڕەسمیی داننان بە خودموختاریی کوردستاندا.**

جگە لە مەنسور بلوریی، حوسێن مورادبەگییش لە لاپەڕەی 152ی کتێبی "مێژووی زیندووی کوردستان"دا ئامارژەی بۆ ئەو سێ خاڵانەی کۆمەڵە کردووە و لە لاپەڕەی 150ی کتێبەکەیدا نوسیویەتی: **(ئێمە داواکردنی هەر چەشنە مافێکی دیموکراتیمان لە کۆماری ئیسلامیی بە هەڵە دەزانی و بۆ ئەوە بەشداریی وتووێژمان دەکرد کە نییەتی پشتی پەردەی وتووێژەکان بە خەڵک بگەیەنین. هەروەها وتووێژمان بە گرتنی مەتەرێزێکی نوێ بۆ پێشڕەویی خۆمان دەبینی و لەو ڕوانگەیەوە دەمانڕوانییە وتووێژ.).**

چریکی فیدایی خەڵکی ئێرانیش مەرجەکانی خۆی بۆ بەشدارییکردن لە وتووێژەکانی ئاشتیی کوردستاندا لە ژمارەی 36 ی ڕۆژی 1358/9/5ی

ڕۆژنامەی "کار" ئۆرگانی چریکی فیدایی بەم شێوەیەی خوارەوە لە هەشت خاڵدا بڵاوکردەوە:

**1- قبوڵکردنی خودموختاریی کوردستان لە لایەن دەوڵەتەوە.**

**2- قبوڵکردنی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد، پێکهاتوو لە هەموو هێزەکانی بەشدار لە بزوتنەوەی بەرگرییکردن "مقاومت"ی گەلی کورد.**

**3- هەڵوەشاندنەوەی سوپای پاسداران لە کوردستان.**

**4- چەککردنی بەکرێگیراوانی ناوچە، دەرەبەگەکان و قیادەی موەقەت.**

**5- ئازادکردنی بە پەلەی زیندانییە سیاسییەکان و دیل و گیراوەکانی شەڕ و هەڵوەشاندنەوەی حوکمی دورخستنەوەی خەباتکاران.**

**6- بەرگرییکردن لە هەر چەشنە گواستنەوەیەکی سەربازیی و کەمکردنەوەی هێزەکانی سوپا بۆ سەردەمی بەرلە هێرشکردن بۆ سەر کوردستان.**

**7- قەرەبوو کردنەوەی ئابووری و مەعنەویی زیان لێکەوتووانی شەڕی کوردستان و ڕێزگرتن لە شەهیدانی گەلی کورد.**

**8- بڵاوکردنەوەی پرۆژەی خودموختاریی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا بۆ ئاگاداربوونی گەلانی ئێران لەو پرۆژەیە.**

لێرەدا بۆچوونەکان جیاواز بوون، حیزبی دیموکرات باوەڕی بە کۆمەڵە نەبوو، دەیزانی کۆمەڵە وەک تاکتیک بەشداریی وتووێژ دەکات و هەروەک حوسێن مورادبەگی نوسیویەتی بە شوێن ئامانجێکیتردا دەگەڕێ کە پەیوەندیی بە چارەنوسی گەلی کورد و ئازادییە دیموکراتییەکانەوە نیە و دەیەوێ بە بەشدارییکردن لە وتووێژدا خۆی بناسێنێت و ڕێکخراوەکەی بەهێز بکات و بەرەو پێشەوەی ببات، بۆیە لە بەرامبەر بۆچوونی کۆمەڵە و چریکدا، حیزبی دیموکراتی کوردستان دەیویست بۆ خۆی بە تەنیا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت دابنیشێ و بە ڕێگەی ئاشتییانە مافەکانی گەلی کورد بەدەستبهێنێت. دواتر کە بۆی دەرکەوت ناتوانێ بەسەر گرفتەکاندا زاڵ ببێ، ئامادەبوو بە هاوبەشیی لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین ئەو ئەرکە بەڕێوەببات، بەڵام بە پێداگریی مامۆستا ڕازیی بوو کە لیژنەیەک بە ناوی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە خۆی و ئەو سێ لایەنانەیتر پێکبهێنێت.

ماموستا شێخ عیزەدین و دوکتۆر قاسملوو خولی یەکەمی وتووێژەکانیان لە ناوچەی سەردەشت کرد و خومەینی دوای بینینی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت، دانی نا بە مافە نەتەوەیی، سیاسی و ئابوورییەکانی گەلی کورد و پەیامێکی ئاشتییخوازانە و مێژوویی سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد ڕاگەیاند. هەرچەندە ئەو مافانە دابین نەکران، بەڵام پەیامەکە دەستکەوتێکی گرنگی مێژوویی بوو لە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لەگەڵ بیروبۆچوونی موسوڵمانە توندڕەوەکانی ئێران ناگونجێت.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**سڵاو لە خوشک و برایانی کورد کە بە وەفاداریی خۆیان پێشیان لە پلانی خایینان بە ئیسلام و کۆماری ئیسلامیی گرت. ڕاپۆرتەکانی لیژنەی تایبەت هەر ئەوە بوو کە لە خوشک و برایانی کورد چاوەڕوان دەکرا کە هەرگیز خۆیان لە ئیسلام و ئێران بە جیا نازانن و ئەوەی بەدخوازان بەوانی دەڵێن، جگە لە گەندەڵیی و پلانگێڕیی هیچیتر نیە. ئێستا دەبێ من چەند وتەیەک بە ئێوە ڕابگەیەنم:**

**1- لەم کاتە ئاستەمەدا کە گەلی ئێمە لە بەرامبەر ستەمکاراندا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا وەستاوە و بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆی و ئەو پاشکەوتە زۆرەی کە محەمەد ڕەزا پەهلەوی تاڵانی کردووە و پەلکێش کردنی ئەو پیاوکوژە، ڕاپەڕیوە و هەموو چین و توێژەکانی میللەت لەو ڕەوتەدا یەکگرتوو و یەک دەنگ بوون و برایان و خوشکانی کوردی ئێمە لە هەر کوێیەک هەن، دەبێ لە ڕیزی پێشەوەدا بەشداریی ئەو دیاردەیە بکەن و لەگەڵ خوشک و برایانی تر هاودەنگ بن و پێویستە بە جیددیی پێش بەو ناکۆکییانە بگرن کە بەدخوازان پێکیدەهێنن. برایانی من ئەمڕۆ هەر چەشنە ناکۆکییەک بە سودی ئەمریکا و دوژمنانیترە. ئەوانن کە لە ناکۆکییەکانی ئێمە سود وەردەگرن و دەیانەوێ ئێمە دیلیان بین. ڕابن و پلانگێڕان ئامۆژگاریی بکەن و ئەگەر قبووڵیان نەکرد، لە خۆتان دوریان بخەنەوە و لە ناوچەی خۆتان ڕاویان بنێن و بیانگرن و بیاندەنە دەست کاربەدەستانی دەوڵەت.**

2- من و هەموو میللەت ئاگاداری ئەو داپڵۆسینانەین کە بە درێژایی سەردەمی حکومەتی دیکتاتۆریی بەسەرتان هاتووە و بەو جیاوازیی دانانە دەزانین کە بە پێچەوانەی ئیسلامەوە ڕوبەڕووی ئێوە بووەتەوە، بەڵام دەبێ بزانن کە تەنیا ئێوە برایانی کورد نەبوون کە چەوساونەتەوە و زوڵمتان لێکراوە. برایانی تورک، لوڕ، عەرەب، بلوچ، فارس و تورکمانیش شەریکی ئێوە بوون و هەموو بێبەریی بوون لەوانەی کە ئێوە لێی بێبەریی کرابوون. ئەگەر ئێوە سەرنج بدەنە کۆخ نشینانی تاران، دەبینن کە ئەوان لە هەموو لایەنێک پتر بێبەریی بوون. من دەزانم کە لە حکومەتی کاتییشدا داخوازیی خەڵک بەجێ نەگەیشتووە، بەڵام دەبێ بزانن کە دیسان هەموو براکان شەریکن و حکومەتی کاتیی بە هەموو توانایەوە خەریکی هەڵسوڕان و سەروساماندان بوو، بەڵام وێرانییەکان بە ڕادەیەکن کە چاککردنیان کاتی دەوێت. ئومێدەوارم پێویستییەکانی هەموو میللەت و ئێوەی برا کوردەکانمان جێبەجێبکرێن. برایان ئێوە دەزانن کە چاکسازیی و ئاوەدانکردنەوە لە جێیەک دژوارە، یان جێبەجێ نابێت کە وێرانکراوە و خەڵکەکەی لە ئاساییشدا نیە. ئێوە برایانی ڕۆژئاوای وڵات هەوڵبدەن ئارامیی ڕابگرن، بزانن کە کارەکان بە ئارامیی جێبەجێ دەبن و ئەوەش بە سودی ئێوە و موسوڵمانانە.

3- دەمەوێ لیژنەی تایبەت بەوپەڕی نیازپاکییەوە درێژە بە وتووێژەکانی بدات و پەیوەندیی بە کەسایەتییەکانی ئایینیی، سیاسی و نەتەوەیی و باقی چین و توێژەکانەوە بکات تا دابینکردنی داواکارییەکانیان کە داخوازیی ئێمەشە بە ویستی ئەوان بێت و ئارامیی و ئاساییش کە مەزنترین نیعمەتی خوایە، لە ناوچەکەدا جێگیر ببێت و ئێوەی برایانی کورد لە پاڵ برایانی تردا لە ئاساییش و خۆشگوزەرانییدا بژین و تەماعی دوژمنان لە وڵاتەکەمان، بۆ هەمیشە کۆتایی پێبێت.

4- ئیسلامی مەزن هەموو جیاوازییدانانەکانی مەحکوم کردووە و تایبەتمەندیی بۆ هیچ گروپێک دانەناوە، تەقوا و تەعەهود بە ئیسلام تەنیا کەرامەتی مرۆڤایەتییە و لە پەنای ئیسلام و کۆماری ئیسلامییدا مافی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و ناوچەیی و هەڵگرتنی هەر چەشنە جیاوازییەکی فەرهەنگیی، ئابووری و سیاسی، مافی هەموو چین و

**توێژەکانی میللەتە و لەوانەش برایانی کورد و ئەرک و تەعەهودی کۆماری ئیسلامییە کە بە زووترین کات جێبەجێیان بکات و یاساکانی پەیوەندییدار بەو مافانەوە ئینشائەڵا بە زوویی ئامادە دەکرێن.**

**5- دیسان سەرنجی زانایانی خۆشەویست و شێخە مەزنەکان و ڕۆشنبیران و برا خۆشەویستەکان لە سەرانسەری ئێراندا ڕادەکێشم بەرەو بارودۆخی ئەستەمی ئەمڕۆی ئێران و بەرگرتنەکانی دوژمنانی نیشتمان و ئیسلام و گەلی ئازیز و دەستدرێژییە هەمەلایەنەکانیان بۆ قەلاچۆ کردنی بزوتنەوەی ئیسلامیی گەلی گەورە و بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی هەمەلایەنە بەسەر نیشتمانی ئیسلامیی ئێمەدا. ئایا لەم کاتەدا داوای بچوکی ئەم خزمەتکارەتان کە خەریکە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی تێدەپەڕێنیت، بەجێ نیە؟**

**6- خوشکان و برایان، هاونیشتمانانم لە سەرانسەری ئێراندا، من دەستی خۆم بەرەو ئێوە ڕادەکێشم و بۆ خاتری خوا و ئیسلام و نیشتمان لە ئێوەم دەوێت، بە هەموو تواناتانەوە بۆ ڕزگاریی نیشتمانەکەتان هەوڵبدەن و ئەو چەکە سارد و گەرمانە واتە قەڵەم و بەیان و دۆشکانە لە ڕوبەڕووی یەکتر لاببەن و ڕویان بکەنە دوژمنانی مرۆڤایەتی کە ئەمریکا لە پێشەوەیانە. ئەی خواوەند، مەئموریەتی من کە ئامۆژگاریی کردنی میللەتە، بە توانای لاوازی خۆم بە ئەنجام گەیاند و تۆ ئەی خوای گەورە، بە هێزی بێهاوتای خۆت، دڵانی ئێمە وەک برا پێکەوە ببەستەوە. انک قریب مجیب، سڵاوی گەرمم بۆ میللەتی ئازیز و برایانی کورد و ڕەحمەتی خوا لە هەمووان.**

**روح الله الموسوی الخمینی**

**26/ خەزەڵوەری 58 (26 ذیحجە 1399 (17 نۆڤێمبەری 1979)**

پەیامی خومەینی زۆر بە گەرمی لە لایەن گەلانی ئێرانەوە پێشوازیی لێکرا، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، ڕێکخراوی فیداییانی خەڵکی ئێران، حیزبی تودەی ئێران، نەستی ئازادیی پەیامەکەیان قۆستەوە و بە هەنگاوێکی گرنگیان دانا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ و دەرەوە لێکدانەوەی پۆزەتیڤیان لەسەر کرد. هەر لەو کاتەشدا دەفتەری

سیاسی حیزبی دیموکرات کۆبوونەوەیەکی بەرینی بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و کادیر و ئەندامانی نزیک بنکەی دەفتەری سیاسی لە گوندی "دۆڵەتوو" لە باکوری ئاشی پشکاوێ پێکهێنا. ئەندامانی حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا پێشوازییان لە پەیامی خومەینی کرد. بەو بۆنەیەوە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە بەیاننامەیەکدا ڕەزامەندیی خۆی لەسەر درێژەدان بە وتووێژ و ڕاگرتنی شەڕ بۆ ماوەی بیست ڕۆژ دەربڕی و دوکتۆر قاسملوو گەڕایەوە مهاباد کە هەوڵەکانی بۆ بە ئاشتی چارەسەر کردنی کێشەکان چڕ بکاتەوە.

ڕۆژی 1358/8/30 (1979/11/21) من و کەریم حەداد لە گوندی "قەلەڕەشێ" بووین کە لە سەربازگەی سەردەشتەوە داوایان لێکردین بۆ پیرۆزکردنی پەیامی خومەینی و وەڵامی پۆزەتیڤی حیزبی دیموکرات بەو پەیامە و کۆتاییهاتنی شەڕ سەردانی سەربازگەی سەردەشت بکەین. لەگەڵ دەفتەری سیاسی حیزب هاودەنگییمان کرد. "عەلی بریاجی" فەرماندارى سەردەشت هاتە گوندی قەلەڕەشێ و لەگەڵ کەریم حەداد، خدری ڕەسوڵی سمایلی، عەلی ڕەشید ئەقدەم، مستەفا حەکیمزادە، ئەحمەد حەداد و سێ پێشمەرگەی تر خۆمان پڕچەککرد و لەگەڵ عەلی بریاجی سواری ئوتۆمبێل بووین و چووینە سەردەشت و چووینە سەربازگەی سەردەشت. لەبەر دەرگای سەربازگە دابەزین. ئەمبەر و ئەوبەری جادەی ناو سەربازگەکە بە نزیکەی هەر دە مەترێک و سەربازێکیان بە چەکەوە دانابوو کە لە لایەک پێشوازیی لە ئێمە بکەن و لە لایەکیترەوە ئێمە بخەنە ژێر چاودێرییەوە کە پەلاماری فەرماندەکانیان نەدەین. ئەفسەری کێشک ڕێنمایی ئێمەی کرد تا گەیشتینە بەر دەرگای فەرماندەی سەربازگە. سەرگورد ساڵح زادە و چوار ئەفسەریتر پێشوازییان لێکردین و چووینە ژووری ساڵح زادە.

دانیشتنەکەمان بە باسی گشتیی و ئاسایی تێپەڕی. کاتی بەجێهێشتنی سەربازگە، سەربازەکان بە ئاماژەی دەست و سەر و چاو ماڵئاواییان لێدەکردین، لە کۆتاییهاتنی شەڕ خۆشحاڵ بوون. لە سەربازگە دەرچووین و بە پێ چووینە شەقامی "سەرچاوێ" کە ماڵی کەریم حەدادی لێبوو. لە مەودای نێوان سەربازگە و ماڵی کەریم حەدادا، دوو سێ هەزار کەس بە

خۆپێشاندانی ئارام پێشوازییان لە ئێمە کرد. بەشێکیان خۆیان دەگەیاندە ئێمە و ماچیان دەکردین و دروشمی بژی پێشمەرگە و بژی حیزبی دیموکراتیان دەگوتەوە. ڕووداوێکی لەبیرنەکراو بوو کە باسی لە هەستی پاک و پەیوەندیی دەرونیی خەڵک و پێشمەرگە دەکرد. خەڵکەکە تامەزرۆی ئاشتیی و بە ئاشتییانە چارەسەرکردنی کێشەکان بوون و ئێمەش لە کاتێکدا فرمێسکی شادیی لە چاوەکانماندا قەتیس ببوو، بەدەست و سەر ڕاوەشاندن، وەڵامی هەستی نیشتمانپەروەرانەی هاونیشتمانانمان دەدایەوە.

ژمارەیەکی زۆر خەڵک و پێشمەرگە لەماڵی کەریم حەداد کۆبووینەوە. لەوێ شیومان خوارد و بە سواری ئوتۆمبێل سەردەشتمان بەجێهێشت و چووینە ماڵی حەمەدەمینی مەلا عەزیزی لە بێوران.

پێشوازییکردن لە پەیامی خومەینی بۆ چارەسەرکردنی داخوازییە نەتەوەیی، ئابووری و سیاسییەکان و کۆتاییهاتنی شەڕی سێ مانگە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا بەڕێوەچوو. مامۆستا شێخ جەلال حوسێنی لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەی هاوڕێی و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و چریکی فیدایی گەڕایەوە شاری بانە و ڕۆژی 1358/8/27 بەشداریی خۆپێشاندانێکی کرد کە گروپە سیاسییەکان لە مەیدانی "ئازادی"ی شاری بانە پێکیانهێنابوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/28دا، بڕیارنامەیەکی نۆ ماددەیی لە لایەن بەشدارانی کۆبوونەوەکەوە پەسەند کرا. لە بڕیارنامەکەدا پشتیوانیان کرد لە پەیامی خومەینی و شۆڕشی ئێران و دەسکەوتەکانی، لە هەڵوێستی گەلانی ئێران دژی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا، دابینکردنی مافە نەتەوەیی، ئابووری و سیاسییەکانی گەلی کوردستان، پاراستنی سنورە دەستکردەکانی و دەستەبەرکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان و گەڕاندنەوەی شا بۆ ئێران و دادگاییکردنی لە دادگاییەکی گەلییدا، هەروەها ڕاگەیاندنی داوای لێبووردن لە ڕێبەرانی کورد.

لە سەقز خەڵک دوکان و بازاڕیان داخست و لە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەواندا بڕیارنامەیەکی دە ماددەییان پەسەند کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/28دا ئاماژەی بۆ ئەو بڕیارنامەیە کرد. لە

بڕیارنامەکەدا پشتیوانی لە هەڵوێستی دژ بە ئیمپیریالیزمی خەڵکانی ئێران کراوە و داوایان کردووە کە کۆماری ئیسلامیی هەموو پەیمانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا هەڵبوەشێنێتەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ بەربەرەکانی پیلانەکانی ئیمپیریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆیی ڕاگەیاندووە. داوایان کردووە بڕیارەکانی دادگا سەبارەت بە ڕووداوەکانی کوردستان پوچەڵ بکرێنەوە و تاوانبارانی کوشتاری قاڕنێ و ناوچەی سەردەشت سزا بدرێن و پاسدارە هاوردەکان لە کوردستان بگەڕێننەوە. تێکۆشانی ڕێکخراوە سیاسییەکان ئازاد بکرێت و کوژراوانی شەڕی سێ مانگە بە شەهیدی نەتەوەیی بناسرێن و ...تد.

لە مەریوان خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکانی شار و بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/29دا، خۆپێشاندەران لە کاتێکدا وێنەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی گەلی کوردیان پێبوو، دروشمی نەتەوەیی و نیشتمانییان دەگوتەوە.

لە پاوە، نەوسود، سنە، بۆکان، شنۆ و پیرانشار خەڵک بە کۆبوونەوە و شایی و هەڵپەڕکێ پێشوازییان لە پرۆسەی ئاشتیی و بە ئاشتییانە چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان کرد. لە مهاباد خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکانی شار و بە شایی و هەڵپەڕکێ پێشوازییان لە پەیامی خومەینی کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/28یدا بڵاویکردەوە کە ڕەحمانی فازلی کەفیلی فەرمانداری مهاباد سەبارەت بەو شایی و شادمانییانە بە هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهانی ڕاگەیاند:

- دوێنێ شەو کە هەواڵی قبوڵکردنی ئیمام بۆ درێژەدانی وتووێژ لە کوردستان و پەسەندکردنی مافی چارەنوسی گەلی کورد ڕاگەیەنرا، خەڵکی مهاباد و شارە کوردنشینەکانی تر تا بەیانی ڕۆژی دوایی شاییان کرد و ئەو شاییە ئێستاش درێژەی هەیە. هەروەها گوتی: بەم بۆنەیەوە ئەمڕۆ کاتژمێر 10:00 ڕێپێوانێکی مەزن لە مهاباد و شارەکانیتری کوردستان بە پشتیوانیی لە فەرمانی ئیمام خومەینی و کۆتاییهاتنی شەڕی براکوژیی ئەنجام دەدرێت. لە لایەکی ترەوە شەکیبا پارێزگاری کوردستان ئەمڕۆ بەیانی لە وتووێژێکدا لەگەڵ کەیهان ڕایگەیاند:

- من هێشتا بە وردیی لەو هەواڵە ئاگادارنیم، بەڵام هەر چۆنێک بێت فەرمانی ئیمام لەم بارەیەوە زۆر بەجێ بوو کە کۆتایی بە شەڕ و تێکهەڵچوونەکان دێنێت. هەروەها گوتی بە ڕای من مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کە هەموو دەسەڵاتی هەرێمی کوردنشین بدرێتە دەست خەڵکی هەرێمەکە و لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناوخۆیاندا ئازاد بن. پارێزگاری کوردستان ڕایگەیاند: بێگومان بە دوای فەرمانی ئیمامدا دەبێ بزانین کە وردەکارییەکانی ئەو بەرنامەیە چییە و خودموختاریی یان مافی چارەنوسی گەلی کورد سنور و دەسەڵات و چۆنیەتییەکەی چی دەبێت، چونکە لەوانەیە دەسەڵاتی بڕیاردان بە ناوچە کوردنشینە خودموختارەکان نەدەن. پارێزگاری کوردستان لە درێژەدا گوتی: ئەگەر مافی چارەنووس یان خودموختاریی بە گەلی کورد بدرێ، سنوری ئەو مافە لە پاوەوە دەست پێدەکات و تا ناوچەی کوردنشینی ئێران و تورکیا دەچێت، دیارە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیە لە قاڵبی خودموختارییدا کارێکی ئاسان نیە. شەکیبا ڕایگەیاند: ڕای من بە گشتیی ئەوەیە کە ئەگەر دەوڵەت هەموو پارێزگاکان خودموختار بکات یان مافی چارەنوسیان لەسەر بنەمای شێوەی کۆماری فیدراتیڤ بداتێ، هەموو پێویستیی پارێزگاکان چارەسەر دەکرێن و کەمایەتییەکانی کورد، بلوچ، عەرەب و ئەوانی تر بە داخوازییەکانیان دەگەن. شەکیبا ئاماژەی بۆ دوو دیاردەی بنەڕەتی کرد و گوتی: دیارە مەسەلەی زمان و ئایین تەنیا لەناو کەمایەتییەکانی کورد و تورکدا بە زەقیی دیارە و ئەو جیاوازییە لە کەڵکوەرگرتن لە زمانی کوردیی و یەکسانیی ئایینی شیعە و سونەدا، ئەو دوو کەمایەتییە لە کەمایەتییەکانی تری ئێران جیادەکاتەوە. هەروەها لە کۆتاییدا بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند:

**- (بێگومان ئێستا بەو فەرمانەی ئیمام خەڵکی کوردستان دوای چەند مانگ شەڕ و براکوژیی ئارامیی و ئەمنیەتی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام خاڵی گرنگ چارەنوسی دەستوری هەمیشەییە کە ڕون نیە بەدوای ئەو فەرمانەی ئیمامدا چۆن دادەڕێژرێت، ئایا شتێکی سەبارەت بە مافی چارەنوسی گەلی کورد لێ زیاد دەکرێت یان نا؟).**

ڕۆژنامەی کەیهان لە کۆتایی وتووێژکانیدا نوسی: هەواڵنێرانی کەیهان لە ڕۆژئاوای وڵات ئەمڕۆ بەیانی پەیوەندییان بە زۆربەی شارە کوردنشینەکانی وەک سنە، مەریوان، نەوسود، پاوە، بانە و سەقزەوە کردووە و لە ڕاپۆرتەکانیاندا نوسیویانە کە خۆشیی و شادیی خەڵک ئێستاش لە هەموو شارەکاندا بەردەوامە. لە نەوسود دوێنێ شەو یەکەکانی سوپا و خەڵک بە هەڵکردنی فشفشە "نورئەفکن" شاییان کرد و زۆربەی دوکانەکانی شار و خوێندنگەکان داخران و خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و بەشداریی ڕێپێوانیان کرد. بەپێی ڕاپۆرت خەڵکی شارەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کرماشان بە پشتگیریی لە پەیامی ئیمام خۆیان بۆ پێکهێنانی جەژنی مەزن ئامادە دەکەن و ڕەنگە لە مهاباد بە گەرمیی دەستخۆشیی لە پەیامی خۆشەویستانەی ڕێبەری شۆڕش بکرێت.

لە لایەکیترەوە ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/29دا ڕایگەیاند: حاکمی شەرعی کرماشان پازدە گیراوی ڕووداوەکانی شەڕی کوردستانی زیندانی کرماشانی ئازاد کرد. ناوی ئازادکراوەکان بەم جۆرەیە: برزو میتران، محەمەد ڕەشید حیسامی، تۆفیق مەولودی، مەنسور درودگەر، سابر محەمەدی، محەمەد لاویسی، عیزەتوڵا قادریان و فەتحوڵا مەحمودی خەڵکی پاوە و کەریم محەمەدی، حوسێن ڕەحیمی، ساڵح کەریمی، مەحمود عەبدوڵا محەمەدی، محەمەد کەریمی، محەمەد محمودی و حوسێن ڕەحیمی خەڵکی بانە.

لە مهاباد ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بانگەوازێکی لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی شاردا بڵاوکردوە و داوای لە خەڵک کرد کە کاتژمێر 15:00 ڕۆژی 1358/8/29 لە مەیدانی قازی محەمەد کۆببنەوە بۆ بەشدارییکردن لە کۆبوونەوەیەکی مەزن و بیستنی وتاری دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/28دا ڕاگەیاندنەکەی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی لە مهاباد بڵاوکردووەتەوە:

## ڕاگەیاندن

**هاونیشتمانانی بەڕێز بۆ ڕونکردنەوەی بارودۆخی ئێستای کوردستانی ئێران و پشتیوانیی لە پەیامی ئیمام خومەینی و خەباتی دژی**

**ئیمپیریالیزم و بۆ ئاگادار بوون لە سیاسەتی ئاشتییخوازانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی سێ شەممە 1358/8/29 کاتژمێر 15:00 میتینگێکی گەورە لە مەیدانی قازی محەمەد پێکدێ. بۆ بیستنی وتاری دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات بەشداریی ئەو میتینگە بکەن.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی مهاباد**

پتر لە سەد هەزار کەس بەپیر ئەو بانگەوازەی حیزبی دیموکراتەوە هاتن و بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ لە مەیدانی "چوارچرا" کۆبوونەوە و گوێیان لە وتاری دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات گرت. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/8/29دا، ئاماژەی بۆ ئەو ڕێوڕەسمە و وتەکانی دوکتۆر قاسملوو کرد:

- شاری مهاباد دوای چەند مانگ شەڕ و ئالۆزیی، دوێنێ ڕوخسارێکی‌تری هەبوو. دەوروبەری نیوەڕۆی دوێنێ، ژن و پیاو و گەورە و بچوک، خوێندکار، کرێکار، جوتیار و کاسبکار بە بەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە بەرەو مەیدانی ئازادیی "مەیدانی قازی محەمەد" چوون و کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ لە مەیدان و شەقامەکانی دەوری مەیدانەکە کۆبوونەوە. ژمارەیان پتر لە سەد هەزار کەس دەبوو، بەشێکیان لە شارەکانی دەوروبەرەوە هاتبوون و وێنەی ڕێبەرانی نەتەوەیی و ئاییینیی ئێران و کوردستانیان بەرز کردبووەوە. بە هۆی زۆریی خەڵک و نەبوونی جێی پێویست، هەندێکیان پەنایان بۆ سەربان و درەختەکان بردبوو. کۆڕەکە کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ بە سرودی ڕەسمیی کوردستان دەستپێکرا و دوای خولەکێک بێدەنگیی بۆ گیانی شەهیدان، عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەناو پێشوازییەکی بێهاوتای خەڵکدا وتارێکی ئاڕاستەی بەشداران کرد و گوتی:

- **(خوشک و برایانی ئازیز، ئەی میللەتی ئازیز! خەڵکی قارەمانی مهاباد! زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە دوای چەند مانگ لەم کۆبوونەوە مەزنەدا لە ناو ئێوەدام و سەبارەت بە کوردستان پێکەوە دەدوێین.)**. سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات دوای دەربڕینی ڕێز و سوپاسی بۆ هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان و ئێران و

پێشـمـەرگە قارەمانــەکانی کــورد و زەحمەتکێشــانی کوردســتان، گــوتی:
(سوپاســی هــەموو ئافرەتــان و خوێنــدکاران و لاوانــیش دەکــەم کــە لــەم خەباتەدا بە دڵفرەوانیی یارمەتی ئێمەیان دا. هەروەها سوپاس بۆ هەموو ڕۆشنبیرانی جیهان کە لە هەلومەرجی جیاوازدا پشتی ئێمەیان گرت. ئەمڕۆ ئێمە کۆبووینەتەوە کە جارێکی تریش سڵاوی خۆمان ئاڕاستەی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بکەین و پێیڕابگەیەنین کە پەیامەکەمان بیست و گوتمان "لەبەیک"، ئێمە ئامادەین هەموو دەرەتانی خۆمان بخەینەگەڕ تا هەرچی زووترە کۆتایی بە شەڕ و براکوژیی بێت لە کوردستاندا. دیارە لەم بارەیەوە بە وتەی ئیمام خومەینی، ناحەزان بوون کە نەیاندەویست ئەم یەکیەتی و هاوپەیمانییە پێکبێت، ئێمە داوا لە ئیمام دەکەین کە ئەو جۆرە بەدخوازانە بە توندیی سزا بدرێن و ئامانجی ئێمە لە خەبات بۆ دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران ئەوە بووە و ئێستاش ئەوە دروشمی ئێمەیە. لە لایەکیترەوە ئێستا بۆ ڕێبەری شۆڕش و گەلانی ئێران و دۆستانی ئێمە ڕون بووەتەوە کە ئێمە نەک جیاخواز نین، تەنانەت هاوکارییشمان لەگەڵ ئیمپیریالیزم و سەهیۆنیزم نەبووە و بەشێکین لە گەلانی بەوەفای ئێران و بۆ خودموختاریی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ سەرانسەری ئێران تفەنگمان هەڵگرتووە. لێرەدا سیاسەتی میللەتی ئێران دژی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا تەئید دەکەم کە نایەوێ محەمەد ڕەزاشا گەورەترین تاوانباری مێژوو بداتەوە بە ئێران. ئومێدەوارین هەموو خەڵکانی ئێران وەک ڕۆژانی بەرلە شۆڕش و دوای شۆڕش پێکەوە بۆ داکۆکیی کردن لە ئازادیی و سەربەخۆیی ئێران تێبکۆشن.). قاسملوو لە بەشێکیتری وتارەکەیدا گوتی:
- (عەقڵ و هۆشیاریی و فام و شعور لە خەباتی ئێمەدا سەرکەوت و ئێمە بە عەقڵی سالمەوە هاتووین و ئامادەین ئاگربەس بکەین، هەروەها دەمانەوێ وەک حیزبێکی سیاسی بەرپرس و وەک حیزبێک کە خەڵک باوەڕیان پێیەتی و لە کارەکانی دڵنیان، لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت وتووێژ بکەین و باوەڕمان پێیەتی و دەمانەوێ ئەو وتووێژە لە چوارچێوەی ڕاستیی و باوەڕکردن بە یەکتر بەڕێوە بچێت و لەو ناوەدا بەدخوازانیش لە هەر جێیەک و لە هەر پلەیەکدا بن، بە هێزی گەل سەرکوت دەکرێن.

**دەبێ دژی ئەو کەسانە خەبات بکەین کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و قازانجی ئیمپیریالیزم نایانەوێ ئاشتیی و خۆشەویستیی بەدیبێت و نابێ ڕێگە بدەین کە جارێکی تر دیکتاتۆرییەت لەم وڵاتەدا سەرهەڵبداتەوە، یان شەڕ و براکوژییەکی تر دەستپێبکاتەوە. ئەگەر ئێمە پێکەوە هاودەنگ بین، دەتوانین بەرگریی لە دەسکەوتەکانمان بکەین.).**

دوای کۆتاییی وتاری دوکتۆر قاسملوو، مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە چەند کۆپلەیەک شیعری مامۆستا هێمنی شاعیری نەتەوەیی خوێندەوە. دوای ئەو کریم حیسامی پەیامی کۆمیتەی شاری مهاباد و مەلا ڕەسوڵ پێشنماز پەیامی هێزی پێشمەرگەی حیزبی خوێندەوە و لە کۆتاییدا تەها عەتیقی بڕیارنامەی کۆبوونەوەکەی خوێندەوە کە لەم شەش ماددەیەی خوارەوە پێکهاتبوو:

بڕیارنامە

**ئێمە دانیشتوانی مهاباد و دەوروبەری کە بەشداریی کۆبوونەوەی گەورەی ڕۆژی 1358/8/29 مان کردووە، داواکارییەکانی خۆمان بەم شێوەیەی خوارەوە ئاڕاستەی ڕێبەری شۆڕش دەکەین:**

**1- لە کانگای دڵمانەوە پێشوازیی لە پەیامی مێژوویی ئیمام دەکەین سەبارەت بە پێویستیی هەڵگرتنی ستەمی نەتەوایەتی، ئابووری، فەرهەنگیی و سیاسی لەسەر نەتەوەی کورد و ئەوە بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤ دەزانین بۆ کۆتاییهێنان بە ئاڵۆزییەکانی کوردستان و دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد و گەشەکردنی شۆڕشی ئێران.**

**2- جارێکی تریش پشتیوانیی تەواوی خۆمان لە هەڵوێستی دژ بە ئیمپیرایالیزمی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و پێداگرییەکانی لە بەرامبەر ئیمپیریالیزمی تاوانباری ئەمریکا ڕادەگەیەنین و لەم ڕێگەیەدا ئامادەیی خۆمان بۆ هەر چەشنە کارێک بە خەڵکی ئێران ڕادەگەیەنین.**

**3- بە دڵی پاکەوە داوا لە ڕێبەری شۆڕش دەکەین بە پەسەندکردنی داوای سەرەکیی گەلی کورد، واتە خودموختاریی لە چوارچێوەی تەواویەتی خاکی ئێراندا، جارێکی تریش دڵپاکیی خۆی سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە نابەرامبەرییەکانی مەوجود لە کۆمەڵگەدا کە میراتی ڕژێمی گەندەڵی ڕابردووە، بە گەلانی جیهان بگەیەنێت.**

4- جارێکی تریش ئامادەیی خۆمان ڕادەگەیەنین بۆ بەرگرییکردن لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی خەڵکی ئێران و پاراستنی سنورەکانی وڵات لە هەر چەشنە دەستدرێژییەکی بێگانەدا.

5- شێلگیرانە داوا لە ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەکەین کە ئەو بەدخوازانەی شەڕی براکوژییان لە کوردستاندا پێکهێنا و زێنی ئیمامیان ئاڵۆز کرد، بە توندیی سزا بدەن و ئەو بەرپرسانەی کە دەستیان هەبوو لە پێکهێنانی شەڕەکاندا، پۆستە گرنگەکانیان لێ وەرەبگرنەوە.

6- بۆ ئەوەی کە بە زوویی سامان بدرێتەوە بە کوردستان و ئاشتیی و ئارامیی بگەڕێتەوە ناوچەکە، داوا لە ڕێبەری شۆڕش دەکەین، فەرمانبدەن کە لیژنەی نیازپاکیی بە زوویی بگەڕێتەوە کوردستان و لەگەڵ لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد درێژە بە وتووێژ بدەن.

کۆبوونەوەی مهاباد بە سرودی ئەی ڕەقیب کۆتاییهات و بەشداران بە شایی و هەڵپەرکێ ڕۆژەکەیان بردەسەر. کاتژمێر 17:00 دوکتۆر قاسملوو چووە فەرمانداریی مهاباد و لەوێ چاوی بە ژمارەیەک ڕۆژنامەنوسی ناوخۆ و دەرەوە کەوت و لە وەڵامی پرسیارێکدا ڕایگەیاند ئەمڕۆ چوار شەممە لیژنەی نیازپاکیی دەگەڕێتەوە کوردستان و دەستدەکەینەوە بە وتووێژ.

## گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان سەفارەتی ئەمریکا داگیر دەکەن و بازرگان دەست لە کار دەکێشێتەوە

مەهدی بازرگان و بەشێک لە ئەندامانی کابینەکەی و ژمارەیەک ڕێکخراوی مەدەنیی و سیاسی ئازادیخواز هەوڵیاندەدا ئێران و کوردستان بەرەو ئارامیی و ئاساییش بگەڕێننەوە و دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا بنبڕ بکەن، بەڵام لایەنی توندڕەو لە کۆماری ئیسلامیدا بە بەرزکردنەوەی دروشمی جۆراوجۆری توندڕەوانە، وەک ناردنی شۆڕشی ئیسلامی "صدور انقلاب" بۆ دەرەوەی سنورەکانی ئێران، لەمپەریان دەخستە بەردەم ئەو هەوڵدانە و دەیانویست ئێران پتر ئاڵۆز ببێت. هۆی ئەم کارەی موسوڵمانە توندڕەوەکانی "شیعەی دوانزە ئیمام" لەوەوە بوو کە بە ئاڵۆزبوونی دنیا "مەهدی" ئیمامی دوازەی شیعەکان دەگەڕێتەوە سەر زەوی و جیهان لە کفر و نەزانیی ڕزگار دەکات. ئەو موسوڵمانە توندڕەوانە لە ڕێکخراوی جۆراوجۆری ئیسلامییدا کۆببوونەوە. یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کە تێیدا چالاک بوون، ڕێکخراوێکی خوێندکارانی زانکۆکان بوو بە ناوی ڕێکخراوی "خوێندکارانی موسوڵمانی پەیڕەوی خەتی ئیمام".

کاتژمێر 10:00 ڕۆژی 1358/8/13 (1979/11/4)، نزیکەی چوارسەد ئەندامی ئەو ڕێکخراوە کە وێنەی خومەینییان پێبوو، بە پێچەوانەی هەوڵەکانی مەهدی بازرگان لەبەر دەرگای سەفارەتی ئەمریکا کۆبوونەوە و بە دروشمی " ئەمریکا شەیتانی گەورەیە و دەبێت لانەی سیخوڕیی داگیر بکرێت" بە دیوارەکانی سەفارەتدا هەڵچوون و خۆیان گەیاندە ناو سەفارەت و 66 دیپلۆمات و کارمەند و فەرمانبەری سەفارەتیان بە بارمتە گرت.

دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە بەبارمتە گرتنی ئەمریکاییەکان دەربڕی و کردەوەی کۆماری ئیسلامیی دژی پەیماننامەکانی ساڵی 1961 و 1963ی ڤیەن سەبارەت بە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان و چالاکیی کۆنسوڵەکان لە قەڵەمدا.

لە دووەم ڕۆژی داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکادا، خومەینی کاری خوێندکارەکانی پەسەندکرد و ڕایگەیاند: **(ئەمڕۆ دیسان لە ئێران شۆڕش**

**کراوە، شۆڕشێکی مەزنتر لە شۆڕشی یەکەم. لەم شۆڕشەدا شەیتانی گەورە ئەمریکایە.)**. هەر لەو ڕۆژەدا سەید ئەحمەدی خومەینی بە نوێنەرایەتی باوکی چووە لای خوێندکارەکان و لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنوسێکدا کە: بۆچی ئێوە لێرەن و ئەرکتان چیە؟ گوتی:

- **(من لەسەر داوای برایانی پەیڕەوی خەتی ئیمام هاتوومە ئێرە.)**. سەید ئەحمەد لە درێژەی قسەکانیدا ڕایگەیاند: **(هەموو خەڵکی ئێران پشتیوانیی لەو کردەوەیەی خوێندکاران دەکەن.)**. لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسێکی تردا: کە ئایا لاوازکردنی حکومەت تا ئەم ڕادەیە دروستە؟ سەید ئەحمەد وەڵامی دایەوە و گوتی: **(ئەم کارە لاوازکردنی حکومەت نیە! چونکە تێکڕای میللەت پشتیوانیی لێدەکەن و حکومەتیش لەو خەڵکەیە.)**.

چەند کاتژمێر دوای ئەو ڕاگەیاندنەی سەید ئەحمەدی خومەینی، مەهدی بازرگان سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی دەستی لە کار کێشایەوە و خومەینی دەست لە کارکێشانەوەکەی قبوڵکرد و ئەرکی بەڕێوەبردنی حکومەتی بە شورای شۆڕشی ئیسلامیی سپارد و لەساڵانی دواییدا، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی بازرگان و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی ئەویان وەک تاوانبارێکی دژ بە شۆڕش ناسی و تەنانەت دوای مردنیشی ئیزنیان بە لایەنگرانی نەدا کە بە ئازادیی لەسەر گڵکۆکەی کۆببنەوە و یادی بکەنەوە.

کردەوەی نایاسایی خومەینی و لایەنگرە توندڕەوەکانی، "جێمی کارتەر" سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە بەگوێرەی یاسای "کۆنترۆڵی چەک"، لە ڕۆژی 1358/8/17وە ناردنی چەک و تەقەمەنی ئەمریکایی بۆ ئێران یاساخ بکەن. ئەمە یەکەم برگەی ئابڵوقەی ئەمریکا بوو لەسەر ئێران، بەڵام دوای چوار ڕۆژ حکومەتی ئەمریکا بە کەڵکوەرگرتن لە یاسای "بەرینکردنەوەی بازرگانی"، هێنانی نەوتیشی لە ئێران یاساخ کرد. ئابڵوقەکان پەرەیانسەند و ئەمریکا بە کەڵکوەرگرتن لە فەرمانی 12170 لە ڕۆژی 1358/8/23وە هەموو پارەکانی ئێرانی لە بانکەکانی ئەمریکادا وەستاند و لە ڕۆژی 1359/1/18وە ناردنی هەر چەشنە پێویستییەکی جگە

لــه خــۆراک و دەرمــان بــۆ ئێــران یاســاخ کــرد و ســەرئەنجام لــە ڕۆژی 1359/1/28وە بە کەڵکوەرگرتن لە فەرمانی 12111 هەموو جۆرە سەودا و مامەڵەیەکی لەگەڵ ئێران قەدەغە کرد.

سەبارەت بە داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران و بەبارمتەگرتنی 66 ئەمریکایی، جێمی کارتەر لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: **(ڕۆژی 4 ی نۆڤێمبەری 1979 ئەو ڕۆژەیە کە هەرگیز ناتوانم لەبیری بکەم... ئێمە زۆر نیگەران بووین... ڕۆژی یەکەم لامان وابوو کە بارمتەکان بە زوویی ئازاد دەکرێن، بەڵام هەرکە بازرگان سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی لە هەوڵەکانیدا شکستی هێنا، نیگەرانییەکانی ئێمەش پتر بوو).**

خوێندکارانی موسوڵمانی پەیڕەوی خەتی ئیمام ڕۆژی 1358/8/28 (1979/11/19) دوو کارمەندی ڕەش پێست و ئافرەتێکیان ئازاد کرد و ڕۆژی دوایی واتە 1358/8/29 دە کارمەندی ئافرەت و پیاوێکی ڕەش پێستیتریان ئازادکرد و پەنجاو دوو کەسەکەی تریان بۆ ماوەی 444 ڕۆژ ڕاگرت.

داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران، کۆماری ئیسلامیی لەناو وڵاتانی جیهاندا گۆشەگیر کرد، بەڵام لە ئێراندا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە چەندان وتاری جیاوازدا پشتیوانیی لێکرد و نوسی: **(دوای شا، نۆرەی مردنی ئەمریکایە).** ڕۆژنامەی موجاهید لە ژمارەی 10ی ڕۆژی دووشەممە 1358/8/21دا بە سەردێڕی "ڕاپەڕینی دژبە ئیمپیریالیزم، گەلی قارەمانی ئێران شێلگیرتر دەکات"، دەستخۆشیی لەو هەنگاوەی خوێندکاران کرد. حیزبی تودەی ئێران لە ڕۆژنامەی "مردم" ئۆرگانی ناوەندیی حیزبەکەی، لە ژمارەی 84 ی ڕۆژی دووشەممە 1358/8/14دا بە سەردێڕی "سەفارەتی ئەمریکا، ناوەندی پیلانگێڕیی دژ بە شۆڕشی ئێران داگیرکرا"، دەستخۆشیی لە خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام کرد. ڕێکخراوەکانیتریش هەر یەکە و بە جۆرێک پێشوازییان لەو کارەی خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام کرد و ڕێکخراوی چریکی فیدایی لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژنامەی "کار" ژمارەی 35 ی ڕۆژی 1358/8/21دا بە ناوی "بۆچی لانەی سیخوڕیی ئەمریکا داگیر کرا؟ بۆچی سەرۆکوەزیرانی دەستنیشانکراوی ئیمام وازیهێنا؟"، پشتیوانیی خۆی لە گرتنی سەفارەتی

ئـەمریکا و دەسـت لەکارکێشـانەوەی سـەرۆکوەزیرانی ئێـران ڕاگەیانـد. کۆمەڵەی کوردەکانی تاران داوای بڵاوکردنەوەی ناوی سیخوڕەکانی کرد و مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی لە وتووێژێکیدا کە لە کەیهان ژمارەی ڕۆژی 1358/11/5دا بڵاوکرایـەوە، لـە وەڵامـی پرسـیارێکی هـەواڵنێری کەیهاندا دەڵێت: **(من نامەوێت ئامـاژە بۆ ئـەو مەسـەلەیە بکەم، بەڵام بێگومان ئیمپیریالیزمم خۆش ناوێت، نە ئیمپیریالیزم و نە کۆنەپەرستانی نـاوخۆ و دەرەوە).** شـایانی باسـە، دوکتـۆر قاسـملوو لـە وتـووێژ و کۆبوونەوەکانیدا، هەروەها کۆبوونـەوە بەرفرەوانەکەی مهاباددا ئاماژەی بۆ ئەو مەسەلەیە نەکرد.

شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دواڕۆژەکانی ساڵی 1979دا، بـە کـۆی یـازدە دەنـگ بەرامبـەر دوو دەنگـی سـپی سـۆڤیەت و چیکوسـلۆڤاکیا، بڕیاریـدا ئێـران تـا ڕۆژی 1358/10/18 (1980/1/7) بارمتەکان ئازاد بکات و ئەگەر لە کاتی خۆیدا ئازادیان نەکات، بڕیارێکی توندتری لەسەر دەدرێت. ئێران دانـی بـەو کۆبوونەوەیـەدا نـەنا، تەنانـەت ڕێگـەی بـە "عەبدولحەسن بـەنی سـەدر" وەزیری دەرەوەی ئێران نـەدا کـە بچێتە نیویۆرک و بەشداریی کۆبوونەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بکات.

شـورای ئەمنیـەت ڕۆژی 1358/10/22 (1980/1/13) دووەم کۆبوونـەوەی پێکهێنا. "م. ک هێنری" نوێنەری ئەمریکا داوای لە ئەندامانی شورا کرد بۆ ڕێزگرتن لە ئاشتیی نێودەوڵەتیی ئابڵوقەی ئابووری بخرێتە سەر ئێران. وڵاتـانی نـەرویج، ئینگلیـز، پۆرتوگـال و فەرەنسـە پشـتی داخـوازیی ئەمریکایان گرت و بەنگلادیش و مەکسیک بێدەنگ بوون و چیکوسلۆڤاکیا دژ ڕاوەستا و سەرئەنجام یەکیەتی سۆڤیەت پێشنیازی ئەمریکای ڤیتـۆ کرد. پشتیوانیی سۆڤیەت لە ئێران، خومەینی و لایەنگرانی پتر هاندا کە لە ئازادکردنی بارمتەکان خۆبپارێزن، تەنانەت کاتێک بەنی سەدر بوو بە سـەرۆککۆماری ئێـران، زۆر هەوڵیـدا کـە بارمتـەکان ئـازاد بکـات، بـەڵام سەرنەکەوت.

دوای تێپەڕبوونی 342 ڕۆژ لە گرتنی بارمتەکان، خومەینی چوار مەرجی بۆ ئازادکردنیان دانا کە بریتی بوون لە: گەڕاندنەوەی پارە و سامانی شا، بەڵێنبـدەن کـە دەسـت لـە کاروبـاری ئێـران وەرنـەدەن، ئـازادکردنی

سـامانەکانی ئێـران لـە ئـەمریکا و هەڵوەشـاندنەوەی داواکارییـەکانی ئـەمریکا لـە ئێران. ئێران و ئـەمریکا بۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانە لـە جـەزایر کۆبوونـەوە و لـەسـەریان ڕێککـەوتن. "ئیدمۆنـدز ماسـکی" وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: **(ولاتـەیـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بـە ڕەسمیی دان بــە ســەربەخۆیی ئێرانــدا دەنێــت)**، بــەڵام بــۆ ســەلماندنی ســێ داخوازییــەکانیتری ئێــران، بــە پــارێزەوە دەجولایــەوە و پرۆژەکــە سەرنەکەوت. ئیتر ئەمریکا پەنای بۆ کردەوەی سەربازیی برد و ویستی بـە هاوکـاریی ولاتـی میسـر و بـە ڕێگـەی سـەربازیی بارمتـەکانی لـە چنـگ کۆماری ئیسلامیی ڕزگار بکات.

## دابەزینی کۆماندۆی ئەمریکایی لە بیابانی تەبەس

بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی **1359/2/4** (**1980/4/24**) شەش هێلیکۆپتەری **53-RH** و شـەش فڕۆکـەی **C130** بـەرەو بیابـانی "تـەبـەس" فـڕین. کـاتژمێر پەنجا خولەکی شەو (**00:50**) ی **1359/2/5** یەکەم هێلیکۆپتەر گەیشتەجێ و دوای کاتژمێرێـک ئـەوانی تـریش گـەیشـتن، کـەچی بـە هـۆی تۆفـان و گـەردەلولی لماوییـەوە نـەیانتوانی درێـژە بـە مەئموریەتەکـەیان بـدەن. کـاتژمێر **02:10** یـەکێک لـە هێلیکۆپتـەرەکان نزیکـەی **7- 8** مـەتر بـەرز بووەوە، بەڵام گەردەلول هێلیکۆپتەرەکەی بە تـانکی بـەنزینی فڕۆکەیـەکی **C130** دادا و فڕۆکەکـە ئـاگری گـرت و خـەڵکی ناوچەکـەی هۆشیارکردەوە. بەو جۆرە فڕۆکەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتنەجێ و تەقـەیان لـە فڕۆکـە و هێلیکۆپتـەرە بەجێماوەکـە کـرد و نەیانهێشـت ڕزگاریـان بکـەن. لـەو ڕووداوەدا هەشت کۆمانـدۆ و فڕۆکـەوانی ئـەمریکایی کوژران. کۆشکی سپی ڕایگەیانـد کـە بـە هـۆی گرفتـی تەکنیکییـەوە کـاری هێلیکۆپتـەرەکان سەرینەگرتووە.

کێشـــەی بارمتـــەکان بـــوو بـــە خـــۆراکی پروپاگەنـــدەی سیاســـی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و کاریگەریی خۆی لەسـەر هـەڵبژاردنی ئـەمریکا دانـا و کۆماریخوازەکـانی بەسـەر دیموکراتـەکانـدا سەرخست. ڕۆژنامـەی شپیگل نوسی: **(چارەنوسی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئـەمریکا لـە سـاڵی 1980دا بــە دەســت ئایــەتولاکانی ئێرانەوەیــە.)**. مەسـەلەکە هـەر بـەو

جۆرەشی لێهات و جێمی کارتەر لە حیزبی کۆمارییخوازان لە بەرامبەر "ڕۆنالد ڕەیگان" لە حیزبی دیموکراتخوازان دا شکستی هێنا و بارمتەکان دوای 444 ڕۆژ، کاتژمێر 20:55 شەوی 1981/1/20 ئازادکران. "محەمەد حەسەن روزی تەلەب" لە وتارێکیدا کە لە سایتیsharifNews.ri (پایگاه خبری- تحلیلی دانشجویان ایران)دا بڵاویکردووەتەوە، بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەو 444 ڕۆژەی تۆمار کردووە. هەروەها بۆ زانینی پتر لەسەر بارمتەکان بڕواننە سایتی http://fa.wikipedia.org .

داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا لە لایەن خوێندکارانی موسوڵمانی پەیڕەوی خەتی ئیمامەوە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی... تد، ئێرانی خستە ناو قەیرانێکی قوڵی جیهانییەوە کە شوێنەوارەکانی بەردەوامە و زیانێکی زۆریشی بە گەلانی ئێران گەیاند و ناکۆکییەکانی قوڵتر کردەوە. لەناو حکومەتدا کەسایەتی دیموکرات و ئاشتییخواز کە دەیانگوت کۆماری ئیسلامیی دەبێ ڕێز لە یاسا نێودەوڵەتییەکان بگرێ، کەوتنە بەر تیغی تۆهمەت و بە بیانووی لایەنگرییکردن لە ئەمریکا سەرکوتکران و کەسانی نەزان و توندڕەو دەسەڵاتیان گرتەدەست. لە ناوخۆی ئێراندا ڕاونانی بیرجیاوازان پرۆسەیەکی نوێی بە خۆیەوە گرت و بازرگان و بەشێک لە ئەندامانی کابینەکەی کە پێشڕەو بوون لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا، لە دەستەڵات دورخرانەوە.

## هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد

لەو هەلومەرجە سەخت و پڕ لە قەیرانەدا کە کۆماری ئیسلامی بەبارمتەگرتنی 66 ئەمریکایی لە ئێران و جیهاندا پێکیهێنابوو، لە کوردستان لیژنەیەکی نوێنەرایەتی پێکهات کە ناوی "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد" بوو. ئەو لیژنەیە دەیویست لەسەر بنەمای فەرمانی ڕۆژی 1358/8/26ی ئایەتوڵا خومەینی، بەشداریی وتووێژەکانی ئاشتیی نێوان نوێنەرانی گەلی کورد و حکومەتی کاتیی مەهدی بازرگان بکات بۆ وەرگرتنی خودموختاریی بۆ کوردستان.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، چریکی فیدایی خەڵکی ئێران "لقی کوردستان" و مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی ئەندامانی بەشداری ئەو لیژنەیە بوون. بەر لەوەی کە ئەو چوار لایەنە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێکبهێنن، هیچ بەرە، یان هاوپەیمانییەک بۆ کاری هاوبەش لە نێوانیاندا نەبوو کە بەگوێرەی ئەو هاوپەیمانییە بیروڕای خۆیان لەسەر لایەنە جیاوازەکانی خەبات و داواکارییەکانیان و وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی گەڵاڵە بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆمەڵە و چریکی وەک لایەنێکی وتووێژ قبوڵ نەدەکرد و ئامادەنەبوو لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە وتووێژ بکات. هەروەها کۆمەڵەش باوەڕی بە هاوپەیمانیی لەگەڵ حیزبی دیموکرات و وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەبوو، بۆ ئەوە بەشداریی لیژنەی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردی کرد کە بەپێی نوسینی حوسێن موراد بەگی لە کتێبی "مێژووی زیندووی کوردستان"دا بۆچوونە نهێنییەکانی کۆماری ئیسلامی و حیزبی دیموکرات لە وتووێژەکاندا ئاشکرابکات. جگە لەوە چریکی فیدایی خەڵک لە قەیرانێکی قوڵی فیکرییدا بوو، لە لایەک دەیویست حیزبی کۆمونیستی ئێران پێکبهێنێت و دروشمی "**بۆ پێشەوە بەرەو پێکهێنانی حیزبی کۆمونیستی ئێران**"ی بەرزکردبووەوە و لە لایەکیترەوە لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران لە وتووێژدا بوو کە پێکەوە پارتی چینی کرێکار لە ئێراندا بەهێز بکەن، هەرچەندە بەشێک لە ئەندامانی چریک وەک کۆمەڵە بیریان دەکردەوە و هەوڵیاندەدا بە ڕێگەی کاری شۆڕشگێڕانەوە داخوازییەکانیان

بەدەستبهێنن. هەروەها مامۆستا شێخ عیزەدین کە ڕێبەری ئایینیی کوردستان بوو، ئەندامانی دەفتەرەکەی و ئەوانەی دەوریان دابوو، ئەندام و لایەنگری کۆمەڵە بوون و لە بڕیارەکانیدا سەربەخۆ نەبوو.

لەو ناوەدا حیزبی دیموکرات تەنیا بوو، دۆست و هاوپەیمانی نزیکی نەبوو، لە گۆڕەپانی شەڕ و پێشمەرگایەتیدا قسەی یەکەمی دەکرد، بەڵام زۆربەی ئەندامانی لە بواری زانستی و سیاسییدا لاواز بوون. ڕێکخراوێکی چەپ و دژ بە ئیمپیریالیزم بوو، لە کۆنگرەی سێیەمیەوە سۆسیالیزمی زانستیی نموونەی سیستمی سۆڤیەتی کردبوو بە ئامانجی دوارۆژی و دەیویست لە ئێراندا سۆسیالیزمی چەشنی سۆڤیەت دابمەزرێنێت، بەڵام کۆمەڵە و چریک ئەویان بە ڕێکخراوێکی بۆرژوا و ناسیۆنالیست دادەنا، تەنانەت کۆمەڵە ڕای وابوو کە حیزبی دیموکرات "تۆرموزی شۆڕشە" و لە کوردستان پتر لە بۆرژوای سەردەست و حاکم زیان بە بزوتنەوەی کرێکاریی دەگەیەنێت.

لەبەرئەوە حیزبی دیموکرات بە پێناسەیەک کە کۆمەڵە و چریک هەیان بوو، هەروەک پێشتر ئامازەم بۆ کرد، نەیدەویست لەگەڵ کۆمەڵە و چریک بەشداریی لیژنەی نوێنەرایەتی بکات، بەڵام دواتر بە گوشاری شێخ عیزەدین ناچاربوو لەگەڵیان ڕێکبکەوێت و لە سەرەتای مانگی سەرماوەزی 1358دا بە هاوبەشیی و بەم شێوەیەی خوارەوە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردیان لەگەڵ پێکبهێنێت. لە ڕێککەوتنامەکەیاندا کە لە لایەن ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران "لقی کوردستان"ەوە بە زمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە، بەشداران مێژووی ڕێککەوتنەکەیان نەنوسیوە.

### ڕێککەوتننامە

**لەم هەلومەرجە هەستیارە مێژووییەدا کە هەموو گەلی کورد پشتیوانیی و لایەنگریی لە خەباتی ڕەوای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسی و ئایینییە پێشکەوتنخوازەکان دەکەن و لە ئاکامی بەرگرییکردنی قارەمانانەی خەڵکی کورد و پێشمەرگەکانی کوردستان، حکومەت ڕێگە چارەی ئاشتییخوازانەی پێشانداوە. ئێمە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی کە ئالای خەباتمان بۆ**

بەدەستهێنانی خودموختاریی لە چوارچێوەی تەواویەتی خاکی ئێراندا بەرزکردووەتەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی کوردستان و بەتایبەتیی بەدەستهێنانی خودموختاریی و بەشدارییکردن لە وتووێژ لەگەڵ لیژنەی حکومەت، پێشنیاز دەکرێت لیژنەیەک بە بەشداریی شێخ عیزەدینی حوسێنی و نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە) و ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک "لقی کوردستان" پێکبێت و بەم شێوەیەی خوارەوە لە هەموو وتووێژەکاندا بەشدار بن:

سەید عیزەدین حوسێنی سەرۆکی هەیئەت.

حیزبی دیموکرات وتەبێژی هەیئەت.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەندامی لیژنە.

چریکی فیدایی خەڵکی ئێران لقی کوردستان ئەندامی لیژنە.

بێگومان بەرلە دەسپێکردنی وتووێژەکان لیژنە چوارچێوەی داخوازییەکانی خەڵکی کورد و هێڵی وتووێژەکان دیاریی دەکات.

لە کاتی وتووێژی نوێنەراندا، ئەندامان دەتوانن لە چوارچێوەی دیارییکراودا، ئەگەر باسێکیان بە گرنگ زانی، بینوسن و بیدەن بە وتەبێژی لیژنەکە تا ئامازەی بۆ بکات. لە وتووێژەکاندا ئەگەر پێویست بکات، وتەبێژ دەتوانێت باسەکان بە ئەندامێکیتری لیژنەکە بسپێرێت.

سەید عیزەدین حوسێنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان"کۆمەڵە" چریکی فیدایی خەڵکی ئێران "لقی کوردستان"

## پرۆژەی خودموختاریی "خودگەردانی" گەلی کورد، حیزبی دیموکرات، حیزبی تودە و کۆماری ئیسلامیی

هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە یەکەم هەنگاویدا داوای لە سارمەدین سادق وەزیری و عەزیز مامڵێ کرد کە پرۆژەیەک بۆ خودموختاریی گەلی کورد گەڵاڵە بکەن تا هەیئەت لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت بیکات بە بنەمای داخوازییەکانی. جگە لەوە ڕۆژی 1358/9/7 داوای لە گەلی کوردستان کرد کە ناوی ئەو کەسانەیان پێڕابگەیەنن کە لە شەڕەکاندا کوژراون، یان بەهۆی گرفتی نەتەوەییەوە لە لایەن دەزگا حکومییەکانەوە گیراون. هەروەها بۆ ئاسانکاریی پەیوەندیی خەڵک لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی، نوسینگەیەکی لە "سەد"ی مهاباد کردەوە کە عەزیز مامڵێ بەرپرسی بوو. نوسینگەی هەیئەتی نوێنەرایەتی لە ڕاگەیاندنێکدا کە ڕۆژی 1358/9/16 بڵاویکردەوە، داوای لە خەڵک کرد بۆ ئەنجامی کارەکانیان سەبارەت بە جوڵانەوەی گەلی کورد و وتووێژ، پەیوەندیی بە نوسینگەوە بکەن.

سارمەدین سادق وەزیری و عەزیز مامڵێ بە هاوکاریی ڕێکخراوە بەشدارەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی، ئەم گەڵاڵەیەی خوارەوەیان بە ناوی "گەڵاڵەی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە بارەی خودموختاریی کوردستانی ئێران" لە 26 ماددەدا ئامادەکرد. بەر لەوەی کە ئاماژە بۆ ئەو گەڵاڵەیە بکەم، پێویستە پەنجە بۆ ڕاگەیاندنی ژمارە دووی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ڕابکێشم کە ڕۆژی 1358/9/9 سەبارەت بە بەشداریی نەکردن لە ڕیفراندۆمی دەستوری هەمیشەیی ئێراندا بڵاویکردەوە. ڕێکخراوە بەشدارەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی بەرپرسکران کە لە لایەن ڕێکخراوەکانیانەوە ڕاگەیاندنی هەیئەتی نوێنەرایەتی بڵاوبکەنەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەی کۆمەڵەدا لە جیاتی ئەوەی بنوسرێت "بەشداریی ڕیفراندۆم ناکەین"، نوسرابوو "ڕیفراندۆم حەرام دەکەین"، لەبەرئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان دژی ئەو پێچەوانە پێشاندانەی کۆمەڵە وەستا و ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی دژی کۆمەڵە بڵاوکردەوە:

**هاونیشتمانیی بەڕێز ! خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!**

**بەوپەڕی ناڕەحەتییەوە ئاگادارتان دەکەینەوە لە ڕاگەیاندنی هاوبەشی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەژێر سەردێڕی "تەحریم رفراندم" کە لە لایەن ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران "کۆمەڵە"وە بڵاوکراوەتەوە، ئێمە زیادکردنی "تەحریمی ڕیفراندۆم" کە لە ئەسڵی ڕاگەیاندنەکەدا نیە، بە کارێکی غەیرە ئەخلاقی و غەیرە دۆستانەی دەزانین و بۆ هاوکارییەکانی داهاتوو زۆر بە زیانی دادەنێین. پێویستە پێتان ڕابگەیەنین کە مەبەست لەو ڕاگەیاندنە هاوبەشە تەنیا بەشداریی نەکردن بوو لە ڕیفراندۆم، نەک تەحریم کردنی. بۆ دواجار بە بیر دۆستانی کۆمەڵە دێنینەوە کە حیزبی ئێمە لە داهاتوودا بە هیچ شێوەیەک پێچەوانە پێشاندانی بەم جۆرە لە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکاندا قبووڵ ناکات.**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**1358/9/11**

بەر لەوەی کە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد گەڵاڵەکەی بڵاوبکاتەوە، حیزبی تودەی ئێران گەڵاڵەیەکی بە ناوی "گەڵاڵەی پێشنیازی حیزبی تودەی ئێران بۆ خودموختاری "خودگەردانی" بۆ کوردستانی ئێران" لە ڕۆژنامەی "مردم" ئۆرگانی سیاسی حیزبەکەدا، ژمارەی 123 ڕۆژی 1358/10/1دا بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: ... حیزبی تودەی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ بەم شێوەیەی خوارەوە بە خەڵکی کورد و "کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ئێران" خودموختاری "خودگەردانی" بدرێت. حیزبی تودە لەو گەڵاڵەیەدا لە دوو ناوی خودموختاری و خودگەردانی بۆ کوردستان کەڵکیوەرگرتبوو. دواتر کۆماری ئیسلامی وشەی خودگەردانیی قبوڵکرد و بۆخۆشی گەڵاڵەیەکی بۆ خودگەردانیی بڵاوکردەوە کە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد دژی وەستا. شایانی باسە کە هەردوو وشە خودموختاری و خودگەردانی یەک واتا دەبەخشن، خودموختاریی لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بە فارسی پێیدەڵێن خودگەردانی!

کەریم حیسامی لە لاپەڕەی 292 ی بەرگی حەوتەمی بیرەوەرییەکانیدا بەشێکی کورت و پڕ لە هەڵەی ئەو گەلاڵەیەی بە ناوی گەلاڵەی خودگەردانیی کۆماری ئیسلامی بڵاوکردووەتەوە و بەڕێز عەبدوڵا حەسەنزادەش لە لاپەڕەی 193ی "نیوسەدە تێکۆشان"دا دووبارە نوسراوەکەی حیسامی بە ناوی گەلاڵەی کۆماری ئیسلامیی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام لە لاپەڕەی 194دا دەڵێ: **(وا دێتە بەرچاو تەرجومەکە لێرە و لە چەند جێی دیکە پڕ بە پێست نەبێت، بەڵام بە داخەوە فارسییەکەی لە دەستدا نەبوو کە ڕاستی بکەمەوە.)**. سەرئەنجام کریسکۆچیرا، گەلاڵەکەی بڵاوکردەوە و ئاسۆ حەسەنزادە وەریگێڕایەوە سەر زمانی کوردیی و من لێرە هەرسێ گەلاڵە دەخەمە بەردیدی خوێنەرانی ئازیز:

**گەلاڵەی پێشنازی حیزبی تودەی ئێران بۆ**
**خودموختاری "خودگەردانی" بۆ کوردستانی ئێران"**

1- کوردستانی ئێران هەرێمێک لە ئێران دەگرێتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن.

2- ئەو هەرێمە کە لە دابەشکردنەکانی وڵات -کە دەبێت گۆڕانکاریی تیادابکرێت- پارێزگایەک یان چەند پارێزگا دەبێت.

3- لەو پارێزگایە "یان پارێزگایانەدا" سیستمی شورایی پێکهاتوو لە وڵاتدا دادەمەزرێت.

4- ئەگەر کوردستان لە دابەشکردنەکانی وڵاتدا یەک پارێزگا بێت، شورای پارێزگا و ئەگەر چەند پارێزگا بێت، شورایەک لە نوێنەرانی هەڵبژێرراوی پارێزگاکان بە ناوی شوراکانی کوردستانی ئێران دەبێتە ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" کوردستان.

5- شورا سەرۆکێک بۆ ئەو ئۆرگانە هەڵدەبژێرێت کە پلەکەی لە ڕادەی وەزیردا دەبێت و مافی دەدرێتێ بە دەنگی ڕاوێژکاریی سەبارەت بە باسە پەیوەنددارەکانی کوردستان لە کۆبوونەوەکانی هەیئەتی وەزیرانی حکومەتی کۆماریی ئیسلامییدا بەشداریی بکات.

6- شورای کوردستانی ئێران- ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" کاروباری هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی ئیدارییی، ئاوەدانکردنەوە و فەرهەنگییدا بەڕێوە دەبات.

## ماف و ئەرکی ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" بەم شێوەیەی خوارەوە پێشنیاز دەکرێت:

1- جگە لە کاروباری پەیوەندیدار بە بەرگریی "سوپا" و پاسەوانیی سنور، سیاسەتی دەرەوە، بازرگانیی دەرەوە و کاروباری گومرگ و بەرنامەڕێژیی گشتیی ئابوری بۆ سەرانسەری وڵات، دانانی بودجەی گشتیی وڵات، سیستمی ئیدارەی گشتیی دراو و بانکی وڵات، وەرگرتنی قەرز و یارمەتی لە ناوخۆی وڵات، دیارییکردنی ڕادەی باجە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی وڵات، هێڵەکانی گەیاندن و پەیوەندییەکان و پۆستەی وڵات "سیستمی تەلەفۆن و تێلگراف و پۆستی گشتیی، ڕێگای ئاسن، ئاسمانیی و دەریایی وڵات"، پیشەسازیی قورس وەک پیشەسازیی نەوت، گاز و پێترۆشیمی، بەرهەمهێنان لە کانزاکاندا، لە دەست حکومەتی ناوەندییدا دەبن.

ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" هەموو کارەکانی هەرێم وەک ئاوەدان کردنەوە، دانانی پرۆژە بۆ چاکسازیی، خەرجکردنی ئەو بودجانەی کە دەدرێن بە هەرێمی کوردستان، گەشەپێدانی کشتوکاڵ و ئابووری گوندەکان، تەندروستیی، پەروەردە و کاروباری فەرهەنگیی، جادە و ڕێگاوبان، گەشەپێدانی شار و شارەوانیی، دابینکردنی خانوو بۆ خەڵکی شار و گوندەکان، چاپەمەنیی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی هەرێم بەڕێوە دەبات.

2- ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" کاربەدەستانی ئیدارییی وڵات لە هەرێمدا دیارییدەکات و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پەسەندیان دەکەن. دوای پەسەندکردنی ئەو کاربەدەستانە، لە ناوەندەوە کارەکانیان دیاریی دەکرێت و لە بەرامبەر ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" و هەروەها وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ناوەندا بەرپرس دەبن.

3- دابینکردنی ئاسایشی کوردستان ئەرکی ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی"یە، هێزەکانی ئاسایش "ژاندارمەریی و شارەبانی"،

هەروەها سوپای پاسدارانی هەرێم لەژێر دەسەڵاتی ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی"دا دەبن. سەرۆکی ئەو هێزانە لە لایەن ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی"یەوە دیاریی دەکرێن و دوای پەسەندکردنیان لە ناوەند، بەرپرس دەبن بەرامبەر بە ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی"و"وەزارەتی ناوخۆی وڵات" و فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران.

4- ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش بەگوێرەی دەرەتان و ئەندامانی سوپای پاسداران دەبێت لە خەڵکی ناوچەکان دیاریی بکرێن.

5- ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" بەگوێرەی داب و نەریت و ئایینی ناوچەکان، کاروباری ناوچەکان بەڕێوەدەبات. بۆ نمونە لە لەگەڵ باری کەسێتی "ئەحوالی شەخسیی" و مافی مەدەنیی و شتیتری لەو چەشنە، دەتوانێت یاساکانی لە چوارچێوەی دەستوری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دابڕێژێت و پەسەندیان بکات و بەڕێوەیان ببات.

6- ئایینی سونە لە کوردستاندا ڕەسمیەتی هەیە و ئایینەکانی تر و پەیڕەوانیان جێگەی ڕێز و خاوەن مافی بەرامبەر دەبن لەگەڵ کوردە سوننەکاندا.

7- ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" مافی هەیە سەرەڕای وەرگرتنی بودجەی گشتیی وڵات بۆ هەرێمیش باج دابنێت، بۆ ئەوەی کە بە زوویی بتوانێت گەشە بدات بە پاشکەوتوویی کوردستان. حکومەتی ناوەندیی لە دابەشکردنی بودجەی گشیی وڵاتدا سەرەڕای ڕادەی بودجەیەک کە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەک، دەدرێت بە شورای پارێزگەکان، بەشێکی پتر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکانیش بدات. ڕێژەی ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێژەیە کە هەرێمەکەیان زیادتر پاشکەوتووە. کوردستان یەکێکە لەو هەرێمانەی کە پێشیان بە گەشەکردنی گرتووە.

8- ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" بەشداریی دەکات لە داڕشتنی ئەو بەشە پلانانەی حکومەتی ناوەندییدا کە بۆ گەشەپێدانی پیشەسازیی، کشتوکاڵ، ئاوەدانکردنەوە، تەندروستیی و پەروەردەی وڵات ئامادەیان دەکات. بۆ گونجاندنی پێویستییەکانی کوردستان لە پرۆژە گشتییەکانی

حکومـــەتی ناوەندییـــدا و بـــۆ پەلـــە کـــردن لـــە چاکســـازیی ناوچـــە دواکـــەوتووەکانی وڵات و بـــۆ ئـــەوەی کـــە سەرانســـەری ئێـــران بـــە شـــێوەی یەکسان گەشەی پێبدرێت، حکومەتی ناوەندیی لەو پرۆژانـە دەکۆڵێتـەوە و پەسەندیان دەکات.

9- لە کوردستانی ئێراندا خەباتی سیاسی حیزب و لایەنـە سیاسییەکان، لەوانـــە حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردســـتان و ڕێکخراوەکـــانی تـــر و کۆمەڵـــە پیشـەیی، کۆمەڵایـەتی و فەرهـەنگییـەکان بـەگوێرەی دەستوری هـەمیشـەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئازاد دەبێت.

10- لـە خوێندنگـەکانی کوردستاندا بـە زمـانی دایک وانـە دەگوترێتـەوە "کـوردیی بـۆ کوردەکـان و زمانـەکانی تـری دایـک بـۆ کەمایەتییـەکانی دانیشـتوی هـــەرێم، لەوانـــە ئازەرییـــەکان، ئەرمەنـــەکان ئاســـورییەکان و کەلیمییـــەکان." لـــە هەفتـــەدا چەنـــد کـــاتژمێرێکیش بـــۆ زمـــانی فارســـیی دادەنرێـت، بـەڵام خوێنـدن بـە زمـانی کـوردیی هاوکـات لەگـەڵ خوێنـدنی ئـــەدەبیاتی کـــوردیی درێـــژەی پێـــدەدرێت. ئۆرگـــانی خودموختـــاری "خودگـەردانی" بـەو شێوەیەی سـەرەوە ڕێکخـەری وانـەوتنـەوە دەبێت لـە خوێندنگەکاندا.

11- نامە گۆڕینەوەی ڕەسمیی لەوانە نامەی ئیداریی لە کوردستاندا بـە زمانی کوردیی دەبێت، بەڵام لەگەڵ ناوەند بە زمانی فارسیی دەبێت.

12- زانکۆیـەک یـان بەشـەکانی زانستیی و تـەکنیکـە جیاوازەکـانی زانکـۆ لـە کوردستان دەکرێنەوە، کە بە زمـانی فارسیی وانـە دەگوترێتـەوە، بـەڵام زانکۆیـــەکی فەرهـــەنگ و ئـــەدەبیاتی کـــوردییش دادەنرێـــت. لـــە زانکـــۆی تارانیش بەشی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیی دەکرێتەوە.

13- لـــە کوردســـتان ناوەنـــدی ڕادیـــۆ و تەلـــەڤزیۆنی هـــەرێم دەکرێتـــەوە و گەشـەی پێـدەدرێت و بـۆ پـەروەردە کردنـی کۆمەڵایـەتی و گەشـە پێـدانی پلـــەی ئاگادارییـــە سیاســـی و فەرهەنگیـــەکانی خـــەڵکی هـــەرێم کـــەڵکی لێوەردەگیرێـت. هـــەروەها گەشـــە بـــە چاپەمـــەنی و ڕۆژنامـــە و بڵاوکـــراوە کوردییەکان دەدرێت.

## ئەرکی ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی"

1- ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" بە هەموو توانایەوە بەرگریی لە سەربەخۆیی و تەواویەتی خاکی ئێران و دەسەڵاتی ئێران دەکات.

2- ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" بۆ پتەوکردنی یەکیەتی و دۆستایەتی گەلی کورد و گەلانی ئێران و بۆ پتەوکردنی یەکیەتی و دۆستایەتی هەموو گەلانی ئێران لەگەڵ یەکتردا، لە هەموو دەرەتانێک لەوانە لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵە پیشەیی و فەرهەنگییەکان... تد، هەروەها ڕاگەیاندنە گشتییەکان و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان کەڵکوەردەگرێت.

3- ئۆرگانی خودموختاری "خودگەردانی" ڕێز لە یاسای هەمیشەیی ئێران و ئەو یاسایانە دەگرێت کە بۆ سەرانسەی وڵات دادەنرێن و بە گوێرەی تایبەتمەندییەکان و پێویستییەکانی هەرێم بەڕێوەیان دەبات.

4- بەگوێرەی یاسایەک کە دادەنرێت، ئۆرگانی "خودموختاری "خودگەردانی" ڕاپۆرتی هەموو کارەکانی ئیداریی، ئابووری، ئاسایش، فەرهەنگیی و...تد بە حکومەتی ناوەندیی کۆماری ئیسلامیی ڕادەگەیەنێت.

حیزبی تودەی ئێران لە کۆتایی ئەم پرۆژە پێشنیازییەدا داوا دەکات لە پرۆسەی وتوویژەکانی ئاشتیی کوردستاندا بۆ خودموختاری "خودگەردانی" سەرنج بدرێتە ئەو پرۆژەیە و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریی و چارەسەرکردنی کێشەکە ڕادەگەیەنێت و دەنووسێ: **(دەکرێت لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم پرۆژەیە بکرێت و ڕێکوپێکی بکەن).**

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی گەڵاڵەی حیزبی تودە، هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ئەم گەڵاڵەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە.

## گەڵاڵەی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە بارەی خودموختاریی کوردستانی ئێران

**ماددەی 1-** کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی جوگرافیایی ئێراندا سەرزمینێکە لە باری مێژووییەوە نیشتگەی قەومی کورد بووە و ئێستاش زۆربەی دانیشتوانی لە میللەتی کورد پێکهاتووە. ئەم سەرزەمینە تەواوی

ناوچــە کوردنشــینەکانی ئوســتانگەلی ئــیلام، کرماشــان، کوردســتان و ئازاربایجانی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە.

**ماددەی 2-** کوردستانی ئێران بەشێکە لە وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێوەندی قوڵی مێژوویی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیی، هاوپێوەندی نەتەوەی کوردی دانیشتوی کوردستانی ئێرانیان لەگەڵ نەتەوەکانی تری دانیشتوی ئێران پتەوکردووە.

**ماددەی 3-** فەرمانڕەوایی میللەتی کورد لەسەر زەوی کوردستانی ئێران بە شکڵی خودموختاری لە چوارچێوەی یەکێتی سیاسی، ئابووری و تەواویەتی خاکی وڵاتی ئێراندا بەڕێوەدەچێت.

**ماددەی 4-** دەوڵەتی ناوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ دابینکردنی یەکیەتی سیاسی و تەواویەتی خاکی وڵات لەسەر زەوی خودموختاری کوردستانی ئێراندا بەسەر ئەو مەسەلانەی خوارەوەدا دەسەڵاتی دەبێت.

**ئەلف-** کاروباری بەرگریی لە سنورەکان و لە سەربەخۆیی و تەواویەتی خاکی ئێران لە بەرامبەر پەلاماری بێگانانداا بە هۆی هێزەکانی زەمینی، ئاسمانی و دەریاییەوە لە لایەن ئۆرگانەکانی حکومەتی ناوەندییەوە بەڕێوە دەچێت.

**ب-** کاروباری سیاسی و پێوەندییەکانی دەرەوە و پێوەندیی لەگەڵ کۆنسولگەری دەوڵەتان لەسەر زەوی کوردستانی ئێران لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندییدایە.

**ج-** بازرگانیی دەرەوە و گومرگ و سیاسەتی گشتیی پێوەندییدار بەم کاروبارەوە لە لایەن ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ناوەندییەوە بەڕێوە دەچێت.

**د-** بەرنامەڕێژیی ماوەدرێژیی ئابووری کە پێویستی بە سەرمایەگوزاریی گەورە هەیە، تەنزیم و ئیدارەی سیستمی پولی وڵات لە دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ناوەندیی دایە.

**ڕونکردنەوەی 1-** لە بواری کاروباری بەرگرییدا، ئەم ئەسڵە لەبەرچاو بگیرێت کە سەربازخانە و بنیاتە نیزامییەکان پێویستە دور لە شارەکان و لە سەر سنورەکان بن و لەژێر هیچ ناو و بیانوویەکی نیزامیی و هیتردا، ئەرتەش نابێت دەست لە کاروباری نێوخۆی کوردستان وەربدات.

**ڕونکردنەوەی 2-** سەربازوەزیفەی دانیشتوی سەرزەوی خودموختاری کوردستانی ئێران پێویستە لە پێگە و سەربازخانەکانی کوردستاندا خزمەتبکەن.
**ڕونکردنەوەی 3-** لە ئیدارەکانی بازرگانی دەرەوە و گومرگ و بەرنامەڕێژیی ئابووری و ئیدارەی سیستمی پوڵیی وڵات لە کوردستاندا دەبێت لە فەرمانبەری کورد کەڵک وەربگرن.
**ماددەی 5-** جگە لەوانەی کە لە مادە (چوار)دا ڕونکراونەوە، تەواوی کاروباری سەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران بەبێ هەڵاواردن لە دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی خودموختاردا دەبێت.
**ماددەی 6-** مەجلیسی میللی کوردستانی ئێران لەسەر زەمینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا، بەرزترین ئۆرگانی فەرمانڕەوایی میللەتی کورد دەبێت. ئەم مەجلیسە هەر دوو ساڵ جارێک لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد و ڕاستەوخۆ و نهێنی و گشتیی تەواوی دانیشتوانی کوردستانی ئێران هەڵدەبژێرێت و پێکدێت.
**ڕونکردنەوەی 1-** هەر پەنجا هەزار کەس لە دانیشتوانی کوردستانی ئێران نوێنەرێک بۆ مەجلیسی میللی کوردستان هەڵدەبژێرن.
**ماددەی 7-** مەجلیسی میللی کوردستان تەواوی بەرنامەکانی نیزامنامەی نێوخۆ و هەڵبژاردنی شوراکانی شار و گوند ئامادە و پەسند دەکات.
**ماددەی 8-** مەجلیسی میللی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی یاسا گشتییەکانی وڵات، تەواوی یاسا و بەرنامەکانی ڕێکخراوەکانی خودموختاری و بودجەی تایبەتیی سەرزەمینی خودموختاری کوردستان پەسند دەکات.
**ماددەی 9-** مەجلیسی میللی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی گشت کاروباری سیاسی، ئابووری، ئیداریی، کولتووریی و ئینتیزامیی سەرزەمینی خودموختاری کوردستان، حکومەتی خودموختاری کوردستان هەڵدەبژێرێت.
**ماددەی 10-** حکومەتی خودموختاری کوردستان بە تێکڕایی لە بەرامبەری مەجلیسی میللی کوردستاندا بەرپرس دەبێت. هەر یەک لە ئەندامانی حکومەتی خودموختاریش بە تەنیایی لە بەرامبەر مەجلیسی میللی کوردستاندا بەرپرس دەبن.

**ڕونکردنەوەی 1-** ئەندامانی حکومەتی خودموختاری کوردستان لە باری پلەی ڕەسمی ئیدارییی لە پلەی جێگری وەزیرەکانی حکومەتی ناوەندییدا دەبن.

**ماددەی 11-** مەجلیسی میللی کوردستان ماف و ئەرکی هەیە کە هەلومەرجی تێکۆشانی ئازاد و دیموکراتیکی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بواری ئازادیی حیزب و کۆبوونەوە و چاپەمەنی و دەربڕین و قەڵەم و بیروباوەڕ و ئایین و ئەنجومەنە دیموکراتیکەکان و مافی مانگرتن لە سەرانسەری سەرزەمینی کوردستان ئامادەبکات و بەسەر ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردنیدا چاودێریی بکات.

**ماددەی 12-** بودجەی کوردستانی خودموختار لە لایەن حکومەتی خودموختاری کوردستانەوە ئامادە دەکرێت و دەدرێت بە مەجلیسی میللی کوردستان و دوای پەسندکردن بەڕێوە دەچێت.

**ماددەی 13-** کانگای دابینکردنی ئیعتیباری بودجەی کوردستانی خودموختار بریتیە لە:

**ئەلف-** مالیات و باج و داهاتیتری ناوچەیی.

**ب-** بەشێک لە بودجەی گشتیی وڵات کە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەدرێت بە حکومەتی خودموختاری کوردستان.

**ماددەی 14-** جگە لەوە کە لە خاڵی (د) مادەی چواردا باسکراوە ئەرکی حکومەتی خودموختاری کوردستانە کە بۆ گەشەکردن و پێگەیشتنی ئابووری سەرزەمینی کوردستان و بۆ قەرەبوو کردنی دواکەتوویی ستەمی میللی، بۆ پێکهێنانی پیشەسازیی میللی و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و پێشکەوتنی کاروباری ئاوەدانیی و ئاساییش و خزمەتە گشتییەکان، بەرنامەیەک دابڕێژێت کە گۆڕانی بنەڕەتیی لە ژیانی کۆمەڵایەتی زەحمەتکێشی خەڵکی کورددا پێکبهێنێت.

**ڕونکردنەوەی 1-** پاش کەمکردنی بودجەی کاروباری ناوەندیی دەوڵەت لە داهاتی گشتیی، بودجەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی بەگوێرەی ڕادەی دانیشتوان بەسەر ناوچەکانی وڵاتدا دابەش دەکرێت. ڕادەی دابەشکردنی ئەم بودجەیە جۆرێک دەبێت کە بۆ قەرەبووکردنی دواکەوتوویی کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتیە، بەشی

دانیشتوانی ئەم ناوچانە، لەوانە کوردستانی خودموختاریش دەبێت بە ڕادەی پلەی دواکەوتووییان لە داهاتی دانیشتوانی وڵات زیادتر بێت.

**ماددەی 15-** زمانی کوردیی لە گشت ئیدارەکانی سەرزەمینی خودموختاری کوردستان زمانی ڕەسمییە. لەگەڵ ئەوەش کە زمانی فارسیی هەروەک هەبووە، زمانی ڕەسمیی سەرانسەری ئێرانە بە کوردستانیشەوە.

**ماددەی 16-** لە سەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا فێربوون لە گشت پلەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییدا بە زمانی کوردیی دەبێت، بەڵام خوێندنی زمانی فارسییش لە کۆتایی چواری سەرەتاییدا لە هەموو مەدرەسەکانی کوردستانی ئێراندا ئیجباریی دەبێت.

**ڕونکردنەوەی 1-** کەمەنەتەوەکان لە سەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران مافی ئەوەیان هەیە کولتوور و نەریتی میللی خۆیان بپارێزن و پەرەیپێبدەن و لە مەدرەسەکانی خۆیاندا زمانی زگماک بخوێنن.

**ماددەی 17-** پێکهێنانی بنیات و ناوچەی فێربوون و فەرهەنگیی و بەرنامەدانان بۆ کاری ئەم ناوەند و بنیاتانە، لە سەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران لە گشت پلەی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییدا لە دەسەڵاتی حکومەتی خودموختاری کوردستاندایە.

**ماددەی 18-** هێزی پێشمەرگە کە دەبنە فەرمانبەری ڕەسمیی حکومەتی خودموختاری کوردستان ئاسایشی ناوخۆ و کاروباری ئینتیزامیی کوردستانی خودموختار دەپارێزن.

**ماددەی 19-** بەرپرسەکانی ئینتیزامیی شار و گوند لە حکومەتی خودموختاری کوردستانی ئێراندا، ڕاستەوخۆ لە لایەن حکومەتی خودموختاری کوردستانەوە دیارییدەکرێن و بەرپرسیار دەبن.

**مادەی 20-** هەموو ساڵێک ژمارەیەک خوێندکار لە کوردستانی خودموختار بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی هێزی بەرگریی سەرزەمینی خودموختاری کوردستان لە مەدرەسەی نیزامییدا دەخوێنن. ڕێکخراوەکانی حکومەتی ناوەندیی ئێران دەبێت گشت ئامراز و دەرەتانی پەروەردە و

فێرکردنی ئەم خوێندکارانە ئامادەبکەن و پێویستیی چەک و جبەخانەی هێزی ئینتیزامیی کوردستان بە شێوەی پێویست دابین بکەن.

**ماددەی 21-** هێزی قەزایی لە کوردستانی خودموختاردا جیا لە هێزەکانی تر بە هۆی دادگا سەربەخۆکانەوە بەڕێوە دەچێت.

**ماددەی 22-** دادگاکانی سەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران لە مەسەلە عورفییەکاندا بەگوێرەی قانونی عورفیی سەرانسەری وڵات و بەگوێرەی قانونی پەسەندکراوی مەجلیسی میللی کوردستانی خودموختار کە لە سنوری سەلاحیەتی خۆیاندا دایانناوە، بەڕێوە دەچێت. لەو مەسەلانەدا کە پێوەندییان بە ئەحوالی شەخسییەوە هەیە، بەگوێرەی داب و ڕەسمی ئایینیی داواکاران بەڕێوەدەچن. پێویستە ئەم قانونانە لە سەر ئەسڵی حقوقیی و لەگەڵ بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیمانی جیهانیی حقوقی مەدەنیی یەک بگرنەوە.

**ماددەی 23-** لقێکی دیوانی بەرزی وڵات لە سەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران دادەمەزرێت و چاوپیاداخشاندنەوە و بڕیاری دادگاکانی کوردستانی خودموختار لەم لقەدا دەستکاریی دەکرێنەوە.

**ڕونکردنەوەی 1-** پێڕاگەیشتن لە دادگاکانی کوردستانی خودموختاردا بە زمانی کوردیی و فارسیی بەڕێوەدەچێت.

**ماددەی 24-** بۆ بەهێزکردنی یەکیەتی گەلانی ئێران، جگە لەوەی دانیشتوانی کوردستان وەک ناوچەکانی تری ئێران نوێنەری خۆیان بۆ مەجلیسی شورای میللی دەنێرن، ژمارەیەکی دیارییکراویش بەپێی دانیشتوانی کوردستان لە ئۆرگانەکانی حکومەتی ناوەندییدا (دەستەی وەزیران و وەزارەتەکان) بەشداردەبن.

**ماددەی 25-** بە مەبەستی ڕێکوپێکیی بناخەی خودموختاریی و پاراستنی مافی تەواوی گەلانی ئێران (شورای بەرزی گەلانی ئێران) لە ناوەندی وڵات پێکدێت و گەلانی ئێران هەر یەکەی نوێنەر بۆ (شورای بەرزی گەلانی ئێران) دەنێرێت.

**ڕونکردنەوە 1-** سێ کەس لە نوێنەرانی سەرزەمینی خودموختاری کوردستانی ئێران لە لایەن مەجلیسی میللی کوردستانەوە هەڵدەبژێررێن.

**ماددەی 26-** تەواوی یاسا پەسندکراوەکانی مەجلیسی شورای میللی ئێران کە پێوەندییان بە مافی گەلانی ئێرانەوە هەبێت، پێویستە لە شورای بەرزی گەلانی ئێراندا باس بکرێن.

دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد

## پرۆژەی دەوڵەت بۆ خودگەردانیی پارێزگاکانی ئێران لە 1358/10/4 (1979/12/25)

ئیزیک رولۆ لە مەهاباد باسی سەرسوورمانی قاسملوو دەکا کاتێک سەرەنجام پرۆژەی دەوڵەتی پێگەیشتبوو. دەنوسێ: (عبدالرحمن قاسملوو کە لەسەر عەرز دانیشتبوو بەچاوی خۆی باوەڕی نەدەکرد، ئەو تێکستەی دەستنوسە چوار لاپەڕەییەی کە لە تارانەوە پێی گەیشتبوو چەندجاری خویندەوە تێکستەکە لە سەری نوسرابوو

ماف و ئەرکەکانی ئوستانە خود گەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران:

1- شورای ناوچەیی ئەو کاروبارەی خەڵک لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دا نین بەڕێوەدەبا. ئەو کاروبارەی دەوڵەتی ناوەندی بەڕێوەیان دەبا بریتین لە: بەرگریی میللی، کاروباری دەرەوە و سیستمی دراو، پلانی درێژخایەن کۆمپانیا گەورە پێشەسازییەکان، پیوەندییەکان (مواصلات) ڕێگای ئاسن و جادەییە سەرەکییەکان.

2- کاربەدەستە بەرزەکانی حکومەت بە تایبەتی حاکم، فەرماندەی هێزەکانی ژاندارمەری و پۆلیس لە ناوچە، لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە لە سەر پێشنیاری شوڕای ناوچەیی دیاری دەکرێن. لە بەرامبەردا ئەو شورایە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسانی ئاسایش لە شار و گوندەکان دیاری دەکات.

3- سسیتمی قەزایی ناوچە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکات بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی دیوانی بەرزی کۆمار لە تاراندا دەبێ.

4- پاراستنی نەزم و ئاسایش لە ئەستۆی بەرپرسانی ناوچە دەبێ.

5- تەنیا شورای ناوچەیی دەتوانێ لە بوارەکانی (احوالشخصی) تاکەکەسی (مارەیی، تەڵاق شەرع، ئایین داب و نەریت و سوننەتەکانی

ئایینی زۆربەی دانیشتوانی ناوچە بە فەرمی دادەنرێ، هەروەک ئیسلامی شیعە کە ئایینی دەوڵەتە.
6- ؟
7- بودجەی ناوچەیی دوو سەرچاوەی داهاتی هەیە، یەکەم ئەو یارمەتیانەی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دەدرین، دووهەم ئەو باج وماڵیاتەی کار بەدەستانی ناوچەیی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆیان دەکەنەوە.
8- دەوڵەتی ناوەندی دەتوانی بڕیاربدا کە ناوچە پاشکەوتووەکان لەوە زیاتر یارمەتی بدرێن کە گرینگیی ژمارەی خەلکەکەی پاساوی دەدا.
9- ناوچەکانی خودگەردان دەبێ ئازادیی دەربڕین، پێکهێنان و تێکۆشان بۆ هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان، بنیاتە سینفی و ئایینی و فەرهەنگییەکان بەلەبەرچاو گرتنی مەرجەکانی دەستوری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکەن. ئازادی خوێندنی زمانی کوردی، بلوچی، ئازەری، ئەرمەنی، ئاسوری، عیبری، عەرەبی و تورکی بۆ هەموو نیشتیمانان هەیە. زمانە سەرەکییەکان (کوردی، بلوچی و ئازەری) دەکرێ هەر لە قۆناخی سەرەتاییەوە وەک زمانی فارسی کە (زمانی فەرمیو هاوبەشی هەموو گەلانە) بخوێندرێن. بەڵام لە زانستگەکان جگە لە ماددەکانی زمان و ئەدەبیاتی کەمایەتییەکان خوێندن بەزمانی فارسی دەبێ.
10- بەڕێوەبەرایەتیی ناوچە بۆ نوسراوە نێوخۆییەکان زمانی ناوچەیی بەکار دەبا، بەڵام لە پەیوەندییەکانی نێوان کاربەدەستە ناوچەییەکان و حکومەتی ناوەندیدا زمانی فارسی بەکار دەبرێ.
11- هەر ناوچەیەک زانستگەی خۆی دەبێ، یان هەرنەبێ بنیاتی خوێندنی بەرزی لێ دەبێ. جگە لەوەش زانستگەی تاران کۆلێژی خوێندنی زمانی کەمایەتییەکان دەکاتەوە.
12- هەر ناوچەیەک ئیزگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی خۆی دەبێ کە لە ڕۆژدا چەند کاتژمێر بەرنامە ناوچەییەکان بەزمانی ناوچەیی بڵاودەکاتەوە. هەروەها ئازادی بۆ ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە دەستەبەر دەکرێ کە دەیانەوێ بە زمانێکی جگە لە فارسی بنوسن.

13- شورای ناوچەیی بەپێی ڕژەی دانیشتوانی خەلکی ناوچە، بەشێوەیی ڕژەیی ژمارەی کاند بۆ خوێندنگە میللییەکان و ئامادە کردنی کادێر بۆ سوپا و پۆلیس و ژاندارمری دیاری دەکا.

سەبارەت بەو نوسراوەیە سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ: ئەو نوسراوەیە هەرنەبێ هەیە هەرچەند کە لەو فۆڕمەی ئێستایدا جێگای قبوڵ نیە لە ڕاستیدا ئەو بەڵگەیە زیاتر (لامرکزی)یەکی ئیداری پێشنیاردەکا نەک خودموختارییەکی ڕاستەقینە ئەو نوسراوەیە کوردەکان وەک گەل و تەنانەت ڕەگەزیش ناناسێ. جگە لەوەش لە کاتێکدا کوردەکان داوای هەرچوار ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام دەکەن بۆ ئەوەی لەژێر دەستەلاتی دامودەزگاکانی خودموختاریدا کۆیان بکەنەوە، دەوڵەتی تاران دەیەوێ ئەو نوسراوەیە تەنیا لەسەر دوو ئوستانی یەکەم بەجێ بگەیەنێ، ئەمەش لەبەرئەوەی دەڵێ دوو ئوستانەکەی تر کوردی شیعەیان لێدەژی، هەردوو بەشی گەورەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە ئازەریی لێدەژین لە ناوچەی خودموختار جیا کراوەتەوە، قاسملوو دەڵێ: (گەلەکەمان ناتوانێ بەو خودگەردانییە ڕازی بێت. ئەوە لە کاتێکدا بووە دەستهێنانی خودموختاری خوێنی داوە قبووڵ ناکا سەرزەمینی کورد بکرێتە ئوستانێک و واحیدێکی ئیداری کە شورایەکی ئیجرایی هەلقولا و لە مەجلیس هەڵبژێراو بە دەنگدانی گشتیی خۆی نەبێت.

ئایا کاربەدەستانی تاران دەیانەویست کێشەی توندی سنورە جوغرافیاییەکانی ناوچەی خودگەردان بۆ وتوویژەکانی 17و18ی دیسێمبەر هەڵگرن!؟ قاسملوو بەنیازپاکییەکی زۆرەوە لەگەڵ ئەوەدا کە ماوەی ئاگربەس رۆژی 14ی دیسێمبەر تەواو بوو، بڕیاردەدا چاوەڕوانی دەوری دوایی وتوویژەکان بێ و دەڵێ: **(ئەوە حکومەت بوو لەمانگی ئاگۆستیی ڕابردوودا شەڕی بەسەردا سەپاندین و ئەوەش ئێمە بووین کە ئاگربەسەکەی ئێستامان سەپاند. ئێمە دڵنیاین کە شەڕ هیچ گیروگرفتێک چارەسەر ناکا، لەنێوان دوو گەلی برادا و شەڕ سەرکەوتوو و دۆڕاوی نیە.).**

له ڕاستیدا لێکدانەوەی قاسملوو هەرئەوەیە کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی20 نۆڤێمبەری 1979دا لە مەهاباد خستبوویەڕو. ئەو هەر پێیوایە خومەینی بۆ ئەو باشترین کەسە کە ڕوی تێبکات، لە حاڵێکدا ڕێکخراوە چەپە توندڕەوەکان کۆمەلە، فیدائیان پێیانوایە کە ڕژێمی خومەینی لە بنەمادا کۆنەپەرستە و بەدرۆ دژی ئیمپریالیستە. هەربۆیە پێیانوایە ناکرێ چاوەڕوانییەکی ئەووتۆیان لەو ڕژێمە هەبێت. بە بڕوای ئەوان وتووێژەکان ناگەنە ڕێککەوتنێکی ئەووتۆ کە کوردەکان بتوانن پێی ڕازی بن. بەڵام قاسملوو دڵنیایە کە شەڕی کوردستان دەتوانێ ببێتە هۆی ڕوخانی ڕژێمی خومەینی و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی پاریزگار "محافظەکار" کە هەندەی دیکەش دژی داخوازەکانی کورد بێت. قاسملوو دەڵێ: **(چارەسەریی مەسەلەکە زیاتر بە پارسەنگی هێزەکانەوە بەستراوەتەوە هەتا بە ئادیۆلۆژیی ڕژێمی خومەینی....)**. من پێموایە ڕێککەوتنێکی جێگای قبوڵ ئیمکانی هەیە. دواتر ڕووداوەکان دەری دەخەن کە قاسملوو لە لێکدانەوەکانی خۆیدا سەبارەت بە پارسەنگی هێزەکان بەهەڵە چووبوو.

شایانی باسە کە ئەم پرۆژەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران جێی پەسەندی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد نەبوو. حیزبی تودەی ئێرانیش لە ڕۆژنامەی "مردم" ژمارە 126 سێ شەممە 1358/10/4دا ڕەخنەی لێگرت و ئاماژەی بە کەموکوڕییەکانی کرد.

## یەکەم کۆبوونەوەی وتووێژ

ڕۆژی 1358/9/20 (1978/12/12) هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد یەکەم کۆبوونەوەی ڕەسمیی خۆی لەگەڵ لیژنەی تایبەتیی حکومەت لە فەرمانداریی مهاباد پێکهێنا. نوسینگەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە یەکەم بڵاوکراوەی خۆیدا "نشریه خبری" لە سەرماوەزی 1358 ئاماژە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دەکات و دەنوسێت:

- مامۆستا شێخ عیزەدین کۆبوونەوەکەی کردەوە و دوای بەخێرهێنانی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی، ئاماژەیەکی کورتی بۆ مێژووی بزوتنەوەی گەلی کورد و گەلانی ئێران دژی ئیمپیریالیزم و خەبات بۆ سەربەخۆیی ئێران و ئازادیی و بەدەستهێنانی خودموختاریی گەلی کورد کرد و هیوای خواست کە کۆبوونەوەکە بە نیازپاکیی و لێکتێگەیشتن، سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.




دواتر داریوش فروهەر ئاماژەی بۆ وتاری مەلا شێخ عیزەدین کرد و گوتی لەو وتارەتدا نیشانەی نیازپاکی دەبینرێت. ئەندامانی لیژنەی تایبەتیی حکومەتیشی بەم شێوەیەی خوارەوە ناساند:

- داریوش فروهەر، هاشم سەباغیان، عیزەتوڵا سەحابی ئەندامانی ئەسڵیی لیژنەی تایبەتیی حکومەت. تیمسار ئازەری ڕاوێژکاری سەربازیی، تیمسار مالک جێگری فەرماندەی گشتیی ژاندارمەریی و

تیمسار ساعاتساز جێگری سەرۆکی گشتیی شارەبانی و ڕاوێژکاری ئاساییش، حەقگو پارێزگاری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و شەکیبا پارێزگاری پارێزگای کوردستان و چەند کەسێکیتر کە کاری نوسینیان لە ئەستۆیە. ئیتر داریوش فروهەر داوای لە مامۆستا کرد کە ئەویش ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتی بناسێنێت. مامۆستا بەم شێوەیەی خوارەوە ئەندامانی بە ناوی خۆیان و ناوی ڕێکخراوەکانیانەوە ناساند:

- فاتح شێخ ئیسلامیی و کەریم دانشیار ئەندامانی دەفتەری منن.

- بەڕێز ئەحمەد قازی بۆ ئێوە ناسراوە. بەڕێزان عەزیز ماملێ، غەنی بلوریان، دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، کەریم حیسامی، عەبدولا حەسەن زادە لە حیزبی دیموکرات.

- بەڕێزان بەهروز سلێمانی، محەمەد ئەمین شێخانی و ئەنوەر سولتانی لە چریکی فیدایی خەڵکی ئێران لقی کوردستان.

- بەڕێزان یوسف ئەردەلان، ئیبراهیم عەلیزادە، عەبدولا موهتەدی و جەعفەر شەفیعی لە ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە)، ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردن و لە لایەن خەڵکەوە قبوڵکراون. دوای ئەوە هاشم سەباغیان گوتی:

- (منیش خۆشحاڵم لەوەی کە مەسەلەی کوردستان لە لایەن گروپ و کەسانی جیاواز و پەیوەنددار بە کێشەکەوە ببیستم، بەڵام هەروەک چەندان جار گوتومە و بە بەڕێزان دوکتۆر قاسملوو، بلوریان و قازییم ڕاگەیاندووە، من زۆرم پێ سەیرە کە بەڕێزتان دیسان ناوی هەندێک کەس دەبەن کە نوێنەری چریکی فیدایی خەڵک و کۆمەڵەن. پێشتریش گوتومانە کە ئێمە ڕاسپێرراوین لە چوارچێوەی فەرمانی ڕۆژی 1358/8/26ی ئیمامدا، مافی خەڵکی کوردستان وەک مافی خەڵکیتری ئێران گەڵاڵە بکەین. ئیتر دروست نیە کەسانێک وەک نوێنەری حیزبێکی تایبەت بە لایەنی وتوویژ قبوڵ بکەین، بەڵام بەڕێزتان دیسان دەفەرموون بەڕێز سولتانی و یوسف ئەردەلان و چونکە ناوەکانت بەپەلە خوێندەوە، نەمتوانی ناوی ئەوانیتر بنوسم کە بە نوێنەری چریکی فیدایی خەڵک یان کۆمەڵەت ناساندن. ئێمە ئامادەین بۆ ئەو بابەتانەی کە وەک مافی خەڵکی کوردستان ڕایاندەگەیەنین لەگەڵ هەموو خەڵکی کوردستان و

نوێنەرەکانیان وتووێژ بکەین، بەڵام لە حیزبێکی تایبەت ئەگەر ئەو حیزبە بەتایبەتیی چریکی فیدایی خەڵک یان کۆمەڵە بێت، قبوڵ ناکەین.). مامۆستا شێخ عیزەدین لە وەڵامی سەباغیان دا گوتی: دوکتۆر قاسملوو وتەبێژی هەیئەت وەڵامی بەڕێزیان دەداتەوە.

**دوکتۆر قاسملوو:** بە ئیزنی دۆستانم، بەخێرهاتنی هەیئەتی تایبەت دەکەم. ئێمە لە کاتگای دڵمانەوە خۆشحاڵین کە دوای پێکهەڵپرژانە خەفەتبارەکاندا، توانیمان لێرە وەک برا لە دەوری مێزێک کۆببینەوە و پێکەوە دەربارەی هەندێک مەسەلە وتووێژ بکەین کە پەیوەندییان بە کوردستان و نیشتمانی ئازیزمان ئێرانەوە هەیە، دیارە بۆ بەردەوامیی وتووێژەکان نیازپاکیی مەرجی سەرەکییە. ئێمە بەوپەڕی نیازپاکیی و بە دڵی پڕ لە مێهر و دۆستایەتییەوە بۆ ئەم وتووێژە هاتووین. هەروەک بەڕێز فروهەر فەرموویان، ئێمەش هیواداریین کە ئەندامانی لیژنەی تایبەتیی حکومەتیش بەو هەستەوە لە پشت مێزی وتووێژەوە دابنیشن. بەر لەوەی کە وەڵامی ئەو مەسەلانە بدەمەوە کە لێرە باسکران، دەمەوێت چەند خولەکێک کاتی بەڕێزان بگرم.

کاتێک باسی ئاگربەس کرا، ئێمە بەوپەڕی نیازپاکییەوە، پێشنیازی دۆستانمان قبوڵ کرد، چونکە بە ئێمەیان گوت کە بەڕێوەچوونی وتووێژ دوای ئاگربەس و نیازپاکیی سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ دەتوانێت سەرەتایەکی باش بێت لە سەرکەوتنی وتووێژدا. چەند ڕۆژ دەربارەی چۆنیەتی ڕاگرتنی شەڕ قسەمان کرد و سەرئەنجام بۆ ئەوەی کە بە ئاکام بگەین، داوای لیژنەی تایبەتیی دەوڵەتمان قبوڵکرد. بڕیار وابوو کۆماری ئیسلامییش بەو شێوەیە ئاگربەس ڕابگەیەنێت، بەڵام بە داخەوە، بەو جۆرەی پێشبینیی کرابوو، هاوکات ئەنجامی نەگرت. دواتریش ئەوەی کە لە ڕاگەیەنراوی سەرکردایەتی سوپای کۆماری ئیسلامییدا بڵاوکرایەوە، ئەوە نەبوو کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتبووین. چەند بڕگەیەکی تێدابوو کە دەبووایە دوای کۆتاییهاتنی شەڕ ئیتر نەخرێنە بەرچاو. ئێمە بۆ ئەوە باس لەو مەسەلەیە ناکەین کە خوانەکردە کەشی کۆبوونەوەکە تێکبدەین، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری لێژنەکاندا هەلومەرجێک پێکبێت کە هەردوو لامان بە نیازی پاک و باوەڕی تەواو بە

یەکترەوە، پێکەوە وتووێژ بکەین. دواتریش لە ڕاگەیەنراوی ئێمەدا هاتبوو، دۆستانی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتیش لوتفیان کرد و قبوڵیان کرد کە لە ماوەی پازدە ڕۆژدا پاسدارەکان لە کوردستان دەگێڕنەوە، بە داخەوە ئەوەش جێبەجێ نەکرا، دیارە لە هەندێک شار کرا و لە هەندێکیان لەوانە مهاباد نەکرا. دواتر بڕیار وابوو کە ئێمە لەو ماوەیەدا پەیوەندییمان پێکەوە هەبێت بۆ ئازادکردنی زیندانییەکانی هەردوو لامان و هەڵوەشاندنەوەی حوکمی دورخراوەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان، بە داخەوە هێشتا زۆربەیان بە هەڵواسراویی ماونەتەوە. بەڵام دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەو کارانە بکەم کە دەبووایە نەکرێن، بەڵام بە داخەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویانداوە. ئێمە دەمانویست سەبارەت بە گواستنەوەی هێزەکانی سوپا بڕگەیەک بنوسرێ، بۆ ئەوەی کە کەسانێک سود لە هەلومەرجەکە وەرنەگرن و سوپا بە هێز بکەن، بە داخەوە سوپا لە هەندێک شوێن بەهێز کرا، نەک لەو ڕوانگەیەوە کە ئێمە نامانەوێ سوپا بەهێز بکرێت، بەڵکوو لەو ڕوانگەیەوە کە لە ماوەی ئاگربەستدا، چاوەڕوان بووین کە ئەم کارە نەکرێت. دواتر چەند گوندێکی ناوچەی "برادۆست" ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەس بۆمبباران کران و ئێمە هەر ئەو کاتە جەنابی فروهەرمان لەو مەسەلەیە ئاگادار کردەوە. هەرچەندە بە خۆشییەوە کوردستان بە گشتیی ئارامە، بەڵام ئەگەر سەرنج نەدرێتە هەندێک ناوچە، بەتایبەتیی ناوچەی پاوە و شاری سنە، بە داخەوە هەندێک هێز هەن کە هەوڵدەدەن ئاڵۆزیی پێکبهێنن. ئێمە بەوپەڕی توانا و نیازپاکییەوە تا ئێستا هەوڵمانداوە و هەوڵیش دەدەین کە لە ماوەی وتووێژدا بچوکترین شەڕ پێکنەیەت، بەڵام ئەو هەوڵدانە بە ڕای ئێمە دەبێ دوو لایەنە بێ تا ئاکامی تەواوی هەبێت.

سەبارەت بە ڕاگەیاندنی بەشێک لە کاربەدەستان، جێگەی داخە کە لەو کاتەوە کە پێویستییەکانی وتووێژ ئامادەکراون، لەوە بگەڕێین کە وتەکانی ئایەتوڵا مونتەزری بۆ ئێمە چاوەڕوان نەکراو بوون، بەڕێز چەمران کە خۆی وەزیری بەرگرییە و لەوە دەچێ ئەندامی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتیش بێ، لە وتارێکیدا کە ئێمە ئامادەین سبەێنێ کاسێتی وتارەکەی بدەین بە هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت، لە ڕاستیدا گاڵتەی بە

وتوویژ دێت و دەڵێ: **(سەرئەنجام دەبێ دووبارە شەڕ هەڵبگیرسێتەوە و دەبێ خۆمان بۆ ئەو شەڕە ئامادەبکەین!).** دواتر بەڕێز خەلخالی کە کەسایەتییەکەی بۆ هەموو دۆستان ناسراوە، نامەیەکی داخراوی بۆ من ناردووە، (دیارە نامەکەی بە ناوی منەوە نیە) و لە بەیاننامەیەک دەچێت، نامەکەتان دەدەمێ تا بە ڕاستیی بزانن بەدخوازان کێن کە ئیمام لە پەیامە مێژووییەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوون. لە لایەکیترەوە ئەگەر بڵێم گوتنی ئەو کەسانە لە بارودۆخی ئەمڕۆی وڵاتدا، بەگشتیی لە سەرکەوتنی وتوویژدا بە جیددیی وەرناگیرێن، بە داخەوە لە لایەن ئەندامانی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتیشەوە شتی وا گوتراوە کە بووەتە هۆی نیگەرانیی خەڵکی کوردستان. یەکێک لەو وتانە، (چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ تەلەفزیۆن و بە داخەوە من بە هۆی گرفتی زۆرەوە نەمتوانی بیبینم و دۆستانم پێیانڕاگەیاندم)، بەڕێز سەباغیان یەک دوو جار فەرموویانە: (دەوڵەت لە سەنگەری دەسەڵاتەوە "موضع قدرت" وتوویژ لەگەڵ کوردەکان دەکات.). بە ڕای من بەکارهێنانی ئەو وشەیە و باسکردن لە هێز و دەسەڵات لە وڵاتێکدا، لەگەڵ گەلێک کە سەر بە هەمان وڵاتە، سەردەمەکانی پێشومان بە بیردێنێتەوە. دەبێت بە ڕێگەی دۆستایەتی و خۆشەویستییەوە لەگەڵ گەلی کورد قسە بکرێ، نەک لە ڕوی هێز و دەسەڵاتەوە. ئێمە ڕامان وایە کە هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان کە جێگەی داخ و پەژارەی هەموومانە، بەسەر ئێمەدا سەپا، بەڵام ئێمە دەمانگوت و ئێستاش دووپاتی دەکەینەوە کە لە شەڕی براکوژییدا دۆڕاو و سەرکەوتوو نیە و ئەو شەڕەش شەڕی براکوژیی بوو. هیوادارم ئەو وتانە هەرگیز دووپات نەکرێنەوە، بەڵام جەنابی فروهەر فەرموویان مەسەلەی گەڕاندنەوەی پاسدارەکان لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی دیموکرات کە ماوەی پازدە ڕۆژی بۆ دانابوو. ئێمە لامان وا بوو، ئێستاش وا بیردەکەینەوە و بە شاهیدی هەمووان ئەوە ڕای هەردوو لامان بوو، دیارە من نامەوێ زۆر لەسەر ئەوە بڵێم. لە ڕاستییدا ئەو پاسدارانەی کە ئێستا لە مهابادن، هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئاسایشی شار نیە و لە ڕاستییشدا ئێمە ئەوان بە برای خۆمان دەزانین کە بە جۆرێک زیندانیی کراون و گواستنەوەیان لە مهاباد و شارەکانیتر یارمەتی دەدات بە کەشی

لـــەباری وتووێژەکـــان و خـــەڵکی کـــوردیش دڵنیـــا دەکـــات کـــە هەیئـــەتی تایبـــەتیی دەوڵـــەت داواکانیـــان بـــەگوێرەی پـــەیامی مێژوویـــی ئیمـــام قبـــوڵ دەکات. جگە لەوە ئێمە دەمانەوێ ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی سەرەکییتریش بکەین، ئەویش ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە کە لە دەست دەوڵەت دایە. چەندان مانگ لە لایەن ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و بڵاوکراوەکانەوە بێڕێزیی بە خەڵکی کـــورد و حیـــزب و گروپـــە سیاســـییەکان و تەنانـــەت کەســـایەتییەکانی کوردستان کرا و ئێمە بچوکترین دەرەتانی بەرگرییکردنمان لە خۆمان نەبوو. هەر چۆنێک تەماشای مەسەلەکە بکەین، چ لە بواری ئینساف و عەدالەت و چ لە بواری ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵدا، کاتێک هەیئەتی تایبـــەتیی دەوڵـــەت و کاربەدەســـتانی بـــەرپرس بواریـــان هەیـــە داواکارییەکانی ئیمە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا بخەنە بەرباس و لەسەریان بدوێن و بیروڕای خۆیان بە هەموو خەڵکی ئێران بگەیەنن، چی دەبێ ئەگەر دوای چەندان مانگ کاتێکیش بۆ ئێمە تەرخان بکەن، ئێمەش لە بەرامبەر خەڵکی نیشتمانی خۆماندا بەرپرسین قسەی خۆمان بکەین و بە خەڵک بڵێین کە چیمان دەوێت. هەروەک هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت سەبارەت بە قسەکانیان مافی دادوەریی "قەزاوەت" دەدەن بە خەڵک، ڕێگە بە ئێمەش بدەن و ئەو مافەمان بدەنێ کە داخوازییەکانی خۆمان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی و نیشتمانی ئازیزماندا بخەینە بەر دیدی خەڵک، تا ئەوان بزانن کە ئێمە بەڕاستیی چیمان دەوێ، لەم بارەیەوە ئەوە خەڵک و مێژووە کە دەبێ دادوەریی بکەن.

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر پەیامی ئیمام خومەینی، ئێمە ڕامان وایە کە ئەگەر بە نیازی پاکەوە سەیری داخوازییەکانمان بکرێ، داخوازییەکانمان بـــە تـــەواویی لـــە چوارچێـــوەی پـــەیامی ئیمـــام خومەینییـــدا دەگـــونجێن، لەبەرئـــەوە بـــوو کـــە ئێمـــە پێشـــوازییمان لێکـــرد و بـــە پـــەیامی "لەبـــەیک" وەڵاممان دایەوە. ئێمە چاو لەو وتە و وتارانە دەپۆشین کە بە داخەوە لە لایـــەن کەســـانی بـــەرپرس و نابەرپرســـەوە لـــە شـــوێنی جیـــاوازدا گـــوتران و گرنگایەتی بە پەیامی ئیمام خومەینی دەدەین و بەو ئومێدەوە هاتووین و وتووێژ دەکەین.

دەربارەی ئەو مەسەلەیەی کە لێرە ئاماژەی بۆ کرا، ئێمە لەو باوەڕەداین کە هەر لایەنێک بۆ خۆی ئەندامانی خۆی دەستنیشان دەکات، هەرچەندە من لەگەڵ بەڕێز فروهەر هاودەنگم کە ئێمە لایەنێکین و دوو لایەن نین و هیوادارم کە زۆر زوو تەنانەت لە پشت مێزییش لایەنێک بین، بەڵام ڕەسم ئەوەیە کە هەر لایەنەی بۆ خۆی هەیئەتی نوێنەرایەتی خۆی دیاریی دەکات. ئەو هەیئەتەی کە لێرەیە، خەڵک کورد قبوڵیانە و زۆربەی خەڵکی کوردستان پشتیوانیی لێدەکات، بەڵام ئەگەر هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت و دۆستانی ئێمە ئەوە بە گرفت دەزانن و نایانەوێ لەگەڵ حیزب و گروپە سیاسییەکاندا وتوویژ بکەن، باشە ئێمە وەک هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بۆ وتوویژ هاتووین و ئێوەش لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد وتوویژ بکەن. ئێمە گوتومانە و دووپاتی دەکەینەوە کە بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە وا بیردەکەینەوە (دۆستانیتریش هەر بەو جۆرە) بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لە سەروی بەرژەوەندی هەموو ئەو گروپانەوەیە. ئەگەر هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت قبوڵی بکات لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد وتوویژ بکات، لە ڕاستییدا هەم حیزبی دیموکرات و هەم چریکی فیدایی خەڵک و هەم کۆمەڵە جێی متمانەی زۆربەی خەڵکی کوردستانن و بە ڕای من ئیتر نابێ دیاردەی لاوەکی لەمپەر بخاتە سەر بەردەوامیی وتوویژ.

دیسان دەگەڕێمەوە سەر وتەکانی بەڕێز فروهەر کە فەرموویان بە پەلە باس لە ئەسڵی مەسەلەکە بکەین کە ناوەڕۆکی وتوویژەکانە. لە ڕاستییدا ئێمە بەوپەڕی چاوەڕوانییەوە دەمانەوێ ڕاگەیەنراوی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت ببینین کە وەک پرۆژە لەگەڵ خۆی هێناویەتی. ئێمە لە پلەی نوێنەرانی گەلێک کە لە ڕاستییدا وەک منداڵێک چاوەڕوانی دیارییەکی نزیکانیەتی، چاوەڕوانی بینینی ئەو پرۆژەیەین و هیوادارین دوای بینینی و خوێندنەوەی، مەسەلە بچوک و ڕواڵەتییەکان بە ئاسانیی چارەسەر بکرێن. من لە پلەی وتەبێژی ئەو دۆستانەدا، هیوادارم داواکارییە سەرەکییەکانی ئێمە دابینبکرێن، چونکە لە ڕاستییدا هیچ چەشنە ناکۆکییەکیان لەگەڵ داواکارییەکانی خەڵکی سەرانسەری ئێرانددا نیە و بە پێچەوانەوە یارمەتی دەدات لە پتەوکردنی یەکیەتی نێوان گەلانی

ئێـران و بــەهێز کردنــی ســەربەخۆیی و تەواویــەتی خــاک لــە ئێرانــدا.
هیـوادارین بـە هەسـتی بەرپرسـایەتی و شۆڕشگێڕانەوە داخوازییـەکانمان
بخـەنە بەرچاو و بە دڵفرەوانیی هاوبـەش و دوو لایـەنـە بـە ئاکام بگـەین و
ئاشـتیی و ئـارامیی لـە کوردسـتان و ئێرانـدا جێگیربـێ و داخوازییـەکانی
گـەلی ئێمـە کـە بەگشـتیی لـە وشـەی خودموختارییـدا خـۆ دەبینێتـەوە،
جێبەجێ بکرێت. بە ڕای من ئەمە داخوازییەکە کە هەموو خەڵکی ئێران و
ئیمام خومەینی و بەتایبەتیی خەڵکی کورد بۆ جێبەجێکردنی هیوایان بـە
ئێمەیە.

**فروهەر:** هەروەک بەڕێز قاسملوو فەرموی ناوەڕۆکی ئەوەی کـە بـە مـافی
خەڵک دەژمێررێ زۆر گرنگە. بۆ گۆڕینی ئـەو سیستمە حکومەتییـەی کـە تـا
ئێستا یان تا بەرلە شۆڕش لە ئێراندا هـەبووە بـە سیستمێکیتر و گـۆڕینی
سیستمی ناوەندیی و جێنشینکردنی سیستمێکی دور لە ناوەند کـە دەتـوانێ
ویست و داخوازیی خەڵکی ئێران لـە هـەر قـەوم و هـەر گۆشـەیەکی ئێرانـدا
دەســتەبەر بکــات، هــاودەنگین و ئـەمــە تەواوکــەری دیموکراســی و
ئازادییـەکانی تـاک و کۆمەڵـە لـە ئێرانـدا. بـەو ئەزمونانـەی کـە بـەڕێز
قاسملوو ئاماژەی بۆیان کرد، پێشانیان داوە کە دەبێ هەموو باسـەکان ڕون
و چوارچێـوەدار بـن و بـزانین ئێمــە لــە چ هەلومەرجێکـدا و لەگــەڵ چ
هەیئـەتێک وتـووێژ دەکـەین. هـەروەک گـوتم و دووپـاتی دەکەمـەوە ئـاواتی
هـەموو خـەڵکی ئێـران و خـەڵکی کوردسـتانە کـە هەیئـەتـەکان تـەواوکـەری
یـەکتربن و باوەڕهێنان بەو مەسەلەیە دەستەبەر کردنـی ئـەو داوایانـەیـە،
کەوابوو بڕیـاری شەخسیی و دۆستانە ڕەنگـە هەڵسـەنگاندنی جیـاوازی بـۆ
بکرێت. بە ڕای من ئەوەی ئێوە ئامازەی بۆ دەکەن کە بڕیـار بـوو وا بکرێت
و وا نـەکرا، ڕەنگـە بەشـێک بـن لـە بڕیارەکـانی ڕابـووردوو، بـەڵام هـەموو
بڕیارەکان نەبوون. فروهەر لە کۆتایی وتەکەیدا ڕایگەیاند:

- مەسـەلـەیەکیتریش کـە ئـەمڕۆ باسـی لێکـرا و ئـەویش یـەکێک بـوو لـە
بڕیارەکانی پێشومان و جێبەجێ نەکرا و لـە ڕوانگـەی هەیئـەتی تایبـەتیی
دەوڵــەت و ئــەو مەئموریــەت و بەرپرسـایەتییەی کــە پێیـدراوە، شـایانی
گرنگایــەتی زۆرە، مەســەلەی پێکهاتــە و قــەوارەی هەیئەتەکەیــە کــە
دەکەوێتە بەرباس و قسەی لەسەر دەکرێت، چونکـە مـن هەسـت دەکـەم لـە

کۆبوونەوەیەکی ڕەسمییدا ناتوانین لەسەری ڕێکبکەوین، بە ئیزنی حەزرەتی شێخ پشودانێکی چەند خولەکیی ڕادەگەیەنم تا ساردییەک بخۆینەوە و دواتر لەسەری بدوێین. چونکە بەڕێز ئەندازیار سەباغیان فەرموویان مەسەلەیەکی بڕیاردراوی پێشوو بووە و پێموایە بۆ چارەسەرکردنی پێویستە هەندێک لەسەری بدوێین.

پشوودان ڕاگەیەنرا، بەڵام لیژنەکان کۆنەبوونەوە و لیژنەی حکومەت مهابادی بەجێهێشت و دوای دیدارێکی تایبەت لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو گەڕایەوە بۆ تاران. بەم بۆنەیەوە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

**ڕاگەیاندنی ژمارەی (6)**

**هاونیشتمانانی خەباتگێڕ خەڵکی قارەمانی کورد**

**هاتنی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت بۆ کوردستان چەند جار دواکەوت و سەرئەنجام ڕۆژی 1358/9/19 هەیئەت هاتە مهاباد و کاتژمێر 15:30 ڕۆژی شەممە 1358/9/20 یەکەم کۆبوونەوەی لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە فەرمانداریی مهاباد پێکهێنا.**

**لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز داریوش فروهەر سەرۆکی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت وتارێکی کورتی پێشکەش کرد. لە وتارەکەیدا خوشحاڵیی خۆی لە پێکهاتنی کۆبوونەوەی هاوبەش و ئاکامەکەی دەربڕی. دواتر مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی سەرۆکی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، کۆبوونەوەکەی کردەوە و هیوای خواست شەڕی براکوژیی و کێشەی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت. ناوبراو ڕایگەیاند پەسەندکردنی خودموختاریی گەلی کورد لە چوارچێوەی تەواویەتی خاک و سەربەخۆیی ئێراندا تەنیا ڕێگە چارەی کۆتاییهێنانە بە چەوسانەوەی نەتەوەیی لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییدا و خەڵکی کوردستان بە بێپسانەوە تەئکیدی لەسەر دەکات. لە کۆتاییدا ئاماژەی بۆ نیازپاکیی خەڵکی کورد کرد و لە هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتی ویست کە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کوردستان تەفاهومی زیاتر پێشان بدەن.**

دوای ئـەوە بـەڕێز فروهــەر ئەنـدامانی هەیئـەتی تایبـەتیی دەوڵـەتی ناساند و سـەرۆکی هەیئـەتی نوێنـەرایـەتی خـەڵکی کوردیش ئـەندامانی هەیئەتی نوێنـەرایەتی خەڵکی کوردی بە ناوی خۆیان و ڕێکخراوەکانیان ناساند. بەڕێز سەباغیان دژی پێکهاتەی هەیئـەتی نوێنەرایـەتی خـەڵکی کورد وەستا. دواتـر دوکتـۆر قاسملوو وتـەبێژی هەیئـەتی نوێنەرایـەتی خـەڵکی کورد خۆشحاڵیی خـۆی لـە پێکهاتنی کۆبوونـەوەکـە و نیازپاکیی هەیئـەتی نوێنەرایـەتی خـەڵکی کـورد دەربـڕی و هیـوای خواسـت کـە ئەندامانی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتیش خاوەنی ئـەو هەستە بن. ئـەم جارە ئاماژەی بۆ لەژێر پێنانی ئاگربەس و وتەی نابەرپرسانەی بەشێک لـە ئەنـدامانی شورای شۆڕش و هـەیئـەتی تایبـەتیی و ئامـادە نـەبوونی دەوڵـەت لـە گۆڕینـەوەی زیندانییـەکان کـرد و لـەگـەڵ بـەرگرییکردنی لـە پێکهاتـەی هەیئـەتی نوێنەرایـەتی خـەڵکی کورد، کـە لـە لایـەن زۆربـەی خــەڵکی کــوردەوە پشــتیوانیی لێکــراوە، ســەبارەت بــە خودموختــاریی کوردستان ڕایگەیاند: ئەگەر بە نیازپاکیی هەڵسـەنگێندرێ بـە ڕای ئێمـە لـە چوارچێوەی پەیامی ئیمام خومەینیدا دەگونجێت. لە کۆتاییدا داوای لـە هەیئـەتی تایبـەت کـرد پرۆژەی پێشنیاز کراوی خـۆی بـدات بـە هـەیئـەتی نوێنەرایــەتی خــەڵکی کــورد، تــا دوای بــاس و لێکۆڵێنــەوەی، بیــروڕای هەیئـەتی نوێنـەرایەتی خەڵکی کورد بە ڕای گشتیی خـەڵکی سەرانسـەری ئێران بگەیەنێت.

بـەڕێز فروهـەر پشوودانی ڕاگەیاند و باس لـەسـەر پێکهاتـەی هەیئـەتی نوێنـەرایـەتی خـەڵکی کوردی بـۆ کۆبوونـەوەکـەی دوایـی و کـاتژمێر 09:30 ڕۆژی دوایی دواخرا. هەرچەندە ئەندامانی هەیئەتی نوێنـەرایـەتی خـەڵکی کورد لە کاتی خۆیدا ئامادە بوون، بەڵام کۆبوونـەوەکە بە ڕواڵـەت بە هۆی نـەخۆشیی بـەڕێز سـەحابی پێکنـەهات و بۆ دوانیوەڕۆی ئـەو ڕۆژە ڕاگیرا، کە دیسان لە لایەن هەیئـەتی تایبـەتیی دەوڵـەتەوە هەڵوەشایەوە، بـەڵام دوو ئـەندامی هەیئـەتی تایبـەت بـەیانیی ڕۆژی پێنـج شەممە 1358/9/22 چوونـە شوێنی مانـەوەی دوکتۆر قاسملوو وتووێژیـان لـەگـەڵ کـرد و دوانیـوەڕۆی هـەمانڕۆژ، پێشنوسی پرۆژەی دەوڵـەتیان بـۆ هـەیئـەت نـارد و مهابادیـان بـەجێهێشت.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر
هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەم باوەڕە دایە کە تەنیا ڕێگەی چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کوردستان کاتێک بە ئەنجام دەگات، کە دەوڵەت بە شێوەی جیددی سەرنج بداتە خواستی خودموختاریی گەلی کورد و بە بیانووی جیاواز بەرد نەخاتە سەر ڕێگەی وتووێژ. لەو وتووێژەدا سەرەڕای هەڵوێستی جیددیی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، بە داخەوە هەیئەتی دەوڵەت بە جیددی و بە هەستی بەرپرسایەتییەوە ڕووبەڕووی مەسەلەکان نەبووەوە. ئێمە دژوارییەکانی دوارۆژی ئەو مەسەلە بەبیر دێنینەوە و هیوادارین لە خولی دوایی وتووێژەکاندا (کە بە وتەی بەڕێز فروهەر بڕیارە ڕۆژی دوو شەممە 1358/9/26 سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە) بە دیدی دروست سەرنج بدرێتە خواستی بە حەقی گەلی کورد و پتر لەوە کات بە فیرۆ نەدەن. لەم بارەیەدا هەرچەشنە پەیوەندیی و وتووێژی هەیئەتی دەوڵەت بۆ دووبەرەکی نانەوە لەگەڵ خەڵکی نابەرپرس لەژێر ناوی وتووێژ لەگەڵ خەڵک بەبێ بەهرە دەزانیین. ڕەوتی وتووێژکان و ناوەڕۆکی وتارەکان لە بۆڵتینێکدا لە لایەن نوسینگەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بۆ ئاگاداریی هاونیشتمانانی تێکۆشەر و ئازادییخواز بڵاو دەکرێتەوە.

هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد

1358/9/23

پێشتر گوتم کە مامۆستا شێخ عیزەدین دوو جار لە ناوچەی سەردەشت بە بەشداریی نوێنەرانی چریک و کۆمەڵە لەگەڵ داریوش فروهەر کۆبووەوە و لەو دوو جارەدا ئامازەی بۆ ناوی ڕێکخراوی کۆمەڵە و چریک نەکرد. هۆی ئەو ئامازە بۆنەکردنەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە حکومەتی کاتیی بەگوێرەی فەرمانی خومەینی ئامادە نەبوو سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵە و چریک وتووێژ بکات. مامۆستا لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە ڕوبەڕووی مەسەلەکە بووەوە، بەڵام ئەم جارە کە بڕیاردرابوو ئامازە بۆ ناوی ڕێکخراوەکان نەکرێ، کاتی ناساندنی ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، ئەو

بەرپرسایەتییەی لەبەرچاو نەگرت! لەم بارەیەوە کەریم حیسامی لە لاپەڕەی سێی بەرگی حەوتەمی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ:

**- (ئێمە واقمان ورما. یانی چی؟ مامۆستا بۆ وای کرد؟ ئیمزا و بڕیاری دوو ڕۆژمان چی لێهات. حەبەساین. ئەمە تێکدانێکی بە ئانقەست و حیسابکراو و لەژێرپێنانی هەموو ئوسوول و بڕیار و ڕێککەوتنێک بوو).**

هەروەها عەبدوڵا حەسەنزادە سەبارەت بەو مەسەلەیە لە لاپەڕە 189 و 190ی کتێبی نیو سەدە تێکۆشان دا دەڵێ:

**- (بە هەر حاڵ یەکەمین و دوایەمین کۆبوونەوەی ڕەسمیی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەگەڵ هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت لە یەکێک لە ژورەکانی فەرمانداریی مەهابادا پێکهات. پاش بەخێرهاتن هەروەک بووەتە باو، هەردوو لا دەبوو ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی خۆیان بناسێنن. ئەگەر لە بیرم بێ ئاغای صباغیان ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەتی ناساند و نۆرە گەیشتە مامۆستا شێخ عیزەدین سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد. زۆر بە سەرسوڕمانەوە دیتمان مامۆستا یەک بە یەک نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی لە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا بە ناوی ڕێکخراوەکانیانەوە بە نوێنەرانی دەوڵەت ناساند. لە کاتێکدا پێشتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین کە ناوی حیزبەکان نەبرێ و بیانوو نەدرێتە دەستی نوێنەرانی دەوڵەت).**

هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ئێران بە هۆی بەبارمتەگرتنی 66 ئەمریکایی لە سەفارەتی ئەمریکا لە تاران، کەوتبووە ناو قەیرانێکی قووڵی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکییەوە. مەهدی بازرگان و بەشێک لە وەزیرەکانی حکومەتەکەی دەستیان لە کار کێشایەوە و ژمارەیەک توندڕەوی وەک مستەفا چەمران کە دژی چارەسەرکردنی ئاشتییخوازانەی کێشەی کوردستان بوون، جێ پێی خۆیان لە حکومەتدا قایم کرد. چەمران دەربارەی وتوویژی حکومەت لەگەڵ ڕێبەرانی کورد لە لاپەڕەی 116ی کتێبی کوردستاندا دەڵێ:

**- (کاتێک لە بەرامبەر هێرشی توند و لە ناکاوی ئێمەدا توانایان نەما، داوای وتوویژیان کرد و حکومەتیش قبوڵی کرد. سوپا فەرمانی بە سەربازەکانی دا کە جگە لە بەرگریی لە خۆیان تەقە نەکەن! تا**

**نیازپاکیی پێشانبدرێ، بەڵام دەبینن دەستبەجێ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فەرمانی حکومەت، لە دەروازەی شاری بانە پتر لە 35 ئەفسەر و سەربازیان کوشت. هەموو ڕۆژێک دەبینن کە لە سنە، مەریوان، سەقز، بانە، بۆکان و شارەکانیتر ژمارەیەک دەگرن و زیندانیی و ئیعدامیان دەکەن. ئەوانە نمونەیەکی تاڵن کە ئەوان لەو وتووێژە کەڵکیان لێوەرگرت و دەیانویست دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکی شارەکاندا بسەپێنن.).**

بە پێچەوانەی گوتنی مستەفا چەمران و ژمارەیەک لە کاربەدەستە توندڕەوەکانی کۆماری ئیسلامیی کە دەیانویست لە ڕێگەی شەڕ و کوشتنەوە، کێشەی کوردستان چارەسەربکەن، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای شەڕی سێ مانگە و تەنانەت بەرلە هەڵگیرسانی شەڕ، هەوڵیدەدا کێشەی گەلی کورد و حکومەتی ئێران بە ئاشتیی چارەسەر بکات. لەو چوارچێوەیەدا بوو کە حیزبی دیموکرات دروشمی ئاشتیی و وتووێژی بەرزکردەوە و داوای چارەسەریی ئاشتیخوازانەی کێشەکانی کرد، کەچی هەر وەک بینیمان ئەو هەوڵدانانە لە یەکەم کۆبوونەوەدا شکستیان هێنا. لەم بارەیەوە عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی 187-190ی کتێبی "نیوسەدە تێکۆشان" دا نوسیویەتی:

**- (سەرنجڕاکێشە کە بگوترێ دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کە بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی پێکهاتبوو، هیچ وەخت لەگەڵ هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت کە ئەویش هەر بە ڕواڵەت بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد سەبارەت بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد دروست ببوو، پێکەوە دانەنیشتن کە بە شێوەیەکی جیددیی نوختەنەزەرەکانی خۆیان بێننەگۆڕێ و قسەیان لەسەر بکەن. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ئەگەر لە پێشەوە هەر بە گومان وادیار بوو دەوڵەت زیاتر لەوەی بە دوای چارەسەریی مەسەلەی کورددا بگەڕێ، لە هەمووان ئاشکرا بوو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی چ نیازێکی دوژمنانەیان دەرحەق خەڵکی کوردستان هەیە. خومەینی لە پەیامی 26ی خەزەڵوەری 1358ی خۆیدا "بەدخوازانی" لە نێوان ناخۆشیی نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی مەرکەزیدا بە تاوانبار زانیبوو، بەڵام دوایە بۆ هەموو خاوەن نەزەرێک دەرکەوت کە بۆخۆی**

سەردەستەی هەموو بەدخوازەکانی گەلی کوردە. پیاو هەق بڵێ لە لایەکەی دیکەشەوە کەم و زۆر خەتا هەبوو، هێندێک لە ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، نەک هەر بە قسە، بەڵکو بە نوسراوەی ڕەسمیش دەیان نوسی ئێمە بۆ ئیفشاگەری موزاکەرە دەکەین. بە ڕاستییش هەروایان دەکرد. چونکە ڕاست لەو وەختانەدا کە نوێنەرانی دەوڵەت دەهاتنە کوردستان بۆ ئەوەی گۆیا لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد وتووێژ بکەن، ئەو دۆستانە بەیاننامەی توندوتیژیان دەردەکرد و چی جنێو و قسەی ناخۆش بوو بە دەوڵەتیان دەگوت. ئەوانیش کە هەروەک گوتمان لە بنەڕەتەوە نیازیان پاک نەبوو، دەرچوونی ئەو جۆرە بڵاوکراوانەیان دەکردە بیانوو بۆ ئەوەی بە ڕەسمی دانەنیشن و زیاتر وەخت بۆ سازدانەوەی کۆماری ئیسلامی بەدەست بێنن. سەرئەنجام دەوڵەت و ئەندامانی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت ڕایانگەیاند کە حازر نین لەگەڵ نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ باسی مەسەلەی کورد دابنیشن و وتووێژ بکەن. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی باوەڕی وابوو ئەمە بیانوویەکە بۆ خۆدزینەوە لە وتووێژێکی جیددی، داوای لە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کرد کە ئەو بیانوویەش لە نوێنەرانی دەوڵەت ببڕێ. هەربۆیە بڕیاردرا کە ئەگەرچی ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان پێکهاتبوون، لە کۆبوونەوە لەگەڵ هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتدا ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد تەنیا بە ناوی خۆیان بناسرێن و باس لەوە نەکرێ کە سەربە چ حیزب و ڕێکخراوێکن. بە ڕواڵەت نوێنەرانی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ ئەوان ناسرابوون و دەیانزانی هەرکامیان سەربە چ حیزب یان ڕێکخراوێکن.... زۆر بە سەرسوڕمانەوە دیتمان مامۆستا یەک بە یەک نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی لە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا بە ناوی ڕێکخراوەکانیانەوە بە نوێنەرانی دەوڵەت ناساند).

بەو ئاڵۆزییانەی کە لە کۆماری ئیسلامیدا بە هۆی موسوڵمانە توندڕەوەکانەوە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا پێکهاتبوو، گومان لە سەرکەوتنی وتووێژی نێوان کورد و حکومەت دەکرا، تەنانەت ئەگەر

کۆمەڵە و چریکیش بەشدار نەبوونایە لە وتووێژەکانی ئاشتییدا، بەڵام بەو حاڵەش کۆمەڵە و چریک بۆ ئەوەی کە بیانوو لە حکومەت ببڕن، دەبووایە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە ناوی ڕێکخراوەکانیانەوە بەشداریی وتووێژ نەکەن و بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد واز لەو تاقیکردنەوەیە بهێنن کە زۆر بە زیانی گەلی کورد و گەلانیتری ئێران و ناوچەکە تەواو بوو.

هەر وەک لە ڕاگەیاندنی ژمارە 6 ی نوسینگەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورددا ئاماژەی بۆ کراوە، دوو ئەندامی هەیئەتی تایبەت بەیانیی ڕۆژی پێنج شەممە 1358/9/22 چوون چاویان بە دوکتۆر قاسملوو کەوت. لەو چاوپێککەوتنەدا دەروازەیەکی نوێ بۆ درێژەپێدانی وتووێژەکان کرایەوە. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی لومۆندی فەرەنسیی لە ژمارەی ڕۆژی 1358/9/15 (1979/12/14) دا نوسی:

- لە بارودۆخی ئێستادا کوردستان لە نێوان شەڕ و ئاشتییدا دەژی. شاری مهاباد ناوەندی سیاسی و فەرهەنگیی خودموختاریی وەک پارێزگایەکی ئارامی کۆماری ئیسلامیی دێتە بەرچاو. وتووێژ دەستپێکێکی باشی نەبوو، چونکە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا بە کۆبوونەوەیەکی زۆر کورت و بێئاکام کۆتایی پێهات. شێخ عیزەدین حوسێنی ڕێبەری ئایینیی کوردستان لە وتاری کۆبوونەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد و هەیئەتی نوێنەرایەتی حکومەتدا، ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتی کوردی ناساند. ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا بریتی بوون لە: دوو لە هاوکارانی شێخ عیزەدین، پێنج ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی عەبدولرەحمان قاسملوو، شەش نوێنەری کۆمەڵەی ماوویی و فیدایی خەڵکی مارکسی لێنینیی. بەڕێز داریوش فروهەر سەرۆکی هەیئەتی نوێنەرایەتی حکومەت بەهۆی بەشداربوونی ئەو دوو گروپەی دوایی لە کۆبوونەوەکەدا توڕە بوو. ڕۆژی چوارشەممە چەند خولەکێک بەرلە کاتی دیارییکراو بۆ وتووێژ، بەڕێز فروهەر کۆبوونەوەکەی بەهۆی نەخۆشیی کتوپڕی بەڕێز سەحابیەوە هەڵوەشاندەوە. دوای ئەو بڕیارە بەڕێز قاسملوو بە ڕواڵەت توڕە بوو، تا سەرئەنجام شەوی چوارشەممە ڕێککەوتنێکی ڕواڵەتیی کرا. بەو ڕێککەوتنە ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد قبوڵیان کرد کە لەمەودوا ئەندامانی خۆی وەک

گروپێکی یەکگرتوو بەبێ ناساندنی هێڵی سیاسی و بۆچوونی تایبەت بناسێنرێن. نوێنەرانی کۆمەڵە و چریک وەک چاودێر بەشداریی وتووێژەکان بکەن و بێدەنگیی بپارێزن. نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تەنیا نوێنەرانێک دەبن کە مافیان دەبێت لە وتووێژەکاندا قسە بکەن. شێخ عیزەدین حوسێنی ئەرکی سەرۆکایەتی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردی لە ئەستۆ دەبێت و بە تەنیا ڕێبەرایەتی وتووێژەکان دەکات. بەم ڕێککەوتنە هەردوو لا ئامادەبوون کە ڕۆژی پێنج شەممەی ئەم هەفتەیە وتوویژ بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆنترۆڵی شار لە دەست پێشمەرگە دایە، بەڵام سەرباز و پاسدارەکان دەتوانن بە ئامازەیەکی سەرکردەکانیان، شار بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. شایانی باسە کە کۆمەڵە ئەم ڕێککەوتنەی ئیمزا نەکرد.

## یەکەم شورای نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)

ڕۆژی 1358/9/2 (1979/11/22) دوکتور قاسملوو گوتی پێویسته ناوەندێک بۆ پێشمەرگەکانی حیزب پێکبهێنین. بۆ ئەو مەبەسته پێیڕاگەیاندم کە ئێوارەی ڕۆژی 1358/9/11 بچمە ماڵی "مەلیک" قازی برای ئەحمەد قازی، بەشێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی و نزیکەی 20 کادیری بەرزی حیزب لەوێ بوون. ئەو شەوە لەسەر دروستکردنی ئۆرگانێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پێشمەرگەکانی حیزب وتووێژمان کرد. دیارە پێشتر دەفتەری سیاسی لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوو کە ناوی ئەو ئۆرگانە بنێ "شورای نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" و ئەو کۆبوونەوەیەشی بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی پێکهێنابوو. چەند کەسێک لە لایەن بەشدارانەوە بۆ شورا کاندیدکران و هەڵبژاردنیان بۆ کرا. لە ئەنجامی هەڵبژاردندا ئەم کەسانەی خوارەوە دەنگیان بۆ شورای نیزامیی حیزبی دیموکرات هێنا:

1- سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی 23 دەنگ.

2- حامید گەوهەری 21 دەنگ.

3- سەرهەنگ ئیرەج قادری 19 دەنگ

4- مەلا ڕەسوڵ پێشنماز 16 دەنگ.

5- سەید ڕەسوڵ بابی گەورە 12 دەنگ.

دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی شورای نیزامیی حیزب، بڕیارماندا بنکەی شورا لە بینای یەکەی ژاندارمەریی لە چوارچرا بکەینەوە. بەرلە دانانی شورای نیزامیی حیزب، کەریم حیسامی بەرپرسی ڕێکخراوی مهاباد، بنکەی ڕێکخراوەکەی لە ماڵی شێخ محەمەد مەعسوم لە شەقامی فەرەح دانابوو. شێخ ڕایکردبووە عێراق و ماڵەکەی بەجێهێشتبوو. بنکەی شورای نیزامیی حیزب لە جێی دیارییکراو دانرا و ژمارەیەک پێشمەرگەی بۆ تەرخان کرا. ئەو کاتە پێشمەرگەکانی مهاباد لە پەلی جیاوازدا کۆبووبوونەوە و هەر یەکەیان بە ناوێک دەناسران. ئەوانەی هاوکاریی شورای نیزامیی حیزبیان دەکرد، بریتی بوون لە: پەلی بێکەس، پەلی شەپۆل و پەلی هێرش. چەند پێشمەرگەیەکی پەلی شەپۆل پاسەوانی

بنکەی شورا بوون و ئەرکی پاراستن و هاوکارییکردنی شوورایان پێسپێرابوو.
دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری حیزب، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بەرپرسی شورا بوو و سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی بەرپرسی ناوخۆی شورای نیزامیی بوو. چوار کەسەکەی ترمان ئەندامی شورا بووین. سەرگورد عەباسی و من کاروباری ڕۆژانەی شورامان بەڕێوە دەبرد. سەید ڕەسوڵ ئەرکی فەرماندەیی هێزی شنۆی لە ئەستۆ گرتبوو، هاتوچۆی بنکەی شورای نەدەکرد. مەلا ڕەسوڵ لە دەوروبەری مهاباد بوو، هەندێک جار سەردانی شورای دەکرد، بەڵام لەوێ نەدەمایەوە. سەرهەنگ قادری هەفتەی یەک دوو ڕۆژ دەهات و ماوەیەک لەوێ دەمایەوە. لە ڕاستییدا ئەرکی بەڕێوەبردنی کارەکانی شورا لەسەر شانی من بوو، بە درێژایی ڕۆژ لەوێ بووم و سەرگورد عەباسییش ڕۆژانە بۆ ماوەیەک دەهات و لە کارەکاندا یارمەتی دەدام.
هێزەکانی پێشمەرگەی حیزب بۆ وەرگرتنی چەک و تەقەمەنی و بۆ کاری ڕێکخستن پەیوەندییان بە شوراوە دەکرد. ڕاپۆرتی کارەکانیان بۆ شورا دەنارد و ئێمەش بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بەردەوام پەیوەندییمان بە دوکتۆر قاسملوو و ئەمیر قازیی و سەید حەسەن هاشمی و کەریم حیسامییەوە هەبوو. چەکەکانی حیزب لە لای ئەمیر قازی بوون و لەسەر داوای دوکتۆر قاسملوو چەکی هێزەکانی بۆ ئێمە دەنارد و ئێمەش دەماندانێ. هەروەها پارەی پێشمەرگەکانی شورا لە لایەن حەسەن هاشمی بەرپرسی ئابووری ڕێکخراوی مهابادەوە بە شورا دەدرا.
شورا لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەو کارانەیدا، چاودێریی دەکرد بەسەر ئاسایش و ئەمنیەتی شاریشدا. ئەندامانی سوپا و سوپای پاسداران لە بنکەکانیان لە سەربازگە و کۆشکی لاوانی مهاباد بوون، بە ئاشکرا هاتوچۆی ناو شاریان نەدەکرد، بەڵام ژمارەیەک جاسوسیان هەبوو کە هەواڵەکانی شار و حیزب و ڕێکخراوەکانیان پێدەگەیاندن. زۆربەی ئەو جاسوسانە ژنانی هەژار و بەساڵداچوو بوون کە سوپای پاسداران بە برنج و ڕۆن و پارە ئەوانی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. هەروەها چەند موسوڵمانێکی وشکەڕۆش کە دژی بیرجیاوازان بوون، لە ژێرەوە پەیوەندییان بە

حکومەتەوە هەبوو، تەنانەت چەند کارێکی تیرۆریستییان لە شاری مەهابادا کرد و یەکێکیشیان لە کاتی دروستکردنی بۆمبی دەستییدا، لە ماڵی باوکی لە گەڕەکی ئەرمەنییان بۆمبەکەی لە دەستدا تەقییەوە و مرد.

جگە لە هێزی 21 ی پێشەوا کە دووەم هێز بوو لە دوای هێزی 111ی شەهید موعینی، ڕێکخرا و سەرگورد کەریم عەلیار فەرماندەیی دەکرد، کۆمەڵە و چریکی فیداییش بنکەی چەکداریان لە مهاباد هەبوو، حیزبی تودەش بنکەیەکی کۆمیتەی ئەیالەتیی بەبێ چەک لە نزیک چوارچرا و لە ڕوبەڕووی بانکی سپە دانادبوو.

شورای ئیسلامیی شاری مهاباد بە سەرۆکایەتی مەلا ڕەحیم عەباسی ئۆرگانی خاوەن دەسەڵات و یاسایی حکومەت لە مهاباد گروپێکی چەکداری هەبوو کە زۆربەی ئەندامانی لایەنگری حیزب بوون و پتر بە فەرمانی ئێمە هەڵدەسوڕان تا بە فەرمانی بەرپرسانیان. شورای نیزامیی حیزب پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ حەسەن باباتاهری فەرمانداری مهاباد هەبوو. لە کاتی پێویستدا فەرماندار داخوازییەکانی فەرماندەی سەربازگەی مهابادی پێڕادەگەیاند و بۆ ئەوەی کە مهاباد ئارامیی خۆی ڕابگرێ و ئاساییش و ئەمنیەتی هاوولاتییان بپارێزێ، لەگەڵ شورا هەوڵیدەدا کە ئاژاوە نەکەوێتە ناو شار و سوپا و سوپای پاسداران دەست لە کاروباری ناو شارەوە وەرنەدەن. هاوکات لەگەڵ ئەو گرفتانەدا شورا توانی بە هاوکاریی ڕەحمان کەریمی فەرماندەی پێشمەرگەکانی ناوچەی پیرانشار، پێشمەرگەکانی پیرانشار ڕێکبخاتەوە و ناوی هێزی 131ی ئاوارەی لەسەر دابنێت.

## بێکەس.. نمونەی بەرزی قارەمانێتی پێشمەرگە



پەلی بێکەس بە ناوی شەهید حەسەن سەنگ سفید "حەسەن بێکەس" کوڕی شەهید قادر بێکەسەوە ناونرابوو کە بە هۆی پەیداکردنی ئەزمونی شەڕی پارتیزانیی لە شۆڕشی ئەیلولدا، یەکێک بوو لە پێشمەرگە هەرە قارەمانەکانی ناوچەی مهاباد، بەشداریی چەندان شەڕی ناو شاری مهابادی کرد و چەند تانکی دوژمنی تێکشکاند، سەرئەنجام ڕۆژێک لە بنکەی پەلەکەی لە ماڵی "برایم بێکراس" لە گوندی "داغە"ی ناوچەی مەنگوڕانی مهاباد، بە هۆی هەڵەی یەکێک لە پێشمەرگە هاوڕێکانیەوە کە ویستبووی لە ڕوباری داغە بە نارنجۆک ماسی بگرێت، شەهید بوو. ئەو پێشمەرگەیە لە ناو بنکەکەدا کە لەسەر ڕوبارەکە بوو، زامنی نارنجۆکەکەی دەردەهێنێ و دەیەوێ لەبەر دەرگای ماڵەکەوە فڕێیبداتە ناو ڕوباری داغەوە، کەچی نارنجۆکەکەی لە دەست دەکەوێ، ئیتر بۆ ئەوەی کە زیان بە پێشمەرگەکان نەکەوێ، حەسەن پڕ دەداتە نارنجۆکەکە و بە سکی خۆیەوە دەنوسێنێ و لە قوژبنی ژورەکەدا دەوەستێت. نارنجۆک دەتەقێتەوە و حەسەن دەکوژێت و برایمی برای و چەند پێشمەرگەیەکیتریش بریندار دەبن.

## مهاباد.. ناوەندی سیاسی و دیپلۆماسی هێزە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی

کوردستان بەگشتیی و مهاباد بەتایبەتیی لە دۆخی نە شەڕ و نە ئاشتییدا بوون. بۆ ئەندامان و لایەنگرانی چەند حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی سیاسی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامیی کە لە بەشەکانی‌تری ئێراندا نەیاندەتوانی بە ئاشکرا خەبات بکەن، ببووە سەنگەری ئازادیی و بە ئاشکرا بە قسە و بە نوسین هێرشیان دەکردە سەر کۆماری ئیسلامیی. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر تاوانبار و ڕاکردوو هاتبوونە مهاباد و شارەکانی‌تری کوردستان و کۆببوونەوە. باخ و سەیرانگاکانی نێوان جادەی مهاباد بۆ ورمێ و مهاباد بۆ میاندواو ببوونە شوێنی قومارکردن و تریاک کێشان و مەیخواردنەوەی ئەو کۆمەڵە ڕاکردووانە. لە ڕاستییدا مهاباد لە بواری سیاسی و بە ئازادیی کارکردنی حیزبەکانەوە سەنگەری ئازادیی ئێران بوو، بەڵام لەژێر سێبەری ئەو ئازادییەدا، ببووە مەڵبەندی ئاژاوە و ئاڵۆزیی. پێشمەرگەکانی شورای نیزامیی بە هاوکاریی ڕێکخراوی حیزب لە مهاباد و شورای ئیسلامیی شار و فەرمانداری مهاباد شەو و ڕۆژ هەوڵیاندەدا ئەو گرفتانە چارەسەربکەن و ڕێگە لە تەقینەوەی دۆخەکە بگرن.

هەرچەندە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دوا دەخرا، لە کوردستان و ئێراندا گرفتی نوێ سەریان هەڵدەدا. وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و تورکیا و عێراق زۆر بە جیددیی هەوڵیاندەدا ئێران پتر ئاڵۆز بکەن. حکومەتی عێراق بە توندیی خەریکی پرچەک کردنی دەستە و گروپی بەکرێگیراو بوو. ژەنەڕاڵ "ئووەیسی" و "پالیزبان" لە نێوان تورکیا و عێراقدا لە هاتوچۆدا بوون و پارە و چەکیان لە نێوان لایەنگرانیان و دەرەبەگەکاندا بڵاودەکردەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەربەرەکانی ئەو بەکرێگیراوانە، پێنج کەسی پرچەککراوی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، دەستگیر کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/10/1دا ئاماژەی بۆ دەستگیرکردنی ئەو بەکرێگیراوانە کرد و ڕایگەیاند:

**- پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوی هەورامان لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا پێنج بەکرێگیراویان بە چەکەوە دەستگیرکرد. ئەو بەکرێگیراوانە لە گوندی "شۆشمێ" بوون و بە وتەی خەڵکی ناوچەکە بۆ ئاژاوەنانەوە هێرشیان دەکردە سەر پێگەکانی ئەم ناوچەیە. بە گیرانی ئەو بەکرێگیراوانە ئاژاوەکان کەمبوونەتەوە.**

بە هەر حاڵ هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، کۆمەڵە ئامادە نەبوو وەک چاودێر بەشداریی وتووێژەکانی ئاشتیی بکات، دەیویست بەشداریی کردنی بە ناوی خۆیەوە بێت. ئەم مەسەلەیە درزی خستە ناو یەکیەتی ڕیزەکانی کوردەوە و پتر پەرەی بە ئاڵۆزییەکان دا.

## کوردستان گۆڕەپانی لایەنە دژ بە یەکترەکان

دەسەڵاتدارە توندڕەوەکانی کۆماری ئیسلامیی بە بەردەوامیی هەوڵیاندەدا کوردستان ئاڵۆزبکەن و لە هەموو هەلێک بۆ ئەم مەبەستە کەڵکیان وەردەگرت. چەند ڕێکخراوێکی هەڵگری بیری ماوییش کە لە شارەکانی‌تری ئێرانەوە پەنایان بۆ کوردستان هێنابوو، لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری بەکرێگیراوی سەربە ڕژێمی عێراق بە بەردەوامیی بیانوویان دەدایە دەسەڵاتدارە توندڕەوەکان کە بە ئامانجەکانیان بگەن. لە ئاکامی ئەو دیاردەیەدا، هەوڵەکانی حیزبی دیموکرات بۆ هێمن ڕاگرتنی کوردستان بێسود بوو. هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە ماموستا شێخ عیزەدین و کۆمەڵە لەگەڵ بۆچوونەکانی حیزبی دیموکرات نەبوون، ئەوەش کۆسپی سەرەکیی بوو لە ڕاگرتنی ئارامیی لە کوردستاندا. حیزبی تودەی ئێران لە ئۆرگانی خۆیدا، "نامە مردم" ژمارە 122 ڕۆژی پێنج شەممە 1358/9/29، ئامازەی بۆ بۆچوونی کۆمەڵێک ڕێکخراوی سیاسی توندڕەو سەبارەت بە کوردستان کرد:

**- ئارمانی زەحمەتکێشان:** لە ژمارەی یەکی خۆیدا دەڵێ: ئێستا کە سوپای سەرکوتکەر لە کوردستان شکاوە، هەر پەلەقاژەیەکی پتری، لە زەلکاودا دەیخنکێنێت و باسکی سەربازیی کۆنەپەرستیی بەکرێگیراو لە کار دەکەوێت. لەبەرئەوە پێویستی بە ڕێگەچارە هەیە و بە مانۆڕی

سیاسی، هەلی بۆ حیزبی دیموکرات ڕەخساندووە کە خەڵکی کورد فریو بدات تا بتوانێت لە بواری سیاسیەوە بزوتنەوەکە بشکێنێت.
- **شۆڕش:** ئۆرگانی ڕێکخراوی زەحمەتکێشانی کوردستان "کۆمەڵە" لە مانگی خەزەڵوەردا دەنوسێت: بەشداریکردن لە وتوویژدا بە هیچ شێوەیەک مانای ڕاگرتنی شەڕ نیە. ... هەڵەیە ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە پاشەکشەی سەربازیی مانای "نیازپاکیی" کۆنەپەرستان دەدات. ئەو بە ڕواڵەت نیازپاکییە، بە هێزی ئێمە بەسەریاندا دەسەپێت.
- **پەیکار:** ئۆرگانی ڕێکخراوی پەیکار لە ڕێگەی ئازادیی چینی کرێکاردا، لە ژمارەی 29) ی ئۆرگانی خۆیدا سەبارەت بە کوردستان دەنوسێت: کوردستان کە ئێستا بووەتە پێگەی شۆڕشی دیموکراتیی، دەبێت بە کەڵکوەرگرتنی شێلگیرانە لە تاکتیکە جیاوازەکان، زەبری کارییگەر لە ڕژێم بدات و بۆ گرێدانی خەباتی گەلی کورد بە گەلانی ئێرانەوە و درێژەدان بە بەربەرەکانیی، پشتیوانیی مادیی و مەعنەویی پارتیزانە قارەمانەکانی کوردستان بکات، تا بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دیموکراتیی سەقامگیر هەنگاو بنێین و ڕژێم لە گێژاوی تۆفانەکانی شۆڕشگێڕییدا بخنکێنین و دەسەڵاتی زەحمەتکێشان دابمەزرێنین.
- **تۆفان:** ئۆرگانی حیزبی کۆمونیستی کارگەران و جوتیاران لە ژمارە 41، ڕۆژی 1358/9/1 دا دەنوسێت: وتوویژ لەگەڵ هێزە نیشتمانییەکانی گەلی کورد لە مانگی ڕابردوودا نیشانەی فریودانی کۆمەلانی خەڵکی ئێرانە، نیشانەی پلانێکی چەپەڵی سەرمایەدارییە بۆ ڕاگرتنی شۆڕش.
- **تۆفان:** ئۆرگانی ڕێکخروای مارکسیی لێنینیی لە ژمارە 172، ڕۆژی 1358/9/11دا دەنوسێت: خەڵکی کورد هەروا هۆشیارە و دەزانێ کە حکومەت نیازپاک نیە، دەزانێ کە دەبێ دژی پاوانخوازانی بەرژەوەندخواز درێژە بە خەبات بدات و فریونادرێت بە وادە و بەڵێنە پڕوپوچەکانی دەسەڵاتداران.
کۆمەڵە سەرەڕای ئەو شێوە بۆچوونەی و هاودەنگیی کردنی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە چەپڕەوانە، بە بەردەوامیی هەوڵیدەدا، هەواڵەکانی کوردستان بە پێچەوانەوە ڕابگەیەنێت و بە قازانجی خۆی ناوچە بە ناوچە بیانگوێزێتەوە و خەڵکی کورد و دەسەڵاتدارانی حکومەت، تەنانەت

پێشمەرگەکانی خۆی پێ فریوبدات. ئەمانەی خوارەوە نمونەیەکی بچوکن لەو بوارەدا:

1- ڕۆژی 1358/9/21 سێ هێلیکۆپتەری کۆماری ئیسلامیی بە هۆی گرفتی تەکنیکییەوە لە دوریی بیست کیلۆمەتر لە کامیارانەوە دەنیشن، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بەبێ هیچ تێکهەڵچونێک سێ هێلیکۆپتەرەکە دەگرن و یازدە سەرنشینی هێلیکۆپتەرەکان ڕەوانەی مهاباد دەکەن. ڕۆژی 1359/9/22 کۆمەڵە لە ڕاگەینراوێکی ڕەسمییدا بڵاویکردەوە: دوو هێلیکۆپتەری کۆماری ئیسلامیی کە ڕۆژی 1358/9/21 بەهۆی گرفتی فەننی دابەزیبوون، کەوتنە دەست پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و کاتژمێر 20:30 ئەو ڕۆژە گیراوەکانیان لە کامیاران ئازاد کرد!

بەم هۆیەوە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕاگەیاندنێکدا کە ڕۆژی 1358/9/25 ڕۆژنامەی ئیتلاعات بڵاویکردەوە دەڵێت:

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

**ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان "کۆمەڵە" ڕۆژی 1358/9/22 بڵاویکردەوە کە گوایا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە سەرنشینانی دوو هێلیکۆپتەری سەربازییان کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی 1358/9/21 بە هۆی گرفتی فەننی ناچار بوون بنیشن، بردووەتە کامیاران و لەبەر بەرپرسایەتییەک کە سەبارەت بە ئاگربەس هەیەتی، کاتژمێر 20:30 ئەو ڕۆژە ئازادیان کردوون.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوی مهاباد بۆ دەرخستنی ڕاستیی ئەو ڕاگەینراوەی کۆمەڵە، فۆتۆکۆپی بەڵگەیەک بڵاودەکاتەوە کە یازدە ئەفسەر و پلەداری هێزی هەوایی کرماشانی داوەتەوە بە ئەفسەری ئینتزامات "ئاسایش"ی تیپی سێی مهاباد. بەڵگەکەمان بە خەت و ئیمزای فەرماندەی بەشی ئاساییشی تیپی سێ لە لایە. ئێمە چاوەڕوانین کە برایانی کۆمەڵە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکاندا پتر ورد ببنەوە. بۆ ئاگاداریی هاووڵاتیانی بەڕێز، بەڵگەنامەی ئەفسەری ئاساییشی تیپی سێی مهاباد بڵاودەکەینەوە:**

**- (یازدە ئەفسەر و پلەدار و سەرباز و فڕۆکەوانی هێزی هەوایی کە بیست کیلۆمەتر لە کامیارانەوە و لە نزیک پێگەی ژاندارمەریی دەستگیرکرابوون، کاتژمێر 14:00ی ڕۆژی 1358/9/23 لە لایەن ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مهابادەوە درانەوە بە مـن ستوان دووەم مودەرسی. شایانی باسە کە لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی شایستە لەگەڵ ئەو بەدیلگیراوانەدا هەڵسوکەوت کراوە و لەم بارەیەوە هیچ سکاڵایەک نیە. ناوی گیراوەکان بەم جۆرەیە: سەروان نەسرەتوڵا ئاسیایی، ستوان دووەم خەلیل سەلەحشوور، ستوان دووەم بەخشیی زەنگەنە، ستوانیار موزەفەر قاسمی، ستوانیار ئەکبەر موراد ئەفکەن، هومافەر محەمەد عەلی حەیدەری، هومافەر میرحوسێن میرئەحمەد مەلا حەسەنی، ئوستوار یەکەم هیدایەت ئەحسەن مەجیدی، گروبان یەکەم مەحمود مەهد هەفتە، گروبان یەکەم عەباس فەکورزی و کەسێکی تر کە ناوەکەی ناخوێنرێتەوە).**

هەروەها ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/9/23دا ڕایگەیاند: سێ هێلیکۆپتەری یەکانی هەوایی کرماشان ئەمڕۆ لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە درانەوە بە لێپرسراوان. سەید عەلی وتەبێژی حیزبی دیموکرات ڕێکخراوی سنە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم مەسەلەیەدا بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند: ئەو سێ هێلیکۆپتەرە بەهۆی گرفتی تەکنیکی سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە ناوچەی "گاوەشان"ی سنە نیشتن و ئەمڕۆ لە ڕێوڕەسمێکدا درانەوە بە یەکانی هەوایی کرماشان. سەید عەلی لە بەشێکی‌تری وتەکەیدا بە هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهانی ڕاگەیاند: حکومەت لە بەرامبەر ئەو هەنگاوەی ئێمەدا 65 کوردی بەندکراوی لە زیندانی جوانڕۆ ئازادکرد. لە کۆتایی وتەکەیدا بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند: سنە ئارامە و تەنیا گرفتی ئێمە بەربەرەکانییە دژی فرۆشیارانی مادە سڕکەرەکان و چەکفرۆشان و مەیفرۆشان و لەم بارەیەوە تاوانباران بە توندیی سزا دەدین. شایانی باسە سەید عەلی ڕەحمانی بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبی دیموکرات بوو لە سنە کە بە ناوی وتەبێژی حیزبی دیموکرات بەشداریی ئەو وتووێژەی هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهانی کردووە.

2- ڕۆژی 1358/10/6 (1979/12/27) کەریم حیسامی بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبی دیموکرات لە مهاباد تەلەفونی بۆ شورا کرد و گوتی: ئەگەر نەگەیتە لام، ڕەنگە لەگەڵ کۆمەڵە توشی شەڕ ببم. شوێنەکەیم پرسی، گوتی لە پێش شەریکەی نەوت وەستاوم. بەپەلە سواری ئوتۆمبێل بووم و لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە چوومە ئەوێ. پێنج ئوتۆمبێلی بارهەڵگری سەربازیی کە هەندێکیان گۆنی و کەلوپەلی چێشتخانەیان پێبوو. لە لایەن 6-7 پێشمەرگەی کۆمەڵە لە دەروازەی شار پێشیان لێگیرابوو کە یەکێک لەوانە عەلی کەریمیی بوو. زۆر داوام لە عەلی کرد کە ئازادیان بکات، بەڵام هاودەنگیی لەگەڵ نەکردم، لەبەرئەوە ناچار بووم، بە پێشمەرگەکانی حیزب بڵێم کە دوو دوو سواری بارهەڵگرەکان ببن و بیانبەن بۆ حەوشەی شەریکەی نەوت، تا دواتر لەسەر ئازادکردنیان قسە بکەین. عەلی هەڕەشەی لێدانی پێشمەرگەکانی کرد، کەچی کاتێک بینی لە گەمارۆی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دایە، سەری داخست و لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە شوێنەکەیان بەجێهێشت. شایانی باسە کە پێشتر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە کەڵکی بەگزادە، 10 کیلۆمەتر لەولای مهابادەوە پێشیان بەو ئوتۆمبێلانە گرتبوو، بەڵام لەسەر داوای کەریم حیسامی ئازادیان کردبوون.

3- ڕۆژی 1358/10/17 (1980/1/7) حەسەن باباتاهری فەرماندارى مهاباد تەلەیفونی بۆ شورای نیزامیی کرد و گوتی: **(ژمارەیەک سەربازی هەنگی ژاندارمەریی مهاباد خزمەتیان تەواوکردووە و دەیانەوێ ژمارەیەکی نوێ لە فێرگەی جەڵدیانەوە بهێنن کە جێی ئەوان بگرێتەوە، داوا دەکەم پێشمەرگەکانتان ئاگادار بکەنەوە کە شتێکی تاڵ ڕونەدات.)**

لە وەڵامیدا گوتم: ئیزن بدە لەگەڵ دەفتەری مامۆستا و چریک و کۆمەڵە قسە دەکەم و ئاگادارت دەکەمەوە. دەستبەجێ تەلەفونم بۆ ماڵی مامۆستا کرد و مەسەلەکەم پێڕاگەیاند. لە وەڵامدا ڕای کۆمەڵەی پرسی. گوتم خەریکم تەلەفونیان بۆ بکەم. گوتی زۆر باشە و ئێمەش وەڵامت دەدەینەوە. تەلەفونم بۆ بنکەی کۆمەڵە کرد و لەگەڵ برادەرێکی بەرپرس بە ناوی ئیسماعیلی پایەندان "ڕزگار تاهری" قسەم کرد. ئەویش هەمان پرسیاری مامۆستای لێکردم و گوتی: (ڕای مامۆستا چیە؟)، گوتم قسەم

لەگەڵ کردووە و چاوەڕوانی وەڵامم، گوتی: (**زۆر باشە، ئێمەش وەڵامت دەدەینەوە.**) تەلەفونم بۆ بنکەی چریکی فیدایی کرد و لەگەڵ بەهزاد کەریمی "مەمەد" بەرپرسی چریکەکان قسەم کرد، گوتی: (ڕای ئێوە چییە؟)، گوتم پێشتر هەمووومان لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕانە پێکهاتووین و بە ڕای ئێمە هاتنیان لەژێر چاودێریی پێشمەرگەدا زیانی نییە. ئەویش هاوەدەنگیی خۆی ڕاگەیاند. دووبارە تەلەفونم بۆ مامۆستا کردەوە، هاودەنگیی کرد و کۆمەڵەش هەر بەو جۆرە.

کاتژمێر 14:00 دوازدە ئوتۆمبێلی بارهەڵگر لە جادەی ورمێوە گەیشتنە دەروازەی مهاباد لەژێر "تەپەی تابانی"، دور لە چاوەڕوانی، کەریم دانیشیار لە دەفتەری مامۆستا و سەدیقی جیهانی لە چریکی فیدایی و چەند پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە و چریک پێشی کاروانەکەیان گرت. سەدیق بە دەوری بارهەڵگرەکاندا دەگەڕا و بە دەنگی بڵند دروشمی دەدا: (ارتش ضد خلقی نابود باید گردد) واتە سوپای دژی گەلیی دەبێ لەناو بچێت و بەو جۆرە خەڵکە کۆکراوەکەی بۆ چەککردنی سەربازەکان هاندەدا.

من ناردم ژمارەیەکی زیاتر پێشمەرگەی حیزب هاتن. هەروەها لەگەڵ کەریم دانشیار قسەم کرد و داوام لێکرد بەگوێرەی بڕیار ڕێگە بە ئوتۆمبێلەکان بدات و نەبێتە هۆی پێکهێنانی ئاڵۆزیی لە شاردا، گوتی: (هەواڵم ناردوە بۆ مامۆستا و چاوەڕوانی بڕیاری ئەو دەکەم.) لە ڕاستییدا کەریم دانیشیار خەریکی تێپەڕکردنی کات بوو بۆ ئەوەی کە خوێندنگەکان کۆتایی بە دەوام بهێنن.

کاتژمێر 16:10 کۆمەڵە ژمارەیەک مناڵ و مێرمناڵی لەو شوێنە کۆکردەوە. لەگەڵ ئەوەدا ژمارەیەکیش شەڕەخۆر بۆ تاڵانکردنی ئوتۆمبێلەکان خۆیان گەیاندە شوێنەکە. بە هاتنی مناڵانی خوێندنگە دروشمدان پتر بەرزبووەوە. هەر ئوتۆمبێلێک بیست سەربازی بە تفەنگی ژ3 تێدابوو لەگەڵ کەلوپەلی سەربازەکان.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە، دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب لە ماڵی فەتاح کاویان لە خانووبەرەکانی ژێر تەپەی تابانی کە پێشتر باخی هەباس ئاغا بوو، میوان بوو. نێوان ماڵی فەتاح کاویان و جێی ڕووداوەکە کەمتر بوو لە پێنج خولەک، لەبەرئەوە چووم مەسەلەکەم

پێڕاگەیاند و داوای یارمەتیم لێکرد. مەلا ڕەسوڵ پێشنمازی لەگەڵ ناردم و گوتی هەر ئێستا تەلەفون بۆ مامۆستا دەکەم. لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ گەڕاینەوە لای کاروانەکە، بەڵام کارێکمان لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و چریک و مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ نەکرا و ناچاربووین داوا لە بەرپرسی کاروانەکە بکەین کە بگەڕێنەوە جەڵدیان. بەرەو ئێوارە و تاریکی دەچوو، ئوتۆمبێلەکان خەریکی گەڕانەوە بوون، چەند سەرباز لە لایەن خەڵک و پێشمەرگەکانەوە چەککران. سەربازەکان ئامادەبوون بۆ پاراستنی گیانیان تفەنگەکانیان بدەن. نزیکەی سەد چەکی سەربازەکان کەوتە دەست خەڵک و پێشمەرگەکان و ئەوانی‌تر گەڕانەوە. یەکێک لە ئوتۆمبێلەکان لە نزیک گوندی "ئیندرقاش" کەوتە ناو کەناڵی ئاوەوە و دوو سەرباز کوژران و ئەوانی‌تریش لە لایەن پێشمەرگەکانی لکی دووی هێزی پێشەوای حیزبی دیموکراتەوە کە سەید "ڕەسوڵی ورچان" بەرپرسی بوو، لە مەرگ ڕزگاریان بوو. بەو بۆنەیەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان دژی ئەو هەڵسوکەوتەی کۆمەڵە و مامۆستا و چریکی فیدایی، ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/10/18دا دەقی بەیاننامەکەی حیزبی دیموکراتی چاپکرد:

**هاونیشتمانانی بەڕێز ! خەڵکی خەباتگێڕی کورد ! خەڵکی بە شەرەفی مهاباد !**

**ڕووداوی دوێنێی دەروازەی شاری مهاباد خەم و پەژارەی قوڵی خستە دڵی هەموو مرۆڤێکی تێگەیشتوو و بەرپرسەوە و هەموو لایەکی نیگەران کرد. لەبەرئەوە بە پێویستمان زانی سەبارەت بەو ڕووداوە و بەگشتیی پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران ئاگاداربکەینەوە.**

**خەڵکی مهاباد باش دەزانن کە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەس و کۆتاییهاتنی تێکهەڵچوونەکان، کوردستان تا ئێستا چەندان جار یەکەکانی سوپا بە ئاگاداریی و قبوڵکردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتوونەتە مهاباد، یان لەو شارەوە ڕۆیشتوون، بەبێ ئەوەی کە بچوکترین ڕووداوی ناخۆشی لێ بکەوێتەوە. هەروەها خەڵکی**

خەباتگێڕی مهاباد ئاگادارن کە لەو ماوەیەدا شاری مهاباد شاری هەرە ئارام و بێ گیروگرفتی کوردستان بووە.

دوێنێ بە شێوەی ئاسایی کاروانێک بۆ گۆڕینی ئەندامانی ژاندارمەریی مهاباد گەیشتە ئەم شارە. ئەو کاروانە پێشتر شورای نیزامیی حیزبی ئاگادارکردبووەوە و لەگەڵ شورای نیزامی ڕێککەوتبوو. شایانی باسە کە ئەو ڕێککەوتنە بە نووسراو بووە و ژمارەیەک پێشمەرگە ئەو کاروانەیان تا دەروازەی مهاباد هێناوە. بە داخەوە کاتێک کاروان دەگاتە دەروازەی شار، چەکدارانی کۆمەڵە و لە سەرەتادا چەکدارانی چریکی فیدایی پێش بە کاروانەکە دەگرن و ڕێگەی پێنادەن بێتە ناو شارەوە. هەوڵی بەردەوام و تەلەفونی پەیتا پەیتا بۆ ماڵی جەنابی شێخ عیزەدین و چوونی دۆستانی ئێمە بۆ دەفتەری مامۆستا و ئەندامانی کۆمەڵە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە سودی نابێت و سەرئەنجام بە هاندانی کۆمەڵە ژمارەیەک خوێندکار تێکەڵاوی کێشەکە دەبن. لە ئاکامدا شتێک ڕوویدا کە دەبووایە ڕوو نەدات. هەروەک بە بەشداریی کۆمەڵە لە ماڵی مامۆستا ڕاگەیەنرا، لە کاتێکدا هاتنی ئەو کاروانە بە هاودەنگیی ئەوان بوو، ئەو کردەوەیە بە دروستیی دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە ڕووداوی دوێنێدا ژمارەیەک چەکی کاروانەکە دزرا و بە داخەوە لە کاتی گەڕانەوەی کاروانەکەشدا بەرەو ورمێ، بە هۆی وەرگەڕانی ئوتۆمبێلێک چەند سەرباز کوژران و بریندار بوون. بەبێ شک ئەو کردەوەیە پەڵەیەک دەبێت لەسەر گەلی کورد و دەبێتە هۆی بەد ناویی و بێ ئیعتبار کردنی خەڵکی کوردستان. ئێمە هاوکات لەگەڵ ئاگادارکردنی ڕای گشتییدا، دادوەریی مەسەلەکە بە خەڵک دەسپێرین. دەبێ خەڵک مەسەلەکان هەڵبسەنگێنن، ئایا سیاسەتی حیزبی ئێمە ئوسوڵییە، یان بە وتەی کۆمەڵە سازشکارانە و تێکدەرانەیە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئاژاوە، یان کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە؟

سەربارەت بە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد. هەروەک چەندان جار ڕامانگەیاندووە، ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەری بزوتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەناسین و ئەمەش لەلایەن خەڵکەوە بە پەیڕەویی کردن لە دروشمەکانی و کۆبوونەوەیان لە

ڕیزەکانیدا سەلماندووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە، بە بەردەوامیی ڕێزمان لە جەنابی شێخ عیزەدینی حوسێنی گرتووە و سیاسەتی ئێمە لەسەر ئەو ئەسڵە بەڕێوەچووە کە سەبارەت بە چارەنوسی کوردستان لەگەڵ بەڕێزیان هاوفیکریی و هاوکاریی بکەین. ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاو بوو کە کۆمەڵە و تا ڕادەیەکیش ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک لقی کوردستان بەشیان لە بزوتنەوەی بەرگرییکەرانەی کوردستاندا هەیە و بەگوێرەی سیاسەت و دەرەتانیان ڕۆڵیان گێڕاوە. لەبەرئەوە کاتێک حکومەت ڕایگەیاند کە دەیەوێت کێشەی کوردستان بە ڕێگەی وتوویژ چارەسەربکات، ئێمە سەرەڕای پێشوازییکردنمان لە گۆڕانی بۆچوونی حکومەت، پێشنیازمان بە مامۆستا کرد کە بەیەکەوە دانیشین و لیژنەیەکی تایبەت بۆ وتوویژ دیاریی بکەین و لەگەڵ ئەو دوو گروپەش ڕاوێژبکەین و لە بۆچوونەکانیان کەڵکوەرگرین، کەچی جەنابی مامۆستا پێیداگرت کە ئەو دوو گروپەش بە شێوەی هاوبەش و بەرامبەر بەشداربن لە لیژنەی نوێنەرایەتی بزوتنەوەی کوردستاندا. سەرئەنجام دوای چەند کۆبوونەوە و گفتوگۆی درێژ، هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بەو جۆرە پێکهات کە خەڵکی کورد لێی ئاگادارن.

بەداخەوە دۆستانی کۆمەڵە لەو ماوەیەدا شێلگیرانە بۆ بە دەستهێنانی دەسکەوتی ڕێکخراوەیی، بە وتەی خۆیان ئیفشاگەرییان کردووە. بە چاوپێداخشاندنێکی کورت بە ڕاگەیانراوەکانی کۆمەڵە لە دوو مانگی ڕابردوودا، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە ڕێبەرانی کۆمەڵە هەمیشە هەوڵیانداوە کوردستان ئاڵۆزبکەن و بەبێ هیچ بنەمایەک لە ناو خەڵکدا هەست و گومان پێکبهێنن. ئەوە پتر جێی داخە، مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنییش بە بەردەوامیی و شێلگیرانە پشتی بۆچوونەکانی کۆمەڵە دەگرێت، تەنانەت مامۆستا و کۆمەڵە پشتی کردەوەی گێرەشێوێنانەی کەسانی ئاژاوەگێڕ و نابەرپرسیش دەگرن!

پتر لە دوو هەفتەیە ڕێککەوتنێک سەبارەت بە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد کە تەنیا نوێنەری خەڵکی کوردستان بێت و لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو هەیئەتەدا ئاماژە بۆ ناوی گروپ و ڕێکخراوەکان نەکرێت، لە لایەن حیزبی ئێمە و مامۆستا و چریکی فیداییەوە ئیمزا کراوە، بەڵام

چونکە دۆستانی کۆمەڵە دەستکەوتی گروپی لە سەرووی بەرژەوەندە نەتەوەییەکانەوە دەبینن، تا ئێستا ئامادە نەبوون ئەو ڕێککەوتنە ئیمزا بکەن و مامۆستاش بە تەواویی خۆی بێدەنگ کردووە و بێلایەنیی گرتووەتەبەر.

ئێمە لێرەوە ڕادەگەیەنین کە یەکڕیزیی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە پلەی یەکێک لە دەستکەوتەکانی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستانە، بەهۆی هەڵسوکەوتی نابەرپرسانەی کۆمەڵە بە جددی لە مەترسیدایە و ئەگەر ڕەوتەکە بەم جۆرە بچێتە پێشەوە، لەوانەیە کەسانی تێکدەری سەر بە حکومەت و گروپە پڕچەککراوەکانەوە شەڕێکی ماڵوێرانکەریی‌تر بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێت.

ئێمە جارێکی‌تریش بە ڕاشکاویی ڕایدەگەیەنین کە شێلگیرانە لایەنگری چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردستانین و هەر چەشنە تێکدان و ئاژاوەیەک لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت، بە دژی بەرژەوەندی گەلی کوردی دەزانین. سروشتییە کە خەڵکی کوردستان باش دەزانن کە لە کاتی پێویستدا، واتە کاتێک خەڵکی کوردستان کەوتە بەر هێرشی بەدخوازان، حیزبی ئێمە شێلگیرانە لە بەرامبەریاندا وەستا و شەڕخوازانی زەمینگیر کرد. ئێستاش دەبێ خەڵکی کوردستان بزانن کە حیزبی ئێمە شێلگیرتر لە ڕابردوو بەرگریی لە بوونی گەلی کورد و ئامانجە دێرینەکانی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە ئەو جەوە ڕێکەی کە بە پەیامی 26 سەرماوەزی ئیمام خومەینی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کوردستان پێکهاتووە، بەردەوام بێت و کارێک نەکرێت کە جارێکی‌تر شەڕی براکوژیی لە کوردستاندا سەرهەڵبداتەوە.

ئێمە چاوەڕوانین کە خەڵکی بەشەرەفی کوردستان، کۆمەڵە و جەنابی شێخ عیزەدین حوسێنی لە بەرامبەر بەرپرسایەتییەکانیاندا هۆشیاربکەنەوە و داوایان لێبکەن هەموو کارێکی تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانە بە ڕوونی ڕیسوابکەن. ئومێدەوارین و بەتایبەتی جەنابی مامۆستا شێخ عیزەدین هەست بەو بەرپرسایەتییەی بکات کە لەو هەلومەرجە هەستیارەدا لە بەرامبەر گەلی کورددا هەیەتی و هەوڵبدات

لــه دەســەڵاتی خـۆی بـۆ بــه هێزکردنـــی یەکیــەتی و یــەکڕیزیی خــەڵکی کوردستان و هەیئـەتی نوێنـەرایـەتی خـەڵکی کورد کەڵکوەربگرێت.
دەفتـەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستـانی ئێران
1258/10/18

ئەوە یەکەم جار نـەبوو کـە پێشمەرگەکانی کۆمەڵـە لـە دەروازەی شار و نـاو شـاری مهابـاددا گرفتیـان پێکـدەهێنا، بـەڵکوو چەنـدان جـاری تـریش حیزبــی دیموکراتیـان لــە بەرامبــەر حکومەتـدا ڕاگـرت و شـاری مهابادیـان خستە مەترسیی تۆپبارانی سوپای ئێرانـەوە. بۆ نموونـە دوابـەدوای کێشـەی کاروانـی ژاندارمەریی، ئـەم جارە پێشیان بـە ئوتـۆمبێلێکی بارهـەڵگر گـرت کـە بـە دە سـەربازی بێچەکـەوە لـە چیـای "داشـامەجید" دابـەزیبوو کـە سـەربازەکان ببـات بـۆ حـەمام. پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە لـە شـەقامی ژێـر داشـامەجید لــە پشـت بنکــەی چریکــەکان، پـێش بــەو بارهــەڵگرە دەگـرن. فەرمانـــدەی ســـەربازگەی مهابـــاد تەلـــەفون بـــۆ حەســـەن باباتـــاهری فەرمانداری مهابـاد دەکـات و پێیڕادەگەیـەنێت کـە ئەگـەر ئـەو سەربازانـە ئـازاد نەکـەن، شـار تۆپبـاران دەکـات. حەسـەن باباتـاهری تەلـەفونی بـۆ شـورای نیزامیــی حیـزب کـرد، پێمگـوت دەچـم کێشـەکە چارەسـەر دەکـەم. ژمارەیەک پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم برد، بهزاد کەریمی "مەمـەد" بەرپرسـی چریکەکان لەبەر دەرگای بنکەکەیان تەماشای ڕووداوەکەی دەکرد، چوومـە لای و گوتم چی بووە؟ گوتی: **(کۆمەڵە پێشی بەو سەربازانە گرتووە)**، گوتم ئێوە ڕاتان چییە؟ گوتی: **(ئەوە کارێکی باش نیە و ئێمە لەگەڵ ئـەو کـارە ئانارشییانە نین.)**. چوومـە لای ئوتۆمبێلەکـە، سلێمانی مودەرسـی لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگە دەوری ئوتۆمبێلەکـەیان گرتبـوو. لەگـەڵ سـەربازەکان قسـەم کـرد، گوتیـان نـۆرە حەمامانـە و خـەریکین دەچینـە سـەربازگە کـە حەمام بکەین و ئێوارە بگەڕێینـەوە، بـەڵام ئـەو جەماعەتـە ناهێڵن. داوام لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کرد کە ڕێگەیان پێبدەن، بـەڵام ڕازیـی نـەبوون. ژمـارەی پێشـمەرگەی ئێمـە زۆر زیـادتر بـوو لــە پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە، لەبەرئـەوە کاتێـک بینـیم سلێمانی مودەرسـی و پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە وازنـاهێنن، چەنـد پێشـمەرگەیەکم نـاردە سـەر بارهەڵگرەکـە و گـوتم بارهەڵگرەکە ببەنە سەر داشامەجید و لەگەڵ ئەوەشدا هەرکـەس بـۆ خـۆی

ئارایشی سەر داشامەجید بخاتە ناو مێشکی خۆی، منیش لەگەڵ سێ پێشمەرگە سواری ئوتۆمبێلەکەم بووم و لەگەڵ ئوتۆمبێلێکیتر بە شوێنیاندا چوومە سەر داشامەجید. سەرەتا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ویستیان پێش بە بارهەڵگرەکە بگرن، بەڵام کە بینییان پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دەوری گرتوون، وازیان هێنا و شوێنەکەیان بەجێهێشت.

سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە لە کوردستاندا ڕوویاندەدا، بەتایبەتیی ڕووداوی 1358/10/17 (1980/1/7)ی مهاباد، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران نامەیەکی ئاڕاستەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد. کەریم حیسامی لە "لاپەڕەی 11ی بەرگی حەوتی بیرەوەرییەکانم"دا ئاماژەی بۆ ئەو نامەیەی حیزبی تودە کردووە و نوسیویەتی:

**- (.... عەلی گەلاوێژ نامەی حیزبی تودەی وەک گوللەبەندی ئەحمەدی شێخ لە باخەڵی هێنادەر و بەزمانی پاراو دەستیکرد بەخوێندنەوە. نامەکە لە 26ی بەفرانباری 1358 (1980/1/16) نوسرابوو. پاش تەواوکردنی نامەکەی لە پێش دوکتۆر قاسملووی دانا. پێمخۆشبوو نامەکە بە دەستەوە بایە و لێرەدا بڵاوکرابایەوە و ئیتر پێویست نەبایە من باسی بکەم و هیچی لەسەر بڵێم. ئەوەی لەبیرم مابێ، نێوەڕۆکی نامەکە پڕبوو لە پەند و ئامۆژگاری تەسلیم تەڵەبانە و ڕێنوێنی لارییانە و هاندان بۆ جیاکردنەوەی خەت و ڕێباز لە هێزەکانی "دژی شۆڕش" و ئاخرەکەشی وادە و بەڵێنی بۆ هاوکاریی. نامە خوێنرایەوە. دوکتۆر قاسملوو گوتی: با برادەران نەزەر بدەن. من گوتم: ئەوە نامەکەمان گوێ لێبوو. دەقەکەشی لای ئێمەیە، لام وایە کۆمیتەی ناوەندیی باسی لەسەر دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا. غەنی بلوریان زۆر بە توندیی هێرشی بردە سەر نامە و سەر ڕێبەرایەتی حیزبی تودە و گوتی: ئەوە ڕاستەوڕاست دەخالەتە لە کاروباری ئێمە و ئێمە پێویستیمان بە ڕاوێژکار و مامۆستا نیە. یەک دوو برادەری تر لە برادەران هەر ئەو هەڵوێستەیان گرت و ئاخرەکەی دوکتۆر قاسملوو گوتی: لام وایە پێشنیاری کاک کەریم بەجێبوو، کۆمیتەی ناوەندی باسی لەسەر دەکا و ئەگەر بە پێویستی زانی وەڵامی دەداتەوە.).**

به پێچەوانەی نوسینی کەریم حیسامیی مێژووی نامەی حیزبی توده 1358/10/22 بوو کە لە ڕۆژنامەی " مردم" ئۆرگانی حیزبی توده ژمارەی 144 ڕۆژی 1358/10/26دا بڵاوکراوەتەوە و لە خوارەوە وەرگێڕاوی نامەکە دەبینن. شایانی باسە کە حیزبی دیموکرات وەڵامی ئەو نامەیەی حیزبی تودەی نەدایەوە و هیچ هەڵویستێکیشی لەسەر وەرنەگرت.

**نامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران!**

**ڕاگەیاندنی ڕۆژی 1358/10/18ی ئێوە دەربارەی هێرشی گروپە چەکدارەکانی کۆمەڵە بۆ سەر یەکەیەکی ئاساییش لە شاری مهاباد، ئێمەی هاندا کە لەم نامەیەدا بۆچوونی خۆمان سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا لە کوردستان سەرهەڵدەدەن، لەگەڵ ئێوە باسبکەین. سەرەتا پێتانڕادەگەیەنین کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییکرد لە ڕاگەیاندنی 18ی بەفرانباری ئێوە. خۆشحاڵییەکە بۆ ئەوەیە کە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار و بە ئاشکرا لەو ڕاگەیانراوەیدا یەکەم هەنگاوی ناوە بۆ جیاکردنەوەی بەرەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کورد لە کەسایەتییەکان و گروپە تێکدەرەکانی دژی نەتەوەیی. ئەو گروپانەی کە بە هاندان و دەستی دوژمنانی ناوخۆی ئێران و دەرەوە هەوڵدەدەن هیوای چارەسەرکردنی کێشەی ئاشتییخوازانەی گەل پوچەڵ بکەنەوە و ئاگری شەڕی براکوژیی لە کوردستاندا هەڵبگیرسێنن و بەتایبەتیی شۆڕشی ئێران بە سەرۆکایەتی ئیمام خومەینی لاوازبکەن و ڕێگە بۆ داگیرکردنەوەی سەرلەنوێی دژەگەلییەکان خۆشبکەن.**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران ماوەیەکە چاوەڕانی کردەوەیەکی لەم جۆرەی لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات دەکرد. چونکە لە حیزبێکدا کە خەباتگێڕانی بە ئەمەکی ڕێڕەوی قارەمانە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستانی ئێران و هەموو گەلانی ئێران، واتە قازی محەمەد، سەدری قازی و سەیفی قازی تیایدا کۆبووەتەوە، شتێکی تر چاوەڕوان نەدەکرا. هەر وەک چەندان جار دوای سەرکەوتنی شۆڕش، لە دیدارەکانی دۆستانەمان لە نێوان هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی**

ئێران و دۆستانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە بەیاننامەکانی حیزبی تودەدا، بەگوێرەی هەلومەرج سەبارەت بە بارودۆخ و ڕووداوەکانی کوردستان ڕامانگەیاندووە، بۆچوونی ئێمە دەربارەی دۆخی کوردستانی ئێران بەم جۆرەیە:

لە کوردستانی ئێران دوو لایەنی سیاسی چالاکن:

یەکەم – لایەنێکی سیاسی کە پشتی بە هێزی ئەمەکناسی گەلی کوردی ئێران بەستووە و لەگەڵ وەفاداریی تەواوی بۆ شۆڕشی دژی ئیمپیریالیستیی و دیموکراتیی سەرانسەریی ئێران، دەیەوێت هاوکات لەگەڵ پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا، لە چوارچێوەی مانەوە و بەهێزبوون و گەشەکردنی هەمەلایەنەیدا، کۆتایی بهێنن بە چەوسانەوەی نەتەوەیی گەلانی جگە لە فارس لەوانە گەلی کورد. ئەو لایەنە باش دەزانێت کە چەوسانەوەی گەلی کوردی ئێران تەنیا کاتێک کۆتایی پێدێت کە ئێران سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت و لە چنگ ئیمپیریالیزم و لە ڕیزی یەکەمدا ئیمپیریالیزمی ئەمریکا ڕزگاری ببێت.

دووەم- لایەنی سیاسی پشتئەستور بە دژەشۆڕش لە کوردستاندا. ئەو لایەنە ڕیشەی ناوخۆیی و دەرەکیی هەیە و لە لایەن بەکرێگیراوان و لایەنگرانی ڕژێمی ڕوخاو، واتە بنەماڵەی پەهلەوییەوە پشتیوانیی دەکرێت و پشتی بە دوژمنانی شۆڕشی ئێران، واتە ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیز و سەهیۆنیزم و دەوڵەتی بەعس گەرمە و لەوان یارمەتی وەردەگرێت. ئەو لایەنە هەموو هێزە کۆنەپەرستەکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و بە سیما و دەمامکی ڕەنگاوڕەنگەوە، بەشێکی لە بەرگی دەرەبەگاندا و بەشێکی لە بەرگی ئایینیی و ئەوی تریان بە ڕواڵەت وەک هێزی چەپ تێدەکۆشن خەڵکی کورد بە لارییدا ببەن و بە دوای پلانە ناحەزەکانیاندا ڕاکێشیان بکەن. بێگومان ئەو لایەنە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی هەیە لەگەڵ دژەشۆڕشەکانی تری ئێران کە لە دەزگا حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی دژی شۆڕشدان و پێکەوە پلاندادەنێن و کاردەکەن.

داخ و پەژارەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران و هێزە شۆڕشگێڕە ڕاستینەکانی ئێران لەوەدا بوو کە تا چەند هەفتە لەمەوبەر

هێڵێک لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا نەدەبینرا و لە دوو لایەنەوە کەڵک لەو هەلومەرجە وەردەگیرا:

لە لایەک فارسە شۆڤێنیستەکان کە ئامادەنین هیچ مافێک بۆ گەلانی جگە لە فارس ڕازییبن و لە دەزگا حکومییەکان و بەتایبەتیی ئێستاش لە سوپادا، خاوەن پۆستی گرنگن. ئەوانە بە بەردەوامیی هەوڵدەدەن لە نەبوونی سنور لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکان و دژەشۆڕشەکاندا کەڵکوەرگرن و هەموو گەلی کوردستان بخەنە بازنەی دوژمنانی شۆڕشی ئێرانەوە و بەو بیانووە هەمە چەشنەوە هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و دانان بە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا بێئەنجام بکەن و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستانیش، تەنیا پەنا بۆ ڕێگەی ئاواتیان ببەن کە ئەویش سەرکوتکردنی خوێناویی خەڵکی کوردستانە و وەک خەباتی بەردەوام دژی دوژمنانی شۆڕش دایسەپێنن. لە لایەکی تر دوژمنانی شۆڕشی ئێران کە بێگومان و بە داخەوە هێشتا لە پلە باڵاکانی حکومەتدا، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و بەشێک لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا ماون، لە لایەک هەوڵدەدەن گەلی کورد لە هەڵوێستی دوژمنانەدا دژی شۆڕش ڕابگرن و لە لایەکی تریشەوە بە هاوارکردنی ئەوەی کە "کوردستان شۆڕشی خستووەتە مەترسییەوە" هەوڵدەدەن بە پەلە و بە قوڵیی هێزەکانی حکومەت دژی گەلی کورد توشی شەڕ بکەن. ئەوان باش دەزانن کە هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژیی و ڕیشەداکوتانی دوژمنایەتی لە نێوان گەلانی ئێراندا، شۆڕش توشی گەلێک گرفت و بەرەی شۆڕش لاواز و بێتوانا دەکات و ڕێگەی لێدەگرێت کە لە شەڕی مان و نەمانی خەڵکی ئێران بەدژی پلانگێڕییەکانی ئیمپیریالیزم، لە هەموو هێزی گەل وزە وەربگرێت.

بێگومان دەبێت هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژیی لە مانگی خەرمانانندا لە کوردستانی ئێران بە بەشێک لەو پلانە دۆزەخییەی دوژمنانی شۆڕشی ئێران بزانین، نابێت ڕێگە بدەین کە جارێکی تر پلانێکی بەو جۆرە بەڕێوەبچێت. لەم ڕوانگەیەوە و بەتایبەتیی لە هەلومەرجی ئێستادا کە شۆڕش وڵاتی ئێمەی لە ڕووبەڕووی پلانە مەترسیهێنەرەکانی ئیمپیریالیزمی ئەمریکادا ڕاگرتووە، ئەرکی زۆر قورس و پڕ لە

بەرپرسایەتی دەکەوێتە ئەستۆی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
دۆستانی بەڕێز !
ئێوە باش دەزانن کە سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا، زەبری قورس و قەرەبوونەکراوی لە ئیمپیریالیزم بە سەرۆکایەتی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا وەشاند. هەروەها بەرزبوونەوەی هەستی دژەئیمپیریالیستیی لە ئێراندا شوێنەواری لەسەر هەموو ئەو وڵاتانەی ناوچەکە داناوە کە هێشتا لەژێر ستەمی ئیمپیریالیزمدان. ئەم دیاردەیە ئیمپیریالیستەکانی ناچارکردووە کە هەموو دەرەتانی خۆیان بخەنەگەڕ تا شۆڕشی ئێمە بشکێنن.
ئێوە باش دەزانن کە دەوڵەتی بەعسی عێراق بە هەموو توانایەوە چەک و پارە ڕەوانەی کوردستانی ئێران دەکات. ئێوە باش دەزانن کە دەوڵەتی بەعس بە ڕەوانەکردنی چەک و تەقەمەنی و پارە و خواردەمەنی بە هەموو هێزیەوە پشتی گروپەکانی دژی شۆڕش دەگرێت، لە دارودەستەی شێخ عوسمان و شێخ جەلال و ڕزگارییەوە بگرە تا دەگاتە کۆمەڵە و دارودەستەی سەرهەنگ عەلیار. ئێوە باش دەزانن کە لە نێوان دەوڵەتی بەعسی عێراق و گروپەکانی دژی شۆڕشی کوردستان دیدار و کۆبوونەوەی ڕێکوپێک ئەکرێت و پلانی هاوبەش دژی شۆڕشی ئێران دادەنێن. ئێوە باش دەزانن کە دەوڵەتی بەعسی عێراق بە نوێنەرایەتی بەرەی هاوبەشیی دوژمنانی شۆڕشی ئێران واتە ئەمریکا، ئیسرائیل، ڕژێمی سادات، عەرەبستانی سعودی جگە لە کوردستان، لە خوزستان و بلوچستانیش خەریکی بڵاوکردنەوەی چەک و پارەن و دژەشۆڕشەکان پڕچەک دەکەن. ئێوە باش دەزانن کە هەندێک گروپی دژە شۆڕش لە ناو سوپادا لە تاران و لە یەکە سەربازییەکانی تری سوپادا هەن و لەگەڵ ئەفسەرانی ئاریامێهریی ماڵنشین و هێزەکانی سەر بە دژەشۆڕشەکان لە کوردستان پەیوەندییان هەیە و پلانی هاوبەشی ئاژاوەگێڕانە دادەڕێژن و بەڕیوەدەبەن. ئێوە باش دەزانن کە گروپە سیاسیەکانی سەربە بەرەی دژەشۆڕش لەوانە حیزبی کۆماریی خەڵکی موسڵمان، لایەنگرانی شاپور بەختیار لە ناو حیزبی ئێران و بەرەی دیموکراتیی نەتەوەیی و گروپە

ماووییەکان و گروپەکانی سەربە دژەشۆڕشەکان لە کوردستان پەیوەندییان هەیە و دژی شۆڕشی ئێران کاری هاوبەش ڕێکدەخەن.

شۆڕشی ئێران داوا لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکات، ئەو حیزبەی کە بێگومان بەشێکی بەرچاوی لە باشترین ڕۆڵە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرەکانی گەلی کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردوەتەوە کە بەبێ ترس و دوو دڵیی، ڕاشکاوانە هێڵێک لە نێوان هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کورد و گروپە خیانەتکارەکانی دژی شۆڕش بکێشێت و بەم هەنگاوەی و بە کردەوەی هەمەلایەنە یارمەتی جێگیرکردن و بەهێزکردن و گەشەپێدانی شۆڕش بدات.

دۆستانی گەلی کورد و شۆڕشی ئێران چاوەڕوانن ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە زوویی خۆی لە بەرەی هاوکاریی کۆمەڵە و کەسایەتی و گروپەکانی سەر بە کۆمەڵە، هەروەها گروپە ئاژاوەگێڕە تێکدەرەکان جیا بکاتەوە کە یاری بە شەڕ دەکەن، پلانە دژەگەلییەکانیان لەقاو بدات و بەگوێرەی پەیامە مێژووییەکەی ئیمام خومەینی ڕێبەری شۆڕشی ئێران و پێشنیازەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی حکومەت و پێشنیازە تەواوکەرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران دەرەتانی وتوویژ و ئاشتیی پێکبهێنێت و ئاشتیی و چاکسازیی و مافی ڕەوای نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد دابینبکات.

دۆستانی بەڕێز !

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران هیواداره کە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هەڵوێستی بەردەوامی خۆی هەنگاوی مێژوویی بنێت بۆ بەهێزکردنی بەرەی یەکگرتووی گەل، بەرەیەک کە هەموو هێزە شۆڕشگێڕە ڕاستینەکانی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە کە هێزە تودەییەکان لە سەرانسەی ئێراندا، لە داهاتوودا وەک ڕابردوو ئالای خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە چەوسانەوەی نەتەوەیی بۆ ئازادیی و بۆ گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە ڕەوتی کۆمەڵایەتی بە قازانجی زەحمەتکێشانی شار و دێ بەرز ڕادەگرێت.

هیوادارین کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هەنگاوی بوێرانە و شۆڕشگێڕانەی خۆی شوێنی شایستە لە ناو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی

ئێـران بەدەسـتبهێنێت، هــەروەها ڕۆڵــی گــەلیی خــۆی بــۆ جێگیرکــردن و بەهێزکردن و گەشەپێدانی شۆڕشی ئێران بگێڕێت.

لەگەڵ سڵاوی برایانەمان کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران

سکرتێری یەکەم: نورەدین کیانوری **1358/10/22**

دەربارەی ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی کۆمەڵـە لـەو سـەردەمەدا، پرسیارم لە ڕزگار تاهری ئەندامی ئـەو کاتـەی کۆمیتـەی ناوچـەی مهابـادی کۆمەڵـە کــرد، ڕۆژی 2007/12/2 گــوتی: **(کۆمەڵــەی ئــەو کاتــە ڕێکخراوێکــی کەمئەزموون بوو، تەمەنی هەرە بەرزی ئەندامانمان بە زۆر دەگەیشتە سی ساڵ. هەرچەندە بە ژمارە کەم بووین، بەڵام لە گۆڕەپانی خەباتدا بووین، کەچی حیزبی دیموکرات حیسابی بۆ نەدەکردین. ئێمە دژی وتووێژ لەگــەڵ کۆمــاری ئیســلامیی و ڕاگواســتنی هێزەکــانی ســوپا بــووین لــە کوردســتان و ئــەو کارانــەی حیزبــی دیموکراتمــان بــە کــردەوەیــەکی سازشکارانە دەزانی و لەگەڵیان هاودەنگ نەبووین. بەگشتیی کردەوەکانی ئێمــە لــەو چوارچێوەیــەدا لــە بەرامبــە حیزبــی دیمــوکرات و کۆمــاری ئیسلامییدا لەو بۆچوونەوە بوو.).**

## شەڕ و مانگرتن لە سنە

دەنگی شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و سوپای ڕزگارییدا، خەڵکی سنەی ئازار دەدا و خەڵکەکە لەوە دەترسان کە ئەو هەواڵە ڕاستبێت و ژمارەیەک کوردی بێتاوانی تێدا لەناو بچێت. سوپای پاسدارانی سنە بە کەڵکوەرگرتن لەو هەواڵە و بە ڕواڵەت بۆ ئارام ڕاگرتنی شار ڕۆژی 1358/10/11 (1980/1/1) ژمارەیەک چەکداری خۆی لە شاری سنە بڵاوکردەوە، تا ئەگەر کەسێکیان بە چەکەوە بینی بیگرن. بڵاوبوونەوەی پاسدار لە شاردا بە پێچەوانەی بڕیار و ڕێککەوتنی هەیئەتی تایبەتیی حکومەت و هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بوو. لەبەرئەوە ژمارەیەک ڕەخنەیان گرت و دوکانەکانیان داخست و دژی ئەوان خۆپێشاندانیان کرد. لە ڕاستیدا چونکە پاسدارەکان بۆ مەبەستی دەمکوتکردنی خەڵکەکە ڕژابوونە ناو شەقامەکانەوە، بە ڕەخنە ڕازیی نەبوون و بە توندیی دەستیان لە خەڵکەکە وەشاند و یازدە کەسیان شەهید و بریندار کرد. لە ئەنجامی ئەو کردەوەیەدا لە نێوان پێشمەرگە و پاسدارەکاندا شەڕی توند هەڵگیرسا و دوکان و بازاڕ و خوێندنگەکان داخران. بە نوسینی ڕۆژنامەی "بامداد" لە ڕۆژی 1358/10/12دا، هەواڵنێری پارس دەربارەی ئەم شەڕە ڕایگەیاند:

**- (دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەسێکی 48 کاتژمێرە لە سنە، شار تا کاتژمێر 12:30 دوێنی ئارام بوو، ئیدارە و خوێندنگە و دوکانەکان خەریکی کاری خۆیان بوون، بەڵام بە وتەی وتەبێژی سوپای پاسدارانی سنە تا کاتژمێر 15:00 دوێنی شار هێمن بوو. ناوبراو گوتی ئوتۆمبێلێکی "جیهادی سازندەگی" لە سێ ڕێیانی "فەرەح" لە شاری سنە دەکەوێتە بەر دەسترێژی پێشمەرگە و گوللەیەک بەر شۆفیرەکە دەکەوێت و ئوتۆمبێلەکە دەکەوێتە ناو جۆگەلەی قەراخ شەقامەکە و شۆفیرەکە بە برینداریی خۆی دەگەیەنێتەوە بنکەی سوپای پاسدران کە پێنج خولەک لە شوێنی ڕووداوەکەوە دورە. ... ئەو ڕووداوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پاسدارەکانیش تەقە لە پێشمەرگەکان بکەن. وتەبێژی سوپای پاسداران لە درێژەی وتەکانیدا ڕایگەیاند کە دوای ئەو ڕووداوە هەموو شەقام و کۆڵانەکانی سنە بە دانانی بەرد گیراون. ... لە تاران گوتیان "ناسر جبروتی" جێگری**

**فەرماندەی سوپای پاسداران شانی بریندار بووە و هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر بنکەی سوپای پاسداران بە چەکی قورسەوە بووە و چەند خۆمپارەیەکیش لە فرۆکەخانەی سنە کەوتووە. لە لایەکیترەوە وتەبێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەواڵنێری پارسی ڕاگەیاند کە پێشمەرگەکانی حیزب لە تەقەکردنەکانی دوێنێدا بەشدار نەبوون).**

بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵنێری پارس دوانیوەڕۆی دوێنێ چەند هێلیکۆپتەر و فرۆکەیەکی "جێت" هاتنە سەر سنە. دوکان و خوێندنگەکان داخراون و هاتوچۆ لە ناو شەقام و تەنانەت کۆڵانەکانیشدا نابینرێت و بە چەکی سوک و قورس لە نێوان پاسدار و پێشمەرگەکاندا تەقە بەردەوامە. سوپای پاسداران ڕایگەیاند کە چەکدارەکان پتر "ئارپیجی حەوت" و دۆشکە و تفەنگی ژ3 بەکاردەهێنن. تا کاتی ناردنی ئەم هەواڵە، واتە کاتژمێر 19:45 جگە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، سوپای ڕزگاریی، دیموکرات، لایەنگرانی دەفتەری ماموستا و بێگومان چریکی فیدایی خەڵک، کەسێکیتر لە شەقامەکاندا بەرچاو ناکەوێت و خەڵک پەنایان بۆ ماڵەکانیان بردووە.

هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە بەیاننامەی ژمارەی 8 دا کە من لە لاپەڕەی 11 ی ڕۆژنامەی کار، ئۆرگانی چریکی فیدایی خەڵک، ژمارە 41، چوارشەممە 1358/10/19، وەرمگرتووە، سەرەڕای مەحکوم کردنی کردەوەی پاسدارەکان، داوای لە هەیئەتی تایبەتیی حکومەت کرد کە لە پلەی دەسەلاتدارێکی سەربازیی و حکومییدا هەوڵبدات وتووێژەکانی بەڕێوەببات و پێش بگرێت لە جموجوڵی پاسدارەکان دژی خەڵکی کورد.

**ڕاگەیاندنی ژمارە 8 هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی سنە**

**هاونیشتمانانی خەباتگێڕ!**

**خەڵکی قارەمانی کوردستان!**

**لە درێژەی کردەوە هاندەرانەکانی سوپای پاسدارانی ڕەوانەکراو بۆ سنە. بەپێی ڕاپۆرتی نوسینگەی لایەنە سیاسیەکانی سنە، کاتژمێر 16:30 ڕۆژی سێ شەممە 11ی بەفرانبار، ئەندامانی سوپای پاسداران بە چەکەوە ڕژانە ناو شەقامەکانی شار و ئاڵۆزییان لە شاردا پێکهێنا کە**

داخستنی دوکانەکانی شاری بەدواوە بوو. لە ئاکامی تەقەکردنی پاسدارەکان سێ کەس شەهید و هەشتیتریش بریندار بوون. کاتژمێر 18:30ی ئەو ڕۆژە سەرەڕای وتوویژی هێزە سیاسیە بەرپرسەکانی کوردستان لەگەڵ فەرماندەی سەربازگەکەدا، پاسدارەکان گوێیان نەدا بە فەرمانی دەسەڵاتدارانی بەرپرسیان و بە چەکی قورسی وەک خۆمپارە و نارنجۆکهاوێژ بەشێکی شاریان گوللەباران کرد.

بەگوێرەی هەواڵ، ژمارەیەک خەڵکی نابەرپرس وەڵامی تەقەی پاسدارەکانیان داوەتەوە، بەڵام هێزە سیاسیەکان، لەوانە "حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی کوردستان "کۆمەڵە" و ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک "لقی کوردستان"، بۆ پوچەڵکردنەوەی پلانی پاسدارەکان و بۆ پاراستنی هێمنیی کە بۆ درێژەدان بە وتووێژەکان پێویستە، بە سەبر و تێبینی خۆیان پێشیان بە هەر چەشنە تێکهەڵچوونێک گرت و ئەندامانی سوپاش بەشداریی شەڕەکەیان نەکرد، بەڵام فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان "فانتۆم"، دوانیوەڕۆی دوێنێ هاتنە سەر ئاسمانی سنە و مانۆڕیان کرد.

هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بە ئاگاداربوون لەو پلانەی کە بۆ داسەپاندنی دووبارەی شەڕ لە کوردستان بەڕێوەدەچێت، کردەوەی دژی گەلیی و هاندەرانەی سوپای پاسداران مەحکوم دەکات و ڕادەگەیەنێت کە بوونی پاسدار لە کوردستاندا جگە لە پێکهێنانی ئاژاوە سودی نیە و کشاندنەوەی لە کوردستان یەکێکە لە داواکارییەکانی خەڵکی کورد، بەڵام حکومەت لە جیاتی سەرنجدان بەو داخوازییە و بەڵێنەکانی، هەوڵدەدات پاسدارەکان لە کوردستان بهێڵێتەوە و بەهێزیان بکات کە ئەمە یارمەتیدەری ئاڵۆزکردنی پتری کوردستانە. ئەو کردەوانەی حکومەت بە کۆمەڵێک پروپاگەندەی هاندەرانە لە بڵاوکراوەکاندا بەڕێوەدەچن و بەگشتیی دۆخی ئاڵۆزی بەرلە شەڕی گەلاوێژ بەبیر دێننەوە. ئێمە دوارۆژی پڕ لە مەترسی ئەو کارە بە هەیئەتی تایبەتیی حکومەت ڕادەگەیەنین کە خاوەن دەسەڵاتی سەربازیی و حکومییە و بە هەڵسوکەوتی لاواز و دور لە بەرپرسایەتی خۆی ڕێگە بە پاسداران دەدات ئاژاوە بنێنەوە.

**هەیئـەتی نوێنـەرایـەتی خـەڵکی کورد لـەگـەڵ سەرەخۆشیی کردنـی لـە بنـەماڵـەی شەهیدان و خـەڵکی خـەباتگێڕ و پێشمـەرگـە قارەمانـەکانی سنـە، داوا دەکات بۆ پوچەڵکردنـەوەی پلانـەکان، هێمنیی بپارێزن. بۆ درێژەدان بـە وتووێژەکان پێویستـە لـە هـەر چەشنـە تێکهـەڵچوونێک خۆیان بپارێزن و سەرنج بدەنـە ڕێنوێنی هێزە سیاسیـەکان.**

**هەیئـەتی نوێنـەرایـەتی خـەڵکی کورد**

**1358/10/12**

لـە سنـە شەڕ کۆتاییهات، بەڵام بنـەماڵـەی شەهیدەکان و برینـدارەکان بـە هاوکـاریی خـەڵکی سنـە و هێـزە سیاسیـەکان بـە مەبەستی کشـاندنـەوەی پاسدارەکان لـە شـار، مانیـانگرت. سـەرئـەنجام دوای 29 ڕۆژ مـانگرتن، بـە هـەوڵی هـەیئـەتی نوێنـەرایـەتی خـەڵکی کـورد، حکومـەت ڕازیـی بـوو کـە پاسـدارەکانی لــە شــار بکێشـێتەوە. دوای کشـانـەوەی پاسـدارەکان، خۆپێشـاندانێکی مـەزن لـە سنـە کـرا و لـە کۆتـایی خۆپێشـانانـەکەدا ئـەم بڕیارنامـەیـە خوێندرایـەوە. مـن دەقـی بڕیارنامـەکـەم لـە ڕۆژنـامـەی کـار ئۆرگانی ڕێکخـراوی چریکـی فیدایی خـەڵک ژمـارە 46 ڕۆژی چـوار شـەممـە 1358/11/24 وەرگرتووە:

**بڕیارنامـەی 5 ماددەیی خۆپێشاندانی سنـە**

**1- لــەم قۆناخــە مێژووییــەی نیشتمانـەکەماندا و بــە سـودوەرگرتن لــە هەموو شێوەکانی خـەبات، خـەباتی ئێمـە تا بـەدەستهێنانی خودموختاریی لـە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دیموکراتدا بـەردەوام دەبێت.**

**2- جارێکیتریش پشتیوانیی خۆمان لـە هـەیئـەتی نوێنـەرایـەتی خـەڵکی کـورد ڕادەگـەیـەنین کـە تـەنیا نوێنـەری ڕاستینـە و خـاوەن بڕیـارە لـە وتووێژەکاندا لـەگـەڵ حکومـەتدا.**

**3- سوپاسـی خۆمـان ئاڕاستـەی خـەڵکی شـار و گونـدەکانی کوردسـتان دەکـەین، بـەتایبـەتیی خـەڵکی مـەریوان، دیوانـدەرە، کامیـاران، سـەقز، بۆکــان، بانــە، سەردەشــت، شـنۆ و خوێنــدکارانی مهابــاد و ڕێکخــراوی شۆڕشـگێڕی زەحمـەتکێشـانی کوردسـتان "کۆمـەڵـە"، ڕێکخـراوی چریکـی فیدایی خـەڵک "لقی کوردستان"، حیزبی دیموکراتی کوردستان "ڕێکخراوی**

بۆکان" و سنه، کە پشتی ئێمەیان گرت و لەو باوەڕەداین کە ڕاگرتنی ڕیزەکانی گەل زامنی سەرکەوتنمانە.

4- سوپاسی خۆمان ئاڕاستەی خەڵکانی چەوساوەی ئێران و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانیان دەکەین کە پشتی ئێمەیان گرت. بەڕای ئێمە بەبێ پشتیوانیی خەڵکانیتر و ڕەنجبەرانی ئێران، بزوتنەوەی بەرگریی گەلی کورد ناتوانێ سەربکەوێ و بەبێ هاوکاریی و هاوفیکریی لەگەڵ خەباتی گەلانیتری ئێران دژی ئەمریکا و داروودەستەکەی لە ناوخۆی وڵاتدا، ناتوانێ ئێرانێکی ئازاد پێکبهێنێت.

5- دەبێت هەیئەتی تایبەتیی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان پەلە بکات و بە جیددی دەستبکاتەوە بە وتووێژ لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە کوردستاندا و لە جیاوازییانەوە و کات بەسەربردن دور بکەوێتەوە.

دوای خوێندنەوەی ئەو بڕیارنامەیەی سەرەوە لە خۆپێشاندانەکەدا، لایەنگرانی حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە، چریک و ڕێکخراوەکانیتر و لەگەڵ بەشێک لە خۆپێشاندەران لە مزگەوتەکانی شاردا کۆبوونەوە و دەرچوونی پاسدارەکانیان لە شار پیرۆزکرد.

## گەڕانەوەی هەیئەتی تایبەت لەگەڵ حوجەتولئیسلام ئیشراقی بۆ مهاباد

پێشتر گوتم دوای سەرنەکەوتنی یەکەم وتوویژی ڕەسمی لە نێوان لیژنەی حکومەت و گەلی کورددا، ئەندامانی هەیئەتی تایبەتی حکومەت سەردانی دوکتۆر قاسملوویان کرد و لە چاوپێکەوتنێکی کورتدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە کۆمەڵە و چریک وەک چاودێر بەشداریی وتوویژەکانی ئاشتیی بکەن و مافی نوێنەرایەتی گەلی کوردیان نەبێت هەروەها گوتم کۆمەڵە دژی ئەم ڕێککەوتنە بوو.

بەو مەبەستە ڕۆژی 1358/10/23 (1980/1/13) لیژنەی تایبەتیی حکومەت لەگەڵ حوجەتولئیسلام "ئیشراقی" زاوای خومەینی گەڕایەوە مهاباد تا زەمینەیەک بۆ درێژەدان بە وتوویژ لەگەڵ ماموستا شێخ عیزەدین و حیزبی دیموکرات خۆش بکات.

ئەندامانی لیژنەی تایبەت و ئیشراقی لەو گەشتەیاندا چاویان بە نوێنەرانی حیزبی دیموکرات کەوت و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە حیزبی دیموکرات گەڵاڵەیەکی نوێی خودموختاریی ئامادە بکات، تا لە حکومەتدا بکەوێتە بەرباس و بۆ دوابڕیار ئاڕاستەی خومەینی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئیشراقی لە میوانخانەی "سەد"ی مهاباد چاوی بە ژمارەیەک پیاوماقوڵانی شار کەوت و گوێی لە داواکارییەکانیان گرت سەبارەت بە مافی خودموختاریی گەلی کورد و پشتیوانیی کردنی گەلی کورد لە کۆماری ئیسلامیی و ڕێبەرایەتی خومەینی. هەروەها حوجەتولئیسلام ئیشراقی سەردانی ماموستا شێخ عیزەدینی کرد و لەگەڵ داریوش فروهەر پێشوازییکرد لە چەندان گروپی جیاواز کە سکاڵایان هەبوو لە کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی قارنێ و هەڵسوکەوتی پاسدار و کۆمیتەچییەکانی نەغەدە و شارەکانی تر. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/10/25 (1980/1/15) دا ئاماژەی بەو سەفەرەی لیژنەی حکومەت بۆ مهاباد کردووە و نوسی:

**- (حوجەتولئیسلام ئیشراقی نوێنەری ئیمام و داریوش فروهەر کە یەکێکە لە ئەندامانی هەیئەتی تایبەت، پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوونە ورمێ و ئەندازیار هاشم سەباغیان و ئەندازیار عیزەتوڵا سەحابی هێشتا لە**

**مهابادن. بە ڕاپۆرتی هەواڵنێری پارس، دوێنی وتووێژێکی ڕەسمیی نەکرا، بەڵام چاوپێککەوتن لە نێوان ئەندامانی هەیئەتی تایبەت و کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکانی مهاباددا بەردەوامە و دەڵێن لەو چاوپێککەتنانەدا زەمینە بۆ وتووێژی ئەسڵیی ئامادە دەکرێت. هەروەها پاشنیوەڕۆی دوێنێ گرووپێک لە خەڵکی زیانپێگەیشتووی قارنێ لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی قارنێ، سەقز و بۆکان چاویان بە حوجەتولئیسلام ئیشراقی و داریوش فروهەر کەوت و لەگەڵ خستنەڕووی گیروگرفتەکانیان، شکاتی خۆیان ئاڕاستە کرد. ئەندازیار سەحابی لە کۆتایی دیدارەکانی دوێنێیدا ڕایگەیاند کە زەمینە بۆ دواچارەسەری مەسەلەکە خۆشکراوە و هیوای پتر پێکهاتووە. سەبارەت بە درێژەدانی وتووێژەکانیش گوتی هەندێک بڕیاردراوە کە دواتر ڕایاندەگەیەنین.).** لە لایەکیترەوە دوێنێ شەو شێخ عیزەدین حوسێنی لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا لەگەڵ کەیهان ڕایگەیاند: (حوجەتولئیسلام ئیشراقی ڕۆژی **1358/10/24** لە ماڵی ئێمە بوو. دیدارێکی دۆستانەمان کرد، بەڵام هیچ وتووێژێک نەکرا و باسەکان دۆستانە و تایبەتیی بوون.). هەروەها شێخ عیزەدین ڕایگەیاند: (ئێستا کە لە لایەن ئیمام خومەینی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامییەوە کەسایەتییەک بەشدارە لە هەیئەتی تایبەتدا، داوا دەکەین وتووێژەکان بە شێوەیەکی جیددیی بکرێن.).

جگە لەوە ڕۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات بڵاویانکردەوە کە دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە: (دیدار و گفتوگۆکانی ئێمە لەگەڵ حوجەتولئیسلام ئیشراقی دیداری ئاشنابوون بووە و بڕیار وایە ئەمڕۆ وتوویژ بکەین.).

بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی دوکتۆر قاسملوو، لەو گەشتەی ئیشراقی دا بۆ مهاباد هیچ وتووێژێک نەکرا، بەڵام داوا لە دوکتۆر قاسملوو کرا کە گەڵاڵەیەکی نوێ ئاڕاستە بکات. حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەتا گەڵاڵەیەکی هەشت ماددەیی ئامادەکرد، بەڵام دواتر دوو ماددەی لێ کەم کردەوە و بەناوی گەڵاڵەی "شەش ئەسڵی خودموختاریی" ئاڕاستەی هەیئەتی تایبەتیی حکومەتی کرد کە بیکەن بە هەوێنی وتووێژەکان. لە جێی خۆیدا ئامارژە بۆ ئەو گەڵاڵەیە و هەڵوێستەکانی حکومەت دەکەم.

## پێکهێنانی هێزی 141ی شەهید شەریفزادە و گرتنی چەک لە شێخ جەلال

بەرلەوەی کە هەیئەتی تایبەتیی حکومەت لەگەڵ حوجەتولئیسلام ئیشراقی بگەڕێتەوە مهاباد، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بڕیاریدا کە پێشمەرگەکانی ناوچەی سنە لە هێزێکدا کۆبکاتەوە و ئەرکی فەرماندەیی ئەو هێزە بە ئیبراهیمی سۆفی مەحمود "مەلا محەمەدی جوانڕۆ" بسپێرێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە ڕۆژی 1358/10/19 (1980/1/9) لەگەڵ مەلا محەمەد و دوو پێشمەرگە بەرەو سنە چووم.

هەروەک پێشتر لە خاڵی سێیەمی بەشی "**کوردستان بەرەو ئاڵۆزیی دەچێت**" دا گوتم خەڵکی سنە بە مەبەستی کشاندنەوەی پاسدارەکان لە شار مانیان گرتبوو. ئێمە کە چووینە سنە هێشتا مانگرتن کۆتایی نەهاتبوو، شار نەگەڕابووەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی. ژمارەیەکی زۆر چەکدار بە ئوتۆمبێل لە شاردا دەسوڕانەوە و پرسیاریان لێدەکردین کە لە کوێوە هاتووین و بۆ کوێ دەچین. لەو پرسیارکردنانەدا توشی دوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بووین. داوامان لێکردن بمانبەن بۆ بنکەی ڕێکخراوی سنەی حیزبی دیموکرات کە سەید عەلی ڕەحمانی بەرپرسی بوو. ئێمەیان گەیاند و لەوێ سەید عەلی و ڕەحیم بەغدادی و ئەندامانی ڕێکخراوی سنە بە گەرمیی پێشوازییان کردین.

سنە لە بواری ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەوە بۆ حیزبی دیموکرات خاڵێکی لاواز بوو. ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی سنە لایەنگرییان لە حیزبی دیموکرات دەکرد و ئەوانەش کە هاتبوونە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبەوە، زۆربەیان کەسانی نەخوێندەوار و لە چینە هەژارەکانی کۆمەڵ بوون. هۆی سەرەکیی ئەم کارە بۆ چەند خاڵێک دەگەڕایەوە، وەک کەم کارکردنی حیزبی دیموکرات لە ناوچەی سنە کە دەکرێت بڵێم دوای گیرانی غەنی بلوریان لە ساڵی 1954دا لە سنە، حیزب کەمتر ئاوڕی لەو شارە و ناوچەکە دابووەوە و کاری سیاسی تێدا نەکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی سنە لە بواری شارستانییەوە پتر لە ناوەند نزیکبوون تا هەرێمی کوردستان، بۆیە لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە زۆربەیان ئاوێتەی فەرهەنگی فارس بوون و بەگوێرەی پلەی کۆمەڵایەتییان و هەلومەرجی

ژیانیان لە ڕیزی ئێرانچێتیدا خۆیان بینیبووەوە. بەشێکیان لە کۆنەوە لەگەڵ ڕژێمی شا بوون و لەو ڕژێمەدا پلە و پایەی باڵایان هەبوو، بەشی خەباتگێڕ و ناڕازیی لە ڕژێمی شا وەک شارەکانیتری ئێران کێشیان بۆ لای خەباتی چینایەتی و ئایینی هەبوو تا خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیی. لەم ڕوانگەیەوە بوو کە حیزبی تودە، چریکی فیدایی، کۆمەڵە، پەیکار، تۆفان و پەیڕەوانی تەریقەتەکانی دەروێشیی و سۆفیگەریی و لایەنگرانی سوپای ڕزگاریی و مەکتەبی قورئانی ئەحمەد موفتی زادە سنەیان کردبوو بە بنکەی چالاکییەکانیان.

لە ماوەی مانەوەماندا لە سنە، ماڵی سەید عەلی ڕەحمانی شوێنی کۆبوونەوە و حەسانەوەمان بوو. شەوی یەکەم لەگەڵ سەید عەلی و ڕەحیم بەغدادی بە درێژیی لەسەر پێکهێنانی هێز وتووێژمان کرد و ناوی هێزی 141ی شەهید شەریفزادەمان بۆ هێزی سنە هەڵبژاردبوو کە لەگەڵ هێزەکانی 111ی موعینی، 121ی پێشەوا و 131 ئاوارە بگونجێت. پێشتر گوتم ئیسماعیلی شەریفزادە شەهیدێکی سەربەرزی حیزبی دیموکرات بوو کە لە بزوتنەوەی چەکدارانەی ساڵی 1968دا لە گوندی "دارێنە" لە ناوچەی بانە لە لایەن کوێخا شەریف و چەند جاشەوە شەهید کرا و ڕژێمی پەهلەوی تەرمی پیرۆزی شەریفزادەی لە سنە ناشتبوو.

چونکە حیزبی دیموکرات لە سنە ژمارەیەکی زۆر کەم پێشمەرگەی هەبوو، سەید عەلی و ڕەحیم بەغدادی پێشنیازیان کرد کە لە پێشمەرگەکانی سنە و کامیاران و دێگولان و مەریوان ئەو هێزە پێکبێت، ئێمەش هاوڕاییمان لەگەڵ کردن. هەر ئەو شەوە سەید عەلی ڕێکخراوەکانی کامیاران و دێگولانی ئاگادارکردەوە کە بەرپرسی پێشمەرگەکانیان بنێرەنە سنە.

ڕۆژی 1358/10/20 شاپوری فیروزی لە کامیاران و مەلا عەلی شەریعەتی لە دێگولانەوە هاتنە سنە و شەوی 20 - 1358/10/21 لە ماڵی سەید عەلی سێ دەستەی شەست کەسییمان لە هێزی شەریفزادە پێکهێنا و ناوی لکی یەکمان لەسەر دانا و بڕیارماندا کە ئەگەر ژمارەی پێشمەرگەیان زیاد بوو، لەو سێ دەستەیە دوو لک پێکبهێنن.

ڕۆژی 1358/10/21 لەگەڵ مەلا محەمەد و دوو پێشمەرگە بەرەو مەریوان ڕۆیشتین تا لکێکیتری ئەو هێزە لەوێ دابمەزرێنین. مەحمود ئاشتیانی بەرپرسی ڕێکخراوی مەریوان لەگەڵ حەمەی ڕەوشەن، محەمەدئەمین تالبی، تۆفیق قادرزادە "عەلی مەریوانی" و چەند کەسێکی تر لە مەریوان پێشوازییان کردین. حیزبی دیموکرات لە مەریوان هێزێکی پتری هەبوو. لەوێ لکی دووەممان دامەزراند و 200 پێشمەرگەمان تێدا ناونووس کرد.

دوای کۆتایی کارەکان، لەگەڵ مەلا محەمەد خەریک بووین خۆمان بۆ گەڕانەوە ئامادە دەکرد، بەیانیی ڕۆژی 1358/10/26 پێشمەرگەکانی لکی دووی هێزی 141ی شەریفزادە لە بنکەی "بایەوە"وە ئاگاداریان کردین کە ئوتۆمبێلێکی پڕ لە چەکیان گرتووە. لەگەڵ مەلا محەمەد و چەند پێشمەرگەیەک بەرەو بایەوە چووین، بەفر ڕێی داپۆشیبوو، بنکەی حیزب لە بایەوە لە پاسگایەکی کۆنی ژاندارمەرییدا بوو. لە نزیک بنکەکە تیۆتایەکی بارهەڵگر بە شۆفیرەکەی و "حامیدی حەمەی تاهیر بەگی جاف" و ژمارەیەک چەک و تەقەمەنی لە قەراخ جادەکە لە بەفر چەقیبوو. پێشمەرگەکان باری ئوتۆمبێلەکەیان بەتاڵ و حامیدیان لە بنکەکەیاندا دەسبەسەر کردبوو، بەڵام هەگبەیەکی "سامسون"ی ڕەشی داخراو لە ئوتۆمبێلەکەدا مابوو. من هەگبەکەم هەڵگرت و دام بە مەلا محەمەد و پێمگوت ڕەنگە بەڵگەی تێدا بێ، باشترە لای ئێوە بێت تا دەیکەینەوە. هەندێک دوای گەیشتنی ئێمە، مامۆستا شێخ جەلال حوسێنی و چەند پێشمەرگەیەک گەیشتنە ئەو جێیە. شێخ جەلال بە بینینی حامید بەگ زۆر بە پەرۆشەوە بە دەنگی بەرز گوتی:

**- (ئەی هاوار حامید بەگ ئەوە حیزبی دیموکرات وای لێهاتووە کە تۆش بگرێ؟!)**

ئێمە بێدەنگ بووین و زۆر بە ئارامیی جوڵاینەوە. مامۆستا جەلال گوتی: (ئەی ماشێنەکەیتر لە کوێیە؟)، پێشمەرگە هاوڕێکانی گوتیان لە "باشماخ"ە.

شێخ جەلال داوای لێکردین حامید بەگ ئازاد بکەین کە ئازادمان کرد. لەگەڵ شێخ جەلال و پێشمەرگەکان بنکەکەمان بەجێهێشت و چووینە باشماخ. تیۆتایەکی پڕ لە چەک لەگەڵ پێشمەرگەیەک و خێزانی شێخ

جەلال و عەبدولڕەحمان زەبیحی لەوێ بوون. حکومەتی عێراق زەبیحی و حامید بەگی ناردبوو کە لە ڕێکخستنی "ڕێکخراوی خەبات" دا هاوکاریی مەلا جەلال بکەن. لەبەرئەوەی کە کەش زۆر سارد بوو، پێشنیازمان کرد کە بگەڕێینەوە بۆ مەریوان و دواتر کێشەکە چارەسەر دەکەین.

هەموو بەرەو مەریوان ڕۆیشتین. تیۆتاکەی لای حیزب نزیکەی 90 چەکی کلاشنیکۆف و هەندێک فیشەکی تێدا بوو. کاتێک داوامان لە پێشمەرگەکان کرد کە چەکەکان بهێننەوە، بینیمان بە تێکڕا چەکە کۆنەکانی خۆیان لەگەڵ چەکەکانی شێخ گۆڕیوەتەوە و ژمارەیەکیش چەک بێسەروشوێنە، ئێمە ئەو مەسەلەیەمان نەدرکاند.

پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە شێخ عوسمان خالیدی بەرپرسی دەفتەری مامۆستا لە مەریوان داوای لێکردین، بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە، شەو بچینە ماڵیان و لەسەر گەڕاندنەوەی چەکەکان وتوویژ بکەین. بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندییمان بە دوکتۆر قاسملووەوە کرد و پێیڕاگەیاندین کە جارێ چاوەڕێ بکەن تا لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین کێشەکە چارەسەر دەکەن.

ئێوارەی ڕۆژی 1358/10/26 من و مەلا محەمەد لەگەڵ مەحمود ئاشتیانی و دوو کەسی تر چووینە ماڵی شێخ عوسمان خالیدی، دیوەخانێکی گەورە و پڕ لە پێشمەرگە. مامۆستا شێخ جەلال لە سەروی دیوەخانەکەدا دانیشتبوو. هەگبە سامسونە ڕەشەکەی کە من بە مەلا محەمەدم سپاردبوو، لە دەستی چەپ و دەمانچەیەکی ڕوتی لە دەستی ڕاستیەوەی دانابوو. تێگەیشتم کە مەلا محەمەد بۆ خۆ شیرینکردن هەگبەکەی بە شێخ جەلال داوەتەوە. عەتا ڕۆستەمی کادێری کۆمەڵە کە پێشتر ئاماژەم بۆ چۆنیەتی شەهیدبوونی کرد، لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی کۆمەڵە لە لای خوارو لە تەنیشت دەرگای دیوەخانەکەوە دانیشتبوون و ئێمەش لە ناوەندی مەلا جەلال و ئەواندا بووین.

شێخ جەلال زۆر بە توندیی بەسەر ئێمەدا دەیگوڕاند و دەیگوت بەو قورئانەی لەسەر ڕانی ڕاستم خوێندوومە، لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی دیموکرات پێکەوە چەک و پارەمان وەرگرتووە، ئەوان بە ناوچەی سەردەشتدا چەکەکانیان بردووەتەوە و من بە مەریواندا. سەری هەگبە سامسونەکەی هەڵدایەوە و چەند بەڵگەیەکی پێشاندان و گوتی ئەمەش

بەڵگەکانن، لەگەڵ ئەو پارەیەی وەرمگرتووە و دەیدەم بە پێشمەرگەکانم، بەڵام ئێوە لە من زیاتر وەردەگرن و دەیانشارنەوە و نایدەن بە پێشمەرگە! جگە لە مەلا محەمەد، ئێمە زۆر قسەمان نەدەکرد، بەڵام عەتا ڕۆستەمی زۆر بە توندیی پشتی شێخ جەلالی دەگرت و گوتی: **(مامۆستا گوناهی نەکردووە، چەکی هێناوە دوژمنی پێ بکوژێت.)**. گوتمان نەمانزانیوە کە ئەو چەکانە بۆ مامۆستا هاتوون. هەر کە ئاگادار کراین، بە پێشمەرگەکانمان ڕاگەیاند کە چەکەکان ڕابگرن تا دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات و مامۆستا شێخ عیزەدین پێکەوە کێشەکە چارەسەر دەکەن. زۆر هەوڵیاندا کە چەکەکانیان بدەینەوە، تەنانەت هەڕەشەیان لێکردین، بەڵام گوێمان نەدانێ.

ڕۆژی 1358/10/28 لەگەڵ مەلا محەمەد بە دوو ئوتۆمبێل پێشمەرگەوە گەڕاینەوە مهاباد و ڕاپۆرتی کارەکانمان پێشکەش بە دوکتۆر قاسملوو کرد کە لە شەریکەی کشتوکاڵیی گوندی "گوێک تەپە" کە ئەندازیار "محەمەد ئاریا" کاری لێدەکرد، بنکەیەکی بۆ خۆی دانابوو، زۆربەی کارەکان و دیدارەکانی لەوێ دەکرد. قاسملوو دەستخۆشیی لە کارەکانم کرد و داوای لە من کرد لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ پێشنماز بچمە خزمەت شێخ عیزەدین و ڕووداوەکەی مەریوانی بۆ بگێڕمەوە. مەلا شێخ عیزەدین ڕەخنەی لە مامۆستا شێخ جەلال گرت و گوتی: **(عێراق فریوی دەدات و زەبیحی هاتووەتەوە کە لە دەفتەری مندا کار بکات، کەچی لە ژێرەوە لەگەڵ شێخ جەلال خەریکی دامەزراندنی حیزبی چەکدارە.)**. مامۆستا گوتی: (بە مەسڵەحەتی هەردوو لایە کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن.). لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ گەڕاینەوە لای دوکتۆر قاسملوو و داواکاریی مامۆستامان پێگەیاند و داوای لە مامۆستا مەلا ڕەحیمی عەباسی کرد کە بچێتە مەریوان و کێشەکە چارەسەر بکات کە چارەسەری کرد.

ڕێکخراوی حیزب لە سنە سەبارەت بە گرتنی ئەو چەکانە لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە بەیاننامەیەکی بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتیی بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/11/14 (1980/2/3) دا ئامازەی بۆ ڕاگەیانراوی ڕێکخراوی سنە کرد:

## خەڵکی خەباتگێڕی کورد!

خەباتی ڕەوای خەڵکی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چوارچێوەیەکی بەرینتر بە خۆیەوە دەگرێت و کۆمەڵێکی پتر لە دەوری کۆدەبنەوە و هێزە پێشکەوتنخوازەکان پتر پشتیوانیی لێدەکەن. ئەرکی مێژوویی ئێمەیە کە وەک بیلبیلەی چاو ئەو دەسکەوتە خوێناوییەی گەل بپارێزین و پتر گەشەی پێبدەین. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەو ڕاستییەی لەبەرچاوە کە تەنیا بزوتنەوەیەک سەردەکەوێت کە ڕیشەی لەناو خەڵکدا بێت و پێویستییەکانی لە لایەن خەڵکەوە دابینبکرێن. هەرگیز و تەنانەت لە دژوارترین هەلومەرجدا، هیچ حیزب و گروپێک مافی ئەوەی نیە کە بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانی لە دژەگەلییەکان و دارودەستەی ئیمپیریالیزم یارمەتی وەربگرێت، چونکە ئەزموونی بزوتنەوەی خەڵکانی تر سەلماندوویانە کە وەرگرتنی یارمەتی لە دەوڵەتە دژەگەلییەکان، نەک هەر بزوتنەوەکە بەرەوپێش نابات، بەڵکوو دەبێتە هۆی لادان و لەناوبردنی بزوتنەوەکەش. نمونەی مێژوویی ئەو ڕاستییە، بزوتنەوەی برایانی کوردمانە لە عێراق بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی کە تەنانەت بە دانی 25 هەزار شەهید، بە هۆی بەستراوەیی بە ڕژێمی دژی گەلیی شاوە تێکشکا و لە مێژوودا بە ناوی "ئاشبەتاڵ" تۆمار کرا. ئێمە دەپرسین ئایا دووپاتکردنەوەی کارێکی بەو جۆرە، لەم قۆناخە ئاستەم و چارەنوسییەدا کە ناجوانمێرانە یاریی بە چارەنوسمان دەکەن و مێژوو هەڵەبوونی سەلماندووە، لە بەرامبەر گەلەکەماندا دروستە؟ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕای وایە، بزوتنەوەی گەلی کوردی کوردستانی ئێران تەنیا کاتێک سەرکەوتن بەدەستدێنێت کە لە دژەگەلییەکان و دۆستانیان بە دور بێت. بە پشتبەستن بەو باوەڕەمان، ئێمە بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆمانی دەزانین کە هەر چەشنە کردەوەیەکی نادروست بخەینە بەر ڕای گشتیی خەڵک کە شۆڕش بە هی خۆیان دەزانن، تا دادوەریی لەسەر بکەن.

ڕۆژی 1358/10/26 پێشمەرگە قارەمانەکانی ڕێکخراوی مەریوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نزیک بایەوە و باشماخ، سنوری ئێران و عێراق، ئاگاداری هاتنی سێ ئوتۆمبێل لە عێراقەوە بۆ ئێران

دەبن. بەو زانیارییە کە ژمارەیەک لە ڕژێمی دژی گەلیی چەک وەردەگرن، بۆ ئەوەی کە بزانن ئەو چەکانە لە کوێوە هاتوون و بۆ کێ هاتوون، دەست دەگرن بەسەر باری ئوتۆمبێلەکاندا کە بریتی بوون لە دۆشکە بە کالیبەری جیاواز، 90 چەکی کلاشنیکۆڤ، فیشەک و پەتوو. هەروەها کەسێکیان بە ناوی "حامیدی حەمە تاهیر بەگ" بەرپرسی تاقمێکی چەکدار لە جوانڕۆ لەگەڵ چەکەکان دەستگیر کردووە. دوای دەستبەسەرداگرتنی ئەو چەکانە، شێخ جەلالی حوسێنی دەڵێت ئەو چەکانەی بۆ دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین هێناوە، بەڵام نوێنەری مامۆستا لە مەریوان دوای پەیوەندییکردنی بە شێخ عیزەدینەوە، وتەی شێخ جەلالی بەدرۆخستووەتەوە. لەو ناوەدا برایانی کۆمەڵە پشتی شێخ جەلال دەگرن و داوا دەکەن چەکەکان بدرێنەوە و دەڵێن نابێت حیزبی دیموکرات لەگەڵ هێنانی چەک دژایەتی بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک چەکداری نائاگا بۆ پشتگیرییکردن لە شێخ جەلال و پێشاندانی دەسەڵات، ڕژانە ناو شەقامەکانی مەریوانەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمە، حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ دروستنەبوونی ئاڵۆزیی، ژمارەیەک پیاوماقوڵی ڕەوانەی مەریوان کردووە کە خەریکی وتووێژن. سەرئەنجام حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ناسکی کوردستان و بۆ یارمەتیدانی هەلومەرجی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، لە وتووێژەکاندا و پێشگیریی لە پێکهاتنی ئاڵۆزیی و ڕێزدانانی بۆ خواستی خەڵک و پیاوماقوڵانی کورد، هەروەها بۆ ڕاگرتنی ئارامیی شار و ناوچەکانی کوردستان، چەک و تەقەمەنییەکانی دایەوە بە شێخ جەلال و حامیدی تاهیر بەگی ئازادکرد. دوای ئازادبوونی ، حامید بەگ دەڵێت: با حیزبی دیموکرات بمرێت، چونکە من چل هەزار دیناری عێراقییم پێبوو کە ئەوان پێیان نەزانی! هەروەها بەشێک لەو ڕێکخراوانەی کە خۆیان بە دۆستی زەحمەتکێشان دەزانن و لەو ڕووداوەدا بوون کە باسی لە دەستتێوەردانی بێگانە لە چارەنوسی ئێمەیان دەکرد، هیچ چەشنە بەرگرییەکیان لە سەربەخۆیی ئێران نەکرد و بە پێچەوانەوە پشتی لایەنگرە بەستراوەکەیان گرت. ئەرکی سەرشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە کە خەڵک ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە تاڵانە بکاتەوە و

**پێیانڕابگەیەنێت کە ژمارەیەک خەڵک و لایەن بە ناوی خەڵکی کورد و بە ناوی بزوتنەوەی کوردستانی ئێرانەوە پەیمانیان لەگەڵ بەکرێگیراوانی ئیمپیریالیزمدا بەستووە. دەبێت چاومان بکەینەوە و هۆشیاربین کە کاری لەم جۆرە لە لایەن هەر کەس و گروپێکەوە بێت، مەترسی مەزنی بۆ بزوتنەوەی ڕەوای گەلی کورد هەیە، هەروەها ژارێکی کوشندەیە بۆ لەمپەرخستنە پێش یەکیەتی و یەکڕیزیی گەلانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان". کردەوەی لەم جۆرە تەنیا دەتوانێت زەمینەیەک بێت بۆ پێکهێنانی دۆخی براکوژیی و کەم بینیی خەباتی ئێمە بۆ بەدەستهێنانی خودموختاریی.**

**دەستی دژەگەلییەکان لە بزوتنەوەکانی گەل دور بێت.**

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی شارستانی سنە لە چەند لایەنێکەوە جێگەی سەرنجە. لە ڕاستییدا کۆمەڵێک یان چەند کەسێک نەچوونە مەریوان کە کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵکوو بە تەنیا مەلا ڕەحیم عەباسی سەرۆکی شورای شاری مهاباد و کەسایەتی ئایینی و جێگەی ڕێزی خەڵکی مهاباد و حیزبی دیموکرات چووە مەریوان، هۆی هەڵبژاردنیشی لە لایەن حیزبەوە دەگەڕایەوە بۆ نزیکایەتی مەلا ڕەحیم لە مەلا شێخ عیزەدین و مەلا جەلال. هەروەها تەنیا ئوتۆمبێلێکی کەوتبووە دەست پێشمەرگەکانی حیزب! شێخ جەلال ڕاستی دەگوت، جگە لە ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک، حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانیتر و دەیان ئاغا و کوێخا، چەک و پارەمان لە عێراق وەردەگرت!

## ئیعدامی ڕێبەرانی حزبی خەڵكی موسڵمانی ئازەربایجان

پێشتر لە بەشی **" هەڵوێستی هاندەرانی خومەینی و سەرهەڵدانی ئاڵۆزیی لە ئێراندا"** گوتم: ئایەتوڵا سەید كازم شەریعەتمەداریی مەرجەعی تەقلیدی شیعەكانی ئازەربایجان و حیزبی خەڵكی موسڵمانی ئازەربایجان كە پەیڕەویی لە بۆچوونەكانی ئایەتوڵا شەریعەتمەداریی دەكات، دژی بەندی 110ی دەستوری هەمیشەیی وەستان و بەشداریی ڕیفراندۆمی دەستوری هەمیشەییان نەكرد و ڕایانگەیاند سیستمی ویلایەتیان ناوێت و گوتیان لە دەستوری هەمیشەییدا چاوپۆشییكراوە لە مافەكانی گەلی ئازەربایجان. لە ئەنجامدا پیاوانی ڕژێم ڕۆژی 1358/9/14 (1979/12/5) لە شاری قوم هێرشیان كردە سەر ماڵی ئایەتوڵا شەریعەتمەداریی و پاسەوانێكیان كوشت، هەروەها ڕۆژی 1979/12/6 هەڕەشەیان لە شەریعەتمەداریی كرد كە بێدەنگ بێت. دواتر لە تەورێز و ورمێ و مەراغە و شارە ئازەرییشینەكانیتر هێرشیان كردە سەر ناوەند و بارەگاكانی حیزبی خەڵكی موسڵمان و ژمارەیەكیان لێگرتن.

لە چوارچێوەی ئەو ڕووداوانەدا، ڕۆژی 1358/9/16 سەدان هەزار كەس لە لایەنگرانی ئایەتوڵا شەریعەتمەداری بە دروشمی **" دەبێت دنیا بزانێت، سوپا برای ئێمەیە، خومەینی ڕێبەری ئێمەیە و شەریعەتمەداریی مەرجەعی گەورەی ئێمەیە"** ڕژانە ناو شەقامەكانی تەورێز و بەرەو بینای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی تەورێز ڕۆیشتن و ئەو جێیە و چەند شوێنێكیتری شاری تەورێزیان خستە دەست خۆیان. بە نوسینی سایتی "sadegh-hedaiat.blogsky.com" لایەنگرانی شەریعەتمەداریی و حیزبی خەڵكی موسڵمانی ئازەربایجان چەند بەیاننامە و پەیامیان لە تەلەڤزیۆندا بڵاوكردەوە كە یەكێكیان بەیاننامەی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی بوو.

حكومەت شوێنەكانی گرتەوە و ژمارەیەكی زۆری دەستگیركرد، بەڵام خۆپێشاندەران كۆڵیان نەدا و سەرلەنوێ ڕۆژی 1358/9/22 نزیكەی یەك میلیۆن كەس بۆ پشتگیریی لە ئایەتوڵا شەریعەتمەداری و حیزبی خەڵكی موسڵمان ڕژانە ناو شەقامەكانی شاری تەورێزەوە. خۆپێشاندەران سەرەڕای ناڕەزایی لە یاسای هەمیشەیی كۆماری ئیسلامیی، داوای

ئازادیی زیندانییە سیاسییەکان و گواستنەوەی پاسدارە هاوردەکانیان لە ئازەربایجان کرد و دروشمی خودموختارییان بۆ ئازەربایجان بەرزکردەوە.
لەناو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تەنیا حیزبی کوردستانیی بوو کە پشتی ئایەتوڵا شەریعەتمەداریی گرت و هێرشی چەکدارانەی بۆ سەر ماڵەکەی مەحکوم کرد. بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەم شێوەیەی خوارەوە لە ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی 1358/9/17 بڵاوکرایەوە:

**گەلانی خەباتگێڕی ئێران! خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**لە هەلومەرجی ئەستەمی ئێستادا کە گەلانی ئێران دژی ئیمپیریالیزم وەستاون و شۆڕشی دژ بە ئیمپیریالیزمیی ئێران لە ڕەوتی گەشەکردنیدا ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی ئیمپیریالیزم و کۆنەپەرستیی ناوخۆ بووەتەوە، گرووپێکی چەکداری دژ بە شۆڕش پەلاماری ماڵی ئایەتوڵا سەید کازم شەریعەتمەدارییان داوە. ئێمە لە ناخی دڵمانەوە پەژارە بۆ ئەو کردەوە دژ بە شۆڕشە دەردەبڕین کە بێگومان زیان بە بنەما و ئامانجەکانی شۆڕش دەگەیەنێت و لەگەڵ هیچ عورف و ئامانجێکی مرۆڤایەتی یەک ناگرێتەوە و ڕامان وایە هێرشکردن بۆ سەر ماڵی ئایەتوڵا شەریعەتمەداری پلانێک بووە لە لایەن دژەشۆڕشەکانەوە داڕێژراوە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ داوای سزادانی تاوانبارانی ئەو هێرشە ناجوانمێرانەدا، پشتیوانی لە خواستی ڕەوای خودموختاریی بۆ خەڵکی ئازەربایجان دەکات.**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خۆی لە بەرامبەر هێزێکی شیعەدا بینییەوە کە داوای مافی گەلی ئازەریجان دەکات و باوەڕی بەو بۆچوونەی خومەینی نیە کە دەڵێت **"جیاوازیی لە نێوان موسڵمانەکاندا نیە و کۆماری ئیسلامیی هی هەموو خەڵکی ئێرانە"**، ڕۆژی 1358/10/14 (1980/1/4) بە هێزێکی مەزن و پڕچەک پەلاماری خەڵکی تەورێزی دا و دەیان کەسی کوشت و گوللەباران کرد. لەناو گوللەبارانکراوەکاندا یازدە کەسیان هاوکاری شەریعەتمەداریی بوون.



ناکۆکی لەنێوان خومەینی و شەریعەتمەداریدا دیاردەیەکی نوێ نەبوو، دەگەڕایەوە بۆ سەردەمەکانی بەرلە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و دوو لایەنی ئایینیی و سیاسی دەگرتەوە. شەریعەتمەداریی دژی پێکهێنانی حکومەتی ویلایەت و کۆکردنەوی دەسەڵات بوو لە دەست ژمارەیەک مەلادا. دەیویست ئێران بە شێوەی شورایی و لەسەر بنەمای "**یاسای ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی و ویلایەتیی سەردەمی مەشروتە**" بەڕیوەبچێت و نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بۆ خۆیان هەرێمی خۆیان بەڕێوەببەن. دژی توندوتیژیی و هەڵسوکەوتی توندڕەوانەی بەشێک لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی و خەلخالی و ئیعدام کردنەکانی بوو لە ئێران و کوردستاندا و دەیویست هۆی دەست لەکارکێشانەوەی مەهدی بازرگان سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتی بە خەڵک ڕابگەیەنرێت و... تد.

لە ئەنجامی ئەو کێشانەدا، کۆماری ئیسلامیی ئایەتوڵا شەریعەتمەداریی لە ماڵی خۆیدا دەستبەسەرکرد. دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی بە فەرمانی "محەمەد ڕێشەهری" سەرۆکی دەزگای دادی سەربازیی، ڕۆژی 1361/1/27 (1982/4/16) سادق قوتب زادە وەزیری دەرەوەی حکومەتی ئێران و ڕێبەرانی حیزبی خەڵکی موسڵمان واتە "سەید

مەهدی مەهدەوی، عەبدولرەزا حیجازی، محەمەد جەواد مناقبی و ئەحمەد عەباسی" دەستگیرکرد و بە شێوەی جۆراوجۆر شکەنجەی دان. قوتب زادە بەرگەی شکەنجەی نەگرت و ڕێشهری لە لاپەڕەی 202 ی کتێبی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: **(قوتب زادە ساڵ و نیوێک بوو دژی کۆماری ئیسلامیی هەوڵی کودیتایەکی دەدا و دوای دەستگیرکردنی ڕایگەیاند: ئامادەم قسەکانم لە تەلەڤزیۆندا بڵاوبکەمەوە، بەو مەرجەی دەستبەجێ یان ئیعدام، یان ئازادم بکەن.)**. کۆماری ئیسلامیی ڕۆژی 1361/1/29 قوتب زادەی هێنایە سەر تەلەڤزیۆن، ناوبراو ڕایگەیاند بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیی پەیوەندیی بە ئایەتوڵا شەریعەتمەدارییەوە هەبووە و لە حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسە داوای چەکی کردووە.

محەمەد ڕێشەهری لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ دەستگیرکردنی ئایەتوڵا شەریعەتمەداریی دەکات و لە لاپەڕەی 145دا دەڵێ: **(لە لێپرسینەوەکەیدا سەبارەت بەو کودیتایە قوتب زادە چەندجار ناوی ئایەتوڵا شەریعەتمەداریی هێنا. لەبەرئەوە بڕیارمدا بۆ خۆم بچمە قوم و لێپرسینەوە لەگەڵ شەریعەتمەداریی بکەم. چووم و لە حەوشەی ماڵەکەی لێمپرسی کە بەڕێز قوتب زادە خەریک بووە دژی کۆماری ئیسلامیی کودیتا بکات و بۆ ئەو مەسەلەیە ئێوەشی ئاگادارکردووەتەوە، ئایا ئێوە وتەکانی قوتب زادەتان قبوڵە؟ وەڵامی دایەوە و گوتی ئەوە سەبارەت بە من درۆیە و من هیچ ئاگادارییەکم لەو مەسەلەیە نیە. گوتم زۆر باشە ئەوەی دەیڵێیت بینوسە. لاپەڕە کاغەزێکم دایە و چەند پرسیارێکم لێکرد و ئەویش وەڵامی دامەوە.)**.

کۆماری ئیسلامیی دەستی لە شکەنجەدانی ئایەتوڵا شەریعەتمەدارییش نەپاراست. یەکەم شکەنجەی شەریعەتمەداریی بە زللەیەکی حوجەتولئیسلام محەمەد ڕێشهری دەستی پێکرد. کۆماری ئیسلامیی ڕۆژی 1361/2/12 شەریعەتمەداریی هێنایە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن و ڕایگەیاند دژی کۆماری ئیسلامیی بەشداریی کودیتای کردووە و ویستوویەتی کۆماری ئیسلامیی بڕوخێنێت و داوای لێبوردنی لە خومەینی کرد. دوای ئەو ڕووداوە، خوێندنگەی ئایینیی قوم پلەی مەرجەعیەتی لە ئایەتوڵا شەریعەتمەداریی سەندەوە و بە فەرمانی خومەینی هەموو

سامانی شەریعەتمەداریی داگیرکرا. هەروەها کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی 1361/6/4 (1982/6/25) سادق قوتب زادە و ڕێبەرانی حیزبی خەڵکی موسڵمانی لە سێدارەدا.

شەریعەتمەداریی تا ساڵی 1366 لەماڵی خۆیدا دەستبەسەر بوو. ڕۆژی 1366/1/14 (1987/4/3) لە تەمەنی 82 ساڵیدا بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی "مێهرداد" لە تاران کۆچی دوایی کرد. کۆماری ئیسلامیی ڕێگەی بە بنەماڵە و دۆستان و لایەنگرانی نەدا کە بەگوێرەی وەسیەتەکەی بینێژن و خۆیان بە نهێنی ناشتیان.

## ڕژێمەکانی تورک و عێراق دژی کورد و کۆماری ئیسلامیی پلان دەگێڕن

پێشتر لە بەشە جیاوازەکانی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بۆ پڕچەککردنی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە کرد و گوتم حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان "کۆمەڵە"، دەفتەری شێخ عیزەدین حوسێنی، سوپای ڕزگاریی، شێخ جەلال حوسێنی و سمکۆ عەلیار دژی کۆماری ئیسلامیی چەک و پارە لە عێراق وەردەگرن. هەروەها گوتم ڕژێمی بەعسی عێراق ئاغا و کەسایەتییەکانی سەر سنوری دەستکرد پڕچەک دەکات و دژی کۆماری ئیسلامیی چەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بڵاودەکاتەوە.

حکومەتی تورکیاش کە دەستی باڵای هەیە لە دژایەتیکردنی گەلی کورددا، دوای شەڕی سێ مانگە لە کوردستان و داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا لە ئێران لە لایەن خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمامەوە، دوو نوسینگەی بۆ سەڵتەنەتخوازەکان لە ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ کردەوە. سەڵتەنەتخوازەکان سەرەتا بە ناوی "ئەرتەشی ڕەهاییبەخشی ئێران" بە سەرۆکایەتی ئەرتەشبود "بەهرام ئاریانا" و بە بەشداریی ئەرتەشبود "پالیزبان" و ئەرتەشبود "غولامعلی ئووەیسی" جەلادی خەڵکی کورد لە ساڵی 1969دا، دەستیان بە چالاکیی کرد و کۆمەڵێک ئەفسەر و پلەداری سوپا و ژاندارمەریی و شارەبانییان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە.

ئەرتەشی ڕەهاییبەخش بەهۆی ناکۆکیی ناوخۆییەوە لە نێوان ئەرتەشبود بەهرام ئاریانا و ئەرتەشبود غولامعلی ئووەیسی هەڵوەشا. بەهرام ئاریانا دوای هەڵوەشانی ئەرتەشی ڕەهاییبەخش لە سیاسەت دورکەوتەوە و ساڵی 1365 لە تەمەنی 80 ساڵییدا لە فەرەنسە کۆچی دوایی کرد.

دوای هەڵوەشانی ئەرتەشی ڕەهاییبەخش، ڕێکخراوێکی تری سەڵتەنەتخوازان بە ناوی "نەهزەتی مقاومەتی میللی" بە سەرۆکایەتی دوکتۆر شاپوور بەختیار و چەند گروپێکی بچوکیتر لە تورکیا و عێراق دژی کۆماری ئیسلامیی چالاک بوون. لەناو کوردەکاندا، ستوان خالید

موزەفەر، ستوان عەبدوڵا ئابام و پاسەبان سەید حوسێن شەمس لە نوسینگەی ئەستەنبوڵ کاریان بۆ نەهزەتی مقاومەتی میللی دەکرد.
بە وتەی سەید حوسێن شەمس نەهزەتی مقاومەتی میللی جگە لە ئەندامانی لەناو سوپای ئێراندا، ژمارەیەکیش دەرەبەگی سەر سنوری دەستکردی ئێران و تورکیای لە ڕیزەکانیدا کۆکردبووەوە و لەو بارەیەوە ئاماژەی بۆ ناوی تاهر خانی سمکۆ، سەنار مامەدی و حاجی بەهمەن هەرکی کرد و گوتی سەرهەنگ هادی عەزیز موراد فەرماندەی نوسینگەی نەهزەتی مقاومەتی ئێران بوو لە تورکیا.
ئەرکی نوسینگەی سەڵتەنەتخوازەکان لە تورکیا، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی لایەنگرانی سەڵتەنەت و چالاککردنیان بوو دژی کۆماری ئیسلامیی و گەڕاندنەوەی سەڵتەنەت بوو بە سەرۆکایەتی ڕەزا پەهلەوی بۆ ئێران. جگە لەوە شاپوور بەختیار و غوڵامعلی ئووەیسی دوو وێستگەی ڕادیۆیان بە ناوی ڕادیۆی "ئازادی" و ڕادیۆی "ئێران" لە عێراق دانابوو کە پروپاگەندەیان بۆ نەهزەتی مقاومەتی میللی و سەڵتەنەتخوازەکان دەکرد.
شایانی باسە کە غوڵامعلی ئووەیسی ڕۆژی 1362/11/11 لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پاریس و عەزیز موراد ڕۆژی 1364/10/13 (1985/12/23) لە تورکیا تیرۆر کران. بە تیرۆرکردنی عەزیز موراد، نەهزەتی مقاومەتی میللی نەیتوانی بە ئاشکرا درێژە بە چالاکییەکانی بدات و بەشێک لە ئەندامانیشی لە ترسی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی، لێی دورکەوتنەوە و هاتنە ئەوروپا، بەڵام گروپێکی سەڵتەنەتخواز بە سەرۆکایەتی دوکتۆر حەسەن جاف لە عێراق و ناوچەی هەورامان و جوانرۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک بوو.
دوکتۆر حەسەن جاف بە کەڵکوەرگرتن لە دۆخی زۆر نالەباری خەڵکی ناوچەی هەورامان و جوانرۆ کە بە هۆی شەڕی سێ مانگە و ئاوارە بوونی ژمارەیەکی زۆرەوە سەریهەڵدابوو، چەند کەسێکی وەک: خاڵەیارە، فەرەج شەمشیری، ئەکبەر ڕەوایی و حامیدی حەمە تاهر بەگی جاف و... تد لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە و دەوڵەتی عێراق دەرەتانی بۆ ڕەخساندبوو کە بە پارە و چەک ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچەکە ڕێکبخات. چونکە ئەو خەڵکە بێدەسەڵاتە لە ناوی جاش شەرمیان دەکرد و ناوی حیزبی

دیموکرات لە ناوچەکەدا ناوێکی پیرۆز بوو، خۆیان بە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات دەناساند! ئەرکی جاشەکانی سەر بە حەسەنی جاف، ئالۆزکردنی ناوچەی هەورامان و جوانرۆ و ڕفاندنی پاسدار و پیاوانی ڕژێمی ئێران و ناردنی تەقەمەنی و تەقاندنەوەی بوو لە ئێراندا.

لەو بوارەدا ڕۆژی 1358/10/6 (79/12/27) دە پاسداری کۆماری ئیسلامیی لە پاوەوە دەچن بۆ کرماشان و لە ڕێگەدا دەکەونە دەست جاشەکانی سەر بە دوکتۆر حەسەن جاف و دەستگیر دەکرێن. بەو هۆیەوە کۆماری ئیسلامیی هەڕەشەی بۆمبارانی ناوچەی هەورامانی کرد و مامۆستایانی خوێندنگەکانی پاوەش لە فەرمانداریی پاوەدا دژی ڕفاندنی ئەو پاسدارانە مانیانگرت و داوایان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد کە هەوڵی دۆزینەوە و ئازادکردنی ئەو دە پاسدارە بدات. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکخراوی هەورامان و جوانرۆ لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/10/10دا بڵاویکردەوە، سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو دە پاسدارە نوسی:

**دەستگیرکردن و ڕفاندنی پاسدار، دژی بەرژەوەندەکانی گەلی کوردە خەڵکی بە شەرەفی هەورامان و جوانرۆ**

**بەگوێرەی هەواڵ چەند شەو لەمەوپێش ژمارەیەک پاسداری هێنراو لە پاوەوە دەچنە کرماشان، لە ڕێگەدا لە لایەن ژمارەیەک چەکدارەوە دەستگیردەکرێن و دەیانڕفێنن. ڕێکخراوی هەورامان و جوانرۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕایدەگەیەنێت لە ڕەوتی وتووێژدا و بە پشتبەستن بەو ڕاستییەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان دەبێ بە وتووێژ و بە ڕێگەی سیاسی و لە دۆخێکی ئارامدا بکرێت، ئەو کردەوەیە بە پێچەوانەی بەرژەوەندەکانی گەلی کورد دەزانێ و بە هیچ شێوەیەک پەسەندی ناکات. دوای لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکە لە لایەن حیزبەوە، خەڵکی ناوچەکە لەو مەسەلەیە ئاگاداردەکەینەوە.**

لە بەیاننامەیەکیتری ڕێکخراوی هەورامان و جوانرۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کە ڕۆژنامەی ئیتلاعات ڕۆژی 1358/11/11 بڵاویکردەوە، حیزبی دیموکرات ڕایدەگەیەنێ:

**- (بە وتەی هەندێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات، ڕەنگە جاشەکانی سەر بە "سالار جاف" و "پالیزبان" پاسدارەکانیان بە بارمتە گرتبێ و بۆ ڕونکردنەوەی ئەو مەسەلەیەش ڕێکخراوی هەورامان و جوانڕۆی حیزبی دیموکرات خەریکی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە و ئازادکردنی پاسدارە دەستگیر کراوەکانە).**

بۆ ڕونکردنەوەی پتری ئەو مەسەلەیە ڕۆژی 2008/12/28 بە هۆی "بورهان ڕوحانی" کادێری حیزبی دیموکرات "کۆمیتەی شاری کامیاران" پەیوەندییم کرد بە "محەمەد وەلەدبەگی" ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لە هەورامان و جوانڕۆ، بە وتەی بورهان، وەلەد بەگی سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو دە پاسدارە گوتی:

**- (ئەو دە پاسدارە لە نێوان پاوە و قوری قەڵادا لە لایەن چەکدارەکانی سەر بە حامیدی حەمە تاهر بەگەوە دەستگیرکرابوون. حامید بەگ پاسدارەکانی دابوو بە کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات زۆر هەوڵیدا کە کۆمەڵە، پاسدارە دەستگیرکراوەکان ئازادبکات، بەڵام سەرنەکەوت).**

حامید بەگ ڕۆژی 1359/3/12 لە لایەن پێشمەرگەکانی چریکی فیداییەوە لە مهاباد دەستگیر کرا. ناوبراو لە لێپرسینەوەیەکدا کە عەلی ڕەزا شاندیزی "جەواد" و عومەر حەمیدیی لەگەڵیان کرد، ئاماژە بۆ گرتنی ئەو پاسدارانە و دانیان بە کۆمەڵە کرد و گوتی کۆمەڵە دوو لەو پاسدارانەی کوشت و نازانم چی بەسەر ئەوانی تر هێنا.

لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/11/10دا وتووێژێکی ئەندازیار شاوەیسی پارێزگاری پارێزگای کوردستانی بڵاوکردووەتەوە کە دەڵێ: **(عێراقییەکان بە بەردەوامیی چەکدار و بەکرێگیراوی خۆیان دەنێرنە ناو خاکی ئێرانەوە و دەبێ خەڵکی کورد هۆشیار بێ و لە ناوچە سنوورییەکاندا فریو نەدرێت بە پلان و هاندانی عێراقییەکان).** شاوەیسی لە بەشێکی تری وتووێژەکەیدا دەڵێ:

**- (خەڵکی شۆڕشگێڕی وڵاتی ئێمە هەر ئێستا لە چەند بەرەدا دژی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و کۆنەپەرستانی ناوخۆ دەجەنگێت، لەبەرئەوە دەبێ هەوڵبدەین بە هەموو هێزمانەوە لەو بەرانەدا سەرکەوین و وڵات و سنورەکانمان ئارام بکەینەوە).**

وتەکانی شاوەیسی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆن لەسەر هێزە سیاسیەکانی کوردستان کە ئەگەر کۆتایی بە ئاڵۆزیی لە شارەکانی کوردستان نەیەت و پاسدارە هێنراوەکانیان نەتوانن بە خواستی خۆیان جموجوڵ بکەن، ئەوا سوپای ئێران سەرلەنوێ هێرش دەکاتەوە سەر کوردستان و لە سنوری دەستکرددا جێگیردەبێت.

## جاش دەبێتە پێشمەرگەی کوردی موسڵمان !

هەروەک دەزانین جاشایەتی شێوازی جیاوازی هەیە و بەگوێرەی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا دێت. دیاردەیەک نیە کە تایبەتمەندیی بە کورد و کوردستانەوە هەبێت، بەڵکوو هەموو نەتەوەیەکی کۆلۆنی دەگرێتەوە کە بۆ ڕزگاریی نەتەوە و نیشتمانەکەی خەبات دەکات. بەرلەوەی کە دیاردەی جاشایەتی لە کوردستان سەرهەڵبدات، ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانیی و سەفەویی چەندان جار لە شەڕەکانیاندا دژی یەکتر سودیان لە خێڵەکانی سەر سنوری شەڕەکانیان وەرگرتووە و عوسمانییەکان ناویاننابوون سوارەی سەلاحەدین.

لە شۆڕشی شێخ عوبەیدولا نەهریی لە ساڵی 1880دا کە هەستی نەتەوایەتی کورد بە دروشمی ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان سەریهەڵدا، دوژمن بە بەرنامەیەکی چڕتر دژی ئازادیخوازان کەڵکی لە ناکۆکی نێوان خێڵەکان وەرگرت و بزوتنەوەکانی شێخ سەعید پیران، شێخ مەحمود، سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ"، شێخ ئەحمەد بارزانی بەچۆکدا هێنا. ئەم ڕەوتە تەنانەت لە سەرەتای دروستبوونی حیزب و کاری ڕێکخراوەییشدا لە کوردستان بەردەوام بوو. دەوڵەتی عێراق توانی بە هاوکاریی فرۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئینگلیز و بە یارمەتی خێڵەکان لە ساڵی 1945دا شۆڕشی بارزان بشکێنێت و حکومەتی پەهلەوی بە هاوکاریی ئاغا خۆفرۆشەکان، کۆماری کوردستانی لە ساڵی 1946دا ڕوخاند. دیاردەی جاشایەتی لە شۆڕشی ئەیلول و ساڵی 1966دا شێوازێکیتری پەیداکرد. لەو ساڵەدا، بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دژی مستەفا بارزانی و پارتەکەی خۆیان پاڵیان بە ڕژێمی بەعسی عێراقەوە دا و بە چەک لە بەرامبەر

پارتی دیموکراتی کوردستان و نەتەوەی کورددا وەستان. بە تێپەڕبوونی کات، دیاردەی جاشایەتی شێوازێکی نوێی پەیداکرد. هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران بۆ شکاندنی شۆڕشی ئەیلول لە عێراق و بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پەنایان برد بۆ چەکدارکردنی خێڵەکان و خەڵکی گوندەکانی سەر سنوری دەستکرد. لە عێراق حکومەتی بەعس ئاغاکانی لە ئۆرگانێکدا کۆکردەوە و ناوینان "مستشار" و بە هۆی ئەوانەوە خەڵکیتری بە ناوی "فرسان"، دژی شۆڕشی ئەیلول چەکدار کرد. لە ئێران بەشێک لە خەڵکی ناوچەکانی سەر سنور بە ناوی "جەوانمەرد" بۆ بەربەرەکانیی خەباتکارانی کورد ڕێکخران و بۆ ئەو مەبەستە جەوانمەردەکانیان لە پێگەکانی ژاندارمەرییدا کۆکردەوە و لە ژێر فەرمانی ژاندارمەرییدا ڕێکیانخستن. دیاردەی جاشایەتی بە ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی لە ئێران و ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق کۆتاییهات، بەڵام حکومەتی تورکیا بۆ بەربەرەکانیی کورد، جاشی دامەزراند و ناوینان "خروج".

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی دامەزراندنی جاش، سەرەتا لە هەستی ئایینیی لاوانی کورد کەڵکیوەرگرت و ژمارەیەک لاوی کەم ئەزمونی بە لای خۆیدا ڕاکێشا و دواتر بە لاسایی کردنەوە لە حکومەتی بەعسی عێراق، سەرۆک خێڵەکانی ناوچە سنورییەکانی کوردستانی کۆکردەوە و بەشێکیانی بە چەک و پارە بە ناوی بەرگریی کردن لە ماف و ئازادیی خۆیان پڕچەک کرد. لە ڕەوتی ئەم کتێبەدا زانیارییمان لەسەر چەکدارکردنی خێڵەکان پەیداکرد. دواتر کۆماری ئیسلامیی دەرەبەگە چەکدارکراوەکانی بە شێوەی موچەخۆر دامەزراند و ئەوانیش بۆ قازانجی پتری خۆیان کۆمەڵێک جوتیار و خەڵکی هەژاری شارەکانیان بۆ جاشایەتی لە دەوری خۆیان کۆکردەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فەرمانی خومەینی ڕۆژی 1358/9/15 (1980/11/6) ڕێکخراوی "بەسیج"ی دامەزراند کە بۆ سەرکوتکردنی خەباتگێڕانی ئازادیخواز لە خوێندنگە و زانکۆکان و شار و گوندەکاندا بە شێوەی سیخوڕ و گۆپاڵبەدەست کەڵکیان لێوەربگرێت، خۆپێشاندانی

ڕێکخـراوە سیاسـیەکانیان پـێ بشـێوێنێت و لــە بــەرەکانی شــەڕدا وەک کەسانی خۆبەختکەر و هێزی بەرگریی نیشتمانیی شەڕیان پێبکات.

دوای دامەزرانـدنی ڕێکخـراوی بەسیج لـە کۆمـاری ئیسـلامییدا، حکومـەت کـوردە جاشـەکانی خسـتە ژێـر فـەرمانی سـوپای پاسـدارانەوە. پاسـدار "محـەمەد بروجردی" کە یەکێک بوو لە پاسداره هاوردەکان بۆ کوردستان و لـە مـەریوان، بانـە، سنە، پاوە، سەردەشت، بۆکـان، سـەقز و مهابـاد دژی گەلی کورد بەشداریی شەڕەکانی کردبوو، پرۆژەی ڕێکخـراوی "پێشـمەرگەی کـوردی موسـڵمانی" ئاڕاسـتەی حکومـەت کـرد، بـەڵام لەلایـەن حکومـەتی بازرگانەوە پەسەند نەکرا، بەڵام شورای شۆڕشی ئیسلامیی کە دوای دەست لەکارکێشـانەوەی مەهـدی بازرگـان بـە سـەرۆکایەتی ئایـەتوڵا بەهەشـتی ئــەرکی حکومــەتی لــە ئەسـتۆ گـرت، پرۆژەکــەی پەســەند کـرد و جاشــە کوردەکــانی لــە ئۆرگانێکــدا و لــەژێر فەرمانــدەیی ســوپای پاســداراندا ڕێکخست تا بە ڕواڵەت ناوی جاشیان لێ دوربخاتەوە!

بـە نوسینی سایتـەکانی سـەربە حکومـەتی ئێران و سـایتی tebyan.net محـەمــەد بروجــردی دامەزرێنــەری ڕێکخــراوی جاشــی موســوڵمان لـــە کوردستاندا گەیشتە پلـەی "فـەرماندەی قـەرارگای هـەمزە" و سـەرئەنجام ڕۆژی 1360/3/1 لە کاتێکدا لـەگەڵ پێنج پاسداری تر لـە مهابادەوە دەچووە ورمێ، لـە "سێ ڕێیانی" مهاباد و نەغەدە ئوتۆمبێلـەکەی کەوتە سەر مین و کوژرا، هەرچەندە حوسێن کوڕی بروجردی و ژمارەیـەک لـە لایـەنگرانی لـە سایتی "محـەمەد بروجردی"دا ڕادەگەیـەنن کـە محـەمـەد بروجـردی بـە مین نەکوژراوە و بـە هـۆی بەربـەرەکانیی نـاوخۆیی لـە کۆمـاری ئیسـلامییدا بـە دەست نەیارانی کوژراوە.

کۆمیتــەی ناوەنــدیی حیزبــی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێــران لـــە بەیاننامەیەکیدا کە ڕۆژنامەی ئیتلاعات لـە ژمارەی ڕۆژی 1358/11/20دا بڵاویکــردەوە، ڕایگەیانــد: **(کۆمــاری ئیســلامیی بــۆ ئاژاوەنانــەوە لـــە کوردستاندا خەریکە لە ناوچەی دیواندەرە جاش دادەمەزرێنێت و بۆ ئـەم مەبەستە دوو میلیۆن و شەش سەد هەزار تمەنی داوە بە "خەلیل مەلکی" خەڵکی تیلەکۆی دیواندەرە و خەریکی دامەزراندنی جاشە لە ناوچەکەدا.)**

وشەی جاش لە زمانی کوردییدا بە "نێروێ" واتە بەچکەی نێرینەی کەر دەگوترێ، بەڵام لە فەرهەنگی سیاسی کوردییدا بە کەسێک دەڵێن کە دژی نەتەوەی خۆی چەک هەڵبگرێت. لەبەرئەوە بوو کە حکومەتی بەعس ناوی سەرۆک جاشەکانی نابوو "مستشار" و لە تورکیا ناوی "خروج"ییان بۆ دیارییکردن. لە ئێران بە "پێشمەرگەی کوردی موسڵمان" ناویان دەبەن کە هیچکامیان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا جێگیر نەبوو.

## هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆککۆمار بۆ کۆماری ئیسلامیی

شورای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کە دوای دەستلەکارکێشانەوەی مەهدی بازرگان سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی، ئەرکی بەڕێوەبردنی حکومەتی لە ئەستۆ بوو، ڕۆژی 1358/11/5 (1980/1/25) ی بۆ هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆککۆمار بۆ کۆماری ئیسلامیی دیارییکرد و سێ مانگ بەرلە هەڵبژاردن ڕایگەیاند کە خەڵک بە گوێرەی یاسای هەمیشەیی کۆماری ئیسلامیی دەتوانن خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار کاندید بکەن. 106 کەس خۆیان کاندید کرد، بەڵام بەشێک لە گەلی کورد، بلوچ، تورکمان، عەرەب و ئازەریی کە پەیڕەویی دەکەن لە ئایینی سوننە، لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینەکانیتری وەک ئەرمەن، جوو، بەهایی و ... تد بەپێی فەسڵی 9 ئەسڵی 115 یاسای هەمیشەیی ئێران مافی خۆکاندید کردنیان نەبوو.

مەسعود ڕەجەوی سەرۆکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران یەکێک بوو لەو کەسانەی کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری ئێران کاندیدکرد. بە پڕۆگرامێکی تۆکمە و دیموکراتیی بە قازانجی کارگەران، جوتیاران و گەلانی ئێران دەیویست ببێتە سەرۆککۆمار. ڕەجەوی سەبارەت بە گەلی کورد ڕایگەیاند ئامادەیە کێشەی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتیی و وتووێژ چارەسەر بکات و گەلاڵەی 26 مادەیی پێشنیازکراو لە لایەن هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردەوە دەکاتە هەوێنی وتووێژەکانی. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامانیتری هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ڕایانگەیاند کە لەو هەڵبژاردنەدا دەنگ بە مەسعود ڕەجەوی دەدەن.

ئایەتوڵڵا خومەینی لە وتارێکیدا بە بۆنەی هەڵبژاردنەوە گوتی: **(من نامەوێ پشتی کەسێک بگرم، هەروەک کەسێکیش ڕەت ناکەمەوە و لە هەموو حیزب و گروپ و خەڵکیشم دەوێ کە بە ناوی منەوە بۆ کاندیدی خۆیان هەوڵ نەدەن و کاندیدی کەسیتریش بە ناوی منەوە ڕەتنەکەنەوە.)**.

لەبەرئەوەی کە لەو سەردەمەدا شورای نگهبان پێکنەهاتبوو، ئایەتوڵڵا خومەینی پاڵاوتنی کاندید کراوەکانی بە حوجەتولئیسلام "خوئنی" سپارد و ئەویش لەو 106 کەسە، حەوت کەسی بەم ناوانەی خوارەوە هێشتەوە و ئەوانیتری ڕەتکردەوە: ئەبولحەسەن بەنیسەدر، سەید ئەحمەد مەدەنی، حەسەن ئیبراهیم حەبیبی، سادق قوتب زادە، محەمەد سادق تەباتەبایی، داریوش فروهەر و کازم سامی کرمانی. بەو جۆرە ڕێگە بە مەسعود ڕەجەوی سەرۆکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک نەدرا کە بۆ پۆستی سەرۆککۆمار بەشداربێت لە هەڵبژاردندا. بە کشانەوەی ڕەجەوی لە هەڵبژاردن، ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بەشداریی هەڵبژاردنیان نەکرد، بەڵام بەشێک لە خەڵکی کوردستان بە شێوەی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد و دەنگیان بە ئەبولحەسەن بەنیسەدر و حەسەن حەبیبی دا.

بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنی خومەینیەوە کە پاڵپشتی لە پاڵێوراوان ناکات، ناوبراو بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پشتی بەنیسەدری گرت. بەنیسەدر بە پشتگیریی خومەینی و لایەنگرانی سەرکەوتنی مەزنی بەدەستهێنا. لە کۆی بیست میلیۆن و نۆسەد و نەوەد و سێ هەزار و شەش سەد و چل و سێ (20993643) کەس کە مافی بەشدارییکردنیان لە دەنگداندا هەبوو، 13 میلیۆن و 996 هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد. لەو ژمارەیە، بەنیسەدر 10 ملیۆن و 709330 دەنگی هێنا و دوکتۆر ئەحمەد مەدەنی 2 میلیۆن و 222 هەزار و 552 دەنگ، دوکتۆر حەسەن حەبیبی 674 هەزار و 859 دەنگ، داریوش فروهەر 133 هەزار و 478 دەنگ. عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە لاپەڕەی 216 ی نیو سەدە تێکۆشاندا دەربارەی هەڵبژاردنی بەنیسەدر دەڵێت:

**- (کاتێک چوومە قوم و چاوم بە ئاغای مکارم شیرازی کەوت، لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا لێی پرسیم حیزبی دیموکرات لە هەڵبژاردندا بەشدار دەبێت یان نا؟ لە وەڵامدا گوتم وەختێک لە مەهابادڕا هاتم قەرار بوو بەشداربین و دەنگیش بۆ ئاغای رجوی بدەین، بەڵام ئێستا دەبینم ئەو لەو گەردوونە دەرکراوە، نازانم حیزب بڕیارێکی دیکەی داوە یان نا؟ ئاغای شیرازی گوتی دۆستانە پێت دەڵێم ئێوە لە هەڵبژاردندا بەشدار بن، بە قازانجتانە، گوتم ئاخر هیچ کام لە کاندیدەکان شتێکیان بۆ کورد لە بەرنامەی کاری خۆیاندا نەگونجاندوە. نازانین دەنگ بۆ کێ بدەین. گوتی دەنگ بەو کەسە بدەن کە هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەوەی نەزەری لەگەڵتان باش بێ. گوتم مەبەستت ئاغای حبیبی‌یە. گوتی نا ! گوتم ئاخر "حوزەء علمیە" پشتیوانیی لەو کردووە. کە وام گوت، لە یەک قسەدا گوتی: ئەمە ڕواڵەتی مەسەلەیە. سەرۆک کۆماری داهاتووی ئێران ابولحسن بنی صدرە).**

بەنیسەدر ساڵی 1312 لە گوندی "باغچە" لە ناوچەی هەمەدان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە هەمەدان تەواوکردووە و لە خوێندنگەی علمیەی تاران درێژەی بە خوێندن داوە. لە ساڵانی 1338- 1339 لە لای ئایەتولڵا تاڵەقانی بەشداریی کۆبوونەوەکانی تەفسیری قورئانی کردووە و لە بەشی ئابووری زانکۆی تاران، دوکتۆرای ئابووری وەرگرتووە. لە مانگی جۆزەردانی ساڵی 1342دا چووەتە فەرەنسە و لەوێ درێژەی بە خوێندنداوە و لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس دوکتۆرای کۆمەڵناسیی وەرگرتووە. ساڵی 1357 گەڕاوەتەوە ئێران و لە مەجلیسی خیبرەگاندا کرا بە ئەندام و لە حکومەتی کاتیی بازرگانیشدا وەزیری دارایی بوو. دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردندا، ڕۆژی 1358/11/15 حوکمی سەرۆکایەتی کۆماری لە خومەینی وەرگرت و لە کۆتایی ئەو مانگەدا کرا بە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران. ڕۆژنامەی لوموندی فەرەنسی لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە ژمارەی ڕۆژی 6-1358/11/7 (26-1980/1/27) دا بڵاویکردەوە، دەربارەی سەرکەوتنی بەنیسەدر لە هەڵبژاردندا دەڵێ:

**- (جگە لە کوردستان، بەشدارییکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندا زۆر بەرین و بەرچاو بوو. دروشمی "درود بۆ بەنیسەدر" لە بینای پۆڵایینی ژمارە 212 ی شەقامی "آپادانا"وە کە ناوەندی هەڵبژاردن بوو دەبیسترا. بەنیسەدر لە گەڕەکی جوولەکان زۆربەی دەنگەکانی هێنا. یەکێک لە کەسایەتییەکانی جوولەکە بە ئێمەی گوت: بەنیسەدر کەسایەتییەکی لیبراڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، کاسبکارێک گوتی: سودی بانکیی کەم دەکاتەوە و لە 14%وە دەیهێنێتە سەر 4%"، ئەویتریان لە گەڕەکی حەڵەبی ئاباد گوتی: بەڵێنی کار و خانووی بە ئێمە داوە و لەگەڵ ئەوەشدا دژی ئەمریکایە، مامۆستایەک گوتی: ئابوورییناسێکی سەرکەوتووە و گرفتی ئابووریی وڵات چارەسەر دەکات و ئەویتریان گوتی: بەنیسەدر بە ڕێگای نوسراوەکان و وتارەکانییەوە دەناسێت هەروەها کرێکارێک گوتی: بەنیسەدر دۆستی ئیسلام و کرێکارانە. بەو بۆچوونانە بەنیسەدر لە گوندی ئەحمەدئاوای نزیک تاران 96%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. جگە لەوە، کاتی هەڵبژاردن تۆمەتی زۆر پیس دەخرایە پاڵ بەنیسەدر و دەیانگوت سیخوڕی فەرەنسە و ئیسرائیلە و بە نهێنی چووەتە "بەیت ولموقەدەس" و چاوی بە "گۆڵدامایر" سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل کەوتووە، باوکی دۆست و هاوکاری سەرلەشکر زاهدی بووە، ئەو کەسەی کە بە هاوکاریی ڕێکخراوی سیا و ساواک کودیتای کرد و ساڵی 1953 شای گەڕاندەوە سەر تەختی حکومەت.).**

بەنیسەدر یەکێک بوو لە قوتابیانی ئایەتوڵا تاڵەقانی و پشتیوانیی لە سیاسەتی مەسعود ڕەجەوی و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دەکرد. دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردندا، ڕۆژی 1358/11/7 بەشداریی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی کرد و سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە و مەسەلەی کوردستان، ئابووری، بازرگانیی و دیاردە گرنگەکانی وڵات بیروڕای خۆی بۆ ڕۆژنامەنوسانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ڕونکردەوە. ڕۆژنامەی "جمهوری ئیسلامی" لە ژمارەی ڕۆژی 1358/11/8دا بەشێک لە وتەکانی بەنیسەدری بڵاوکردووەتەوە. لە وەڵامی ڕۆژنامەنوسێکدا سەبارەت بە سیاسەتی داهاتووی ئێران بەرامبەر بە ڕۆژئاوا گوتی:

- (سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە دور بین لە داسەپاندنی دەسەڵات بە سەر هێزەکانی‌تردا و ئێمە ئامادەین بۆ گەشەپێدانی کاروباری مرۆڤایەتی پەیوەندیی یەکسانمان هەبێت لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا. پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان کە بیری خۆداسەپاندنیان هەیە، هەندێک دژوارە، تا ئەو کاتەی خاوەنی ئەو سیاسەتە بن، ئێمە لە بەرامبەریاندا بەرگریی و بەربەرەکانیی دەکەین. سەبارەت بە بارمتەکان، گومانم لەوە هەیە کە "ڕۆیتەر" لە ڕاپۆرتی دوێنێیدا ڕای منی بە تەواویی بڵاوکردبێتەوە، ئێمە ئەو مەسەلەیە بە بەشێک لە مەسەلە سەرەکییەکانەوە دەبەستینەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایی ئەمریکا بەسەر ئێراندا. لەبەرئەوە ئێمە لە ئەمریکامان دەوێت نەک بە تەواویی دەست لەو بیرەی بکێشێتەوە، بەڵکوو پێشانیبدات کە لە داهاتوودا دەست لە کاروباری ئێران وەرنادات. لەو کاتەوە کە ئەمریکا دەست لە پاوانخوازیی هەڵبگرێت، مەسەلەکە شێوازێکی‌تر بەخۆیەوە دەگرێت و دەتوانین بڵێین بە ڕێگەچارەیەک گەیشتووین. سەبارەت بە ئابووری وڵات بەنیسەدر گوتی: ڕیزبەندییەکمان هەیە کە بۆ جێبەجێکردنی دەبێت چاوەڕوانی مەجلیس بین. زنجیرە کارێکیشمان هەیە کە دەتوانین هەر ئێستا دەستیان پێبکەین. بۆ دابەزاندنی نرخەکان و ڕاگرتنی هەڵئاوسانی ئابوری لە ئێراندا هیوادارم بە هاوکاریی بازاڕییەکانی خەتی ئیمام، لەم هەفتەیەوە دەست بە خەبات دژی گرانیی بکەین. مەسەلەیەکی‌تر کە دەتوانین کاری بۆ بکەین زەوی جوتیاران و هەوڵدانمانە بۆ دۆزینەوەی کار بۆ کەسانی بێکار کە دەکرێ لە ئێستاوە کاریان بۆ بکەین). سەبارەت بە ڕێگەچارەی کێشەکانی کوردستان، بەنیسەدر گوتی:

- (خاڵی یەکەم، یەکیەتی و یەکپارچە بوونی وڵاتە. دووەم، دورکەوتنەوەیە لە دانانی جیاوازیی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی لە هەرێمە جیاوازەکانی وڵاتدا. سێیەم، تەسلیم نەبوونە بە گروپێکی سیاسی شەڕکەر. لەسەر بنەمای ئەم سێ خاڵە، هیوادارم خەڵکی ئێمە لە هەموو جێیەک باوەڕ بە حکومەتی خۆیان بکەن و ئێمە بە زوویی ڕێگەچارەیەکی شیاو بۆ کێشەکانی وڵات بدۆزینەوە. بەنیسەدر دەربارەی حیزب و گروپە سیاسیەکان گوتی: ئەگەر حیزب و گروپەکان بە

باسی ئازاد ڕازیبین و ئامادەبن ڕای خۆیان ڕابگەیەنن و جنێو نەدەن، لە ئاکامی باسی ئازاد لە نێوان گروپەکاندا بەو ڕاستییە دەگەن کە ئێرانی ئەمڕۆ ئێرانی سەردەمی شا نیە کە بە زۆر بیروڕای خۆت بەسەر خەڵکدا بسەپێنیت. دەبێ ئەو شێوە کارە بە لاوە بنرێ و چوارچێوەیەکی لێکتێگەیشتن پەیدا ببێت و لەو چوارچێوەیەدا دەربڕینی بیروڕا ئازادە و دەوڵەت بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی بەرگریی لە ئازادیی بیروڕا دەکات.). سەبارەت بە پەیوەندیی لەگەڵ بڵاوکراوەکاندا، بەنیسەدر گوتی:

- (ڕۆژنامە ئامرازی پەیوەندیی نێوان خەڵکی ئەم وڵاتەیە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ خەڵکانی جیهان و ئێمە ناتوانین بەبێ ئاگاداریی کار بکەین. گرنگترین کاری ڕۆژنامەکان گەیاندنی هەواڵی ڕاستە، لەبەرئەوە دەبێ هیچ چەشنە سانسۆرێک لەسەر ڕۆژنامەکان نەمێنێ، تا بتوانن بە تەنیا ڕاستییەکان بڵێن. پێدەچێت گرنگترین سانسۆر لە لایەن ڕۆژنامەکان خۆیانەوە بکرێت، لەوە دەچێت ئەوان وەکیلی خەڵک بن و لە خێر و شەڕی خەڵک بگەن، ئەوان دیاریی دەکەن کە کام هەواڵ بە کەڵکی خەڵک دێ و ئەگەر پێویستیش بوو، هەندێک ترش و خوێی دەکەن و کام هەواڵ بە کەڵکی خەڵک نایەت بەلاوەی دەنێن. دەبێ ڕۆژنامەکانی ئێمە لەو ڕەوشە دوربن، بەڵام دەبێ ڕۆژنامە بیانییەکان سەرنجی ئەوە بدەن کە لە سەردەمی شادا، بە ساڵان بیری گشتیی خۆیان فریوداوە و ڕاستییەکانی وڵاتی ئێمەیان بە پێچەوانەوە بە ڕای گشتیی گەیاندووە و ڕایاندەگەیاند کە گوایە ئێران چوار ناڵە لە گەشەسەندندایە. لەبەرئەوە کاتێک شۆڕش سەرکەوت، بە شێوەی سروشتی لە بیروڕای گشتیدا بایەخیان نەما، دەبێ بڕیاربدەن ئامانجیان لە هاتن بۆ ئێران چییە! ئایا بۆ پروپاگەندە هاتوون، یان گەیاندنی ڕاستییەکان بە خەڵکی خۆیان، بە هەر ئامانجێک هاتبن لە ڕوانگەی منەوە ئازادن، تەنانەت ئەگەر درۆش بنووسن.).

بەنیسەدر هەوڵیدەدا کە ئێران بەرەو دیموکراتی ببات، بەڵام سەرنەکەوت و هەڵسوکەوتی بە دڵی خومەینی و مەلا دەسەڵاتدارەکان نەبوو، لەبەرئەوە خومەینی ڕۆژی 1360/3/20 پۆستی فەرماندەی گشتیی

هێزە چەکدارەکانی لێسەندەوە. ڕۆژی 1360/3/31 مەجلیسی شورای ئیسلامیی بە کۆی 117 دەنگ بەرامبەر بە 10 بێدەنگ، بەنیسەدری بە کەسێکی ناشایست لە بواری سیاسیدا دانا و لە سەرۆکایەتی خست و ئەو پۆستەی بە شورای سەرۆکایەتی کۆمار سپارد. ڕۆژی 1360/4/1 بە فەرمانی خومەینی پۆستەکەی لێوەرگیرایەوە.

دوای دەرکردنی بەنیسەدر لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، هاوکاریی نێوان بەنیسەدر و مەسعود ڕەجەوی و لایەنگرانیان شێوازێکی تازەی بە خۆیەوە گرت. بە چەشنێک ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی نەیتوانی لە بەرامبەریدا بێدەنگ ببێت و ئەنجامەکەی گەیشتە شەڕی چەکدارانە و پێکهێنانی "شورای میللی بەرگریی" و ڕاکردنی مەسعود ڕەجەوی و بەنیسەدر لە ئێران لە ڕۆژی 1360/5/7 بە فڕۆکەیەکی بۆینگی 747 لە فڕۆکەخانەی پێگەی شکاریی تارانەوە بۆ پاریس. چارەنوسی کاندیدکراوەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار باشتر نەبوو لە بەنیسەدر. کۆماری ئیسلامیی ساڵی 1358 سادق قوتب زادەی گوللەباران کرد و دوکتۆر کازم سامی لە پاییزی ساڵی 1367 و داریوش فروهەر لە 1377/9/1 بە شێوەیەکی سامناک لە ماڵی خۆیاندا بە چەقۆ کوشت. لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا ئاماژە بۆ کار و کردەوەکانی بەنیسەدر دەکەم.

## کۆمەڵە سوپای ڕزگاریی چەک دەکات

سنە و مەریوان ناوەندی هێز و تا ڕادەیەک دەسەڵاتی ڕێکخراو و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوو. لەو دوو ناوچەیەدا کۆمەڵە باشتر دەیتوانی پلان و پرۆژەکانی خۆی جێبەجێ بکات تا لە ناوچەکانیتری کوردستاندا. بەو بۆنەیەوە و بەبێ سەرنجدان بە دۆخی ناسکی کوردستان، ڕۆژی 7-1358/11/9 (27- 1980/1/29) بە پلانێک کە پێشتر دانابوو چەند بنکەیەکی سوپای ڕزگاریی لە ناوچەی نێوان مەریوان، سنە و کامیاران چەککرد و کێشەیەکی مەزنی بۆ گەلەکەمان پێکهێنا. سوپای ڕزگاریی لە کۆمەڵێک خەڵکی هەژار و نەخوێندەوار و دەروێشی ناوچەکە و بەتایبەتیی هەورامانی تەخت پێکهاتبوو، شێخ مادح کوڕی شێخ عوسمانی نەقشبەندیی سەرۆکایەتی دەکرد و ڕژێمی عێراق لە بواری چەک و تەقەمەنی و پارە و پێویستییەکانەوە یارمەتیدەدا.

حوسێن موراد بەگی بەرپرسی جێبەجێکردنی پلانی چەککردنی پێشمەرگەکانی سوپای ڕزگاریی، لە لاپەڕەی 162-163ی کتێبی مێژووی زیندووی کوردستان- چەپ و ناسیونالیزم"دا بە زمانی فارسیی نوسیویەتی: **(چەککردنی سوپای ڕزگاریی بۆ کۆمەڵە و گەشەپێدانی نفوزی سیاسی و چەکدارانەی ئێمە لە کوردستانی ئێران لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی و کۆنەپەرستانی ئایینیی و نائایینیی لە کوردستانی ئێران گرنگییەکی زۆری هەبوو.)**.

هەروەها مورادبەگی لە لاپەڕەی 161ی کتێبەکەیدا دەڵێت: **(کۆمەڵە لە یەکەم ڕۆژانی چەک هەڵگرتنی ئەو شێخانە، بیری لە چەککردن و پێشگیرییکردن لە گەشەکردنیان لە ناوچەکەدا دەکردەوە، چونکە دەیزانی لە دواڕۆژدا کۆسپ دەخەنە ڕێی خەباتی ئازادییخوازانەی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و حیزبی دیموکرات و هێزە کۆنەپەرستەکانیتری ناوچەکە دەتوانن وەک بەکرێگیراوی پڕچەک دژی کۆمەڵە و خەباتی چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان کەڵکیان لێوەربگرن. بڕیاری چەککردنی ئەو هێزە کۆنەپەرستە لە لایەن ئێمە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ئەو سەردەمەوە بەگشتیی بڕیارێکی سیاسی بوو، نیازمان چەک و تەقەمەنییەکانی ئەوان نەبوو، هەرچەندە بە بەدەستخستنی چەکەکانیان، ئێمە لە بواری**

**چەکیشەوە بەهێز بووین، بەڵام ئەو مەسەلەیە جێگەی باس نەبوو. مەسەلەکە بۆ ئێمە بڵاوەپێکردن بەو هێزە کۆنەپەرستە، لە بواری سیاسی و بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵەی ئەو سەردەمە بوو کە بێگومان بە هەڵوەشاندنی باسکی سەربازییان، کۆمەڵە بەهێز دەبوو.).**

بە نوسینی موراد بەگی کۆمەڵە بۆ چەککردنی بنکەکانی سوپای ڕزگاریی لە گوندەکانی "بیەکەڕە"، "نگڵ"، "جانەوەرە" و "سەوڵئاوا" لە ناوچەی نێوان مەریوان و کامیاران و سنە، پێشتر ژمارەیەک پێشمەرگە وەک میوان دەخزێنێتە ناو بنکەکانی سوپای ڕزگارییەوە و دواتر چەکیان دەکەن، بەڵام ناتوانێت زەفەر بە دوو بنکەی "دووڕو" و "ئەحمەد ئاوا" ببات کە بنکەی سەرەکیی سوپای ڕزگاریی و ناوەندی شێخ مادح و شێخەکانی نەقشبەندیی بوون.

کۆمەڵە ئەندامی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بوو، لەبەرئەوە پێویست بوو سەرنج بداتە بڕیارەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد سەبارەت بە هێمن ڕاگرتنی کوردستان و نەهێڵێت کوردستان ئاڵۆز ببێت و ئاژاوە بکەوێتە ناو شار و گوندەکانەوە و لایەنی توندڕەوی کۆماری ئیسلامیی پلانە شومەکانیان لە کوردستاندا جێبەجێ بکەن، کەچی کۆمەڵە بە پشتبەستن بە هەستی ساوایانەی ئەو سەردەمەی و بۆ بەهێز پێشاندانی خۆی لە ناو جەماوەردا، بیانوویەکی گەورەی دایە دەست کۆماری ئیسلامیی و سەرلەنوێ خەڵکی کوردی تووشی شەڕێکی نەخوازراو کردەوە.

دوای چەککردنی ئەو بنکانە لە لایەن کۆمەڵەوە، ژمارەیەک دەروێش و لایەنگری بنەماڵەی شێخ عوسمان دژی کۆمەڵە لە شارەکانی کوردستان کۆبوونەوە و لە مهاباد لە لای مامۆستا شێخ عیزەدین و حیزبی دیموکرات شکاتیان کرد. لە بەرامبەردا کۆمەڵەش لایەنگرانی خۆی لە مهاباد و شارەکانیتر ڕژاندە ناو شەقامەکان کە دژی سوپای ڕزگاریی پشتی کۆمەڵە بگرن. بەو بۆنەیەوە حیزبی دیموکرات و چریکی فیدایی کە هەردووکیان ئەندامی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بوون، ڕەخنەی توندیان لە کۆمەڵە گرت و داوایان لێکرد لەو هەڵوێستە تێکدەرانەیەی پاشگەز ببێتەوە.

حوسێن موراد بەگی سەبارەت بە ڕەخنەی حیزبی دیموکرات و چریکی فیدایی خەڵک لە لاپەڕەی 167ی کتێبەکەیدا دەڵێ: **(چەککردنی سوپای ڕزگاریی بە هەر کەمییەت و کەیفیەتێکەوە بێت، دەستبەجێ پێگەی کۆمەڵەی ئەو سەردەمەی لە بەرامبەر حیزبی دیموکراتدا لەناو کۆمەڵگە و ڕای گشتیدا بەرزکردەوە. گوشاری ئەو سەرکەوتنە لە ئاکامی بەتوانا بوونی کۆمەڵەی ئەو سەردەمە، دەتوانین لە کاردانەوەی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتدا ببینین کە داوای لە دەفتەری شێخ عیزەدین حوسێنی کرد، گوشار بخاتە سەر کۆمەڵە کە گوایا بەبێ ئاگاداریی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ئەو کارەی کردووە، هەمان بیانوو کە ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک دەیگرت و نەیدەویست کۆمەڵە هێزی زیاتری هەبێت.)**.

کۆمەڵە بەبێ سەرنجدان بە ڕەخنەی هاوپەیمانانی و بارودۆخی ناوچەکە، ڕۆژی 1358/11/9 لە سنەوە پێشمەرگەکانی خۆی لە کامیاران ئاگادار دەکاتەوە کە بنکەی سوپای ڕزگاریی لەناو شاری کامیاران چەک بکەن. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە شەوی 9 - 1358/11/10 ئەو فەرمانە جێبەجێ دەکەن، بەڵام دوای ئەوە دەکەونە کەمینی کۆمەڵێک جاش و پاسدارەوە و پێشمەرگەیەکیان شەهید دەکرێت. هەروەها ڕۆژی دوایی کۆماری ئیسلامیی هێرش دەکاتە سەر کامیاران و شارەکە دەخاتە دەست خۆی.

موراد بەگی سەبارەت بە هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر کامیاران ئاماژە بۆ نامەی پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە دەکات و لە لاپەڕەی 174ی کتێبەکەیدا دەنوسێ: **(شەوی 1358/11/9 لە سنەوە ئاگادارکراین کە سوپای ڕزگاریی چەک بکەن. ئێمە دەستبەکار بووین و بەبێ هیچ تێکهەڵچونێک سوپای ڕزگارییمان لە شاری کامیاران چەککرد. ئەو چالاکییە تا کاتژمێر 2ی نیوەشەوی خایاند. ئەو شەوە بۆ ئەوەی کە گوندی "سورە توو" ئاگادار نەکەنەوە کە بنکەیەکی‌تری ڕزگاریی لێبوو، چەککراوەکان کە نزیکەی 20 کەس بوون لە گوندی "ئەلک" دامانان و ڕۆژی دوایی ئازادمان کردن. کاتژمێر 03:30 نیوەشەو چەند پێشمەرگەیەکی هاوڕێی ئێمە کە لە شار دەگەڕانەوە، توشی ئوتۆمبێلێکی "ئاهوی بیابان" دەبن کە بەکرێگیراوانی**

**"حەمە چاوە" و پاسداری تێدا بوو. ئەوان تەقە لە هاوڕێیانی ئێمە دەکەن و بە داخەوە یەکێک لە هاوڕێیان بە ناوی "یەدی" ناسراو بە "سەدیق" لە پێشمەرگەکانی دەستەی دیواندەڕە دەکوژن. لە تەقەکردنی دوو لایەنەدا، پێشمەرگەکان جاش و پاسدارەکان ڕاودەنێن، بەڵام کاتژمێر 14:00ی ڕۆژی دوایی، کاروانێکی سوپا بە تانک و تۆپ و بە پشتیوانیی هێلیکۆپتەرەوە شاریان بە خەستیی تۆپباران کرد).**

کۆماری ئیسلامیی دوای داگیرکردنی کامیاران شەڕەکەی بەرین کردەوە و ڕەوانسەر و پاوە و نەوسود و دیواندرەی تێوەگلاند. ئەندازیار عیزەتوڵا سەحابی کە خۆی یەکێک بوو لە ئەندامانی هەیئەتی تایبەتیی حکومەت لە وتووێژەکانی ئاشتیی نێوان حکومەت و هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورددا، سەبارەت بە هێرشی سوپا و سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر کامیاران گوتی: **(خەڵکی کامیاران بۆ خۆیان داوایان لە سوپای پاسدارانی پارێزگای کرماشان کردووە کە دژی کۆمەڵە و سوپای ڕزگاریی بێنە شاری کامیاران).** بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/11/13دا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکخراوی سنە، وتەی سەحابی بەدرۆ خستەوە و ڕایگەیاند: **(خەڵکی خەباتگێڕی کامیاران تا ئێستا چەندان جار پێشیان لە هاتنی کاروانی سوپا بۆ کامیاران گرتووە و ئەم جارەش نەک هەر داوایان نەکردووە کە پاسدار بێتە کامیاران، بەڵکوو لەبەرئەوە کە پاسدار بە دوژمنی خەڵکی کورد دەزانن، پێشیان لێگرتوون و ئەو ڕووداوە ناتوانێ جگە لەوە واتەیەکیتر ببەخشێت کە بەدخوازان تەشەنەیان کردووەتە ناو دەزگاکانی حکومەتەوە و دەیانەوێ بە ناردنی پاسدار و چەکدار بۆ کامیاران، سەرلەنوێ لە کوردستاندا برا بە برا بەکوشت بدەن و شەڕێکیتر بەسەر ئەم وڵاتەدا بسەپێنن).**

بە هەر حاڵ، بەو بیانوویەی کە کۆمەڵە دایە دەست حکومەت، شەڕ هەموو ناوچەکانی کامیاران، ڕەوانسەر، نەوسود و دیواندەرەی گرتەوە و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێتاوانی گوندەکانی تێدا شەهید و بریندار بوو. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/11/15دا، ئاماژە بۆ ڕاپۆرتێکی هەواڵنێری "پارس" دەکات کە بەیاننامەی ژمارە 12 ی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردی سەبارەت بە شەڕی چەند ڕۆژەی کامیاران و

پاوه و دیواندره و زیانی شەڕەکان بڵاوکردووەتەوە. هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە بەیاننامەی ژمارە (12) دا دەڵێ:

**- (تا ئێستا 9 پێشمەرگە و 12 کەس لە خەڵکی مەدەنی شاری کامیاران و 32 جاش کوژراون. لە ناوچەی پاوە و "قەڵای جوانڕۆ" شەڕ توند بووە و لە نێوان "قشلاق" و "ملەپڵنگان" و بەتایبەتیی "قوری قەڵا"، بەو پەڕی خۆی گەیشتووە و گوندەکان لەژێر ئاگری خۆمپارەی پاسدارەکاندان. پاسدارەکانی "بیجار" بەرەو دیواندەرە پێشڕەوییان کردووە و ژمارەیەک پێشمەرگەیان لە "قەڵا سور" گەمارۆ داوە و دوو پێشمەرگەیان بریندار کردووە، بەڵام دوای بەجێهێشتنی 5 کوژراو پاشەکشەیان کردووە.).**

توندیی شەڕەکان و زیان و وێرانییەکانی، هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد و دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناچار دەکات کە لە دوو بروسکەی جیاوازدا بۆ خومەینی داوای ڕاگرتنی شەڕ بکەن. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/11/15دا ئەو دوو بروسکەیەی بڵاوکردووەتەوە. هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە بروسکەکەیدا ئاماژە بۆ گرنگیی بارودۆخەکە دەکات و داوا لە خومەینی دەکات کە فەرمانبدات شەڕ ڕابگرن و ڕێ نەدات ئەم دۆخە نوێیەی کە بۆ بە ئاشتیی چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان پێکهاتووە بە دەست ژمارەیەک مرۆڤی نابەرپرس لەناو بچێت. هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە کۆتایی بروسکەکەیدا دەڵێ ئێمە لە هەیئەتی تایبەتیی حکومەتمان دەوێ کە بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی ڕێ لە دووپاتکردنەوەی شەڕ بگرێت و بە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی سەربازیی و مەدەنیی هەوڵبدات داواکارییەکانی گەلی کورد دابینبکرێن. هەروەها دوکتۆر قاسملوو لە بەشێکی بروسکەکەیدا بۆ ئایەتوڵا خومەینی دەڵێت:

**- (حەزرەتی ئایەتوڵا عوزما خومەینی جارێکیتریش خەریکە پلانێکی بەرین لە دژی شۆڕشی ئێران و ڕێبەرایەتی بەڕێزتان و خەڵکی کوردستان ڕوودەدات. دوای هێرشی پاسدارەکان بۆ کامیاران و کوشتنی خەڵکی بێتاوان، شەڕێکی توند لە ناوچەی پاوە هەڵگیرساوە. لەو شەڕەدا کە لە لایەن پاسدارەکانەوە هەڵگیرساوە، هێلیکۆپتەر و تانک و تەنانەت فانتۆم**

**بەشدارن تێیدا و گوندە بێدیفاعەکان بۆمباران دەکرێن و ژمارەیەکی زۆر خانووی خەڵک وێرانکراوە و ژن و منداڵ کوژراون).** لە بەشێکی‌تری بروسکەکەدا قاسملوو دەڵێ: **(من بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی داوا لە حەزرەتی ئیمام دەکەم کە بە پەلە و بە جیددی فەرمانبدەن کە شەڕ ڕابگرن و لە بەرین بوونەوەی پتری خۆبپارێزن و پاسدارەکان بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان. سەرنجنەدان بەو داوایە و پەلە نەکردن لە کۆتایی پێهێنانی شەڕی براکوژیی دەتوانێت دوارۆژێکی نالەباری هەبێت).**

به سڵاوی زۆر پاک و بێ ڕیاوە
عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی
حیزبی دیموکراتی کوردستان

بە پێداگریی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حکومەت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بە سەرۆکایەتی "ناسری"ی بۆ دەستنیشانکردنی تاوانبارانی شەڕی کامیاران ڕەوانەی ناوچەکە کرد. ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەیئەتی تایبەت هاتنە کرماشان و لەوێ چاویان بە پارێزگاری سنە و کرماشان کەوت و سەبارەت بە هەڵگیرسانی شەڕ و ڕووداوەکانی ناوچەی کامیاران، ڕەوانسەر، پاوە و نەوسود وتووێژیان کرد و ڕۆژی **1358/11/18** بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پاسگاکانی حکومەت لەسەر سنوری دەستکرد چوونە "قەسری شیرین". بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی **1358/11/20**دا کە ڕاپۆرتەکەی لە هەواڵنێری "پارس" وەرگرتووە، پارێزگاری کوردستان ڕۆژی **1358/11/18** گەڕایەوە سنە و لە مزگەوتی "مەلا وەیسی" چاوی بە گروپێک ئاوارەی کامیاران کەوت کە لەو مزگەوتەدا نیشتەجێ کرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا وتەبێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەواڵنێری پارسی ڕاگەیاند کە بەڕێز ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران فەرمانی موحاکمەی تاوانبارانی هەڵگیرساندنی شەڕی کامیارانی داوە. هەروەها وتەبێژی حیزبی دیموکرات پێشنیازی بۆ پارێزگاری سنە کرد کە لیژنەی لێکۆڵینەوەکە تەنیا پاوە لەبەرچاو نەگرێت، چونکە لایەنێکی‌تری مەسەلەکە نەوسودە.

بۆ ڕونبوونەوەی پتر سەبارەت بە هەڵگیرسانی شەڕی کامیاران لە ڕۆژی 1358/11/11 دا، پەیوەندییم بە "بورهان ڕۆحانی" کادێری کۆمیتەی شاری کامیاران لە سەردەمی شەڕی کامیاراندا کرد و گوتی:

**- ( لەگەڵ چەککردنی چەند بنکەیەکی سوپای ڕزگاریی لە ناوچەی نێوان مەریوان و سنە و کامیاران و بە تایبەتیی تەقەی دوو لایەنە لە نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و ئوتۆمبێلێکی جاش و پاسدارانی کامیاراندا، سوپای ئێران بە ڕواڵەت بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتییان هێرشی کردە سەر کامیاران. سەرەتای هێرشەکە بە تۆپبارانی ناوچەکە دەستی پێکرد و دواتر هێزێکی زۆری سوپا و سوپای پاسداران و جاش بە پشتیوانیی چەندان هێلیکۆپتەر هێرشیان کردە سەر شار. لە سەرەتای شەڕەکەدا کۆمەڵە بە بیانووی چەککردنی بنکەکانیتری سوپای ڕزگاریی، هێزەکانی خۆی لە کامیاران کێشایەوە و تەنیا 10- 15 پێشمەرگەی خەڵکی کامیارانی هێشتەوە. پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و ئەو 10- 15 پێشمەرگەیەی کۆمەڵە، پێکەوە لە بەرامبەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامییدا ڕاوەستان و لە بەرگرییکردنێکی قارەمانانەدا توانیمان بۆ ماوەیەک ڕێ لە هاتنی دوژمن بگرین، بەڵام سەرئەنجام سوپای ئێران لەژێر ئاگری توندی تۆپەکانیدا کامیارانی خستە دەست خۆی. لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بە ناوی قوربان سەفەری، مورتەزا و ئیسماعیل ئیبراهیمی شەهید بوون. دوای پاشەکشەی ئێمە لە شار، پاسدار و جاشەکان کە کۆماری ئیسلامیی ناویانی نابوو "پێشمەرگەی کوردی موسڵمان"، لە شاری کامیاران بنکەیان دانا و لەوێ جێگیر بوون و شەڕەکە تەشەنەی کردە ناوچەی ڕەوانسەر و تا نەوسود و دواتریش دیواندرە و سنەی گرتەوە ).**

## کۆبوونەوەی چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران لە مهاباد

ڕۆژی 1358/11/19 (1980/2/8) ساڵڕۆژی دەیەمین ساڵی ڕووداوی سیاکەل بوو. بەرلەوەی کە ئاماژە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بکەم کە بە شێوەیەکی زۆر گرنگ لە مهاباد بەڕێوەچوو، بەپێویستی دەزانم پەنجە چۆنیەتی سەرهەڵدان و دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە بکەم کە کارگەریی زۆری هەبوو، لە دژایەتی کردنی ڕژێمی شاهەنشاهی.

هاوکات لەگەڵ زەقبوونەوەی کێشەی کورد لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی چلەکاندا، کێشەیەکی‌تریش لە ئێراندا سەری هەڵدا. ئەو کێشەیە بزوتنەوەیەکی نوێخوازیی کرێکاریی بوو لە چوارچێوەی خەباتی چەکدارییدا کە لە باکوری ئێران لە چیاکانی "سیاکەل" سەری هەڵدا. سەرهەڵدانی خەباتی چەکدارانە لە لایەن گروپی "جەزەنی" و چەند گروپێکی‌ترەوە دەگەڕایەوە بۆ ڕێبازی "ڕێگەی گەشەکردنی نا سەرمایەداریی" یەکێتی سۆڤیەت و شکانی سیاسەتی حیزبی تودەی ئێران لە کودیتای 1953/8/16ی ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی چەکدارانە لە وڵاتانی "چین، کوبا و ڤێتنام" کە بەشێک لە لاوانی جیهان و کوردستانی بەرەو خەباتی شەڕی چەکدارانە پاڵپێوەنا.

ڕۆژی 1349/11/20 (1971/2/9) گروپێکی 13 کەسە بە سەرۆکایەتی "بیژەنی جەزەنی" لە چیاکانی سیاکەل ڕاپەری. ئەو سێزدە کەسە ڕۆژی 1349/11/19 (1971/2/8) لە زنجیرە چیای سیاکەل داگەڕان و بنکەی ژاندارمەری سیاکەلیان چەککرد و 9 تفەنگیان دەسکەوت. ڕۆژی دوایی سوپای ئێران ڕاپەریوەکانی گەمارۆدا و هەر سێزدە کەسی دەستگیر کرد و ڕۆژی 1349/11/26 هەموویانی گوللەباران کرد. پێنج ئەندامی گروپێکی‌تر کە ئەوانیش تێکەڵاوی خەباتی چەکدارانە بوون و کەسێک بە ناوی "مەسعود ئەحمەدزادە" سەرۆکایەتی دەکرد، ڕۆژی 1350/1/18 (1971/4/7)، سەرتیپ "زیا فرسیو" سەرۆکی ئیدارەی بازرەسیی سوپای ئێرانیان تیرۆر کرد.

چریکی فیدایی خەڵکی ئێران لە یەکگرتنەوەی گروپی جەزەنی و گروپی ئەحمەدزادە پێکهات. گروپی جەزەنی بە گشتی لە کەسانێک پێکهاتبوو کە لە ساڵانی 30 و 40 دا هاتبوونە ڕیزی خەباتەوە و پێشتر ئەندامی حزبی

توده و "جبهەی میللی" بوون. مارکسی بوون، بەڵام لە تاکتیکدا ناکۆکییان لەگەڵ حیزبی توده هەبوو. ئەندامانی گروپی ئەحمەدزاده خاوەن ئەزموونی زۆر نەبوون و بە شێوەی ڕاستەوخۆ حیزبی تودەیان نەدەناسی، بەڵام گرنگیان بە شۆڕشی وڵاتی کوبا و خەباتی چەکدارانە لە وڵاتانی ئەمریکای باشور دەدا.

دوای چەککردنی پاسگای ژاندارمەریی سیاکەل لە لایەن گروپی جەزەنییەوە و گوللەباران کردنی 13 ئەندامی سەرەکی ئەو گروپە، گروپی جەزەنی لەگەڵ گروپی ئەحمەدزاده یەکیان گرت و دامەزراندنی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکیان ڕاگەیاند. بیژەن جەزەنی، مەسعود ئەحمەدزاده و حەمید ئەشرەف سێ ئەندامی سەرەکی ڕێکخراوی چریکی فیداریی خەڵک بوون.

جەزەنی ساڵی 1316 (1938) لە تاران لە دایکبووه. لە تەمەنی ده ساڵەییدا چووەتە ڕیزی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی توده و ماوەیەکیش ئەندامی "جبهەی میللی" بووه. بە دوای ساڵی 1332(1953) دا چەندجار گیراوه، بەڵام هەموو جارێ بەهۆی خۆڕاگریی و نەدرکاندنی نهێنیی ڕێکخراوەکەی و باش هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ بەرپرسانی زیندانی ڕژێمی شا، لە زیندان ئازادکراوه. جەزەنی ساڵی 1342 (1963) بڕیاریدا ڕو لە خەباتی چەکدارانە بکات و ساڵی 1350(1971) بە هاوکاریی مەسعود ئەحمەدزاده و حەمید ئەشرەف ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی دامەزراند. سەرئەنجام جەزەنی لە لایەن ساواکەوه دەستگیر کرا و لە خاکەلێوەی ساڵی 1354دا گوللەبارانیان کرد.

مەسعود ئەحمەدزاده ساڵی 1344 (1965) لە مەشهەد لە دایکبووه و ساڵی 1350 و دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک و تیرۆری سەرتیپ "زیا فرسیو" لە لایەن ساواکەوه دەستگیر کرا و هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ چەند تێکۆشەری وەک "ئەمیر پەرویزی پویان" کە ئەویش کەسایەتییەکی باڵای چریکەکان بوو گوللەبارانیان کرد. حەمید ئەشرەف ساڵی 1325 (1946) لە تاران لە دایکبووه. ناوبراو ڕۆژی 1355/4/8 (1976/6/29) لەگەڵ 10 هاوڕییتری لە شەڕێکی چەکدارانەدا لەگەڵ پۆلیس و ساواک لە تاران شەهید کرا.

خەسرەوی گوڵ سورخی و کەرامەتی دانیشیان دوو خەباتکاری گروپێکیتر بوون کە دوای دەستگیر کردنیان لە لایەن ساواکەوە، لە دادگایەکی سەربازییدا دادگایی کران و ساواک بەشێک لە دادگاییەکەی بە تەلەڤزیۆن بڵاوکردەوە. گوڵ سورخی و دانیشیان لە دادگادا پەنجەیان بۆ تاوانەکانی ڕژێمی پەهلەوی ڕاکێشا و بەرگرییان لە بیروبۆچوونی خۆیان کرد و ڕایانگەیاند: **(بۆ ڕوخاندنی ڕژێم باوەڕمان بە خەباتی چەکدارانە هەیە کە لەو ڕێگەیەوە کۆتایی بە دیکتاتۆرییەت بهێنین لە ئێراندا).** ئەو تێکۆشەرانە ڕۆژی 1352/11/29 (1974/1/23) لە لایەن ڕژێمی شاوە گوللەباران کران. "عاتفەی گورگین" خێزانی گوڵ سورخی کە یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو گروپە، چوار ساڵ لە زینداندا مایەوە و دواتر ئازاد کرا. گروپی گوڵ سورخی و دانیشیان لە بیری ئیسلامییەوە بە بیری مارکسیستی گەیشتبوون و کاربەدەستانی حکومەت ناوی مارکسیستی ئیسلامییان لەسەرنابوون.

چریکی فیدایی بە پشت بەستن بەو کورتە مێژوویەی کە ئاماژەم بۆ کرد، ڕۆژی 19ی ڕێبەندان 8 ی فیبرەواری بە ڕۆژی ڕاپەڕین و دەستپێکردنی شەڕی چەکدارانەی ڕێکخراوەکەی دانا بوو. بەو بۆنەیەوە هەموو ساڵێک بە نهێنی یادی ئەو ڕاپەڕینەی دەکردەوە، بەڵام ئەوە یەکەم جاربوو لە مێژووی چریکەکاندا کە یادی 19 ی ڕێبەندان بە ئاشکرا لە ئێراندا دەکرایەوە.

ڕۆژی 19 ی ڕێبەندان ژمارەیەکی زۆر ئەندام و لایەنگری چریکی فیدایی خەڵک و چریکی فیدایی خەڵک گروپی "ئەشرەف" هاتبوونە مهاباد کە بەشداریی بکەن لە دوو میتینگی جیاوازی ئەو دوو ڕێکخراوەدا. ئەشرەف دهقان یەکێک بوو لە ئەندامانی دێرینی ڕێکخراوی چریکی فیدایی، ساواکی شا لە مانگی گوڵانی ساڵی 1352 (1973) دا بە تاوانی ئەندامەتی لە ڕێکخراوی چریکدا دەستگیری کرد و بۆ ماوەی دە ساڵ زیندانیی بۆ بڕییەوە، بەڵام توانی لە یەکێک لە دیدارەکانیدا لەگەڵ دایکی لە هۆڵی چاوپێکەوتنی زیندانییەکاندا، بە گۆڕینی جلوبەرگ لەگەڵ دایکی زیندان بەجێبهێڵێ و خۆی ڕزگار بکات. دوای ڕاکردنی لە زیندان چووە وڵاتی ئاڵمانیا و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە

ساڵی 1979 گەڕایەوە ئێران. هەر لەو ساڵەدا لە چریکی فیدایی جیابووەوە و بە ناوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران گروپی "ئەشرەف" دژی کۆماری ئیسلامیی درێژەی بە خەبات دا. دوای هێرشی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر ڕێکخراوە سیاسیەکان، ئەشرەف هاتە کوردستان.

ئێوارەی ڕۆژی 1358/11/19 چریکی فیدایی خەڵکی ئێران لە چوارچرا و چریکی فیدایی خەڵکی ئێران گروپی "ئەشرەف" لە مەیدانی مەلاجامی کۆبوونەوە. عەلی ڕەزا شاندیزی "جەواد" ئەندامی دەفتەری سیاسی چریکی فیدایی خەڵک لە چوارچرا و ئەشرەف دەهقان لە مەیدانی مەلاجامی وتاریان خوێندەوە. هەر دوو لایان دەربارەی ڕاپەرینی سیاکەل، مێژووی ڕێکخراوەکەیان، لەخۆبوردوویی هاوڕێیانی شەهیدی بزوتنەوەی چریکی فیدایی، شۆڕشی ئێران و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی قارنێ و ئیعدام کردنەکانی خەلخالی لە کوردستان، دوان و سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاڕاستەی گەلی خۆڕاگری کوردستان کرد. ئەشرەف دەهقان لە وتارەکەیدا چەند جارێک ئاماژەی بۆ دروشمی هاوڕێیانی ڕاپەڕینی سیاکەل کرد کە گوایا گوتویانە: "سوپای گەلیی پێکدێنین و نیشتمانی خۆمان ڕزگار دەکەین". هەروەها ڕایگەیاند ئامادەیە کە گیانی خۆی لە ڕێگەی شۆڕشدا بەخت بکات. بۆ بینینی وتاری ئەشرەف دەهقان بنوارە سایتی "wikipedia.org" .

شورای نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئەرکی ئاسایشی شاری مهابادی بەڕێوەدەبرد، بۆ ئەوەی کە ئاسایشی ئەو دوو هێزە بپارێزێ، بە هاوکاریی ڕێکخراوی حیزب لە مهاباد و هێزی پێشەوا ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی لە شەقامەکان و هەردوو گۆڕەپانی چوارچرا و مەلاجامی بڵاوکردەوە. دوو پەل پێشمەرگەی ئامادە لە شورای نیزامیی بۆ ڕوبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پێشهاتەکان ئامادە بوون و سەرپەلەکانی سەر بە شورای نیزامیی بە ئوتۆمبێل لە شاردا دەگەڕان تا ئەگەر دیاردەیەکی جێی گومانیان بینی، لێی بکۆڵنەوە. لە مهاباد کۆبوونەوەکان بەبێ کێشە و گیروگرفت کۆتاییان پێهات، بەڵام لە تاران و چەند شارێکیتر، گۆپاڵبەدەستانی کۆماری ئیسلامیی هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەی چریکەکان و زیانیان پێگەیاندن.

لە "تورکمان سەحرا" چوار کەسیان کوشت و ژمارەیەکی زۆریان بریندار کرد. لەم بارەیەوە ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران لە ڕاگەیاندنی ژمارەی 1 ی ڕۆژی 1358/11/20دا کە لە ڕۆژنامەی کار ژمارەی 46، ڕۆژی 1358/11/24، ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەدا بڵاوکرایەوە، دەنوسێ: **(لە "تورکمان سەحرا" هەزاران خاوەن موڵک و کەسانی سەر بە ڕژێمی پێشوو بە جۆرەها چەکی سارد و گەرم هێرشیانکردە سەر کۆبوونەوەکە و چوار کەسیان شەهید و پتر لە چل کەسیان بریندار کرد).**

## کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) لە مهاباد

لەو هەلومەرجە سەخت و زۆر دژوارەدا کە بەشێکی زۆری کوردستان لە شەڕ و لەژێر هەڕەشەی سوپای هێرشکەری ئێراندا بوو، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بڕیاریدا کۆنگرەی چوارەمی حیزب پێکبهێنێت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا ساڵێک بەسەر گەڕانەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە عێراقەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان تێنەدەپەڕی و هێشتا حیزب کۆمیتەکانی بە تەواویی ساخ نەکردبووەوە و ئەندامی نوێی وەرنەگرتبوو. کەس نەیدەزانی کێ ئەندامی حیزبە و کێ لایەنگر و بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب، کێ شیاوی وەرگرتنی ئەندامەتییە لە حیزبدا. لەو هەلومەرجەدا، ڕێکخراوی حیزب لە مهاباد کۆبوونەوەیەکی لە لایەنگرانی حیزب بەناوی کۆنفرانس پێکهێنا و ژمارەیەکی بۆ بەشدارییکردن لە کۆنگرەی چوارەمدا هەڵبژارد. لەگەڵ ئەوەشدا جەلیل گادانی کە بەرپرسایەتی ڕێکخستنی حیزبی پێسپێرا بوو، بە ناو کۆمیتە و دۆست و ئاشنایانی حیزبدا دەگەڕا کە لە حیزبی دیموکراتدا ناونووسیان بکات و فۆڕمی ئەندامەتی پێ پڕدەکردنەوە. دواتر دەفتەری سیاسی حیزب کۆمەڵێکی بەرچاوی لە مهاباد و شارەکانی تر بانگکرد بۆ کۆنگرەی چوارەم کە ژمارەیەکیان وەک ئەحمەدی جاویدفەڕ "هەژار" و کەریم عەلیار و چەندان کەسیتر لە مهاباد و شوێنەکانیتر ئامادەنەبوون بەشداریی کۆنگرەی چوارەمی حیزب بکەن و ڕایانگەیاند کە ئەندامی حیزب نین. جگە لەوە دوکتۆر قاسملووش لەسەر ناوی دەفتەری سیاسی ژمارەیەکی وەک میوان بۆ کۆنگرەی چوارەم بانگ کرد.

جێگەی خۆیەتی کە بزانین بۆچی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لەو هەلومەرجە ناسک و دژوارەدا کە ئاماژەم بۆ کرد، کۆنگرەی چوارەمی پێکهێنا؟ سەرەتا پێویستە بڵێم کە کۆنگرەی چوارەم ڕۆژی 1358/11/30 (1980/2/19) بە بەشداریی 310 کەس "بە ڕواڵەت" ئەندام و میوان لە سینەما "ئومێد"ی شاری مهاباد پێکهات و ماوەی پێنج ڕۆژی خایاند. مەبەستم لە نوسینی وشەی بە ڕواڵەت ئەوەیە کە جگە لە میوانەکان، پتر لە 90%ی نوێنەرانی کۆنگرە ئەندامی حیزب نەبوون. چونکە بەگوێرەی

مادەی پێنجەمی "پڕۆگرام و پەیڕەوی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) پەسەندکراوی کۆنگرەی سێیەم" کە دەڵێت: **(بۆ ئەوەی کە کەسێک ببێتە ئەندام لە حیزبدا دەبێ لە لایەن دوو ئەندامی حیزبەوە بناسرێت و یەک ساڵ دەورەی ئازمایشیی تێپەڕ بکات).** پتر لە 90% ی نوێنەرانی کۆنگرە خاوەنی ئەو مەرجە نەبوون و بەگوێرەی یاسای حیزبیی بانگ نەکرابوون بۆ کۆنگرە. ژمارەیەکیش وەک میوان بانگکرابوون، کەچی لە کۆنگرەدا بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردران، تەنانەت ئەرکی دەفتەری سیاسی حیزبیشیان پێسپێررا. هۆی سەرەکیی پێکهێنانی کۆنگرەی چوارەم بە ڕونی دەگەڕایەوە بۆ ئەم چوار خاڵانەی خوارەوە:

**1- یەکدەستکردنی دەسەڵات:** مەبەست لە یەکدەستکردنی دەسەڵات، کۆتاییهێنان بەو کێشانە بوو کە دوای کۆنگرەی سێیەم لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسی و دوکتۆر قاسملوودا سەریانهەڵدابوو. دوکتۆر قاسملوو دەیویست بە پێکهێنانی کۆنگرە و ئاڵوگۆڕکردنی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب، بەشێک لە هاوڕێ دێرینەکانی خۆی کە بەیارمەتی ئەوان ببوو بە سکرتێری حیزبی دیموکرات، لە سەرکردایەتی حیزب دوربخاتەوە و بە دورخستنەوەیان لە دەسەڵات، ئازادیی پتر بۆ بەڕێوەبردنی حیزب بەدەستبهێنێت. بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی لە نفوز و دەسەڵاتی غەنی بلوریان وەرگرت کە بە هۆی 25 ساڵ زیندانیی بوونی لە سەردەمی حکومەتی محەمەدڕەزا شادا، لەناو ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان و سەرکردەکانی شۆڕشی ئێراندا، خاوەنی ڕێزی تایبەت بوو. دوکتۆر قاسملوو توانی بە هاوکاریی مامە غەنی پڕۆگرام و پەیڕەوێکی نوێ بۆ حیزب پەسەند بکات. یەکەم هەنگاو هەڵگرتنی مەرجی ئەندامەتی بوو لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبدا بە چەشنێک کە هەموو بانگکراوەکان بۆ کۆنگرە بتوانن بەبێ تاقیکردنەوەی حیزبیی خۆیان بۆ کۆمیتەی ناوەندیی کاندید بکەن. لەو بارەیەوە مستەفا هیجری کە دواتر لە حیزبی دیموکراتدا بە پلەی سکرتێری گشتیی گەیشت، لە وتووێژێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئاوێنە" کە لە لاپەڕەی 6، ژمارەی 85 سێشەممە 2007/9/4 دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە یەکدەست کردنی

حیزب و هەڵبژاردنی خۆی بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندیی لە کۆنگرەی چوارەمدا دەڵێ:

- (دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو تازە گەڕابۆوە کوردستان، زۆر پەرۆشی ئەوە بوو سەرلەنوێ حیزبی دیموکرات ڕێکبخاتەوە، لەم کارەشدا دەیویست پشت بە گەنجەکان ببەستێت، بەتایبەتی کە ئەو کات لەنێو حیزبدا لەگەڵ بەشێک لە کادێرە دێرین و بە ساڵداچووەکانی حیزبەکەیدا ناتەبا بوو، لە ئاستی کوردستانیشدا کۆمەڵە وەک ڕکەبەری ئەو حیزبە پێینابووە گۆڕەپانی خەباتەوە و زۆربەی هەرە زۆری هەڵسوڕاوەکانیشی گەنج بوون. ئەوکاتە من سەرۆکی ئەنجومەنی کوردەکانی نەغەدە بووم، دوکتۆر قاسملوو داوای کرد ببینم، بۆ یەکەم جار ئەوم لە گوندی "کۆسەکەرێز"ی نزیک مهاباد بینی کە ماڵەکەی لەوێ بوو، چاوپێکەوتنێکی یەک کاتژمێریی دوو بە دووم لەگەڵی هەبوو، لێرەوە ئاشنایەتم لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو دەستپێکرد. کاتێک کۆنگرەی چوارەم لە ساڵی **1980**دا گیرا، وەکو میوانێک لە لایەن دوکتۆر قاسملووەوە بانگ کرام نەک وەک ئەندامێک، قسە و باسەکانی کۆنگرە بۆ من تازە بوون بەڵام زۆریش سەرنج ڕاکێش نەبوون، لە کۆتایی کۆنگرەدا دەرگای خۆ کاندیدا کردن بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی کرایەوە. من کە وەک میوان لێمدەڕوانی، د. قاسملو تەشریفی هێنا و گوتی: بڕۆ خۆت کاندید بکە. پێمگوت: ئەسڵەن من ئەندام نیم، ئیجازە بفەرموو کە من لەپاڵ حیزب بمێنمەوە تا وەختێکی دیکە بریار دەدەم، بەڵام د. قاسملو زۆری ئیسرار کرد، لە ڕاستیدا زۆر لەبەر ڕووبینی د. قاسملو لە ڕوودامام، چووم خۆم ناساند و چونکە کەسێکی ناسراویش بووم دەنگم هێنا و بووم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە ڕاستیدا ئەندامەتی حیزب و دەستبەکار بوونم بۆ کاروباری حیزبایەتی لەو ڕۆژ و ساتەوەختەوە دەستپێدەکات.).

**2- لابردنی ئاستەنگ لەبەردەم وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی:**
هەرچەندە خومەینی ڕۆژی **1358/8/26 (1979/11/17)** دانی بە مافە سیاسی و ئابووریی و نەتەوەییەکانی گەلی کورددا نابوو، بەڵام هەروەک لە بەشەکانی پێشوودا بینیمان، وتوویژی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد و هەیئەتی تایبەتیی حکومەت نەیانتوانی سەرکەوتن

بەدەستبهێنن، تەنانەت وتووێژەکان بە کردەوە وەستابوون. دوکتۆر قاسملوو لەو باوەڕەدابوو کە بە پێکهێنانی کۆنگرە و ڕاگەیاندنی پشتیوانیی دووبارەی حیزب لە شۆڕشی ئێران و خومەینی دەتوانێ دەرگا لەبەردەم وتووێژی نێوان حیزبی دیموکرات و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییدا بکاتەوە. لەو چوارچێوەیەدا کۆنگرەی چوارەم کەوانەکەی دەوری ئێرانی هەڵگرت و حیزب بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەروەها لە لاپەڕەی 20 ی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندییدا بۆ کۆنگرەی چوارەم ڕایگەیاند:

**- (ئێمە بەنۆرەی خۆمان جارێکیتر پشتیوانی خۆمان لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینی ڕادەگەیەنین و شان بە شانی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان لە بەرامبەر پیلانەکانی دژبە شۆڕش و دارودەستەی ئیمپریالیزم بە هەموو هێزمانەوە ڕادەوەستین و پشتی شۆڕشی ئێران دەگرین.).**

**3- لاوازکردنی کۆمەڵە و شێخ عیزەدین و دورخستنەوەیان لە وتووێژ:**

پێشتر ئاگاداربووین کە دوکتۆر قاسملوو دەیویست مامۆستا شێخ عیزەدین وەک ڕێبەری ئایینیی کوردە سوننەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنێک بێت لە وتووێژەکانی نێوان حکومەت و حیزبی دیموکرات و گەلی کورددا، بەو مەرجەی کە ناوبراو لە چوارچێوەی پرۆگرام و سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتدا هەڵسوکەوت بکات، بەڵام نەیدەویست کۆمەڵە و چریکی فیدایی دەستیان هەبێ لە وتووێژدا و هەوڵیدەدا وەک ڕاوێژکار کەڵک لەو دوو ڕێکخراوە وەربگرێت، کەچی بە پێداگریی مامۆستا شێخ عیزەدین ناچار بوو لەگەڵ کۆمەڵە و چریکی فیدایی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێکبهێنێت. کەم ئەزمونیی ڕێبەرانی کۆمەڵە و کەمبایەخ پێدانی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بەو ڕێکخراوە تازە کارە، ڕێبەرانی کۆمەڵەی توشی سەرلێشێواویی سیاسی و دیپلۆماسی کرد، بە چەشنێک نەتوانن جێگەی خۆیان لە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردا بکەنەوە. لەبەرئەوە یەکێک لە ئامانجەکانی پێکهێنانی کۆنگرەی چوارەم، لە پەراوێز خستنی کۆمەڵە و تەنانەت شێخ عیزەدین و بە تەنیا وتووێژ کردنی حیزبی دیموکرات بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامییدا. ئەم مەبەستە لە

وتووێژەکانی دوایی و بەیاننامەی حیزبی دیموکراتدا بۆ وتووێژ کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم، بە ڕونیی بەرچاودەکەوێت.

**4- کێشانی هێڵ لەنێوان حیزبی دیموکرات و حیزبی تودەی ئێران دا:**

کاتێک دوکتۆر قاسملوو دوای کۆنفرانسی سێیەم و کۆنگرەی سێیەم نەیتوانی جێگەیەک بۆ حیزبی دیموکرات لە بازنەی حیزبی تودە و یەکیەتی سۆڤیەتدا بەدەست بهێنێت، ئەم جارە هەوڵیدا هێڵێک لە نێوان حیزبی دیموکرات و حیزبی تودەی ئێران و یەکیەتی سۆڤیەتدا دابنێت، ئەویش نەک بەو مەبەستە کە بە لای وڵاتانی سەرمایەدارییدا بکەوێت، بەڵکوو لە ڕیزی بزوتنەوەی دژی ئیمپیریالیستیی گەلاندا بمێنێتەوە و لایەنگریی لە لایەنەکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی یەکیەتی سۆڤیەت بکات. لەو چوارچێوەیەدا زۆر هەوڵیدا کە "سۆسیالیزمی عادلانە" لە ستراتیژیی حیزب بسڕێتەوە و بیکات بە سۆسیالیزمی دیموکراتی، بەڵام لەگەڵ ڕەخنەی بەشدارانی کۆنگرە ڕووبەڕوو بووەوە. دەربارەی ئەم هێڵدانانە ڕۆژی 2008/1/12 پرسیارم لە ئەمیری قازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرراوی کۆنگرەی چوارەم کرد، گوتی:

**- (لە ڕاستییدا بە هۆی ڕووداوەکانی پێشووی حیزبەوە، من نەمدەویست بەشداریی کۆنگرەی چوارەم بکەم، بەڵام دوکتۆر قاسملوو هاتە لام و گوتی: ئەگەر نەیەی ڕەنگە تودەییەکان دەست بەسەر حیزبدا بگرن، بۆیە هاتنی تۆ زۆر گرنگە. بەو مەبەستە بەشداریی کۆنگرەی چوارەمم کرد، کەچی لەوێ بە پێداگریی دوکتۆر قاسملوو خۆم بۆ کۆمیتەی ناوەندییش کاندید کرد و هەڵبژێررام.).**

دوکتۆر قاسملوو پلانێکی ڕێکوپێکی بۆ ئەم مەبەستەی داڕشتبوو، بەڵام کاتێک دوکتۆر حەسەن شەتەوی لە کۆنگرەدا ڕەخنەی لە سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت سەبارەت بە داگیرکردنی ئەفغانستان گرت، زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە بەرەنگاری بوونەوە، ئەویش تێگەیشت کە دەبێ چاو لە بەشێک لە خواستەکانی بپۆشێ، چونکە ئەوەش کە بە یارمەتی مامە غەنی دەستی کەوتبوو، لەوانە بوو لە دەستی بچێت.

لە چوارەم ڕۆژی کۆنگرەدا ڕاگەیەنرا کە کۆماری ئیسلامیی هێرشی کردووەتە دەوروبەری کامیاران و سنە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا باس

لەسەر پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی حیزب کۆتایی نەهاتبوو. دوکتۆر قاسملوو داوایکرد کۆتایی بە باسەکە بێت و دەستبکرێ بە کاری خۆپالاوتن بۆ کۆمیتەکان و کۆنگرەش داواکەی پەسەندکرد. کۆنگرە کاری خۆپالاوتنی ئەندامانی بەڕێوەبرد، بەلام بە سەرسوڕمانەوە هەڵبژاردن بەڕێوە نەچوو. قاسملوو ڕایگەیاند شەڕە و پێویستە بە کارەکانی حیزب ڕابگات و داوای کرد هەڵبژاردن بۆ ڕۆژی دوایی بمێنێتەوە. ئەندامان ڕەخنەیان گرت، بەلام ڕەخنەکان وەرنەگیران و دوکتۆر قاسملوو بە پشتگیریی مامە غەنی داخوازەکەی چەسپاند.

ڕۆژی پێنجەم چەند ئەندامێکی کۆنگرە و دوکتۆر قاسملوو لیستەیەکیان بە نهێنی لەناو ئەندامان‌دا بلاوکردەوە و داوایان کرد کە دەنگ بەو ناوانە بدرێت کە لە لیستەکەدان. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەدا، جاری یەکەم بوو کە بەشداریی کۆنگرەیان دەکرد و بە فرتوفێڵەکانی کۆنگرەیان نەدەزانی.

کۆمیتەی هەڵبژاردن بە خنەخن کاری هەڵبژاردنی تەواوکرد و دەنگی ئەندامانی کۆکردەوە، بەلام دەنگەکانی نەبژارد و دوکتۆر قاسملوو ڕایگەیاند: کات نەماوە و ئەوانەی لە دەرەوەی مهابادەوە و بەتایبەتی لە ناوچەی سنە و مەریوان و کامیارانەوە هاتوون، پێویستە بگەڕێنەوە شوێنەکانیان. بەم جۆرە کۆمیتەی هەڵبژاردن "دیوان" دەنگەکانی برد و دواتر دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و کۆمیسیۆنی "بازرەسی" ڕاگەیاند کە بریتی بوون لە:

- کۆمیتەی ناوەندیی: غەنی بلوریان، دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، جەلیل گادانی، دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، مستەفا شەلماشی، نەوید موعینی، ئەحمەد عەزیزی، فاروق کەیخەسرەوی، دوکتۆر ڕەحیم سەیف قازی، سنار مامەدی، جهانگیر ئیسماعیل زادە، ڕەحمان کەریمی، سەرگورد حەبیبولا عەباسی، ئەبوبەکر هدایەتی، قادر عەبدی، سەید ڕەسوڵ دهقان "بابی گەورە"، مستەفا هجری، حەسەن شێوەسەڵی، حەسەن ڕەستگار، حوسێن مەدەنی، ئەمیر قازی، کەمال دەباغی، هاشم کەریمی، عەبدولا

حەسەن زادە، فەوزیە قازی و محەمەد ئەمین شیخ ئیسلامی "هێمن" وەک ئەندامی فەخریی کە کۆنگرەی پێیبەخشی.
- کۆمیتەی بازرەسی: فەتاح کاویان، دوکتۆر موتەلیب خەسرەوی، ئەندازیار محەمەد ئاریا، ستوان عەبدولڵا ئەفشین ڕاد، سەدیق قەوی پەنجە، محەمەد پورئازەر، قادر شەهابی، سەرهەنگ محەمەد ڕەسوڵ ڕەبیعی، سەرهەنگ ئیرەج قادری، عەلی حەسەنیانی، سەعید سوڵتانپوور.
شایانی باسە کە دوکتۆر قاسملوو ناوی منی بۆ کۆمیتەی بازرەسی دانابوو کە من قبووڵم نەکرد و ناوی خۆم کوژاندەوە.
کۆمیتەی ناوەندیی لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا دوای کۆنگرە، دوکتۆر قاسملووی کرد بە سکرتێری حیزب و غەنی بلوریان، ئەمیر قازی، جەلیل گادانی، مستەفا شەلماشی، دوکتۆر سادق شەرفکەندی و عەبدولڵا حەسەن زادەی بۆ دەفتەری سیاسیی دیارییکرد و لەو کۆبوونەوەیە و کۆبوونەوەکانی دواییدا، ئەم 15 کەسانەی خوارەوەی بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی دەستنیشان کرد: سەید حەسەن هاشمی، تەها عەتیقی، حوسێن ئیبراهیمی، ڕەحمان حاجی ئەحمەدی، مەلا ڕەحمان کاژەیی، عوسمان ئەسراری، حەکیم ڕەزایی، فەرەیدون میتران، تەها حەقتەلەب، شاپوور فیروزی، ڕەسوڵ پێشنماز، حەسەن شەرەفی، سەید عەلی ڕەحمانی، عەزیز ماملێ و زبێدە تالب پوور.
کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی ئاڕاستەی ئایەتوڵا خومەینی کرد. ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی لە ژمارەی ڕۆژی 1358/12/5 دا دەقی پەیامەکەی حیزبی دیموکراتی بڵاوکردەوە. من ئەو پەیامەم لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات وەرگرتووە:

**پەیامی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئیمام خومەینی**

**لەم هەلومەرجە ئازاد و هێمن و شیاوەدا کە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مهاباد بەڕێوەدەچێ، ئەندامانی حیزب و نوێنەرانی کۆنگرە هیوادارن ڕێبەری شۆڕش بە زوویی سلامەتیی خۆی بەدەست بێنێتەوە و ئارەزوومانە کە جارێکیتریش بەڕێزیان لەناو خۆمان و برایانی موسوڵمانیتردا ببینین و بەهرە لە ڕێنوێنییەکانی**

ڕێبەری شۆڕش وەربگرین. شۆڕشی ئێران کە بە ڕێبەرایەتی لێبڕاوانەی "قاتعانە" ئیمام خومەینی و لەخۆبردوویی خەڵکی ئێران بە ئاکام گەیشت، گەلێک دەسکەوتی مەزنی بەبار هێناوە.

ئەم شۆڕشە بە لایەنی بەرینیەوە دەبێ زامنی خێر و بەرەکەتی هەموو گەلان و بزوتنەوەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بێت. ئیمام خومەینی بە ڕێبەرایەتی خێرخوازانەی و پەیامی مێژوویی 26 خەزەڵوەری کۆتایی بە شەڕی ناخواستەی کوردستان هێنا و ڕۆشنایی خستە دڵەکانەوە. لەو پەیامە مێژووییەدا کە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بایەخی پێدەدات، بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ هەڵگرتنی ستەمەکانی سیاسیی، ئابووریی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەکات. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم پەیامە، چاوەروان دەکرا گرفتی مافی نەتەوەیی خەڵکی کورد چارە بکرێت، بەڵام بە داخەوە قاتع نەبوونی بەرپرسانی و خەریکبوون بە کاری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، شوێنی لەسەر بەڕیوەبردنی فەرمانەکە دانا. ئێمە بەشدارانی ئەم کۆنگرە مێژووییە چاوەڕوانین ئیمام خومەینی جارێکیتریش فەرمان بدات بە بەرپرسان کە کۆتایی بێنن بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بێگومان یەکێکە لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئێران و ڕیزی ئێمە بۆ خەباتی لێبراوانەمان بە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دوژمنانی شۆڕشی ئیران پتەوتر دەکات. لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی ئێمەدا، ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینی بە گەورەترین دیاردەی سەرکەوتنی شۆڕش دانرا.

لەو کۆنگرە گەورەیەدا کە نوێنەرانی زۆربەی خەڵکی کوردستان بەشدارن تێیدا، پرۆگرامێک پەسەند کراوە کە باس لە درێژەدانی شۆڕشی ئێران بە سەرۆکایەتی ئیمام خومەینی دەکات.

پشتیوانیی بێگەرد لە شۆڕشی مەزنی ئێران کە بە باوەڕی ئێمە، گەلی کورد لەودا بە مافی خودموختاریی دەگات، وەک ئەرکێکی سەرەکی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان سەلمێنراوە. نوێنەرانی حیزبی ئێمە جارێکیتریش بەڵێن بە ئیمام خومەینی و هەموو گەلانی ئێران دەدن کە بۆ یەکیەتی وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دژی ئیمپریالیزم و دوژمنانی کۆماری ئیسلامی ئێران تا دواپشوو درێژە بە خەبات بدەن.

**سەرکەوێ خەباتی دژی ئیمپریالیستیی گەلانی ئێران**
**سەرکەوێ یەکیەتی بە گوێرەی مافی یەکسان**
**کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**عەبدولرەحمان قاسملوو 1358/12/3**

هەر وەک زانیمان کۆنگرە ڕۆژی 1358/11/30 دەستی بە کارەکانی کرد و ڕۆژی 1358/12/4 کۆتایی پێهات. دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرە دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەم ڕاگەینراوەی خوارەوەی بڵاوکردەوە. من دەقی ڕاگەینراوەکەم لە کتێبی "50 ساڵ خەبات" نوسینی جەلیل گادانی وەرگرتووە.

ڕاگەیندراوێک لەسەر کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

لە ڕۆژەکانی 30 ی ڕێبەندان تا 5 ی ڕەشەمەی 1358 کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مهاباد پێکهات. لەم کۆنگرەدا 310 کەس لە نوێنەرانی هەموو بەشەکانی کوردستانی ئێران بەشدارییان کرد. ئەو 310 کەسە نوێنەرایەتی زیاتر لە 30 هەزار کەس لە ئەندامانی حیزبیان بە ئەستۆ بوو. لەنێو بەشدارانی کۆنگرەدا زۆربەی ئەندامانی کۆن و دامەزرێنەرانی حیزب و بەشێکی زۆر لە لاوان و ژنان کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، ئەندامەتیی حیزبیان وەرگرتبوو، ئامادە بیوون. کەم تەمەنترین ئەندامی بەشدار لە کۆنگرەدا 18 ساڵ و بە تەمەنترینیان 65 ساڵ بوو. نێونجی تەمەنی بەشداران دەگەیشتە 35 ساڵ. لە پێوەندی لەگەڵ ڕادەی خوێندن دا 2,5% لە بەشداران خاوەنی پلەی "فوق لیسانس" و دوکتۆرا، 10% لیسانس، 10% فوق دیپلۆم و دیپلۆم، 29% کەمتر لە دیپلۆم، علومی دینی هەتا شەشەمی سەرەتایی، 25% خوێندنی سەرەتایی و کەمتر لە شەشەمی سەرەتایی و 3,5% بێسەواد بوون.

بە سرودی ئەی ڕەقیب کۆنگرەی دەستی بە کار کرد، دوایی بەشداران بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان و سەرانسەری ئێران، یەک دەقیقە بێدەنگییان پاراست. ئەوجا هاوڕێ غەنی بلوریان ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، خەباتگێڕی ماندوویی نەناس

کە 25 ساڵ لـە ژیـانـی خـۆی لـە زیندانـەکانی ڕێژیمـی شا تێپـەڕ کـرد بـوو، کۆنگرەی کردەوە. هاوڕێ بلوریان لـە قسەکانـی خۆیدا ئیشارەی بۆ گرینگیـی کـۆنگرەی چـوارەم کـرد و هیـوای دەربـڕی کـە کـۆنگرە بتـوانێ بـە باشـی لـە ئـەنجامی ئـەو ئـەرکانـەی کـە لـە دەسـتووری کاریدایـە بێتـە دەرێ. دوایـی کۆنگرە کاری خۆی دەست پێکرد.

لـە پێشدا شەخسییەتی سیاسی و مەزهـەبیی کـورد سـید عزالـدین حسـینی کـە لـە کۆبوونـەوەی کردنـەوەی کـۆنگرەدا ئـامـادە ببـوو، دوایـی صـارم الـدین صادق وەزیری خـەباتگێڕی دێرین و دۆسـتی بـە وەفـای حیـزب، پـەیامـەکانـی خۆیان بۆ کۆنگرە نارد و ئارەزووی سەرکەوتنیان بۆ کۆنگرە خواست. ئـەوجا پـەیامـەکانـی ئـەو ڕێکخراوانـەی ژێـرەوە لـە کـۆنگرەدا خوێندرایـەوە. ڕێکخـراوی موجاهیـدینی گـەلی ئێـران، ڕێکخـراوی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان "کۆمەڵە"، ڕێکخراوی چریکی فیداییەکانی گـەل، بـەرەی دیموکراتیکی نیشتمانی، شورای هاوپێوەنـدیی گـەلـەکان، کۆمـەڵـەی کوردەکـانی جێگیـر لـە ناوەنـد، نوێنـەری ڕێکخـراوی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە ئوروپـا - سـپان، حیزبـی کۆمونیسـتی عێـراق، حیزبـی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی عێراق، حیزبی کۆمونیستی فەرانسـە، حیزبـی سۆسیالیسـتی ئیتالیـا، حیزبـی کۆمونیسـتی بلژیـک، حیزبـی کۆمونیستی بریتانیـا، حیزبـی کرێکـارانـی کوردسـتانـی تورکیـە "ئـەمـە نـاوی پێشـوی حیزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان بـوو بـە سـەرۆکایەتی کـەمال بورکـای- نوسـەر"، فیدراسیۆنی کۆمـەڵـەی کرێکـارانـی کوردسـتان "کۆمکـار" (ئـەمـەش سەر بە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو- نوسەر).

دوای خوێندنـەوەی پەیامـەکان، سکرتێری حیـزب دوکتـۆر عبـدولرەحمان قاسملوو ڕاپۆرتی کۆمیتـەی ناوەنـدیی پێشکەش بـە کـۆنگرە کـرد. دوایـی کـۆنگرە کۆمیسـیۆنـەکانی ژێـرەوەی هـەڵبژارد. کۆمیسـیۆنی بـەرنامـە و ئـەساسنامە، کۆمیسـیۆنی قەتعنامـە و پـەیام و کۆمیسـیۆنی هـەڵبژاردن و کۆمیسیۆنی مـاڵی. ئـەوجا بـاس سـەبارەت بـە ڕاپۆرتی کۆمیتـەی ناوەنـدی دەستی پێکرد و بـەشێکی زۆر لە نوێنـەران لـە پێوەندی لـەگـەڵ ئـەو ڕاپۆرتـە بیروڕایـان دەربـڕی. لـە کۆتـایی باسـەکەشـدا دوکتـۆر قاسـملوو بیـروڕا و پێشنیارەکانی کـورت کـردەوە و وەڵامـی بـەشێک لـە ڕەخنـەکانی داوە و لـە

پێوەندی لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکان ڕێنوێنی پێویستی پێشکەشی کۆنگرە کرد. کۆنگرە بە لەبەر چاو گرتنی "ئیسلاحات" و پێشنیارەکانی پێویست، ڕاپۆرتی پەسند کرد. ئەوجا کۆنگرە گوێی دایە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی بەرنامە و ئەساسنامە، کۆمیسیۆن پێشنیاری ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە بەرنامە و ئەساسنامەدا کربوو. نوێنەرانی کۆنگرە بە درێژی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا بیروڕایان دەربری، پاشان بەرنامە و ئەساسنامە لە لایەن کۆنگرەوە پەسند کرا.

کۆنگرە بەپێی بەرنامەی لەپێشدا داڕێژراو، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد و بە ڕای نهێنی 25 کەسی بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژارد. هەروەها کۆنگرە 11 کەسی وەک ئەندامی کۆمیسیۆنی "بازرەسی" دیاری کرد. ئەوجا لە لایەن کۆنگرەوە ئەم پەیامانە نێردران: پەیام بۆ حەزرەتی آیت اللەالعظمی ئیمام خومەینی، پەیام بۆ سەرکۆمار دوکتۆر ابوالحسن بنی صدر، پەیام بۆ بنەماڵەی شەهیدان و کەمئەندامانی شەڕ، پەیام بۆ گەلانی ئێران، پەیام بۆ احزاب و ڕێکخراوە نیشتمانی و دیموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێران، پەیام بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، پەیام بۆ پێشمەرگەکانی کوردستان، پەیام بۆ ئەندامانی حیزب، پەیام بۆ جووڵانەوەکانی ڕزگاریدەری جیهان، پەیام بۆ گەلی کورد لە دەرەوەی ئێران و پەیام بۆ گەلی فەلەستین.

پێش لە کۆتایی کۆنگرە، هاوڕێ غەنی بلوریان سوپاسی لە نوێنەرانی کۆنگرە، لە کۆمیتەی ئامادە کردن، لەو پێشمەرگانەی کە پاراستنی کۆنگرەیان بە ئەستۆ بوو، کرد و هەروەها سوپاسی لەو میوانداارانە کرد کە ئەرکی پێڕاگەیشتین بە نوێنەرانیان لە ئەستۆ بوو.

کۆنگرە هێمنی وەک ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرد و "عینوانی" شاعیری نیشتمانیی گەلی دایە. دوکتۆر قاسملوو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا کە پێوەندی بە گرنگیی کۆنگرەی چوارەم لە مێژووی حیزب دا بوو، ئاماژەی بۆ خەبات و ڕێبازی سیاسی حیزب لە داهاتوودا کرد و داوای لە هەموو نوێنەران کرد کە یەکیەتی ڕیزەکانی حیزب بپارێزن و ئاکامەکانی بەرچاوی کۆنگرە بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان

باس بکەن. بەو جۆرە دوایی بە کاری کۆنگرە هات و دەریخست کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە قووڵی پێبەند بە دیموکراسی و ئەسڵەکانیەتی. لەو چەند ڕۆژەدا کە کۆنگرە پێکهات، خەڵکی مەهاباد و سەرانسەری کوردستان و تەنانەت بەشەکانی تری ئێران بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە چاوەڕوانی کارەکانی کۆنگرە بوون و سەدان پەیامی نووسراوە و تەلەفونییان بۆ کۆنگرە نارد. لە ماوەی کۆنگرەدا خەڵکی کوردستان دووبارە پشتیوانیی بێ ئەم لا و ئەولای خۆیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەربری و نیشانیان دا کە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی خەباتگێڕی حیزبە خۆشەویستەکەیان پێوەندییەکی نەپچڕاوەیان هەیە.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 5 شەممەی مانگی ڕەشەمە، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی خۆیدا دوکتۆر عبدولرەحمان قاسملووی بە سکرتێر دیاری کرد. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دەفتەری سیاسی و چەند کەس وەک مشاوری کۆمیتەی ناوەندی دیاریکران. هەموو مەدارکی کۆنگرەکە بریتین لە: ڕاپۆرت، پەیامەکانی گەیشتوو و پەیامەکانی نێردراو، بەرنامە و ئەساسنامەی تازە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە لایەن دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندییەوە بڵاودەکرێتەوە.

دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
1358/12/6 (1980/2/25)

لە ڕەوتی کۆنگرەی چوارەمدا دوکتۆر قاسملوو ئەو چوار خاڵانەی سەرەوەی جێبەجێکرد کە ئامانجی سەرەکیی پێکهێنانی کۆنگرە بوون. جگە لە ئەمیر قازی، هاشم کەریمی و عەبدوڵا حەسەن زادە، ئەندامانی تری کۆمیتەی ناوەندیی لە دەسەڵات خست و لە جیاتی ئەوان ژمارەیەکی بە دەسەڵات گەیاند کە بەشێکیان تا ڕۆژی کۆنگرە ئەندامی حیزب نەبوون، تەنانەت سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادەی بەبێ ئەوەی کە ئەندامی حیزب بن یان بەشداریی کۆنگرەیان کردبێت، کردە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی.

دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرە، دوکتۆر قاسملوو بەخەیاڵەوە کە ئاستەنگ لەبەردەم وتوویژی حیزب لەگەڵ حکومەت هەڵگیراوە، لیژنەیەکی لە

ئەندامانی حیزب پێکهێنا و بە گەلاڵەیەکی شەش ماددەییەوە ڕەوانەی تارانی کردن و بە کردەوە مامۆستا شێخ عیزەدین و کۆمەڵە و چریکی فیدایی لە ڕیزی وتووێژکەرانی گەلی کورد دەرکرد و بە پێچەوانەی کۆنگرەی سێیەمەوە هەڵسوکەوت و سیاسەتی حیزبی لەگەڵ حیزبی تودە گۆڕی. بەشدارانی کۆنگرە سەبارەت بە کۆنگرەی چوارەم بیروڕای جیاوازیان بڵاوکردەوە و لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەم:

**عەبدوڵا حەسەن زادە نیو سەدە تێکۆشان لاپەڕەی 209- 210:** لە پێڕەوی نێوخۆدا هێندێ دەسکاریی گرنگ کرابوو کە لە هەموویان گرنگتر بە باوەڕی خۆم هەڵگرتنی مەرجی دوو ساڵ ڕابردووی حیزبی بۆ کاندیداکانی ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی بوو. ئەو کارە بەو مەبەستە کرا کە ئەو ڕووناکبیرانەی لەنێوخۆی وڵات دا ژیابوون و وەزعی نێوخۆی ئێران شارەزا بوون، بەڵام تازە ببوونە ئەندامی حیزب بتوانن بێنە نێو کۆمیتەی ناوەندی، کەچی تاقیکردنەوە دەریخست ئەو مەرجە بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی بەخۆڕایی دانەنراوە و کەسانێک کە کەمتر لە دوو ساڵ لە ڕیزی حیزب دا تێکۆشانیان بووبێ، ناکری حیسابیان لەسەر بکرێ. لەو کەسانە کە لە سایەی لابردنی مەرجی دوو ساڵ ڕابردووی تێکۆشانی حیزب دا بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، تەنیا یەک کەسیان بۆ حیزب خێری دایەوە، ئەوانی دیکە پێش تەواو کردنی ساڵێک تێکۆشان لە کۆمیتەی ناوەندی دا، حیزبی دیموکراتیان بەجێهێشت. هەر بۆیەش لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب دا ئەو مەرجە هاتەوە جێی خۆی.

بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی بەڕێز و حەسەن زادە، مەرجی ئەندامەتی بەرلە کۆنگرەی چوارەم و بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب، یەک ساڵ بوو نەک دوو ساڵ.

**غەنی بلوریان ئاڵەکۆک لاپەڕەی 328:** بەو هیوایە کە قاسملوو پاش کۆنگرە پشتی پرۆگرامە پەسندکراوەکەی بگرێ، من گەلێک جاران لە بەرامبەر ڕەخنەی نوێنەرانی کۆنگرەدا پشتی قاسملووم گرت.

**جەلیل گادانی 50 ساڵ خەبات لاپەڕەی 228:** هومێد بە درێژەدانی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم و گەیشتن بە خودموختاری یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی بەرنامەی حیزب کە بۆ هەموو حیزبێکی پێشکەوتنخواز و

دیموکرات پرینسیپێکی گرینگە، واتە "ئەسڵی جیایی دین لە دەوڵەت" هەڵگیرا.

**سەعید کاوە وەردانەوە لاپەڕەی 94:** کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باری دۆستایەتی و هاوڕێیی و ڕاستی سەت لە سەت نەبوو، ناسەداقەتی و دەست بادانی ئاشکرا، فێڵ کردنی نهێنی، دژایەتی دور لە هاوڕێییەتی و گرێدراوی حیزبی، کارکردن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، شکاندن و پێرێخستنی تێکۆشانی هاوڕێی کۆنەکاری چەند ساڵە و هێنانی کەسانی زەحمەت نەدیوی سیاسی و ڕەپێش کردنیان، هەروەها دەستەبەندی ئاشکرا، تەنانەت فێڵ کردن لە خوێندنەوەی دەنگەکاندا کە ئیتر ئەوە بە دەستدرێژییەکی نەبەخشراوی سیاسی و ئەخلاقی دەژمێردرێ.

**کەریم حیسامی لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی حەفتەم لاپەڕەی 15:** لەسەر پێکهێنانی کۆنگرە کاک حەمەدەمینی سیراجی، ئەمیری قازی، مەلا ڕەسوڵ و مەلا سمایل دژ بوون و لایان وابوو کە لەم هەلومەرجەدا هیچ پێویستیەکی ئەوتۆ بۆ بەستنی کۆنگرە لە گۆڕێدا نیە. دوکتۆر گوتی: (دەفتەری سیاسی بڕیاری داوە و تازە بەشی زۆری کۆنفرانسەکانی حیزبیش بەستراون.) حەمەدەمین و ئەمیری قازی کە ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون، گوتیان ئێمە ئاگامان لە شتێکی وا نیە... دەبوایە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بنوسرێ و ئامادە بکرێ و پێشتر بدرێ بە ئۆرگانەکانی حیزبی بیخوێننەوە و باسی لەسەر بکەن و نەزەری لەسەر بدەن، بەڵام تا ڕۆژی پێش کۆنگرە تەنانەت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش چاویان پێی نەکەوت!

## وتووێژی حیزبی دیموکرات لەگەڵ بەنیسەدر و لە دایکبوونی گەلاڵەی شەش مادەیی

لــە بەشــی "کــۆنگرەی چــوارەمی حیزبــی دیمــوکرات"دا گــوتم ئامــانجی سەرەکیی دوکتۆر قاسملوو لە پێکهێنانی کۆنگرەی چوارەم دەگەڕایەوە بۆ چوار خاڵ. خاڵی یەکەمیان کە بە دەستخستنی شەرعیەتی دووبارەی دەسەڵاتدارییەتی حیزبی دیموکرات بوو، لە کۆنگرەدا جێبەجێکرا و دوکتۆر قاسملوو جگە لە ئەمیر قازی، هاشم کەریمی و عەبدوڵا حەسەن زادە، هەموو ئەندامانی تری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی لە دەسەڵات خست و لە جیاتی ئەوان ژمارەیەکی بە دەسەڵات گەیاند کە تا ڕۆژی پێکهاتنی کۆنگرە ئەندامی حیزب نەبوون، تەنانەت سنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادە بەبێ بەشدارییکردنیان لە کۆنگرەدا کران بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی.

دوو ڕۆژ دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرە، دوکتۆر قاسملوو بە مەبەستی جێبەجێکردنی خاڵی دووەمی ئامانجەکانی کە هەڵگرتنی ئاستەنگەکانی بەردەم وتوویژ بوو لەگەڵ حکومەت، ڕۆژی 1358/12/2 (1980/2/21) نامەیەکی بۆ ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران نارد و ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دیموکراتی لەسەر شوڕشی ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرایەتی خومەینی و گیروگرفتەکانی کوردستان بۆ ڕونکردەوە و داوای لێکرد بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتیی، لیژنەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات قبوڵ بکات. بەنیسەدر هاودەنگیی لەگەڵ داواکەی دوکتۆر قاسملوو کرد و دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات، لیژنەیەکی لە غەنی بلوریان، عەبدوڵا حەسەن زادە، فەوزیە قازی، نەوید موعینی و ئەحمەد قازی پێکهێنا و ڕۆژی 1358/12/8 بە سەرۆکایەتی غەنی بلوریان چوون بۆ تاران. شایانی باسە کە ئەحمەد قازی دۆست و لایەنگری حیزبی دیموکرات بوو.

لە ڕاستییدا ئەو لیژنەیە بۆ وتوویژ نەنێردرابوو، بەڵکوو بۆ ئەوە چووبوو کە ڕێگایەک بۆ وتوویژەکانی دوایی نێوان دوکتۆر قاسملوو و حکومەت خۆشبکات، بۆیە هیچ پڕۆژەیەکی بە نووسراو پێنەبوو. ئەندامانی شاندەکەی حیزبی دیموکرات لە کۆشکی سەرۆکوەزیران چاویان بە

سەرۆککۆمار و داریوش فروهەر، عیزەتولا سەحابی و هاشم سەباغیان ئەندامانی هەیئەتی تایبەتیی حکومەت کەوت. بەنیسەدر لە سەرەتای چاوپێککەوتنەکەدا زۆر بە توندیی ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی حیزبی دیموکرات گرت، بەڵام کاتێک غەنی بلوریان ئاماژەی بۆ دەرد و ئازارەکانی گەلی کورد لەسەردەمی دەسەڵاتدارییەتی بنەماڵەی پەهلەویدا کرد و داواکانی گەلی کوردستانی پێڕاگەیاند، ناوبراو قسەکانی گۆڕی و بەڵێنیدا کە داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکات و گوتی داواکانی گەلی کورد گەلاڵە بکەن و بە نوسراو بیدەن. عەبدولا حەسەن زادە سەبارەت بەو مەسەلەیە لە لاپەرەی 219 ی "نیو سەدە تێکۆشان"دا دەڵێت:

**- (لە سەرەتای دانیشتنەکەدا ئاغای بەنیسەدر زۆر توند بەگژ ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبدا هاتەوە و لە ڕاستی دا بە زمانێکی دیپلۆماتانە بەشێک لەو تۆمەتانەی دایە پاڵ گەلی کورد کە دەسەڵاتدارانی کۆن و نوێی ئێران و بەگشتی شووێنیستەکان لە کوردەکانی دەدەن، بەڵام پیاو هەق بڵێ وەختێک یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب (مەبەست لە غەنی بلوریانە- نوسەر). داخوازەکانی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی بۆ ڕوون کردەوە، هەڵوێستی گۆڕی و داخی خۆی لە بەرخوردی پێشووی دەربری.**

**ئاغای بەنیسەدر پاش تەواوبوونی قسەکان گوتی ئەگەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان ئەمانەن، ئێوە بیان کەنە گەلاڵەیەک و بم دەنێ، هەر ئەم ئێوارەیە دەیدەم بە شووڕای ئینقلاب و هەوڵ دەدەم موافقەتی بۆ وەربگرم. دەستەی نوێنەرایەتی حیزب داوای کرد ژوورێکی بۆ چۆل بکرێ تا بتوانێ داخوازەکان بکاتە گەلاڵەیەک و بیداتەوە بە ئاغای سەرکۆمار. ئەوە بوو کە ژوورێکیان لە کۆشکی سەرۆک وەزیران بۆ هەیئەت چۆل کرد و گەلاڵەی 6 مادەیی کە 8 مادەی پاشکۆشی لەگەڵ بوو لەو ژوورەدا ئامادەکرا. شایانی باسە لە چاوپێکەوتنی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب و سەرۆک کۆماردا ئەندامانی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت "ئاغایان داریوش فروهەر، هاشم صباغیان و عزت الله سحابی" یش بەشدار بوون.).**

هاشم سەباغیان سەبارەت بە کۆبوونەوەی ڕۆژی 1358/12/11 وتوویژێکی لەگەڵ هەواڵنێری ئیتلاعات کرد و ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/12/12دا وتوویژەکەی بڵاوکردەوە، ناوبراو دەڵێت:

**- (لە کۆبوونەوەیەکی دوو کاتژمێرییدا کە ئەمڕۆ من و بەڕێز داریوش فروهەر لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی دیموکراتدا کردمان، لەسەر گەڵاڵەیەکی پێشنیازکراوی نوێنەرانی حیزبی دیموکرات وتووێژمان کرد. شاندەکەی حیزبی دیموکرات گەڵاڵەیەکی 6 ماددەیی سەبارەت بە کوردستان ئاڕاستە کرد کە ناوەڕۆکەکەی جیاوازیی بنەڕەتیی هەیە لەگەڵ گەڵاڵە 26 ماددەییەکەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد. هەیئەتی تایبەتیی حکومەت لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەم هەفتەیەدا پێکدێت، لە گەڵاڵەکەی حیزبی دیموکرات دەکۆڵێتەوە و پێشنیازی پێویست ئاڕاستەی سەرۆککۆمار دەکات. حیزبی دیموکرات جگە لەو شەش ماددەیە، باس لە بەخشینی گشتیی، پێڕاگەیشتن بە بنەماڵەی شەهیدانی شەڕی کوردستان، مەسەلەی قارنێ، ئازادکردنی زیندانییەکان، قەرەبوو کردنەوەی ئابووری و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی بڕیارنامەی هەڵوەشاندنی حیزبی دیموکرات دەکات.)**

## گەڵاڵەی شەش ماددەیی حیزبی دیموکرات

هەر وەک حەسەن زادە ئاماژەی بۆ دەکات، لە کۆشکی سەرۆکوەزیراندا زۆرێک دەدەن بە ئەندامانی شاندەکەی حیزبی دیموکرات کە گەڵاڵەیەک ئامادە بکەن و بیدەن بە هەیئەتی تایبەتیی حکومەت و ئەوانیش بە پێشنیازەوە ئاڕاستەی سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بکەن. من ئەو گەڵاڵەیەم لە لاپەڕەی 221 - 222 ی کتێبی "نیوسەدە تێکۆشان"ی عەبدوڵا حەسەن زادە و لاپەڕەی 234- 235 ی کتێبی "پەنجا ساڵ خەبات"ی جەلیل گادانی وەرگرتووە:

**1- گەلی کورد لە چوارچیوەی سەربەخویی و تەواویەتی خاکی ولاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا مافە نەتەوایەتییەکانی بە شێوەی خودموختاری وەربگری و ئەو مافانە لە "متمم"ی قانون اساسی دا بگونجیندرێن.**

2- چوارچیوەی جوغرافیایی کوردستان بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی تاریخی و جوغرافیایی و ئابووریی و ویستی زوربەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەک دیاریی بکری.
3- کوردستانی خودموختار شوورایەکی سەرانسەری لە جەریانی هەلبژاردنیکی ئازاد، نهینی راستەوخو و گشتی هەلبژیری.
4- شوورایەکی سەرانسەریی کوردستان هەیئەتیکی ئیجرایی بو بەریوەبردنی کاروباری ئابووری، فەرهەنگی، ئیداری و ئینتزامی هەل دەبژیری.
5- زمانی کوردی لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستان دا بۆ نامەنوسینی نیوان ئیدارەکان و خویندن لە پەنا زمانی فارسی دا بە رەسمی بناسری.
6- هەموو کاروباری نیوخویی چ ئیداری و چ ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و ئینتزامی بە ئورگانەکانی ناوچەی خودموختار بسپیردری.
لە کوتایی گەلاڵەکەدا پیشنیار کرابوو بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعی کوردستان و سرینەوەی شوینەوارەکانی سالیک شەری نیوخویی کوردستان ئەم کارانەی خوارەوە بکرین:
1- لیبوردنی گشتی بو هەموو ئەو کەسانەی کە بەشیوەیەکی لە جوریک لە رووداوەکانی کوردستان دا بەشدار بوون، دەربچی.
2- یارمەتی مانگانە "مستمری" بدری بە میراتگرانی شەهیدانی کوردستان.
3- بەرپرسانی کارەساتی قارنی بدوزرینەوە و سزا بدرین.
4- هەموو ئەو کەسانەی کە لە جەریانی شەرەکانی کوردستان دا کەم ئەندام بوون موچەی خانەنشینی یان بدریتی.
5- هەموو زیندانی یەکان لە هەر دوو لا بی قەید و شەرت ئازاد بکرین و هەموو ئەو کارمەندانەی کە بە تومەتی بەشداری لە رووداوەکانی کوردستان دا دەرکراون و دور خراونەتەوە یا بۆ جیگای دیکە ڕاگوزراون بینەوە سەر کارەکانیان و ئەوانەی دەرکراون مووچەی چەند مانگەی دواییشیان پی بدری.

**6- زەرەر و زیانی مالی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە پێک هەلپرژانەکانی ئەو دوایی یەدا زیانی مالی یان وی کەوتووە ببژیردریتەوە.**
**7- هەموو ئەو ئەفسەر و دەرەجەدارانەی کە بەهۆی مەسەلەی کوردستانەوە شوینی مەئمورییەتی خۆیان بەجی هیشتووە، لە ئورگانە ئینتزامی یەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان دا خزمەتیان پی بکری.**
**8- بەرنامەی پیوەندی دار بە هەلوەشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەلبوەشیتەوە.**
شایانی باسە کە کۆماری ئیسلامیی لە ڕاگەینراوەکانیدا حیزبی دیموکرات بە ڕێکخراوێکی هەڵوەشاوە ڕادەگەیاند، بەو هۆیەوە لیژنەی نوێنەراتی حیزب خاڵی هەشتەمیان پێشنیاز کرد.
لیژنەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە تارانەوە دوکتۆر قاسملووی ئاگادارکردەوە کە بەنیسەدر و هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بە چاوی ڕێزەوە تەماشای گەلاڵەی شەش ماددەیی دەکەن و بەڵێنیان داوە کە داوا گونجاوەکانی ئەو گەلاڵەیە بدەن بە شورای شۆڕش و ڕای ئەوانیش بۆ جێبەجێکردنی وەربگرن. دوکتۆر قاسملوو بە بیستنی ئەو هەواڵە خۆشە چووە سنە کە خەڵکی سنە و دەوروبەری سەبارەت بە هەوڵەکانی حیزبی دیموکرات بۆ کۆتاییهێنانی شەڕ و پێکدادان لە کوردستان و بە تایبەتیی ناوچەی سنە و کامیاران ئاگاداربکاتەوە. ڕۆژی 1358/12/12 (1980/3/2) گەیشتە سنە و ڕێکخراوی سنە کۆبوونەوەیەکی مەزنی لە هۆڵی شەهید "تەختی" بۆ پێکهێنا و ژمارەیەکی زۆر بەشدارییان تێدا کرد. **(تەختی پاڵەوانی زۆرانبازیی سەرکەوتووی ئێران بوو کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی حەمەڕەزاشادا بە شێوەیەکی نادیار کوژرا و کوژرانەکەیان خستە ئەستۆی ساواکی ئێران.).**
کاتی کۆبوونەوەکە، ژمارەیەک لە ئەندامان و لایەنگرانی شێخ عیزەدین، کۆمەڵە، پەیکار و چریکی فیدایی ڕژانە ناو شەقامەکانی شار و دژی وتوویژی حیزبی دیموکرات و دوکتۆر قاسملوو خۆپیشاندانیان کرد و گەلاڵەی شەش ماددەیی حیزبی دیموکراتیان ڕەتکردەوە. ڕۆژنامەی ئیتلاعات سەبارەت بە چوونی دوکتۆر قاسملوو بۆ سنە و وتوویژی حیزبی دیموکرات لەگەڵ سەرۆککۆمار، دوو وتوویژی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و

غەنی بلوریان کرد و بە سەردێڕی " بەدخوازان ناهێڵن وتووێژ دەست پێبکاتەوە" ، لە ژمارەی ڕۆژی 1358/12/13دا بڵاویکردەوە:

**هەواڵنێری ئیتلاعات:** دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیشتە سنە و کاتژمێر 15:00ی دوێنێ بەشداریی کۆبوونەوەیەکی کرد کە ڕێکخراوی سنەی حیزبی دیموکرات لە هۆڵی تەختی شاردا بۆی پێکهێنابوو. ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سنە بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کرد. دوکتۆر قاسملوو لە بەشێکی قسەکانیدا وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دایەوە کە لە لایەن چەند گروپێکی چەپڕەوی تێکدەری کوردستانەوە دژی حیزبی دیموکرات دەکرێن و گوتی: هەر وەک ئیمام خومەینی فەرموویان بەدخوازان ناهێڵن وتووێژەکان دەستپێبکاتەوە و دەیانەوێت شەڕ بەسەر کوردستاندا بسەپێنن. لیژنەی نوێنەرایەتی حیزبی ئێمە بۆ وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی تاران بە هیچ شێوەیەک مانای بەلاوەنانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد نیە، ئێمە تەنیا ویستوومانە ڕێگایەک بکرێتەوە و کۆتایی بەو هەلومەرجە "نە شەڕ و نە ئاشتییە" بێت. ئێمە هەزاران پێشمەرگەمان لەو ڕێگایەدا بینی و ئێستاش لە تۆمەت ناترسین. حیزبەکانی ناوچە کە تۆمەت دەخەنە پاڵمان، دەبێت بزانن کە خەباتکردن مانای قسە هەڵبەستن نیە بۆ گروپەکانی تر، بەڵکوو هاوکارییکردنە. قاسملوو ڕایگەیاند کە گەڵاڵەی 6 ماددەیی دژی گەڵاڵەی 26 ماددەیی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد نیە. کاتێك کە قاسملوو گەیشتە هۆڵی تەختی، گروپەکانی لایەنگری کۆمەڵە و پەیکار و چریکی فیدایی خەڵک لە شەقامەکاندا خۆپێشاندانیان کرد و حیزبی دیموکراتیان بە سازشکار ناوبرد و وتووێژی لیژنەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتیان مەحکوم کرد. هەواڵنێری ئیتلاعات لە درێژەی نوسینەکەیدا وتووێژێکیشی لەگەڵ غەنی بلوریان کرد و بە سەردێڕی "وتووێژی نوێنەرانی کورد لەگەڵ سەرۆککۆمار جێی ڕەزامەندیی بوو" دەنوسێت:

- دوێنێ بەیانی غەنی بلوریان لەگەڵ ئەحمەد قازی، فەوزیە قازی، عەبدوڵا حەسەن زاد و نەوید موعینی بە چەپکە گوڵێکەوە کە بە زمانی فارسیی و کوردیی سڵاو و درودی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئاڕاستەی ڕۆحی دوکتۆر موسەدیق کردبوو، هاتنە "ئەحمەدئاوا". بلوریان لە

وتوویژێکدا لەگەڵ هەواڵنێری بەشی سیاسی ڕۆژنامەی ئیتلاعات ئامانجی هاتنی لیژنەکەی بۆ تاران ڕونکردەوە و لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئەگەر وتوویژی ئێوە لەگەڵ سەرۆککۆمار لە لایەن شێخ عیزەدین و گروپەکانی‌تری کوردەوە قبوڵ نەکرێت، چ هەڵوێستێکتان دەبێت؟ گوتی: ئێمە نوێنەری حیزبی دیموکراتین و لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە هاتووین و بە ڕای ئێمە داواکارییەکان هی گەلی کوردە و ئەگەر ئێمە ئەو داوایانە جێبەجێبکەین ئیتر قسەیەکمان نامێنێت. بەڕێز سەرۆککۆماریش سەبارەت بە ڕاگرتنی ئارامیی ناوچەکە ڕای خۆی پێڕاگەیاندین. بەگشتیی وتوویژەکەمان لەگەڵ سەرۆککۆمار جێی ڕەزامەندییە. ئەگەر ئێمە بتوانین کارێک بۆ خەڵکی کورد بکەین، ئەو کاتە دەتوانین ئارامیی جێگیر بکەین و داوا لە هەموو لایەک بکەین کە ئارامیی ناوچەکە ڕابگرن. ئێمە بە سەرۆککۆمارمان گوت ئەگەر مافی ڕەوای گەلی کورد بە شێوەی ڕەسمیی بدرێت، هیچ گروپێک ناتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی وڵات گێرەشێوێنی بکات. غەنی بلوریان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە لەسەر ناوی خودموختاریی و خودگەردانی بە چ ئاکامێک گەیشتوون؟ گوتی: لە ڕاستییدا ئێمە هیچ گرفتێکمان لەم بارەیەوە نیە، جارێ دەبێ مەسەلە گشتییەکان چارەسەر بکەین و کات بۆ چارەسەر کردنی وردەکارییەکان زۆرە. لە نێوان داوای ئێمە و ئەوەی کە هەیئەتی تایبەت داویناوە، ناکۆکیی زۆرمان نیە. لە چاوپێککەوتنی پەیتاپەیتاماندا لەگەڵ بەڕێز داریوش فروهەر، بەشی زۆری گرفتەکانمان چارەسەر کردووە. هیوادارین لەگەڵ بەڕیز سەرۆککۆمار کۆتایی بەو دۆخە "نە شەڕ و نە ئاشتییە" بهێنین.

**هەڵوەشاندنەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد:** بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنی دوکتۆر قاسملوو، وتوویژی نێوان لیژنەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سەرۆککۆماری و هەیئەتی تایبەتیی حکومەت و ئاڕاستەکردنی گەڵاڵەیەکی 6 ماددەیی لە جێگەی تەرحی 26 ماددەیی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد کە جیاوازیی بەرچاویان تێدایە، لە ڕاستییدا بە کردەوە هەڵوەشاندنەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد و دەرهاویشتنی کۆمەڵە و چریک و شێخ عیزدەین بوو لە ڕیزی

هەیئــەتی نوێنـەرایــەتی خــەڵکی کــورد و جێبــەجێکردنی خــاڵی ســێیەمی مەبەستی دوکتۆر قاسملوو بوو لە پێکهێنانی کۆنگرەی چوارەم! لـەبـەرئـەوە کۆمەڵــە جگــە لــە سـنە لــە شــارەکانی تـریش گرفتــی زۆری بـۆ حیزبــی دیموکرات دروستکرد و بە توندیی دژی وتووێژی حیزبی دیموکرات ڕاوەستا و کردەوەکانی لە خزمەت گەلی کورددا نـەبینی. لـە بەرامبـەر هەڵوێستی کۆمەڵــەدا دەفتــەری سیاســی حیزبــی دیمـوکرات بەیاننامەیــەکی لەســەر چۆنیــەتی وتووێژەکــەی و هەڵوێســتی حکومــەت و ئــەوەی کــە ئەنـدامانی هەیئــەتی نوێنـەرایــەتی خــەڵکی کــورد بـۆ خۆیـان سـەربەخۆن و دەتـوانن پەیوەنـدیی بـە حکومەتــەوە بکـەن، بڵاوکـردەوە و زۆر بـە تونـدیی وەڵامـی کۆمەڵــەی دایــەوە. سـەیر ئەوەیـە کـە حیزبـی دیمـوکرات بەرلـە کـۆنگرەی چــوارەم ڕاگــەینراوەکانی بــە نــاوی کۆمیتــەی ناوەنــدیی حیزبــەوە بڵاودەکــردەوە، بــەڵام ئــەم جــارە دەفتــەری سیاســی بـۆ خـۆی و بــەبێ ئـاگاداریی کۆمیتـەی ناوەنـدیی ئـەو بەیاننامەیـەی بڵاوکـردەوە. من دەقـی بڵاوکراوەکەم لە لاپەڕەی 233- 239 ی کتێبـی "50 ساڵ خـەبات" نوسینی بەڕێز جەلیل گادانی وەرگرتووە:

**سەبارەت بە ناردنی وەفدی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

**لەبەر ئەوەی کە دوای یەکەم کۆبوونەوەی ڕەسمیی وەفدی نوێنەرایەتیی گــەلی کــورد لەگــەڵ وەفــدی تایبــەتیی دەوڵــەت، وتووێژەکــانی ئاشــتیی کوردســــتان ڕاوەســــتا، ڕۆژی 2 ی ڕێبەنــدانی مــانگی رابــردوو حیزبــی دیموکراتی کوردستانی ئیران لـە نامەیـەک دا کـە بـۆ دوکتـور بەنیسـەدر سەرکۆماری ئیسلامیی ئیرانی نارد، وێرای باسی مەسەلەکانی کوردستان و هەروەها هێندیک لە ڕوانگەکانی حیزب، داوای لە سەرکۆمار کرد کە بو حەللی گیروگرفتەکانی کوردستان و قسە و باسەکان، وەفدی نوێنەرایەتیی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان سـەبارەت بـە گیروگرفتـەکانی کوردسـتان قبوول بکا.**

**بــە دوای ڕاگەیانـدنی موافقــەتی ئاغـای بەنیسـەدر، ڕۆژی هەشـتـەمی ڕەشەمەی ئەو مانگە هیئـەتیکی پینج نەفـەرە بـە نوێنەرایـەتیی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بـو تـاران وەڕێ کـەوت و بـەیانیی هـەر ئـەو ڕۆژە**

لەگەڵ سەرکۆمار چاوپێکەوتن و وتووێژیان کرد. وەفدی حیزبی دیموکرات لەو چاوپێکەوتنەدا ڕوانگەکانی حیزبی سەبارەت بە ڕێگاحەللی سیاسی و ئاشتیی گیروگرفتی کوردستان لەگەڵ ئاغای بەنیسەدر باس کرد و لایەنەکانی جۆراوجۆری ئەو پیلانانەی کە بو گەلی کورد و شۆڕشی ئیران دەکار دایە، بۆ باس کرد. هەروەها داوای لە سەرکۆمار کرد کە هەرچی زووتر بریارنامەی پێوەندیدار بو هەڵوەشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕەد بکاتەوە، هەتا حیزبی ئیمە بتوانی بە شێوەی ڕەسمی و چالاکانە لە هەڵبژاردنی "مەجلیسی شوورا"دا بەشداری بکا. دوای باس و لێکدانەوەی مەسەلەکان بریار درا کە وەفدەکە لی گشتیی ویستەکانی گەلی کورد گەڵاڵە بکا و بەهوی ئاغای داریوش فروهەر بیداتە ئاغای بەنیسەدر، هەتا دوای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە لە لایەن سەروک کومار و شوورای شۆڕشەوە وەڵامیان پی بدرێتەوە. ڕۆژی شەممە 11ی رەشەمە وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستان ویستە بنەرەتی یەکانی گەلی کوردیان بە شێوەی تەرحیکی شەش برگەیی لەژیر ناوی "رئوس کلی طرح خودموختاری" ئامادە و تەحویلی ئاغای داریوش فروهەر و مهندس سەباغیان ئەندامانی وەفدی تایبەتیی دەوڵەت بو کوردستان دا. ئامادە کردنی ئەو گەڵاڵە 6 بڕگەیی‌یە ڕاست بۆ ئەو ئامانجە بوو کە بە ڕاگەیاندنی ئەو ئەسڵە گشتی یانە پیشی دنەدانی "بدخواهان" بگیردرێ و زەمینەیەکی سالم بۆ وتووێژ لە دەوروبەری شتە وەردەکانی دیکە پێک بی. ئەو شەش ماددەیی یە بریتی یە لە:

1- لیبوردنی گشتی بو هەموو ئەو کەسانەی کە بەشیوەیەکی لە جوریک لە ڕووداوەکانی کوردستان دا بەشدار بوون، دەربچی.

2- یارمەتی مانگانە "مستمری" بدری بە میراتگرانی شەهیدانی کوردستان.

3- بەرپرسانی کارەساتی قارنی بدوزرینەوە و سزا بدرین.

4- هەموو ئەو کەسانەی کە لە جەریانی شەرەکانی کوردستان دا کەم ئەندام بوون موچەی خانەنشینی یان بدریتی.

5- هەموو زیندانی یەکان لە هەر دوو لا بی قەید و شەرت ئازاد بکرین و هەموو ئەو کارمەندانەی کە بە تومەتی بەشداری لە ڕووداوەکانی

کوردستان دا دەرکراون و دور خراونەتەوە یا بۆ جیگای دیکە ڕاگوزراون بینەوە سەر کارەکانیان و ئەوانەی دەرکراون مووچەی چەند مانگەی دواییشیان پی بدری.
6- زەرەر و زیانی مالی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە پێک هەلپرژانەکانی ئەو دوایی یەدا زیانی مالی یان وی کەوتووە ببژیردریتەوە.
7- هەموو ئەو ئەفسەر و پلەدارانەی کە بەهۆی مەسەلەی کورستانەوە شوینی مەئموورییەتی خۆیان بەجی هیشتووە، لە ئورگانە ئینتزامی یەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان دا خزمەتیان پی بکری.
8- بەرنامەی پیوەندی دار بە هەلوەشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەلبوەشیتەوە.
وەڤدی نێردراوی حیزبی دیموکرات دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە تاران، ڕۆژی هەینی رابردوو گەڕانەوە کوردستان، ئەو جورە کە دەرکەوتووە، ڕۆژی شەممەی رابردوو، ئەو گەلاڵە لە لایەن وەڤدی تایبەتیی کوردستانەوە درایە سەرکۆمار. وتوویژی وەڤد لەگەڵ سەروک کۆمار لە کەش و هەوایەکی برایانە ئەنجامی گرت و ئاغای بەنیسەدر سەبارەت بە حەللی ئاشتییانەی گیروگرفتی کوردستان و پەسندکردنی ویستەکانی بەرحەقی گەلی کورد، رووی خوشی نیشان دا. ناردنی وەڤدی حیزبی دیموکراتی کوردستان و وتوویژیان لەگەڵ سەروک کومار لە راگەیاندنە گشتییەکاندا دەنگدانەوەیەکی بەربلاوی هەبوو و لە کور و کومەلە سیاسی یەکانی کوردستان باسیکی زوری لی دروست بوو. بەشیک لەو تاقم و دەستە سیاسی یانەی کە بوونی خویان تەنیا لە وەری خستنی هەللا و هەنگامەدا دەبینن، تێ دەکوشن خەباتی پر لە شانازیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەکەدار بکەن، بیرورای سەیریان دەربریوە و وەک هەمیشە حیزبی ئیمەیان خستوتە ژیر بارانەی بوختانەوە. قسەی بنەرەتی لەو زەمینەیەدا ئەوەیە کە گویا ناردنی وەڤدی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مانای رەدی وەڤدی نوێنەرایەتیی گەلی کوردە. لەو بارەوە یەکیک لە رۆژنامەکانی پاش نیوەروی تارانیش گەلاڵەی شەش بڕگەیی "شەش مادەای" وەڤدی حیزبیان لە جیگای گەلاڵەی 26 بڕگەیی وەڤدی نوێنەرایەتیی گەلی کورد نیو بردووە. جاری با لەوە بگەریین کە

جیاوازیی ئەو دوو گەڵاڵەیە تەنیا لەو نوکتەدا خولاسە دەبیتەوە کە هی یەکەم مەسەلەکان بەگشتی بەیان دەکا و گەڵاڵەی دووهەم، وردە کاری یەکانیشی باس کردووە، وا دیتە بەرچاو کە ئەو حەزرەتانە ئەسلی پیک هینانی وەڤدی نوێنەرایەتی یان لەگەڵ هەلوەشانی ئەندامانی ئەو تیکەل و لە ریکخراویکی تازەدا بە هەلە گرتووە. بە بروای ئیمە خراپی لی تیگەیشتوون. هەرکام لە ریکخراوەکانی ئەندام لە وەڤدی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا سەربەخویی تەواوی سیاسی و ئیدەلوژیکی یان هەیە و مافی سروشتی هەرکام لەوانەیە کە جیاواز لەوانی دیکە لە هەر مەوریدیک دا بریاری لازم بدەن و یان لەگەڵ کاربەدەستانی ولات پیوەندی بگرن، بیرورای خویان لەسەر هەر مەسەلەیەک رابگەیەنن. ئەندامانی وەڤدی نیردراویش لە مانەوەیان لە تاران دا و لە جەریانی وتووێژەکانیان دا رایان گەیاندوە کە ئەوان روانگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان یان باس کردووە و ئامانج لە سەفەری ئەوان حەرەکەت پیدانی وتووێژەکانی ئاشتیی کوردستانە. هەروەها تەئییدیان کرد کە لە گەرانەوەی خۆیان دا وەڤدی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە جەریان بنین. بیجگە لەوانە، چون مومکینە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان تی بکوشی وەڤدەکە لاواز بکا کە بوخوی کولەکەی بنەرەتیی ئەو وەڤدە پیک دەهینی و لەوی دا ئەرکی قسەکەری بە ئەستووەیە. ئەو بوختانە نارەوایانە تەنیا دەتوانی بیروړای ئەو تاقمانە بی کە قسەیەکیان بو گوتن نییە و بوونی خۆیان لە نەبوونی خەڵکی دیکەدا دەبینن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ئەوانە تیدەکوشن بوختانی "سازشکاری" لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بدەن. ئەوانە بوختانی سازشکاری دەخەنە پال حیزبیک کە 35 سال لە ریگای وەدی هینانی مافی نیشتمانی و کومەلایەتیی گەلی کورددا خەباتی کردووە و زیاتر لە کوی ئەندامانی زوربەی ئەو تاقمانە لە ریگای ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان دا قوربانیی داوە. بوختانی سازشکاری لەو شتانەوە سەرچاوە دەگری کە پیش لە دەست پیکردنی تیک هەلچوونەکانی کوردستان لە حیزبی ئیمەیان دەدا، ئیستاکە ئیتر پووچی ئەو شتانە بو هەموو کەس دەرکەوتووە.

خەڵکی کوردستان زورباش لەبیریان ماوە ئەوکات کە هیرشی ئەرتەش و سوپای پاسداران بو کوردستان دەستی پیکرد، کام حیزبی سیاسی بوو کە خەڵکی بەتەنیا بەجی نەهیشت و لەگەڵ ئەوان حەماسەی خولقاند، هەروەها لەبیریان ماوە کە کام لەو تاقمانە بوون کە دوای تیپەرینی مانگیک لە گرتنەوەی شارەکانی کوردستان بە هوی ئەرتەش و سوپای پاسداران بە پاریزەوە جورئەتیان بەخۆیان دا کە تەنیا لە چەند جیگا بەرەنگاری هیرشکەران بکەن. خەڵک لەبیریان نەکردووە کە ئەو تاقمە بەچ شێوەیەک عەمەلیاتی پارتیزانیی پیشمەرگەکانی حیزبی ئیمەیان بەنیوی خویان تەواو دەکرد، کومەلانی خەڵک و خودی ئەو حەزرەتانە دەزانن کە نەوەد دەرسەدی شەهید و کەم ئەندامەکانی و زیان دیتووەکانی شەر سەربە حیزبی دیموکراتی کوردستانن و ئەوەی کە لەوانە بە بیرەوەری بەجی ماوە، دروشمی بی نیوەروک و بادانی راستییەکانە. خەڵکی کوردستان باش ئاگادارن کە دەیان سال پیش دروست بوونی ئەو تاقمانە، حیزبی دیموکراتی کوردستان دابین کردنی ویستەکانی نیشتمانی و کومەلایەتیی گەلی کوردی لە سەردیری بەرنامەکانی خویدا دیاری کردووە و لەو ریگایەدا قوربانیی داوە.

دروشمی "بورژواییيانەی"ی خودموختاری کە چەند مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیران بەسەر ریژیمی پەهلەوی دا لە لایەن خەڵکەوە بەسەر ئەو حەزرەتانە داسەپا، **35** سال پیش لە لایەن حیزبی ئیمەوە مەترەح کراوە. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو دوو سالەی ئاخری وەلا بنین، **35** سالی رابردوو هەموو ئەو کەسانەی کە بە ئاواتی خەبات لە ریگای رزگاریی گەلی کورددا زیندانی، جەزرەبە، ئیعدام، دورخراوە، شەهید یا ئاوارە بوون، بی ئەم لا و ئەولا، ئەندام و لایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون. لەو حالەتەدایە کە ئەو کەسانەی ئیستا لە دلی خویاندا ئیمانیان بە خودموختاری نییە، بوختانی سازشکاری لە حیزبی ئیمە دەدەن، بەڵام ئەگەر ئامانجی ئەو حەزرەتانە ئیعترازە بە سیاسەتی ئاشتیخوازانەی ئیمە، ئیمە جاریکی دیکەش رادەگەیەنین کە بە دەرس وەرگرتن لە کومەلانی گەلی کورد لایەنگری توند و تیژی ئاشتییانەی گیروگرفتی کوردستانین و هەرچەشنە ریگایەکی نیزامی مەحکووم

دەکەین. ئیمە لەسەر ئەوە پی دادەگرین کە تەنانەت کاتیکیش کە بو دیفاع لە بوونی ئامانجەکانی خەڵکی کورد دەست بو ئەسلەحە دەبەین، تەنیا لە ریگای داسەپاندن و جیگیرکردنی سولح بەشەر دیین و لە نەزەر ئیمەوە شەر بو شەر رەد دەکریتەوە.
لێرەدا بەبێ گرێ و گۆڵ رادەگەیەنین کە ئیمە خوازیاری گەیشتن بە تەوافوقین لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و باوەرمان وایە کە تەوافوق لەگەڵ دەوڵەت لەسەر وەدیهێنانی ویستەکانی عادلانەی گەلی کورد ئەرکیکی شورشگیرانەیە نەک هەنگاوێکی سازشکارانە. مەگەر ئیمە دەمانهەوی لەگەڵ دەوڵەتێکی خاریجی تەوافوق بکەین، هەتا لە لەقاودانەکەی بترسین. هەموو لەبیریان ماوە هاوینی رابردوو کە حیزبی ئیمە لە جەریانی بەیاننامەیەک دا ڕایگەیاند کە پاشگەزبوونەوە لە ئیسلاحاتی زەوی و وەزعی ئیستای زەوی تەنیا لە سەلاحییەتی دەوڵەتی ناوەندی دایە و رەوا نی‌یە کە خەڵکی هەر ناوچەیەک بە کەیفی خۆیان ئیقداماتێکی ئەوتو بکەن کە ناوچەکە تووشی ئالوزیی ببێ، بەڵام خەڵکی کوردستان دیتیان کە وەختێک تاقمێک لە ملکداران بە دنەدانی دەست و پێوەندی شەرهەڵایسین دەیان هەویست نیزامی ئاغا و رەعیەتی زیندوو بکەنەوە، تەنیا حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە بە گەڵایەکی فەوری پیلانەکەی لە ماکەدا کردە بڵقی سەرئاو. سەیر ئەوەیە کە ماوەیەک دوای دەرکردنی بەیانی‌یەی حیزب سەبارەت بە مەسەلەی زەوی لە لایەن شێخ عزالدین حسینی ئاگاداری‌یەک بە هەمان شیوە بڵاوبووەوە "کە زور بەجێ و جێگای پەسند بوو" بەڵام حەزەراتی زور لایەنگری جوتیاران قەت دەنگیان نەهاتەدەر و بچووکترین ئیعترازیان نەگرت، بانیک و دوو هەوا.
ئیمە حەقمانە کە بپرسین لە سالی 1331 وەختێک کە حیزبی دیموکراتی کوردستان راپەرینی جوتیارانی ناوچەی بوکان و چۆمی مەجیدخانی بەرامبەر بە ئاغاکانی داگیرکەر ڕێبەری دەکرد، لە کوێ بوون ئەو ئاغازادانەی کە ئێستا عەوام خەڵەتینانە بەردی پارێزگاری لە جوتیاران لە سینگ دەدەن، ئەگەر بۆخۆیان ئێستا لاو و سادقن و ئەو رووداوانەیان لەبیر نی‌یە، دەتوانن لە خزمەکانیان و لە بابیان پرسیار بکەن، هەتا روون بێتەوە کە چ کەسانیک لە مافی جوتیاران پارێزگاری‌یان

کـردوە. عەجـەب شۆڕشـگێرانێک، منـداڵانی شـیرخور و جوتیارانیـان بـە لانکەوە دەنیوەراست ئاوی داویشت. نوکتەیەکی جیگای باس ئەوەیـە کـە هێنـدێک باسـی گفتوگـوی غـەیرە رەسـمی وەفـدی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان دەکەن. لـەو بارەوە دەبـێ بلێین ئیمـە بـە پێچەوانـەی ئـەوان دەستوور بە خەڵک نادەین، بەڵکوو لە خەڵکی کوردستان فەرمان و ئیلهام وەردەگرین. بە بروای ئیمە گرینگ ئەوە نـی‌یە کە چ کەسێک دەبێتە هـوی ئەوەی کە مافی رەوای گەلی کورد بە رەسمی بناسرێ، گرینگ وەدی‌هاتنی ویستەکانی میژوویی خەڵکی کوردستانە، هەر دەستە یان شەخسییەتیک بتـوانی بـە تیکوشـانی بـەردەوام مـافی رەوای خـەڵک بینیتـەدی، ئیمـە نەتــەنیا بەربــەرەکانیی لەگــەڵ ناکــەین، بــەڵکوو هــەنگاوەکانی وی پەسندیش دەکەین، ریز بو تێکوشانی بە ئاکام گەیشتووی دادەنیین و بـە رەسمی دەیناسین. ئەوە خـەڵکن کە دەبی قەزاوەت بکەن، سروشتی‌یە کـە ئەگــەر حیزبێـک بەپیچەوانــەی ویسـتەکانی رەوای گــەلی کـورد بیهــەوی بسازی، پێگەی کومەڵایەتیی خوی لەدەست دەدا و لـەگەڵ خەڵک رووبەروو دەبێتەوە. هەروەختێک خەڵک مـافی رەوای خۆیـان وەدەست بهینن، هـەر دەسـتەیەک بەرامبــەریان راوەسـتی، فاتیحــای خـوی دەخـوێنی و لــە ریزەکـانی دژی خــەڵک دا خـوی دەبینێتـەوە. مەگـەر پێکهـاتن و دروست بـوونی ئـەحزاب و دەسـتە و کومەڵـەکان ئامرازێـک نـین بـو گەیشتن بـە ئامـانج؟ لـەو حالـەتـەدا کـە کاتێک حیزب یـان دەستەیەک نـاتوانێ یان نایهـەوێ لـە وەدەستهینانی ئامانجێکدا ئـەرکێک بەرێوەبـەرێ، بـۆچی دەبێ پێ دابگرێ کە خەڵکی دیکە مافیان نـەبێ لـەو ریگایەدا تێ‌بکوشن و وەختێک کە بەشیکی زوری ئەو تاقم و دەستانەی ریژیمـی ئێستای ئیران بــە کونەپەرسـت و دژی گــەلی دەزانــن و ئەوانــەی کــە لــە وەفـدی نوێنەرایـەتیی گـەلی کورددا ئـەندامـەتی‌یان هـەیـە، تـەنیا بـە مەبەسـتی لـەقاودان و ریسوا کردنـی رێژیمـی ئیستا ئامـادەی وتـووێژن و لـە پـەنای ئەوەدا هەموو رۆژی بانگی "هل من مبارز" دەدەن، بوچی نارەحـەتی ئـەوەن کـە حیزبیکـی ئاشتیخواز یان بـە قـەولی حـەزەرات سازشکار لـە ریگـای حــەللی ئاشـتی‌یانەی گیروگرفتـی کوردسـتاندا هــەنگاو هــەلبگری. ئـەو دەسـتانە کـە تـا ئـەورو خـەڵکی کوردسـتان بچـووکترین ئاگاداری‌یـان لـە

بەرنامە و مەرامنامەی ئەوان نی‌یە، ئەگەر بیجگە لە دوژمنی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان شتیکی دیکەیان هەیە، باشتر ئەوەیە کە لەگەڵ خەڵک باسی بکەن، ئیمە دلنیاتان دەکەین کە گەلی ئیمە رق داگرتنی ئەوانیان سەبارەت بە حیزبی دیموکرات دەرک کردووە و وەختی ئەوە هاتووە کە ئەگەر کالایەکی تریان هەیە، پیشانی خەڵکی بدەن. بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە دوژمنی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بیجگە لە ناوزراوی و ریسوایی ئاکامیکی تری ناتوانی هەبی. ئەو حیزبە لەنیو دلی کومەلانی خەڵک رەگی داکوتاوە و دوژمنی لەگەڵ حیزب بە مانای دوژمنی لەگەڵ زۆربەی کومەلانی گەلی کوردە، کەوابوو هەتا تەپلی ریسوایی‌یان لی نەداوە، باشتر وایە دەست لەو شیوە کون و تاقیکراوانە هەلبگرن.

لە کوتایی‌دا پیویستە ئەوە بلیین کە حیزبی ئیمە هیچ کاتیک لە ریگای ئەوجورە بوختانانەوە هان نادری و وەدوای ئەو کردەوە ئانارشیستانەی هێندێک لەو تاقمە بی مەسئولییەتانە ناکەوی، کە لە زەمانی شەردا هەلاتن بەسەرمانەوە فەرز دەکەن و لە زەمانی ئاشتی‌دا دەست دەکەن بە ئالوزی و شەر ساز کردن. ئیمە بە وشیاری و ئاگاهیی خەڵکی کوردستان ئیمانی پتەومان هەیە و دلنیاین کە هەموو ئەو تیکوشانە رەزیلانەیەی کە بو تەنیا هیشتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکری، خەڵک ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە دەوری دروشمەکانی ئەو حیزبە کودەکاتەوە. ئیمە باش دەزانین کە خەڵکی کوردستان هیچ کاتیک شەرخواز نەبووە و نی‌یە و بە شاهیدی میژوو تەنیا کەسانیک لەنیو شەردا بەربەرەکانی‌یان کردووە کە شەرخواز و شەرهەلایسین نەبوون، جیاوازی هەیە لەنیوان شەرکەری خەباتگیر و شۆڕشگیر لەگەڵ شەرهەلایسینی ئانارشیست. هەرکاتیکیش خودای ناکەردە "بدخواهان" شەریکی دیکە بەسەر خەڵکی کوردستان دا داسەپینن، دلنیاین کە ئیددیعای ئیمە دەردەکەوی و جاریکی دیکەش میژوو دووپات دەبیتەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران

**1358/12/21**

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەیاننامەیەی حیزبی دیموکرات، مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی وتوێژێکی لەگەڵ هەواڵنێری تایبەتیی کەیهان لە مهاباد کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/31 (1980/4/20) دا وتوویژەکەی بڵاوکردەوە. ناوبراو دەربارەی گەلاڵەی شەش مادەیی حیزبی دیموکرات گوتی: **(هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە هەمان ڕۆژی یەکەمەوە گەلاڵەی شەش مادەیی حیزبی دیموکراتی ڕەتکردووەتەوە و ئێمە ئەو گەلاڵەیە بە ڕەسمی نایناسین.)** لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە شەقامەکانی مهاباد و شارەکانی تری کوردستان، پێشیان بە پێشمەرگە نەخوێندەوارەکانی حیزبی دیموکرات دەگرت و بە بیانووی باسی سیاسییەوە، ڕێبەرایەتی حیزبیان بە سازشکار و داردەستی حیزبی تودە و نۆکەری ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی تاوانبار دەکرد. چونکە دورخستنەوەی کۆمەڵە و شێخ عیزەدین و چریک لە وتوویژەکاندا ئارەزووی حیزبی تودە بوو، هەرکە ئەندامانی حیزبی تودە لە شەقامەکاندا دەیانبینی لە نێوان چەند کەسێکدا مشتومڕە، لێیان نزیک دەبوونەوە و پشتی پێشمەرگەکانی حیزبیان دەگرت و ئەوانیش کۆمەڵەیان بە لادەر لە هێڵی مارکسیی و پیلانگێڕ و ئەنارشیست تاوانبار دەکرد. ئەو مەسەلەیە تا هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە سنە و تێوەگلانی حیزبی دیموکرات کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم، بەردەوام بوو.

## هەڵبژاردنی یەکەم خولی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامیی

دوای هەڵبژاردنی ئەبولحسەنی بەنیسەدر بە سەرۆکایەتی کۆمار، کۆماری ئیسلامیی یەکەم هەڵبژاردنی یەکەم خولی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامیی کرد. سەرەتا کۆمیسیۆنێک و 193 ناوەندی هەڵبژادنی لە شارەکاندا دانا کە سەرپەرشتیی کاروباری هەڵبژاردن بکەن و کاتژمێر 08:00 - 20:00 ڕۆژی 1358/12/13 (1980/3/4) هاوکات لە هەموو شارەکانی ئێراندا هەڵبژاردن بکرێت. لە چەند شارێکدا پاڵێوراوان دەنگی دیارییکراویان بۆ بەشدارییکردن لە پەرلەمان نەهێنا، لەبەرئەوە جارێکیتریش لە مانگی گوڵانی ساڵی 1358 دا بۆ ئەو ژمارەیە هەڵبژاردن کرا.

پەرلەمان کە لە وڵاتاندا ئەرکی یاسادانانی لە ئەستۆیە، بۆ یەکەم جار لە سەردەمی حکومەتی "مەشروتەی سەڵتەنەتی" و بە فەرمانی موزەفەرەدین شای قاجار لە ئێران دامەزرا و ناوی "مەجلیسی شورای میللی" لێنرا و مەرامنامەی بۆ نوسرا. ڕۆژی 1285/7/11 (1906/10/2) یەکەم هەڵبژاردنی نوێنەران کرا و نوێنەرانی پەرلەمانی دەستنیشانکران و ڕۆژی دووشەممە 1285/7/16 (1906/10/8) یەکەم کۆبوونەوەی ئاسایی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی "سەنیع ئەلدەولە" پێکهێنا. دوای کودێتای ڕەزاشا لە 1299/12/3 (1921/2/12) و بە دەسەڵات گەیشتنی بنەماڵەی سەرەڕۆی پەهلەوی، پەرلەمانی ئێران هەر بەو ناوەوە درێژەی دا بە ئەرکی یاسادانانی خۆی.

بە ڕوخانی ڕژێمی سەڵتەنەتیی لە ئێراندا و بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی، ڕژێمی نوێ ناوی "مەجلیسی شورای میللی" کرد بە "مەجلیسی شورای ئیسلامیی" و بەگوێرەی پەراگرافی 64 ی یاسای هەمیشەیی ئێران ژمارەی نوێنەرانی لە 268 نوێنەرەوە کرد بە 270 نوێنەر و بڕیاردرا هەر دە ساڵ جارێک 20 نوێنەر زیادبکرێت.

دوای ڕوخانی ڕژێمی محەمەد ڕەزاشا، ئەوە یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد بوو کە لە ئێراندا کرا، لەبەرئەوە زۆربەی هێزە سیاسییەکان بەبێ جیاوازیی لە ئێران و کوردستاندا بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد و

بە شێوەی ڕەسمیی بەرنامە و ناوی پاڵێوراوانی خۆیان ڕاگەیاند و داوایان لە خەڵک کرد کە دەنگ بە نوێنەرانیان بدەن.

لەو چوارچێوەیەدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناوەندێکی تایبەتی بە سەرۆکایەتی جەلیل گادانی بۆ کاروباری هەڵبژاردن پێکهێنا. ناوەندی هەڵبژاردنی حیزب کە ناوی "ستادی ئینتخاباتی" حیزب بوو، دوو ڕۆژ بەرلە هەڵبژاردن پرۆگرامی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ هەڵبژاردن بڵاوکردەوە. من ئەو ڕاگەیانراوەم لە لاپەڕەی 240- 241 ی "50 ساڵ خەبات" نوسینی جەلیل گادانی وەرگرتووە:

**گەلی قارەمانی ئێمە لە سەنگەرێکی دیکەوە خەبات درێژە پێدەدات**

**خەباتی بی وچان و قارەمانانەی گەلەکەمان هەلیکی خولقاندوە تا بتوانین نوینەرانی ڕاستەقینە و رولە بەشەرەفەکانی گەل بو نوێنەرایەتیی مەجلیسی شوورای میللیی ولاتمان هەلبژیرین. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە شانازی یەوە بە ناساندنی پیاوانی شۆڕشگیر و هەلکەوتووی خوی ئەوجورەی کە پیویستە بە ئیوە خوشک و برایانی کوردستان خزمەت دەکا. ئەوانە ئەو پیاوە بەناوبانگانەن کە تا ئیستا لە سەنگەری ئازادیخوازی دا بە دلیکی پاک و باوەریکی راستەقینە و خوبەخت کردنیکی بی وینە نیشانیان داوە کە جلون دەبی لە مافی گەلان و خەڵکی جەوساوە وەجواب بین و بە ئەرکی خویان راپەرن. ئیستا بۆمان هەلکەوتووە تا خەباتکەرانی ئیمە لە ناو مەجلسی شوورای میللی دا سەنگەریکی دیکە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی بۆ ئیران و خودموختاری بۆ کوردستان بگرن. لە سەرتانە بە دەنگدان بەو ئینسانە بەشەرەفانە بتوانن ئەرکی نەتەوەیی خوتان بەجی بینن و هەنگاویکی باش لە پیناوی سەندنی مافی رەوای گەلان و خەڵکی زەحمەتکیشی کوردستان هەلینن. بەرنامەی گشتیی کاری دوارۆژی کاندیداکانی حیزبمان لە مەجلیسی شوورای میللی دا ئەوانەی خوارەون:**

**1- خەبات لە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا.**

**2- هەولدان لە ریگای دامەزراندنی دیموکراسی بۆ ئیران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئیران.**

**3- خەبات لە دژی کۆنەپەرستانی نیوخۆ.**

4- دیفاع لە مافی رەنجبەران.
5- پەرەپیدان و گەشەپیدانی کشت وکال و ئاژەلداری و باش کردنی ژیانی لادی یەکان.
6- هەولدان بۆ سەنعەتی کردنی کوردستان و بن بر کردنی ریشەی چەوسانەوەی ریژیمی گەندەلی پیشوو کە بوتە هۆی دواکەوتوویی ئیمە.
7- کیشانی ریگاوبان بۆ پیشکەوتنی ئابووری بەتایبەتی لە کوردستان دا.
8- پیشنیاری چارەسەر کردن و هەوڵدان بۆ لەنیوبردنی کەمایەتی خانوو و ئاوەدان کردنەوەی ولات.
9- هەولدان بۆ لەبەین بردنی بیکاری و پیک هینانی هەل و مەرجی باش بۆ کار کردن.
10- پەرە پیدانی لەش ساغی لە هەموو دەورەکان لە دیهات و دامەزراندنی زانستگا و مەدرەسەی پیشکەوتوو لە شارەکان.
12- هەولدان بۆ وەدی هینانی بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب بریاری لەسەر دراوە.
ناوی کاندیداکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بۆ مەجلیسی شوورای میللی ئەوانەی خوارەوەن:
1- مەهاباد، غەنی بلوریان، 2- ورمی، دوکتور رەحیم سەیفی قازی، 3- سەردەشت و پیرانشار، قادر عبدی، 4- بوکان، ئەبووبەکر هیدایەتی، 5- شاهیندژ و تیکاب، یوسف ریزوانی، 6- سەقز و بانە، مهندس فاروق کیخسروی، 7- سنە، رەحیم بغدادی و ئەمیر پاشایی.
هەروەها لەو برایانەی خوارەوە بە ناوی کاندیدای پەسندکراو پشتیوانی دەکا:
1- نەغەدە، مستەفا هیجری 2- ماکو، قوتبەدین عمرپور 3- مەریوان، باباعەلی میهرپەروەر 4- پاوە و هەورامان و جوانرو، عین الدین زیایی 5- ورمی، عبدوللە سمیتقو.

ستادی ئینتخاباتیی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
1358/12/11

بەرلە بڵاوکردنەوەی ناوی پاڵێوراوان لە لایەن ستادی ئینتخاباتی حیزبی دیموکراتەوە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کەریم حیسامی بۆ شاری نەغەدە پاڵاوتبوو، کەچی دواتر دەرکەوت کە دوکتۆر قاسملوو بەبێ سەرنجدان بەو بڕیارەی حیزب، بە ڕێکخراوەکانی حیزبی ڕاگەیاندبوو کە مستەفا هیجری پاڵێوراوی حیزبی دیموکراتە. لە بەرامبەر ئەوەدا کەریم حیسامی وەک تاکە کەس خۆی پاڵاوت، بەڵام دواتر لەسەر داوای دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی خۆی کێشایەوە بۆ ئەوەی کە مستەفا هیجری زۆرینەی دەنگەکان بهێنێت.

لەو هەڵبژاردنەدا گەلی کورد بە شێوەیەکی ئازاد و نهێنی نوێنەرانی خۆی بۆ پەرلەمان هەڵبژارد و بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی کورد و ئێران دەرکەوت کە حیزبی دیموکرات ڕیشەیەکی پتەوی لەناو گەلی کوردستاندا هەیە. جگە لە حیزبی دیموکرات نوێنەری هیچ ڕێکخراوێکی تر نەیتوانی دەنگ بهێنێت. غەنی بلوریان لە مەهاباد، عبدوللە سمیتقو و دوکتور ڕەحیم سەیفی قازی لە ورمێ، قادر عبدی لە سەردەشت و پیرانشار، ئەبوبەکر هیدایەتی لە بۆکان، فاروق کیخسروی لە سەقز و بانە، مستەفا هیجری لە نەغەدە دەنگی پێویستیان بۆ پەرلەمان هێنا. غەنی بلوریان 95% دەنگەکانی مهابادی هێنا، یوسف ریزوانی لە تیکاب و شاهیندژ بۆ دەورەی دووەم مایەوە و کۆماری ئیسلامیی هەڵبژاردنی شارەکانی سنە و مەریوان و پاوە و هەورامان و جوانڕۆی هەڵوەشاندەوە.

مەجلیسی شورای ئیسلامیی هەڵبژێرراو ڕۆژی 1359/3/7 (1980/5/28) یەکەم کۆبوونەوەی ڕەسمیی خۆی پێکهێنا، بەڵام چونکە بەرلە دەستبەکارکردنی پەرلەمان شەڕ و ئاڵۆزییەکانی کوردستان پەرەیان سەند، نوێنەرانی گەلی کورد بەشداریی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیان نەکرد و دواتریش شەڕ هەموو کوردستانی گرتەوە و نوێنەری ڕێکخراوە سیاسییەکان نەیانتوانی بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن. کۆماری ئیسلامیی لە هەڵبژاردنێکی ڕواڵەتیدا چەند پیاوێکی خۆی لە شارەکانی کوردستان بۆ مەجلیسی شورای ئیسلامیی هەڵبژارد کە نوێنەرایەتی گەلی کورد بکەن، بەڵام خەڵکی کورد بەگشتیی ئەوانی بە نوێنەری خۆی نەزانی.

## شەڕ لە گەلی قاسملوو و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی قەلاتان

پێشتر لە بەشی "**کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات**" دا گوتم چوارەم ڕۆژی کۆنگرە بوو کە ڕایانگەیاند هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی سەرلەنوێ هێرشیان کردووەتەوە سەر کامیاران و دەوروبەری. هەروەها لە بەشی "**کۆمەڵە سوپای ڕزگاریی چەک دەکات**" دا گوتم کۆماری ئیسلامی بەو قەناعەتە گەیشتووە کە هێزەکانی بگەیەنێتە سەر سنوری دەستکرد و پێش بە دزەکردنی چەکدارەکانی ڕژێمی عێراق بگرێت و پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕژێمی بەعس بپچڕێت. ئەم مەسەلەیە بە تەنیا پەیوەندیی بە ناوچەی سنە و کرماشان و قەسری شیرین و مەریوانەوە نەبوو، بەڵکوو ناوچەکانی شنۆ و ئازەربایجانی ڕۆژئاواشی دەگرتەوە.

کۆماری ئیسلامی بە بیانووی ڕاگرتنی هێمنیی و کۆتایهێنان بە کێشەی دەرەبەگایەتی لە ناوچەی تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، دەشتەبێڵ و شنۆدا کە بە پیلانی خۆی هەڵدەگیرسان. ڕۆژی 1359/1/3(1980/3/23) بەشێک لە هێزەکانی لەشکری 64 ی ورمێی ڕەوانەی گەلی قاسملوو و ناوچەی شنۆ کرد. ئەو هێزانە لە گەلی قاسملوو کەوتنە ناو کەمینی پێشمەرگەکانی هێزی پیرانشار، هێزی بەرگریی، هێزی نەحۆ، هێزی سمکۆی حیزبی دیموکرات و ژمارەیەک لە پێشمەرگەی چریکی فیدایی خەڵک و لە دەشتەبێڵ و گەلی قاسملوو زەبری قورسیان لێکەوت و پاشەکشەیان پێکرد، بەلام توانیان ناوچەی ستراتیژیی سێ ڕێی "کانی سپی" بخەنە دەست خۆیان و لێی جیگیر بن. ئەو سێ ڕێیە، مەرگەوەڕ و گەلی قاسملوو و ورمێ بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، کۆماری ئیسلامیی بە کەڵکوەرگرتن لە هێزێکی تۆکمە کە لە یەکەکانی هەنگی ژاندارمەریی نەغەدە و کۆمەڵێکی زۆر پاسداری کۆمیتەکانی نەغەدە و ورمێ پێکهاتبوو و هێزەکانی تانک و تۆپخانە پشتیوانییان لێدەکرد، ڕۆژی 1359/1/5 (1980/3/25) هێرشی کردە سەر بەرزاییەکانی کەلی "قەرەلەر" لە نێوان شارەکانی نەغەدە و شنۆدا و دەستی بەسەردا گرت.

لــه بەرزاییــەکانی کــەلی "قەرەلــەر"ەوە یەکــەکان بــە مەبەســتی پاککردنەوەی گوندی قەڵاتان لە پێشمەرگە، ڕۆژی 1359/1/6 (1980/3/26) گوندەکەیان بە خەستیی تۆپباران کرد و دواتر پەلاماری گوندەکەیاندا. خەڵکی گوندی قەڵاتان کە کارەسات و تاوانی گوندی "قاڕنێ"یان لەبیر بوو، جگە لە بەساڵداچووان، هەر یەکەیان بە لایەکدا بڵاوبوونەوە و گوندەکەیان بەجێهێشت. لەو ڕاکردنەدا ژمارەیەکیان بە گوللەی تۆپ و خۆمپارە شەهید بوون. ئەوانەی لە گوندەکەدا مابوون، کەوتنە دەست لەشکری ئیسلام و دەستبەجێ بە شێوەی خەڵکی گوندی "قاڕنێ" بە کۆمەڵ شەهیدیان کردن. ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی ئێران ژمارەی شەهیدەکانیان بە 23 و بریندارەکانیان بە 20 ڕاگەیاند و نوسیان سێ لە کوژراوەکان پێشمەرگە بوون و ناوی شازدە شەهیدیان بەم شێوەیەی خوارەوە بڵاوکردەوە:

ڕەمەزان پنهار 11 ساڵە، حاجی سەید حەسەن قەدەمی 70 ساڵە، حاج محەمەد بایزیدی 75 ساڵە حاجی ڕەسوڵ عەبدوڵا 60 ساڵە، عەبدوڵا قوربانی 50 ساڵە، عوسمان دەروێش سەلیم 60 ساڵە، محەمەد کوردیی 50 ساڵە، عوسمان ئەمانی 30 ساڵە، محەمەدئەمین عەباسی 30 ساڵە، حەسەن هەمزە کۆکە 22 ساڵە، ئەحمەد گوڵاوی 21 ساڵە، جەلال بیدۆخ 18 ساڵە، عەبدوڵا ئاڵیانی 19 ساڵە، ئیسماعیل حەمیدی 15 ساڵە، قادر کورستەمی 35 ساڵە و ڕەحمان مینە مۆرک 35 ساڵە.

بەر لەوەی کە کارەساتی قەڵاتان ڕوبدات، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکەم هێرشی سوپادا بۆ سەر گەلی قاسملوو، بروسکەیەکی نارد بۆ خومەینی و داوای لێکرد کە پێش بە جموجوڵی سوپا و داسەپاندنەوەی شەڕ لە کوردستاندا بگرێت و ڕێگە نەدات کە جارێکیتریش دێوەزمەی شەڕ باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشتەوە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/9دا بروسکەکەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی بڵاوکردەوە:

**حەزەتی ئیمام خومەینی ڕێبەری بەرزی شۆڕشی ئێران**

**جارێکی تریش بەدخوازان خەریکن شەڕێکی تری براکوژیی بەسەر گەلی کوردستاندا بسەپێنن. هەرئێستا شەڕ لە دەوروبەری ورمێ هەڵگیرساوە و**

سوپا و ژاندارمەریی و پاسدار بە تانک و تۆپ و هێلیکۆپتەر پەلاماری گوندە کوردنشینەکان دەدەن. لە ورمێ خەزای گشتی بە دژی گەلی کورد ڕاگەینراوە. حەزرەتی ئیمام ئەگەر ئەو وەزعە بۆ ماوەیەکی تر دەوامی هەبێت، دۆخێکی مەترسیهێنەر سەرهەڵدەدا و شەڕێکی تری براکوژیی هەموو کوردستان دادەگرێ. حەزەرتی ئیمام پەیامی 1358/8/26 ی بەڕێزتان ئومێدی بە ئێمە بەخشی کە مەسەلەی کوردستان بە ڕێگەی وتوویژ چارەسەر دەکرێت. لەبەر ئەوە، ئێمە دەسبەجێ بە "لەبەیک" وەڵاممان دایەوە و شەڕمان ڕاگرت. ئێمە زۆر بە جیددی داوات لێدەکەین کە پێش بەو شەڕە براکوژییە بگرن. حەزەرتی ئیمام تا درەنگ نەبووە بە سوپا و ژاندارمەریی فەرمان بدەن کۆتایی بە شەڕئەنگێزیی لە کوردستان بێنن، ئەگەرنا خەڵکی کورد بە هەموو هێزییەوە بەرگریی لە ئازادیی و بوونی خۆی دەکات. ئێستا ئیتر بڕیار بە ئێوە دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامییە.

بە سڵاوی فرەوان- کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتیی – عەبدولرەحمان قاسملوو

**1359/1/9**

جگە لەوە، مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی لە بەیاننامەیەکدا بە ناوی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردەوە، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی قەڵاتانی مەحکوم کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/10دا، بەیاننامەی مامۆستا شێخ عیزەدینی بڵاوکردەوە کە دەڵێت:

- (هاونیشتمانانی شۆڕشگێڕ! خەڵکی خەباتگێڕی کورد! هێشتا کارەساتی قارنێ لەبیرنەکراوە کە لە گوندێکیتری وڵاتەکەمان لە نزیک شنۆ تاوانێکیتر کرا و خەڵکێکی زۆر قەتڵی عام کران. ژاندارم و پاسدار و بەکرێگیراوانی "مەعبودی" پەلاماری گوندی "قەڵاتان"یان دا و بەوپەڕی بێبزەییەوە هەموو خەڵکی ئەو گوندەیان قەتڵی عام کرد. جگە لە شەهیدکردنی سێ پێشمەرگە، حەڤدە کەسی گوندەکەیان شەهید و بیست کەسیشیان بریندار کرد. هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد سەرەڕای سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی شەهیدانی قەڵاتان و هەموو خەڵکی کوردستان

**و هـاودەردییکردنـی لـەگـەڵ برینـدارەکانی ئـەو قـەتڵی عامـە و مـەحکوم کردنـی، داوا لـە کادێر و پێشمـەرگە قارەمانـەکانی شار و گوندەکان دەکات کـە یـەکڕیزیی خۆیـان بپـارێزن و بـە هۆشـیاریی و هێمنیـی و تێـڕوانین، پیلانی شەڕخوازان پوچەڵ بکەنەوە).**

هــەروەها شــێخ عیــزەدین حوســێنی بــە نــاوی ســەرۆکی هەیئــەتی نوێنـەرایـەتی خـەڵکی کوردەوە، وتووێژێکی تایبـەتی سـەبارەت بـە کوشـتاری خـەڵکی قـەڵاتان لـەگـەڵ هـەواڵنێری کـەیهان کـرد. ڕۆژنامـەی کـەیهان لـە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/10دا وتووێژەکەی بڵاوکردەوە:

**- (ئێمە خوازیاری شەڕ لە ناوچەکەدا نین و هەرچەشنە پێکهەڵپرژانێکی چەکدارانــە و براکـوژیی بــە قــازانجی ئــەو لایەنانــە نــابینین کــە لــە شەڕەکانەوە دەگلێن. سەبارەت بە لایەنی ئاشتییخوازیی حکومەت گوتی: ئەو لایەنە کە لەناو حکومەتدا دەسەڵاتی هەیە، دەبێ پشتیوانی لە ئێمە بکات و پێش بە تێکهەڵچوون لە شارەکانی کوردستاندا بگرێت).** سەبارەت بە شەڕ لە ناوچەی شنۆیە گوتی: **(کاروانێکی سوپا کە لە نەغەدەوە بەرەو شنۆ دەچوو لە ناوچەیەک بە ناوی قەڵاتان بە تۆپ پەلاماری ئەو گوندەی دا و لــە ئاکامـدا حەڤـدە کەسـی خــەڵکی گوندەکــە و ســێ پێشـمـەرگەی شەهیدکرد).** شێخ عیزەدین لە کۆتایی وتەکانیدا بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند: **(دەرەبەگەکانی ئەو ناوچەیە کە خاوەن چەکداری تایبـەت بـە خۆیانن، ئەو شەڕەیان هەڵگیرساند و دواتر شەڕەکەیان گەورە کردەوە، بە چەشنێک خـەڵکی گونـدەکانیان ناچـار کـردووە کـە مـاڵ و ژیـانی خۆیـان بەجێبهێڵن و پەنا بۆ ناوچە ئارامەکان ببەن).**

لــە جێیــەکی تـردا دوکتـۆر قاسـملوو سـەبارەت بـە کارەسـاتی قـەڵاتان و چارەسەرکردنی کێشەکان، وتووێژێکی تایبـەتی لـەگـەڵ هـەواڵنێری "پـارس" لــە مهابــاد کــرد. بــە نوســینی ڕۆژنامــەی کــەیهان لــە ژمــارەی ڕۆژی 1359/1/16دا، دوکتۆر قاسملوو لەو بارەیەوە ڕایگەیاند:

**- (ماوەیەکی زۆرە نـەغـەدە بووەتـە ناوەندی پلانگێڕییەکان و زۆر بە پەلـە هەلی قۆستەوە کە پەلاماری ناوچەی شنۆ بدات. لـەو چوارچێوەیـەدا بـە شێوەیەکی تر لە گوندی قەڵاتان کوشتارێکی بە کۆمـەڵیتری کرد و تێیدا 20 کەسی قەتڵی عام کرد، کە 17 کەسیان مەدنیی و بێچـەک بوون. لـەو**

**مەسەلەیە ئاکام وەردەگرین کە لە ناوچەی ورمێ شەڕ لە نێوان هێزەکانی لایەنگریی شۆڕش و دژەشۆڕش دەکرێت کە بە داخەوە سوپا و ژاندارمەریی بە ئاشکرا پشتی هێزەکانی دژە شۆڕش دەگرن.).**

لە بەرامبەر ئەو وتانەی دوکتۆر قاسملوو و شێخ عیزەدین حوسێنیدا، تیمسار شادمێهر سەرۆکی نوسینگەی هاوبەشی سوپای کۆماری ئیسلامیی دەربارەی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی قەلاتان پەیوەندیی بە هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهانەوە کرد. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/20دا ناوبراو ڕایگەیاند:

**- (لەشکری 64 ی ورمێ داوای لە ناحیەی ژاندارمەریی ورمێ کردبوو کە لە بەرزاییەکانی "قەرەلەر" جێگیر ببێت و ئەمنیەتی هاتوچۆی خەڵک لە جادەکەدا بپارێزێت. هەنگی ژاندارمەریی نەغەدە دوای وەرگرتنی ئەم داوایە، ڕۆژی 1359/1/5 لەگەڵ ژمارەیەک مەئموری پاکسازیی ژاندارمەریی بەرزاییەکانی قەرەلەری خستە دەست خۆی، بەلام لە دواکاتەکانی شەودا بە هۆی ڕێژنە بارانی توندەوە، چونکە چادریان پێنەبوو، شوێنەکەیان بەجێهێشت و چوونە خانووەکانی ژێر بەرزاییەکان. ڕۆژی دوایی کە خەریکبوون بچنەوە شوێنی خۆیان، زانییان کە ژمارەیەک چەکدار دەستیان بەسەر شوێنەکەدا گرتووە.)**. شادمێهر لە درێژەی وتەکەیدا گوتی: **(چونکە مەئموریەتی یەکەی ژاندارمەریی ڕاگرتنی بەرزاییەکانی "قەرەلەر" بوو و گوندی قەرەلەر و گوندی قەلاتان لە سەر ڕێگەی یەکەی ژاندارمەریی هەڵکەوتوون، ئەندامانی ژاندارمەریی ناچار بوون بە گوندی قەلاتاندا تێبپەڕن، هێرشکەران لەو گوندە و بەرزاییەکانەوە تەقەیان لێکردن و ئەوانیش وەلامیاندانەوە. لەو شەڕانەدا ئەندامانی ژاندارمەریی توانییان دژە شۆڕشەکان ڕاوبنێن و ئەم چەکانەیان لێ بگرن: موشەک ئەندازێکی 2.5 ئینچیی، خۆمپارە هاوێژێک، چەند سندوق گوللەی خۆمپارە، دوو دۆشکە، تۆپێکی 57 میلیم، تفەنگێکی برنو، سێ تفەنگی ژ3 و تفەنگێکی ڕوسی.).**

بە پێچەوانەی وتەکانی شادمێهر سەرۆکی نوسینگەی هاوبەشی سوپای کۆماری ئیسلامیی، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی قەلاتان بە ڕێکەوت نەبوو، بەڵکوو بە چەشنی قاڕنێ، پلانی بۆ دانرابوو. ئەو پلانەش پێشاندەری

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە تاکتیکی نوێی کۆماری ئیسلامییدا سەبارەت ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ مافەکانی گەلی کورد و چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بە شەڕ و کوشتنی پتری خەڵکی شار و گوندەکان و تۆقاندنیانە.

پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاوکات لەگەڵ بروسکەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بۆ خومەینی و بۆ بەرگرییکردن لە پێشڕەویی سوپای ئێران و جێگیربوونی لە ناوچە ستراتیژییەکانی کوردستاندا، لە دوو تاکتیکی شەڕی پارتیزانیی سودیان وەگرت. یەکەمیان پەلاماری لە ناکاو و زەبری کتوپڕ بوو لە پێگەکانی دوژمن و دووەمیش دانانی بۆسە بوو لە جادەکاندا بۆ ئەوەی ڕێگە لە جموجوڵی هێزەکانی دوژمن بگرن. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/14 دا ئاماژەی بۆ چەند هێرشێکی پێشمەرگەکانی کوردستان کرد و ڕایگەیاند:

- **(کاتژمێر 21:30 شەوی سێ شەممە ژمارەیەک چەکدار پەلاماری پاسگای "شیرین بولاغ" یان لە ناوچەی نەغەدە دا و کاتژمێر 03:30 ڕۆژی دوایی بە ئارپیجی 7 هێرشیان کردە سەر گوردانی ژاندارمەریی نەغەدە و لە پاسگای "دەرتەپ" لە جادەی ورمێ بۆ نەغەدە چوار کەسیان کوشت و هەشت کەسیان بریندار کرد. جگە لەوانە چەند ئوتۆمبێلێکیش لە جادەکانی ورمێ بۆ نەغەدە و ورمێ بۆ مهاباد و ورمێ بۆ گەلی قاسملوو کەوتوونەتە ناو بۆسەی گروپە چەکدارەکانەوە).**

بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/14 (1980/4/3)دا، حیزبی دیموکرات دەربەگەکانی ناوچەی ورمێ و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕی بە هەڵگیرسێنەری شەڕ و ئاژاوە لە ناوچەکەدا تاوانبار کرد، بەڵام ئەحمەد ئەسکەندەریی نوێنەری دەفتەری شێخ عیزەدین حوسێنی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ هەواڵنێری کەیهان ڕایگەیاند: چەند شەوێك لەمەوبەر ئوتۆمبێلێک لە جادەی نێوان ورمێ و مهاباد کەوتووەتە بەر تەقەی چەکداران و کەسێکیان کوشتووە و چواریشیان بریندارکردووە و کەلوپەلی کوژراو و بریندارەکانیان بردووە. ئەسکەندەریی سەبارەت بەو ڕوداوە ڕایگەیاند: **(بە وتەی بریندارەکان**

**زۆربــەی چەکـداره هێرشکـەرەکان بــە زاراوەی کـوردیی بــارزانیی "قیـاده موەقـەت" قسـەیان کردووه.).**

جێـی ئامـاژه کـە لـە کوردسـتاندا زاراوەیـەک بـە نـاوی زاراوەی بـارزانیی نییـە و بارزانییـەکان و خـەڵکی ناوچـەی ورمـێ و تـەرگـەوەڕ و مـەرگـەوەڕی بــە زاراوەی کرمــانجیی ســەروو قســە دەکــەن، نــەک بــارزانیی و قیــاده موەقـەت.

بەهــەر حــاڵ هــەر وەک ئامــاژەم بـۆ کـرد، سـوپای ئێـران لـە چوارچێـوەی پلانـەکانیـدا بـە پشـتیوانیی تۆپخانـە و فڕۆکـە و هێلیکۆپتـەر بـەرەو گـەلی قاسـملوو هاتـەپێش و لــەوێ کەوتـە نـاو کـەمینی پێشـمەرگەکانی حیزبــی دیموکراتــەوە. ڕۆژنامــەی کــەیهان ســەبارەت بــەو شــەڕ و تێکهەڵچوونانــە ســەرلەنوێ پەیوەنــدیی بــە دوکتــۆر قاسـملووەوە کــرد. سـکرتێری حیزبــی دیمــوکرات لــەو وتووێژەیــدا کــە ڕۆژنامــەی کــەیهان لــە ژمــارەی ڕۆژی 1359/1/16دا بڵاویکردووەتەوە دەربارەی چۆنیـەتی تێکهەڵچوونـەکانی شنۆ و گەلی قاسملوو دەڵێت:

**- هەواڵنێری ڕۆژنامەی کـەیهان:** ئێـوە و بـەڕێز حـەقگو پارێزگـاری ورمـێ هێــرش دەکەنــە ســەر دەرەبەگــەکانی ناوچــەی ڕۆژئــاوای ورمــێ و هــۆی پێکهـاتنی شـەڕەکان بـەو دەرەبەگانـەوە دەبەسـتنەوە، بـەڵام شـەڕی گـەلی قاسملوو و شنۆ چ پەیوەندییـەکی بـە ناوچـەی ڕۆژئـاواوە هەیـە و چـۆن بـوو کە چەکدارەکانی ئێوە لە گەلی قاسملوو پێشیان بە سوپا گرت؟

**قاسـملوو:** کاتێـک لایـەنگرانی ئێمـە لـە شـاری شـنۆوە بـۆ یارمەتیـدانی جوتیارانی تـەرگـەوەڕ و مـەرگـەوەڕ چـوون، سـوپا و ژاندارمـەریی بڕیاریانـدا ڕێگـا لــەو یارمەتیدانــەی جوتیارەکــان بگــرن، بــەو مەبەسـتە نزیکتــرین ڕێگایــان لــە نێــوان شــنۆ و ورمــێ هــەڵبژارد کــە بــە گــەلی قاسـملوودا تێدەپـەڕێت. سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئێمـە پارێزگارمـان هۆشـیار کـردەوە و داوامــان لێکــرد کــە لــە هەلومــەرجی ئێسـتادا سـوپا خـۆی لــە جموجــوڵ بپارێزێت، بەڵام هێزەکانی پۆشتە و پڕچەکی سوپا بـە پشـتیوانیی تانـک و هێلیکۆپتــەر بــەرەو گــەلی قاسـملوو بەڕێکـەوتن. لـە ئاکامـدا لــەوێ شــەڕ پێکهات و بە پێچەوانەی سەرکردایەتی سوپا و بەڕێز پارێزگـارەوە، زەبـری قــورس لــە ســوپا درا. ئێمــە بــە بــەردەوامیی گوتوومانــە و بــە کــردەوەش

پێشانمانداوه کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دژی گواستنەوەی سوپا نیە، بەو مەرجەی کە مەبەست لەو گواستنەوانە جێگیرکردنی سوپا لە ناوچە ستراتیژییەکاندا نەبێت و بۆ پەلاماردانی خەڵکی کوردستان نەبێت! پێشمەرگەکانی ئێمە هەمیشە لەگەڵ گواستنەوەی ئاشتییانەدان و بۆ ئەو مەبەستەش هاوکاریی سوپایان کردووە، بەڵام دەبێت بە ڕاشکاویی تەواوەوە بڵێم کە لە هەلومەرجی ئاستەمی ئێستادا هەموو گواستنەوەیەک کە بە مەبەستی داگیرکردنی ناوچە ستراتیژییەکان بێت و بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد، ئێمە بەرپەرچی دەدەینەوە، دیارە بەرپرسایەتی دواڕۆژی ئەو کارە نالەبارەش لە ئەستۆی فەرماندەکانی سوپایە و ئەمەش بڕیارێکە کە ڕۆژی 1358/8/15 لە ڕاگەیاندنی ئاگربەسدا ڕامانگەیاندووە و هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەتیش هاودەنگیی لەگەڵ کردووە.

**- هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهان:** جگە لە شەڕەکانی ئەم دواییە، جارێکیش لە شاری "سەلماس" کە سوپا بۆ مانۆڕی سەربازیی چوو بوو، کەوتە بەر هێرش، ئایا ئەوە بەو واتایە نیە کە ئێوە دژی هەموو چەشنە جموجوڵێکی سوپان لە ناوچەکەدا؟

**قاسملوو:** نا، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە سوپا لە سەربازگەکانیدا و لەو ناوچانەی کە جێگیرکراوە، درێژە بە هاتوچۆی ئاسایی خۆی بدات، بەڵام نابێت بە چەشنێک بجوڵێتەوە کە هەستی خەڵک بریندار بکات و شەڕ پێکبهێنێت، ئەوە هەمان بڕیارە کە لە بەیاننامەی ئاگربەسدا هاتووە.

## ڕێکخراوه چەپە ماوییەکان زەوی دەرەبەگەکان دابەشدەکەن

لەو ناوەدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە، چریک، پەیکار، تۆفان، وەحدەتی کۆمونیستیی و ...تد بەبێ سەرنجدان بە بارودۆخی کوردستان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەوڵی ئاڵۆزکردنی پتری کوردستانیان دەدا و هەر شوێنێکی ئارامیان بەرچاو دەکەوت، پرۆگرامێکیان بۆ ئاڵۆزکردنی دەدۆزییەوە. ئەو تاقمانە کە ژیانی مرۆڤایەتییان لە بێ یاساییدا دەبینی و خۆیان بە لوتکەی یاسای وڵات دادەنا، گروپ گروپ قوڵە تەنافێکیان دەگرتە دەست و خەریکی دابەشکردنی زەوی ژمارەیەک ئاغا و دەرەبەگ دەبوون کە پەیوەندیی لاوازیان بەو ڕێکخراوانەوە هەبوو. لە ناوچەکانی بۆکان، دیواندەرە، شنۆ، مەنگورایەتی مەهاباد و...تد دەچوونە سەر زەوی و کێڵگەکان و لە نێوان جوتیاران و بەتایبەتیی جوتیارانی لایەنگری ڕێکخراوەکانیاندا زەوییەکانیان بەشدەکرد، بەبێ ئەوەی کە بیر لەوە بکەنەوە کە دابەشکردنی زەوی پێویستی بە یاسا هەیە و کوردستان خاوەنی دەسەڵاتی یاسایی نیە و دابەشکردنی زەوی لە دواڕۆژدا کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەێتەوە.

ئەمە کێشەیەکی بەردەوام بوو لە نێوان حیزبی دیموکراتی دژبە دابەشکردنی بەو شێوەیە و کۆمەڵەدا. بەم بۆنەیەوە چەندان جار پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە ڕوبەڕووی یەکتر وەستان و سەرئەنجام حیزبی دیموکرات لە بەیاننامەیەکدا ئەو کردەوەیەی ریسواکرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/12/21دا ئاماژەی بۆ ئەو ڕاگەیەنراوەی حیزبی دیموکرات کرد کە بەم ناوەوە بڵاویکردەوە:

**بەگزادە و هەلپەرستەکان بەناوی بەرگرییکردن لە زەحمەتکێشان، هەوڵی شاردنەوەی سەروەت و سامانی خۆیان دەدەن**

**بزوتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد هەرچەندە بەهۆی کێشە و دووبەرەکیی حیزبیی و سیاسیی ڕێکخراوە سیاسییەکان هەندێک توشی لاوازیی بووە، بەڵام بەگشتیی بە هاوکاریی حیزبە بەرپرسەکان ڕۆژ بە ڕۆژ پتر گەشە دەکات، هەر لەو کاتەشدا ژمارەیەک هەلپەرەست کە خۆیان لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدا دەبینن، هەوڵدەدەن لەو "لبادە"**

کلاوێکیان بەرکەوێت و بە کەڵکوەرگرتن لە بێئاگایی کۆمەلانی خەڵک لە ئاوی لێڵدا ماسی بگرن و بە فیتی بەکرێگیراوانی دەرەوەی ناوچەکە، کوردستان بشێوێنن.

گومان لەوەدا نیە کە کوردستان بەشێکە لە ئێران و بەگوێرەی یاسا و بە هەموو جیاوازییە کۆمەلایەتییەکانیەوە ناتوانێت خۆی لە چوارچێوەی گشتیی ولاتدا نەبینێتەوە. لەبەرئەوە کردەوەی ژمارەیەک بۆ دابەشکردنی زەوی خەڵک جگە لە پێکهێنانی ناکۆکیی لە ناوچەکەدا و پێکهێنانی شەڕ و تێکهەڵچوونی خوێناویی، سودێکیتری نابێت. کردەوەی ئەو کەسانە لەگەڵ پەسەندکردن و بەڕێوەبردنی یاسای دابەشکردنی زەوی کە لە شورای شۆڕشدا بڕیاری لەسەر دراوە و لە شارەکاندا شورای حەوت کەسیی بۆ پێکهێنراوە، ناکۆکە و هەموو بڕیار و کردەوەی ئەو کەسانە پوچەڵ دەبێتەوە. کێشەی بێکاریی، کێشەی زەوی و هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی تری بنەڕەتیی لە پەیوەندیی لەگەڵ بەرهەمهێناندا، دیاردەیەکن کە دەبێت لە چوارچێوەی ولات و یاسای ولاتدا چارەسەر بکرێن. بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، یەکیەتی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ولات مەرجی سەرەکییە و دابینکردنی قازانجی چەند کەسێک، هیچ مەسەلەیەک چارەسەر ناکات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان ئالاهەڵگری دروشمی خودموختاریی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران، تا هەڵگرتنی هەموو چەشنە ستەمێکی نەتەوایەتی لە کوردستاندا و بەدیهێنانی داخوازیی مافی بە حەقی هەموو زەحمەتکێشانی ئێران بەتایبەتیی جوتیارە هەژارەکانی بێ زەوی و چارەسەرکردنی گرفتی زەوی و دابینکردنی ژیانی شایستەی مرۆڤی سەدەی بیستەم بۆ هەموو کۆمەلانی دەستکورتی ئێران و دەستەبەرکردنی عەدالەتی کۆمەلایەتی و دابینکردنی هەموو مافە دیموکراتییەکان بۆ هەموو گەلان و سەرئەنجام هەڵوەشاندنەوەی هەموو پەیمانێکی تالانیی لەگەڵ ولاتانی ئیمپریالیستیی و لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی بنەما دژەگەلییەکانی ڕژێمی قێزاویی پەهلەوی درێژە بە خەبات دەدات.

لەبەرئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە هەموو خەڵکی بە شەرەفی کوردستان بەتایبەتیی جوتیاران و زەحمەتکێشان دەکات کە

**بە تێگەیشتن لە ڕەوتی مێژووی حاکم لە وڵاتەکەماندا، یەکیەتی خۆیان بپارێزن تا گەلی کوردمان بە داخوازییە ڕەواکانی دەگات و تا یاسای دابەشکردنی زەوی و مالکییەت ئامادە دەبێت و خۆ لە داگیرکردنی زەوی خەڵک بپارێزن، تا کاری دووبارە ئەنجام نەدرێت و شەڕ و ئاژاوەی لێ نەکەوێتە، هەروەها ڕێگە مەدەن بەو هەلپەرست و کوڕە دەرەبەگانەی کە خۆیان خاوەن زەوی و موڵکی پان و بەرینن کە بە ناوی بەرگرییکردن لە قازانجی جوتیارە زەحمەتکێشەکانەوە، دروشمی بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕانە بەرزبکەنەوە و سەروەت و سامانی خۆیان لە خەڵک بشارنەوە.**

### پێشمەرگەکانی ئارات لە ناوچەی قوتور زەبری قورس لە ڕژێم دەدەن

لەگەڵ دیداری نوێنەرانی حیزبی دیموکرات و ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران و هەڵگیرسانی شەڕ لە گەلی قاسملوو و کوشتاری بەکۆمەڵی دانیشتوانی گوندی قەڵاتان، فەرماندای شاری خۆیە لەگەڵ چەند ئەفسەر و پلەدار و سەربازێک، ڕۆژی 1358/12/19 دەچنە ناوچەی قوتور دەچنە ئەو ناوچەیە و کاتی گەڕانەوە لە نزیک گوندی "جەشن" دەکەونە کەمینی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی ئاراراتیی هێزی قارەمان کە "زاهر بەگی بدری" فەرماندەیان بوو. لەو کەمینەدا شەش ئەفسەر، پلەدار و سەرباز دەکوژرێن و پێشمەرگەکان ژمارەیەکیش بە دیل دەگرن. دوای ئەو ڕووداوە هێزەکانی سوپا و ژاندارمەریی پەلاماری ناوچەکە دەدەن و ژمارەیەک خەڵکی بێتاوان دەگرن. لە ئاکامدا خەڵک لەترسی گیانیان گوندەکانیان چۆلدەکەن و پەنا بۆ چیاکان و گوندە دورەکانی ناوچە دەبەن. نوسینگەی ژاندارمەریی کۆماری ئیسلامیی دەربارەی چۆنیەتی ئەو ڕووداوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی کۆماری ئیسلامیی لە ژمارەی ڕۆژی 1358/12/22دا دەقی بەیاننامەی ژاندارمەریی بڵاوکردەوە:

**- (فەرمانداری خۆیە لەگەڵ فەرماندەی سەربازگە، فەرماندەی سوپای پاسداران و فەرماندەی پاسەوانانی سنور، فەرماندەی هەنگی ژاندارمەریی و ژمارەیەکی تر کە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ناکۆکییەکانی**

**ناوچەی قوتور چووبوونە ئەوێ، لە گەڕانەوەدا کاتژمێر 17:30 ڕۆژی 1358/12/19 کەوتنە کەمینی ژمارەیەک چەکدار و تەقەیان لێکرا. لە ئاکامدا سەرهەنگ مەحمود ئەحمەدنیا، سەرگورد سەید جەلالی فەرماندەی هەنگی ژاندارمەریی ماکۆ، گروبان یەکەم قزڵی، گروبان یەکەم سلێمانزادە و سەرباز ئەبولقاسمی کوژران و سەرگورد یوسفی فەرماندەی سەربازگە و سێ سەرباز بریندار بوون و تا کاتی نوسینی ئەم بەیاننامەیە لە چارەنوسی ئەوانی تر بێئاگاین.).**

بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/12/21دا، غەنی بلوریان ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەو ڕووداوە بە تەلەفۆن بە هەواڵنێری کەیهانی لە کرماشان گوت: **(ڕاگەیەنراوی گروپی ئارارات سەبارەت بەو ڕووداوە کە بە ناوی لقی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، بە تەواویی ناڕاستە و ئەو گروپە هیچ پەیوەندییەکی بە حیزبی دیموکراتەوە نیە).** بلوریان گوتی: **(تا ئەو جێیەی من دەزانم گروپی "زاهر بدری" سەربە عەشیرەتی جەلالییە و لە بەشی باشوری شاری خۆیەن و سەر بە ئێمە نین. من بە دروستیی ئاگاداری ڕووداوی قوتور و ڕاگەیەنراوی ئەو گروپە نیم، بەڵام ئەوە ڕونە کە لەم دواییانەدا هەر تاقم و گروپێکی شەڕانیی توندڕەو خۆی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەڵداوەسێت و پەیوەندیی ئەو گروپەش بە حیزبی دیموکراتەوە بە تەواویی درۆیە. حیزبی دیموکرات دژی هەموو چەشنە توندڕەویی و دەست بۆ چەک بردنە.).** هەروەها بلوریان ئاماژەی بۆ بڵاوکراوەکەی گروپی ئاراراتی سەر بە سنار مامەدی کرد و گوتی: **(سنار مامەدی و هاوڕێیانی لە ناوچەی سلماسن و ئەو ڕووداوە لە ناوچەی خۆیە ڕوویداوە. هەروەها من زاهر بدری ناناسم و پەیوەندیی بە دەستەی سنار مامەدییەوە نیە!).**

لە لایەکی ترەوە جەمشید حەقگو پارێزگاری ورمێ لە ڕاگەیەنراوێکدا سەرەڕای ڕیسواکردنی ئەو کردەوەیە، داوای لە خەڵک کرد کە لەسەرخۆ بن. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/12/22 دا حەقگو لە ڕاگەیەنراوەکەیدا دەڵێت: **(ژمارەیەک ئاژاوەگێڕی تێکدەری دور لە خوا کە بە هۆی تاوانی قورسیانەوە کە بۆ بەخشین نابن، لە ئارامیی و**

**ئاشتیی ناوچەکە دەترسن، بە هێرشی ناجوانمێرانەیان بۆ سەر ژمارەیەک لە بەرپرسانی مەدەنیی و سەربازیی 6 کەسیان لە باشترین ڕۆڵەکانی ژاندارمەریی و سوپا شەهید کرد و چەند کەسێکیشیان بە دیل گرت. هاوکات لەگەڵ ڕیسواکردنی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیەی دژ بە ئیسلام، داوا لە خەڵک دەکەم کە ئارام بن. بەرپرسان بە وردیی چاودێریی ناوچەکە دەکەن و بە توندیی تاوانباران و خائینان سزا دەدەن.).**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بەو ڕووداوە، لە ڕاگەیەنراوێکدا کە بۆ ڕای گشتیی کوردستان و ئێرانی بڵاوکردەوە و ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1358/12/22دا چاپیکرد، ڕادەگەیەنێت: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هێرشکردن بۆ سەر پاسەوانانی سنوری شاری خۆیە، نەک هەر ڕۆڵی نەبووە، بەڵکوو هەموو چەشنە ئاژاوەیەک و پێکهێنانی نائەمنیی لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا بە نادروست دەزانێت و تێوەگلاندنی حیزبی دیموکرات بەو ڕووداوە بە توندیی ڕیسوا دەکات. حیزبی ئێمە بە شوێن ڕووداوەکەدا دەچێت و دوای لێکۆڵینەوە، هاونیشتمانان و خەباتکارەکان ئاگاداری ڕووداوەکە دەکاتەوە.

بە پێچەوانەی وتەکانی غەنی بلوریان و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتدا، سنار مەمەدی لە لاپەڕەکانی 97 - 100 کتێبی بیرەوەرییەکانیدا "حملە، اعدام یورش" ئاماژە بۆ ئەو شەڕە دەکات کە پێشمەرگەکانی لکی ئاراراتی هێزی قارەمان بەڕێوەیان بردووە و ناوی چوار دیلیش بڵاودەکاتەوە: قوربانعلی کوچری فەرمانداری خۆی، ڕەحیمی سەرپەرەستی سوپای پاسدارا، گروبان یەکەم غولامعەلی شەهیدی و گروبان یەکەم عەلی نژاد.

لە لایەکیتردا بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ڕۆژی 1358/12/22دا، نوسینگەی لەشکری 64 ی ورمێ ڕۆژی 1358/12/21 ڕایگەیاند هێرشکەران سەربازێکی سەر بە سەربازگەی خۆیەیان بە ناوی "ئیرەج مەناح گزینی" ئازاد کرد. حەقگو ڕۆژی 1358/12/21 دڵنیایی لەو هەواڵە کردەوە و بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند: سەربازە ئازاد کراوەکە بەهۆی پەشۆکاویی دەرونیی و شۆکەوە ناتوانێت قسە بکات و لەژێر چاودێریی دوکتۆر دایە. هەروەها حەقگو ڕایگەیاند تا ئێستا پازدە ئەندامی لایەنگری ئەو گروپە

هێرشکەرە دەستگیرکراون و هێزەکانی سوپا و ژاندارمەریی هەوڵی گرتنی ئەوانیتر دەدەن. خەڵکی گوندەکانی ناوچەی قوتور ماڵەکانیان بەجێهێشتووە و کۆچی گوندییەکان بەردەوامە و گوندی "جەشن" شوێنی ژیانی زاهر بدری "بەبری چیا" کوڕە گەورەی ئاغای دێ و سەرۆکی هێرشکەران چۆڵ بووە.
کۆماری ئیسلامیی ڕۆژی 1358/12/21 تەرمی کوژراوەکانی لە شارەکانی خۆی، تەوریز، ئەردەوێل، ماکۆ و تاران ناشت و ڕۆژی 1358/12/22 کاروانێکی مەزن لە هێزەکانی ژاندارمەریی بە پشتیوانیی هێزەکانی تۆپخانەی سوپا و هێلیکۆپتەر هێرشیان کردە سەر گوند و چیاکانی ناوچەی قوتور و ژمارەیەکیان شەهید و بریندار کرد و خەڵکەکەیتریش ماڵ و گوندەکانیان بەجێهێشت و ئاوارە بوون. حیزبی دیموکرات بۆ هێورکردنەوەی حکومەت و کۆتاییهێنان بە شەڕ، نامەیەکی یازدە لاپەڕەیی ئاڕاستەی ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/11دا چەند بەشێکی ئەو نامەیەی بەم شێوەیەی خوارەوە بڵاوکردەوە:
- بەڕێز بەنیسەدر ئێمە دەنگمان بە ئێوە نەداوە، بەڵام دەنگی زۆرینەمان قبوڵە و بەم بۆنەیەوە ئەم نامەیەتان ئاڕاستە دەکەین. حیزبی دیموکرات لە درێژەی نامەکەیدا دەڵێت مەسەلەی کوردستان بە ڕێی سەربازیی چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو تەنیا ڕێگەی چارەسەرکردنی گفتوگۆیە. بەم مەبەستە کوردەکان چەندان جار نیازپاکییان لە خۆیان پێشانداوە، بەڵام هەیئەتی تایبەتیی حکومەت هەرگیز سەرنجی بەو نیازپاکییەی نەداوە و هیچ چەشنە وتووێژیەکی جیددی لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد نەکردووە.
لە بەشێکیتری نامەکەدا نوسراوە بارودۆخی هەرێمی کوردستان زۆر ئاڵۆزە و دۆخی نەشەڕ و نەئاشتیی هەرێمەکەی تووشی مەترسی کردووە. هەروەها حیزبی دیموکرات ئاماژەی بۆ شەڕی کامیاران و ڕووداوەکانی مانگەکانی ڕابردوو کردووە و پەنجەی بۆ وتەکانی بەنیسەدر ڕاکێشاوە و دەڵێت ئێوە گوتووتانە دەبێت گروپە سیاسییەکان چەک دابنێن! لە کاتێکدا هیچ یەکێک لە داخوازەکانی گەلی کورد بەراورد نەکراوە، چۆن

ئـەو ئـەمرە بەجێـدەگات؟ ئایـا ئێـوە گـەرانتی ئـەوە دەدەن کـە ئەگـەر نەتەوەی کورد چەکدابنێت، سەربازانی سوپا دەست لە خەڵک هەڵبگرن؟ ئێوە گوتووتانە خودموختاریی نادەن بە هیچ گروپێک، بەڵکوو دەیدەن بە نەتەوەیەک، بەڵام ئێمە هەمیشە گوتوومانە خودموختارییمان بۆ نەتەوەی کورد دەوێت. حیزبی دیموکرات لە نامەکەیدا دووپاتی دەکاتەوە کە پێشمەرگەکان هەرگیز هێرشکەر نەبوون و تەنیا بەرگرییان لە خۆیان کردووە. لەبەرئەوە خەڵکی کورد ئامادە نیە خۆی بەدەستەوە بدات، ئەگەر پاسدارەکان بیانەوێت بە شەڕ نەتەوەی کورد چەک بکەن! شەڕی براکوژیی سەر هەڵدەدات و ئەوەش لە قازانجی شۆڕش نیە، بەڵکوو ئیمپریالیزمی ئەمریکا سودی لێدەبینێت. لە کۆتایی نامەکەدا هاتووە، خەڵک پشتیوانیی لە حیزبی دیموکرات دەکات، کەچی ئەو حیزبە نایاسایی ڕاگەیەنراوە! ئێمە هاتووین هاوکاریتان بکەین و نابێت حکومەت لەژێر گوشاری گروپە نابەرپرسەکاندا پەرە بە شەڕ بدات لە کوردستاندا.

لەشکری 64 ی ورمێ و یەکەکانی ژاندارمەریی و سوپای پاسدارانی ئێران گوێیان نەدا بە داواکارییەکانی حیزبی دیموکرات و بە هەموو هێزیانەوە لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی خۆی و سەلماس و گوندەکانی دەوروبەری قوتور و دەیان کەسیان کوشت و دەستگیرکرد و گوشاریان خستە سەر سەرۆک عەشیرەتەکان کە بچنە ژێر ئالای ئیسلامەوە و چەک و تەقەمەنییەکانیان بدەن بە هێزەکانی سوپا و لە ڕیزی دژە شۆڕشەکان دور بکەونەوە. لەو چوارچێوەیەدا ژمارەیەک دەرەبەگ گەڕانەوە لای حکومەت. جەمشید حەقگو پارێزگاری ورمێ لە بەیاننامەیەکیدا کە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ڕۆژی 1359/3/12 دا بڵاوکرایەوە، ڕایگەیاند:

- یازدە سەرکردەی کوردی ناوچەکانی سۆما و سەلماس نامەیەکیان بۆ فەرماندەی تیپی دووی سەلماس و فەرماندار و کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامیی نوسیوە و لە نامەکەیاندا سەرەڕای دەربڕینی قین و تووڕەیی خۆیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕایانگەیاندووە: **(ئامادەی هەموو چەشنە لەخۆبردووییەکن لە ڕێگای کۆماری ئیسلامیدا بۆ لەناوبردنی**

**دژەشۆڕشەکان.)**. لە ڕاگەیەنراوەکەی حەقگودا هاتووە: زلمات تاجەدین، سەلاح جەمال، جهانگیر محەمەدی و فەرهاد مامەدی برا و برازاکانی سنار مامەدی، جەمال عەلیزادە، عیسا قەنبەری، داریوش قەنبەری و محەمەد عەلیزادە، سەرکردەی ناوچەی کوردنشینی سەلماسن کە داوایان کردووە بێن لە سەلماس نیشتەجێ ببن.

بە دوای هێرشەکانیاندا، سوپا و سوپای پاسداران و یەکەکانی ژاندارمەریی ڕایانگەیاند کە ناوچەی قوتوریان لە چەکدار پاککردەوە. ئەوە هەواڵێکی ناڕاست بوو، چونکە دوای ئەو ڕاگەیەنراوەش پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لەو ناوچەیەدا بوون، بەڵام چەکدارەکانی لایەنگری شا و شاپوور بەختیار کە بە دەست ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەتەوە هەڵدەسوڕان، خۆیان لە شەڕ دورخستەوە. بەو بۆنەیەوە ڕۆژی **1359/4/24** بەنیسەدر هاتە ورمێ و بەشداریی میتینگێکی کرد کە پارێزگاری ورمێ لە گۆڕەپانی شۆڕشی شاری ورمێ بۆی پێکهێنابوو. بەنیسەدر لەو کۆبوونەوەیەدا بە لاساییکردنەوە لە خومەینی ئاماژەی بۆ ناردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی جیهان کرد. هەروەها بە ڕاشکاویی داوای لە دەسەڵاتداران کرد کە لە کارەکانیان دیسیپلینی حکومیی بپارێزن و دەست نەخەنە ناو کاری یەکتر و ڕێگە بدەن کە حکومەت ئەرکەکانی بەڕێوەببات. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی **1359/4/25** دا دەربارەی ئەو سەردانەی بەنیسەدر نوسی:

**- بەڕێز ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆمار کە بۆ سەردانی ناوچەی قوتور هاتووەتە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، دوێنێ بەرلە چوونی بۆ ئەو ناوچەیە، لە گۆڕەپانی شۆڕشی شاری ورمێ بۆ خوپێشاندەرانی ئەو شارە قسەی کرد. بەنیسەدر لە وتەکانیدا ڕایگەیاند: ... ئێمە لەسەر سنوری ئێران سەردانی هێزەکانی سوپامان کرد و ڕێزمان لە کار و خەباتیان گرت کە دوای چوار مانگ دۆڵ و شیوەکانی قوتوریان پاککردەوە و یەکێک لە باشترین پرۆژەکانیان بۆ گەڕاندنەوەی حاکمیەتی دەوڵەت و دابینکردنی ئەمنیەت لە ناوچەی ئێوەدا بەڕێوەبرد. ئێوە لێرە کۆبوونەوە و من بۆ ئەوە هاتووم کە سود لە نیعمەتی ئەو خۆپێشاندانەی ڕۆژی هەینیی ئێوە وەربگرم.**

ئـەو سـەردانـەی مـن پێشـاندەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە وڵاتـی ئێمـە تـا چ ڕادەیـەک پێویسـتی بـە ئـارامیی و ئـەمنیـەت هەیـە و حکومـەت چـۆن بـەردەوام وەسـتاوە کـە ئـەمنیـەت لـە هـەموو شـوێنێکدا جێگیـر بکـات و بێگومـان جێگیریشـی دەکـات. ئـەو گروپـە ئـاژاوەگێڕ و پلانگێڕانـە ئـەگـەر ڕێگە بدەن و تـەنانـەت ڕێگـەشمان پێنـەدەن، ئێران ئـەوەنـدەی دەستکـەوت هەیە کە بۆ باشترکردنی دۆخی وڵات کەڵکیلێوەربگرێت و بڕیاریشمانداوە کە کەڵکیلێوەربگرین. بۆ نمونـە یـەکێک لـە باشـترین دیاردەکـان "مکتب" واتـە بیروبۆچوونـەکانمان لـە پلـەی باشـترین مەکتەبەکانـدا ئاڕاسـتەی جیهـان بکـەین. بـە ڕاشـکاویی پێتـان دەڵـێم ئەگـەر حکومـەتی ئێمـە دیسـیپلینی پێویسـتی لـە کارەکانیـدا هـەبێت، نـەک هـەر دەتوانێـت گیروگرفتـەکانی نـاوخۆیی چارەسـەر بکـات، بـەڵکوو دەتوانێـت سیسـتمی ئێستای جیهان بە تەواویی بگۆڕێت و بە ڕاستیی شەپۆلی شۆڕش بەسـەر هـەموو جیهانـدا بڵاوبکاتـەوە. لەبەرئـەوە نـاتوانین چـاو لـە هەڵـەشـە و سـەرەڕۆییەکان بپۆشـین و دەبێـت هـەموومان پـەیڕەویی بکـەین لـە دیسیپلینی ئیسلامیی. واتەی ئەو دیسیپلینە ئەوەیە کـە مرۆڤـی بـەرپرس بڕیـار بـدات و هـەموو لایـەک بـەردەوام بـە خۆشەویستیی و بـە یەکدڵیی بەڕێوەی ببەن. ئێوە باوەڕ بە حکومەتی هەڵبژێرراوی خۆتان بکەن، باوەڕ بەو دەزگایانە بکەن کە ئێوە بۆ خۆتان دایاندەنێن.

ئەوە بزانن کە ئەگەر ئێمە بە شوێن ئەو دیاردە سەرەکیانەدا نەچین کە بۆ وڵاتەکەمان پێویستن و خۆمان بە دیاردەی لاوەکیەوە خەریک بکەین کە دوژمنـانـی دەرەوە پێمانڕادەگەیـەنن، بێگومـان زیـان دەبینـین. مـن نمونەیـەکتان بـۆ دێنمـەوە، ئێمـە نزیکـەی شـازدە میلیـارد دۆلارمـان لـە بانکەکانی دەرەوەدا هەیە و ڕێژەی سودی بانکیی لەو وڵاتانـەدا 17% ە. حسابی سودی ساڵانەی بکەن. ئەگەر ئێمە ئەو پارەیـە نەگەڕێنینـەوە بـۆ ئێـران و بـۆ کـاری پیشەسـازیی بـەکاری نـەهێنین و ماشێن و کەرەسـەی کشتوکاڵیی پێ نەکڕین و ڕێگاوبـانی پێ دروست نەکـەین، قـازانجی ئـەو پارەیە دەچێتە گیرفانی ئەوانەوە. بڕوانن ئەگەر ئێمە بە ڕادەی پێویست دیسیپلینی ناوخۆیی دابینبکەین و بەرهەمی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی بـە گۆڕانکـاریی شۆڕشگێڕانە بـەرز بکەینـەوە، تـا چ ڕادەیـەک دەتـوانین

**دەرەتان بۆ وڵاتەکەمان برەخسێنین و بەوەش چ گۆڕانکارییەکی گەورە لێرەدا دەکەین. ئەگەر ئێمە بتوانین دیسیپلین جێگیر بکەین، بەو گۆڕانکارییەی کە بۆ دەزگاکانی بەڕێوەبەریی ئامادەمان کردووە، دەتوانین لە ماوەیەکی کورتدا لایەنی زۆری پرۆژەکانمان جێبەجێبکەین و بەڵێنەکانمان بە ئێوە جێبەجێبکەین...تد. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا نوسی:**

**- لە سەرەتای قسەکانی بەنیسەدردا گروپێک لەناو خەڵکەکەدا دژی پارێزگاری ئازەربایجان دروشمیان دەدا و بۆ ماوەیەکی کورت ڕێگەیان بە وتارەکەی بەنیسەدر گرت، بەڵام بەنیسەدر گوتی ئەوانە کەمایەتییەکی بچوکن و نابێت کۆبوونەوەکە بشێوێنن.**

شایانی باسە ڕەخنەی بێدیسیپلینیی لە دەزگاکانی حکومەت بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هەر مەلایەک بە ویستی خۆی بڕیاریدەدا و کۆمیتەچییەکانیش پتر فەرمانی مەلاکانیان بەلاوە گرنگ بو، تا دەزگا ڕەسمییەکانی حکومەت.

بە هەر حاڵ بەڵێنەکانی سوپا و سوپای پاسداران سەبارەت بە پاککردنەوەی ناوچەکانی ژێردەستیان لە پێشمەرگە بە درۆ دەرچوو. هەر لەو کاتەدا کە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ورمێ لێکدانەوەیان لەسەر وتەی فەرماندەی لەشکر و مەلا حەسەنی ئیمام جومعە و سوپای پاسدارانی ورمێ دەکرد، یەکەیەکی سوپای پاسداران کە خەریکبوو بەرەو ناوچەی سۆما دەچوو، لە سەیرانگای "بەندی ورمێ" دا کە تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە شاری ورمێوە دورە، کەوتە ناو بۆسەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە و بەگوێرەی ڕاگەیاندنی سوپای پاسدارانی ورمێ کە لە ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی 1359/4/29 دا بڵاوکرایەوە، چواردە پاسداریان لێ کوژرا.

## حوسێن کرمانیی داوای چەکدانانی حیزبی دیموکرات دەکات!

بروسکەی دوکتۆر قاسملوو بۆ ئایەتوڵا خومەینی بێ وەڵام نەمایەوە و خومەینی ناچارکرد بە سەرنجەوە بە شوێن ڕووداوەکانی کوردستاندا بچێت و هەوڵبدات حیزبی دیموکرات بەرەو کۆماری ئیسلامیی ڕابکێشێت، یان چەکی بکات. لەو چوارچێوەیەدا خومەینی ڕۆژی 1359/1/12 حوجەتوئیسلام شێخ حوسێنی کرمانی ڕەوانەی ورمێ و مهاباد کرد تا لە نزیکەوە لە چۆنیەتی هەڵگیرسانی شەڕ لە ناوچەی ورمێ و شنۆ بکۆڵێتەوە و تێبینییەکانی خومەینی بە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بگەیەنێت.

دوای گەیشتنی بۆ ورمێ، کرمانیی ڕۆژی 1359/1/12 (1980/4/1) بە شێوەی فەرمی گەیشتە مهاباد. لە سێ ڕێیانی نەغەدەوە لە لایەن مەلا ڕەحیم عەباسی سەرۆکی شورای شاری مهاباد، عومەر قارەمانی سەرۆکی شارەوانیی مهاباد، ڕەحمان فازلی بەخشدار و نوێنەری فەرمانداریی مهاباد و ئەحمەد قازی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشوازییکرا. لەماڵی میرزا ڕەحیمی خەڕازی جێیان بۆ دیارییکرد و بۆ ماوەی حەوت کاتژمێر لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو، مامە غەنی و مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە وتووێژی کرد. شەو لە ماڵی ڕەحیم خەڕازیی مایەوە ڕۆژی 1359/1/13 گەڕایەوە ورمێ. حوسێن کرمانی کە نوێنەرایەتی ئایەتوڵا خومەینی دەکرد لە ڕۆژئاوای ئێراندا، لەو گەشتەیدا چاوی بە مامۆستا شێخ عیزەدین و ڕێبەرانی کۆمەڵە و چریکی فیدایی نەکەوت. نوێنەری خومەینی سەبارەت بەو وتووێژەی بۆ ڕۆژنامەی کەیهان دوا و وتووێژەکانی لەگەڵ ڕێبەرانی کورد بە پڕ بەرهەم هەڵسەنگاند. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/14دا دەربارەی وتووێژی نێوان نوێنەری خومەینی و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات نوسی:

**- هەواڵنێری کەیهان لە ورمێ:** حوجەتولئیسلام شێخ حوسێن کرمانی کە نوێنەرایەتی ئیمام دەکات لە ڕۆژئاوای وڵاتدا، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر تێکهەڵچوونەکانی ناوچەکە، هاتووەتە ورمێ و لەسەر بانگهێشتی دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی دوو شەممە چووە مهاباد و گەڕایەوە ورمێ. لە وتووێژێکی تایبەتدا

لە ورمێ بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند: من لە مهاباد لەگەڵ ڕێبەرانی کورد وتووێژم کرد و ئەو وتووێژە لە کاتژمێر دەی بەیانییەوە تا حەوتی ئێوارەی خایاند. لەسەر لایەنی جیاواز وتووێژمان کرد کە زۆربەیان بە ناتەواویی ماونەتەوە. ئینشائەڵا بۆ تەواوکردنی وتووێژەکان دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ مهاباد و ئاکامی وتووێژەکان کە بابەتی جیاواز بوون، دواتر بە ڕای گشتیی دەگەیەنین، بەڵام ئەوەی پێویستە بیڵێم ئەوەیە کە ڕێبەرانی کورد بە ڕاستیی لەم بارودۆخە نارەحەتن و بێگومان گەلی کورد بەگشتیی و ڕێبەرانی کورد بەتایبەتیی نایانەوێ کوردستان لە ئێران بکەنەوە و داواکارییەکانیان هەمان شەش ئەسڵی خودموختارییە کە پێشتر ئاڕاستەی سەرۆککۆماریان کردووە و لە ڕاگەیاندنە گشتییەکاندا بڵاوکراوەتەوە. ئێستا ماوەتەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو داخوازییانە جێبەجێ بکەین کە بە نیازی پاکەوە وتووێژمان لەسەر کردون. نوێنەری ئیمام لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: لەو وتووێژانەدا جۆرێک نیازپاکیی دەبینرا کە بۆ هەردوو لامان جێی چاوەڕوانیی نەبوو. من و ڕێبەرە هاونیشتمانە کوردەکانمان هیوادارین کە لەو چەند ڕۆژەی داهاتوودا گرفتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەمیشە چارەسەر بکرێن. هەواڵنێری ڕەوانەکراوی کەیهان بۆ مهاباد ئاگاداری کردین کە حوجەتولئیسلام شێخ حوسێن کرمانی نوێنەری ئیمام لە ڕۆژئاوای وڵات لە لایەن سەرکردەکانی کوردەوە پێشوازیی گەرمی لێکرا. مەلا ڕەحیم عەباسی نوێنەری ڕۆحانییەکانی مهاباد، قارەمانی سەرۆکی شارەوانیی مهاباد، فازلی بەخشدار و نوێنەری فەرمانداریی مهاباد و قازی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سێ ڕێیانی نەغەدەوە پێشوازییان لێکرد تا گەیشتە مهاباد لەوێش ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی کورد پێشوازییان لێکرد.

دوای گەڕانەوەی بۆ ورمێ، کۆمەڵی ڕۆحانییەتی ورمێ کۆبوونەوەیەکی لە ماڵی پارێزگاری ورمێ بۆ حوجەتولئیسلام شێخ حوسێن کرمانی نوێنەری ئیمام پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا باس و گفتوگۆ لە بابەتی جیاواز کرا و بڕیاردرا کە ڕۆحانیەت ڕای خۆی بە ڕاشکاویی لەسەر وتووێژی نوێنەری ئیمام لەگەڵ سەرکردە کوردەکان ڕابگەیەنێت و بیروڕای

خۆی لەسەر گیروگرفتەکان و شەڕەکانی ورمێ و ناوچەکە دەرببڕێت.
نوێنەری ئیمام لەو وتووێژەیدا لەگەڵ هەواڵنێری تایبەتیی کەیهان گوتی: ئاکامی وتووێژەکانی ئێمە و بڕیارێک کە لە کۆبوونەوەی پارێزگادا وەریدەگرن، ڕەوانە دەکرێت.
لە لایەکی ترەوە دوکتۆر قاسملوو لە کۆتایی وتووێژەکاندا، چاوپێککەوتنێکی ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ هەواڵنێری ڕەوانەکراوی پارس بۆ مهاباد کرد و سەرەڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی لە وتووێژکردنی لەگەڵ شێخ حوسێن کرمانیی گوتی:

**- بە خۆشحاڵییەوە بەڕێزیان زانیاریی تەواویان لەسەر کوردستان هەیە و بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی لەسەر دۆخەکە، هیوای بە ئێمە بەخشی کە وتەکانمان وەک خۆی بە گوێی ئیمام و شورای شۆڕش و سەرۆککۆمار دەگەن، لەبەرئەوە ئێمە بە ڕاشکاویی و نیازپاکییەوە، مەسەلەکانمان پێڕاگەیاند. قاسملوو لەو وتووێژەدا ئاماژەی بۆ دوو مەسەلەی گرنگ و بنەڕەتیی کرد. یەکەمیان ڕاگرتنی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان بوو، ئەویتریان وتووێژکردن بوو لەسەر گرفتەکانی کوردستان و مەسەلە بنەڕەتییەکان و دابینکردنی مافی گەلی کوردستان لە شێوەی خودموختارییدا. بۆ ئەو مەبەستە پێشنیازەکانی خۆمان ئاڕاستە کرد و هیوادارین زۆر بە پەلە وەڵاممان بدەنەوە، چونکە بارودۆخی وڵات پێویستی بەو چارەسەرییە هەیە. سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە درێژەی وتووێژەکەیدا گوتی: خۆشحاڵین لەوەی کە جارێکی تریش ئەو هەستە لە ناوماندا ووژا کە بۆ چارەنوسی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان و سەربەخۆیی وڵات بە پەرۆشین و ئامادەین لە بەرامبەر پیلانەکانی دوژمندا بوەستین، چونکە دەرەتانی جێبەجێ کردنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەگونجێت. هەروەها کەڵکمان لە هەل وەرگرت و جارێکی تریش پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانمان لە ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینی ڕاگەیاند. قاسملوو لە وەڵامی ئەو پرسیارەی هەواڵنێری پارسدا کە ئایا بەو وتووێژەی ئەمڕۆ تێکهەڵچوونەکان لە ناوچەکەدا دەوەستن؟ گوتی: ئێمە پێمانخۆشە کە تێکهەڵچوونەکان بوەستن، چونکە هۆیەک بۆ**

**تێکهەڵچوون نابینین و هەر ئەوەندەی دەوێت کە سوپا لە ناوچەی تێکهەڵچوونەکان دور بکەوێتەوە. سەبارەت بە گەڵاڵە باسکراوەکانیش ڕایگەیاند: هیوادارم لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا بە شێوەیەکی شەفاف وتووێژ لەسەر پێشنیازەکانی هەردوو لایەن بکرێت و بڕیاریان لەسەر بدرێت.**

لە لایەکی تر بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/16دا، عەبدوڵا حەسەن زادە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هاتنی حوجەتولئیسلام شێخ حوسێن کرمانیی نوێنەری خومەینی بۆ مهاباد و وتووێژکردنی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب (غەنی بلوریان و عەبدوڵا حەسەنزادە) بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند:

**- (وتووێژ لەگەڵ نوێنەری حەزەرتی ئیمام زۆرباش و بە بەرهەم بوو. بەڕێزیان زانیاریی زۆری هەبوو لەسەر کوردستان و بە وتەی خۆیان بۆ ماوەی 18 ساڵ لە کوردستان ژیاوە و شارەزایی زۆری لەسەر داخوازییەکانی گەلی کورد هەیە. ئێمە لە چوارچێوەی ئەو شەش ماددەیەدا وتووێژمان کرد کە پێشتر ئاڕاستەی بەڕێز سەرۆککۆمارمان کردووە. نوێنەری ئیمام شەش ماددەکەی بە تەواویی قبوڵ کرد و لە ڕاستییدا لە نێوان ئێمە و ئەودا هیچ ناکۆکییەک نیە و بەڵێنی پێداین کاتی گەڕانەوەی بۆ تاران هەوڵدەدات لە یەکەم هەلدا بە خزمەتی ئیمام بگات و هاوکات لەگەڵ بیروبۆچوونی خۆی، داخوازییەکانی ئێمەش بە خزمەت ئیمام بگەیەنێت و تێدەکۆشێ کە ئیمام بۆ خۆی ئەو داخوازییانەی گەلی کورد ڕابگەیەنێت، تا زەمینەیەکی سالم بۆ وتووێژ دەستەبەر بکرێت. بەڵێنی پێداین کە دەنگ و ڕەخنەی خۆی دژی شەڕخوازان و هێزەکانی دژی شۆڕش بەرز بکاتەوە.).**

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی 334-337 ی ئاڵەکۆکدا ئاماژە بۆ هاتنی کرمانیی بۆ مهاباد و وتووێژ کردنی لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات دەکات و دەڵێت:

**- (ئایەتوڵا کرمانیی مەبەستی خۆی لە هاتنی بۆ مهاباد ڕونکردەوە و گوتی من نوێنەری ڕاستینەی ئایەتوڵا خومەینیم! دەبێت ئێوە وا**

بیربکەنـەوە کـە مـن خومـەینیم و هـاتووم لێـرە لـەگـەڵ ئێـوە دانیشـتوم و وتووێژتـان لـەگـەڵ دەکـەم، ئـایـەتوڵا خومـەینـی دەسـەڵاتـی تـەواوی بـە من داوە کە لـەگەڵ ئێوە ڕێکبکەوم. ناوبراو پەسەندکراوەکانی من دەسەلمێنێت کە وابوو باشترە من پەنجە بۆ قسەکانی بـەڕێزیان ڕابکێشم تـا ئێوە بـزانن چۆن دەربارەی ئێوە فیکر دەکاتەوە. ناوبراو وتەکانی خومەینی بەم جۆرە بـۆ ئێمـە گەڵاڵـە کـرد و گـوتـی: "مـن لـەو بـاوەڕەدام کـە ئێـوە سـەرتـان بـە ڕژێمی عێراقەوە بەندە و چەکوچۆڵ و پول و پارە و تەنانەت بەنزینیش لە عێـراق وەردەگـرن. ئێمــە وێنــەی هاموشــۆ و هێنــانی بەشــێک لــەو کەرەسانەمان هەیە کە ئێوە لە عێراقتان وەرگرتووە. ئێمە ئەو وێنانەمان بە فڕۆکە گرتووە.

جگە لەوە زانیارییشمان لە دەستدایە کە بۆ حاشا لێکردن نابن و باش دەزانــین ئێـوە لــە لایــەن ڕژێمــی عێراقــەوە دژی کۆمــاری ئیســلامیی هانـدەدرێن. لـەبـەرئـەوە، ئێمـە باوەڕتـان پێناکـەین و لامـان وایـە ئێـوە داخـوازیی تایبـەت بـە خۆتـان نیـە و پڕۆگرامـی ڕژێمـی عێـراق لـە وڵاتـی خۆتاندا کە ئێرانە بەڕێوەدەبەن. کە وابوو، ئێمە چۆن دەتوانین بە حیزبی دیموکرات باوەڕ بکەین؟ ئایەتوڵا کرمانی درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: "گوتم ڕێکنەکەوتنی ئێمە دەگەڕێتەوە سەر متمانە نەکردنمان بە ئێوە! بۆ ئەوەی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی باوەڕتـان پێبکـات و بزانێت ئێوە بـە ڕاستیی ئێرانین و داخوازیی تایبـەت بـە خۆتـان هەیـە و لـەبن دەستی ڕژێمی عێراقدا نین، پێشنیارێکتان پێدەکەم، ئەگەر ئەو پێشنیارەی ئێمـە بسـەلمێنن، ئێمـە دڵنیـا دەبـین کـە ئێـوە حیزبێکـی سـەربەخۆن و خۆتـان بڕیـاردەدەن و سـەرتان بـە بەغداوە بەنـد نیـە". ئایـەتوڵا کرمـانی دوای پشـوودانێکی کـورت، گـوتـی: "پێشـنیارتان پێدەکـەم بـۆ مـاوەی سـاڵێک بەرگریی و پاراستنی ئەو سنورانەی ئێران بگرنـە ئەستۆ کـە بـە دەستی خۆتانەوەیە و لە هێرشی بێگانە و خۆتێخزاندنی دارودەستەی دوژمن بۆ نـاو خـاکی ئێـران بیپـارێزن و هـەموو هێزەکـانی چەکـدارتان ئامـادەی بــەرگرییکردن لــە وڵاتــی خۆتــان بکــەن. حکومــەتی کۆمــاری ئیســلامی چـەکوچۆڵی ئێوە دابین دەکات و پێویستییەکانتان لـە ئەستۆ دەگرێت. خۆتـان دیـاریی بکـەن چیتـان پێویستە. هـیچ هێزێکـی ئەرتـەش، لـەوەی

**زیادتر کە لەو هەرێمە دایە، نایەتە ئێرە و ئەوانیش ئیزن نادرێن دەست لە کاروباری ئێوەوە وەربدەن. پەسندکردنی ئەم پێشنیارانە لە لایەن ئێوەوە دەبێتە هۆی متمانە کردنی ئێمە بە ئێوە.**

**ئینجا ئەگەر دوای تێپەڕبوونی ئەو ساڵە، ئێمە زۆربەی داخوازییەکانی ئێوەمان جێبەجێ نەکرد، ئێوە دەتوانن لولەی ئەو چەکانەی کە خۆمان پێمانداون، بیکەنە ڕوی ئێمە. ئێوە نابێ هەرگیز پەرۆشی ئەوە بن کە ڕژێمی عێراق بۆ هەمیشە لێتان بتۆرێت، ئەو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نیازی بە ئێوە هەیە و دیسان دژی ئێمە پشتتان دەگرێتەوە و ئێوەش ڕژێمی عێراقتان لەکیس ناچێت، ئیتر خۆتان دەزانن وەڵامی ئێوە چیدەبێت. ئەگەر پێشنیارەکانی من پەسند نەکەن، زەحمەتە ئێمە و ئێوە بەیەک بگەین.).**

ئەو گوتنانەی غەنی بلوریان لە وتووێژەکانی حوسێن کرمانی و عەبدوڵا حەسەن زادەدا ڕەنگی نەدایەوە، بەڵام کرمانی بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند: لەسەر لایەنی جیاواز وتووێژمان کردووە کە زۆربەیان بە ناتەواویی ماونەتەوە، ئینشائەڵا بۆ تەواوکردنی وتووێژەکان دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ مهاباد، بەڵام نەگەڕایەوە!

دوکتۆر قاسملوو سەبارەت بە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ لە ناوچەی گەلی قاسملوو و شنۆ، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی قەڵاتان و وتووێژ لەگەڵ نوێنەری خومەینی، هەروەها چەکدانانی حیزبی دیموکرات وتووێژێکی تایبەتیی لەگەڵ هەواڵنێری ڕەوانەکراوی پارس بۆ مهاباد کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/16دا ئەو وتووێژەی دوکتۆر قاسملووی بڵاوکردووەتەوە کە دەڵێ:

**- ئەگەر دیموکراسی جێبگرێت و کەسانی نابەرپرس دەست نەخەنە ناو ئیشوکارەکانمان و هاوئاهەنگیی لەگەڵ مافی خودموختاریی بکرێت، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پلەی یەکەم حیزبی سیاسیدا دژی هەڵگرتنی هەر جۆرە چەکێک دەوەستێت، بەڵام ئەگەر مەسەلەی کوردستان چارەسەر نەکرێت، بەپێچەوانەی ویستی دەرونیی ئێمەوە، جارێکیتریش دەتەقێتەوە. چەکەکانی خەڵکی کوردستان دەکرێت بە تەواویی لە خزمەت کۆماری ئیسلامیدا بن بۆ خەبات دژی ئیمپیریالیزم.**

**ئێمە خودموختاریمان دەوێ و خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی هەزاران شەهیدی داوە.**

هەروەها سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو وتووێژە تایبەتەدا لەگەڵ هەواڵنێری پارس لە مهاباد دەربارەی تێکهەڵچوونەکانی ئەم دواییانە، دژایەتی کردنی لەگەڵ چەک دانانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و وتووێژەکانی لەگەڵ نوێنەری ئیمام لە ڕۆژئاوای ئێران گوتی:

**- بە داخەوە جارێکیتریش کاربەدەستانی ڕەسمی ڕاستییەکان پێچەوانە دەکەنەوە، بەڵام خەڵکی ئێران هۆشیارترن لەوەی کە فریو بدرێن. هۆی سەرەکی شەڕەکان ڕونە، هەلومەرجی نەشەڕ و نەئاشتیی ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت. کێشەکانی کوردستان کەڵەکە بوون و ئەگەر چارەسەر نەکرێن، پەرە بە توڕەییەکان دەدەن و بەپێچەوانەی ویستی دەرونیی ئێمەوە جارێکیتریش کوردستان دەتەقێتەوە.** لە درێژەی وتەکانیدا دوکتۆر قاسملوو ڕایگەیاند:

**- لەو ناوەدا ژمارەیەک هەلپەرست و دژە شۆڕش لە بارودۆخەکە بە قازانجی خۆیان و دەستە و تاقمەکانیان کەڵکوەردەگرن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پتر لە ساڵێکە دەرەبەگەکانی ورمێ کە زۆربەیان پەیوەندیی نزیکیان بە ساواکەوە هەبووە، تەنانەت سەردەستەکەیان "ڕەشید بەگی جهانگیری" کە یەکێک بوو لە نزیکانی "سەیادیان" سەرۆکی ساواکی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، جوتیارانی لە ماڵەکانیان دەرکرد و تا ئێستا کاربەدەستانی حکومەت سەرنجی داواکاریی جوتیارەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر ماڵ و موڵکەکانیان نەداوە. هەروەها دوای ئەوەش کە بەڕێز "زەهیرنژاد" دیسان دەرەتانی هەڵسوڕانی پێدرایەوە و کرا بە سەرۆکی گشتیی ژاندارمەریی وڵات، دەستبەجێ ڕەشید بەگی جهانگیریی و پیاوەکانی ڕێگای نێوان شنۆ و سۆما و برادۆستیان گرت و دەستیان کرد بە ئازاردانی خەڵک. جوتیارەکانیان وەڕس کرد و هێزیان لێبڕین، ئەوانیش دژی دەرەبەگەکان ڕاپەرین و هەوڵیاندا ڕێگاکان بکەنەوە.**

**دیارە حیزبی ئێمەش هەر وەک لە پرۆگرامەکەیدا هاتووە، بەرەوپیری جوتیارەکان چوو کە یارمەتییان بدات. لە ئاکامدا لە ناوچەی تەرگەوەڕ و**

مەرگـەوەڕ شـەڕ هەڵگیرسـا. هەرچەنـدە ژمارەیـەک لـە بـەکرێگیراوان چەککران، بەڵام بە داخەوە چەند کەسی بێتاوانیش شەهید بوون. دوکتۆر قاسملوو سەبارەت بە بەرین بوونەوەی ئەو شەڕە گوتی:

- دەمێکـە نەغـەدە وەک ناوەنـدێکی تێکدانی لێهاتووە و بـە پەلـە ئـەو هەلەی قۆستەوە و هێرشی کرد و بەرەو شنۆ چووە پێشـەوە و بـە چەشـنی قـارنێ خـەڵکی قـەڵاتانی قـەتڵی عـام کـرد و 20 کەسـی کوشـت کـە 17 کەسیان بێچەک و مەدەنی بوون. بە گشتیی، پێکهەڵپرژانی ناوچەی ورمێ بریتییە لە شەڕ لە نێوان هێزەکانی شۆڕشگێڕ و هێزەکانی دژ بە شۆڕشدا، بەداخەوە سوپا و ژاندارمەریی ڕاشکاوانە پشتی هێزەکانی دژ بـە شـۆڕش دەگرن.

**هەواڵنێری کەیهان:** ڕاتانگەیاند کە خەڵکی کورد چەک دانانێت. ئێستا کە میللەتی ئێران داوای چەکدانانی هەموو گروپەکان دەکات، بۆچی ئێوە دژی داوای خەڵک دەوەستن؟

**قاسملوو:** داوای کام میللەت؟

**هەواڵنێری کەیهان:** میللەتی ئێران.

قاسملوو: ئێمە وەک گەلی کورد ساڵەهای ساڵە بۆ بەدەستهێنانی مـافی خودموختاریی لە چوارچێوەی ئێراندا خەبات دەکەین، ئێمە دژی کۆمـاری ئیسلامی چەکمان هەڵنەگرتووە، بـەڵام لـە سـەرەتای شۆڕشـەوە تـا ئێستا چەنـدان جـار هێـرش کراوەتـە سـەر کوردسـتان. چەنـدان جـار کەسـانی نابەرپرس و سوپا و ژاندارمـەریی هێرشـیان کردووەتـە سـەر کوردسـتان و ئێمە لە نامەیەکی سەرئاوالادا بۆ بەڕێز بەنیسەدر نوسیمان ئەگەر ئێمە چـەک دابنـێین، ئـایا بـەڕێزتان زەمانـەتی ئـەوەمان بـۆ دەکـەن کـە جارێکیتریش قارنێ و چەند قارنێیترمان بۆ دروست ناکەن، هەر وەک لە کامیـاران ڕویـدا، گروپـە نابەرپرسـەکان خـەڵک قـەتڵی عـام ناکـەن؟ لەبەرئەوە داوای ئێمە زۆر ئاساییە، دەکرێت ئەو چەکانەی کە لە دەست خەڵکی کوردستانداندان بـە تـەواویی لـە خزمـەت کۆمـاری ئیسـلامیدا بـن بـۆ خەبات دژی ئیمپیریالیزم. داوای ئێمە ئەوەیە کە دابینکردنی ئەمنیـەتی کوردستان بدرێت بە خەڵکی کوردستان.

سوپا لە دەست حکومەتی ناوەندییدایە و ئێستاش لە هەموو کوردستاندا جێی گرتووە. خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی خودموختاریی هەزار شەهیدی داوە. لە شەڕی سێ مانگەدا سوپا و ژاندارمەریی و سوپای پاسداران بە هەموو هێزیانەوە لە کوردستانیاندا. ئێستا لە ئێمەیان دەوێت کە چەک دابنێین! ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین کاتێک دیموکراسی لە ئێراندا جێی گرت و گروپە نابەرپرسەکان ڕێگەیان پێنەدرا کە دەست بخەنە ناو چارەنوسی وڵاتەوە و مافی خودموختاریی خەڵکی کوردستان دابینکرا و ئاساییشی ناوخۆی کوردستان درا بە پێشمەرگە، ئەو کاتە ئێمە یەکەم هێزی سیاسی دەبین کە دژی هەڵگرتنی هەرچەشنە چەکێک دەوەستین، چونکە لەو چوارچێوەیەدا خەڵک بۆ خۆی حوکم دەکات، بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێ بە زۆر خەڵکی کوردستان چەک بکات، دەبێ بزانێت کە ئەوە دەستپێکردنی شەڕ و براکوژییە.

## پلان بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەی پیرانشار

چەند ئەفسەر و پلەدارێکی تیپی پیرانشار پەیوەندییان بە حیزبی دیموکراتەوە کردبوو کە بەڵکوو بە هاوکاریی حیزبی دیموکرات سەربازگەی پیرانشار چەک بکەن و بەم جۆرە خۆیان و ئەندامانی تری سەربازگە لە ستەمکارییەکانی کۆماری ئیسلامیی ڕزگار بکەن. بەو مەبەستە دوکتۆر قاسملوو داوای لە من کرد لەگەڵ سەرهەنگ قادری بچمە پیرانشار و چاوم بە نوێنەری ئەو گروپە بکەوێت. بەرلەوەی کە من نوێنەرانیان ببینم، سەرهەنگ قادری، سەرهەنگ سمکۆ عەلیار و سەرگورد کەریم عەلیار چاویان بە چەند ئەندامێکی ئەو گروپە کەوتبوو. من ڕۆژی 1359/1/25 لەگەڵ سەرهەنگ قادری چوومە پیرانشار و لەماڵی "ئەمیری قادری" چاوم بە سەرگورد "موحسین زادەگان" جێگری ڕوکنی سێی تیپی پیرانشار و ئوستوار هیدایەتی کەوت کە بە نوێنەرایەتی ئەو گروپە هاتبوون.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە من و سەرهەنگ قادری لەگەڵ ئەو دوو کەسە کردمان، بۆم دەرکەوت کە ئەوانە بە توندیی لە کۆماری ئیسلامیی ناڕازیین و ئامادەن بۆ ڕزگاریی خۆیان لە دەست ئەو ڕژێمە دەستی یارمەتی بۆ هەموو لایەک درێژ بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا لە خۆیان ڕانەدەبینی کە هەلومەرجی دەستبەسەرداگرتنی سەربازگە بۆ خۆیان بڕەخسێنن. لەبەرئەوە داوایان لە حیزبی دیموکرات دەکرد کە بە هێزی پێشمەرگە سەربازگەی پیرانشار چەک بکات و ئەوانیش لە ناوەوە یارمەتی بدەن.

لە گەڕانەوەمدا ڕاپۆرتێکم ئاراستەی دوکتۆر قاسملوو کرد و دژی پێشنیازی ئەو گروپە وەستام و داوام لێکرد پێیان ڕابگەیەنن کە بۆ خۆیان هەنگاو بنێنن و لە کاتی ڕەخسانی هەلومەرجێکی شیاودا دەستبەکار بن و ئەگەر ئەو هەلەیان بۆ نارەخسێت، باشترە کە دان بە خۆیاندا بگرن و لە جێی خۆیان بمێننەوە، ئەگەرنا سەربازگە بەجێبهێڵن و بچنە دەرەوەی وڵات و کێشە بۆ خۆیان دروست نەکەن. بە داخەوە ئەندامانی ئەو گروپە درێژەیان بە هەوڵەکەیان دا و سەرئەنجام ڕێکخراوی سیاسی - ئایدیۆلۆژیی سەربازگە بە پلانەکەیانیان زانی و ژمارەیەکیان دەستگیر

کرد و چەند کەسێکیشیان ڕایانکرد. گیراوەکان بریتی بوون لە: سەرگورد موحسین زادەگان جێگری ڕوکنی سێی تیپ، ئوستوار هیدایەتی، گروبان پەنایی پزیشکیاری سەحرایی و دوو کەسی تر. هەروەها ئوستوار هاشمی ڕایکرد و خۆی گەیاندە سوید و ئوستوار عەبدی هاتە لای حیزبی دیموکرات و ماوەیەک لەسەر تۆپی 105 میلیم بوو و دواتر خۆی گەیاندە ئەوروپا. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/3/21 دا ئاماژەی بۆ گیرانی ئەو ئەفسەر و پلەدارانە کرد و بەشێک لە وتەکانی حوجەتولئیسلام "ڕێشهری" حاکمی شەرعی دادگاکانی شۆڕش لە سوپادا بڵاوکردەوە کە دەربارەی ئەوانە ڕایگەیاند:

**- (ئەو دژە شۆڕشانە لەگەڵ دژە شۆڕشە ڕاکردووەکانیتری سوپا، تۆڕێکی پلانگێڕییان دژی شۆڕش و کۆماری ئیسلامیی پێکهێنابوو. بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکانیان پەیوەندییان بە قاسملوو و هەندێک لە بەرپرسانی حیزبی دیموکراتەوە هەبوو، لەوانە سەرگورد عەباسی، سەرهەنگ قادری و سەرهەنگ ئیسماعیل عەلیار. هەروەها دەیانویست کە شا و بەختیار بگەڕێننەوە بۆ ئێران.).**

لە لایەکی ترەوە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو مانگ بەسەر گیراوەکاندا، لەشکری 64 ورمێ ناوی کودیتای سەرنەکەوتووی بەسەریاندا دابڕی و لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی 1359/5/11 لە ڕۆژنامەی کەیهاندا بڵاویکردەوە، ڕایگەیاند:

- جارێکیتریش دەستی ئەمریکای تاوانبار لە قۆڵی نۆکەرە خۆفرۆشەکانی ناوخۆوە هاتەدەر کە بە داخەوە بەرگی خاوێنی سەربازییان لەبەردایە، تا بە خەیاڵی خۆیان کۆماری ئیسلامی تێکبدەن، بەڵام بە هەڵەدا چوون، چونکە خوا لەگەڵ شۆڕش و ڕێبەری شۆڕشە. بەو جۆرە ئەندامانی خاوەن هەڵوێست و بە ئیمانی لەشکری 64 ی ورمێ، ئەو پلانە ناحەزە مەحکوم دەکەن و بێزاریی خۆیان ڕادەگەیەنن و هەڕەشە دەکەن لە هەموو تاوانباران و گومان لێکراوەکان کە هەموو جوڵەیەکیان دەخەنە ژێر چاودێرییەوە و بە توندیی سزایان دەدەن. ئەندامانی ئەم لەشکرە بە بەردەوامیی ئامادەن کە لە ڕێگای ئامانجە پیرۆزەکانی ئیسلام و ئیمام خومەینی دا خۆیان بەختبکەن.

## چەککردنی یەکەی پاراشوت و پێگەی ژاندارمەریی نەوسود

لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ساڵی 1359دا، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی پێشەوا کە ژمارەیان پەنجا پێشمەرگە بوو، بە سەرۆکایەتی کەریم خاڵدار و لەژێر چاودێریی مەلا محەمەد جوانڕۆ فەرماندەی هێزی شەریف زادە، ڕەوانەی ناوچەی سنە و هەورامان کرد. ئامانج لە ناردنی ئەو پێشمەرگانە یارمەتی گەیاندن بە پێشمەرگەکانی ئەو دوو ناوچەیە بوو بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی ورەی پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە. پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا دوای گەشتێک بە ناوچەی سنەدا، لەگەڵ مەلا محەمەد دەچنە "دزڵی" و ڕۆژی 1359/1/25 دەگەنە نەوسود و پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ بە گەرمیی پێشوازییان دەکەن.

ڕۆژی 1359/1/26 (1980/4/15) مەلا محەمەد و فەرەیدون میتران بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە هەورامان و ئەندامانی هێز و ڕێکخراو کۆدەبنەوە. لەو کاتەدا کەریم پورقوباد فەرماندەی هێزی شاهۆ لە ناوچەی "مەڕەخێڵ" لە لای لکی سێی هێزی شاهۆ دەبێت کە سابیر ئێناخی سەرلکیان بوو. کەریم خاڵدار و پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی پێشەوا لەگەڵ "حەمەلە ڕوش" سەرلکی لکی دووەم و "تۆفیقە ڕەش" سەرلکی لکی یەکەمی هێزی شاهۆ و ژمارەیەک پێشمەرگەی ئەو دوو لکە ئاشنا دەبن و لە یەکەی پاراشوت و پێگەی ژاندارمەریی نەوسود دەدوێن و هەر لەوێ بڕیار دەدەن کە ئەو دوو پێگەیە چەک بکەن. بە وتەی کەریم خاڵدار لە یادداشتێکیدا کە بۆ منی ناردووە، دەڵێت:

- لەگەڵ برایمی ساڵح موقەدەم، یوسف ئەفراسیابی، مستەفا قارنێ، حەسەن گوڵەجەوانی، تاهر جۆلاکار، جەعفەر گوشوارە، ئەمیر نەزەرەکەچەڵی، مستەفا زارایی و پێشمەرگەکانی تری لکی سێی هێزی پێشەوا، "دزڵی" مان بەجێهێشت و لە چەکدارەکانی سوپای ڕزگاریی تێپەڕین و گەیشتینە نەوسود. تازە ڕێگاکان لە بەفر خاوێن ببوونەوە. پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ زۆر بە گەرمی پێشوازییان کردین. چەند کەسێک هاتنە لامان و گوتیان ئەو بەرپرسانەی ئێمە خیانەتمان پێدەکەن، سوپا لە شارەکانی‌تری کوردستان شەڕ بە گەلی کورد دەفرۆشێت و لێرە کە

لاوازە بەبێ مەترسی دەژی. خەریکن لێرە باردەکەن، سێ ڕۆژ پێش ئێستا بە فەرمانی بەرپرسەکانمان پێشیان کەوتووین و چەکە قورسەکانمان بۆ گواستنەوە پاوە. بە بیستنی ئەو قسانە نارەحەت بووم، ژمارەی پێشمەرگەکانم پرسی و بەڵێنم پێدان کە نەهێڵم ئەو کاروانە بە سەلامەت لە نەوسود دەربچێت. ناوی پێشمەرگەکانم پرسی، تۆفیقە ڕەش و حەملە ڕوش سەرلکیان بوون. مەلا محەمەد جوانرۆ فەرماندەی هێزی سنە لەگەڵ بەرپرسەکان خەریکی کۆبوونەوە بوون. پێشمەرگەکانم لە دەوری پێگەکە دامەزراند و خۆم لەگەڵ مستەفا قارنێ و پێشمەرگەیەکی تر چوومە پێگەکە و گوتم دەمەوێ فەرماندەکەتان ببینم. سەرگوردێک هات و ئێمەی بردە ناو پێگەکەوە، پێشمەرگەکان لە سەنگەردا ئێمەیان دەبینی. گوتم جەنابی سەرگورد بە داوای لێبوردنەوە، هاتووم ئێوە چەک بکەم. گوتی: (چۆن چەک دەبین؟) گوتم ئێمە سێ کەسین و لێرە دەکوژرێین، بەڵام تەماشای دەوروبەری خۆتان بکە، پێشمەرگە دەوری گرتوون و بە ساخیی دەرناچن. کاتێک کە پێشمەرگەکانی بینی لە پێگەکە نزیک بوونەتەوە و چووبوونە پشت کالیبر 50 وە، بێدەنگ بوو. گوتم بە سەربازەکانت دەستور بدە چەکەکانیان بهێننە ئێرە. دەستم بۆ پێشمەرگەکان بەرزکردەوە و ئەوانیش هاتن. چەکەکانمان لە چادرێکدا کۆکردەوە. گوتم بەدیلگیراوەکان لە سەر ماڵەکانی نەوسود دابەش بەکەن. پێگەیەکی دەوڵەمەند بوو، هەموویان ژ3 ی بێقۆناخیان پێبوو. لە کاتێکدا حیزبی دیموکرات بۆ فیشەکی ژ3 سواڵی دەکرد، ئەو پێگەیە نزیکەی 270 هەزار فیشەکی ژ3 ی لێبوو. دوای چەککردنی ئەو پێگەیە، لەگەڵ 10- 12 پێشمەرگە چووینە پێگەی ژاندارمەریی. ئەوان بە تەواویی ورەیان ڕوخابوو. گوتیان بە خوا ئێمە هیچ کارێکمان نەکردووە. گوتم نیگەران مەبن، هەمووتان بەبێ چەک وەرنە ئێرە، دەستمان لە ملیان کرد و ماچمان کردن و ئەوانیشمان چەککرد. لەگەڵ خۆمان هێنامانە خوارێ و خەڵکی نەوسود بە گەرمیی پێشوازییان لێکردین. مەلا محەمەد جوانرۆ هات و دەیقیژاند: (بە ئیزنی کێ ئەو سەربازانەت چەککردووە؟) گوتم ئەگەر زۆر قسە بکەیت، دەراغێکت لێ بەتاڵ دەکەم، من ئەو کارانەم کردووە و لە بەرامبەر حیزبیشدا بەرپرسم. ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی ئێمە و پێشمەرگەکانی

هێزی شاهۆ لە بەرامبەریدا وەستاین و ئەویش پاشەکشەی کرد. بە چوارده بارهەڵگری سەربازیی چەک و تەقەمەنی و کەرەسەکانی ئەو دوو پێگەیەمان گواستەوە. 150 تفەنگی ژ3 و برنو و M1 ، 6 دانە کالیبر 50، 6 خۆمپارەی 81 میلیم، کالیبر 75 و دەمانچە و بێسیم و... تد. هەر ئەو ڕۆژە تەلەفۆنم بۆ شورای نیزامی حیزب کرد، کاک حامید گەوهەری وەڵامی دایەوە، ڕاپۆرتی چەککردنی ئەو دوو پێگەیەم پێڕاگەیاند و باسم لە توڕەبوونی مەلا محەمەد کرد. لە بەرامبەردا دەستخۆشیی لێکردین و گوتی دەفتەری سیاسی ئاگادار دەکەمەوە. دوای چەککردنی پێگەکانی نەوسود پلانمان بۆ گرتنی پاوە داڕشت. بەو مەبەستە، دوو شەو بە خۆمپارە و تفەنگی 106 میلیم لە فەرماندارییی پاوەمان دا، تا ماندوویان بکەین، کەچی ئاگاداریان کردینەوە لە سنە شەڕە و خۆتان بگەیەننە ئەوێ. ئێمە دەمانویست دوو بارهەڵگر تەقەمەنی لەگەڵ خۆمان بهێنینەوە مهاباد، بەڵام پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ ڕێیان نەداین، بەڵام تفەنگە ژ3 کانیان بۆ گۆڕینەوە بە ژ3 ی بێقۆناخ و بەو جۆرە نەوسودمان بەجێهێشت.

فەرەیدون میتران بەرپرسی ئەو کاتی ڕێکخراوی حیزب لە هەورامان سەبارەت بە چەککردنی ئەو دوو پێگەیە پێیڕاگەیاندم: **(ئێمە زۆر تێکەڵاوییمان لەگەڵ فەرماندەکان و ئەندامانی ئەو دوو پێگەیە هەبوو. تەنانەت هاتوچۆی یەکترمان دەکرد و بە شێوەی جۆراوجۆر لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا بوون، بەڵام لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی لە چەککردنیان خۆمان دەپاراست. مەلا محەمەدی جوانڕۆ فەرماندەی هێزی سنە لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی هێزی شەریف زادە و هێزی پێشەوا لە مانگی خاکەلێوەدا هاتنە نەوسود. لەگەڵ مەلا محەمەد و چەند ئەندامێکی کۆمیتەی هەورامان و هێزی شاهۆ خەریکی کۆبوونەوە بووین کە ئاگاداریان کردین، پێشمەرگەکان هەردوو پێگەیان چەککردوە و لەسەر چەک و تەقەمەنییەکان کێشەیانە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە حیزب لەگەڵ بەنیسەدر و فروهەر لە وتوویژدا بوو بۆ وەرگرتنی خودموختارییی و دەیویست ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئارام ڕابگرێت.**

**لە ڕاستییدا چەککردنی ئەو دوو پێگەیە بە بڕیاری حیزب نەبوو، بەڵکوو بە هاندانی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا و لکی یەک و دووی هێزی شاهۆ**

**و بۆ ڕاوڕوت و بەدەستخستنی چەکەکانیان بوو. لەبەر ئەوەی کە کەریم خاڵدار لەگەڵ مەلا محەمەد هاتبوو و لەوێ هیچ بەرپرسایەتی نەبوو، مەلا محەمەد لێی تووڕە بوو، ئەویش لە بەرامبەریدا وەستا و چونکە کارەکەش ئیتر کرابوو، ئێمە هەردوو لامان ئارام کردەوە و چەکەکانیشمان لێ سەندنەوە. ژمارەیەک لە بەدیلگیراوەکان ویستیان بچنەوە لای حکومەت، ئێمەش ڕەوانەی پاوەمان کردنەوە. ویستمان فەرماندەکەیان لە لای خۆمان ڕابگرین، بەڵام هاودەنگیی لەگەڵ نەکردین، منیش بۆ ڕونکردنەوەی وەزعی ناوبراو و ئەوانی تر تەلەفۆنم بۆ شورای نیزامیی حیزب کرد، کاک حامید گەوهەری گوتی مادام ناچنەوە لای حکومەت، ڕەوانەی مهابادیان بکەن. سەرگوردی فەرماندە و 47 کەسمان ناردە مهاباد.).**

ژمارەی ئەندامانی ئەو دوو پێگەیە 120 کەس بوون. لەو ژمارەیە 48 کەسیان ناردە مهاباد و مەن وەرمگرتن و بە بڕیاری دەفتەری سیاسی حیزب، بەبێ لێپرسینەوە ئازادمان کردن و گەڕانەوە لای حکومەت. کۆماری ئیسلامیی سەرگورد "بێهروز دانیش مێهر" فەرماندەی ئەو پێگەیەی گوللەباران کرد و ئەوانی تریشی بە گوێرەی پلەی سەربازییان، بۆ ماوەیەک خستە زیندانەوە.

بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/31دا، سەرلەشکر "شادمێهر" سەرۆکی سەرکردایەتی هێزە هاوبەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وەڵامی ئەو پرسیارەی هەواڵنێری کەیهان دا کە: بە لەبەرچاوگرتنی وتەکانی ئیمام ژمارەیەکی چل کەسیی چەکەکانیان داوە بە دوژمن، دەکرێت بڵێین ئەوانە کێ بوون؟ گوتی:

**- (گروپێک بوون لە ئەندامانی هێزی تایبەتیی هەوابورد "پاراشوت" کە بۆ پشتیوانیی لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی لە نەوسود بوون. بەگوێرەی هەواڵی گەیشتوو ئەو گروپە چەککراوە و هێزە سیاسییە چەکدارەکان دەستیان بەسەر چەک و تەقەمەنییەکانیاندا گرتووە. بە هۆی پچڕانی هێڵی پەیوەندیی پاوە لەگەڵ نەوسوددا زانیارییەکی زۆرمان لەسەر ئەو ڕووداوە نیە و دوای لێکۆڵینەوە، یان دوای ئەوەی کە گیراوەکان خۆیان لە دەست چەکدارەکان ڕزگار کرد، بە وردیی لە ڕووداوەکە دەکۆڵینەوە.**

**بێگومان ئەگەر چەککراوەکان بەبێ دەستکردنەوە خۆیان بەدەستەوە دابێت، بەبێ هیچ مەرجێک دەدرێن بە دادگای تایبەتیی سوپا و بە سزای تاوانی خۆیان دەگەن و ئەوانەش کە دەستیان کردوەتەوە بە شێوەیەکی تر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.).**

بە هەر حاڵ، دوای چەککردنی ئەو دوو پێگەیە، پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی پێشەوا و هێزی شاهۆ بە بەرنامەیەکی دیارییکراو، ڕۆژی 1359/1/28 دەچنە سەر پێگەی جاش و پاسداراەکانی کۆماری ئیسلامیی لە گوندی "نوریاو" کە شەش کیلۆمەتر لە شاری پاوەوە دورە و هەر وەک کەریم خاڵدار ئامارژەی بۆ کرد، بە تۆپی 106 میلیم و خۆمپارە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لێیدەدەن و دەیانەوێت دوای ماندووکردنی چەکدارەکانی ڕژێم لە پاوە، هێرش بکەنە سەر ئەو شارە، بەڵام بە فەرمانی حیزب ناوچەکە بەجێدێڵن. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1359/1/30دا ئامارژە بۆ ئەو خۆمپارەبارانەی پێشمەرگەکان دەکات و دەنوسێت:

**- (نوسینگەی پەیوەندییە گشتییەکانی سوپای پاسداران ڕایگەیاند: کاتژمێر 20:45 ڕۆژی 1359/1/28 (1980/4/17) لە نێوان چەکداری هێرشکەران و پاسدار و پێشمەرگەکانی کوردی موسوڵمان "جاش"دا لە گوندی "نوریاو" ی نزیک شاری پاوە شەڕ هەڵگیرسا و تا کاتژمێر 19:00 ڕۆژی 1359/1/29 درێژەی هەبوو. سەبارەت بە چۆنیەتی ئەو شەڕە و ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی هەواڵێک نەگەیشتووە، بەڵام تا کاتژمێر 17:30 ڕۆژی 1359/1/29، 46 گوللەی تۆپی 106 میلیم و خۆمپارەی هێرشکەران لە دەوروبەری پاوە کەوتووە و قاوخی گوللەکان کەوتووەتە دەست پاسدارەکان.).**

# ڕیزی ناوەکان بە کورتی

## ئا


ئامین لەجێ 36

ئامینە شەریفزادە 258

ئەلکساندر ڤاسیلیڤ 46

ئایەتوڵا ڕوحوڵا خومەینی 14، 15، 19، 27، 31، 32، 57، 58، 59، 61، 62، 66، 73، 75، 80، 82، 83، 84، 85، 86، 87، 95، 102، 103، 116، 117، 118، 119، 121، 123، 127، 128، 129، 130، 131، 135، 139، 141، 145، 146، 147، 148، 149، 150، 159، 160، 167، 170، 172، 177، 184، 186، 188، 190، 191، 195، 196، 198، 200، 209، 210، 211، 212، 214، 216، 221، 225، 226، 228، 229، 230، 231، 239، 240، 241، 245، 246، 248، 253، 255، 256، 257، 258، 262، 263، 265، 270، 271، 273، 279، 280، 283، 284، 285، 289، 292، 293، 297، 298، 314، 315، 316، 318، 319، 320، 321، 323، 325، 326، 328، 330، 331، 332، 333، 335، 337، 340، 341، 343، 346، 370، 372، 374، 375، 377، 390، 395، 398، 402، 409، 419، 420، 421، 422، 429، 432، 433، 436، 437، 442، 452، 453، 456، 457، 460، 464، 469، 485، 489، 490، 502، 504، 505، 506، 507، 512

ئایەتوڵا سادق خەلخالی 19، 31، 66، 87، 87، 95، 96، 171، 208، 209، 214، 222، 229، 231، 233، 236، 237، 238، 262، 281، 283، 295، 296، 297، 298، 320، 321، 448

ئایەتوڵا مورتەزا موتەهەری 58، 195

ئایەتوڵا مەحمود تاڵەقانی 14، 58، 137، 138، 145، 149، 157، 158، 159، 160، 162، 163، 167، 170، 192، 433، 434

ئایەتوڵا محەمەد حوسێن بەهەشتی 58، 430

ئایەتوڵا سەید عەبدولکەریم موسا ئەردەبیلی 58

ئایەتوڵا محەمەد ڕەزا مەهدوی کەنی 58

ئایەتوڵا سەید عەلی خامنەیی 58، 255

ئایەتوڵا ئەکبەر ڕەفسنجانی 58، 137، 255

ئایەتوڵا محەمەد مونتەزری 14، 18، 19، 263، 268

ئایەتوڵا مەهدوی کەنی 19

ئایەتوڵا شێخ ساڵح نەجەف ئابادی 19

ئایەتوڵا مکارم شیرازی 19،21، 432

ئایەتوڵا تاهری 19

ئایەتوڵا سەید کازم شەریعەتمەداری 16، 149، 172، 211، 321، 419، 420، 421، 422، 423

ئایەتوڵا مکارم شیرازی 19، 21، 233

ئایەتوڵا ئەحمەد عەباسی 162
ئەبوبەکر وەزیری 92
ئەحمەد جاوید فەر "هەژار" 212، 242، 307، 450
ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر 39، 48
ئەحەد ئەنجیری 24
ئەحمەد لبادی 111
ئەحمەد مفتی زادە 133، 134، 135، 136، 203، 205، 208، 214، 250، 279
ئەحمەد عەلی عەباسی 101
ئەحمەد عوسمانی 162
ئەحمەد نەستانی 158، 180، 288
ئەحمەد قازی 146، 366، 381، 464، 469، 502
ئەردەشیر میهمی 68
ئەسەدوڵا عەلەم 48
ئەرسەلان پوورقوباد 138
ئەسغەر متەوەلی 22
ئەسفەندیار ڕەمەزانی 33
ئەشرەف دهقان 448
ئەمیر قازی 62، 63، 145، 146، 149 ،151، 152، 157، 243، 286، 288، 303، 304، 305، 382، 454، 455، 456، 461م، 463، 464
ئەمیر نیزامی 222
ئەمیر عەباس هویدا 30، 72
ئەنوەر سوڵتانی 366
ئەبوتراب باقرزادە 54
ئەیوب نەبەوی 134
ئەرتەشبود عەباس قەرەباغی 76، 79، 83، 85، 86، 87
ئەرتەشبود نەسیری 96
ئەرتەشبود غوڵامڕەزا ئەزهاری 58، 59، 65، 70، 73، 74
ئیدریس بارزانی 42
ئیبراهیم شێخانی 110، 111، 113، 286
ئیبراهیم یونسی 101، 103، 105، 138
ئیبراهیم وەکیلی چنارە 68
ئیبراهیم سۆفی "مەلا محەمەد جوانڕۆ" 223، 243، 272، 274، 411، 513، 514، 515
ئیبراهیم شاغەیی 138
ئیرەج فەرزاد 240
ئیبراهیم میرزادە 162

ئیسماعیل شەریفزادە 171، 180، 273، 411، 412، 413
ئیسماعیل ماملێ 119
ئیسماعیل زولقدر 54
ئیبراهیم گاباری 40
ئیقباڵ کەریم نژاد 44

ب
برزو میتران 221
بوراهان ڕۆحانی 424، 444
بوش 40
بەهار ویژدانی 295، 296
بەخشی زەنگەنە 489
بەهروز وسوقی 30
بەهروز سلێمانی 134
بەهزاد کەریمی 391، 396

پ
پاسەبان وەزمانی 38
پاسەبان خالید زارعی 38
پاسەبان تەها پەریدار 38
پریماکۆڤ 41
پۆلا نانەوازادە 22، 24، 90، 92، 93، 94، 96، 104، 109، 110، 113
پەرویز فەننی زادە 30
پێشەوا قازی محەمەد 80، 81، 123، 125، 127، 130، 131، 132، 133، 398

ت
تۆفیق قادرزادە "عەلی مەریوانی" 413
تۆفیق گرژاڵی 137
تاهرخانی سمکۆ 425
تاهر فەرزاد 23، 24
تەبەسوم شەتەوی 157
تەها کەرباسی 158
تەهمورەس ئەکبەری 240
تەقی کەیمەنیش 54

## ج

جانعلی زەمانی 68
جەلیل گادانی 21، 22، 23، 24، 55، 63، 112، 122، 145، 151، 224، 305، 308، 450، 455، 456، 458،462، 466، 471، 481
جەعفەر عەباسی 258
جەعفەر قازی 287
جەعفەر شەریف ئیمامی 30، 31، 34، 58
جەمال فەقێ یاقوبی 36
جەمال ئاریانژاد 138
جەلال تاڵەبانی 9، 10، 52، 109، 109، 140،111، 248، 250، 277، 286، 291، 303، 314

## چ

چرچەی بارام میرزای 300

## ح

حاجی ڕەحیم خەرازی 95، 103، 104، 105، 107، 108، 109، 11، 114، 115، 123، 162، 502
حاجی ساڵح شاتری 28
حاجی بابۆ 156
حاجی مستەفا کەریمی 91، 92
حاجی نژاد 65
حاجی عەزیز قوڵی 37
حامیدی حەمەی تاهر بەگی جاف 413، 414، 425، 426
حامید ئەمینی 222
حوجەتولئیسلام 409، 410، 411
حوجەتولئیسلام محەمەد ڕێشهری 421، 422، 512
حوجەتولئیسلام ئومید نەجەف ئابادی 180
حوسێن ڕۆستەمی 304
حوسێن ڕۆستەمی 204
حوسێن بەخشی 21، 22، 23، 24، 25، 91، 92، 287
حوسێن ئەکبەر عەلیزادە 33
حوسێن مورادبەگی 135، 136، 240، 250، 346، 438، 439، 440

حەسەن بلوریان 22، 23، 24، 56، 286
حەسەن باباتاهری 162، 300، 301، 316، 321، 388، 390، 396
حەسەن بێکەس 381، 384
حەوسەت دەباغی 22
حەسەن نەوجەوان 65
حەسەن ماوەرانی 21. 23، 24
حەسەن سەلامی 23، 69، 70، 71، 123
حەمید لاوەری 135
حەمەخان مرۆتی 221
حەمەی ڕەوشەن 413

## خ

خالید خەسرەوی 259
خالید محەمەد زادە 27، 107
خەلیل بلوریان 94
خەلیل گادانی 22، 23، 24، 26
خەلیل خەسرەوی 268
خەسرەو خەسرەوی 23، 24
خەسرەو بەهرامی 221

## د

دوکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی 95، 163، 455، 482، 483
دوکتۆر شاپوور بەختیار 73، 75، 76، 78، 81، 82، 83، 84، 85، 87، 298، 306، 401، 424، 425، 499، 512
دوکتۆر سادق شەرەفکەندی 21
دوکتۆر محەمەد ڕەزا عاملی تهرانی 31
دوکتۆر حاج سەید جەوادی 137
دوکتۆر جەعفەر شەفیعی 108، 240، 366
دوکتۆر عەلی ئەمینی 141
دوکتۆر حەسەن جاف 425، 426، 456
دوکتۆر فوئاد مەعسوم 52
دوکتۆر کەمال فوئاد 52
دوکتۆر موتەلیب خەسرەوی 21، 286، 456

## ڕ

ڕەحیم سوڵتانی 258
ڕەحیم خەسرەوی 259
ڕەحیم بەغدادی 211، 222، 411، 412
ڕەحمان شەمامی 245، 252
ڕەحمان حەسەن "مەلا ڕەحمان کاژێ" 287، 288، 456
ڕەحیم ئەمیری 288
ڕەحمان قازی 82
ڕەحیم پاکسرشت 22، 24، 45
ڕەحمان کەریمی 290، 383، 455
ڕەحمان خەسرەوی 259
ڕەحمان حاجی ئەحمەدی 154، 155
ڕەحمان شەریفزادە 258
ڕەزا سیراجی 22
ڕەزا شڵتوکی 54
ڕەسوڵ خەسرەوی 269
ڕەسوڵ ئەمینی 237
ڕەسوڵ جەعفەریان 165
ڕێبوار حوسێن 277

## ز

زاگرۆس خەسرەوی 23، 24
زولفەقاری 214، 219،218،215

## ژ

ژەنەراڵ هایزەر 84

## س

سادق قوتب زادە 422، 423، 432
سارمەدین سادق وەزیری 137، 146، 349
سابیر ئیناخی 513
سادق زیباکەلام 294، 295، 300، 301، 314، 316، 317
سالار جاف 66، 67، 214، 219، 427
سەلاح موهتدی 104، 107، 108، 109، 110، 112، 316
سەلاح کەریمی 335

سلێمان تیکان تەپە 22، 136
سلێمان موعینی 22
سمایل ئاغای سمکۆ 428
سمکۆ عەلیار 288، 290، 291، 302، 303، 304، 307، 313، 424، 511
سەدری قازی 80، 398
سەلاح کەریمی 120
سەید قادر جەعفەری 75
سەرگورد پەرنیانفەر 37، 69، 92
سەدام حوسێن 40، 41، 42م 46، 47، 49، 57، 71، 72، 88، 306
سەدیق کەمانگەر 134، 135، 136، 137
سەرلەشکر خەلیل بەخشی 77، 88
سەرلەشکر زاهدی 12، 434
سەرهەنگ دووەم ئیرەج قادری 27، 45، 59، 81، 104، 113، 120، 121، 123، 288، 291، 302، 313، 381، 382، 456، 511، 512
سەرهەنگ سیاوەش ئەمین عەلئ ئاغایی 33
سەرهەنگ عەباسعلی سەدری 36
سەرهەنگ ئەحمەد مهام "پیرخدری" 43، 44
سەرهەنگ سەفەری 135، 136
سەرهەنگ سیستانی 193
سەرلەشکر ڕەزا ناجی 96
سەرلەشکر مەنوچێر خەسرەوداد 96
سەلەشکر عەلی سەیاد شیرازی 218، 298
سەرگورد کەریم عەلیار 290، 383، 450، 511
سەرهەنگ محەمەد ڕەسوڵ ڕەبیعی "چیا" 237، 288، 302، 456
سەرهەنگ هادی عەزیز مورادی 425
سەرهەنگ کەریمی 219
سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی 45، 46، 122، 123، 274، 300، 301، 381، 382، 455، 512
سەید حەسەن هاشمی 317
سەید محەمەد کولیجی 272، 273، 286
سەید عەبدوڵا کولیجی 51
سەید عەلی ڕەحمانی 389، 411، 456
سەعید بێتوسی "ڕێبوار" 302، 303، 304، 305، 313
سەفەرخان قارەمانی 54

سەید ڕەسوڵ دهقان "سەید ڕەسوڵی بابی گەورە" 62، 63، 154، 156، 246، 381، 382، 455
سەید عومەر عنایەتی 37
سەید عیماد زاهدی 138
سەعید هومایون 90، 162
سەعید دارابی 202، 204، 205، 206
سەعد موهتدی 306
سەدیق ئەمجەدی 202
سەعید خەسرەوی 259
سەید محەمەد سەید نیزامی 22، 23، 24، 70، 71، 76،92، 179، 180
سەرتیپ ئیحسانولا پزشکپوور 19، 23، 27، 29، 37، 75، 76، 81، 91، 99، 101، 114، 115، 116، 120، 121، 122، 123
سەرتیپ سەیادیان 27، 508
سەرتیپ محەمەد یەزادانستا 43
سەتیپ ئەسەولا کەمانگەر 19، 52
سەرتیپ قەرەنی 87، 135، 137، 165، 166، 299، 305
سەرتیپ قاسمعلی زەهیرنژاد 162، 165، 166، 263، 264، 266، 274، 508
سەرتیپ فەلاحی 19، 31، 66، 87، 95، 96، 171، 208، 209، 214، 217، 222، 229، 231، 233، 236، 237، 238، 262، 274، 281، 297، 320، 421، 448،
سەرتیپ ڕەزمی 30
سپەهبود مەهدی ڕەحیمی 86، 87، 92
سپەهبود کەریم وەرەهرام 37، 38
سپەهبود پالیزبان 305، 306، 385، 424، 427
سپەهبود غولامعەلی ئووەیسی 73، 385، 424، 425

## ش

شا ئیسماعیل سەفەوی 17، 196، 197، 201، 428
شاپوور فیروزی 412، 456
شاهد فولادی 68
شوعیب زەکریایی 134
شوکرولا پاکنژاد 137
شێخ عوسمان خالیدی 202، 204، 214
شێخ مارف نەقشبەندی 438، 439
شێخ عەبدولسەلام بارزنی 39
شێخ ئەحمەد بارزانی 39، 428

شێخ مەحمود حەفید 39

## ع

موحسین کەریمی 22
عومەر ئێلخانیزادە 162
عومەر قازی 22، 23، 24، 156
عومەر عەباسی 258
عەباس کەریمی 222
عەباس شەیبانی 58
عەتا ڕۆستەمی 203، 304، 305، 414، 415
عەزیز یوسفی 20، 21، 22، 23، 24، 25، 27، 28، 37، 55، 62، 76، 131
عەزیز ماملێ 21، 286، 321، 349، 366، 456
عەزیز خەرازی 287
عەزیز ماوەرانی 23، 24
عەزیز شاروخ 22
عەزیز قادری 257، 262، 269
عەزیز بابان 45
عوسمان شەریفزادە 258
عەبدولرەحمان زەبیحی 289، 291، 414، 415
عوسمان خەسرەوی 259
موراد خەسرەوی 259
عەبدوڵا قادری ئازەر 154، 175، 275
عەلی کاکە سور 154
عەلی حەسەنیانی 456
عوسمان کەریمی 158
عەلی ئەسغەر وەسالی 214، 217، 218
عەلی جەفایی 180، 273
عەلی ڕەزا کەریمی "عەبو کەریمی" 202، 204، 205
عەلی کەریمی 390
عەلی عەموویی 54
عەلی بلوریان 55
عەلی نادری 33
عەلی پێشنماز 238، 239
عەبدوڵا قادری ئازەر 154
عەبدوڵا ئیبراهیمی 154

عەباس حەجەری 54
عەبدوڵا پاکسرشت 154
عەزیم مەعبودی 155، 156، 162، 275، 264، 266، 268، 269، 456، 486
عەبدوڵا مەنگوڕی 179
عەبدوڵا نەستانی "عەبدول" 252، 288، 312
عەبدوڵا دارابی 203
عەبدوڵا موهتدی 136، 239، 240، 250، 366
عەبدولرەزاق میزرا فەیلی 52
عەوڵای کوێخا برایمی بێوران313
عەبدوڵا بەهرامی 221، 237
عەبدوڵا خەسرەوی 259
عێزەتوڵا قادریان 335
عیزەتوڵا سەحابی 314، 321، 322، 365، 374، 379، 409، 410، 431، 441، 464

## غ

غەفور ئیبراهیمی 245
غەنی بلوریان 54، 55، 56، 62، 89، 90، 91، 92، 95، 97، 104، 137، 145، 146، 148، 149، 151، 152، 153، 157، 163، 175، 178، 250، 251، 321، 366، 397، 411، 451، 455، 456، 458، 459، 460، 462، 464، 465، 469، 470، 482، 483، 495، 496، 505، 507

## ک

کارۆڵ پرونهوبێر 123، 313
کریس کۆچێرا 41، 47، 48
کەریم حەداد 151، 156، 237، 238، 290، 311، 312، 313، 331، 332
کەریم دانیشیار 90، 92، 93، 94، 391
کەریم پوورقوباد 45، 97، 99، 273، 288، 513
کەریم نەستانی 180، 121، 288، 312
کەریم بلورین 287
کەمال دەباغی 91، 92، 455

## ف

فاروق کەیخەسرەوی 455

فوئاد مستەفا سوڵتانی 104، 107، 108، 109، 110، 112، 202، 204، 205، 206، 208، 239، 240، 241، 250، 366
فوئاد ڕۆحانی 138
فەریدون میتران 218، 456، 513، 515
فەریدون قادری 302
فەرەجوڵا موجتهەدی 33
فەریدە قوریشی 138
فەوزیە قازی 456، 464، 469

## ق

قادر عەبدوڵا زادە 300
قازی محەمەد خدری 170
قادر بێکەس 384
قادر عەبدی 102، 455
قازی محەمەدی خدری 170
قاسم ڕپانی 22
قوربان سەفەری 444
قەرەنی کەریمی 316
قەرەنی کەریمی 316
قەتاری 155، 156

## م

مامۆستا هەژار 53، 128
مامۆستا هێمن 53، 132، 151، 156، 286، 309، 311، 338، 456
مارف شەبلی 138
مام ئەحمەد قادری 156، 175
مەنسور بلوری 253، 255، 289، 293
مەهدی بازرگان 58، 340، 341، 346، 376، 421، 430، 431
مەهدی بەهادران 262، 263، 265، 266
محەمەد ئەمین سیراجی 62، 63، 121، 145، 146، 149، 151، 153، 156، 161، 163، 243، 287، 289، 463
محەمەد ئەمین عیسازادە "سمکۆ موکری" 92
محەمەد ئەمین مێهرەبانی 179
محەمەد ئەمینی مەلا عەزیزی 311، 312، 131، 332
محەمەد بروجردی 218، 430

محەمەد ئەمین تالبی 413
مەحمود ئاشتیانی 413، 414
محەمەد حوسێن سەیفی قازی 80، 398
محەمەد ئەمین چیرە 21، 24
محەمەد مامڵێ 22
محەمەد کەریمی 335
محەمەد فەلاحی 68
محەمەد ئەمین شێخولئیسلامی "مامۆستا هێمن"
محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی 12، 13، 14، 15، 16، 19، 20، 22، 23، 30، 32، 34، 36، 52، 71، 171
محەمەد گادانی 22، 122
محەمەد قادری 175
محەمەد مەهدی عەباسی 142، 143، 144، 161، 162، 163
محەمەد ئەمین عەباسی 458
محەمەد ئەمین شێخانی 110، 316، 366
محەمەد عەباسی 162، 163
محەمەد نەستانی 158
مستەفا هجری 163، 451، 482، 483
مستەفا چەمران 174، 175
مستەفا ئەحمەدی 59
مستەفا خەسرەوی 259
مستەفا عەباسی 259
مستەفا حامیدی 238
مستەفا ئیناخی 223
مونتەقیمی قازی 114
مەسعود بارزانی 46، 47، 49، 128، 178
مەلا ڕەشید قەرەنی 129
مەلا ئیسماعیل حاجی 151
مەلا ڕەسوڵ پێشنماز 151، 156، 223، 238، 243، 252، 288، 290، 300، 301، 338، 381، 392، 415، 456
مەلا قادر پێشنماز 222
مەلا یەحیا دانیش 179
مەلا عەبدوڵا محەمەدی 170
مەلا عەلی شۆڕۆ 170
مەلا قادری بێزاری 170

مەلا مەحمود مەستورزادە 258
مەلا حەسەن ڕەستگار 250، 251، 252، 455
مەلا خدر عەباسی "سارکێ" 113، 236، 237، 238، 245، 262، 281
مەلا عەلی شەریعەتی 412
مەلا غەفور دەباغی 22
مەلا مستەفا بارزانی 46، 47، 49، 128، 178
مەلا ئەحمەد عەباسی 254، 422
مەلا سەلیم عەباسی 254
مەلا محەمەد عەباسی 316
مەلا مەحمود ئاسنگەر 138
مەلا محەمەد خزری 154، 155، 156
مەلا سەید ئەحمەد سەعدەیی 154
مەلا محەمەد موراد ڕەسوڵی 154
مەلا میرزا ئیبراهیم محرر 156، 157، 162، 163، 173
مەلا حەسەنی 156، 157، 159، 161، 163، 164، 165، 169، 181، 184، 212، 213، 257، 262، 389، 501
مەلا کەریم شاریکەندی 128، 129، 161، 284، 285، 294، 295
مەلا ساڵح ڕەحیمی 156، 170، 171، 265
مەلا حەسەن شێوەسەڵی 62، 63، 212، 213
مەلا ڕەحیم عەباسی 91، 92. 161، 162، 181، 182، 185، 182، 415، 418، 502، 504
مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی 26، 81، 89، 91، 103، 109، 132، 135، 159، 170، 181، 182، 193، 185، 233، 236، 289، 291، 319، 325، 346، 347، 373، 379، 380، 395، 410، 440، 479، 486، 487، 489
مەلا کەریم شاریکەندی 26
مەلا عومەر عەسری 203، 316
مەلا عەبدوڵا ماوەرانی 23، 24
مەلا مەحمود زەنگەنە 289
مەلا مەحمود سالک 36
مەحمود خەلیلی 36
مەلا سەفدەری 135، 159، 173
مەلیک قازی 381
مەرزیە جەوانمەرد 22
مەجید موئد 54
مەرزیە سەدیقیان 56

مەحمود ڕەحمەتپور 212، 213
مەسعود ڕەجەوی 431، 437
مەنوچێر بەهمەنی 33

## ن

ناسر حەدادی 237
نەبی قادری 145، 163
نەشمیل بلوریان 56
نەقی میتران 221
نەوید موعینی 287، 455، 464، 469

## و

وەستا ڕەحیم نەجار 158
وەستا حوسێن ئاسنگەر 80

## هە

هادی مورادی 138
هاشم سەباغیان 284، 314، 319، 321، 322، 323، 324، 362، 365، 366، 367، 369، 373، 374، 409، 465، 472،466
هاشم کەریمی 62، 63، 151، 158، 455، 461، 464
هوشیار ئیمامی 22، 24، 90، 104، 109، 110، 113
هەژیر موکری "سەید خدر محەمەدی 24
هەمزە قادری 302
هێرۆ بلوریان 56

## ی

یارئەحمەد ئیناخی 223
یوسف ئەدەلان 138
یوسف کوردنژاد
یوسف حەسەنخالی 314
یوسف ئەفراسیابی 328، 329
یونس بلوریان 55
یەدوڵا سەحابی 58
یەدوڵا خاتری 315

ناوەڕۆک


- چەند وتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە........................................................ 3
- پێشەکی ............................................................................................. 5
- پڕشکێک کە دەسەڵاتدارییەتی 2500 ساڵەی پاشایەتی سوتاند ................ 12
- یەکەم ڕاپەڕینی خەڵکی مهاباد و تەشەنە کردنی ............................... 20
- مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی تێکەڵاوی خۆپێشاندانەکان دەبێت ............ 26
- سوتانی سینەما ڕێکسی ئابادان ....................................................... 30
- هەڵوەشاندنەوەی مێژووی شاهەنشاهی و کوشتاری بە کۆمەڵ لە................ 34
- خوێنی ڕۆڵەکانی مهاباد شەقامەکانی شاریان سور کرد........................ 36
- بزوتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان سەرهەڵدەداتەوە......................... 39
- ئازادیی زیندانییە سیاسییەکان ........................................................ 54
- دەرکردنی خومەینی لە عێراق و چوونی بۆ فەرەنسە ............................... 57
- تیپی سێی مهاباد دەگەڕێتەوە سەر سنووری دەستکرد ............................. 59
- یەکە سیاسییەکان خۆیان ڕێکدەخەنەوە ............................................... 61
- دوو پیلانی نوێی ڕژێم بۆ خامۆشکردنی دەنگی خەڵک ............................... 65
- حیزبی ڕەستاخیزی میللەتی ئێران هەڵدەوەشێتەوە ................................ 71
- شاپووری بەختیار دەسەڵات دەگرێتە دەست ........................................... 73
- ڕژێمی سەڵتەنەتی بەرەو ڕوخان ....................................................... 76
- گەڕانەوەی ئایەتوڵا خومەینی بۆ ئێران و کۆتاییهاتنی ڕژێمی ...................... 80
- چەککردنی شارەبانیی و هەنگی ژاندارمەریی مهاباد ................................ 89
- قازی شەرع و یەکەم ئیعدامەکان لە ڕژێمی نوێی ئێراندا ........................... 95
- بیرۆکەی چەککردنی سەربازگەی مهاباد ............................................... 97
- هاتنی لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی کاتی بۆ مهاباد .............................. 101
- تەرحی هەشت مادەیی و سەرهەڵدانەوەی بیرۆکەی چەککردنی ................... 105
- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ..................................................... 115
- سەرۆک مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد ........................................... 124
- 26 ساڵ خەباتی نهێنی و ئاشکرابوون ................................................ 129
- نەورۆزی خوێناویی سنە ........................................................... 133
- هەزاران بنەماڵەی کورد لە گوندەکانیان دەرکران ................................. 141
- دیدارێکی تایبەت لە نێوان ئایەتوڵا خومەینی و لیژنەیەکی حیزبی........... 145
- ڕیفراندۆم و شکانی هەوڵە دیپلۆماتییەکانی حیزبی دیموکرات ................... 151

- شەڕی نەغەدە ........................................................ 154
- سەفەری مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ قوم و تاران ...................... 170
- کۆماری ئیسلامی عەشیرەتەکان پڕچەک دەکات و حیزبی دیموکرات لە....... 173
- پێکهاتنی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی لە مهاباد .................................... 179
- حیزبی دیموکرات بە جیاوازییخواز تۆمەتباردەکرێت .................................. 181
- کۆماری ئیسلامیی داوای سەربازگەی مهاباد دەکاتەوە ............................. 191
- مەجلیس خیبرەکان و یەکەم پاشگەزبوونەوەی خومەینی لە بەڵێنەکانی .... 195
- دەستوری هەمیشەیی ئێران ڕێگە بۆ دیکتاتۆرییەت خۆشدەکات ................ 197
- شەڕی مەریوان ............................................................................ 202
- هەڵوێستی هاندەرانی خومەینی و سەرهەڵدانی ئاڵۆزیی لە ئێراندا............ 209
- پلانی حیزبی دیموکرات بۆ خۆمپارەبارانی کردنی سەربازگەی ورمێ.......... 212
- شەڕی پاوە و فەرمانی خەزای خومەینی دژی گەلی کورد ........................ 214
- بە فەرمانی خومەینی شەڕ پەرە دەسێنێت و لە پاوەوە تەشەنە دەکاتە...... 228
- شەڕ لە سنەوە دەگاتە سەقز ............................................................. 233
- ڕووداوەکان بەرلە هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر مهاباد............................ 241
- چەککردنی سەربازگەی سەردەشت ......................................................... 245
دریژەی ڕووداوەکانی بەرلە هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر مهاباد ............... 253
- کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی گوندی قارنێ........................................... 257
- هێرش سوپای ئێران بۆسەر شاری مهاباد ............................................. 272
- سوپای ئێران دەگاتە بانە و سەردەشت................................................. 277
- کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە تاقیکردنەوەیەکی نوێی خەباتدا ............. 281
- هاتنی مەهدی بازرگان بۆ مهاباد ....................................................... 284
- توژەڵ و چەند ڕووداوی سەرنجڕاکێش......................................................286
- مردنی گوماناویی ئایەتولا تالەقانی ..................................................... 292
- شەڕ لە جادەی پیرانشار سەردەشت و ئاڵۆزیی لە شارەکاندا .................... 293
- دارساوێنی کوردستان ، دۆزەخ و کەربەلای داگیرکەران ! ......................... 297
- ڕفاندنی سادق زیباکەلام ، نوێنەری سەرۆکوەزیران................................... 300
- چەککردنی سمکۆ عەلیار ................................................................... 302
- ڕێکخراوی پارتیزانیی حیزبی دیموکرات .................................................. 309
- شەڕی سێ مانگە بەرەو کۆتایی ........................................................... 314
- خەلخالی جەلاد خۆی دەداتە دەست پێشمەرگەکانی دیموکرات ! ............ 320
- فەرمانی خومەینی و پێشوازیی لێکردنی و چەند ڕووداوێک ..................... 325

- گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان سەفارەتی ئەمریکا داگیر دەکەن و ............ 340
- دابەزینی کۆماندۆزی ئەمریکایی لە بیابانی تەبەس........................... 344
- هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد.............................................. 346
- پرۆژەی خودموختاریی "خودگەردانی" گەلی کورد ............................. 349
- یەکەم کۆبوونەوەی وتووێژ ........................................................... 365
- یەکەم شورای نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ..................... 381
- بێکەس.. نمونەی بەرزی قارەمانێتی پێشمەرگە ....................................... 384
- مهاباد .. ناوەندی سیاسیی و دیپلۆماسیی هێزە سیاسییەکانی کورد و.......... 385
- کوردستان گۆڕەپانی لایەنە دژ بە یەکترەکان ....................................... 386
- شەڕ و مانگرن لە سنە.................................................................... 404
- گەڕانەوەی هەیئەتی تایبەت لەگەڵ حوجەتولئیسلام ئیشراقی بۆ.............. 409
- پێکهێنانی هێزی 141ی شەهید شەریفزادە و چەند ڕووداوی گرن............... 411
- ئیعدامی ڕێبەرانی حزبی خەڵکی موسوڵمانی ئازەربایجان......................... 419
- ڕژێمەکانی تورک و عێراق دژی کورد و کۆماری ئیسلامیی پلان دەگێڕن! ...... 423
- جاش دەبێتە پێشمەرگەی کوردی موسڵمان........................................... 428
- هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆککۆمار بۆ کۆماری ئیسلامی .............................. 431
- کۆمەڵە سوپای ڕزگاریی چەک دەکات ............................................... 438
- کۆبوونەوەی چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران لە مهاباد........................... 445
- کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مهاباد ............ 450
- وتووێژی حیزبی دیموکرات لەگەڵ بەنیسەدر و لە دایکبوونی گەلاڵەی......... 464
- هەڵبژاردنی یەکەم خولی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامیی ........................... 480
- شەڕ لە گەلی قاسملوو و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی قەلاتان .................... 484
- ڕێکخراوە چەپە ماوییەکان زەوی دەرەبەگەکان دابەش دەکەن.................... 592
- پێشمەرگەکانی ئارات لە ناوچەی قوتور زەبری قورس لە ڕژێم دەدەن......... 594
- حوسێن کرمانی داوای چەکدانانی حیزبی دیموکرات دەکات ....................... 502
- پلان بۆ دەسبەسەرداگرتنی سەربازگەی پیرانشار ................................... 511
- چەککردنی یەکەی پەرەشوت و پێگەی ژاندارمەریی نەوسود ...................... 513
- ڕیزی ناوەکان بە کورتی ................................................................. 518

## بەرهەمەکانی نوسەر

1- بادانەوە یان پێچەقاندن
2- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان
3- کوردایەتی و حیزبایەتی
4- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی
5- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی
6- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان
7- کۆماری دیموکراتی
8- کۆکردنەوەی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان
9- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن
10- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا
11- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتیی و نەوزاد وەلی
12- باشووری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا
13- چەککردنی سەربازگەی مهاباد 1979
14- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا بەرگی یەکەم
15- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا بەرگی دووەم
16- کورد لە سوید لە مێژووی 25 ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکاندا

## ئەو بەرهەمانەی کە نوسەر کردوویەتە کوردی

1- مەکسیکی: جەک لەندەن
2- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: عەزیز نەسین
3- کوردەکان: حەسەن ئەرفەع
4- کورد تورک عەرەب: سیسیل ج ئیدمۆندس
5- مێژووی شارستانییەت: ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت
6- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: سیامەک ستودە
7- بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی